کۆمەڵە روداوێکی واقیعی

ئەسرینەکانی سەدەی بیستەم

کۆکردنەوەی : ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد

2007

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

ئەسرینەکانی سەدەی بیستەم

کۆمەڵە رووداوێکی واقیعی

کۆکردنەوەی

ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد

٢٠٠٧ز

بسم الله الرحمن الرحيم

- ناوی کتێب : ئەسرینەکانی سەدەی بیستەم .
- کۆکردنەوەی : ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد .
- رشتە : کۆمەڵە رووداوی واقعی .
- پیتچن : سەیران ئەمین ، شنۆ غەنی .
- دیزاینی بەرگ و ناوەوە : عادل شاسواری .
- بەرگی : یەکەم و دووەم و سێیەم ..
- چاپی : چوارەم .
- تیراژ : ۳۰۰۰ دانە .
- ژمارەی سپاردن : (٦٠) بۆ بەرگی یەکەم و (٢١٠) بۆ بەرگی دووەم و (٨٣٨) بۆ بەرگی سێیەمی وەزارەتی رۆشنبیری . (٢٠٠٤ - ٢٠٠٧)

- awat_asrinakan@yhoo.com

پێشەکی

نــاوەڕۆکی هۆکــاری دروســتبوونی مــرۆڤ پەرســتــشی خــوای پــەروەردگارە، نــاوەڕۆکی پەرستشیش دڵسۆزیە " بەهای ئەمیش لەوەوە دێت ، ئیش لەسـەر بـەنرخترین ئەنـدامی مرۆڤ دەکات کە دڵە " بۆ ئـەمرۆ دڵسۆزی دروستنابێ تـامرۆ موسڵمان نـەبێت " چونکە بەپێی پێوانەی خـوای گـەورە داوەری ئاینـەکانی تـر هەڵگیراوەتـەوە تـەنها ئاینێـك کاری پێبکرێــت ئیــسلامە "، نــاوەڕۆکی موســڵمانبونیش هــەڵگرتنی ئیــسلامە، جەوهــەری ئیسلامیش عەقیدەیـە، جەوهـەری عـەقیـدەش یەکخواناسیـە " سـەنگینی تـای تـەرازووی یەکتاناسیش لەوەوەیە گەر مرۆڤ لەم کێشانەیەدا بەسـەرکەوتوویی دەرچوو، بەنیعمـەتی رەزامەنــدی خــوا دەگــات " نمایــشگای تاقیکردنــەوەی یەکخواناســیش مامەڵەکردنــە، جەوهــەری مامەڵــەش راستگۆییە، راســتگۆیش یەکێکــە لــە پایــە گرنگــەکانی رەوشــت، جەوهــەری خوڕەوشــت ڕەحمەتــە، دەریــشناکەوێت کەســێك بــوو بێتــە رەحمــەت بــۆ دەوروبەری هەتا پەیوەندی دروست نـەبێت، جەوهـەری پەیوەنـدیش گونجانـە، گونجان و پێکەوەهەڵکردن شارسـتانیەت بونیـاد دەنێت، جەوهـەری شارسـتانیەتیش هاوسـەنگیە " بـەو مانایـەی مـاف و ئـەرك وەك یـەك بەسـەر تاکـەکانی کۆمەڵگـەدا دابەشبکرێت، تـاك نەبێتـە قوربـانی گـشت، گـشت نەبێتـە کۆیلـەی تـاك، تخـوبی ئازادیـەکان نەبـەزێنرێت، هاوسەنگی لە کۆی هاوکێشەکاندا لەبەرچاو بگیرێت " هاوسـەنگیش پێویـستی بـە یاسایە، جەهــەری یاســاش دادپەروەریــە، دادگــەریش بەکردەوەنــەبێ دەرناکــەوێت، جەوهــەری کردەوەش خۆپارێزیە، مرۆڤیش خۆپارێزنابێ هەتا دڵسۆز نـەبێت، دڵسۆزیش نـابێ هـەتا هۆکارێکی بەدەستەوەنەبێ، بڕوابون بـە خـوای گـەورە مـرۆڤ بـەرەو پەرسـتشی هانئـەدات لەپێناو بەدەستهێنانی پاداشتی زیاتردا مرۆڤ هۆکاری دەستدەکەوێت تـا دڵسۆزی بنـوێنێ، سەرچـاوەی دڵسۆزیش لـە نـاواخنی پەرسـتشدایە، کەپەرسـتـشیش هۆکـاری دروسـتبونی مرۆڤە، ......هتد ئەم بازنەیە لەناوخۆیدا بەردەوام خۆی دروست دەکاتەوە .

ئـەو مرۆڤەشـی دەکەوێتـە دەرەوەی ئـەم بازنەیـە ، دەکەوێتـە سـنوری سـەرەڕۆییەوە ، زۆرجار سەرەنجامی سەرەڕۆیی و سەرچڵی ئەسرین و ئەسـەفە .. ئەسـرینەکان چیرۆکی سەرچڵیەکانی مـرۆڤ دەگێڕنـەوە ، بەسـەرهات و سەرگوزشـتەکانی رابردوویـی پـڕ لـە

پەشیمانی و پڕ لە ئەفسوس یاداشت دەکەن .. خەم خۆری ئەم ئەسرینانەش زۆرن بەڵام کەمیان وەك کۆکەرەوەی ئەم کتێبە دڵسۆزانە گوڵەوەچنی خەمەکان دەکات و نان و پیاز بەبەسەرهاتەکانەوە ناخوات و بۆ وروژاندن بازار گەرم ناکات بەڵکو پەیامێکی خاوێن و مەبەستێکی پاکی لەگێڕانەوەیان هەیە .. ئەسرینرێژی لەپێناو پەشیمان بوونەوەدایە .. نیشاندانی زام بۆ سارێژکردنە .. لێرەو لەوێ کرشەیان لێ جەم دەکات و خەرمان لۆغەیان لێ بەرهەم دێنێت .. شەن و کەویان دەکات و چەندین جار لە بێژنگیان دەدات تا خەرمانێکی بەبەرەکەت و پڕ بەرهەمی لێبێتە بەر ، لەبەر ئەوەی ببێتە چراوگی رونکردنەوەی رێی رێبواران و موسافیرانی رێگای حەقیقەت .

لەشەوانی قەدر و لە بڵندگۆی مزگەوت و رادیۆ و لەتریبۆنی یادەکانەوە چەندین جار ئەم بەسەرهاتانەمان بیستون ، بەڵام بۆ مانەوەیان لە درایڤی یاد و بۆ هەمیشە نیشاندانی سەرەنجامی رێی هەڵدێر گردو کۆکردنیان کارێکی باش و جێی ستایشە .. چون پەند و حیکمەتی زۆر لە نێو بوخچەیاندایە .. بۆ دڵێك پەند وەربگرێت ئەمانە پەندێکن دڵ ئەگرن .. بۆیە پیرۆزبایی و دەستخۆشی ئەکەم لەئامادەکار و کۆکەرەوەی ئەسرینەکان و وەك پەیوەست نییە تەنها بەئەسرینەوە و هەندێ جار پەلی هاویشتووە بۆ گوزشتەگەلێك کە بەرهەمی فەرەح و خۆشین و لەخانەی فرمێسك رشتن نین و لەلایەن خوێنەرانیشیەوە لێی وەرگیراوە هیوادارم بەهەمان شێوەش تەنها پەیوەست نەبێت بە سەددەی رابرووە و ئەسرینەکانی سەددەی بیست و یەکیش کۆبکاتەوە و ئەم زنجیرەیە درێژە پێبدات .. بەئومێدی خامۆشبونی دەریایەك لە ئەسرین و گۆڕینی بە خەرمانێك پڕ لە نور .. بە هیوای ئەوەی ئەم کتێبە ببێتە هەتوان بۆ زامی ئسکۆکان ، بۆ رۆشنکردنەوەی رێگای لاوان و تازەپێگەیشتوان کەلەهەموان زیاتر پێویستیان پێیەتی .. خوای گەورەش پشتیوانی هەمو لایەك بێت و سەرکەوتنیش هەر لەوەوەیە .

عادل شاسواری

٢٠٠٦/١١/١٥

سلێمانی

سەرەتا

لەقۆناغی دواناوەندیدا بووین مامۆستایەکی دڵسۆزو بەڕێزمان وتی " ژیانی ئێمە هەمووی چیرۆکە.. ڕووداوە..بەسەرهاتە .. هەندێکجار کارەساتە، ئەم ڕووداو و بەسەرهاتانە پڕن لەخۆشی و ناخۆشی و وانەی سەرکەوتن ، هەوڵدان ، کوڕی چاك ، قوتابی ژیر دەتوانێت بیانخاتە سەر ڕووی کاغەزی مێژوو، لەدواڕۆژدا سوودبەخش دەبن ئەم وتەیەی مامۆستا لەوکاتو ساتانەدا سادەبوو بەلامانەوە. بەلاّم دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵ و دوای بینینی چەند دەستەو تاقم و ڕژێمێك ، دوای چەشتنی چەندین تاڵ و سوێری کەوا ئەمڕۆ ڕۆڵەکانی کورد بەتایبەبەتی لەسنوری شارەکەماندا چەندین چیرۆك و بەسەرهات دەماودەم دەگێردرێتەوە لەبەهێزو بێهێز لەدڵتەزێن و سادە .. هەموویان سەرچاوەی ڕاستییان هەیەو ڕوویانداوە .. گەر ڕوویان نەدابێت دروستکردنی واسادەو سانا نییە پاشان وانەیەکی گرنگ بۆ نەوەکانیشمان پێشکەشدەکات بەمشێوەیە ڕووداوەکە ، بەسەرهاتەکە ، چیرۆکەکە لەفەوتانو تیاچون ڕزگاری دەبێت . ڕەنگە ئەمڕۆ بیستبێتمان و سادەبێت زۆر کاری خۆی نەکات ، بەلاّم ڕۆژێك دادێت ئەو کەسانە لەگێڕانەوەیدا لێیان تێکەڵ ببێ! یان لەبیریان بچێتەوە یان ڕەنگە کەسێکی تر بیکاتە موڵکی خۆی و بەناوی ترەوە بلاّوی بکاتەوە ئێمەش تەنیا پەشیمانیمان بۆ بمێنێتەوە ، کوردیش دەڵێت :" هەردەم کردە پەشیمان بیت باشترە لەنەکردە پەشیمان " بەو هیوایەی هەرکەسێك لەئاستی خۆیەوە ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە بخاتە سەر ڕووی کاغەز یان ئەگەر لێرەو لەوێ لەسەر ڕووی گۆڤارو ڕۆژنامەکان کۆیان بکاتەوەو بیانخاتە نێو بەرگێکی قەشەنگەوەو بیانکاتە میوانی کتێبخانەکان لەکۆتایدا بەهیوای ڕەزامەندی خوای گەورەو پاشان سودمەند بوونی هەموولایەك . شادیتان ئاواتمە. خەندەتان خەلاّتمە.

ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد

خوێندکاری کۆلیژی پەروەردە / کەرکوك

گەنجێک لەبازنەی مردندا

تلیاکییەک ڕاستییەکان دەدرکێنێت

(لەفایلەکانی دادگای تاوانەکانی میسرەوە)

ئا: وەجیە ئەبو زیکرا
و: بێستون ژاڵەیی

تلیاك ئەم وشەیە لەناخەوە ئەتلەرزێنێت ، تلیاك ئامێری ترسناکی کوشتنی هێمنانەی کۆمەڵـە، تلیـاك و سـرکەرەکان پـەلاماری بـەنرخترین توێـژی کۆمـەڵ دەدەن کـە گەنجەکانن‌و دەیانکەن بەزوخاڵ، تلیاك ترسناکە تا ئەو ڕادەیەیی کە هـەر بەخـەیاڵ بیر لەنەتەوەیەك بکەنەوە کەگەنجەکانی لەدەریای ئالودەببونـدا غـەرقبوون، لـەو وڵاتانـەدا کە کێشەی تلیاك هەیە هەروا گەنجەو لەتەمەنی گوڵدا هەڵەوەرێت، لاو بـەدوای تلیاکدا نەگەڕاوە بـەڵکو تلیـاك دەرگای پێگرتـووەو تکای کێـشان لێـدەکات، هێمـای تلیاکفرۆشـە زاڵم‌و دڕندەکان ئەوەیە: جارێك تاقیبکەوەو بکـەوە نێـو بۆسـەی سرکرەوە، تلیـاك هـۆی خۆکوشتنی هێمنانەو لەسەرخۆی گەنجێکە کەدەیەوێت بژی.

تلیاك : هـۆی ئـابوری زۆر وڵاتـی داتەپانـدووە کۆمـەڵێکی ئاڵۆشـاوی بێدەربەسـت و بێدەسـەڵاتی دروسـتکردووە، مافیاکـانی مـادە سـرکەرەکان لـەزۆر شـوێنی ئـەم دنیایـەدا بەویستی خۆیان گەمە بە(ئاین و ڕەوشت و ڕامیاری و ئادابی گـەلان) دەکـەن . دەکوژن دەبڕن دەسوتێنن.

بەڵێ.. ئەمانە گشتییان وە ئەوەش کە لێرەدا پێشکەشدەکرێت بەشێکە لەچیرۆکێکی کتێبێکی نوسەری میسری (وەجیـە ئـەبو زیکـرا) لەوکتێبـەدا کەلەفایلـەکانی (دادگـای تاوانەکانی قاهیرە) وە ئامادەکراوە، زۆربەی تلیاك کێشەکان بـەدەمی‌خۆیان بەسـەرهاتی پڕلەئاسـۆری خۆیـان بۆنـەو گێڕاوەتـەوە، لەناویانـدا ئـەم گەنجـەی کـە لەمێـستاوە خـۆی

قسەدەکات و باسی حاڵی خۆیدەگێڕێتەوە، ئامادەکاری فایلەکە لەبەرئەوەی گەنجەو ڕازینەبووە ناوی بهێنرێت بەمشێوەیە باس لەحاڵ و دەردیسەرییەکانی خۆی دەکات :

(نازانم لە کوێوەوە دەست پێبکەم، هەمیشە حەزدەکەم بگەڕێمەوە بۆ ئەو حاڵەی کەملی ڕێم بەرەو هەڵدێرگرتەبەر، قەت ناتوانم ئەو ڕۆژەم لەبیربچێت هەرچەندە ڕەنگە هەشت ساڵ زۆربێت کەبەسەریدا تێپەڕیکردووە کەوەك دوێنێ لەبەرچاوم ڕوونە.)

ئەو شەوە نەمدەزانی هیرۆیین چییە و واتای چی و چەندە ترسناکەو مرۆڤ بەرەو کوێ دەبات ، ئەو ڕۆژە هیچم لەسەر ئەو بۆدرە نەفرەتاوییە نەدەزانی ئەو ڕۆژەی بۆتان باسدەکەم بۆ گەشت و گەڕان و چوبوومە شاری ئەستەمبوڵ ، لەیەکێك لەئوتێلە کەشخەکانی ئەو شارە بەڕەونەق و جوانە دابووم ، شەوێکیان دەرەنگ کچێکی تورکی دەم بەپێکەنین هاتەلام ، ئەو تۆزە هاڕاوەیەی دایە دەستم ، داوایلێکردم تۆزەکە بۆنبکەم و هەڵیبژم .. هەربەو ڕووخۆشییەوە پێیوتم : " ئێستا وەك پەپولەت لێدەکەم ، پەپولە!!"

هەرگیز هەستم بەمەترسی ئەو کارە نەکرد کەدەستم دابوێ تۆزەکەم لێومرگرت و چی پێوتم ئاوامکرد نازانم بووم بە پەپولە یان گوێدرێژ یا چیتر.. دواتر کیسەیەکی دایە دەستم کەبڕێك لەو تۆزەی تێدابوو پێشی وتم:هەرکاتێك بتەوێت دەتوانیت بەکاربهێنیت ئالەوێوەوە کارەساتەکە دەستی پێکرد ڕێك ئا لەو ساتەوە من کەوتمە سەر ڕێگەی دۆڕان و دواتریش تیاچوون..ئەو هاڕاوە دۆزەخییەی تەسلیم کردم و نەمدەتوانی بەربەرەکانییان بکەم ؛ بەڵام من بۆئەوەی ئێوە بمناسن واچاکە کەمێك باسی ژیانی ڕابردووی خۆمتان بۆبکەم .

من کوڕی خێزانێکی دەستکورتی میسریم ، باوکم جوتیارێکی ئاسایی پارێزگای (مەنوفییە)یە حەوت خوشکو براین خوای گەورە باوکێکی پێ کەرەم کردبووین کەلەبەخشندەیدا وێنەی کەم بوو .

هەروەها دایکێکیشی دابووینێ کەسۆزو ڕەحمی سنووری نەبوو . بەڵێ سۆزو ڕەحمی بێسنوور بوو . بۆیە ئێمە حەوت ئەندام لەژێر چەتری سۆزو خۆشەویستیدا دەژیاین، هیچ گێرەو کێشەیەکمان نەبوو ، هەژاری نەبێت ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێککەوتبووین، ئەویش زۆر دڵڕەق نەبوو لەگەڵماندا.. تووشی هیچ کارەساتێکی ئاوەهای نەکردین ئەوەندەی پارە و پول بوێت کە پێمان هەڵنەسوڕێت بەرهەمی ئەم چەتری

خۆشەویستیەی خێزانەکەمان، برا گەورەکەمان کە ئەفسەری پۆلیسە و من کەپێشوازیکاری کۆمپانیایەکی فرۆکەوانی میسریم و پزیشکێك کەبرا بچوکمانەو چوار ئافرەتی پاك و خواناسی تریش کەخوشکمانن ئەو و باقی خێزانەکەمانیان پێکدەهێنا.

براگەورەکەمان کەئەفسەری پۆلیسە نوێژەکانی تەواو بە بەملکەچییەوە ئەنجام دەدا هەروەهاش قورئانی دەخوێند من بەهەموو مانایەکی گەورە ئەوم کردبووە براگەورەو سەرمەشقی خۆم ڕێزی دەگرم و خۆشم دەویێت هەیبەتی لەدڵمدا هەیە کاتێك ئەو ژنی هێنا، حەزم لەخوشکی خێزانی کردو خوازبێنیم کردو خێزانم کچی ماڵێکی چاکبوو، باوکی مەلابوو یەکێك بوو لەزانا دیارەکانی ئاینی ئیسلام لە (ئەزهەری شەریف) خوێندبووی، من زۆر بەهاوسەرە دڵدارو خواناس و دیندارەکەم دڵخۆش بووم، بەختیاربووم.

باوکی خێزانم ماڵی هاوسەری بۆ ڕازاندینەوە، بەڵام چ ڕازاندنەوەیەك منیش ئەوپەڕی ئارەزوم ئەوەبوو هەرچی پارەم هەیە بیدەمە کەلوپەلی بەنرخی ناوماڵ و هەمووپایەتەختەکانی ئەم دنیایە بگەڕێم و دیاری لێوە بۆ ئەم هاوسەرە دڵپاك ودیندارەم بهێنمەوە، ئیتر بوینە خاوەنماڵێکی جوان کەبەکۆشکی فریشتکان دەچوو بەختییاریەکەشمان بەهاتنەدنیای یەکەم منداڵمان گەورەتربوو .. بەدوای ئەوەدا تەشریفهێنانی یەکەم کچم ئەوەندەی تر ماڵەکەی کرد بە چراخان نازانم بۆ ئەوەندە ئەو کچەم خۆشدەویست بەڵام ئاخ ئەمەی بوتان باسدەکەم گشتی لەپێش چاوپێکەوتنەکەی ئەستەمبوڵەوە بوو ئیتر ئەو ساڵانە لەشادمانییەکی گەورەدا دەژیاین ئەوەشم بۆ ئەوتن کەلەوساڵانەدا توانیم کە (هەزارەها جونەیە) پاشەکەوت بکەم و لە بانقەکانی قاهیرەدا دایبنێم . بڕێکی باش لەو پارەیەم بۆ ئاهەنگی ژنهێنانی کوڕە بچکۆلەکەم بەخەیاڵ تەرخانکردبوو ، ئای چ خێزانێکی بۆ هەڵدەبژێرم،ئینجا بۆ کچە شیرینەکەم چ گەنجێکی بە ڕەوشتو جوان داوایدەکات و منیش دەمەوێت هەڵیبژێرێت نۆخەی لەخۆشی ئەو خەوە بەهەشتییانەی کەمن و خێزانمی تیا دەژیاین ئەم خەونانەش خۆشەویستی و بەختەوەری خێزانیان گەورەو فراوان و زیاتر دەکردین بەڵام ئەمەش گشتی پێش شەوە ڕەشەکەی ئەستەمبوڵ بوون .

دوای ئەوەی بڕێکم لە ژەهرە هاڕاوە سپییەکە خوارد هەستم ئەما ئەمزانی بەقسەی کچە تورکییەکە پەپولەم یان چیم لەخەو هەستام هەستم هەستێکی تۆقێنەرم هەبوو

هەستم بەتەمبەڵی دەکرد. زۆر هیلاك بووم دەمویست تا مردن بخەوم بەڵام ژوانم هەبوو دەبوو بەزووی ئامادەی کاتی هەڵفرینی ئەو فڕۆکەیەبم کەلەپێشوازیکاران و کارمەندی بووم نازانم بۆچی لەوێدا دەستم بردەوە بۆ هاراوە مەلعونەکەو بڕێکی تریشم لێ هەڵمژی ئێستا تا نوکی پێم هەست بە پەشیمانی دەکەم بۆ لەپەنجەرەی ئوتێلەکەوە تادەستم دەگات فڕێم نەدا؟ ئاخ ئەگەر ئەوەم بکردایە ئەو هەموو بەدبەختیەم بەسەردانەدەهات ، بەڵام شەیتان ئێجگار مەلعونە وایلێکردم کەهاراوەکەی‌مابووم خستمە ناو جانتاکەمەوە و لەگەڵ خۆمدا بیبەمەوە ؛ بۆ رۆژی دووەم کەبەئاگا هاتمەو بەدبەختی من تەواو نەبوو هەستمکرد زۆر پێویستم بەبڕێکی تر لە "هیرۆین" هەکە هەیە بۆیە لێم وەرگرت هەتا ئەو بڕەی کچە تورکەکە پێیدابووم تەواو بوو، لەوکاتانەدا ئەم بیست ئەو هاراوەیەیی منی گیرۆدەکردووە یان (کۆکاینە) یان (هیرۆینە).

دوای رۆژێك دەستم نەکەوت ، هەستمکرد ئێشێکی زۆر قورس خەریکە تێکم دەشکێنیت، هەستم بەدڵتەنگی و گیرانیش دەکرد هەستێکی سەیریشم بۆ خۆم کوشت، بەپەلەپەل خۆم گەیاندە ئەو کۆمپانیا فڕۆکەوانییەی کەکارم تیا دەکرد خۆممگرت و توانیم ناوم لەدەستەی ئەو فڕۆکەیەدا بنوسم کەبۆ ئەستەمبوڵ دەچوو ، لە ئەستەمبوڵ کچەکەم نەدۆزییەوە بەڵام پەیداکردنی هاراوەکە لەوێ کارێکی گران نەبوو، ئەمجارە زۆر زۆرم لێوەرگرت هەستمکرد لەشم زۆر پێویستی پێیەتی لەرێگەی گەڕانەوەدا فڕۆکەکە بەشانی هەورەکاندا ئاسمانی تەیدەکرد، یەکێك لەسەرنشینەکانی بانگیدەکردم، دەنگیم دەبییست بەڵام نەمدەتوانی رووی تێبکەم بزانم چی دەڵێت لەوکاتەدا بەرێکەوت فەرماندەی فڕۆکەکە دای بەلامدا و زۆر سەیری دەکرد ئینجا پرسی: تۆ تلیاکیت؟!

وەڵامم دایەوە تلیاکی چی پرسیاری چیم لێدەکەیت.

ئەویش وتی : مادە سڕکەرەکانت بەکارنەهێناوە؟

زۆر بەتوندی ئەوەم رەتکردەوە وتم: کاکی فەرمانده کەمێك نەخۆشم شەوی رابردوو نەخەوتووم چونکە گەدەم زۆر ژانیکردووە.

فەرماندەی فڕۆکەکە لەوێدا بڕوای پێکردم دوایئەوە لەخەوێکی قوڵدا رۆچووم کاتێك بەئاگا هاتمەوە گەیشتبووینە سەر زەوی فڕۆکەخانەی قاهیرە.. خۆم گرت و دابەزیم .. بەڵام هێشتا قسەکانی فەرماندەی فڕۆکەکە لە مێشکمدا دەزرنگایەوە،(ئەوە تۆ تلیاکیت، ئەوە تۆ تلیاکیت) رێك لەو ساتەوەختەوە کەوتم ئەو هەستە ترسناك ١٠

و تۆقێنەرە سەرتاپای گیانی داگرتم کەمن لەنێو بازنەی ترسناکی ئالودەبوندام (ئیدمام) داوای مۆڵەتی (پێنج رۆژ) پشوم لەکۆمپانیاکە کرد و ئەو مۆڵەتم وەرگرت و گەڕامەوە ماڵەوە.. رۆژی یەکەمم بەخەو تەواوکرد، کە هەستام سەیرمکرد کچە بچکۆلانەکەم لە پاڵدایە لەو کاتەدا هەستمکرد کەمن بەختەوەری ئەو دەدزم و من جێی شانازی ئەو نیم ئەو هەستانەم کوشتمیان بەتوڕەی هەستامەوەو باقی (سەمەکە)م کەپێم مابوو لەپەنجەرەکەوە فڕێمدا بڕیارمدا ئیتر هەرگیز ئەو ژەهرە بەکارنەهێنم کچەبچکۆلە جگەرگۆشەکەمم لەباوەشگرتەوەو بەرووی خێزانە بەڕێزەکەمدا پێکەنیمەوە.. گاڵتەم لەگەڵ کوڕەکەم کرد و بڕیارمدا بڕۆمەوە بۆ کۆمپانیاو شوێنی کارەکەم .

بەڵام ئەمە گشتی چەند ساتێك و ئازار سەری لێشێواندم وەك شێت چوومە سەر جادەکەو بۆ ئەو هاڕاوە ژەهراوییە دەگەڕام .. کەپێش کەمێك لەپێناوی بەختیاریدا بۆ خێزانەکەم لەپەنجەرەکەوە فڕێمدا بوو.. من تازە توش بووم ، هاڕاوەکەم نەدۆزییەوە، گەڕامەوە ماڵ جلەکانم لەبەرکردووو خۆم کرد بەخانێکی نزیك بینای تەلەفزیۆندا کەلەو پێش بیستبووم لەو خانەدا هەموو جۆرە ژەهرێك هەیە لە گوزەرێکی ئەو خانە چۆڵو لاڕێیەدا گەیشتمە پیاوێك بێئەوەی پرسیاری لێبکەم لێی پرسیم : ها چیت دەوێت؟

وتم: (هیرۆین)، زۆر سادەبوو بڵێم هیرۆین زۆر سەیریکردم، سەیری رووی کردم سەیری چاوی کردم ، بەسەرسوڕمانەوە وتی : (ئۆی ! تۆ تەواو تلیاکیت).

بێدەنگ بووم ، هەرچی پارەم پێبوو دامێ، بڕێك لە ژەهرەکەی بۆ هێنام و بێدەربەستانە گەڕایەوە منیش گەڕامەوە ماڵەوە، لەژەهرەکەم بەکارهێناو ئازارەکەم ڕەوییەوە.

بۆیەکەم جار شتێك لەماڵدا روویدا زۆر هیلاکی کردم ئەویش ئەوەبوو کەخێزانم زۆر بەگومانەوە تێیدەڕوانیم ، ئینجا وتی: (هیچ شتێك لەماڵدا نەماوە خەرجیمان دەوێت) من هیچ پارەو پولێکم پێنەبوو تەنیا ئەو چەکە نەبێت کەلەبانکدا بۆ کچەکەم دامنابوو، بەپەلە خۆم گەیاندە بانك و چەکەکەم کردە پارە پێداویستیم بۆماڵ هێنایەوەو توانیم ژەمێك لە هیرۆینەکەی خۆشمی پێپەیدا بکەم.

رۆژێك لەگەشتێك دەگەڕامەوە، خێزانم دەموچاوی دنیایەك پرسیاری لێدەڕژاو لێی پرسیم: کوا ئادابەکانی جارانت؟ کوادیارییەکانت؟

پرسیارەکەی زۆر واتای هەبوو ، لەوکاتەشدا زەنگی دەرگاش لێدرا ، بەڵام چیم بینی: دیمەنێکی لەو ترسناکترو جەرگبڕتر ، براکەم _ کەئەفسەری پۆلیس بوو _ بەپەلە هاتە ژورێ لەگەڵ هاتنە ژورەوەیدا رووی تێکردم و پرسی: سەیارەکەت داوەتە کەس؟

وتم : نا، نەخێر .

وتی : چاك بیربکەرەوە.

وتم: بۆ؟

وتی : پۆلیسی (لێکۆڵینەوە) ژمارەی سەیارەکەتی لەکاتی چاودێریکردن ی باندێکی تلیاکیدا گرتووەو لە راپۆرتەکەشیاندا هاتووە کە: (خاوەنی سەیارەکە هیرۆینی کڕیوە)، جا ژان سەری تێکردم، هیچم لەبیر نەما بیرمکردەوە سەیارەکەم بە هاوڕێیەکم داوە، بەڵام گومانم هەبوو لەوەی کەئەویش تلیاکی بێت وەك خۆم .

خێزانەکەم دوبارە بەگومانەوە بۆی روانیم ، وتی : من وادەزانم تەمێی هاوڕێکەت بکەیت بۆئەوەی بچێتە نەخۆشخانەیەك بۆچارەسەر .

رۆژێك هەروا بەئاسایی بەرەو ئەو فڕۆکەیە دەچووم کەلە پێشوازیکارانی بووم ، فەرماندەی فڕۆکەکەم لێ هاتەپێشەوەو داوایلێکردم کەسواری فڕۆکەکە نەبم ، ئەمەش توشی سەرسوڕمانێکی گەورەی کردم هەرلەوێدا کاپیتان پێی وتم:" گومانی لەوەهەیە کە تلیاکی بم ئەمەش مەترسی هەیە بۆ سەر ژیانی سەرنشینانی فڕۆکەکە، هەوڵمدا کەبەڕووی فەرماندەدا هەڵشاخێم و ئەو بڕیارەی لێ قبوڵنەکەم، بەڵام ئەو پێی وتم : کەنارەزایی دەربڕین لە بەرژەوەندی مندا نییەو مەسەلە هەرئەوەیە کەکاپیتانی فڕۆکەکە فەرمانیداوە کەلەگەڵیدا گەشت نەکەم ئەوەش کەڕویداوەلێم بۆکەسی ناگێڕێتەوە".

کاتێك لەلای فڕۆکەکەوە بۆ فڕۆکەخانە گەڕامەوە زۆر کەس پرسیاری لەهۆی بەشدارینەکردنم لەگەشتەکەدا لێدەکردم ، منیش بە نەخۆشی پینەم کرد .

دوای ئەم ڕوداوە ئیتر زۆر کەشتی فڕۆکەوانی تێپەڕین ڕێی نەئەدا توخنی بکەوم تا رۆژێکیان لێپرسراوی کۆمپانیای فڕۆکەوانییەکە داوایلێکردم دەست لەکاربکێشمەوە.

لەسەرەتادا ویستم نارەزایی بەرامبەر ئەم داوایەش دەربڕم، بەڵام خۆم لەبەردەم هەڵبژاردنێکی سەختەدا بینییەوە ، ئەویش لێکۆڵینەوە بوو لەسەر تاوانبارکردنم ، بەوەی کەبەحاڵێکی بێهۆش و خراپەوە بەهۆی تلیاککێشانەوە سواری فڕۆکە بووم.

لەدوایدا بەزۆر دەستم لەکارکێشایەوەو لەکۆمپانیای فڕۆکەوانییەکە هاتمە دەرێ ، لەگەڵ هاتنەدەرەوەمدا لەدەروازەی فڕۆکەخانەکەدا هەستێکی نامۆی رووی تێکردم ئەوا ماڵەکەم بەتەواوی رووخا ، یا خەریکە دەروخێ بەسەر خۆم و خێزانەکەمدا، ئەویش بەهۆی دەست لەکارکێشانەوەم لەکۆمپانیاکەدا ، هەروەها بەهۆی ئەو ئابڕووچونە لەنگییە گەورەیەوە کەلەناو هاوکارەکانم و خێزانەکەمدا تووشم بوون هەستم بە بێدەربەستی دەکرد ، سەیارەکەم لێخوڕییەوە بەرەو لای بازرگانە خۆشەویستەکەم کەوتمە رێ، بڕێك هیرۆینم لێکڕی ، چوومەوە ماڵ ، کچە بچکۆلەکەم باوەشی پیا کردم دەستی بەرزکردەوە بۆئەوەی کەلە باوەشی بگرم ..بەڵام هێشتا من سارد و سڕو بێدەربەست بووم ، جگەرگۆشە شیرینەکەمم بەجێهێشت من شتێکم نەبوو ناوی هەست بێت !! تلیاك ئەویشی سڕکردبوو چوومە ژوورەکەم .. کچەکەم لەدوامەوە دەگریا ، ئاخر ئەو کچێکی بچکۆلانەی ناسکی (٥)ساڵان بوو ، من شایانی ئەوە نەبووم باوکی ئەوبم .

دەرگای ژوورەکەم لەناوەوە بە کلیل قفڵ دا .. لەژەهرە سپیەکەم خوارد .. خێزانەکەم دای لەدەرگای ژوورەکە.. هەرچۆنێك بوو توانیم هەستم دەرگا بکەمەوە ..هاتە ژوورێ رووی تێکردم بەدوودڵیەوە لێی پرسیم : بۆ زوو گەڕایتەوە ؟

وتم : ئێستا نامەوێت هیچ پرسیارێکم لێبکەیت . !

خێزانم بەبەزەییەکەوە پێیوتم : بۆ ئامۆژگاریم نابیستی بڕۆ بۆ لای پزیشکێك باچارەت بکات، ئەوەش بزانە من لە شانتا دەوەستم تا شیفات بۆ دێت .. بە توورەییەوە وتم : لەچیچارەم بکات ؟ خێزانم وتی : لەتلیاك کێشان و تلیاکی بوون؟!

ئەم گرنگی پێدانەی خێزانم رقی هەستاندم ، وام هەست دەکرد جێی بەزەییم .. نەمدەویست کەس بەوە بزانێت .. بومە دڕندەیەك لەنێوان ماڵا هەموو شتێك بشکێنم .. کوڕو کچەکەم دەگریان چۆن گریانێك خێزانەکەشم بەوپەڕی خەم و ئازارەوە سەیری دەکردم .. چوومە دەرەوە سواری سەیارەکەم بووم ، چوومە چایخانەیەك ، سەیری رێبوارەکانم دەکرد و ئەم ئەبینین لەچایخانەکە .. چایچیەکەچای بەدوای چادا بۆ بانگ

دەکـردم بەچـێژێکی زۆرەوە قـومم لـە چاییەکە نـەدا و لەحاڵـەتێکی پـڕ لەرۆچـوون و بێهۆشی دا بووم !!

بـەڵام لـەو کاتـەدا هـیچ هەسـتم بەپەشـیمانی نـەدەکرد (تلیـاك واتـە بێهەسـتی واتـە بێدەربەسـتی). چـەند کاتـژمێرێك سـوڕامەوە، نـازانم کـەم بـوون ئەوکاتانـە یـان زۆر.. گەڕامەوە ماڵ .. هیچ حەزم بەگەڕانەوە بـۆ مـاڵ نـەبوو.. بـەڵام ژەهـرە شـیرینەکەی لای مـن لـە ماڵـەوە بـوو ، منـیش هەسـتم دەکـرد زۆرم پێویـست پێیـەتی .. بـەڵێ کـەدەرگای ماڵـەوەم کـردەوە شـتێکی سەرسـوڕهێنەرم بینـی ، بینـیم خێزانـەکـەم و براگەورەکـەم ، کەئەفـسەری پۆلیـسە و بـرا بـچوکەکەشم کەپزیـشك بـوو هـەموو لـەهۆڵی پێـشوازی ماڵەکەمانـدا بـوون .. هـەوڵم دا بـەخێرهاتنی دووبراکـەم بکـەم .. لەگـەڵیان دانیـشم ، لەسەرەتادا بێدەنگیەکی قوڵ و بەسام باڵی بەسەر ئەوناوەدا کێشا .. برا ئەفسەرەکەم ئەم بێدەنگیەی شڵەقاند و رووی تێکردم : "خێزانت جیابوونەوەی دەوێت" سـەیری خێـزانم کرد ئەو سەری داخست . . براکەی تـرم کەپزیـشکە هاتـە قـسە و داوای لێکـردم لەگـەڵیا بڕۆم بۆ ئەونەخۆشـخانەیەی کـەکاری تیادەکات تالـەوێ بخرێمەژێرچاودێریەکی تـەواوە وەو چارەشم بەبەلاش دەکرێت .. بـرا پزیـشکەکەشم ئەوەشـی وت: خێزانـت ئـەهێنم بـۆ ئەخۆشخانە بالەگـەڵتا بێـت .. هەردوومنداڵەکـەش دەنێـرین بـۆ مـاڵی براگەورەکـەمان .. دوایش بەساغ و سـەلامەتی دەگەڕێیتـەوە بـۆ نـاو مـاڵو سەرئیـشەکەت .. پێـشنیارەکەیانم رەت کردەوە .. ئەوەشم رەت کردەوە کەبەتلیاکی بوون تاوانباریـان دەکـردم .. خێزانیـشم بەدەم گریانەوە قسەی خۆی دەکرد .. وتـی : " مـن ئامـادەم کەهـەموو قوربانیـەك بـدەم لەپێناوی چارەسەر کردندا.. "

مـن هـەموویان بـەوە تـاوان بـارکرد کەشـێتن داوام لـەبراکانم کـرد کەلەماڵەکـەم بـچنە دەرەوە .. لەکاتێکدا کەئەوان بەتوڕەییەوە ماڵەکەیان بەجێهێشت ، خێزانم پێیـوتن :" نـا .. ئەوئاگای لەخۆی نیە .. نازانێ چی ئەڵێ .. مەڕۆن ئەوپێوستی پێتانە . "

بەڵام من هەر دەرم کردن ..

هـیچ شتێکم بەدەستەوە نەما بۆ مـاڵ سـەرفی بکـەم.. کـار گەیـشتە ئـەوەی کـەلو پـەلی نێوماڵم ئەدزی و ئەم فرۆشت و هاڕاوە ژەهاوییەکـەم پێـدەکڕی.. رۆژ لـەدوای رۆژ لەشـم پێویـستی بـە ژەهـری زیـاتر هـەبوو.. تـەواو ئـالودەیی رووی تێکردبـووم، چـەندین جـار خێزانم هەوڵی دەدا کەکەل و پەلی نێوماڵ نەفرۆشم بەڵام نەیـدەتوانی، پـێش کـەل و

پەلی نێومالّ سەیارەکەمم فرۆشت ، پێش ئەویش هەموو پارەکانم لەبانك کێشایەوە و تەواوم کردن .. تا دوا هەولّ سوودی نەبوو لەکۆتاییدا خێزانم بەناچاری دەستی هەردوو منالّەکەی گرت و لەمالّ دەرچوو!!

نەمزانی بۆ کوێ رۆیشت.. قەت بەلاشمەوە گرنگ نەبوو ، هەروەك هیچ بیرم لەدوو منالّەکەشم نەدەکردەوە.. تەنها و بەدبەخت لەومالّە چۆلّەدا مامەوە، بەدوای دەرچوونی خێزانەکەشم دا هیچ لەمالّدا بۆ فرۆشتن نەمایەوە.. من زۆر پێویستیم بەپارەهەبوو بۆ ئەوەی ئەو ژەهرە بکرم کەکرم ئاسا لەشی دەخواردم.. دوورێم لەبەردەما بوو.. یا بازرگانی کردنی تلیاك یا سوالّ کردن .. بەلاّم لەبەر ئاسانی رێگەی سوالّم هەلّبژارد .. لەرۆژی یەکەمی سوالکردنەکەمدا لەبەردەم دوکانێکی ساردەمەنی فرۆشتندا روومکردە سەیارەیەك ژن و پیاوێکی تێدا بوو .. دەستم بەرەو ناوسەیارەکەو بۆ لایان درێژ کرد .. زۆر جێی بەزەیی بووم .. پیاوەکە سەرنجی دام .. زۆر سەیری کردم دوایی داوای لێکردم دوور کەومەوە .. کەوتەوە بیرم پیاوەکە هاورێیەکی کۆمپانیای فرۆکەوانیم بوو .. ئەویش خێزانەکەی بوو .. تەواو هەست و هۆشم وابوو کەئەو هاورێیەم ناسیمی گەرامەوە بۆ مالّە چۆلّەکەم .. بەتەنیا دانیشتم ئەو رۆژە یەکەم جار بوو لە دوای ئەوەی کەهیرۆیینم ناسی گریام .. !! بەلێ گریام !! گریام و دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر دەبوو بڕیارێك بدەم .. بەلێ دەبووبڕیارێك بدەم .

وەك وتم ئەو گریانە بەجۆش‌و خرۆش‌و بەکولّەم سەرەتای قۆناغێکی نوێ لەژیانم‌و سەرەتای بڕیارێکی نوێ! خوای پەروەردگار خستبویە دلّمەوە کە ئاوایە: بڕیارمدا واز لە "تلیاك" بێنم، بەلێ لەو ساتانەدا بڕیارمدا، بەلاّم چۆن؟ لەخۆمم ئەپرسی چۆن؟! بێئیرادەو بێ ئەوەی ئاگام لەخۆم بێت دابەزیم بۆ لای دەرگاوانی شوقەکان داوای (١٠) جونەیهم لێکرد، ئەوە یەکەم جار بو لەژیانمدا داوای قەرز لەو دەرگاوانە بکەم.. ئای کە چەند پارەم دابووێ لەوەو پێش، ئەوەی داوام کرد پێی بەخشیم.. چومە گەراجی (گیزە)و پرسیاری ئەو سەیارانەم کرد کە بۆ (وادی جەدید) ئەچوون.

شوێنی خۆم لەسەیارەیەکدا گرت‌و بەرەو ئەم نادیارە تازەیەی ژیانم بەڕێ کەوتم.

وادی جەدید: ناوچەیەکی دابڕاوە لەمیسر وام بیستبوو کە بەتەواوەتی لەتلیاك‌و مادە سڕکەرەکان پاکە.. ئەو ناوچەیەم لەسەر ئەو قسەیەی (گارقی کوڕی زیاد) هەلّبژاردبوو کە ئەلێ:

(دوژمنتان لەپێشەو دەریاشتان لەدوایە، واتە هیچ ڕێگەیەکتان بۆ راکردن لەسەرکەوتن نیە)

بەبرسێتی لەسەیارەکە دابەزیم (غەریب.. زۆر تینوی ژەهرە سپیەکە بوم، نە هاوڕێم هەیەو نەپارەم پێیەو نەکەسیش نەناسم نەنەشزانم بۆچی ئەگەڕێم؟! یەکراست خوانایە دڵمەوەو چوومە مزگەوت، نوێژ خوێنەکانی ئەوێ زۆر بەوردی سەیریان ئەکردم، من لای ئەوان زۆر نامۆ بوم، گەنجێکم لێهاتە پێشەوەو لێی پرسیم: کە ناوم چییە؟ بۆچی چومەتە لای ئەوان؟ لەوەڵامدا پێم وت: لەقەرەبالغی (قاهیرە) بێزاربوم‌و هاتوم لێرە ئیشێك بکەم.

گەنجەکە: لەقاهیرە چیت ئەکرد؟

وتم: هیچ.. ئیشێکی وام نەکرد.. بەڵام پێش قاهیرە بە (کشتوکاڵ کردنەوە) خەریك بووم)،

بۆیە ئەوەم وت، چونکە ئەمزانی خەڵکی ئەوێ پێویستیان بەجوتیارو کشتیارە.. من هەر بەڕاستی سەرم لەکشتوکاڵ دەرئەچوو.. ئەویش ئەو کاتەی کە باوکم نەمردبوو بەرەحمەتی خوا نەچوو بوو.. نەشچووبومەو قاهیرە بۆ خوێندن‌و ئیش کردن. لەماڵی خوادا لە (وادی جەدید) ئەو گەنجەم بینی! بەڵێ دەبێت دوپاتی بکەمەوە! لەماڵی خوادا لە (وادی جەدید) ئەم گەنجەم بینی، لەماڵێ خوادا لە (وادی جەدید) گەیشتمە یەکەم هیوام، لەماڵی خوادا لە (وادی جەدید) زۆر گریام، بەپەشیمانیو تەوبەوە گریام.. گەنجەکە پێشنیاری بۆ کردم کە لەکێڵگەکەی ئەودا کار بکەم.. چونکە ئەو دەرچوی کۆلیژی (کشتوکاڵی زانکۆی ئەصویتە) و ئیشی حکومی ناکات تاقەتی لەشاری قەرەباڵغیش نیەو هاتۆتە (وادی جەدید) پارێزگاری ئەم پارێزگایەش (٢٠) (فەددان) زەوی دابویە، کە ئەمیش چاکی کردبوو (کشتوکاڵ‌و زەرعاتی) تیا ئەکرد.. ئەمیش پێویستی بەیارمەتیدەر هەبوو، گەنجە پرسیاری کرد:

کە بەچەند کار دەکەی؟

وتم: بەکەلامی خوا

گەنجەکە هیچ تێنەگەیشت.. بۆیە وتم: هیچم لەتۆ ناوێت.. ئەوە نەبێت کە (قورئانێکم بدەیتێ کە تیایدا بخوێنم‌و شوێنێکم بدەیتێ کە تیایدا بحەوێمەوەو تۆزێك خواردنێکیش پێی بژیم)، گەنجە کە قسەکانمی پێ سەیر بوو.. بۆیە یەکسەر

بەداواکارییەکانم رازی بوو، لەکێڵگەی ئەم گەنجەدا بومە خاوەنی ژورێك و قورئانێك و کۆمەڵێك داریش کە پێویستیان بەچاودێر هەیە.. ئەگینا ئەمرن.

بەسەر ئەمەش گشتیەوە: ئایا ئەتوانم بێژەهەرەکە بژیم؟

لەرۆژی یەکەمدا دوای ئەوەی گەنجەکە رۆیشت.. دەرگاکەم لەسەر خۆم داخست.

هەر کە دەرگام داخست دەرگای هەموو زیندانەکانی ناوم بەروی ئازارا کرایەوە.. ئازارەکان هەموو لەشمی هێنایە لەرزە.. بومە بەندی هاوارەکانم.. لەشی خۆمم بەنینۆکەکانم ونجر ونجر ئەکرد.. ئازارەکان یەکسات وازیان لێنەهێنام، تا داوای کۆمەك و یارمەتی لەخوای خۆم بکەم.. چەند ساتێك لەنێوان ململانێی یەکەمی ئازارەکانم کە لاشە لاوازەکەمی ئەگوشی و ململانێی دووەمدا تێپەڕی لەو ساتانەشدا توانیم قورئانەکەی بەردەمم بکەمەوە ئایەتەکانیم ئەخوێندوە هەر کە ئێشەکەم زیادی بکردایە دەنگم لەقورئان خوێندنەکەدا بەرزتر ئەکردەوە.. بەدڵ داوام لەخوا ئەکرد رزگارم کات.. فرمێسکەکانم بەسەر رومەتما دائەباری و ئەکەوتنە سەر قورئانەکە.. وام هەست ئەکرد لاشەم مەیدانی شەڕێکی دڕندانەیە کە هەرگیز دوایی نایە.. وام هەست ئەکرد گیانی بەرگری کردنم ئەروخیَ و خۆی لەبەر ئازارەکانما ناگرێت هەر کە ئەو هەستەم بکردایە دەنگم لەخوێندنی ئایەتەکانی خودا بەرز ئەکردەوە.. قەت نازانم ئەو شەڕە چەندی خایاند (سەعاتێك.. دوان .. سیان رۆژێ چەند رۆژێ..) تا لەو حاڵەدا خەوێکی قوڵ بردمیەوە.

لەخەو هەستام! وامزانی لەگەشتێکی دوور گەڕاومەتەوە.. گەشتێکی ترسناك بەقوڵایی زەویدا.. لەو خەونانەدا دێوی نامۆو غەریبم دی!! زۆر گەورە بوون!! چاویان دا دڕاو ناشیرین.. هەر یەکەو چەند سەرێکیان هەبوو.. ئەم لەشکرە دێوە هەمویان لەخەونەکەما پەلاماریان ئەدام، کەس لەژوورەکەمدانەبوو پەنجەرەکەم کردەوە.. زەویم بینی! داری سەوزم بینی! تۆزێك لەپەنجەرەکەدا وەستام!

هەوڵمدا هەوایەکی پاك هەڵمژم! سییەکانم قەت یارمەتیان نەدام.. هەستم بەتینویەتی ئەکرد، بەڵام ئەمویست روبارێك بەتەواوەتی بخۆمەوە.. شوشەیەکم بینی ئاوی تێدا بوو سەرم پێوە نا زۆرم لێخواردەوە!! خۆمدا بەسەر جێگاکەما.. دوای چەند ساتێك ئارەقێکی زۆرم کرد هەموو ئەو ئاوەی خواردبومەوە لەلەشم دەرچوو.. جارێکی تر گەڕامەوە لای ئاوەکەو دەمم پێوەنا.. هەروەك لەپێشبڕکێدا بم لەناوو ئارەق کردندا..

دوای سەعاتێك گەنجی خاوەن کێڵگە هات، سینیەکی پێبوو بەرچایی بەسەرەوە بوو کە لەبەری دارەکانی کێڵگەکە ئامادەکرابو.

(پەرداغێك شیر، چەند هێلکەیەك، دوو جۆر پەنیر، تۆزێك هەنگوین) گەنجەکە ئاگاداری کردمەوە کە (تا)یەکی زۆرم هەبووە.. ئەمە سێ ڕۆژە لەژورەوەم و دکتۆرێکم لەشانەوەیەو لەو ماوەیەدا ئارەقێکی زۆرم کردووە.. هەتا دکتۆر (نوژدار - پزیشك)ە کە ترساوە کە وشك ببمەوەو بۆیە ئاوێکی (مەعدەنی) داوەمەتێ تا ئاو لەلەشما بمێنێتەوەو بەو خێراییە تۆقێنەرە نەبێتە ئارەق، سوپاسی گەنجەکەم کردو هەوڵمدا شتێك لەوە بخۆم کە هێنابوی، بەڵام نەمتوانی! پرسیارم لێکرد: کەی ئیشەکەم دەست پێبکەم؟

وتی: تا چاك نەبیتەوە کارت پێناکەم!

وتم: بۆ ئەوەندە گرنگیم پێئەدەیت؟

وتی: گەنجێك کە داوای قورئان و وتەی خوا بکات لەپاداشتی ئیش کردنیا ئەوە هەموو خزمەتێکی شایستەیە.. وتیشی هەر کات چاکبوویتەوە ئەوە ئەتوانی ئیش بکەی گەنجەکە ماوەیەکی تر لام دانیشت و نەیویست شەرمەزارم بکات هەستاو چووە دەرەوە.. سینیەکەی لا جێهێشتم و تکای لێکردم کە شتێك بخۆم.. چونکە کەسێ کە تای لێهاتبێ پێویستی بەخواردنە.

دوای چەند ساتێك شەڕە سەختەکە لەنێوان بەرگری لەشم لەپێویستی بۆ ژەهرە نەفرینە کەو ئەو ئازارانەی کە ئەو ژەهرە دروستی ئەکرد دەستی پێکردەوە.

چارم نەبوو لەوە زیاتر بگەڕێمەوە بۆ لای (وتەکانی خوا) بەدەنگی بەرز خوێندم هەرچەندە ئازارەکە زیادی ئەکرد، داوام لەخوای بەرەحم ئەکرد کە ئەم ئازارە سەختەم لەکۆڵبکاتەوە.

لەقورئان خوێندنەکەمدا گەیشتمە ئەم ئایەتانە زۆریان لەسەر وەستام! ئۆخەی ئەوە خوایەو ئەفەرموێ **(وأوحى ربك الى النحل أن اتخذي من الجبال بيوتاً و من الشجر ومما يعرشون، ثم كلي من كل الثمرات فاسلكي سبل ربك ذللاً يخرج من بطونها شراب مختلف الوانه فيه شفاء للناس إن في ذلك لآية لقوم يتفكرون)**[1] ئەڵڵا زۆر لەسەر ئەم ئایەتە

(١) سورةتی النحل - ئايةتی ٦٩.

وەستام.. دوای خوێندنەوەیان لەگەڵ ئازارەکانمدا ڕاهاتم، چومە لای ئەو جامە هەنگوینەی کە لەپێشمابوو زۆرم لەدەروونم کرد لێی بخۆم هەموو هەنگوینەکەم خوارد.. دوای ئەوە تۆزێك هەستم بەهەندێك ئارامی کرد.. ئاویشم خواردەوە.. گەڕامەوە لای قورئانەکە.. چەند سەعاتێك خوێندنەوە! تا گەنجە خاوەن کێلگەکە هاتەوە.. سینیەکی پڕ خواردنی بەدەستەوە بوو (مریشکێکی برژاو ـ سەوزەی ئامادەکراو ـ چەند جۆر میوە..) بەڵێ زۆر تورە بوو کە بینی هێشتا بەرچاییەکەم نەخواردووە.. پێم وت: تکات لێدەکەم لەجیاتی ئەم هەمووە جامێك هەنگوینم بۆ بێنە.. جا دوای چاکبوونەوەم هەرچیم بدەیتێ ئەیخۆم)

﴿والله انزل من السماء ماءً فاحيا به الأرض بعد موتها إن في ذلك لآية لقوم يسمعون، وإن لكم في الانعام لعبرة نسقيكم مما في بطونه من بين فرث و دمٍ لبناً خالصاً سائغاً للشاربين﴾[٢]

ئایەتەکانی خوایەو لەم تەنیایو بەدبەختیەدا.. تاریکارییەکانی ناخو دەوروبەر و ژوورەکەمیان ڕۆشن کردومەتەوە.. بەڵێ .. کە داوام لەگەنجەکە کرد: لەجیاتی ئەم هەموو خواردنە جامێك هەنگوینم بۆ بێنە!

گەنجەکە لەبەر ڕۆشنایی و شیرینی ئایەتەکانی خوادا ئەویش وتی: بەسەرچاو بۆت ئەهێنم بڕێکیش لەخواردنی (شاژنەکەشیانت) بۆ تێنەکەم.. بەلام بڕێك لەو میوەیە بخۆ.

بۆ ئەوەی دڵی ئەو گەنجە خواناسە میهرەبانە نەیەشێنم بەزۆر هەندێك میوەم خوارد!

ئەگەر لەبەر ئەو گەنجە بڕوادارە چاکە نەبوایە.. ئەمویست بڕشێمەوە، گەنجە کە داوای لێکردم لەژوورەکە بچمە دەرێو هەندێك بەناو باغو دارەکاندا بگەڕێم.. ئەمە گشتی شەڕەکە لەناخمدا بەردەوامە.. هەناسەکانم کپ ئەکرد، تا کەس هاواری بەیەکدا هەڵشاخانی هێزەکانی ناوەوەم نەبیستێ. بۆ ڕازی بونو وەرگرتنی داخوازییەکەی ئەو چومەدەر، بەلام بەهیلاکی گەڕامەوە ژوورەکەم.

گەنجە بەبڕێکی زۆر لە (هەنگوینە) وە گەڕایەوەو بۆی دانامو گەڕایەوەو ڕۆیشت.. دەستم کردە خواردنی، بەئاسانی بۆم ئاخورا.. بەلام ئەوەی (شاژنەکە) هەرچۆنێك بێت

---

[٢] سورەتی النحل ـ ئایەتی ٦٦.

خواردم دوایی هەستم کرد خەوم دێت.. زۆر بەنوستن ئاسودە بوم! چونکە ئەو لەشەڕە سەختەکەی ناخم داینەبڕیم.. خەوتم.

ئەمجارەش نازانم چەندەم کات لەگەڵ ئەو (کابوسانە)دا گوزەراند.. کە یەك بەدوایەکدا ئەهاتنە سەرم، هەستم کرد هاڕاوە نەفرەتاویەکەی (تلیاك) وەکو شەیتان بەنێوخوێنی مرۆڤدا ئەگەڕێ‌و دەرچونی زەحمەت‌و گرانە، بەڵام ڕاستیەك ئاسۆیەکی روون زۆر دڵخۆشی کردم ئەویش ئەوەبوو: کە بڕیارمدا ئەگەر بشمرم یا خۆشم بکوژم جارێکی تر نەگەڕێمەوە سەری!! شتێکی تریش دڵخۆشی ئەکردم: کچە شیرینەکەم.. ئا.. ئەو هەر ئەمڕۆ.. تەنیا ئەمڕۆ کچەکەم کەوتەوە بیر لەمڕۆژا بیری کچەکەم هانی ئەدام کە بەرگەی هەموو ئازارێك بگرم.. کوڕە نازدارەکەشم بیرکەوتەوە.. خێزانە بەڕێزو دیندارەکەشم.. برا گەورەم.. برا بچکۆلەکەم.. ئەو هەموو هەوڵ‌و کۆششەم بیرکەوتەوە کە لەوێ کە لەدێ کۆنەکەی خۆمانەوە تا ئەو کاتەی کە فڕۆکەوانەکە دەری کردم دابووم.. لەم کاتانەدا سەیرم کرد خاوەن کیلگە جامێکی پڕ لە (هەنگوین) ی بۆ داناوم.. ئاوم خواردەوەو چوومە دەر.

کە چومە دەرێ لەجۆگە ئاوەکە دەستنوێژم گرت‌و گەڕامەوە ژووری.. دەستم کرد بەنوێژکردن، بەڵام نوێژی کەی (بەیانی - نیوەڕۆ - عەسر) نەمئەزانی چەند ڕکات نوێژی لەدوایەکم لەسوپاس‌و سەنای پەروەردەکار کرد.. نازانم ژمارەی ڕکاتەکان چەند بوون، بەڵام ئاوم خواردەوە، دەستم کردە قورئان تا شەوم بەسەرهات نوێژی (شێوان‌و خەوتنانم) بەجێ هێنا دانیشتمەوە بۆ (قورئان خوێندن) لەوێدا توشی تاقیکارییە گرانەکە بومەوەو ئێش‌و ئازار لەشی داتەنیم بەجۆرێك کە قەت لەوەوپێش ئێش‌و ئازاری وام بەخۆمەوە نەبینی بوو ئارەزوویەکی ئاگراویم هەبوو بۆ ئەوەی بەدەنگێکی بەرز بگریم‌و هاوار بکەم چوومە ناو شەڕی شاردنەوەی هاوارەکانمەوە کە شەڕێکی زۆر گرانە.. بەڵام دەستم نەهێنایە ڕێگەی فرمێسکەکانم.. لەبەر سەختی ئێشەکەم وازم لەقورئان خوێندن هێنا.. گریام‌و زۆر گریام.. دەریایەکم لەفرمێسك ڕشت.. نەفرینێکی بێشومارم لەشەیتانەکەی ناخم کرد!

داوام لێنەکرد لەشم بەجێبهێڵێت لەوێدا ئارامیەك ڕوی تێکردم‌و خەوگرتمی‌و خەوتم.

ئەم ململانێیەی من لەگەڵ خۆمدا (١٥) پازدە ڕۆژی ڕێکی پێچوو دوای ئەوە ئێشەکانم

کەم نەبۆوەو کەمتریش نارەقم ئەکردەوەو فرمێشکەکانیشم وەستان، داوام لەخاوەن کێڵگە میهرەبانەکە کرد بمخاتە سەر ئیش‌و ئەویش رازی بوو.

بەیانی زوو هەڵسام.. نوێژی بەیانیم ئەکردو هەنگوینم ئەخواردو قورئانم ئەخوێند تا خۆر هەڵئەهات.. ئیتر ئەچوومە ناو کێڵگەکە.. ئاوم ئەداو خاکم ئەمدیو ئەو دیو ئەکردو جۆگە ئاوم هەڵئەگرت.. هەر کات هەستم بەهیلاکی بکردایە ئەگەڕامەوە ژوورەکەم‌و ئەنووستم.. لەسەرەتاوە زۆر ئەخەوتم، بەڵام وردە وردە خەو کەمی کرد.. دوای چەند مانگێك تەواو هەستم وابو کە شەیتانەکە لەشی جێهێشتووم.. الحمد لله.

چۆن شوکرانەژمێری ئەم هەموو نیعمەتانەی خوا بم، ئەو کات لەگەڵ خاوەن کێڵگەکە دانیشتم تا بەسەرهاتی خۆمی بۆ بگێڕمەوە، بەڵام تەواو توشی سەرسوڕمان هاتم کە خاوەن کارو کێڵگەکە پێی وتم کە لەڕێگەی ئەو دکتۆرەوە کە هێناویەتی یەدیارم زانیویەتی من (تلیاکیم) و بۆ ئەجات شیفا هاتومەتە ئێرە، دوای شەش مانگ هاوڕێ خاوەن کێڵگەکەم بردمی بۆ لای (پارێزگای وادی جەدید) کە ئەو (١٠) فەددان زەوی بەشانی کێڵگەکەی خۆیەوە بۆ وەرگرتم لەپارێزگارو دایمێ.

خاوەن کێڵگە گەنجەکەش (١٠٠٠) هەزار جونەیهی دامێ تا پرۆژە تازەکەم دەست پێبکەم‌و پێی وتم: ئەمە کرێی ئەو ماوەیەیە کە لەگەڵ ئەوا ئیشم کردووە.

ساڵێك لەسەر کارکردنم لەکێڵگەکەی خۆمدا تێپەڕی تەواو چاکبوومەوە بومە خاوەنی ماڵێکی بێخێزان‌و زەوی‌و پارەیەکی زۆریش.

گەڕامەوە بۆ (قاهیرە) بەدوا خێزانەکەما، شەیتانەکەم لێدورکەوتبۆوەو بیرم لەچارەنوسی خێزانەکەم ئەکردەوە.. بیرم لەکوڕەکەم، کچەکەم، لەهەموو شتێ ئەکردەوە.. هەزار خەیاڵم بەمێشکا هات: ئێستا هاوسەرەکەم تەلاقی وەرگرتووەو شوی بەپیاوێکی تر کردووە، ئەم خەیاڵانە تۆقاندمیان‌و زۆر ئەترسام کە ببنە راستی (واقع) و بمگەڕێننەوە بۆ دنیای (بۆگەن‌و گەنیو دنیای موخەدەرات‌و تلیاك).

بەڵام دوبارە لەدڵی خۆمدا وتم: گەر واش بێت دەستی کوڕو کچەکەم ئەگرم‌و ئەیانبەمە ئەم شوێنە پاکە.. ئەی سەرەتا پێم ئەوتن کە خێزانم زۆر بەڕێزو بڕوادار بوو.. ئەو بەدرێژایی ئەو ماوەیەی دیار نەمانم لەباوەڕی بەهێزو پتەویەوە لەدەسەڵاتی خوا دڵنیابوو کە چاکئەبمەوەو ئەگەڕێمەوە.

لەو ماوەیەشدا لەماڵی باوکی‌و لەگەڵ باوکە بڕوادارو خواناسەکەیدا ژیابوو.

ئای!! ئای لەشیرینی ئەو ساتانەی کە لەگەڵ کەس‌وکارما بەیەکتر شادبوومەوە، لەکاتی گەڕانەوەی خێزانیماندا بۆ کێڵگەکە خێزانم لێی پرسیم: چی شیفای دایت؟!

وتم: قورئان.. کەلامی خوا.. کتێبی خوا!

وتی: ماشائەڵڵا لەکتێبی خوا!

هەروەها خواردنی هەنگوین‌و ئاوی سازگار کە هەموو شتێکی زیندوو لەئاو دروست بووە.

بەڵێ ئازیزان! ئەمانە گشتی رووداوو قسەی گەنجێکن کە لەشەڕێکی سەخت‌و دەستەو یەخەدا چۆکی بە (هیرۆین ـ تلیاك) داداوە کە چەکی ئەم گەنجە لەو شەڕەدا (قورئان‌و خواردنی هەنگوین بوو پاشان هاوکاری موسوڵمانی دڵسۆزی خاوەن کێڵگەکە بەڵێ پەروەردەگار ئەفەرموێ (**فیه شیفاء للناس**).

هەروەها عەزیمەتێکی بەهێزو بڕیارێکیش کە گەڕانەوەی تیا نەبێت، ئێستاش ئەگەر یەکێك رێگەی بکەوێتە پارێزگای (وادی جەدید)ی وڵاتی میسر کێڵگەیەکی گەورە ئەبینێ کە پڕە لەباغ‌و باغات‌و داری بەردار، لەناویا دوو منداڵی کوڕوکچ بەوپەڕی بەختیارییەوە هەڵئەپەڕن‌و وازی ئەکەن، هەروەها ئافرەتێکی جوان‌و باڵاپۆشی دیندار کە چاودێری ئەم خێزانە ئەکاو گەنجێکی ئەسمەری ریشنیش کە بەدڵگەرمی‌و بەهێزی‌و تەندروستی‌و بەختەوەرییەوە کار ئەکا.. دەی ئێوەش ئازیزان هەریەك لەلای خۆتانەوە دوعای خێر بۆ ئەم خێزانە بکەن‌و ئاواتی بەختەوەری‌و کامەرانی تاسەریان بۆ بخوازن.

بەڕاستی ئەم خێزانە هەموو چاکەیەکیان شایستەیە.. چونکە هەریەکێك لەئەندامەکانی چونە شەڕێکی سەختەوەو بەسەرکەوتوویی لێی هاتنە دەرێ.. هیواش بۆ ئەو خوشك‌و برایانەی کە بڕوادارن.. بەدڵ‌و بەکوڵ بەدێری ئەم روداوە واقعیە بکەنە سەرمەشقی ژیانیان.. چونکە ژیان کەوتنە.. ئازا ئەو کەسەیە بەئازایەتیەوە هەستێتەوە.. کۆڵنەدەرو چالاك بێت.. ئیرادەو عەزم‌و بڕوای بەهێزبێت.

ملدان بۆ گوناهو تاوان زۆر ئاسانەو دەبیتە بەندی، بەڵام دورکەوتنەوە لێی، دوای هەستکردن زۆر بەگران دەرباز دەبیت لێی، جا بۆیە داواکارم لەهەموو بەڕێزێك ئاگاداری زەلکاوی بۆگەناوی چوار دەوری خۆی بێت، دوا ئامۆژگاریم لەهەموشیان گرنگترە! (پشت بەستن بەپەیام‌و بەرنامەکەی خوا (**واعتصموا بحبل الله جميعاً ولا تفرقوا**).

لەکۆتایی داوا لەهەر کەسێکی رۆڵەی موسوڵمانی ئەم کوردستانە دەکەم کە ئالودە بووە بـەخواردنی هـەر شـتێکی وەك (مـەی، جگـەرە، تلیـاك یـا نەخۆشـی لاشـەیی) روو بکاتـە قورئانو بەرنامەی ئیسلامو لەباتی خواردنی شتە حەرامـەکان هـەنگوینو شـتە پاکـەکان بخوات تا خوای گەورەو شیفای سەرجەم نەخۆشیەکانی بدات.

ئیمامی مالکو منداڵێک

منداڵ: ئەو بونەوەرە هەستیارە پاکو بێگەردە غەم ڕەوێنەیە کە ئاوێنەی ئاسا دەدوێ، ڕۆژێك ئیمامی مالیك لە منداڵێك نزیك دەبێتەوە کە لەناوخۆڵدا یاری بە خۆڵ دەکات جارێك دەگری و جارێك پێدەکەنێت. لەگەڵ نەفسی خۆی دەدوێت ئیمام:

- بۆچی سەلامی لێبکەم؟ .. ئا با سەلامی لێبکەم چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) سڵاوی لە منداڵان کردووە. لە منداڵەکە نزیك بۆوەو وتی: (**السلام عليكم**)، منداڵەکەش وتی: **وعليكم السلام ورحمة الله و بركات**، ئیمامی مالیك.

ئیمام سەری سوڕما وتی: چۆن دەزانیت من ئیمامی مالیکم؟ منداڵ وتی: دەزانم.

ئیمام وتی: دیارە تۆ زۆر زیتەڵو زیرەکیت! پرسیارێکت ئاراستە دەکەم!، منداڵ وتی: بفەرموو: ئیمام وتی: ئایا جیاوازی نەفسو عەقڵ چییە؟

منداڵ وتی: نەفس نەیهێشت سەلام بکەیت، بەڵام عەقڵ قەناعەتی پێکردی و زانیت سوننەتە سەلام کردن، کەواتە هەرچی بەگوێی نەفس بکات خەسارەوەمەند دەبێت.

ئیمام وتی: ئەی بۆ یاری بەخۆڵ دەکەیت؟

منداڵەکە وتی: چونکە لەم خۆڵە بوینو بۆ ئەم خۆڵەش دەگەڕێنەوە!...

ئیمام وتی: بۆچی دەگریتو بۆچی پێدەکەنیت؟

منداڵ وتی: دەترسم خوای گەورە بمانخاتە ئاگری جەهەنەم لەبەر گوناهەکانمان کە بیر لە دڵو دەرونی بەپێزو خۆش بەختی خوای گەورە دەکەمەوە شاددەبم.

ئیمام وتی: خۆ تۆ منداڵیت و پاکو بێگەردی بۆچی دەترسی؟

منداڵ وتی: چاوم لێیە دایکم ئاگر دەکاتەوە بەداری گەورەو پاشان بە چیلکەو داری بچووك ئاگرەکە خۆش دەکات و بەتەواوی دەگرێت. منیش دەترسم بە ئێمە ئاگری دۆزەخ گەرم بکرێتو بێچوی وەك ئێمەمانانی پێبسوتێنن.

ڕۆحی ئاسودە

لەخزمەت مامۆستایەکی بەڕێزدا بووم (....) چەند ڕۆژێك بوو بە سەفەر چووبووە سەردانی دێیەك لە دێهاتەکانی شاربازێڕی سەخت، گوندی (دێرێ) نزیك مەروێ.

کورتەی سەردانەکەی بە مشێوەیە دواو.. بەیانی ڕێکەوتین بەرەو دێی ((....)) کاکی برا چوار دانە سەعات بەسەیارەی خۆشڕەو ڕۆیشتین گۆجو ئیفلیج بووین لەو سەیارەیەدا.. کاتێك گەیشتینە ناو دێ لەسەیارەکە دابەزینو هەوایەکی پاکمان هەڵمژی.. دوور لە دوکەڵو هەرا هەرای پاسو سەیارەو شتی تر لەدڵی خۆمدا وتم : ((بۆیە خەڵکی لادێ لەهەموو ڕوویەکەوە لە خەڵکی شار ئاسودەترن)) نوێژی نیوەڕۆ خوێنرا... پاش نوێژ لەگەڵ ڕیش سپیەکدا کە بە تەمەنترین پیاوی ئەو گوندە بوو کەوتینە گفتوگۆ کردن، ناڕەحەتی ڕێگام بۆ باسکرد، کەچی مامە حاجی ڕیش سپی زەردە خەنەیەکی نەرمی کردو وتی : ((ئای مامۆستا گیان جا ئەوە چییە بەڕێزت باسی دەکەیت.. ڕۆژانێك بوو لەم دێیەی خۆمانەوە تا شاری سلیمانی بەکاروانیو بەکۆمەڵو بار ڕۆیشتوین بەپێ.. بە هاوینو بە زستان.. هیچ هەستمان بە ماندویی نەدەکرد.. زۆر بەکامەرانی دەگەڕاینەوە، سوێندت لەسەرم نیە ساڵێکیان بەفرێکی زۆر باری بوو، لەگەڵ کاروانی کوتینە ڕێ بەرەو شار، لە ڕێگە لەکاروانی دابڕام.. بەفرە بەسەرە هەڵیگرتم[1] یا الله یا الله بەهەر شێوەیەك بوو خۆم گرتەوە.. کاتێك خۆمبینییەوە و چەند هەنگاوێك ڕۆیشتم زۆرم هەست بە سەرما دەکرد خەریك بوو ڕەق دەبوومەوە.. بەڵام بە هەڵەداوانو ڕاکردن بەرەو شار ملی ڕێگەم گرتەبەر بەو ڕچەی کە هاوڕێکانم شکاندبوویان کاتێ سەیر دەکەم چ ببینم تاکێك لە پێڵاوەکانم لە پێما نەماوە.. نەتوانام هەبوو بگەڕێم بۆێ.. نەشم ئەزانی لە کوێیا لەپێم داماڵراوە خۆم پێوە ماندوو نەکرد

---

[1] بەفرە بەسەرە: بەفر زۆر دەبارێت لێیدەکات بە سایەقە -ئاسمانی بێهەور- دەیبەستێت چویتە سەری دەخلیسکێ بەو بەفرە خزە لوسە بەستراوە دەڵێن (بەفرە بەسەرە).

بەسەر سەهۆڵو بەفرو زوقمادا کەوتمە ڕاکردن، تا کاروانەکەم دۆزییەوە، کاتێك چاوك کردن پڕ بەزارم هاوارم لێکردن.. وەستان تا گەیشتمەوە پێیان.. ئەوانیش نەیانزانی بوو کە دابڕاوم.. چونکە من پاشکۆی کاروانییەکە بووم. دەستمان کردە ڕۆشتن بەناو ئەو بەفرەدا ناو بەناو دەبووە هەورێکی تەماوی (مژە کوێرە) بەتەوزاوی یەکترمان نابینی.. بەو شێوەیە گەیشتینە ناوشار. منیش وتم: مامە حاجی گیان سوپاس بۆ خوا ئێستا زانستو زانیاری گەشەی کردووەو پەرەی سەندووە مرۆڤەکان کەوتونەتە ئاسودەیی).

مامە حاجی وتی: ڕاستە مامۆستا گیان زانستو زانیاری بۆ خزمەتی مرۆڤەکانە بەلاّم جاری وەها هەیە ئەو زانستو زانیارییە مرۆڤەکان بەرەو داڕزانو تەمبەڵی نارەحەتی دەبەن تاوای لێهاتووە مرۆڤەکان قڕدەکەن بەو زانستە.. لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانیدا..

وتم بەشی ئەوەش زانست بەخۆشی دەگوزەرێت.

مامە حاجی وتی: مامۆستا گیان ساڵانی زوو هەموو لاشەمان لە هیلاکیو ماندویەتیو چەرمەسەریو تێکۆشاندا بوو بەلاّم زەمیرو ویژدان و ڕۆحو ئیمانمان لە ئیسراحەتدا بوو، لەهەموو ڕوویەکەوە.. بەلاّم ئەمڕۆ داهاتوش لاشەمان لە ئیسراحەتدایە.. ساردوو گەرمی ناچێژیو ئاسودەیە بەلاّم لە ناخەوە.. لەبیرو باوەڕو دڵو ڕۆحی ئیمانییەوە لە گەورەترین ماندوبوونو هیلاکیدا دەژین ئەمە بێجگە لە چەندین سوکایەتیو دزیو درۆزنی کە بەرامبەر خاكو ئاوو گەنجەکانمان دەکرێت.. لەوەلاّمیدا وتم: زۆر ڕاستە خاوەن هەستو ژیرەکان گەر خوێندەواریش نەبن بەنوری ئیمانەکەیان تارکییەکان دەبینن

دەرگای ڕەحمەتی خوا والآیە

مـالێکی هـەژار دراوسـێمان بـوون هـەژاری خۆشـە بـەلاّم بتوانیـت بەرگـەی تاقیکردنـەوەکانی بگریت.. نـەدۆڕێت.. کۆڵنـەودەیت.. لـە سۆزو چاودێری خـوا بێبـەش نـەبیت.. ئـەم ماڵـە هـەژارە زۆر شـوکرو سـابیرو خۆڕاگربـوون.. ئـەوا ئـەمرۆ جـەژنی قوربانە.. هەندێك لە پیاوانی گەڕەك کۆبونەوە.. ماڵ بـەماڵ دەگـەڕان.. لەدوایـدا وتیـان: ناچینە ماڵی کاك (...) گوناحن.. دەستکورتن.. ئێستا نقوڵیان نەکرپوە.. بەبینینی ئێمە ڕەنگە شەرم بیانگرێت خۆیان بەڕوو زەردبزانن...

بەڵێ لەو کۆمەڵە پیاوە کـەس لـە دەرگـای نـەدان.. لـە کۆتایـدا یـەك دوو حـاجی پێیان نا بەجەرگی خۆیانـداو لـە دەرگایـان دا بـەلاّم هـەر لـە دەرگـاوە جەژنـە پیرۆزەیـان لێکردن و نەچوونە ژوورێ.. ئەگەر چی کاك (....) زۆر بەگـەرمی بـەخێرهاتنی کـردن، بەلاّم پاش قسەو باس گەڕانە دوواوە.

دوا نیـوەڕۆی یەکـەم ڕۆژی جـەژنی قوربانـدا لـەو گەڕەکـەدا گۆشـتێکی زۆر بەخشرایەوە.. ماڵ بەماڵ دەگەڕا.. ماڵەکان بەشە گۆشتی خۆیـان بـۆ چـووە مـاڵ، بـاجی (....) کـە کابـانی ماڵـە هـەژاری کـاك (....) بـوو ئاگـاداری ئـەم قوربـانیو گۆشـت دابەشـکردنە بـوو، چـاوەڕوانی گۆشـت بـوو ئێـستا.. ئـا .. ئێـستا لـە دەرگـا دەدرێـت بەخۆشحاڵییەوە دەرگا دەکرێتـەوە و گۆشـت دێتـە ژوورێ کـەس بـە ئەنـدازەی ئـەوان پێویستیان بە گۆشت نەبوو.. چونکە بـۆنی لـە ماڵیانـدا دەمێـك ڕۆژ بـوو تـەرە بووبوو.. بەلاّم مەخابن ئەو ماڵە لە یاد کران.. چۆن کەس نەچوو بۆ ماڵیان، پێیان ناخۆش بوو.. بەمەش ئەوەندەی تر دڵیان نـاخۆش بـوو.. بـاجی (....) کـە چـووە ژوورێ بـەدڵتـەنگیو بێزارییەوە بەدەم بۆڵە بۆڵەوە چەند قسەیەکی کرد.

کاك (....) وتی: ئافرەت ئەوەچییە ئەو بۆڵە بۆڵە.. بۆچی بێتاقەتی.. هیچ ڕوویداوە.. باجی (....) وتی: پیاوەکە ئەوەندەی من ئاگادارم هەرچی دەوڵەمەندو ناسیاو هەبوو گۆشتی قوربانی بۆچوو.. بەڵام ئێمەی هەژار کەس لامان لێناکاتەوە.

کاك (....) وتی: ئافرەت تۆ وادەزانیت هەر دەوڵەمەند خاوەن گۆشتی ناردنو سەغاوەتن کوا ئێمە هەژارین.. سوپاس بۆ خوا لە چیمان کەمە؟.. لەقاپی خواو ڕەحمەتی خوا نائومێدمەبە!.. باجی (....) وتی: پیاوەکە إنشاوالله نائومێد نابم بەڵام هۆش ڕۆڵی خۆی دەبینێ.. ئەوەتا هیچمان بۆ نەهاتووە.. تەنها لە دەرگای ئێمە نەدراوە.. دە سەبرکە بزانە وایە..) کاك (....) ئافرەت گەر نسیبی ئێمە لەو گۆشتە قوربانیەدا هەبێت هەر بۆمان دەنێرن گەرواش نەبوو ئەوا بە نەخواردنی هیچ تەمەن کورت نابین.. گوێ مەدەرێ دەرگای ڕەحمی خوا زۆر والایە؟!..

چەند خولەکێکی باش تێپەڕی کاتێکیان زانی لەسەر دیواری ماڵی دراوسێیەکیانەوە پشیلەیەکی گەورە بازی دایە سەر دیواری ئەوان هات عەلاگەیەکی ڕەشی بەدەمەوە بوو خستیە حەوشەکەی ماڵی کاك (....) و باجی (....)و لێیدا ڕۆیشت.

کاك (....): ئافرەت لە ڕەحمو سۆزی خواری گەورە نائومێد مەبە، دڵنیام خوای گەورە بەو پشیلە هەژارەدا بەشی خۆمانی بۆ ناردوین.. کە گەرەك بیریان چووبووبێتەوە. بزانە وایە یان نا..

باجی (....) بە خێرایی چوو عەلاگەکەی هانی کە سەیریان کرد قسەی مێردەکەی دەرچوو کە بەشێك گۆشتی نەرمەی جوان بوو. لە ئەنجامدا کاك (....) وتی: گەر مرۆڤەکان هەژارو بێنەوا و کەم تواناکانیان بیر بچێتەوە ئەوا خوای گەورە لەبەندەکانی ئاگادارەو هاوکارییان دەکات.

ببەخشن

کاك (....) پیاوێکی زۆر گرفتارو نارەحەت بوو بە نەخۆشی.. تابلێی پارەداریش بوو. چاری نەمابوو بە دەست نەخۆشیەوە.. ڕۆژێکیان لەسەر داوای پزیشکەکانی شار خۆی گەیاندە پایتەختی وڵات (بەغداد) بۆ چارەسەر.

دکتۆرەکان دوای پشکنینیو تاقیکردنەوە بۆیان دەرکەوت کاك (....) تەمەن ٤٥ ساڵ بۆرییەكو زمانەیەکی (صمامە) دڵی سست بونو بەرەو وەستان دەچێت.. دەبێت (نەشتەر گەری) گەورەی بۆ ئەنجام بدرێت ئەم نەشتەر گەرییەش دوو بەختی دەبێت. بۆیە دکتۆرەکان بڕیارياندا، دوای هەفتەیەك بگەڕێتەوەو پارەو پێداویستی خۆی بهێنێتو بەڵکو ئەمە خوایە سەربگرێت. کاك (....) زۆر بەدڵتەنگیو پەژارەوە بەرەو ماڵ گەڕایەوە... بەدەمو چاوێکی ترشو تاڵو ڕوویەکی گرژەوە...

ئەندامانی خێزان گەورەو بچوك بەخێرهاتنەوەیان کرد، بە هەواڵی نەخۆشیەکەی بێتاقەت بوون، بەڵام زیاد لە پێویست دڵخۆشیان دایەوەو کارەکەیان لەلا ئاسان کرد..

ئەمیش لەناخەوە لەماڵو منداڵ زۆر نائومێد بوو.. نەیدەزانی چۆن ئەم دنیا ڕووناکەی لێتاریك بووە.. چۆن دەستی بچێتە خۆی کارێك بکات..

دایکی منداڵەکانی وتی : ((..پیاوەکە غیرەتت بێ دنیا واگران نییە.. غەموو پەژارەی کەست نەبێت.. خوا گەورەیە.. کێ دەڵێت دکتۆرەکان ڕاست دەکەن.. ئەوەی باسی دەکەیت زۆر ئاسانەو لەتۆیان گران کردووە، پیاوەکە غیرەت بەرە بەر خۆت خوای گەورە دەرگایەك دادەخاو هەزار دەرگای ڕەحمەت دەکاتەوە.. خەفەتی ناوێت!!..))

نانی نیوەڕۆ خورا.. هەرکەسەو هەستان بەلای کاری خۆیانەوە.. کاك (....) لەگەڵ (....)ی هاوسەری چونە ژوورێکی تایبەتو هەموو کاروبارەکانی ژیانی تەمەنی بۆ خێزانە خۆشەویستەکەی باس کردو بەجوانی وەسیەتی بۆ نووسی.. خێزانەکەشی -

ئافرەتەکە — کارەکانی زۆر بەسادەیی دەدی. نزیك عەسر بوو ئافرەت ووتی: پیاوەکە دەمانەوێت بۆ ئێواریّ ((شفتەی گۆشت)) بخۆین هەستە لە بازاڕ تۆزێك پێویستی ((شفتە))مان لەگەڵ سەوزەو پێویستی بۆ بهێنەرەوە.. کاك ((....)) زۆر هەستی بەماندووی دەکرد.. بەڵام زۆری لەخۆی کرد بەرەو بازاڕ کەوتەڕێ.. لەڕێگە ئەو چیرۆکەی بیر کەوتەوە کە ئەمە کورتەکەیەتی:

دوو پاسەوان بەفرمانی حوکمڕانی شار کابرایەکیان لەماڵەوە دەرهانی کەبیبەن بۆ لەسێدارە دان.. کاتێك دووریان خستەوە لەماڵ ژنەکەی ڕایکردو بە هەڵە داوان خۆی گەیاندە مێردەکەی‌و بەپاسەوانەکانی ووت:

((توخوا کاکی براینە پەلە مەکەن با قسەیەك هەیە بەمێردەکەمی بڵێم)) دوو پاسەوانەکەش بەزەمیان پیاهاتەوەو وتیان؛((بفەرموون)) بواریان دان..

ژنەکەش وتی: پیاوەکە دڵنیام تۆ بۆ شار دەبەن بەڵام بەقوربانت بم لەولاوە کەهاتیتەوە ((کل‌و کلتور))ت بیر نەچێت بۆ چاوم.. بۆم بهێنەرەوە.)) پیاوەکەش وتی: وەی وەی من بۆ لەسێدارەدان دەبەن‌و خاتوونیش لە سەر بەزمی خۆیەتی. ناو بەناو لەم جۆرە خەیاڵانە بە بیرمدا گوزەریان دەکرد.. گەیشتمە بازاڕ. دەمێك ساڵ بوو لەلای کوڕێکی برادەرم کە (قەساب) بوو گۆشتم دەکڕی بوو بوومە ((معمیل))ی کام گۆشتە باشبو ئەوەی دەدامێ.. چوومە دوکانەکەی‌و قەدەریّ دانیشتم.. داوای چەند کیلۆ گۆشتێکم کرد کاك (....)ی برادەرم بە سنگێکی فراوانەوە وتی: بەسەر چاو... - سەفەرەکەی بەغدادم بۆ گێڕایەوە، لەو کاتەدا برادەرەکەم گۆشتی دەکێشا چاوم لێبوو ئافرەتێکی پیری بەساڵا چوو لەوناوە دەسوڕایەوە لەم بەردوکانی تەماتە فرۆش بڕێك تەماتەی ڕزیوو لەو بەردوکانەی پیازو سەوزە فرۆشەش بڕێك شتە ترشاو گەنیوو ڕزیوی کۆدەکردەوەو لەولاوە بڕێك قەراغە کولێرەو لەتە سەمونی دەکردە ناو تورەکە گوێنیەکی بچوکەوەو ناو بەناو عەبا ڕەشە کاڵەوە بووەکەشی ڕادەکێشایەوە بەسەر سەریدا نەبا بادابکەوێتە خواریّ.... گەیشتەلای ((حاوی))یەك کەدانرا بوو بۆ خۆڵ‌و خاشاك‌و پاشماوەی دوکانەکان.. خۆی کرد بەناویدا.. منیش هەر سەیری دەکەم... دیمەنەکە زۆر کاری تێکرد بووم.. پاش کەمێك هاتە دەریّ لە ((حاویەکە)) تورەکە گوێنیەکەی نیوە کرد بوو.. هاتە بەر دەم دوکانی قەسابەکە هەندێك پەراسوو ئێسقان‌و

ورده چەوری‌و چەق‌و لوو شتی فڕێدراوی کۆکردەوە خستیبە ناو تورەکەکەوە. ویستی بڕوات بەناستەم بانگم کرد :

خوشکی باش بەیارمەتیت مەڕۆ، - ئافرەتەکە هەڵوێستەیەکی کرد - وەرە پێشەوە بزانم چەند کارێکم پێتە.. ئافرەتەکەش زۆر بەکزی‌و لاوازی هاتە پێش ووتی : فەرموو کاکی برا.. بزانم فەرمانت بە چیە؟

وتم : دەمێکە تەماشای تۆ دەکەم.. ئەو شتە ڕزیوو پیسانەت بۆ چیە؟

-تا ئەو کاتە وامدەزانی بۆ ((بەر خۆڵەو مانگاو شتی تری کۆ دەکاتەوە)) بەڵام کەهاتە لای قەسابەکە بۆچوونەکەم گۆڕا..

کاکی قەساب وتی : ئەم ئافرەتە ئەوە کارێتی بۆ کەسیش قسە ناکات... زۆر هەژار دیارە... ئافرەتەکە وتی : واز بێنە با هەر خۆم بزانم دەرمانی دەردی من بەتۆ ناکرێت ویستی بڕوات.. بەڵام من منێك دەردە دار... دڵم نەرم بۆتەوەو ڕەنگە چەند ڕۆژێکی تر زیاتر نەژیم لەم دونیایەدا... با ئەم غەمەش بزانم... خوایە گیان هەر من گرفتار نیم... ئافرەتەکەم بەزۆر لەسەر کورسیەیەك دانیشاند.. زۆرم بۆ هانی کەلە ژیانی خۆی بدوێ‌و لە ئازارەکەی ئاشنابیم. ئافرەتەکەش کەزانی زۆر تامەزرۆم بۆ بیستنی ڕاستیەکە، کەوتە بیر کردنەوەو پاشان چاوەکانی بڕییە سوچێکی بەرزی بن میچی دوکانەکە.. بەدەنگێکی نەرم‌و نەوی کەوتە قسەکردن ((براکەم.. زۆر دەمێکە باوکی منداڵەکانم بەر ڕەحمەتی خوا چوەو نەماوە.. دەست کورتم یەك دوو منداڵی بچوکم کەوتووە بەسەردا سەرباقی ئەوەش دانەیەکیان نەخۆشی ناو جێگەیە.. کارو کاسپی نازانم.. ماوەیەك باش بووین.. بەڵام ئێستا باری گوزەرانمان زۆر خراپ بووە ڕۆژانە دێمە بازاڕ بۆ کۆکردنەوەی ئەم شتانە - دەمی تورەکەکەی کردەوەو سەیری کرد - دەرۆمەماڵەوە بۆ منداڵەکانمی دەکەمە شۆربا ئەو لەتە کولێرەو قەراغە سەمونانەی تێدەوڵێ‌و دەیخۆین، لەخوا بەزیاد بێت توا خوا بەس نییە منیش هەم بۆ ئەم منداڵانە...))

لەو کاتەدا ئەو فەرموودە شیرینەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)م بیر کەوتەوە کە دەفەرمووێت : ئەو کەسەی یارمەتی‌و کۆمەکی یا ئەرکی بەخێو کردنی منداڵی بێباوك (هەتیو) دەخاتە ئەستۆی خۆی من‌و ئەو لەقیامەتدا وەك ئەم دوو پەنجەیە بەیەکەوەین بە پەنجەی گەورەو شایەتومان ئاماژەی کرد.))

منیش لەدڵی خۆمدا وتم : فرسەتە با ئەم کردەوەیە بکەم پێش ئەوەی بمرم...

... خوشکی بەڕێزم مـن دەناسـیت؟ کـەمێك لـێم ورد بـۆوەو وتـی نـەخێر...

نـەوەڵڵا قـەت نەمـدیوی وتم : ئـەی ئـەم دوکـانی قەسـابە دەزانیـت؟ دەیناسـیت؟ پـاش کەمێك سەرنج دان وتی : نەوەڵڵا بۆچی کاکی بـرا.. ئـەم پرسیارانە دەکەیت؟ ویـستی بڕوات... نەمهێشت، دام نیشاندەوە و تم : لەم ڕۆوە تا لەژیاندا دەمێنیت لە مانگێکدا چـەندەتان پێویـستە لـە گۆشـت ئالـەم دووکانـە دەیبـەیت بـۆ خـۆتو منـداڵت، چـۆنت حەزلێیە بەو شێوەیەلەسەر حسابی من کەوام وت چاوە پڕ غەمەکانی تێبڕیمو وتـی جا بەڕاستە؟

وتم حەدم نییە گاڵتە بەکەس بکەم نەخوازەڵڵا بەڕێزت ،

لەخۆشیاندا چاوەکانی پـڕ بـوون لـە ئـاوو فرمێسك لەچاوەکانیدا قەتیـسم مـا.. پاشـان درێـژەم بەقـسەکانم دا.. دەسـت بێنـە ئەمـەش بـڕی ((١٠٠٠)) هـەزار دینـار –سویـسری-هەرئێستا بـڕۆ بـۆ خـۆتو مـاڵو منـداڵت هـەر چیتان پێویـستە بیکـڕە.. تاماویـت لـەم دوکانەش بڕێك پارمـەتیت بـۆ دادەنـێم مانگانـە وەریبگـرە.. هـەر چییەکت ویـست لـەم پیاوە وەیبگرە.. من حسابی لەگەڵدا دەکەمو بۆی دەگێڕمەو..))

کاك (....) خێرا ((٣)) کیلۆ گۆشتی جوانی بۆ بکێـشە بـا لەگـەڵ خـۆی بیبـات.. کاك (....) ئەمەش ناو نیشانی ئێستامە گەرچی نەناس نـیم ئەگـەر نـەمام .. لەماڵەوە پارەو پێویستی ئەم ژنە هەزارە وەربگرە وەك مانگانەیەك بۆی.. کاکی قەساب سەیرێکی کـردمو زەردە خەنەیـەکی کامـەرانی کـردو وتـی : کـاك(....) کـەی ئێمـە ئـەوەمان لەنێوانماندایە. ئافرەتە هەزارەکە دوای وەرگرتنی گۆشتەکەو پارەکەی ڕۆیشتە دەرەوە لە دوکانەکە، چاوم لێبوو هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوەو چەند قسەیەکی کرد کەلە هیچیان نەگەیشتمو پشتی تێکردینو ڕۆیشت.. لەگەڵ دور کەوتنـەوەی ئافرەتـە هەزارەکە.. یەك موچرکە لەبەری پێمی دا لەتەوقی سەرم دەرچوو هەستم بە ئارەقێکی سارد کرد پاش کەمێك باری لەشم سوك بـوو.. هەناسـەم کرایەوە.. تەنگەشـەم نـەما.. لێدانی دڵم زیـادی کـرد.. وەك دوو کـەس قـۆڵم بگـرن زۆربـە ئاسـانی هەسـتامە سـەرپێ لەسـەر کورسـیەکە.. ئـەو خۆشـیەم کـاکی قەسـابیش هەسـتی پێکـرد لەڕوخـسارمدا دەدرەوشایەوە.. وتی :

کاك (....) ڕووت زۆر گەشایەوە چی ڕوویدا؟؟

وتم نازانم.. خۆشم نازانم.. باری لەشم زۆر سوك بوو.. لەو كەسەی یەكەمجار ناچم لەناخەوە. پارەی كەرەسەكانم هەمووی دایە دەستی ویستم بەرەو ماڵ هەنگاو بنێم بگەڕێمەوە بەیەك دوو عەلاگەوە. بەڵام كاك(....)ی قەساب وتی: كاك (....)دڵنیابە دوعاو نزای ئەو ژنە هەژارە گیرا بوو خوای گەورە شیفای دایت.

لە ڕۆیشتنی ڕێگادا وام هەست دەكرد بارێكی قورسم لەسەر شان لاچووە.. زۆر گورج و گۆڵ گوزەرم دەكرد.

گەیشتمە بەر دەرگا.. لەدەرگام دا.. كاتێك كچە گەورەكەم دەرگای لێكردمەوە بەسەر سوڕمانەوە وتی : ئای باوكە ئەوە چییە كەڕەنگ و ڕوخسارت گەش و جوانەكەڕۆیشتی بۆ بازاڕ وانە بویت چی ڕویداوە. زۆر جار دكتۆرەكان بۆ وورە بەرزی نەخۆشەكان ئەم ڕستەیە بە كاردەهێنن تانەخۆشەكە لەناخەوە هەست بەشیفا بكات. بەڵام ئەمەی من خۆم جوان هەستم بەشیفا دەكرد ڕاستی دەكرد.

((كچی شیرینم نازانم ئەمە تەنها خوا خۆی دەزانێت)). نانیان ئامادەكرد زۆر زیاد لە جاران ئارەزووی خواردنم دەكرد.. چێژێكی تایبەتی هەبوو لەلام ئەو شەوە بەئاسودەی نووستم.. زۆر جیاواز لەشەوەكانی ڕابردوو جار جارەش ئەهات بەدڵمدا : ئەمە كۆتایی ژیانمە.. بۆیە بەو شێوەیەم بەسەر هاتووە. پاش تەواو بوونی ئەو ماوەیەی كاكی دكتۆر بۆیان دانابووم چەند ڕۆژێك بوو، بەرەو پایتەخت —بەغداد— گەڕامەوە.

((چوومە ژووری سڵاوم لەكاكی دكتۆر كرد.. پاش پشكنینی و لێورد بونەوەم بەسەر سامییەوە وتی : كاكی بەڕێز تۆ ئەو كەسەی لای من ڕۆیشتی وانەبویت.. تۆ چویتە لای چ دكتۆرێك كێ كاری بۆ كردووی؟؟ تۆ تەندروستیت زۆر باش بووە .

بە زەردە خەنەیەكی پڕ بڕواو هیمەتێكی بەرزەوە وتم : ((كاكی دكتۆر (....) بڕوا بفەرموو نەچوومەتە لای هیچ دكتۆرێك بۆ چارەسەر بەدەر لەبەڕێزت.. دەتوانیت جوان ورد ببیتەوە.. بەڵام من ئەم ماوەی چەند ڕۆژە هەست بەباشی و بەرەو تەندروستی باش دەكەم. هۆكەشی وەك بۆی دەچم لەبەر خاتری خوا بەزەیم هاتەوە بەكەسانی كەم دەست و بێتواناو لانەوازدا، خوای گەورەش بەزەی هاتەوە بەمندا (**من لايرحم الناس لايرحم الله**) كاكی دكتۆر وتی : بەسە.. بەسە.. لە خوا بەزیاد بێت

چارەیەکت کراوە هیچ دکتۆرێك لەجیهاندا ناتوانێت چاری وەهات بکات.. دیارە کارەکەت زۆر گەورە بووە بۆیە بەم شێوەیەشفات بۆ هاتووە.

بەرێزان لەم چیرۆکەدا :

١-پەندی زۆر جوانی تێدایە لە هەموشی گەورەتر چاوەڕوانی ڕەحمەتی خوا بین.

٢-بەزەی هاتنەوە بەکەم تواناو هەژاراندا.

٣-نائومێد نەبوون لەڕەحمەتو بەرەکەتی خوای بەبەزەی.

تێبینی: لەساڵە گرانیەکانی دوای ڕاپەڕین و لەئەنجامی (گەمارۆی ئابوری) لەسەر عێراق و (گەمارۆی عێراق)یش لەسەر کوردستان هەژاری زۆر بڵاوبوەوە سوپاس بۆ خوا (بعد عسر يسرى).

دایە گیان دەپێیبڵێ!

چەندساڵێک بەر لە ئێستا، ساڵەکانی گرانی بوو لە سلێمانی، لە عێراق دا لە هەمووناوچەیەك، ساڵی ١٩٩٤ بوو خەڵکی بێزار بوو لە ژیان، ئەو پارەیەی دەستی دەکەوت لە کاسبیدا بەشی بژێوی ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵی ناکرد.. ناڕەحەتی بوو خەڵکی بەدەست گرانی/ بێکاری/ هەژاری/بێنەوایی و چەندین شتیترەوە دە ینالاند. ئەوکەسەی پارەداریش بوو کەوتبوو.. من بەشبەحاڵی خۆم ناڕەحەت دەژیام لە شارۆچکەی (سەیدسادق) کە سەربەشاری سلێمانی بوو.. پڕ بوو لە ماڵی ئاوارە و کەم دەست و لانەواز ... ڕۆژێ لەگەڵ خێزانەکەم کەوتینە گفت و گۆ کە نانی بەیانی خورابوو.. دایکی منداڵان وتی: پیاوەکە چی بخۆین بۆ نیوەڕۆ .. هیچ شك نابەم لە ماڵدا.. منداڵەکانیش کە برسیان بوو وەك خۆمان ئارام گرنین.. بەڕێزان کابانی ماڵ ئەو پیشەیانە کە سفرەی ئەو ژەمە کۆکرایەوە غەمی ژەمی داهاتویەتی.. وتم ئافرەت خەمت نەبێت خواگەورەیە ((٣)) دیناری ئاسن شك دەبەم دەچمە بازاڕ بزانم چی دەکات بۆ پێخۆر.. خەرجی دەکەم بۆتان .. پاشان خوا دەرگای والآ تری لە لایە . بەڵکو کارێکیشم دەستگر ببێت !

دایکی منداڵەکانە وتی: جا سێ دینار بەشی چی دەکات بە تەمای چیپێبکرێت سکمان تێربکات؟

ڕاستی دەکرد .. بەلأم گوێم لە قسەی نەگرت.. نەزانن بۆ؟ چونکە چار نەبوو ئەی چیدەکەیت؟ لەدەرگای ماڵهاتمە دەرەوە وردە وردە کەوتمە ڕێگەی بازاڕ.. ئەو ساڵەش پەیکەرێکیان لە گەچ بۆ ئەو دوو خوشك و برا قوتابیە دروستکرد بوو کە لە ڕێگەی چوونیان بۆ قوتابخانە ڕەق بوو بوونەوە بەهۆی سەرماو سۆڵەوە). لەبەردەم ئەو پەیکەرەوە تێپەریم.. موچوڕکەیەکم پیا هات ئەو ساتە ناخۆشەم بیر کەوتەوە کەئەم دوو دڵپڕ لە هیوایە چۆن گیانیان سپاردووە.

ڕووم لەبازاڕ کرد تا بەو هیوایەی کارێکم دەستگیر ببێت.. کە چوومە بازاڕ هیچی وەها نەبوو پارەی تیا بێت. سێ دینارەکەم دایە دەسکێك سلّق و بەرەو ماڵ گەڕامەوە.. بەڕێزان ئەم گرانییە تاقیکردنەوەیەك بوو، زۆر لە خەڵکی ماڵوێران بوو بە پارەو سەروەت و سامانەکەی جەهەنەمی بۆ خۆی کڕی، زۆر لەخەڵکیش لەم بارە گرانەدا ئاسودەیی و خۆشیان دەست کەوت، بەهەشتی سەرتاسەرییان بۆ خۆیان مسۆگەر کرد. چەندە لەم ساڵە گرانیانە بدوێین کەمەو تەواو نابێت.

لەڕێگەی گەڕانەوەمدا بەقەراغ جادەکەدا گوزەرم دەکرد ژنێك و منداڵێك لەدوامەوە دەنگیان دەهات گوێم لێبوو منداڵەکە دەیوت : دایە گیان دەپێی بڵێ.. دەتوخوا پێی بڵێ.. ئەگینا دەگریم.. دەگریم..

دایکیشی دەیوت : ڕۆڵە گیان.. نایناسم.. چی پێبڵێم.. چۆن شتی وادەبێت..

منداڵەکە دەستی بەگریان کرد.. گریا.. زۆر گریا.. هەردەهاتن بەدوامدا.. هەراسان بووم.. بێتاقەت بووم ئاوڕم دایەوە بەلای ژنەکەدا وتم : خوشکی باش ئەو منداڵە بۆ دەگری.. گوناهی چییە؟ بۆ لێیدەدەیت؟ ژنەکەش وتی :

((من لێیدەدەم.. من دەیگرێنم.. گوناهی منە یا گوناهی تۆ.. تۆ دەیگرێنی!؟ دەنگی بەرز کردەوە کەوای وت وەستام جوان سەرنجم دا.. لێی ورد بومەوە نەدەیناسم نەدەمناسن.. باشە خۆ لێم نەداوە. لەناخەوە منداڵم زۆر خۆشدەویست.. ئەیبۆ دەگریت ڕۆڵە.. چی ڕویداوە؟!.

ڕوم کردە ژنەکە، وتم : خوشکی باش بۆ گوناهی منە.. ئایا هیچ ئازارێکم پێگەیاندووە تا بەهۆی منەوە دەگری و فرمێسکی چاوی دەبارێتە خواری؟.

ژنەکە وتی : بەڵێ! واچەند ڕۆژێکە نەنانمان خواردووە نەچایی.. ئێستا هاتمە ناو بازاڕ هیچ شتێکم دەست نەکەوت بۆ منداڵەکانم.. منداڵەکەشم برسیەتی چاوی بەو سلّقەی دەستی تۆ کەوتووە دەگری بۆی حەزی لێیەتی.. هەرچیش دەکەم نیمە بۆی بکڕم!!

منیش وتم : جا خوشکی باش ئەوە کێشەی خۆتانە.. من تەنها (٣) سێ دینارم شك دەبردلە ماڵی دنیادا.. کاریشم دەستنەکەوت.. ناچار دام بەو دەسکە سلّقە بۆ منداڵەکانم.. ئێستا ئەوانیش چاوەڕوانی دەستی منن.. ئەی بیدەم بەتۆ.. چی بۆ ماڵ و منداڵەکانم بەرمەوە!! ئەوانیش برسیانە.. منیش زۆر هەژارم.. بڵێم چی لەگەڵت..

خوا هاوکاریت بکات!! تا ئەو کاتە منداڵەکە هەر دەگریا، ژنەکە وتی: کاکە گیان.. بەس نییە ماڵو منداڵ، تۆیان هەیت کارو کاسپیان بۆ دەکەیت من کەسو کاریشم نییە سەر وەسیێتی منداڵەکانم بکات.. لە هەموو لایەکەوە لانەوازم. گەر پارمەتیمان بدەیت خێرت دەگا..)) لەناخەوە حەزم دەکرد بیان دەمێ بەڵام لەلایەکی ترەوە غەمی منداڵەکانی خۆشم بوو بۆیە وتم : خوشکی بەڕێز ئەمە بۆماڵی تۆ بێت ئەی ماڵی خۆمان.. لێمدا رۆیشم بەجێم هێشتن چەند هەنگاوێك.. منداڵەکە زۆر گریا..هاواری کرد دایکی ئامۆژگاری دەکرد: رۆڵە گیان بڵێم چی ئەویش بۆ ماڵی خۆی دەوێت.. ئەوانیش برسیانە لەناخەوە بیرم گۆڕا.. لە دڵێکی پاکەوە بەزەیم زۆر بەو منداڵە برسیو هەژاریو بێباوکەدا هاتەوە.. خوایەگیان لەبەرخاتری تۆ دەیان دەمێ.. هەر ئەوەنییە لەبرساندا دەمرین.. خوایەگیانە ئەمەش لەرێگەی تۆدا بەزایە ناچێت..

خێرا وەستام.. لەنگەرم گرت.. ژ ئەو منداڵە کەش لەجێگەی خۆیان وەستان.. بەڵام حەزم بەدەستپێشخەری کرد.. گەڕامەوە بۆلای ژنەکە وتم:

"خوشکی ئازیزم ئەم دەسکە سڵقە بۆخۆتو منداڵەکانت.. لەڕاهی خوادا.. منیش منداڵەکانم خوارەحمیان پێبکات" دەستم درێژ کردو دامەدەست منداڵەکە.. منداڵەکە توند گوشی بەسنگییەوە.. هەردوو ڕوومەتە تەڕەکانی سڕێ.. لەخۆشیاندا دەستی کردە پێکەنینی.. دایکیشی ڕووی گەشایەوە.. ووتی: کاکەگیان مادام تۆ وات کرد.. منیش نیوەی دەبەخشمە منداڵەکانی تۆ بەڵام قبوڵم نەکرد.. دامە دەستیانو رۆیشتم ژنەکەش بەدەنگێکی شەرمنو نزم وتی: "کاکە گیان ئێمە ناتوانین پاداشتت بدەینەوە، خوای گەورە پاداشتت بداتەوە، بۆتبکاتە توێشووی قیامەتت.. گەردنمان ئازاکە.. سەرفرازبیت خوات لەگەڵ.."

لەم جۆرە قسانە بەردەوام بوو.. من دوورکەوتمەوە.. ڕاستەقسەکان سادەبوون بەڵام لەناخەوە هەستم بەخۆشیەك دەکرد تا ئەوساتە چێژی لەو جۆرە خۆشییەم نەکردبوو.. زۆر ئاسودەبووم.. گەیشتمەوەماڵ.. دەستەکانم بەتاڵ بوو.. هەر دوای سڵاو لێکردنیان کەوتمە، یاریو قسەی خۆش.. کارێکی وام کرد.. کەس بیری نەبوو بڵێ: ئەرێ بابە چیت بۆ هانیوینەتەوە! با بیخۆین؟

دایکی منداڵەکان بەخێرهاتنەوەی کردم، بەڵام لەڕووخساریداو لەقسەکانیدا چەندین پرسیار دەخوێنرایەوە.. گوێم پێنەدا.. باش بوو شتێکی ئامادەکردبوو خواردمان.. سوپاس بۆ خوا دوای نوێژو حەسانەوە خێزانەکەم وتی:

" باشە (....) ئێوارە چی بخۆین؟!"

وتم: خوا گەورەیە دەرگای ڕزقی خوا والآیە.. خەمت نەبێت!.

وتی: راست دەکەیت بەڵام.. نەم هێشت تەواوی بکات.

وتم: نان و چایی بۆ خراپە، بائازاری مەعیدەمان نەگات زۆرباشە خواردنی..

وتی: ئاخر نەگبەت.. شەکر نییە لەکوێ چایی دەخۆیتەوە.. پاشان سوتەمەنیشمان والە کزیدایە!

وتم: ئافرەت چاکەی ئەوە کێشەیە.. بەخورماوە دەیخۆین..

وتی: (....) زۆرجار لەشۆرشی فەرەنسادا بەرگوێم کەوتووە کە خەڵکی شار ئارد نەبوو بیکەن بەنان.. دەچوونە بەردەمی کۆشکی پاشای فەرەنساو داوای نانیان کرد، پاشاش بەفیزێکەوە وتی: باشە گەرنان نییە بیخۆن ئەی بۆ کێك ناخۆن!

بەڵام من شەکرو خورمام نەبێت چیبکەم بەپێخۆری چایی..!

ئیتر لەو ڕۆژەوە چالە بەرنامەدا کوژایەوە.. ئەمەش لەبەر هەزاری کات تێپەڕی بەهەرچی ڕەزالەتێك بوو شتێکمان دەرخواردی منداڵەکانمان دا... لەگەڵ خێزانم پێمان وابوو: گەرنان هەبوو دەخۆین.. گەرنەشبوو ئارام دەگرین.. بەڕۆژو دەبین. دوای ئەوە چوینە ناو پێخەفەوە بۆ خەوو حەسانە بە دایکی منداڵەکانم وت: ئافرەت جوان گوێم بۆشل بکە، ئەو ٣ سێدینارەی بەیانی لەگیرفانمدا زرنگەی دەهات دامە دەسکێك سلق.. هەر هەموو ڕوداوەکەم بۆ گێڕایەوە بەجوانی..

ئەویش وتی: خۆزگەم بەخۆت کەتوانیوتە ئەو خێرە گەورەیە دەستخۆت بخەیت.. سوپاس بۆ خوا هیوادارم خوای گەورە لێتی قبوڵ کردبێت!..

سەرم کردە سەر سەرینی بەهێمنی چاوم چووە خەو.. لەقوڵایی خەودا بووم خەوێکی زۆر سەر سوڕهێنەرم دی ڕەنگە بڕوانەکەن؟ابەڵام حەز ئەکەم ئێوەش بزانن.. لەگەڵمان بن! دەشتێکی چۆڵ کاتێکم زانی پڕ بوو لەخەڵك ڕۆژ بەرزبووەو هەڵات.. خەڵکی هاواریان لێبەرزبۆوە.. دەگریان هەریەکەو بەلایەکا ڕایان دەکرد.. پرسیم ئەوە چیکیە؟ وتیان نەتزانیوە چیبووە.. ئەی بۆ هاتووی؟؟ وتم بۆ؟! وتیان قیامەت

هەستاوە.. ئێستا تەرازوو دادەنرێت حەقو حسابی دنیامان لەگەڵ دەکەن. هەرکەسێکم سەیر دەکرد دەموچاوی چرچو لۆچ بوو رەش داگەڕاو. هەناسە بڕکێیان پێکەوتبوو.. هەر زەلام بوو بانگ دەکرایە پێش زۆر دیمەنێکی ترسناك بوو.. کاتێکم زانی گوێم لەناوی خۆم بوو.. بانگرامە پێش!.. ناوی خۆم وتەوە.. وتەوە.. کاتێکم زانی تەرازوویەکی گەورە هاتەبەردەمم وتیان سەیرکە، ئەم لایەیان چاکەو باشەی دنیای تیایە، ئەو لایەی تریان کردەوەی خراپو دوور لەخوای تێدایە.. چاوە ڕوانکە بزانە چی دەبینی!.

وردە وردە لای چاکەو باشەم بەرزبۆوە خراپەکان زۆر بوون تەرازووەکە لاسەنگ بوو وتیان: تا ئێستا ئەنجامت خراپە.. دوعای خێرکە.. بەڵام لەوکاتەداو لەتاو نارەحەتی بیری هیچم نەمابوو تەنها خەفەت و گریان نەبێت.. بەڵام ئازیزان بیری ئەوکاتە زێڕینانەم کەوتبۆوە کە بەفیڕۆم دابوون کەدەمتوانی کاری چاکە بکەم بەڵام نەمکردبوون، .. نەمتوانی بوو خوا لەخۆم ڕازیبکەم.. خێرو چاکەی زۆر ئەنجامبدەم.. خۆشەویستان ویستم هەنگاو بەرەو ڕێگەی دۆزەخ بنێم بانگیان کردم: جارێ ماوتە وەرە سەیرکە..

کاتێکم زانی لەئاسمانی عەرشەوە یەك یەك نەرم نەرم وردەوردە گەڵا سڵق دابارینەو ناو تەرازووەکەم لای خێرو چاکەم قورسو بوو تادەهات زۆر دەبوو وایلێهات یەکسان بوو خەریك بوو بڵێم بەسە.. بەسە.. بەڵام هەر هاتە خوار.. هەرهاتە خوار سوپاس بۆ تۆ خوایە ئەوەندە هاتە ناو تای تەرازووی چاکەمەوە کێشەکەی قورس بوو.. لەخۆشیاندا وتم: ئەوەچیە؟ دەنگێك لەنزیکمەوە وتی: ئەوە ئەو خێرە بوو کەئەنجامت دا.. سەیری پاداشتی کە خوا چەند بەرەحمە.. بەدەنگی بەرز وتم: سبحان الله .. الله اکبر ڕاچڵەکیم لەخەو خەبەرم بۆوەکە سەیرمکرد نیوەشەوە.. ماڵو منداڵ.. تەنانەت خەڵکی هەموو لەگەڵ درەختی ماڵەکانیش نوقمی خەون سەیری کاتژمێرم کرد.. "هەستم بەلەرزینی خۆم دەکرد.. سەرسام بووم.. هەرچی لاشەمە شەڵاڵی ئارەق بوو. وتم: (سوپاس بۆ تۆ خوایەگیان.. خۆت خاوەنی بەزەییت..) ڕاستیان ووتووە مرۆڤی وەها هەیە هەموو قورئانی بۆ بخوێنە لەگەڵ ژیان نامەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) و پیاو چاکاندا کاری لێناکات بەڵام تەنها خەوێك دەیخاتە دنیای

فراوانی ڕەحمەتی خواوە و بۆ خوا کاردەکات.. کاری لێدەکات.. بەڵێ سەرم نایەوە سەر سەرینیو ئەم زانی کەی چاوم چووەوە خەو.. **إن الله لا یضیع اجرا المحسنین.**

کوا ویژدان؟!

لەرۆژگاری ئەمرۆژدا خەڵك هەندێك كەرسەو پێویستی بەپارەو نرخی خۆی ناكڕێ! كەدەپرسین بۆچی؟ دەڵێن: ئەو پارەیە – بۆ نمونە (١٠٠) سەد دینارە پارچەیەك قوماش دەكات.. چەند ڕۆژێكی تر بەو پارەیە دووپارچەی تر دەكڕێت.. ڕاستیش دەكەن چونكە "دراوی وڵات" خەریكە نرخ پەیدا دەكات.. وا نارەحەتی و ناخۆشی لەوڵاتدا كۆچ دەكاتو ساڵی ٢٠٠٢ بەو دەگەڕێنەوە بۆ ساڵەكانی ١٩١٤ – ١٩١٨ كە گرانیو ناهەمواریو بێئومێدی باڵی بەسەر كوردستاناندا كێشابوو..

لە كەشكۆڵە پڕ بابەتەكەی باپیرم.. مەلا ئەحمەدی مەلا محمدی صد باری.. دەكەینەوەو یەكێك لەبابەتەكانی دەكەینە میوانی ئەم چەند چیرۆكە:

لەدێیەك میوانی ماڵێك بووم.. ساڵ گرانی بوو.. زۆر لەخەڵكی لەبرسانا مردبوون.. ماڵ نەبوو(٣-٤) كەسی نەمردبێت.. دێهاتیواهەبوو كەسی نەمابوو.. سوپای عوسمانلی هەموو پیاوانی گەنجی بەتواناى بردبوو بۆ "عەسكەری".

عەمارو خەزێنەو پشتیر گەڕابوون.. گەنمو جۆو پێویستیان بردبوو نەخۆشی دەردەگا بڵاوبۆوە لەلادێكاندا.. ڕەشەوڵاخو حەیواناتی گۆشتی لەناوبردبوو نارد.. ئاگر.. خوێ بوبونە دەرمانێ كەس دەستی ناكەوت.

خەڵكی زۆر بەسەختی دەژیان.. بەچاوی خۆم ئافرەتی مناڵە بەرم دەیووە لاشەی مندالە جگەر گۆشەكەی باوەشی كە مردووە لەبرسانا خواردوویەتی.. گۆشتی مردارەوە بوو دەخورا... كەئەمەش ئەوەندەی تر مەرگی زیندوانی نزیك دەكردەوە.. نارەحە تی باڵی ڕەشی بەسەرخەڵكیدا بتەواوی واڵا كردبوو.. كەس تەرمی كەس بۆ ناشاردرایەوە.. فریاناكەوتی.. هێزو توانا نەمابووا هەر كۆڵانو كوچەو سەر تەنورێكت دەدی" تەرم، كەوتبوو – لەڕووداوی هەڵەبجەی ١٩٨٨ دەچوو _ ئێوارە كەی لەماڵی پیاوێكی ناسیاوم میوان بوو.. دانیشتبوین هەروا باسی دنیاكەمان دەكرد، ئەو ساڵانە هۆی ڕاگەیاندن كەمبوو دەتوانم بڵێم هەرنەش بوو.. دوو ئافرەتی تازە پێگەیشتوو لە

تەمەنی ((١٧ – ٢٣)) ساڵ دەبوون هاتن لەدەرگای ماڵەکەیان دابەزمانێکی پڕشەرمو ترسەوە وتیان: " کەسمان نەماوە، خاوەن ماڵ، تەنها ئەم دووانەمان دەرچووین خێرتان دەگات پڕ ئەو "مەنجەڵە مسە" خواردنمان بدەنێو، مەنجەڵە مسەکەش" بۆخۆتان هەڵگرن.."

لەو ساڵانەدا مەنجەڵی مسی بچووك کە ((٣)) لیتر ئاوی دەگرت – بەنرخو بەقیمەت بوو.. ئەم دووکچەش هەرئەوەیان شك بردبوو لەشتی باشو ئەنتیکە لە ماڵەکە داهاتی بویانو ڕوویان کردبووە ئەو دێهاتانە، بەمەبەستی سەعاتێك درەنگتر بمرن.. یان هیچ نەبێت کەسێکی بەتوانا بیان گرێتەخۆ.. سائەمە خوایە لەمەرگ ڕزگاریام ببێت، بەڵام بێسوود بوو چونکە ئەو خواردنەکەم بوو کەس بەشی کەس نادا "نەفسی .. نەفسی" بوو..ڕەنگە بڕوانەکەن ساڵیش زۆر سەخت بوو سەرماو سۆڵە بڕستی لەخەڵکە کە بڕیبوو، بوو بووە هۆی لاوازیو ڕەق بوونەوەی خەڵکی..

بەڕێزان کەئەم بابەتە دێتەوە بەبیرمدا ساڵی ئاوارەبوونی ١٩٩١ و گرانیەکەی ((١٩٩٢ – ١٩٩٦))م دێتەوە یاد ئەمەش لەپێشکەوتنی زانستو تەکنەلۆژیادا گرانیەکی بێوێنە بوو یەك کیلۆ ئاردی ئاسایی (٢٥) دینار بوو جگە لە شتیتر کەدەست هەموو کەس ناکەوت... خاوەن ماڵ وتی: خوشکان ئێمە ئەوەندە خواردنمان نییە کەبەشی ئێوەی لێدەین.. ڕەنگە ئێمەش وەك ئێوە لەتاو برسێتی سەرگەردان ببین کەس خۆمان ناگرێت.. لەبەر ئەوە بڕۆن بەڵکو ماڵێکی تربتان گرنەخۆ.. یان بەشتان بدەن)).

دووکچەکە زۆر پارانەوە زۆر لالانەوە ناوجەرگی منیان دەچوزاندەوە.. بەڵام بێسوود بوو.. ناچار ڕۆیشتن پێم نابەجەرگی خۆمداو وتم: باشە کاك (....) بۆ خواردنیان نادەنێ.. گوناحن.. پاشان خواردنیش هەیە؟ کاك (....) وتی: جا بۆ بیاندەینێ.. ئەم شەو لەبرساناو لەبێهێزیو لەسەرماندا ڕەق دەبنەوە.. گەرماینو نەمردین بەیانی دەچین مەنجەڵەکەش دەهێنین بۆخۆمان.. لەم قسانە زۆر نیگەران بوو ویستم ئەو ماڵە بەجێ بهێڵم.. بەڵام ڕوولەکوێ بکەم منیش لەسەرماندا ڕەق دەبمەوە.. ((لەو ڕۆژگارانەدا پارووپەك نان گرنگتر بوو لەنرخی مرۆڤێك، ویژدانیش نەمابوو لەسەرمانا ئەویش ڕەقبو بۆوە..)) ئەو شەوە تێپەڕی.. بەیانی زووبوو چوومە دەرەوە.. دوورکەوتمەوە لەماڵەکە بۆ کاری سەرئاو سەیرم کرد لەسەر تەنورێکی بچووك لەنزیك ماڵەکەبوو هەردوو کچەکە باوەشیان کردووە بەیەکدا.. وام زانی لەخەوێکی

قوڵدان.. بانگم کردن. بەڵام وەڵام نەبوو دووبارەم کردەوە.. بەڵام بۆم دەرکەوت کە لەبرسانداو لەسەرماندا هەردووکیان گیانیان سپاردوو.. ((مەنجەڵە مسەکە))ش لەولاوە کەوتبوو ((ماڵو سەروەتو سامان دادی نەدان)) هەناسەیەکی قوڵی ساردم هەڵکێشا.. بەڵام چی دەکەی لەدەست نەبووونی.. لەدەست هەژاریو ڕوتی زەبونی.. بێویژدانی...))

بەکۆمەڵێ خەفەتەوە چوومە ژورەوە، بۆ خاوەن ماڵەکە (خانەخوێکەم) باس کرد.. ئەویش خێرا وتی: ئادەی (....) کە خێزانی بوو بچۆ ئەو مەنجەڵە بهێنە کەپێیان بووە بایەکێکیتر هەڵینە گرێتەوە.. دادە(....) وتی: مامۆستا ئەمان ووت بەیانی دەبینە خاوەنی مەنجەڵەکە))لەداخانا نانی بەیانم نەخوارد.. ئەو ماڵەم بەجێهێشتو دوورکەوتمەوە لەو دێیە... بەڵام خوێنەرانی بەڕێز، مرۆڤەکان زۆر بوون.. بەکارەساتێك یان بەرووداوێکی کەم وێنە کەم دەبنەوە.. بەڵام خۆشە لەتوانای خۆتا هەر چی دەتوانی بیکەیت کردەوەی باش.. لەکۆتایدا دەڵێم: تەنگانە بەری کورتە.. لەدوای هەمو سەرکەوتنێ دابەزینی هەیە.. چاکی بۆ ئەو مرۆڤانەی کردەوەی خێرو چاکە ئەنجام دەدات.

حەیا و شەرم

سەردەم سەردەمی عوسمانیەکان بوو.. لە ناو شاردا وەك بنكەی ئاسایشی ئێستا شەوانە (جەندرمە) کەوەك پۆلیسی ئێستا وابوون دەردەچوون بۆ پاراستنی هێمنی و ئاسایشی ناو شار.. ساڵ ١٩١٣ بوو، شەو شەوی زستان بوو..

سەرۆکی جەندرمەکان لەگەڵ چەند جەندرمەیەکی تر بەناو شاردا دەگەڕان تالە نزیکەوە سەردانی‌بنکە ئاسایشیەکان بکەن.. کات نیوە شەو بوو بەلای ماڵێکدا تێپەڕین گوێیان لە دەنگی ئافرەتێك دەبێت کەلایلایە بۆ منداڵەکەی دەکات.. قەدەرێك گوێدەگرن زۆر دەنگەکەیان بەلاوە غەریب دەبێت بۆیە سەرۆکی جەندرمەکان دەڵێ :

((بەیانی ئەم ئافرەتەم بۆ بهێننە بارەگا))

بۆ بەیانی ئافرەتەکە دەهێنن لە بەردەم سەرۆکی جەندرمەکاندا ڕادەوەستێت دەپرسێت لە ئافرەتەکە :

مێردەکەت چ کارەیە؟

ئافرەت : نەماوە.

- چەند منداڵت هەیە؟
- تەنها یەك منداڵ و زۆریشم خۆش دەوێت.

سەرۆك : گوێمان لە دەنگت بوو دوێشەو.. لایلایەکی زۆر خۆشت دەوت -بەمزەردە خەنەیەکەوە- ئافرەتەکە سەری داخست.. بێدەنگ بوو.

سەرۆك : دەزانیت بۆچی بانگمان کردویت؟

ئافرەت : نەخێر..

سەرۆك : ئەمانەوێت گوێمان لەو دەنگە خۆشەت بێت بۆ جارێکی تر.

ئافرەت : ناتوانم!

سەرۆك : ناتوانیت بێفەرمانی من بکەیت!.

ئافرەت : ناتوانم!.

سەرۆك : پارەیەکی باشت دەدەمێ دوو (٢) لیرە.

ئافرەت : ناتوانم!.

سەرۆک : بۆت دەکەمە سێ (٣) لیرە.

ئافرەت : ناتوانم!.

سەرۆک : کەللە ڕەقیم لەگەڵ مەکە بۆت دەکەمە شەش (٦) لیرە. نزیکەی شەش هەزاری ئێستا دەبوو.

ئافرەت : قوربان ڕووم نایەت.. شەرم لە بەڕێزتو کەسانی تر دەکەم.. حەیا دەکەم لەخزمەت بەڕێزتان دەنگ هەڵبڕم!.

سەرۆک : قەیناکە دەتوانیت بچیتە ئەودیو ئەو پەردەیەوە کە دەیبینیت.. لەوێ ئێمەت لێوە دیار نییە بۆمان بڵێ، ..باشە.

ئافرەت : ئاخر هەر شەرم دەکەم!.

سەرۆک : ئادەی کوڕان ئەو پەردەیەی بۆ بگێڕن.. بفەرموو بچۆرە ئەودیو ئەو پەردەیەوە. ئافرەت لە دیار نەبوونی ئەوان‌و پارەکەشی لەلا کەم نەبوو! بە شەرمێکەوە چووە ئەو دیو پەردەکەوە.. پەردەکە هەڵواسرا بوو بەتەواوی نەگەیشتبووە زەوی، هەردوو قاچی ئافرەتەکە تانزیک ئەژنۆکانی دیار بوون. دەستی پێکرد.. یەك دوو بەندی زۆر خۆشی بۆ هەموویان وت.. لەم کاتەدا سەرۆک ئاماژەی بەپیاوەکانی داو، وتی: " سەیری قاچەکانی بکەن" کە هەموو سەرنجیاندا ((تك تك.. زەنگۆڵ زەنگۆڵ)) ئارەق دەچۆڕایە ناو پاتەکانی کەلە پێدا بوو.. ئافرەتەکە هاتەوە ئەم دیو پەردەکە بۆلای سەرۆك‌و هاوڕێکانی بەدەستە سڕەکەی کە هەموو دەم‌و چاوی زەنگۆڵە ئارەق بوو بە جوانی سڕی‌و لاشەی تائەو کاتەش دەلەرزی.. پاش کەمێك حەسانەوە.. پارەکەی وەرگرت‌و گەڕایەوە ماڵ....

برادەرەکانی سەرۆك لەم کردارە زۆر سەرسام بوون.. دەیان ویست بپرسن.. بەڵام زاتیان ناکرد. بۆ ڕۆژی دوایی، بەیانیەکەی لە هەمان کاتدا لەدەرگا درا.. سەرۆك فەرمانی کرد بیکەنەوە، کە دەروازەیان کردەوە.. تەماشایان کرد ئافرەتەکەی دوێنێیە.. هاتۆتەوە.

سەرۆك : فەرموو بزانم بۆچی هاتووی؟

ئافرەت : وەك دوێنێ تۆزێك لایلایەی ترتان بۆ دەڵێم!.

سەرۆك : فەرموو..

ئافرەت : چەندەم بۆ حساب دەکەیت!؟

سەرۆك : چەندەت دەوێت؟

ئافرەت : (٦) شەش لیرە!

سەرۆك : زۆرە   ئافرەت : (٣) سێ لیرە

سەرۆك : زۆرە   ئافرەت : (٢) دوو لیرە

سەرۆك : زۆرە   ئافرەت : بەخۆڕایی

سەرۆك : نامانەوێت گوێمان لەدەنگت بێت!

ئافرەت : بەسەر سوڕمانەوە، بۆچی.. خۆ دەنگم زۆر خۆشە!..

سەرۆك : وتم نامانەوێت! بەڕەقیو نیمچە توڕە بوونەوە.

ئافرەت : هەر حەز دەکەم بۆتان بڵێم!.

سەرۆك : بفەرموو

پاش تەواو بوونی ئافرەتەکە ڕۆیشت، ئەمڕۆ بەپێچەوانەی دوێنێوە بوو.. نە هەواڵی پەردەی پرسیو نە ئارەق زەنگۆڵ زەنگۆڵ ڕووی گرت.. نە لاشەی لەرزیو نەحەیاشی لەپیاوەکان کرد.

بەم شێوەیە چەند ڕۆژێك ئەهاتو بەدەستی بەتاڵ ئەگەڕایەوە. پاش سێ جار سەرۆك وتی : ((ئیتر بێیتەوە بەم ناوەدا قاچەکانت دەشکێنم.. بڕۆ نەیەیتەوە)). تووڕە بوو.. ئافرەت لەو ناوە نەما هاوڕێکانی زۆر ئەم ڕوداوەیان بەلاوە سەیر بوو لێیان پرسی : قوربان تۆ یەکەم جار پارەیەکی یەکجار زۆرت دایە ئەو ئافرەتە کەچی ئێستا بەخۆڕایش لایلایە دەڵێت تۆ ناتەوێت.. پاشان دەریشی دەکەیت.

سەرۆك : بە پێکەنینەوە ((من دەنگی ئەو ئافرەتەم بەلاوە خۆش نەبوو.. تەنها ویستم حەیاکەی شەرمەکەی بزانم.. دڵنیابن حەیاو شەرمو شکۆی نەما!))

وتیان : چۆن؟! سەرۆك : یەکەم ڕۆژ سەرنجتاندا ئارەقی حەیاو شەرم زەنگۆڵ زەنگۆڵ چۆن ئەتکایە ناو پێڵاوەکانی.. بەڵام ڕۆژەکانی تر وانەما... سەرنجتان دا؟؟ وانەما!؟ وتیان : بەڵێ بینیمان.. وابوو؟! سەرۆك : بەپێکەنینەوە مرۆڤەکان ئەوەندەیان زەحمەتە تا حەیاو شەرمو شکۆیان ئەتکێت.. چاوتان لێیە ئێستا چەند بەئاسانی دێتە ژووری.. حەیا قەترەیەك ئاوە کەتکا.. ئەتکێتو تەواو.

بەڕێزان : زۆر وریای خوشكو دایکمان.. خۆمان.. کەسو ناسیاومان ببین. گورگە برسیەکان حەیاو ناموس ئەتکێنن، بەناوی گەورەو باقو بریقەوە بەناوی نان پەیدا کردنەوە.. وریای حەیاو ناموس بین.

براپان حەیاو شکۆی کەس مەبەن.. تاکەسیش حەیاو شەرمو شکۆی ئێوە نەبات.. دەغیلە ئامان حەیاو ناموسو شەرەفو شکۆی خۆتان خۆش بوێت.. لە هەر جێگەیەکن. گەر شتی وەها، هاتە پێش بەرگری لێبکەو هاوکاری نەکەیت.

((کەشکۆڵی مەلا ئەحمەد))

لەسایەو سێبەری باوەڕدا...

تاقیکردنەوەیەکی گەورە بوو لە بەردەم دوو ئافرەتو پیاوێکدا!.

دوای تێپەڕ بوونی چەند ساڵێك بەسەر ئەو ڕوداوە لە ساڵی ١٩٩٥ ڕوویدا بوو هاتەوە یادم بیکەمە یاد نامەیەك بۆ ئەو خوێنەرە بەڕێزانە.

ساڵی ١٩٩٢ تا ئەمڕۆ کە ساڵی ١٩٩٦ گرانیو نارەحەتی باڵی کێشاوە بەسەر هەموو شارو وڵاتدا خاوەنی قەمەرەیەکی لادا بووم، لەناو شاردا کاسپی ((کرێ))م پێدەکرد.. زۆر داغانو شڕۆڵە بوو هەرچیم هەبوو تیام خەرج کردبوو، ئەوەی پێم پەیدا دەکرد بەشی ئەوەندەی دەکرد کەتیایدا خەرج بکەم، سەری ئەوڕۆیو لاشەی ئەلەرزی، کار هاتە ئەوەی تایەشی پێوە نەمایەوە، چەند تایەیەکم لەیەکتر هەڵکێشا بوو.. ڕۆژێکیان بەخێزانەکەم وت : ئافرەت ناچارم کاروکاسپی بەو لادا شڕە نەکەم.. بزانم کارێکی تر نادۆزمەوە؟! ئەویش لەسەر خۆ وتی : بۆچی بێزار بوویت لێی؟!

وتم : ئەگەر بێزار ببم ناحەقمە تا ئەملای چاك دەکەم ئەولای تا ئەولای چاك دەکەم لایەکی تری خراپ دەبێت خەریکە شێت دەبم وا (تایە)شی پێوە نەماوە.. بەبێ ((تایە))ش خستنە سەر چوار بلۆكو وەستانی باشترین چارە سەرە.

خێزانەکەم خوا سەر بەرزی دنیاو قیامەتی بکات زۆر دڵسۆزی نواند وتی : پیاوەکە سەری بێرزقو ڕۆزی لە ژێر خاکدایە.. خوای گەورە دەرگایەك دادەخاتو هەزار دەرگای خێرو بەرەکەت دەکاتەوە.. ئارامت ببێت))

وتم : جا مەبەستت چییە ئافرەت؟

وتی : بووەستە!، ڕۆیشت بۆ ژوورێکی تر تۆزێکی پێچوو پاش چەند خولەکێك هاتەوە.. وتی : بگرە ئەمەم شك دەبرد لەدارەی دنیادا.. ئاڵتوونەکانمە.. جوانترین یادگاری منو تۆیە بیبە بیفرۆشە.. بەپارەکەی چەندەی کرد لە (تایە) پێبکڕەو تا ئەوەش تەواو دەبێت خوا دەروازەیەکی تر دەکاتەوە!

بەڕاستی سەلماندی هاوسەرمە.. خەمخۆرمە.. لە یەکەم ڕۆژەوە بەڵێنی هاوسەریمان دابوو بەڵام بەکردەوە سەلماندی.. بۆیە منیش لەیەکەم ڕۆژەوە خۆم بۆ خۆشیو ماڵو منداڵ یەکلایی کردبۆوە.

بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە ئاڵتونەکانی دامێ.. بردم بۆ بازاڕ چومە لای زەرەنگەر، فرۆشتم تەنها ((٤)) هەزاری گرتەوە.. خوانەیبڕێ.

پارەم خستە ناو (داشبڵی) سەیارەکەو بەسەرو دڵی خۆشەوە بەرەو بازاڕی تایە فرۆشەکان ڕۆیشتم.. لەپڕ نەفەرێکی ((عەبا)) بەسەر دەستی لێڕاگرتم.. هات بەبیرمدا ئەو ((داخلی))یە بەرم ئەوسا بچم تایەکان بکڕم.. وەستام ئافرەتێك بوو بەدەنگێکی نەرمو شەرمن وتی : برا داخلی دەکەیت؟

منیش لەو پەڕی دڵخۆشیدا وتم : بەڵێ فەرموو سەرکەوە، ئافرەتەکە سەرکەوت ڕۆیشتین ڕۆیشتین.. چەند کۆڵانێکمان بڕی.. تا گەیشتینە دەرگای ماڵ هیچ قسەی نەکرد.. کاتێك ویستی دابەزێ خۆم ئامادە کردبۆ پارە.. کەچی وتی :

((کاکە فەرموو بەڕێزت دابەزە تۆزێ کارم پێتە!؟)) سەیارەکەم کوژاندەوەو بەردێکم بۆ تایە شڕەکانی دانا.. نێ نەوەکو تلۆر ببێتەوە.. ملم گرت بە لارەوە وتی : وەرە ژوورێ..باشە ناچار هەر ملم نا.. لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا چەندین خەیاڵو ڕووداو بە مێشکمدا تێپەڕی.. لەوانە وتم : ((ڕەنگە فەردە ئارد یا جلو شتی هەبێ بەمن باری بکات یان.. یان..)) بەڵام کاتێ دەرگای حەوشەی کردەوەو چوینە حەوشەکەوە دەرگای ژوری کردەوە.. تەنها دوو منداڵی ڕووتی داماوم لەژێر بەتانیەکی بۆری[1] تەنکدا بینی... ژوورەکە ئەت گوت سەلاجەیە.. ماڵ ڕوتو قوت.. بەبینینی ئەم دیمەنە.. چەندین خەیاڵاتی تر بەمێشکمدا گوزەری کرد، ئافرەتەکە وتی:

کاکە تا ئەم حاڵەم هانیوە هەر کارم بۆ کردون بەهەزار کوێرەوەریو دەردی سەریو ناخۆشی ژیاندومن ئەم ماڵانەی بەرو دراوسێ ماڵیان ئاوەدان بێت هاوکاریان کردووم.. ئەم دوو منداڵە باوکیان نەماوە.. تا هێزم تیابووە هەوڵم داوە کەپارووە نانی

---

[1] بەتانی بۆر: ئەو بەتانیەبوو کە (تەحالوف) دەیبەخشیە دانیشتوانی ئاوارە لە کوردستاندا ساڵانی ١٩٩٢ زۆر تەنكو سوکەڵە بوو.. لە بازاڕدا نرخی هەرزان بوو.

حەلالّو زولالّم دەرخوارد داون.. زۆر غەمیانم خواردووە.. بەلام.. بەلام ئەمرۆ ڕوم لەتۆناوە بۆ پارووە نانێك.. چونکە ماوەی ((٤)) ڕۆژ دەبێت بەبرسێتی ڕامکێشاوە لەگەڵیاندا.. دەنگی گۆڕاو پچڕ پچڕ بوو، گریان قورگی گرت بەلام بەردەوام بوو لەقسەکردندا.. لەم ڕۆوە بڕیارم داوە پارووە نانی حەرامیان دەرخوارد بدەم تا بتوانین بژین.. چیبکەم ناچارم.. یا ئەوەتا لەناویان بەرم بە هەرچی ڕێگەیەك بووە.. دەغیرەتی پیاوەتیت بجولێت. کەوای وت موچڕکەیەك بە شێوەی تەزوویەك لە نوکی پەنجەی قاچمەوە تێپەڕی لە تەوقی سەرمەوە دەرچوو.. هەموو گیانم سەر ئارەقی شەرمەزاری گەڕا.. " خوایە گیان من بۆچی هاتم.. ئێستا توشی چی بووم.. ڕەنگ لەسەر ڕەنگ دەگۆڕا.. پلەی گەرمی دەمو چاوم بەرز بۆوە.. گەر ئاوێنەیەك بەرامبەرم ببوایە لە چەوەندەری سوور دەچووم.. ئاهو نالەی ئەو ژنەو نالەباری باری ئابوری خۆمو جولەی برواو پشت بەستن بە خوای گەورە هەمووی وەك هەرەس دەهاتن بەسەرمدا کاسبوم.. گوێکان کپ بوون.. گەر من کارێکی ناشەرعیو دوور لەخواو بەرنامەکەی ئەنجام بدەم جێگەکەم کوێ دەبێت؟

ئەی ئەم ئافرەتە بەوە کۆتایی بە ئەندێشەو زامەکانی دێت.. ئەی ئەو مندالانە لە پاشەڕۆژدا نومێدی چیان لێدەکرێت.. کەی من مرۆڤم نەتوانم هاوکاریان بکەم.. بەلام بەچی.. خوایە گیان هاوکاریم بکە.. لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەدام تۆ بلێی ئەمە خەو نەبێت؟! .. " ناو بەناو ئافرەتەکەش دەیوت : بواری دەرچوونت نییە بیر لە چی ئەکەیتەوە دەی بۆ ناجولێیت.. بۆ چەقیویت.. خێراکە..

((ئاخر بەرێزان لەو کاتانەی کارێك یان هەر شتێکی حەرام ڕوت تێدەکات لەو کاتەدا پلەی باوەڕت دەپێورێت.. نەك لەکاتی ئاسودەیدا))

بۆیە کەمێك بیرم کردەوە لەو کاتەشدا تا دەهات هەستم بەترپەی دلّم دەکرد لەزیاد بوندا بوو.. وەخت بوو دلّم لە لێدان بکەوێت..مێشکم بتەقێت.. خوایە گیان خوانە خواست گەر من کاری نابەجێم کرد، لەدوای من ئەم ئافرەتە زیاتر بەر دەوام دەبێت لەو بەردەوامییەدا منیش بەشدارم هەمان گوناهم بۆ دەنوسرێت.. خوای گەورە زۆر شتم لەبەر خاتری تۆ کردووە دەروازی دەرباز بوونم بۆ والاکەیت.. توشی خراپە نەبم.. نامزانی چیبکەم باشە.. چ ڕێگەیەك هەلبژێرم..

وەك بروسكەيەك.. يەك خەيالى خۆش بەبيرمدا گوزەری كرد، ڕووم گەشايەوە.. زەردە كەوتە سەر لێوانم ئافرەتەكەش وتی : ئافەرم.. خەريكە خۆت يەكلايی دەكەيتەوە.. فەرموو . وتم : خوشكی باش.. تۆ وتت ئەمە يەكەم كارە كە بەحەرامی دەيگريتە بەر؟! وتی : خوشكو براو حەرامو حەلاڵ بۆ من مەهێنەرەوە كات درەنگە.. ژيان.. نان گرنگن. وتم : ئەی خوشكی بەڕێزم ڕاستە.. نان .. ژيان.. زۆر گرنگن بەلام ژيانی كۆتايی وەستانی بەردەم خوای گەورە.. ئەی ئەو كاتانەی كە بۆ خوا خۆت ماندوو كردووە.. ئەمانە وەلاميان چييە؟ ئەی ئيمان.. لێپرسينەوە.. ئەی ئێمە خۆمان تەسليم خوای گەورە نەكردووە.. ئەی ئێمەخۆمان بە شوێنكەوتەی قورئان نازانين.. ئەو ئايەتە پيرۆزە لەمێشكمدا گوزەری دەكردو دەنگی دەدايەوە ((لَو أنْزَلنا هذا القُرآن عَلى جَبَلٍ لَرَأيتَهُ خاشِعاً مُتصدِعاً مِنْ خَشْيَةِ الله..)).

چاری نەبوو.. بواری هيچی نەدام.. باری قسەكانم بۆ گۆڕی وتم :

خوشكی بڕوادار ئارام بگرە.. خوا كۆمەكت دەكات.. دڵنيابە من خاوەن ژنو ماڵم ناتوانم خيانەت لە خێزانەكەم بكەم.. خوا ڕوو ڕەشم دەكات.. ئەگەر ڕێگە چارەيەكت بۆ بدۆزمەوە بە قسەی برا بچوكت ئەكەيت.. خەندەيەكم بەزۆر هانی بەسەر لێوەكانم.. دوور كەوتمەوە دەنگم بەرز كردەوە.." بەقسەم دەكەيت.. توخوا بەڵێم بۆ بكە."

ئەويش وتی : فەرموو بزانم! وردە وردە بەدەم قسەكردنەوە هاتمە دەرەوە لە ژوورەكەو لە حەوشەكەدا بە دڵێكی سافو بەڕۆحێكی پاكو ئاسودەوە وتم :

" خاوەنی ئەو لادا شەرم كەسواری بويت لەڕێگە.. ويستم تايەی بۆ بكڕم بەلام پارەم نەبوو ناچار ئاڵتونی ژنەكەم فرۆشت پێش ئەوەی تۆ سواركەم لە بازاڕ دام بە((٤)) هەزار دينار.. لێم خۆش دەبيت گەر بيبەخشمە تۆو تۆش بيكەيتە ((مەسرەف)) خەرجی بۆ منداڵەكانت بۆ خۆشت.. تا ئەمەش تەواو دەبێت خوا گەورەيە."

ئافرەتەكە وتی : ئای كە بەخشندەيت.. خۆزگەم بەو ڕۆحەپاكەت چا بەڕاستيتە..

وتم : خوشكی ئازيزم تۆ گوڵێكی منداڵەكانت خونچەن بۆ گەشەی ئێوە ئامادەم بەڕاستيمە.. لەبەر خوا ئێستا دەچم بۆت دەهێنم لەناو سەيارەكەدايە.. لەماوەيەكی زۆر كەمدا خۆم گەياندە سەيارەكەم بە پەلە دەستم كرد بەناو داشبڵی لادا كەداو لەناو عەلاگەيەكدا بوو دەرم هانیو چوومە ئەو ديوودەرگای حەوشەكە وتم : خوشكی

ئازیز.. ئەمە بڕی ((٤)) هەزار دینارە وەك بۆم باسکردیت پارەی ئاڵتونی خێزانەکەمەو بۆ (تایەم) دانا بوو بەڵام وا بەنسیبی تۆ بوو توخوا بەحەڵاڵی بۆ تۆو گەردنیشم ئازاکە.. تۆش گەردنت خۆش‌و ئازا بێت.. لێم بگرە.. دەستم دەلەرزی بە عەلاگە پارەکەوەو خوای گەورە لێمان قبول بفەرمووێت.. خەرجی بکە بۆ ئەو بێباوکانەو بۆ خۆت..

ئافرەتەکە چاوەکانی فرمێسکی تیا قەتیسم مابوو.. ئیتر نازانم لە خۆشیا بوو یا لەشەرما یان لە ڕووزەردیدا.. دامە دەستی تا ئەو کاتەش زۆر ئاسوودە بووم.. لەناخەوە زۆر کامەران بووم. بەخێرای خوا حافیزەم لە ئافرەتەکە کردوو ڕۆیشتم.. گوێم لەدەنگی پێوەدانی دەرگای ماڵەکە بوو.. بەرەو ماڵەوە.. بەگیرفانی بەتاڵەوە.. بەڕازی بوون‌و ئاسوودەیی.. دەروونەوە کەوتمەوە ڕێگا.. ناوبەناو شەیتان بەمێشکمدا گوزەری دەکرد.. دەیوت :

- چوار هەزار دینار پارەی هەموو ئاڵتون!
- چوار هەزار دینار بەدەم خۆشە.. بەچی پەیدا دەکرێت؟
- چوار هەزار دینار چۆن وەڵامی خێزانت دەدەیتەوە؟
- چوار هەزار دینار ئەی بۆ نیوەیت نەدایە.. نیوەکەی تری بۆ خۆت؟
- با هەر قسەی بکردایە.. بەجێت بهێشتایەو فەرامۆشت بکردایە.
- بۆ هاوکاریت نەکرد لە کارەکەدا..

بەڵام ئەوەی ناخی ئاسودەو شادمان کردبووم.. ڕازی بوونی ویژدان‌و خوای گەورەو پاکێتیم بۆ ئەو بەرنامەیەی کە خۆم بە شوێن کەوتەی دەزانی.. سوپاس بۆ خوا.. بەس نییە ئەو پارەیەش هەبووشەیتان نەفرەتت لێبێت.. سوپاس بۆ تۆ خوایە کە تووشی من بوو ئەو ئافرەتە داماوە.. بەس نییە توشی کەسێکی نالەبار نەبوو.. گەیشتمەوە ماڵەوە.. لە دەرگام دا پاش کەمێك خێزانەکەم دەرگای کردەوە بەگەرمی بەخێر هاتنەوەی کردم.. خوا ڕووی سپی بکات.. بەو بەخێرهاتنەوەیە ماندوێتیم دەرچووم، ویستی پرسیار بکات.. بەڵام چووم دەست‌و دەم‌و چاوم شت‌و دەستنوێژێکی پاکم هەڵگرت.. پەرداخێك ئاوی بۆ هێنام.. پاش حەسانەوە ((٢)) ڕکات نوێژم خوێند.. پاش کەمێك خێزانەکەم وتی :

(.....) ئاڵتونەکەت فرۆشت؟ بەدوو دڵێیەوە وتم : بەڵێ..

: چەندەی کرد؟

: چوار هەزار دینار

: ئەی تایەو پێویستست لێكڕی؟ ((ئیتر قسەكانم پچر پچر بوو))

نەمزانی چی وەلآم بدەمەوە.. خوایە گیان فریان بكەویت چی وەلآم بدەمەوە..

وەلآمێك هات بەزارمدا هەرگیز شتی وام نەوتوبو:

-ئافرەت برا دەرێكم ئاموشۆو سەردانی شاری بەغداد دەكات، پارەكەم دابەو.. كە لەگەڵ ڕۆشتنیو هاتنەوەیدا جوتێكی باش تایەم بۆ بێنێت ((سوپاس بۆ خوا، چونكە جێگەی متمانە بووین لەلای یەكتر ((قەناعەت))ی كرد بەوتەكەمو وتی:

((زۆر باشە خێری پێوەبێت.. ڕەنگە لەوێ هەرزان تریش بێت؟

بەڵێ بە دڵنیاییەوە... ئیتر ئەمە چەسپا لەلای.. چەند ڕۆژێك تێپەڕی سەیارە بەرەو خراپی دەڕۆیشت وام لێهات بەتەواوی بێزار بووم لێی.. كەئەهاتمەوە ماڵەوە خێزانەكەم دەیوت : چی بوو تایەكان نەگەیشتن..

منیش بەمەلولی دەم وت :

ئافرەت خۆ چونی بەغداد هەروا گاڵتە نییە هەر كاتێ هانی یەكسەر دەیخەمە ژێریو دەیبەستم..

لەخوا بەزیاد بێت بناغەیەكی بەهێز ئێمەی لەسەر پێك هاتبوین لە ئاستی یەكتر بۆ یەكتر دەتواینەوە بەم چەشنە كارم دەكرد.. لە بەر باری خوادا ئارامم گرت.. گەرچی ناو بەناو لە ناخەوە بێزار دەبووم.. بەڵام بڕیارم دا بە هەر شێوەیەك بێت نەبەزم بۆیە هات بەبیرمدا كەبچمە لای تایە فرۆشێك بەقەرز دوو جووت بكڕمو لەبەرەوە بەشێوەی بەش بەش ~~قیسط~~ پارەكەی بدەمەوە.. ئەمەیان باش بوو چونكە چەندە لەبەر سەیارەكەم ئەوەندەدش لەبەر متمانەی خێزانەكەم.. چونكە زۆر یەكترمان خۆش دەویستو یەكترمان لامەبەست بوو.

-نیوەڕۆیەكیان گەڕامەوە ماڵ خێزانەكەم دەرگای لێكردمەوە وتی : (.....) مژدە مژدە ((بەڕوویەكی خۆشەوەو دەمی پڕلە پێكەنین بوو))

((ئەو پیاوەی برادەرت تایەكانی بۆ هانیویت.. وەرە بزانە باشن؟))

وەك لەبانێكی بەرز بكەومە خوارێ سەرسام بووم. بۆیە بەدەست خۆم نەبوو وتم :

كچێ ئافرەت تایەی چیو شتی چی؟! پیاوی چی تۆ تەواویت.. تێكنەچویت؟!

بەڵام وازی نەهانیو ڕایکێشام بۆلای تایەکان.. کە چوومە پێشەوە بۆلای تایەکان قسەکەی ڕاستو دروست بوو.. جوان سەیرم کردو واقم وڕما خوایە گیان.. ئەمە خەوە.. یا ڕاستیە.. پاش کەمێك خێزانەکەم وتی : ئەوە چییە (.......)بۆ وا واقت وڕما بۆ ڕەنگت تێکچوو چی ڕویداوە.. قسە بکە.. بۆ ئاشکرای ناکەیت (....) دەقسە بکە.. لە یەکەم جار زیاتر سەرسام بووم.. چەندین بیرو بۆچوون گوزەریان کرد بە بیرمدا.. لە ناخەوە بەخۆم وت :

-تۆ بڵێیت ئەو ژنەی کەمن پارەم داوەتێ بەزەیی بەمندا هاتبێتەوەو چووبێت تایەکانی بۆ کڕیبم؟!.. ئەو بڕوا ناکەم!

یان خوای گەورە لێیقبوڵ نەکردوم وەك ((معجیزەیەك)) دابێتیەوە بەڕوومدا خوایە گیان ئەمە خەوە.. خەیاڵە.. ڕاستیە.. ئەمە چیە؟!

لە ڕاتەکاندنی چاکەتەکەم بەئاگا هاتمەوە.. خێزانەکەم کە تائەو کاتە ئاگاداری هیچ نەبوو وتی : پیاوەکە بۆ وات بەسەر هات.. ئەی خۆت نەتگوت برادەرێکم تایەم لەشاری بەغدادەوە بۆ دێنێ.. ئەی ئەوەتا نایبینی بۆی هانیویت.. دەقسە بکە دڵم تەقی! نەمهێشت هەنگاو بنێ کەبەنیازی ئاو هێنان بوو وتم : دانیشە باڕاستی ڕووداوەکەت بۆ بگێڕمەوە..

خێزانی بێئاگا لە بەسەر هاتەکە وتی : دەبا بچینە ژووریو کەمێك ئاو بخۆرەوە حاڵت باش نییە.. خوایە گیان ڕەحم بەمن بکەیت.. ـیچی بەسەر نەهاتبێ..

وتم : ئەو هیچم بەسەر نەهاتووە.. ئاویش ناخۆمەوە.. دانیشە.. ڕاستە قسەم بۆ ئەو دەکرد بەڵام هەردوو چاوم لە تایەکان بڕیبوو.. تاتەواو بونیش هەر بە خەوم دەزانی!

لە نوکەوە تا گەیشتم بەماڵەوەو ئەمڕۆش هەر هەموویم بۆ گێڕایەوە.. وەك دەڵێن : لەسیرەوە تا پیازێ.. پاش تەواو بوونی ڕووداوەکە ئینجا خێزانەکەم حەپەساو سەرسام بوو.. بەزۆر زەردە خەنەیەکم خستە سەر لێوم ووتم : ((ئاو دەخۆیتەوە بۆت بێنم ئافرەت؟))

وتی : ئاوی چیو شتی چی.. پیاوەکە خێرێکی زۆر چاکت کردووە.. ئەی باشە ئەم تایانە لەکوێوە پەیدا بوون، تۆ بڵێیت معجیزە نەبێت؟! بەڵام.. ئا بیرم نەبوو پیاوەکەی ئەم تایانەی هانی پارچەیەك کاغەزی داومەتێ، وتی : لە دوای خوێندنەوەی بێت بۆلام — ئەدرەس- ناونیشانی تیا نووسیوە.

کاغەزەکەم وەرگرتو دەستم کرد بەخوێندنەوەی.. ئای خوێندەواری چەند نیعمەتێکی خۆشو گەورەیت.. ئێستا تامو چێژی خوێندەواریم زانی.. کە خۆم دەتوانم بە چاوو بیرو هۆشم بڕوا بە کاغەزێك بکەم.. گەر یەکێکی تر بۆی بخوێندمایەتەوە بڕوام ناکرد..

وتم : (...) خۆشەویستم ئەمە ناو نیشانی ئەم پیاوەی تیایە کەتایەکانی بۆ هانیووم دەڵێ : پەیوەندیم پێوە بکەو کارێکی گرنگم پێتە...... خوایە گیان خێربێت!!

پشووم نەدا خێرا تایەکانم خستە سندووقی لاداوە بەرەو دووکانی کابرا بەهەڵتەك هەڵتەك کەوتمە ڕێگا.. دەستم کردەوە بەبیر کردنەوە :

- باشە ئەم پیاوە ماڵی ئێمەی چۆن دۆزییەوە؟
- ئەی پەیوەندی بۆ پێوە بکەم؟
- خوایە گیان خێر بێتو چاکەو باشەی لە دوابێت، خوایە گیان کەیفی خۆتە.. پارێزراو بەو هەوڵو ماندوو بوونم بەخۆڕایی نەڕوات..

گەشتمە بازاڕ لە گەراجێك ((لادا))کەم دانا.. بەو ناونیشانەی لامبو دوکانم دۆزییەوە، کەسەیرم کرد چی ببینم!!

ئەمە نوسینگەیەکی گەورەیە.. لە دەرگای نوسینگە کەم دا.. پیاوێکی قەڵەوی بە هەیبەت دەمو چاو ڕونو پاك فەرمووی لێکردم کە لەو دیوو مێزێکی گەورەوە دانیشتبوو لەگەڵ یەکەم هەنگاوم بۆ ژوورەوە خێرا لەبەرم هەستا بەخێراییو بەگەرمی هات بەپیرمەوە.. بەخێر هاتنی کردم.. زۆر زۆری ڕێز لێگرتم.. نەمئەزانی داماوێکی وەکو من لەبەردەم ئەم کەسە خاوەن دەسەڵاتە (مادی)یەدا بۆ ئەوەندە بەهەیبەتو شکۆم.. بەڵام لە ئەنجامدا بۆم دەرکەوت.. کە (بیرو باوەڕو کردەوەی پاكو بۆ خوا ژیانو هەوڵدان بۆ ئاسودەیی مرۆڤ گەیاندومیەتییە ئەو پلەیە))

دوای چاكو چۆنیو هەواڵپرسی سەری بردە دەرەوە لە جامخانەی نوسینگەکەیەوەو بانگی (ساردیو چاو ئاوی)کرد.. ئێستا دانەنیشتبۆوە بابەتەکانی داواکار گەیشتە جێگە..

وتی : کاکە گیان ڕوداوی ئەو ڕۆژەتم بۆ وەگێڕە.. پاشان منیش ڕوداوی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە، کەچۆن خوای گەورە لەسەر دەستی تۆدا پارمەتی ئەو خێزانە هەزارەی داوە ئەمەش بە هۆی خۆڕاگریو دەستو داوێن پاکی تۆوە هاتە بەر.. ئەوسا باسی

ئاسودەی خۆشت بۆ دەکەم.. بەس توخوا دەست نەنێیت بەڕوومەوە. نامزانی مەسەلە چیە وتم : کاکە گیان من بۆ خوا کردوومە لەبەرئەوە لەلای کەس باسم نەکردووە تا ئەمڕۆش.. خێزانەکەم –خاوەن ئاڵتون- نەیزانی بوو کەپارەم داوەتە ئەو خێزانە هەژارە.. کەخێزانەکەم نزیکترین و خۆشەویسترین کەسمە لەسەر زەوی..

ناچاری کردم.. ڕووداوەکان زۆر بە وردی و لەسەر خۆ، یەکە یەکەو هەنگاو بە هەنگاو بگێڕمەوە چاوەکانی فرمێسکی شادی قەتیسم مابوو تیایاندا دەبریسکایەوە. منیش بەدەم چایی خواردنەوەوە.. هەناسەیەکم هەڵکێشاو وتم : خۆزگە تۆ نەتزانیایە با ئەو خێرەم بەر دەوامبوایە..

ئەویش لەسەر مێزەکەی دەستە سرێکی کاغەزی دەرهێناو چاوەکانی سڕی و وتی : کاکە گیان.. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت : ((إنما المؤمنون إخوه))

وتم : باشە چۆن ئەم تایانەت گەیاندە ماڵی من و چۆن بەم ڕووداوەت زانی ئەمە تەنها خوای گەورەو ئەو ئافرەتەو خۆشم دەزانین.. کەسی تر نایزانێت و ئاگادار نەبووە، بەڵام پیاوی باش وتی : بەڕێز ئەو کاتەی تۆ گەڕایتەوە بۆ ((پارەکە لەناو سەیارەکە)) من لەو دیو دەرگای ماڵی خۆمانەوە خۆم داشاردبوو ئاگاداری هەموو قسەو باسێك بووم.. وەکاتێکیش دەرچوویت زۆر سەرسام بووم بەو هەڵوێستە ئیمانی و مرۆڤایەتیەت.. زۆرم حەز کرد بتناسم.. بۆیە بەسەیارەکەی خۆم دوورو نزیك دوات کەوتم.. تاگەیشتیتە ماڵەوە.. دڵنیا بووم ئەوە ماڵەکەتانە گەڕامەوە.

وتم : ئەی بۆ هاوکاری ئەو ئافرەتە هەژارەتان ناکرد بەسیفەتی دراوسێیەتی و هەژاری.. پیاوەکەش (....) وتی : زۆرمان هاوکاری کرد.. هەموو جارێ دەبووە دڵۆپێك ئاو.. تاخۆی ڕۆژێکیان وتی : خوا دەروی لێکردومەتەوە نیتر پارمەتیم مەدەن.. بەڵام ڕاستی نەکرد هەر نەفسی بەرز بوو.

قومێکم لە چای بەردەمم داو بە هێمنی دامنایەوە.. پیاوە وتی : پاش چەند ڕۆژێ سەفەرم کرد بۆ شاری بەغداد.. لە دوکانی پیاوێکی زۆر ڕێکوپێك کەئەویش خاوەن نوسینگەیەو بازرگانێکی بەتوانایە دانیشتبووم. پیاوێکی بە تەمەن هاتە ژورەوەو داوای ((یارمەتی)) کرد.. ئەویش –برادەرەکەی بەغدادم- دەستی نەنا بەڕویەوە وتی ((وردەم پێ نیە)) کابرای بەتەمەنیش وتی : هەرچیت پێبێت بۆت ورد دەکەمەوە.. ئەو ساڵانە پارەی تەبع (تەزویر) لە ئارادا بوو ((دیار بوو کابرا سواڵکەر بوو)) کابراش (٢٥٠)

یادگاری لاوێتی

دەمێك ساڵ بوو باوکم ئاڵودەی ((شەرابو مەی)) خواردنەوە بوو وەك خویەك هەردوو براکانیشمی فێرکرد بوون کە لە تەمەندا لەمن گەورە تر بوون.

دایکم مێزی زۆر بەجوانی بۆ دەڕازاندنەوە.. خزمەتی باشی دەکردن.. گەر شەوێك وەك پێویست کاریان بۆ نەکات ئەوا دایکم ڕوو بەڕووی هەڕەشەو قسەی ناخۆشی باوکم دەبۆوە یان بەکارتی ((تەڵاق دان)) ئاگادار دەکرایەوە..

لەگەڕەکدا زۆر جار سەر زەنشت دەکراین.. دەنگمان دەڕۆیشتە دەرێ لەماڵ.. منیش بەو کردارەی ماڵەوەمان زۆر دڵگران دەبووم.. چەندین جار هەوڵمدا بوو.. بێخود بوو.. دایکم زۆر منی خۆشدەویست بە پێچەوانەی باوکمەوە... براکانیشم خۆشیان دەویستم بەڵام کەباسی حەرامو حەڵاڵی ڕزقو ڕۆزیم لەلا دەکردن تورە دەبوون.. زۆر جار باوکم بە خوا پەرستی من سەرسام دەبوو کە گەنجمو بۆ خوا دەژیمو بە فرمانی کار دەکەمو وەك ئەوان نیم لەکارو کردەوەدا جوان لە یادمە شەوێك زۆرم بۆ براگەورەکەم هانی کەواز بهێنێ وتم :

((کاکە (....) دەزانیت ئەم ئارەق خواردنەوەیە چەند خراپە لەڕوی مادی.. مەعنەوی.. مرۆڤایەتی.. ئیسلامەتی بەوە خێرت دەگات دوور کەوەرەوە لێی ئەمە ڕاگردنە لەواقع.. ئەمە چارە سازی زامەکانتان نییە.)) بەڵام وتەکانم کارتێکەر نەبوو لە ناخیان.. سادە بوو.. بۆیە دەیان وت : دینی خۆت بۆ خۆت دینی خۆمان بۆ خۆمان بێسود بوو زۆر ئامۆژگایم دەکردن..

لەیادم نەچێت من بچوکترین ئەندام بووم لەبەر ئەوە هەندێك ئەرمیان دەنواند بەرامبەرم.. قوتابی قۆناغی دواناوەندی بوم جار جارەش چاوم لە دەستی باوکمەوە بوو بۆ خەرجی قوتابخانەو پێداویستیو شتی تر.. خوا دایکم ڕوو سپی بکات.. زۆر جار بەنهێنی باوکمەوە دەست گیرۆی دەکردم. شەوێکی زستان زۆر سارد بوو بەفرێکی باش شەوی ڕابردوو باریبوو ئەمشەویش ساردییەکەی بێئەندازە بوو.. لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم ئەکرد.. بەفر وردە وردە.. کەلو کەلو سپیو بێگەرد

دەبونە میوانی سەر زەوی.. ئای.. ئای کەجوانن! لە دەمە دەمی خەوتنـدا بـوو چوومە ژوورەکـەی بـاوکم‌و براکـانم.. ئـەوان سـەر گـەرمی ئـارەق‌و دور لـەخوا ژیـان بـوون.. تەسجیلیان کردبۆوە..(ئەحمەد شەماڵ) ئەوەندەی تر دووری خستبونەوە. بە دەنگێکی نەرم‌و نەوی بانگی باوکم کرد : بابە.. بابە گیان.. حەز ئەکەم ئاگات لێم بێت! باوکم کە بتڵە ئارەقەکە لەسەر مێزەکە دانا بوو ئاوڕێکی بەلای مندا دایەوەو وتی : ها.. شەو شێت.. چیە.. خەوت دیوە؟ یان ئێمە دەخۆینەوەو تۆی گرتوە!.. بێزارمان مەکە.. دەڵێی چی؟.

وتم : بابە گیان ببورە وا لەم کاتە ناشایستەیەدا هاتمە ژووری.. حەزم ئەکرد کاتێکی تـر بووایە بەڵام کەی تۆ کاتت بۆ پیاچوونەوەو گرفتەکانی ئێمـە تـەرخان کـردووە.. ناچارم کاتت لێبگرم بڵێم : ئەگـەر ماڵەکـەمان ئـاگری تێبـەر بێـت بـسوتێت تـۆ چی دەکـەیت.. هاوارو ڕاکە ڕاك بۆ بەرو دراوسێ..

*کەچی براگەورەکـەم دەنگی بـەرز کـردەوە وتـی : نـا بابـە.. وازی لێبێنـە کەماڵەکـە سووتا.. ئەمیشی تێدەخەین‌و ئەجاتمان دەبێت..

باوکم وتی : ڕۆڵە لاچۆ.. وازمان لێبێنە.. ئاگری چی‌و شتی چی، هەستم بەشـەق پارچـە پارچەت دەکەم.. خۆتم پێبە گوشت مەدە؟!

براکەی تـرم ئانـەو کاتـە پەرداخەکـەی هیـچی تیـا نـەمابوو وتـی : ئێمـە سـەر گـەرم دەکەین یان شەڕ دەکەین.. دەبا هەر بڵێ.. کاکم دەیەوێت ئێمە دوور خاتەوە لە شەراب.. بەڵام ناتوانێت.. ناشیەوێت هاومێزو هاودەرمان بێت. دەوازی لێبێنن..

وتم : ڕاست دەکەن.. بەڵام دەبێت یا من بم ئەمشەو یا ئێوە..

باوکم هەڵیدایە : ئەی لـە کـوڕی بـاش هەڕەشـەمان لێـدەکات.. هـەتیو هەسـتم پارچـە پارچەت دەکەم.. تاتوانی پڕ بەدەمی یەك تفی لێکردم.. ئەوە یەکەم جار بوو لەژیانیـدا باوکم کاری وا بکات..

براکانیشم واقیان وڕما.. بەڵام بەوەشەوە نەوەستا دەریکردمە دەری دەرێ..

وتم : بابە.. پێم ناخۆشە بەڵام با قسەکانم یادگاری بێت لـەلات.. بـەڵام بێسود بـوو هـەر پاڵێنا.. پاڵێنا تا دەرگای دەرێ کاتێکم زانی بەر چاوم لێڵ بـوو.. بـەر چاوم زیـاتر لێڵ بوو.. تاریك تاریك بوو.. ئاو دەمم تامی سوێری پێگەیشت.. بـەدەما کـەوتم.. بـە ئاستەم گوێم لێبوو لـە دەنگی دەرگاکە. کە بەتونـدی لەسـەری داخـستم‌و چووە ژووری. لـە

هۆش خۆم چووم.. بەڵام پاش ماوەیەك لەسەرماندا هۆش خۆم هاتمەوە.. کەسەیرم کرد خوێنێکی باش لەدەمو دەستم ڕۆشتبوو چەند میلمەترێك بەفریش لەسەر پشتم باری بوو.. لە ئاکامدا بۆم دەرکەوت.. دەستم بەدەرگاکەوە بوومو شەقێکیش لە لاشەویلگەم هەڵدراوە.. ئیتر لە هۆش خۆم چوو بووم.. بەو حاڵەوە ڕازی نەبووم.. بۆیە وتم: خوایە گیان ئەمە تاکەی وادەژین خوایە گیان دڵیان نەرم ببێت دەستم بۆ ئاسمان بڵند کرد تا لە تواناما بوو پاڕمەوەنەرم نەرم بەفر دەباری.. زۆرم سەرما بوو لەسەرماندا هەڵدەلەرزیم.. لەپی دەستەکانم بەفراوی دەبوون. بۆم دەرکەوت شەو نیوەیی بووە بەردەمی خۆم پاکردەوە لەبەفر ڕووەو قیبلە بەو سەرمایە.. کەلەناخمدا زۆر بایەخی نەبوو دوو ڕکات نوێژم خوێند.. دوای نوێژەکە وتەی ئەو پیاو چاکەم بیر کەوتەوە کەدەیفەرموو ((زستان بەهاری خواناسانە)) چونکە لەشەوگاری درێژدا شەو نوێژ دەکەن، وە (هاوین؛ بەهاری خواناسانە) چونکە ڕۆژگارەکانی گەرمەو خوا ناسی تیادەکات کە ڕۆژووی سونەتە. خوێنەکەی لاشەم بە پاکو نوێژ دەزانی چونکە ئیمامی عمر(د٠خ) نوێژەکەی نەبڕی کەخەنجەری لێدراو چاری نەبوو، ئیمامی ئەحمەد ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت بەبەرگی خوێناویەوە نوێژو خوا پەرستی ئەنجام دەدا ناچار بوون منیش ناچارم، لەگەڵ تەواو بووندا.. هەرچیم لەدوعا و پاڕانەوەمو نزا زانی دەستم کردە خوێندنی نازانم فرمێسکی خۆشی بوو یان ناخۆشی لەزۆربەی دوعاکانمدا ئەو ئایەتە پیرۆزەم دوبارە دەکردەوە ((**رَبَّنا أغفرلي و لوالديَّ و للمؤمنيِنَ يوم يقوم الحساب**)) گریام زۆر گریام زۆر دوعای چاکەو چاکسازیم بۆ باوکمو براکانم کرد.. هیلاك دەبووم بەڵام لەناخەوە لەسەرەتای خۆش گوزەرانیدا بووم.. لەیادم نەچێت قسەیەکی پیاو چاکێکم بیر کەوتەوە کە دەیفەرموو ((خوای گەورە لەنێوان بانگی مغربو عیشادا کارەکان ئاسان دەکاتو دەیگەیەنێتە ئامانجی خۆی بەڵام من داوای چاکسازی زۆر خێرام دەکرد کەدەفەرمووێت ((کن فیکون)) لەنێوان پیتی ((ك))و پیتی ((ن))دا ماوەیەکی زۆر کەم هەیە دەمویست لەو ماوەکەمەدا خوای گەورە بۆم بکات.. ئازیزان دەزانن چی ڕویدا.. کاتێکم زانی دەنگی دەرگاکە هاتە بەر گوێم، کرایەوە، پاش چەند هەنسکێك لەقوڵپی گریان هەستم بە بیستنی گریان کرد بەڵام لە ناخودڵما هەر دوعام دەکرد.. بەردەوام بووم.. بەردەوام بووم هەستم کرد دەستێکی گەرم ڕوویەکی گەرمو تەڕ لەپەنا گوێچکەم کەوت.. جوان هەستم کرد کەئەمە یەکێکە بەڵام وام هەست نەکردو بۆی ناچووم کە

باوکم بێت.. وتم ڕەنگە دایکم بێت.. چونکە ئەوەندەی دایك بەسۆزە.. باوك وانییە.. بەبیرمدا هات کە باوکم‌و براکانم نوستوون دایکیشم ئاگری جگەر هەڵی گرتووەو دەیەوێت بم باتە ژووری.. بەڵام بڕیارم دا بوو کەئیتر نەگەڕێمەوە ئەوماڵە.. تا بڕیاری چاك‌و گەڕانەوە نەدەن بۆلای خوای گەورەو بەرنامەکەی. دەڕۆم کارێك دەکەم.. زەوی خوا فراوانە.. کەس یەکی ناکەوێت بەڵام من ڕزگار بوونی خێزانەکەم مەبەست بوو نەك مان‌و ژیانی خۆم..

بەڕێزان ئەوەی بۆی دەچووم وانە بووهەستم بە زبرایی کرد کەلە ڕومەتم خشا.. کەریش بوو ئیتر بۆم دەرکەوت کەئەمە باوکمە.. دەگری.. ئاگری جگەر ئەوی هەڵگرتوەو دوعاکانم خوای گەورە قبوڵی کردووەو.. سوپاس بۆ خوا سەرکەوتووم..

بە دەنگێکی نەرم‌و پڕلە گریانەوە وتی : هەستە.. هەستە ڕۆڵە گیان.. ئێمە کردمان خراپە دەرهەق بەتۆ.. بەڵام تۆئەو خوایەی لێیدەپاڕێیتەوەو دڵی منی گۆڕی.. لێمان ببوورە.. لێمان ببوورە.. کەوای وت نەمزانی چۆن باوەشم کرد بەملیداو منیش دامە گریانێکی قوڵ.. وتم : بابە گیانم.. بۆ هاتیتە دەر.. بۆ هاتیتە دەر..

باوکم کەتائەو کاتە نەمدیبوو بگری بەدەم گریانەوە وتی : ڕۆڵە گیان خۆشم نازانم.. بڕوابکە نازانم.. هێزێك ناخی هەژاندم.. پاڵیپێوەنام.. پاشان نەمزانی تۆ لێرە ماویت ئەگینا زووتر دەهاتم بە دواتا بابڕۆینە ژووری..

بەڵام من وتم : نە بابە گیان تازە من بڕیاری کۆتایی خۆم داوە.. وەدوعاشم بۆ کردوون کە خوای گەورە قفڵی دڵەکانتان بە کلیلی هیدایەت بکاتەوە، ئیسلامتان بکات.. من دەڕۆم تا ئێوە وەها بن.. من نایەمەوە ئەو ماڵە..

هێزم دایە بەر خۆم کەهەستم بەڵام لاقەکانم سڕبوو بوون لە دوام نەهاتن بەرز بوومەوەو کەوتم، بەڵام باوکم کە ئەو خوێنەی بینی لەمن وتی : بەڵێن بێت تۆ چی دەڵێیت ئێمە وادەکەین.. بەڵێن بێت بۆ خوا بژین.. چونکە خوای گەورە تۆی سەرخست‌و ئێمەش.. ئێمەش دەمانەوێت لەگەڵ تۆبین.. وتم: (بابە گیان هەر قسەم ناوێت.. کردەوە.. کردەوە بەڵێنم پێدەدەیت)، باوکیشم وتی : لەجیاتی جارێك سەد جار بەڵێن بێت بەڵێن بێت.. خوایە گیان تۆبە بێت لە هەموو تاوانەکانم (فرمێسکی پەشیمانی‌و خۆشی‌و خشەع لە چاوانی بارین) ئەوسا بڕوام کرد، سوجدەیەکی شوکرم برد هەر لەوێدا بڕیارمدا بگەڕێمەوە ماڵ بەهێزی باوکم.. باڵی گرتم‌و چووینە

حەوشەکە، لەپڕ دایکم هات بەرەو پیرم باوەشی پیا کردم گوشیمی بە خۆیەوە..تا ئەوکاتەش ئەوەندە هەستم بە خۆشەویستی دایکم و گەرمی باوەشی و غەمڕەوێنی هەناسەی نەکرد بوو.. باوکیشم هاواری کردو وتی : لەم ساتەوە یەك کەس بۆی نییە لە ماڵی مندا بێشەرعی بکات.. دەبێت هەمووتان بۆ خوا بژین..

خۆشەویستان ئیتر لەو شەوەوە ماڵی ئێمە بووە ماڵێکی زۆر جیاواز لەشەوەکانی تر.. ئای تام و چێژی ئەم ئاینە چەند شیرینە.. خوایە گیان چەند شیرینە.. بڕیارم دا ئەو ئایەتە پیرۆزە لەلای خۆشنوسێك بنوسم و لە چوار چێوەی شوشەی بگرم کەخوای گەورە دەفەرموێت : ((إن الدين عندالله الاسلام)).

لە قوڵای شەودا دڵە تاریکەکان ڕۆشن دەبنەوە!

چەند ساڵێکی زۆر بوو برایەکی خۆشەویستم لەحیزبێکی عیلمانیدا کاری دەکرد.. بەڵام واماوەیەکی زۆرە هەستی پێدەکەم وازی لێهێناوەو زۆر بەگەرمی ئاموشۆی مزگەوت دەکات.. لە وتارە گشتییەکانی مزگەوتدا ئامادەیی هەیە.. لە ناخەوە شەیتان پێیدەوتم : ڕەنگە نییەتی باش نەبێت!

بۆیە بەباشم زانی بەهێمنیو لەسەر خۆ هۆی ئەو گەرمو گوڕییەیم بۆ باس بکات.. چەند جارێك وەك خوازبێنی کەرێك بەڕویمدا دا بەڵام دەیوت : دەترسم بەباس کردنی ساردی ڕووم تێبکات بەڵام وازم لێنەهانی.. بەڵێنی دامێ کەبۆم باسبکات بەمەرجێك نەیدرکێنم!. چونکە شاعیرێك دەڵێ : ((هەموو دۆستێکت دۆستی هەیە)) بەڵام دڵنیام کرد گەر سوودی هەبوو بۆ کۆمەڵگە باسکردنی ئاساییە.. گەر سوودی نەبوو تەنها نهێنی نێوانمان دەبێت.

بەڵێ ڕۆژێك دانرا بۆ درکاندنی ئەو نهێنییە لە ماڵی خۆیان .. هەموو سەعاتەکان بەساڵ دەگوزەران.. ڕەنگە چەند موویەکی سەرو ڕیشم سپی بووبن تا بۆی باسکردم :

جا بەڕێزان ئەو کەسانەی کەتازەو بەگەرمو گوڕی کار بۆ خوا دەکەن.. دەترسن لە بەباچوونی خێراتەکانیان. کە کات هات بەهێواشی لە دەرگای ماڵەکەم دا.. زۆر بە جوانی بەگەرمی پێشوازی لێکردم.. چوینە ژوورەوە.. دەرگای ژوورەکەی پێوەداو بەخێزانەکەی وت : کەس نەیەتە ژووریو لەم ناوە مەمێنن..دانیشتم من تامەزرۆو ئەویش لە نوکەوە بۆی گێڕامەوە : شەوێك لە خەومدا قیامەت هەستا بوو.. دنیا تەپو تۆزاوی قەرەباڵغی بێتاقەتی.. ناوی مرۆڤەکان دەخوێنرایەوە.. نامەیەکی مۆر کراویان دەدایە دەستی – چاوەکانی نوقانەبوو – هەبوو سەرو دڵ خۆش بوو مرۆڤی وەها هەبوو دەگریا لە بێدەستەڵاتیدا دەستی دەکردە ناڵە ناڵ.. زۆر نارەحەت بووم پیاوێکی دراوسێمان کەلە پێشمەوە بوو نامەکەیان دایە دەستیو مۆرێکی لێدرا بوو بەڵام کە سەرە

گەیشتە سەر من نامەیەکیشیان دایە دەستم مۆرێکی پێوە بوو بە ئەندازەی دینارێکی ئاسن، پاش تەواو بوونی کە دەیان دایە دەستت دەیان وت : برۆ بۆ ئەو دەرگایە.. ڕۆشتم ڕۆشتم بۆ دەرگایەکەی کە دراوسێکەمان بۆی چوو.. نامەکەیان لێوەرگرت و سەیریان کردو بەخێرهاتنیان لێکردو بەخۆشیەوە چووە ژورێ ئێستاش دەنگی ئەو سەلام و کەلامە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە، دەنگە دەنگێکی زۆر خۆش دەهات هەستی بۆن کردنم تا ئەو کاتەش بۆنی واخۆشیان نەکردبوو. بەبێ فەرمانی ئەوان خۆم گەیاندە ئەو دەرگایە.. نامەکەیان لێگرتم خوێندیانەوە.. سەیری مۆرەکەیان کرد وتیان : تۆ بۆ ئەم دەرگاو شوێنە نەهاتویت برۆ، دەرگایەکی تریان پیشاندام کەلەسەری نوسرابوو.. ئەوەی لەسەری نوسرابوو لە نوسینی مۆرەکەی من دەچوو بۆیە زۆر گریام.. پاڕامەوە.. تو خوا.. تو پێغەمبەر.. ئەیهاوار.. چار نەبوو پاڵیان پێوەنام تا گەیشتمە ئەو دەرگایە گوێم لێبوو هاوار هاوار گریان دەنگی بەرزو نزم بۆنێکی زۆر ناخۆش دەهاتە دەر کاسی کردم.. دەستم لە قەراغی دەرگاکە گیر کرد.. وتم : توخوا با بچم بۆ ئەو دەرگایەی تر، وتیان : نابێت مۆری ئەم دەرگاو ژوورەی لەسەرەو نامەکەش بەدەستی چەپتە سەیرم کرد ڕاست دەکەن لە نوسراوەکە نوسرا بوو ((أشهد أن لاإله إلا الله و أشهد أن (. . .) رسول الله)) ناوی ئەو حزبە نوسرابوو کە من دوای کەوتبووم و شەوو ڕۆژ بە دڵ و گیان کارم بۆ ئەکرد. بەڵام دراوسێکەمان زۆر دیندارێکی باش بوو لە ژوورەکەی نوسرا بوو ((**أشهد أن لاإلـه إلا الله و أشـهد أن محمـد رسـول الله**)).. دڵم داوای ئەوێی دەکرد بەڵام دەستەڵات نەبوو، کردەوەکانم دوری دەخستمەوە.. ویستم نامەکە فڕێ بدەمبۆ دواوە بگەڕێمەوە.بەڵام ئاخ.. چەند دەستم دەکردنەوە بۆئەوەی بکەوێتە خوارەوە.. ناکەوتە خوارەوە.. ڕام ئەوەشاند بێسود بوو.. نزم دەبوەوە بگاتە زەوی کەچی کاتێکم دەزانی بەدەستمدا دەنوسایەوە. خوایە گیان بە قوربانت بم فریام بکەوە.. پۆل پۆل خەڵکی خۆیان دەکرد بەو ژوورانەدا تەنها من سەرپێچیم دەکرد.. وتیشم کاکە گیان بە قوربانت بم خۆ منیش ئاموشۆی ئەوانم ئەکرد.. دەیان بردم بۆ مزگەوت.. خوایە بەفریام بکەوە.. خۆم زۆر ڕاکێشا.. زۆر ماندو بووم.. ناچار بەرەو ئەو ژوورەی کە لێیدەترسام بردیانم یەك پاڵیان پێوەنام کەوتمە ناخۆشتین شوێنەوە.. گڕ.. ئاگر.. دوکەڵ..بەتەواوی کاسیان کردم زۆر پەشیمان بووم کەئەوە جێگەم بوو لە شپرزەیی و بێتاقەتی خۆم سوپاس بۆ خوای گەورە

لە خەو ڕاپەڕیم.. بێدار بوومەوە.. چاوەکانم گلۆفت.. خەو بوو.. بەڵام چۆن خەوێك تا من هەم شتی واناخۆشم نەدیبوو؟!

ئای ئەوەی من دیم خۆزگە هەموو ئەوانەش دمیاندی کە دوور لەپەیامو بیرو بڕوای ئیسلام دەژین.. چەند خولەکێك سەرم خستە نێوان هەردوو دەستمو بەفنجی دانیشتم هەر بیرم دەکردەوە.. خۆم یەکلای کردەوە خۆم گۆڕی بەخێرای.. سەعات ((٢))ی شەو بوو هەویەکەمو چەکەکەم هەلگرت ڕووم لەو بارەگایە کرد کەلەنزیك مالمانەوە بوو.. لەڕێگا بەخۆم وت : پەنجەکانم ئێوە بەرگری گەرمی لولەی تفەنگ ناگرن لەم دنیا ئەی چۆن لەو دنیا بەرگەی ئاگری بلێسەداری دۆزەخ دەگرن... لەدەرگام دا، نیگا بان کردیەوە، وتی کاك (....) خێرە بەم نیوە شەوەو بەم شێوەیە.. هیچ ڕوینداوە.. وتم : کێ لە ژوورەوەیە؟ وتی : کاك (....) بەلام ڕەنگە سەیری تەلەفیزیۆنو(CD) بکات. چوومە ژورەوە.. ڕاستی کرد.. نەنوستبو، چومە پێشەوە لێی وتم : کاك (....) ئەمە چەکەکەم.. ئەمە هەویەکەم.. ئیتر من لەگەڵ ئێوە نابم کارو کردەوەتان باش نییە.. نییەتان لەگەڵ من ناگونجێت.. کاك (....) بە سەرسامییەوە دەیڕوانییە من.. وای ئەزانی شێت بووم.. تەلەفیزۆنەکەی کوژانەوەو.. وتی کاك (....) تێکنەچوویت.. خەیاڵ نیت ... تەواو لەسەر خۆتی..

وتم : بەڵێ.. بەلام تۆبە خوایە لەو کاروبارانەو لە هەموو شتێکی –ئەمانە- ویستم بڕۆم.. کاك (....) توند باڵی گرتم : کاکە عەیبە.. کاکە پێویستمان بە تۆیە، کاکە بڕۆ بەیانی وەرەوە قسەی لێدەکەین!!

بەلام هاتمە دەرەوەو بەبێ چەكو هەویە وەگەڕامەوە ماڵەوە خێرا دەستنوێژێکی پاكو خاوێنم هەلگرت دوو ڕکات نوێژم کرد.. زۆر خۆش بوو بەلامەوە.. دوو ڕکاتی تریش دوو ڕکاتی تریش لەو کاتەوە بەڵێنم بەخوای گەورە داوە کە دوای ((قورئان.. پێغەمبەر.. پەیامی پیرۆز.. پاكو بێگەردی ئیسلام بکەوم.. تەنها خۆم لەودا دیوەتەوە.. هەرچی خوا پێی خۆشەو بەختیاری مرۆفایەتی تیایە کاری بۆ دەکەم.. ئیتر بەسە خراپەو دوور لە خوا ژیان.. سلاو لە پیرۆزی ئیسلام..کەتەواو بوو لەگێڕانەوەی ڕوداوەکە وتم : ئەی لەو ڕۆژەوە کەس نەهاتووە بۆلات؟

وتی : باهاتون.. بەلام بێسودو بەدەستی بەتاڵ گەڕاونەتەوە.. سوپاس بۆ خوای بەخشندە. ((وأعتصموا بحبل الله جميعاً ولا تفرقوا...))

منـــیش ماڵەکـــەم بەجێهێـــشتو ســـۆمای چـــاوەکانم گەشـــانەوە.. ســـودمەندبووم لەهەموڕویەکەوە دڵم پاکبۆوە لەناستیدا.

شینی گوناهبارێک

و:م/ جەمال　　　　　　　　　　دارشتنەوە: م. فاتح محەمەد سەمیع

ئـەوەی ئـەم چـیرۆکەمان بـۆ دەگێڕێتـەوە گـەنجێکی (کـومیتی)یـە کـە خـۆیو بنەماڵەکەی دووچاری کارەساتێکی زۆر پڕ مەترسی کردووە.. ئەمـەش لـە ئـەنجامی دوور کەوتنـەوە لـە بـەها بـەرزو پیرۆزەکـانی ئیـسلامو خۆسـپاردن بـە ئـارەزووە شـەهوانیو شەیتانیەکان کە بەدرێژایی ژیانی مرۆڤەکان جگە لەسەرشۆڕیو پەشیمانی هیـچی تـری بەرهەم نەهێناوە، بە ئومێدی سوود گەیانـدن بەهـەموو لایـەك بەگشتیو خوشكو بـرا لاوەکانمان خێزانەکەمان کە پێك هاتبوو بە تایبەتی لە دایـكو بـاوکم لەگـەڵ سێ بـرای تـر کـە هـەموویان لـە خـۆم بـچوکتر بـوونو خوشـکەکەم کـە نـاوی "س" بـوو، "س"ی خوشـکم سـاڵێك لـە خـۆم گـەورەتر بـوو، ژیـانێکی زۆر خۆشمـان بەسـەر دەبـرد بـاری ئابوریمان زۆر باش بوو خاوەنی (ڤێلایەك)ی خۆشی خۆمـان بـووین، هـیچ کێـشەیەکمان نەبوو.. لەچواری ئامادەیی دەمخوێند، "س"ی خوشکیـشم لـە پـۆلی پێنجـەمی ئامـادەیی بـوو، مـنو "س"ی خوشـکم زیـاد لـە خوشكو برایـەنی وەك دوو هـاوڕێی خۆشەویـست پێکـەوە دەچـووینە قوتابخانـەو زۆر هـاودەمی یـەکتر بـوین.. ماڵـەوەمان مـاڵێکی کـراوەو تێگەیشتوو بوون متمانەیان پێـدەکردین زۆر یـەکتریمان خـۆش دەویـست —خۆزگایـە مـن نەهاتمایەتـە بـوون- چـونکە ئـارامیو شـیرازەی خێـزانێکم شـێواند.. کارەسـاتەکەش بـەم شێوەیە ڕوویدا..

لەسەرەتای خوێندنی ساڵدا بوو (قۆناغی چواری ئامادەیی)، قۆناغێکی نوێیە — هەنـدێك هاوڕێم پەیداکرد، زۆر هاوڕێـیەتیمان پتەو و بەهێز بوو.

ڕۆژانە دەچووینە دەرەوە پیاسەو یاریمان دەکردو جار جارەش دەچـووینە قـەراغ دەریا بۆ مەلەکردن.. بەڵام هەوڵم دەدا کە هاوسەنگی لە نێوان یـاری و چوونە دەرەوە لەگەڵ خوێندن و کۆشش کردنم بۆ قوتابخانە بپارێزم.

ڕۆژێکیان باوکم پرسی: " کوڕم ماوەیەکە دەبینم گۆڕانت بەسەردا هاتووە و چوونە دەرەوەت زۆر بووە"، منیش وتم: " لەگەڵ هاوڕێکانم پیاسەو یاری دەکەین‌و بێخەمبەین لە خوێندنەکەم، چونکە هاوسەنگی تەواو ڕادەگرم‌و فەرامۆشی ناکەم" ، دڵنیام کردەوە و ئەویش متمانەی بە وتەکانم کرد. بەم جۆرە زۆربەی شەوان هەتا نزیکەی یانزەو دوانزەی شەو دەمباینەوە پاشان دەگەڕاینەوە بۆ ماڵەوە.. شەوێکیان لە یانزەی شەو بەدواوە ویستم بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە بەلام یەکێك لە هاوڕێکانم وتی: هێشتا زووە جارێ بانەڕۆینەوە))، منیش وتم: " نەخێر درەنگی کردووەو دەبێت بڕۆینەوە. بەلام هاوڕێکەم ڕازی کردم وتی: "چایەك لێدەنێین‌و دەیخۆین و دەڕۆینەوە.."

منیش ڕازی بووم، کاتێ چایەکە ئامادەبوو پەلەم بوو خێرا خواردمەوە.. بەلام دەسبەجێ بەرچاوم ڕەش بوو چاوەکانم لێڵ بوون خەوم لێکەوت، لە هۆشی خۆم چووم کاتێك هۆشم هاتەوە و چاوم هەڵهێنا سەیر دەکەم کاتژمێر ٤٥ر٢ خولەکی شەوە، گێژو وڕبووم سەرم زۆر قورس بوو، هەر کەسەیری کاتژمێرم کرد دەست بەجێ بە پەلە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، لە زەنگم نەدا بەسەر دیوارەکەدا سەرکەوتم هەتا باوکم‌و دایکم بە خەبەر نەیەن، بەهێواشی چوومە ماڵەوە دەرگاکەم بە ئەسپایی کردەوە. چوومە ژوورەکەی خۆم بەبێ ئەوەی هیچ کەس پێم بزانێت بەلام کاتێك چوومە ژوورەوە "س"ی خوشکم دانیشتبوو ئەژنۆکانی لە باوەش گرتبو.. لەچاوەڕوانی مندابوو وتی: لەکوێ بوویت؟!

وتم: لەگەڵ هاوڕێکانم ماینەوە و نەمان زانیوە ئەوەندە درەنگەو هەرچۆنێك بوو ڕازی بوو قەناعەتی کرد. ئەو چووە ژووری خۆی‌و منیش لەشوێنی خۆم تەخت ڕاکشام ڕۆشنایم ون کردەوە.

بۆ بەیانی کە خەبەرم بویەوە هەستم بە گەرماییەکی زۆر دەکرد لە جەستەو لەشمدا، هەستم دەکرد لەناو کرۆکی جەستەمدا خرۆو ئاڵودە بوونێك دروست بووە، شتێکی گەورزەم لێوون بووە.. بەلام نازانم چیە؟ زۆر نامۆیە، خۆشم نەمدەزانی چییە، بەلام یەکسەر بیری تامی چایەکەی دوێنێ شەوم کەوتەوەو بێوەستان چوومەلای برادەرەکانم‌و پرسیارم لێکردن ووتیان:

((بەڵێ زۆر مەشڵەزێ ئەوە تەنها (کەپسول – گولاج)ێك بوو دوێشەو کردمانە چاکەتەوە هەتا مەست بیت ئاسۆی خەیاڵت فراوان ببێت))، ئینجا زانیم (تلیاك)یان دەرخوارد داوم.. پەلەم لێکردن کە هەرچۆنێك هەیە چایەکی لەو جۆرەم بۆ پەیدا بکەن، وتیان: بەسەر چاو پەلەمەکە تۆ بلێ ئێمە پەیدای دەکەین.. ئێمە هاوڕێتین هاوڕێ.. یەکێکیان ووتی: بەشەرەفم لەبنی ئەرز بێت پەیدای دەکەم.. خێرا بۆیان ئامادەکردم و دایان نا خێرا خواردمەوە، ئەم دنیایەم لەلابوو بە چەرمە چۆلەکە بەلام کاتێك بە کەپسولەوە خواردمەوە یەکسەر حەسامەوەو دیسانەوە خەونێکی قووڵ یەخەی پێگرتم..

دوایی زانیم کە ئەو ((گولاجە)) ماددەی هێرۆینی تێکرابوو، بە تەواوی وابەستە (مدمین)ی مادده سرکەرەکان بووم لە سەرەتادا خۆم لە هاوڕێکانم توورە کرد بۆچی منتان تووشی ئەم پەتا کوشندەو گاعونە نەفرین لێکراوە کرد.

ئەوانیش لێم بوون بە فریاد ڕەس وتیان: سەغڵەت مەبە هەچ کاتێك ویستت وەرە بەبرێ پارەی کەم بۆت پەیدا دەکەین، ئەمە زۆر ئاساییەو بۆچی لەخۆتی ئەکەیتە کێشە، بابە زۆر کەسی گەورە و دەوڵەمەندو سیاسەت مەدار تلیاك کێشن خەفەت مەخۆ!..

منیش قەناعەتم کردو ڕازی بوومو بڕیارم دا بەردەوام بم، بەم جۆرە بە تەواوی ((ئاڵودە – مدمین)) بووم. پاش ئەوەی زانیان بە تەواوی چوومتە خوێنمەوە، ناتوانم دەست بەرداری ببم بە بیانوی جۆراو جۆر ئەو کەپسولەیان لەسەر گران دەکردم بەڕادەیەك نەتوانم بیکڕمو بەشم نەکات ناچار کەوتمە دزی کردن لە باوکم، کە ئەوسا زۆر ئەستەم بوو بەلامەوە کاری وابکەم، بەڵام ئێستا سانابووە لەلام پاشان دزی لە دایکمو تەنانەت لە "س"ی خوشکیشم، پارەکەم دەبرد بۆ کابرای تلیاك فرۆشو قاچاغچی، جەستەو لارم زۆر لاوازبوو بەڕادەیەك عەلاگەیەکی چەند کیلۆییم بۆ هەڵنەدەگیرا. بەتەواوی لە خوێندن دوا کەوتم لە پۆلی چوار دووساڵ مامەوەو "س" چووە شەشو پاشان لەیەکی پەیمانگا بە دڵێکی پڕ لە هیواوە دەوامی دەکرد. ئەوەندەم درۆ لەگەڵ دیاکو باوکم کردو هەتا متمانەم لەدەستدا بەتەواوی فەرامۆش –ئیهمال-یان کردم بەڵام بەهیچ جۆرێك بە تلیاك کێشی منیان نەدەزانی.

زۆربەی شەوەکان بەدزی باوکمەوە درەنگ دەهاتمەوە تا شەوێکیان کە گەڕامەوە "س" دیسان چاوەڕوانی دەکردم کاتێك چوومە ژوورەوە ئەویش هاتە ژورەوە و باسی ژیانی منو خۆی بۆ کردم کە لە منداڵیەوە چەند پێکەوە بووین چەندین گەشتو سەردانمان بەیەکەوە کردووە. چۆن هەڵگری ڕازو نیازی یەکتربووین.. چۆن وەکو دوو هاوڕێ وابووین.

خوشکەکەم وتی: ئێستا پێم بڵێ کێشەت چیە؟ بۆ وات بەسەر هاتووە، کێشت بە تەواوی دابەزیوە، ڕەنگت زەرد بووە، بۆچی هەمیشە کەنار گیریت؟! کێوای لێکردویت، کێشەت چییە؟ من هاوکاریت دەکەمو کارت بۆ ئاسان دەکەم!! لای هیچ کەس باسی ناکەم.. منیش بەر پەرچم دایەوە کە هیچ گرفتێکم نیە بەڵام سوودی نەبوو پاشان قەناعەتم کرد کێشە ((موشکلە)) کەمی بۆ باس بکەم، بەتایبەتی پاش ئەوەی کەهەڕەشەی ئەوەی لێکردم کە هەموو شتێك بەباوکم دەڵێت لەدرەنگ هاتنەوەی شەوو هەمووی باس دەکات بۆ باوکم.

ناچار بووم باسیبکەم بەڵام دایکم خۆی کرد بەژوورداو "س"ی لەگەڵ خۆی برد، وتی: درەنگە ڕۆڵە بخەون، ((خۆزگە دایکم لەوکاتەدا نەهاتایە ژوورەوە))، بەڵام "س"ی خوشکم بە ئاماژە بۆ کردنێك تێیگەیاندم کە سوورە لەسەر قسەکانیو دەبێت سبەینێ بۆی بگێڕمەوە، منیش پەیمانم دایە کە بۆی باس بکەم. بۆ بەیانی زوو لەماڵ دەرچوومو خۆم گەیاندە برادەرەکانم بۆ وەرگرتنی بڕێکی تر لە ژەمە تلیاکی ڕۆژانەم.. بەڵێ ڕۆژانەم، لەوێ لەناو هاوڕێ ناپاکەکانمدا ڕووداوەکەی "س"ی خوشکم گێڕایەوە.. بەڵام ئەوان خێرا ڕەنگیان گۆڕاو توڕەبوونو هەڕەشەیان لێکردم کە نابێت ئەو ڕازە بدرکێنم، منیش ڕازی بووم بەڵام تازە شتێکم لەلای "س"ی خوشکم درکاندوە چیبکەم؟!.

وتیان زۆر ئاسانە، ئەویش بێنە ناو کۆمەڵەکەمانەوە خۆ لەئێمە زیاتر نییە.. ئێمەش خوشکمان هەیەو تلیاك کێشە.. هەر کەوایان وت زۆر توڕەبووم گیانم کەوتە لەرزین وەخت بوو بەزەویدا بکەوم، کەوتمە شەڕ لەگەڵیان، بەڵام ئەوان وتیان: ئێمە لەبەر تۆ دەڵێین، پەیمانیشت دەدەمینێ بە خۆڕایی تلیاك دەدەمینە تۆشو "س"ی خوشکیشت هەر کاتێکیش ویستمان ڕێگە زۆرە بۆ وازهێنان لە تلیاك پێویست ناکات

خۆت تورە بکەیت، بەم قسەو وتانە جارێکی تر فریوم خوارد، نازانم تلیاك و مادە سڕکەرەکان بۆچی ڕاو قەناعەتو بیرو باوەڕ دەشواتەوەو دەبێتە نێچیری هەموو ڕاوچیەك؟! ((کەپسول))ێکم بۆ "س"ی خوشکم هێنایەوە.

کە گەڕامەوە سەیر دەکەم "س" چاوەڕێمە زۆر پەلەیەتی بزانێ ئەو مەسەلەیە چییە کە لە منی حەشارداوە؟!، خوشکەکەم دەستی خستە سەرشانمو بەیەکەوە دانیشتین، بەڕووە خۆشەکەی وتی: " دەی بۆم باس بکە بزانم کێشەکەت چییە؟"

وتم: " تۆ بڕۆ چایەك ئامادەکەو وەرەوە باسی دەکەین."

وتی: بەسەر چاو برا ئازیزەکەم، من ئارامم لێبڕاوە تۆ گرفتێکت هەبێتو لەمنی بشاریتەوە!!." ئەو چوو بەلای ئامادەکردنی چاکەوە منیش لەوکاتەدا بیرم دەکردەوە لە کارەکەم لەدڵی خۆما وتم: ((ئاخر ئەم خوشکە دڵسۆزو بەرەحمەم بۆچی توشی ئەم نەخۆشیەی من ببێت.. گوناهی چیە، من پیاوم باشترە بەلام ئەو... ئەو ئافرەتە کارەساتی لەدوایە، ئاخر بۆچی ناتوانم بڕیارێکی ئازایانە، پیاوانە، موسڵمانانە.. مرۆڤانە بدەم بڵێم نەخێر خوشکەکەم توشت ناکەم، بەلام دیاربوو مادە سڕکەرەکان بڕیاری هەرزوو لە دەستی منا نەهێلابوو.. لە دڵی خۆمدا وتم: یەك جارە دایی بەیەکەوە بڕیاری واز لێهێنانی دەهێنین. یا جارێ ئەم مەسەلەی لەبیر ببەمەوە تالای باوکمو دایکم ئاشکرام نەکات ئیتر دوایی هەموو شتێك ئاسانە.. بڕیارم دا کە دەبێت تلیاکی بدەمێ لە هەمان کاتیشدا خەمێکی قووڵ سەری کردو چاوەکانم بۆ خوشکەکەم پڕبوو لە فرمێسك، "س" چاکانی هێناو داینا سەیری کردم خێرا نزیك بوویەوە لێم و وتی: " برام هەموو کەس توشی گرفت و نەهامەتی دەبێت لە ژیان دا نابێت بەو جۆرە ورە بەربدەیتو ئەژنۆت بشکێت)).

فرمێسکەکانی بۆ سڕیم، ئەو دوو دەستە زۆر جیاواز بوو، دەستی ئەو فرمێسکی منی دەسڕی، دەستی منیش ژیانی ئەوی سڕی..

بەزۆر زەردەخەنەیەکم بۆ کردو وتم: هیچ نییە.. بەبێ زەحمەت کەمێك ئاو بهێنە، وتی: بەسەر چاو. خێرا چوو ئاو بهێنێت، هەتا هاتەوە ((کەپسولەکەم)) بۆ کردە چاییەکەیەوە، کە هاتەوە سوپاسم کرد، بەچاوی بەزەییەوە سەیری ئەو

سەربڕنەم دەکرد من ئاوەکەم خواردەوەو ئەویش دەستی برد بۆ پیاڵەکەی خۆی کە لەبەردەمی بوو خواردیەوە، زۆر کەمی پێچوو هیچ خۆی بۆ ڕانەگیرا خێرا هات بەلاداو لەهۆشخۆی چوو، پیاڵەکەی دەستی کەوت و شکا، زۆر شڵەژام هەرچۆنێك بوو ڕامکێشا بۆ ژوورەکەی خۆی، دامپۆشی و بەخێرایی پیاڵە شکاوەکەم کۆکردەوەو بەدزییەوە بەو درەنگە بۆی دەرچووم، وتم: ((ئەگەر بەم شێوەیە دایکم و باوکم پێبزانن ئەوە منیش دەکوژن و تەسلیم بە پۆلیسم دەکەن بەلای کەمەوە))، لەبەر ئەوە سبەی شەویش نەگەڕامەوە، پاش تێپەڕبوونی دوو شەو بەسەر ڕووداوەکەدا گەڕامەوە کە چوومە ژوورەوە سەیر دەکەم دیسان "س"ی خوشکم بە چاوێکی کزو گڕگرتوو بۆ تلیاك چاوەڕێیە یەکسەر وتی: لەو شتەم بۆ پەیدا بکە کە کردبووتە ناو چاکەمەوە.. ئەگینا باوکم و دایکم ئاگادار دەکەم)).

وتم: باشە.. باشە.. بەڵام قسەمەکە هەر ئێستا دەچم بۆت پەیدا دەکەم بەڵام قسە لەلای کەس نەکەیت!! وتی: باشە بەمەرجێك هەر ئێستا بۆم پەیدا بکەیت.

خێرا بۆی دەرچووم خۆشم سەرم دەیەشاو وڕبووبووم پێویستم پێی بوو، گەیشتمە لای هاوڕێکانم.. ڕووداوەکەم بۆ هاوڕێ..چۆن هاوڕێیەك گێڕایەوە.. یەکسەر بۆی هێنام و گەڕامەوە دام بە "س". حاڵ بەمەشەوە نەوەستا تا ئەوەندە لەسەریان گران کردین بەهیچ جۆرێك لە توانامانەدا نەما کە بیکڕین ڕۆژێکیان ڕۆشتمەوە بۆ ماڵەوە.. دەبینم "س"ی خوشکم حاڵی زۆر شڕە زۆر بێتاقەتە کرژ بووە.. ئارامی لێبڕاوە، وتی: چیت کرد بۆت هێنام (لەم کاتەدا لەسەر جرپاکەی هەستاو کەوت بە زەویدا) هەستایەوەو قیژاندی دەستی کردە گریان.. چۆن گریانێك خۆمم بیرچۆوە، هەرچۆنێك بێت لە ترسی دایکم و باوکم بێدەنگم کرد، باشە چی بکەم؟! وتم بەخوا پارەم هیچ پێنەماوەو ئەو نەفرەت لێکراوانەش بەبێ بەرامبەر نایدەن هەر ئەوەندەیە هەتا توشت دەکەن ئیتر نرخەکەی دەبەنە ئاسمان!!.

"س" وتی: من ئەمانە نازانم ((دەستی لە یەخەم گیرکردو خۆی هەستانەوە)) وتی: ئەگەر نەیهێنی خۆم دەکوژم.. تێگەیشتی.

زۆر زۆر شڵەژام وتم: بەخوا بۆت پەیدا دەکەم بەڵام با باوکم و دایکم نەزانن،

ئیتر نازانم چەند وشەیەکی وت حاڵی نەبووم نازانم ئەو دەنگی نزم بوویان شپرزەیی حاڵی من خراپتر بوو بۆیە حاڵی نەبووم بە شپرزەیی ڕاکردنێکی لاوازانەم کرد خۆم کێشا بەو ئینجانە جوانەی کە کاتی خۆی پوورم بەدیاری بۆ "س"ی خوشمی هێنابوو بە بۆنەی بەیەکەم دەرچوونی لە قوتابخانە، بەڵام ئێستا "س"ی خوشکم قۆناغی یەکەمی پەیمانگای بۆ نەبڕا ئەویش وەك من بەر زریان و شەپۆلی تاوان کەوت و هەرەسی هێناو کەوت. هەرچۆن بێت گەیشتمە تلیاك فرۆش، تکام لێکرد بۆ خۆم نا بۆ "س"ی خوشکم هەتا کار لەکار نەترازاوە، بەڵام ئەو تاوانبارە خۆی بۆ ئەو ڕۆژە مەڵاس دابوو، وتی: گوێ بگرە بەقەرزو و بەخێرو ئەم جۆرە شتانە لەلای من نییە، بەیەك مەرج دەتدەمێ.. تۆزێك وەستا وتی: بە مەرجێك یەکجار "س"م بۆ بێنیت تەنها یەك جارو تەواو.. تەنها جارێك لەگەڵی ڕابوێرم، ئیتر وەکو جاران بە خۆڕایی بۆ خۆت و بۆ خوشکەکەت کەی بتانەوێت دەتوانن بیبەن!)).

کەوای وت بەلاوازیەکەی خۆمەوە کەوتمە لێدان و پێداکێشانی بەڵام زۆر زوو هیلاك بووم و کەوتم سەرم هەڵبڕی جوێنی زۆرم پێ.. سەرزەنشتم زۆر کرد، ئەو لە شوێنی خۆی نەجولا. وتی: " بابە تۆ بەخۆڕایی خۆت ماندوو تورە دەکەی بەخۆی بڵێ ئەگەر ڕازی بوو ئیتر تۆ تاوانبار نیت؟!."

بەسەر شۆڕییەوە گەڕامەوە خێرا "س" هات و چاوەڕوانی دەکردم وتی: کوا هێنات؟ منیش نەمزانی چی پێبڵێم چۆن شتێکی پێبڵێم کە بست ساڵی تەمەنم نەهاتوە بەزمانمدا، بە ناچاری بەبێئەوەی سەر هەڵبڕم وتم: کابرای تلیاك فرۆش داوای ڕابوارن لەگەڵ تۆ دەکات! نازانم تۆ خۆت دەڵێی چی؟!.

ئەوەی کە نەمدەخواست وابێت و نەدەبوو ببێت ڕوویدا "س" یەکسەر وتی: بۆ هەموو شتێك ئامادەم، ئیتر ڕۆیشتین من لەپێشەوەو "س" بەدووراو دوور هات بەدوامدا تا گەیشتینە بەردەم شوقەی کابرا.. چوینە ژوورەوە، بەڵام دوو مرۆڤ دیل و لەقەفەس نراو بەخێرهاتنێکی گەرمی لێکردین، بەمنی وت، بڕۆ یەك سەعاتی تر بێرەوە، پاش سەعاتەکە چوومەوە، لەحاڵێکی زۆر خراپدا داوام لە "س" کرد کە بڕۆینەوە، ئەویش لەگەڵم هاتەوە، هەر دووکما بێدەنگ دەتوت فێری قسە نەبووین.. هەنگاو بەهەنگاو شەقام.. کۆشکەکان.. تاۆری کارەبا نەفرینیان لێدەکردم. تومەس کابرا، هەموو ئەدرەس

(ناونیشان)و ژمارەی تەلەفونی خۆی داوە بە "س"، ئیتر "س" تەنها ئەو جارە لەگەڵ من چوو لەوەودوا خۆی دەچوو بۆ لای کابارو بەتەواوی دەستی لەخۆی شۆرد.. بەڵام تا ئێستاش نە دایکم و نەباوکم ئاگایان لەهیچ نهێنیەکمان نیە، بەزەییم بەواندا دەهاتەوە کە منو "س" تەنها بەڕواڵەت لەو دنیایەی ئەواندا مابوینەوە ئەگینا لەڕاستیدا لەناو تاوانو سەرپێچیو خراپەکاریدا نوقم بووبووین.

ڕۆژێکیان لەماڵەوە بووین.. ئاگانامەیەکی پۆلیسمان بۆ هات کە (کچەکەتان لەگەڵ پیاوێکدا لە ئۆتومبیلێکدا وەرگەڕاونو مردون لەکاتێکدا کە هەردووکیان سەرخۆش مادە سرکەرەکان بوون) لەگەڵ بیستنی هەواڵەکە منو باوکم و خێزانەکەمان خۆمان گەیاندە سەر جەنازەکانیان، کابرای تلیاک فرۆش و "س"ی خوشکم بوو، هەواڵێکی وا جەرگ برو ئابڕوو تکێن بۆ باوکم هەرگیز نەدەهات بەخەیاڵیدا، دەست بەجێ لەوێدا کەوتو گیانی سپارد، باوکم مرد، کارەساتەکە لێرەدایە کە دایکمو براکانم نازانن کە من هۆکاری سەرەکی ئەم ڕووداوەم هەر لەبەر ئەوەشە ناوێرم هەواڵی ئەو تۆڕە تلیاک فرۆشە بە پۆلیسو دەسگا بەرپرسەان بگەیەنم، چونکە یەکسەر منیش تووش دەکەنو هەموو کارەساتەکە بۆ دایکمو کەسوکارم ڕوون دەبێتەوە، ئەو کاتە ماڵەکەمان بەگشتی دەبێتە دۆزەخێکی ڕاستەقینە. ئێستا دوای ئەوەی بە چەند قۆناغێکی چارەسەریدا تێپەڕیومو ڕۆشتم زۆر گران بوو بەڵام چاك بومەتەوەو وازم لەو ژارە کوشندەیە هێناوە بەڵام پاش چی من خۆم فەوتان خێزانەکەم هەڵوەشاند.. ئابڕوویانم بدر.. حەیام تکاند. "س"ی خوشکم و باوکم کوشت، دایکیشم پاش ئەم ڕووداوە (ڤێلاکە)ی فرۆشت و شوقەیەکی کۆنی ناخۆشی پێکڕی.

ئێستاش من بێهێزو بێتوانامو ناتوانم کارێك بکەم چونکە ئێستا من گەورەی ئەو خێزانەم، من دەزانم ئێستا نەفرەت لێکراوم نامەوێت دۆعای خێر بۆ من بکەن.. بەڵکو دۆعاو نزای خێر بۆ "س"ی خوشکم بکەن ئەو بێتاون بوو من تووشم کرد، دۆعاو نزای بۆ بکەن کە خوای گەورە لێیخۆش ببێتو بە شەهید قبوڵی بکات لەبەر ئەوە زۆر پاكو دڵسۆز بوو بەڵام دەستی تاوانو خراپەی من ئەوی لەو هەڵدێرەنا تەنها دەروازەی باسکردنی من بۆ ئەم کارەساتەی خێزانەکەم (ئەنتەرنێتە) تۆ بڵێی باسکردنی لەم ڕێگەیەوە سارێژی کەمێك لە زامەکانم بکات. بەڵام هەرگیز بڕوا ناکەم،

چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکەم کە یان خۆم یان بەڕێگەیەك لە ڕێگەکان پێم دزانرێت.. ئەو کاتە بێبەش دەبم لە ڕەحمی هەموو دنیا.. داوا دەکەم خوای گەورە ڕووی ڕەحمم تێبکات.. بەڵام دڵنیام لە قیامەتدا "س"ی خوشکم پێش هەموو کەس یەخەم دەگرێت.. یەخەم دەگرێت. ئێستا پێش ئەوەی لەسەر ئەنتەرنێت هەستم بە چاوی پڕ لە فرمێسکاویەوە ئاواتمە بمرم و هەڵنەستمەوە.. بەڵام نازانم مردن بەدەستی ئێمە نییەو .. ڕووم لە لێخۆشبونی خوایە..

بەڕێزان: دایکان باوکان.. لاوان چ خوشك چ برا.. زۆر وریایی ژەهری مادە سڕەکان و شەوەزەنگی دەستی بێڕوناکیان بن.. دەغیلە ئامان.. وریا بن وریا.

٢٨/تەمموز/٢٠٠٢

کۆرپەیەکی گەرمیان

ڕۆڵەکانی گەلی کورد وەك هەموو ڕۆڵەکانی گەلی عەرەبو فارسو تورك توشی نائارامیو دڵەڕاوکێو سەرگەردانیو کوشت کوشتار بۆتەوە بە دەستی ئەندامانی (حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی)یەوە.

کەم تا زۆر تا گیان بەخشینو نقوم بوون لە گێژاوی ئەو حزبەدا هاتووە. چەند ڕوداوێك دەخەینە بەر سۆمای چاوە گەشە پڕ هیواکانتان بەو هیوایەی تاوانی ئەو کەسەو ئەو حزبە دژ بە مرۆڤایەتییەمان بیر نەچێتەو، گەرچی ئێمە سروشتی ژیانمان وەهایە.. کە گەیشتینە خۆشیو ئارامی ئیتر هەموو ناخۆشیو نائاسودەییەکانمان لێبزردەبێتو بەشوێن ئارامیو خۆشی دنیادا زیاتر دەگەڕێین، خۆمانو ساتە پڕ ئەندێشەو حەسرەتەکانمان یاد دەچێتەوە.

بەڕێزان بەخێرایی ئاوڕێك لەناو شار دەدەینەوە.. ئەوە ماڵی باوکی شەهیدێکە کە لەناوەختدا گورگەکانی بەعس هەڵیان کوتاوەتە سەریانو کوڕە لاوەکەیان بردووە.. پاش هەفتەیەکخانوەکەیان ڕوخاندوونو پارەی فیشەکەکانیشیان لە باوکی جەرگ سوتاوی سەندۆتەوە.. لاشەکەشی تا ئەم ساتە ونە.. بەڵێ ونە.

ئەوە ئەو دوو ئەوجەوانەن کە لەسەر کڵکۆی دایکیان فرمێسك دادەڕێژن چونکە دایکیان ئامادە نەبوون نهێنیەکانی مێردەکەی بدرکێنێ بۆیە گیانی پاکی سپاردو ڕۆحی پەپولە ئاسای لە بەرزەخدا وەنەوز دەدات. ئەوە ئاهی دایکێکی پرچ سپیە بە فرینەکانە ئەمڕۆ پیرۆزبایی لە دایکی هەموو شەهیدەکانی ئەتەوە دەکات کە جەرگی (ساجیدە) بووە جەرگی ئەوان..

ئەوە هەنیسكو حەسرەتی خوشکەکانی (تەهایە)، ئەمرۆ ئارام دەگرێت لەگەڵ خوشکی شەهیدەکانی تردا، چونکە (حەلە) هەنیسك دەداتو براڕۆ دەکات، ئەم زامانەو چەندینی تر تا ئێستاش ساڕێژ نەبووە.. پێناچێت ساڕێژ بێت. ئەوەش گوندەکانی گەرمیانە وەك هەموو گوندەکانی تری کوردستانی باشوور تووشی کۆچو کیمیا بارانو ڕامالین بووە..

هەر گوندەو بەشێوەیەك.. دێیەك بە خۆشی، دێیەك بە ناخۆشی، دێیەك بەگرتنی ئەندامانی.. دێیەك بەکیمیاباران کە لە دەرەوەی وڵات ئەو ژەهرە بەخشرابووە ڕژێمی وەخت لە پێناو چۆرە نەوتێکدا -پترۆڵ- وەرن لەگەڵم ئەوە سەرۆکی وەخت (سەدام حسین)ە لە کۆشکی کۆماریدا بە هەموو سەربازو خاوەن پلەو پایەکانی کۆکردۆتەوە بەمەبەستی خەڵات کردنیانو بەخشینی ((**نوط الشجاعة و ویسامی رافیدەین**...)) کەناڵەکەی بەغداد و کەرکوك وێنە دەگرن خەڵکی لەماڵەکانی خۆیانەوە سەرنج دەدەن.. ئای لەو شەوگارانە.. ئای لەو ساڵانە.. پاش بەخشینی، سەرۆك گەڕایەوە سەر کورسیەکەی خۆیو دانیشت، فەرموی لێکردن بۆ دانیشتن هەموو دانیشتن، ڕووی تێکردن ووتی:

((ها بزانم هەریەکەو ڕوداوێکی ئەو ڕۆژانەم بۆ وەگێڕێت کە دیویەتی.. پاشان یەکە یەکە هەڵدەستان لەبەردەم (لاقیتەیەکی) بەرزدا دەستیان دەکردە گێڕانەوەی ڕووداوەکان – ئەمەش پاش ڕێزو سوپاسو خۆشەویستی دەربڕین بۆ سەرۆكو حزمبە پایەدارەکەیو سوپا بەهێزەکەی..

یەکێك لە خاوەن (مەدالیا)کە سەربازێکی پلەداری لاشە باریك بوو هەستاو دەستی کردە گێڕانەوەی ئەو پاڵەوانێتیەی کە لەو ناوەدا -گەرمیان- ئەنجامی دابوو، کە بەناو (ئەنفال) بوو -بەڕێزان بۆ ناشرین کردنی ڕابونی ئیسلامی کارو کردەوەکانیان ناوی شەڕەکانی بەناوی صەحابە، سورەتی قورئان، کەسایەتی ئیسلامی، ناودەناو شانازی پێوە دەکرد، وادەی نیوەڕۆ بوو بە ناو دێیەکی چۆڵدا تێدەپەڕیم هەرچی ناوی (بەنی ئادەم) بێت تیای نەمابوو.. ڕۆژانی ڕابردوو ناو بەناو دەنگی گیان لەبەران دەهات بەڵام ئەمەش یەك ماوەی کورتی خایاند.. سەربازەکانمان لەناویان بردن..

بە کۆلانێکی باریکدا گوزەرم کرد.. پەنجەم لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکەم بوو دڵم بەهێمنی لێیدەدا لەهیچ شتێك سامم نەدەکرد تەنیا خۆم لەناخەوە دەترسام .. گیانی خۆم خستبووە سەر بەری دەستم لەناکاو دەنگی منداڵێك هاتە بەر گوێم .. دەگریا .. سەرەتا وتم: هیچ نییە گوێم زرنگاوەتەوە . بەلام گریانەکە ناوبەناو هەر دەهات ؛ ژیر دەبۆوە منیش بەترسەوە لەسەرچاوەی دەنگەکە نزیك بوومەوە بە ئاستەم هەنگاوم دەنا.. تەنها دەنگی چرپەی ئەو وشکە گەلاو چیلکانە دەهات کە لەژێر پۆستاڵە ڕەشەکانمدا دەشکان.

زۆر ترسام.. چەند خەیاڵێکم بۆ هات.. بەلام ترسم ئەوەندە نەبوو کەچی ڕوودەدا.. چونکە سەربازەکە چەکی پێبو خۆی زۆر بەگەورەو خاوەن هێز دەزانێت.. نزیك بوومەوە.. تەواو نزیك بومەوە دەنگی گریانی منداڵێکی ساوا بوو.. بە ئاستەم گەیشتمە ئاستی ژوورەکە، خانووەکە حەوشەو دەرگای دەرەوەی نەبوو بەهێمنی ملێکم درێژکرد لە پەنجەرەکەوە.. هیچی وام نەبینی شایانی گوللە ئاراستەکردن بێت. چەند هەنگاوێکی تر ڕۆشتم گەیشتمە دەرگای ژوورەکە سەیرم کرد ماڵ کش و مات.. هەنگاوم نا گەیشتمە ناوەڕاستی ژوورەکە چاوم گێڕا.. تەواوە.. ئەمە منداڵێکە و لەناو لانکێکدایە —بێشکە- جوان دابەستراوە.. ئەو کاتانەی دەگریا.. نازانم بۆچی بەلام ئەوکاتانەی ژیر دەبۆوە مەچەکە نەرمەکانی کە زەنگیانەی شینی تیابوو درێژی دەکرد بۆ ئەو گەڵوازمیەی بە بێشکەکەوە هەڵواسرابوو.. نەخش و نیگارێکی جوان و دەسرازەو سەرسنگ و قەراغ بێشکەکەی بۆ ڕازێنرابۆوە.. چاوم زۆر گێڕا بەماڵەکەدا لە سوچێکی ئەو ماڵەدا وێنەی ژنێکی جوان لەگەڵ پیاوێکی خوێن گەرمی جامانە بەسەری لاودا هەڵواسرابوو.. دیار بوو ئەمە نۆماڵبوون.. چونکە ماڵ سادەبوو.. ئەوەش لە نۆبەرەیان دەچوو.. بەلام نازانم چۆن لێیان بەجێمابوو.. ئەی چۆن لە برساندا نەمردبوو.. لە تاقێکی پەنجەرەکەدا.. قوتوە شیرم بینی لەگەڵ مەمکە وشکەو بابەتی شیری منداڵ.. زیاتر چاوم گێڕا.. منداڵ بە بینینی من زۆر کەیف خۆش بوو کە سەیرم دەکرد دەمەپانەکەی بۆم پێدەکەنی کە ڕووم لێوەردەگێڕا لچی دەکرد چاوە ڕەشەکانی بۆم دەگریان و پڕدەبوون لە فرمێسك —ئای ئەمە چ دڵێکە.. ئەم کەسانەی ئاوا لێك هەڵوەشاندووە.

ترسام لە دڵی خۆمدا وتم: ئێستا لەم کاتەدا سەرۆك بێت من ببینێ کاری خراپ ڕوودەدات. بڕیارم دا بچمە دەرەوە لە ژوورەکەو لە ماڵەکە دوور بکەومەوە. بەڵام ئەی ئەم منداڵە.. بەدواما دەگری بەدەستە نەرمۆڵەکانی داوای دەرهێنانی دەکرد.. حەزم کرد بزانم برسیەتی یان نا بە ئاستەم لولەی تفەنگەکەم خستە ناو دەمی منداڵەکەوە.. منداڵ مژی.. زۆر مژی دەمی لێبەرنەدابەهیوای تەڕایی بوو بچێتە گەروی وشکیەوە.. دیار بوو زۆر برسی بوو.. ئای کە بیرم کردەوە برسێتی چەند ناخۆشە..

منداڵ دەمی لە لولەی تفەنگەکە بەرنەداو منیش پەلەم بوو بگەڕێمەوە خۆم لەم تەنگەژەیە ڕزگار بکەم لولەی تفەنگەکەم دەرهانی لەدەمی، منداڵ دەستی کردە گڕوگاڵ.. تۆزێك سەیرم کرد ئەویش لە بێدەستەلاتیدا دایەوە گریان.. خەیاڵێکی تر هات بە مێشکمدا جیاواز لە خەیاڵەکانی تر، لولەی تفەنگەکەم خستەوە دەمی، لەگریان وەستا ژێر بۆوە چاوەکانی گەشانەوە فرمێسکەکان قەتیسم مابوون دەبریسکانەوە.. بەڵام پەنجەی ڕاستی پڕ هێزم لە پەلەپیتکەی تفەنگ توند کرد. زرمە لە تەوقی سەری منداڵە کۆرپەکەوە هەستا بەدەستی کێ بە دەستی من.. گریان ئەما پرژە خوێن و تەپوتۆزی ژوورەکە ئاوێتە بوون مێشك و گۆشت و خوێن لەو ناوە پژان بوو.. منیش بە ئاسودەی هاتمە دەرەوە.

بەڕێزان دوا هەناسە.. دوا هەنیسك، دوا ئاواتی ئەو منداڵە وەك مەلێکی سپی لە ئاسمانی گەرمیاندا بەرزبۆوە لە هەورەکانەوە بۆ زەوی دەنیشتەوە پاش گەڕان بۆ قولایی ئاسمان لە شەقەی باڵی دەدایەوە، لەدوا وتەکانیدا وتی: ئای سەرۆك زۆر ئاسودە بووم.. چونکە ئەمە گەورەبووایە (موخەریب —پێشمەرگە) دەردەچوو، ئەمە گەورە بووایە دژی حزب و دژی تۆ دەبوو.

سەرۆك (سەدام)ی گۆڕ بەگۆڕ چەپڵەیەکی بۆ لێدا بانگی کردە پێش دەستی کێشا بەشانیداو دەست خۆشی لێکرد.. بەڵام چاوی کامێرا هەندێك لەسەربازە دانیشتوەکانی ناو هۆڵەکەی پیشاندا کە بە دەستەسڕەکانیان چاوەکانیان دەسڕی.. تۆ بڵێی فرمێسکی تمساحی نەبوبێت.

مژدەی پێغەمبەر یونس

چەند مانگێك دەبوو لە بەندیخانەی حکومەتی بەعسی ئەفلەقىدا گیرابووم لە رووناکی خۆر بەندو بێبەش بووم بەتاوانی کە خۆشم نامزانی چیە؟!.

ئەوە چەند شەوێکە لێدان‌و کوشتن‌و برین بەشی هەمووانە (تعزیب) ئەو لێدانەی کە کەس بەخەیاڵیدا نەدەهات.. رۆژنا رۆژێ نەرمییان لەگەڵ دەنوانین.. دەزانن بۆ؟ بۆ ئەوەی لەرێگەی وتووێژو خۆشییەوە نهێنی بدرکێنین.. ئەو نەرمییەش ئەوەندەیان رێز لێدەگرتی پیاو تەریق دەبۆوە.. هەرنات وت ئەو پیاو کوژانەن.. کە بێهیوا دەبوون دەیان بردین بۆ لێدان.. پاش تەوابوونی لێدان فرێدەدراینەوە ناو ژووری پشوو -بڕوا بکەن گوێنیەکی بێکەڵکی پەڕپوت چەندە رێزی هەیە ئێمەش بەو شێوەیە.

زۆر لە هاورێیانی زیندان دڵخۆشی یەکترمان دەدایەوە.. خەومان بەژیانی دەرەوەی زیندانەوە دەبینی دەمێکە وتویانە هاورێیەتی (نەخۆشخانە، بەندیخانە، سەرفەری غەریبی) زۆر خۆشەویستن، چونکە لەو تەنگانەو تەنگەژانەدا بە دەورتەوەن‌و هاوغەم‌و سکاڵاتن.

ئەو رۆژە زۆر ئازاردرام بۆ دووەم جار نینۆکەکانم دەرهاتنەوە.. کارەبا لاشەمیان بەسەر کردبۆوە.. بەڵام هەر سوپاسی خوام دەکرد کە بە نارەحەت تر نەگەم بەو ئایەتە پیرۆزە سەبوری خۆم دەدا (لا تقنطوا مِنْ رحمةِ الله) بۆ شەوەکەی بەهەج هیلاکییەك بێت نوستم و خۆشم نەمزانی لەتاو ئازار چۆن خەوم لێکەوت لە قوڵایی خەودا بووم ... لە خەومدا راکشابووم پیاوێکی باڵابەرزی سەرتاپا سپی و روویەکی گەشاوە و نورانی هاتە لامەوە و وتی: تۆ (...)؟ وتم: بەڵێ قوربان ئەی تۆ کێیت... ئەی ئەم گیان لەبەرانە چین لەگەڵتدا؟ لە خەوەکەمدا کۆمەڵێ ((نەهەنگی گەورە گەورە (حوت)ی لە دەوربوو فەرمووی: کاکە.. باوەرت پتەو بێت.. نهێنی نەدرکێنی.. هیچ

خەمیشت نەبێت پشت بەخوا لەم نزیکانە تۆ ڕزگارت دەبێت بەڵام تا دەتوانیت لەگەڵما ئەمە بڵێرەوە منیش (نبی یونس)م: (**لا إله إلا أنت سبحنك إني كنتُ من الظالمين**،)).

منیش چەند جارێکم لە دوایەوە دوبارەم کردەوە وتم.. وتم ئەویش لەبەر چاوم ون بوو لەگەڵ نەهەنگەکان دیار نەما، منیش چەند جارێ بە بەردەوام دەم وتو دەم وتەوە هەستم دەکرد بەدەنگی بەرز دەیڵێمەوە، لە پڕ ڕاپەڕیم کە سەیر دەکەم ئەمە خەوە هەموو برادەرەکانم بە ژوور سەرمەوە ئەبڵەق بوون.

منیش وتم: ئەوە چیە هیچ ڕوویداوە؟

وتیان: شتێکی واو وات ئەوت.

ئەوەی دیبوم بەخەو بەوردی بۆم گێڕانەوە.. هەموو لاشەم سەرئاو گەڕابوو.. هەستم بە نەرمە تایەك دەکرد، یەکێ لە برادەرەکانم وتی: هیچ نییە هەرچی ماوەیەك لێرە مایەوە ئەو جۆرە خەوانە دەبینێ. برایەکی تر زۆر سەرسام بوو بوو وتی: کاك(......) ئەگەر دەرچوویت لەزیندان إنشاالله ماڵی ئێمەت لەیاد نەچێت لەگەڕەکی(....) دەرگایەکی قاوەییەپێیان بڵێ هیچ خەمی منیان نەبێت دیار بوو ئەم برادەرەم شتێکی لە ڕوخسارمدا دەخوێندەوە... یان ئەویش دڵی خەبەری دابوو کەڕزگارم دەبێت ئەو داماوەش ناوەخت بەجلی شەوەوەو لەناو ماڵو منداڵیدا دەریان هانی بوو.. تکای دایكو باوكو ژنو منداڵەکانی دڵی ئەو نامرۆڤانەیان نەرم نەکرد بوو.. بەتەمەن ترین گیراوی ئەو زیندانە بوو بەڵێ بەڕێزان نازانم لەگەڵمان یان نا.. بۆ بەیانی یەك بەیەك بانگکراینە ژووری لێدانو داپڵۆسین بەڵام بانگ کردنی من جۆرێك سۆزو نەرمی تیا بوو بەدەر لەڕۆژانی تر.

بردیانمە ژورێکی خۆشو دوای کەمێ ڕامانو قسە کردن پەرداخێك ئاوو شەربەتیان خستە بەردەستم فەرموویان لێکردم کە دەست بکەم بەخواردنەوەیان.. پاشان داوای لێبوردنی زۆریان لێکردم وتیان((شتەکە بەو شێوەیە نەبوو کە ئێمە لێی تێگەیشتبوین)) دوعا خوازیان لێکردمو ئامۆژگاریشیان کردم کەبۆ کەس باسی هیچ نەکەم، لەخۆشیاندا وام دەزانی ئەو ساتە لەدایك بوومەتەوە خۆشیەکی زۆر خۆش سەرو دڵی گرتم.. بیرم لەلای شەربەتو ئاوەکە نەما.. دوا جار فەرموویەکی تریان

لێکردم.. بەڵام هەرچەندم کرد دڵم نەیبرد.. وتم : ((ئێوە مژدەیەکی واخۆشتان دامێ ئیشتیهای خواردنەوەی هیچم نەما)) کاتێکم زانی هەردوو چاویان بەستمو هەردوو دەستم لەدوواوە سواری سەیارەیەکی تیژ ڕەویان کردم.. پاش ماوەیەك هەستم کرد سەیارەکە وەستاو دایان گرتم.

یەکێك لەچەکدارەکان ((بەدەنگێکی پڕ لەسۆزو چاکەو خۆشی وتی: برا.. تۆ لەئێستاوە ئازادی بڕۆ بەڵام هەرکاتێ گوێت لێبوو سەیارەکەمان ڕۆیشت تۆ دەتوانیت چاوی خۆت بکەیتەوە، دەستیان کردمەوە تائەو کاتەش دەترسام کەئەمەش یەکێکە لەفێڵەکانیان.. نەمتوانی بڕوای تەواو بکەم لەدڵی خۆمدا دەموت : ((ئێستانا ئێستا گوللەیەك کاسەی سەرم دەسمێت، بەڵام لەقوڵایی ناخمدا ئەو خەوە پیرۆزە زۆر دڵخۆشی دەکردم..))

بەڵێ سەیارە دەنگی هاتو دنیا کپو مات نەمزانی شەوە ڕۆژە دنیا لەکوێدایە.. ئەی ئەم لاشە بێسەرو شوێنەم لەکوێدایە بەهەر حاڵ یەك کفنم زەرد کرد.. وردە وردە چۆکم دادا لە سەر زەوی دانیشتم دەزانن بۆ؟!

بەخەیاڵ وتم گەر لەوێ ماین ئەو نالەبارانە دەنگیان لێوە دێت.. بەم کارەم زۆر قەڵس دەبن. بەڵام هیچ دەنگو سەنگ نەبوو بۆیە زۆر لەسەر خۆ پەڕۆکەی چاوم کردەوە.. ئای کەدنیا جوانە شایەتومانێکی بەڕحمەتم هانی.. هەردوو دەستم بەرز کردەوە بۆ ئاسمان تێر تێر سوپاسی خوای گەورەم کرد کەزۆر بەسەلامەتی ڕزگارم بوو بەڵام هەر دڵنیا نەبووم ئاو بەناو بەچوار دەوری خۆمدا دەمڕوانی.

بەتەواوی بۆم دەرکەوت ئەمە ڕاستییەو هیچ خەو نییە. پاشان هەوڵم دا بگەمەوەماڵەوە.. ئەگەر چی لاشەم کفتی لێدان بوو سوپاس بۆ خوا ڕزگارم بوو.. ئەی ئەبێت هاوڕێکانم کەی لە زیندانە تاریکەکانو ئازارو لێدانو ناخۆشی ڕزگاریان ببێت..

- لەکۆتاییدا بەڕێزان : ئەو ماڵەم دۆزییەوە کەناونیشانی هاوڕێکەم بوو.. بەڵام بەداخەوە بەعس ڕوخاندبویان بەسەر ماڵو منداڵیدا.. تائەم نوسینەش هەواڵی هەر نەهات، باوکیشی تا کۆچی دوایکرد چاوەڕوانی دیداری بوو

- ئەو دوو پەرداغەی دانرا بوون بۆم گەر بمخواردایەتەوە بۆم دەرکەوت لەم دوا ساڵانەدا، هەفتەیەك زیاتر لەدنیادا ناژیام توشی مەرگی دەکردیت.. خوایە گیان سوپاس بۆ ڕەحمو سۆزت سوپاس بۆ هیدایەتت.

سوپاس لەسەر هەموو شتێك.

کــۆچ

یاخوا هیچ شتێك نەبێ بەچاو لێکەری.. بەتایبەتی خراپەکان‌و ئەوانەی سودی زۆر بەکەمی تیا بەدی دەکرێت.. بەمەبەستی کۆچ بەرەو هەندەران.. ئەو بەهەشتەی لای لاوان وێنەی نییە.. خۆ ڕزگار کردن لە جەهەنەمی وڵات .. یان بڵێین ڕاکردن لەواقعی وڵاتەکەمان‌و. هەندێ بابەتی تریش ،لاوێك دوای هەموو خەرجی‌و نارەحەتی تا گەیشتۆتە پلەیەك خزمەت بەگەلەکەی بکاتەوە کۆچ دەکات خزمەت بەوڵاتێ دەکات کەتیبیا غەوارەیە.. کەتواناى خۆی دەخاتە کار بۆ بڕێکی کەم لەو دۆلارەی خەوی پێوەدی. بەڕێزان گەر خاوەن بڕوانامەی بەرزبێت جێگەت تا ڕادەیەك باشە.. بەڵام پێچەوانەکەی خزمەتی ئەو شتانە دەکات کە لە کۆمەڵگەی خۆماندا گێزەون بووە لەلای.

دڵنیاش بن ڕۆژێ دادێ لاوان کەم دەبن.. وڵات زۆر پێویستی دەبێت.. ئەوانیش لەدەرەوە قسەی کاڵ بۆ کۆمەڵگە دەکەن.. ناتوانن بەردێ بخەنە سەر بەردێ.. دەزانن بۆ چونکە" بەرد لە جێگەی خۆی سەنگینە.." دەبنە قەلەڕەشەکەی کە ڕۆشتن‌و فرینیشی لێتێکەڵ دەبێت. جا با ئەم لاوەی هاتۆتە گوفتار بۆمان بدوێ تەنها کە (کۆچی ڕێگای) مشتێکە لە ئەندێشەو.. ویستم بەرەو هەندەران کۆچ بکەم.. بۆ ئەو کۆچە بڕێکی باش پارەو پولم بە قەرزو قۆڵەو پاشەکەوتی ڕۆژانەم خەرجکردەوە.. نێتی باشم لێهانی‌و دوای دۆعاخوازی لە دایك‌و باوك‌و خزم‌و کەس‌و کارانم ئێوارەیەکیشم دانا بۆ ژووان.. پاش چەند خولەکێك بەیەك گەیشتین لە یەکێك لە دوکانە قەشەنگەکانی ناو شار.. دوای خواردنەوەی شەربەت، لەگەڵ (کە.....) خۆشەویست کەوتینە قسەو گفتوگۆکردن یادم نەچێت (سێ) ساڵ تێپەڕی بوو، دووجار خوازبێنیم کردبوو لە باوکی (کە....)ی خۆشەویسم بەڵام باوکی نەگەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کچەکەی بکاتە گوڵی گوڵدانی دڵم.

بەدوورو درێژی مەبەستی گەشتم بۆ هەندەران و تالآوی کۆچ بۆ (کە..)ی خۆشەویستم باسکرد. هەناسە لە دوای هەناسەی هەڵدەکێشا.. لەدوا قسەیدا وتی: (هەر کۆچ دەکەیت.. ئاخ کۆچ.. بەڵام خۆزگە دەتوانی بەڵێنم بدەیتێ کە خۆت بە مرۆڤی بهێڵیتەوە.. نەچیتە قەوارەی ئاژەڵی کێویەوە دورنەکەویتەوە لە بیروباوەڕو ڕەوشتو کەسایەتیت.. نەکەی بۆ ساتێك خۆشی یان چەند دۆلارێك ئەم مرۆڤایەتیەو ئەم خۆشەویستیە لەدەست بدەیت.. ئێمە کوردین.. بڕوادارین هیچ نەبێت لەبەر سۆزو خۆشەویستی من وەك مرۆڤێکی ئازاد، ئازا بژی.)

قسەکانی زۆر جێگەی بایەخ بوو.. چونکە هەواڵی زۆر برا کورد دەهاتەوە کە بۆ فرانك.. یۆرۆ.. دۆلار هەموو خاسیەتو خەسڵەتی کوردایەتیو موسڵمانێتی و پیاوەتیان لە خۆیان دا ماڵیوە.

بەڵێ.. قاچاغچیم پەیدا کرد.. لێرە پیاوی تەواو خاوەن بڕواو متمانەی بەهێز.. بەڵام بزانین ڕێگا چۆنە چونکە دەمێکە کورد وتویەتی (سەفەرو معامەلە سەنگی مەحەکن)، بەڵێ کەوتینە ڕێگە ماوەی یەك دوو جار لەدەست قاچاغچی بێزار بووم.. بەهەر شێوەو ئەحواڵێك بوو شارەکانی تورکیامان بڕی، دەزانن بەچی بەسەیارە، بەپێ.. لەناو سەلاجەدا (شاحینە).. بەلەم.. بەکولەمەرگیو برسێتیو ساردو گەرمی. زۆر جار مەرگ بە دۆلار بوایە دەمکڕی.. بەلام کە دەگەیشتمە خۆشیو دور لە جەندرمە هەمویم لەیاد دەچۆوە.. ئەمە ڕێگەو چارەنوسی هەموو لاوێکی کۆچ لەبەر بوو.. گەیشتمە ئەسینا.. گیرام.. ئەمزانی چۆن گیرام ڕەوانەی تورکیا کرامەوە.. ئەوەندە ئەمبەرو ئەو بەرم کرد بەتەواوی شارەزای هەموو ڕێگەو جێگەو شوێنەکان بووم. لە ئەسینا کوڕێك بووە برادەرم وتی: کاك (...) بۆ نایەی خۆمان بکەینە قاچاغچی.. وەجبە بەرین لە عێراقەوە بۆ ئەوروپا.. دڵنییاش بە پارەو پولێکی یەکجار زۆرمان دەست دەکەوێت. کە بیرم لێکردەوە زۆر ڕاستی دەکرد.. بەڵام خۆ هەروا ئاسان نییە کاری قاچاغچی بۆیە وتم: باشە بەم دووکەسە چیمان پێدەکرێت؟

وتی: کوڕی باش دووکەسی چی شەبەکەین.. شەبەکە!

نازانم بۆچی وا زوو بڕیارم دا.. وتم: زۆر باشە لە بەیانیەوە ئەندامم.. چەند

دمستەلاوێکمان گەیاندە هەندەران زۆر ئاسانو خۆش بوو بەتایبەتی ئەو کارەی منو ئەو نێوانەی بۆم دانرابوو.

بەسەیارە بەپێ بە ولاغ.. شەو بەشەو ڕێگامان دەبڕی ئەوەش بزانن دەرمانی ڕێگە هەر ڕۆشتن بوو. لەماوەیەکی زەمەنی کەمدا ناوبانگی باشم لەو دەستەیدا پەیدا کرد. ئەمەش دوای گەیاندنی (٦٥) وەجبە کە بەسەلامەتی و بێغەشو لە هەندەران پشوویان دابوو.

لەم ماوەیەدا چەندین یادگاری خۆشو ناخۆش ڕوویدا ئەوەی زۆر ویژدانی هەژاندم.. ئازاری دام کاریتێکردم.. هاوڕێم بن تا بزانن چی ڕوویدا.

نیوەڕۆیەکیان لە گوندی (....)بووم لە خاکی تورکیادا.. سەردەستەکەمان کاك (....) دوو پیاوو یەك ئافرەتی دایە دەستم کە بەسواری ولاغ بیانگەیەنمە گوندی (...) ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو ناخۆشی زۆر بوو. کەوتینە ڕێ بەلام هەمووی چەند کیلۆمەترێك دورنەکەوتینەوە هەوالم بەدەست گەیشت کە ڕێگا زۆر ناخۆشە (جەندرمە) وەك خۆڵ دابارییون زۆر ئاستەمە دەرچوون.. بەلام لەو نێوانەدا یەك دوو بۆسەم دەناسیو بوبوینە (هاوەڵ).. لەیادم نەچێت فێری تورکییەکی باشیش بوو بووم. بە باس کردنی هەواڵەکە دوو پیاوەکە ڕایان گۆڕی لە دێیەکە مانەوە.. تەنها منو ئافرەتەکە کەوتینە ڕێگە.. ڕۆحما لە کونە لوتماندا بوو.. نیوەشەویشەو تاریکە شەو.. زۆر بەئاستەم بەرپێی خۆمان دەدی، ئاشکرا بگەڕێینەوە، چونکە چەند ڕۆژێك بوو لەو ماڵە تورکەدا خزمەت دەکراین. چەند کیلۆمەترێکی تر ڕۆشتین لە مەترسی ڕزگارمان بوو تێپەڕین. بەلام لە جەندرمە خراپتر هاتەلام. شەیتان بۆ نامریت.. کەی لەناو دەچیت خوا ماڵەکەت کوێر کاتەوە.. چەند سەرنجو قسەو گفتوگۆیەکی خەندە ئامێزمان کرد.. لەناکاو نەمزانی چۆن ئەم وشەیەم بەدەمداهاتو داوای دەست تێکەڵیم لە ئافرەتەکە کرد.. ئافرەت لە بریسکەی مرواریو تریفەی مانگەشەو زۆر جوانتر بوو، مێردو پارەی زۆر ئاگریان تێبەردابوو. بەلام ئافرەت زۆر سەربەرزانە داواکەمی ڕەت کردەوەو ڕازی نەبوو.. منیش پەلەم نەبوو چونکە ئەم گەشتە کاتی ماوە.. پاش جارێکی تر.. ڕازی نەبوو.. کردمە نامەردی خۆم لێتوڕەکرد، ئافرەت بەگاڵتەی نەزانی، پاش کەمێك ئەو شەیتانەی لەلای من میوان بوو بووە میوانی ئەو. چووە بن کلێشەی، بەلام دیاربوو زۆر

بوێرانە دەجولاَیەوە.. چەند کیلۆمەترێکی تر ڕۆشتین ورتە لەزارم نەهاتەدەر. نزیک دێیەك بوینەوە، لە پشت دێکەوە کانیو ئاوێکی لێبوو.. لامان دایە سەرکانیەکەو لە ولاَغەکان دابەزین.. چومە سەرکانیەکە دەستم کردە ئاو خواردنەوە کاتێکم زانی دوو دەستی نەرم بەسەر شانمدا شۆڕبونەوە لەگەردنم توند بوون.. لە پڕ ڕاچڵەکیم لەناخی خۆمدا وتم: جەندرمەیە.. یان ئافرەتەکەیە نیازیەتی بمخنکێنێ. ئاوڕم دایەوە بەلاَم هێزی ئافرەت تەلیسماویو ئەفسوناویە.. کە سەیرم کرد، بەزەردەخەنەیەکەوە وتی: (خۆشەویستی سنوری نیە.. وانییە، ئارەزوو بازیو شەیتانیش سنوریان نییە...وانییە؟!) وتم: وایە، زۆر تەواوە.. جا مەبەستت چییە؟

وتی: تۆ کوڕێکی زۆر ڕێکوپێکی زۆر تەلیسماویو سەرنج ڕاکێشی.. وەرە پێشەوە.. ئەوەی داوات کرد لە خزمەتتدایە.. بەمەرجێك نهێنی نێوانمان بێت. زۆر بە هێمنی لەئافرەت چومەپێش.. دەستم خستە سەرشانی لوتم لە لوتی نزیك کردەوە بە دەنگێکی نەوی و نزم وتم: زۆر باشە ئامادەی.

وتی: ئامادەم .. فەرموو.. چونکە خۆشەویستی سنوری نییە.

وتم: دڵنیابم.. تۆ بڵێی کەس ئاگای لێمان نەبێت؟ وتی: بێخەمبە.

لەوکاتەدا هەستێك ناخی هەژاندم لە دڵی خۆمدا وتم: خوایەگیان حەدم نیە تۆ بەشایەد بگرم بەلاَم ئاگاداربە لەبەر تۆ ئەم کارە ناکەم.. ئەمە ئامانەتەو ماڵی یەکێکی ترە لەلای من.

دەنگم بەرزکردەوە وتم: (...)خان تۆ ئامانەتی لەلای من منیش خیانەت لە ئەمانەت ناکەم.. تۆ ملکی کەسێکی تری، وتەکانی (کە)ی خۆشەویستم بیرکەوتەوە. بۆیە دەستیم لەسەرشانم لابردو بەهێمنی هەنگاوێك گەڕامە دواوە.. ئەمە چەند خولەکێکی خایاند.. چاوی لە چاوم بڕی.. گیانم لەرزی ئەژنۆکانم لاشەمیان ڕانەگرت.. بۆیە لە ئاستی خۆم دانیشتم، ئافرەت وتی: ئاخ پیاو.. بارتان نییە.. چاکتان نییە.. بۆ داوات لێکردم بۆ نەهاتیتە پێش بۆچی ناخت هەژاندم.

وتم: ئاخر پەیمانم بە خواو خۆشەویستەکەم پاشان خاكو دایکم داوە.. دەبێت

بەپاکی کاربکەم. تا ئەچمە بازنەی ئاژەڵی هەردییەوە.. تێگەیشتی، زۆر ساردبومەوە لە کەسەکەی ڕابردوو ناچووم.. ئێستاش سەرسامم بەو هەڵوێستەم!.

پاش پشودان کەوتینەوە ڕێگە دەبو پێش هەتاوکەوتن خۆمان بگەیەنینە ناو ئەو دێیەی لەسەر ڕێگاماندایە، لە بەرزاییەکی کورەوە هاتینە خوار لەوڵاغەکان دابەزیبوین.. ئافرەتەکە وتی: کاک (...) زۆر خۆڕاگری زۆر کەسێتیت بەهێزە.

وتی: لە تاقیکردنەوەکەتدا سەرکەوتیت.. بڕوام ناکرد.. چونکە کەم لاو ئەوەندە بەهێز بێت. وتم: بەهەر حاڵ پەشیمانم.. داوای لێبوردنت لێدەکەم. وتی: بوراویت بەڵام تەنها مەبەستم تاقیکردنەوەی تۆ بوو.. دەنا لەو ئافرەتانە نیم. ئەو ڕۆژە تا نیوەڕۆ لەو دێیە ماینەوە.. پشویەکی باشمان دا، دوانیوەڕۆ سەردەستەکەمان وەڵامی نارد بوو کە بیاندەمە دەست کاک (...)ی قاچاغچیو منیش بە وڵاغەکانەوە بگەڕێمەوە.

بەڵێ تەسلیم برادەرێکی ترم کردن، ئەویش لەگەڵ چەند خێزانێکی تردا بەسەپارە دەیگواستنەوە خواحافیزەم کرد.. بەشەرمەوە، گەڕامەوە لە ڕێگە چەند برادەرێکی تری قاچاغچیم تووش بوو کەوتینە ڕێگە بەرەو بنکەی یەکەمجارمان. ئەوانیش وڵاغدار بوون.. هاوکاربوین!. دوای عەسرێکی دەرەنگ بە بێناگای دەڕۆیشتین .. کاتێکمان زانی کەوتینە بۆسە (کەمین)ی جەندرمە دڵڕەقەکانەوە.. زۆر پیس بوون.. ئەو کۆمەڵە زۆر بێشەرمانە لەگەڵ خەڵکدا دەجوڵانەوە خەڵکیان زۆر تەسلم کردبووە، سنورداشکرابونەوە هەندێکیشیان لەناو بردبوو.

بواری ڕاکردن‌و دەربازبونمان نەما تەوقیان داین لولەی تفەنگیان تێکردین تەنها سێ ڕێگەمان لەبەر دەمدا مایەوە:

١- پاڕانەوە لەخوای گەورە.

٢- پارەدان (بەرتیل).

٣- بەخشینی گیانمان.

بە تورکی زۆر پاڕاینەوە لێیان بێسود بوو دایان بەزاندین بۆ بنکەی خۆیان ئەو شەوە لەلایان میوان بوین. خوا هەڵناگرێ خزمەتێکی زۆریان کردین، بەشەق‌و جوێن‌و

سوکایەتی تەنانەت بە پەنجە فەحسیان دەکردین دەیان وت: ئێوە تلیاکتان پێیە.. ئێوە هەرچی خوا پێیناخۆشە دەیکەن...

ئەو شەوە تێپەڕی یاخوا نەگەڕێتەوە، بۆ بەیانی کە تیشکی کازیوە دای لە دارو درەختو سەوزەگیای لا پاڵی ئەو دەڤەرە جوان دەستیمان لە دواوە بەستین، گایەل ئاسا لێیان خوڕین بۆ ژێر دارێکی گەورە، ڕایانگرتین.. ئەمەی بۆتان باسدەکەم تەنها پێنوس دەتوانێ بینوسێ ئەگینا وەسف ناکرێت. چەند باڵندەیەکی دەنگ خۆش و ڕەنگین دەیانخوێند..

لەبەرزایی ئاسماندا چەند باڵندەیەکی گۆشت خۆر دەسوڕانەوە. لەشنەی ئەو بەیانیەو لەسەمای ئەو درەختانە دیمەنێکی زۆر ناوازەم دەدی وێنەی (کە)ی خۆشەویستم هاتە بەرچاو، زەردەخەنەی دایكو باوکم هاتەیادم.. لەگەڵ برادەرەکانمان هەرچیمان لەدۆعا زانی خوێندمان. سەرۆك دەستەی جەندرمەکان وتی: گوللەبارانیان کەن.. بۆ وەستاون.. ئەمانە قاچاغچیو درۆزن و دزن، ئەمانە خیانەت لە هەموو شتێ دەکەن..

قسەکانی سەرۆك دەستە زۆر کاری لەناخم کرد، بەتایبەتی وشەی (خیانەت)، بیری ئافرەتەکەی دوێنێ شەوم کەوتەوە لە ڕازی نێوان خۆمو خوادا وتم: (خوایەگیان فریام کەویت.. لەقەراغ مەرگدام.. خوایەگیان لەبەر خاتری تۆ شەرەفی ئەو ئافرەتەم پاراستو ئەم ڕوشاند، خوایەگیان پارێزگاریم لە ئەمانەت کرد..)

تەقە لە تفەنگی دەستی ژەندرمە هەستا، برادەرەکەی تەنیشتم هاواری لێهەستاو کەوت بەلادا، خوێن لەجێگەی فیشەکەکەوە فوارەی کرد...هاتە بیرم کە هەڵبێم و ڕاکەم.. بەڵام چۆن؟! وەك یەکێك دەستم بکاتەوە بە تەواوی دەستم شل بوو هێزێکم بۆهات کە لە توانای خۆم زۆر بەدەر بوو.. ئەوەندەی چاو بتروکێنی بەڕاکردن هەڵهاتم خۆم گەیاندە ئەسپەکەم خۆم هەڵدایە سەرپشتی و لە ئاوزەنگیم دا، ئەسپ وەك باڵگرتن باڵی گرت، ئەو غارەی ئەو دەیکرد بیوێنەبوو.. تەقەی دەمانچەو سیلاحی جەندرمە ڕووەومن دەستی پێکرد.. زۆر بێباکانە گیزەو ویزەی گوللە دەهات.. هاواری خوای گەورەم زۆر کرد.. "خوایەگیان هاوار.. فریام کەویت ڕزگارم بێت.. لەمانە

دەرچم.."

بەرێزان .. ئەو غارەی ئەسپ دەیکرد زۆر شارەزای تیابەدی دەکرا.. لە ناخمدا دەمگوت ئێستا نا ئێستا دەپێکرێم لەتاو ڕۆحی خۆم خۆم بەسەر ئەسپەکەوە مەلاس دابوو، ئای ڕۆح چەند شیرینی!. نەدیوی و گردویالی بوو چووم بەودیوا.. هەرزرمەو تەقە دەهات بەلام گەیشتبومە ئامانی و ئاسایشی سوپاس بۆخوا لەنارەحەتی ڕزگارم بوو.. هەناسەیەکی خۆشم پڕ بە سیەکانم هەلمژی.. دوای چەند کیلۆمەترێ غاردان دابەزیم لە ئەسپەکە.. سەیرێکی خۆمم کرد جێگە فیشەك هیچ نەبوو سەیری ئەسپەکەم کرد هیچ نەبوو نازانم چ هەستێك بوو وایلێکردم تێرتێر سەیری چاوی ئەسپەکەم کرد تا ئەو کاتەش چاوی واجوانم نەدیبوو. نەوچەوانیم ماچ کرد.. باوەشم بەسەرو ملیاکرد.. سواربوومەوەو کەوتمەوەڕێ بەرەو خالێکی عێراق لە ناوەدانیەك نزیك بوومەو کارێزێکی پڕ ئاوی سازگاری بەرەو دێکە دەڕۆی لامداو لەسەر کارێزەکە پشویەکم دا.. سێبەرو شنەبای ئەو ساتە زۆر جەوێکی ڕۆحی لەلا دروست کردم.. خۆم فێنك کردەوەو دەستنوێژێکم گرت چەند ڕکات نوێژێکم خوێند.. زۆر خۆش بوو بەلامەوە.. تائێستاش بەدوای ئەو تامو چێژەدا وێلم.. لەو ساتەوەختەدا کە خوای گەورە لەو نەهامەتیە ڕزگاری کردم. بڕیاری تەواوەتیم دا کە بگەڕێمەوە و واز لەو کارە بهێنم، بۆ هەتا هەتای بەو ڕێگەیەدا گوزەر نەکەم، لەشارەکەی خۆمدا بژیم.. بمرم، زۆر خۆشترە لەژینی غەریبیو غوربەتو دەردی سەری نیوەڕۆ بوو خۆم کردەوە بەمالدا.. ئای لەو خۆشیەی کەوتە ناو خێزانەکەوە.. ئای لەو شادمانیە.. ئای لەو هەستە پاکەی بەیەکی گەیاندینەوە.. بەلام بەرێزان کۆچ کردمیە دەرچوی ژیانێکی تر.. ئاخ خ خ هەندەران.

خوێنەری بەڕێز ڕووداوو بابەت زۆر هەیە لەسەر کۆچ.. هەندەران.. لەتالیو سوێری بەشی خۆش، بەشی ناخۆش بونە خۆراکی ماسی.. بونە کرێکاری کەم موچە یان گەڕانەوەی بێئاکامو ئەنجام. هەشە لە گەڕاوەکانی هەندەران لەگەل یەکەم هەنگاویان بۆ شار بونەتە خۆراکی خاك بە خۆیانو سەروەتو سامانیانەوە لەسەیارەی ئاخر مۆدێلدا گیانیان لەدەست داوە. چاویان بەشار نەکەوتۆتەوە. هەشیانە بۆتە کوپەی زێڕ بۆ مالی باوانیان لە کوردستانو خانوو مالو بازاڕی پێکەوە ناوە. شازی ئافرەتیش دەبات،

ئەمەش ئەو لاوە خوێن گەرمە هەناسە ساردەیە کە چەند ساڵێکە لە هەندەران شەوی داوەتە دەم ڕۆژ بێ پشوو کاردەکات بەمەبەستی شادبونەوە بەدیداری دایكو باوکیو کەسوکار گەڕاوەتەوە.. شەوگار نیوەشەو دەبێت لە دەرگای خۆیان دادەبەزێتجانتاکەی لەبەر دەرگا دادەنێ.. دڵی نایەت لە زەنگی دەرگابات نەبادا دایكو باوکی لەخەو ڕاچڵەکن دەڵێ: بەهێواشی سەردەکەومە سەر دیوارەکەو دەرگا دەکەمەوە و دەچمە ژووری، ئەو کاتە بەئاگایان دەهێنمەوە.. بەسەر دیوارەکە سەرکەوتو خۆی هەڵدایە ناو حەوشەکە.. بەلام بۆ بەیانی دایك بەمەبەستی پاککردنەوەی حەوشەو بەردەرگا دەست دەکاتە شتنی ناوماڵو بەردەرگا، کە دەرگا دەکاتەوە جانتایەکی گەورە لەبەردەرگایە، کەسیش دیارنییە!. بۆیە ئەمیش دەیباتە ژوورەوە و خێزان ئاگادار دەکاتەوە، ئەوانیش جانتا دەکەنەوە سەیرەکەن ئەمە جانتای کوڕە هەندەرانییەکەیانە.. ئەی خۆی لە کوێیە، بۆ دیار نییە؟!.. ماڵ زۆر خۆشحاڵ دەبن، ئەگەرچی چاوەڕوانن نەبادا لەماڵی برادەری بێت.. هاکا هاتەوە. دراوسێو خزموکەس هەواڵیان پێدەگات کاك (...) لە هەندەران هاتۆتەوە. بەلام پاش چەند سەعاتێك پیاوێکی بەرگ تۆزاوی دێتە ماڵیان، ئەمیش بە دەستوری کوردەواری چاوودڵ ڕۆشنیان لێدەکات دەیەوێت دابەزێت بۆ تەواوکردنی کارکە، ئەزانن کاری چیە لەو حەوشەیەدا؟ کاری هەڵکەندنی بیرە، زۆر بە بێئاگایی دادەبەزێتە ناو بیرەکەوە، هاوار دەکات و بەهەناسە بڕکێ دێتە دەرەوە.. باوکی کوڕەش دەڵێ: وەستا(...) ئەوە چیبوو مارپێوەیدایت.. چیبوو؟! وەستاش دەڵێ: ماری چی وشتی چی تەرمێك لە بیرەکەدایە!؟!. باوکی کوڕەکەش: تەرمی چی بۆخاتری خوا وەستا(...) گیان، بەلام قەدەر جیهانی گەڕانەوەی نییە! وەستا حەبلێکی باش دەباتە خوارەوە بۆ ناو بیرەکە.. لەلاشەی دەبەستێ کاتێ دەریدەهێنن کاکی هەندەرانییە، ماڵ شینیو گریانی تێدەکەوێت.. شایی دەبێت بەشین، ئەمە چۆن ڕویدا؟ کاکی هەندەرانی کە چۆتە سەر دیوارەکە خۆی هەڵداوە بۆ ناو حەوشەکە نەیزانیوە ئەمە لەو ئاستە چاڵی بیری ناوەو سەری بەتاڵە.. حەوشەکە وەك جاران نەماوە.. کەوتۆتە خوارەوە بۆ ناو بیرەکەدەبێتفریای هاوار هاوار کەوتبێ، خوا دەیزانێت گیانی سپاردبوو.

إنا لله و إنا اليه راجعون.

پەروەردەی دروست

کاك (...) خاوەنی دوكانێكی جوانو ڕازاوە بوو لە ناوجەرگەی بازاڕدا، كوڕێكی بچوكی هەبوو بەناوی (...) تەمەنی نزیكەی پێنج ساڵ دەبوو زۆری خۆش دەویست، زۆر بەكەمی دەستی لێبەردەدا، بەكەمی دەیهانیە دەرەوە لە ماڵەوە، بە پەروەردەیەكی باش گۆشی كردبوو. قەدەری خوای گەورە وابوو ڕۆژێكیان بە مەبەستی كڕینی جلو بەرگ بۆی هانیبویە دوكان، لەدوای كردنەوەی بازاڕو گەرم بوونی هاتوچۆ.. بەنیاز بووە لە بوارێكدا بچێت پێویستی بۆ بكڕێت، كڕیاری یەك یەكو دوو دوو دەهاتن بۆ شت كڕین دەوری قەرەباڵغ دەبێت ئاگای لە منداڵەكەی نامێنێ، منداڵ دەچێتە دەر لە دوكانو دیارنامێنێ، كاتێك كاك (....) دەوری چۆڵ دەبێت سەرنج دەدات (...) كوڕی دیار نییە.. ناو دوكانەكەی بۆ دەگەڕێت دیارنییە.

پرسیار لە دراوسێ دوكانەكانی دەكات ئەوانیش نازانن.. سەرسام دەبێت لە دیارنەمانی. زۆر بێتاقەت دەبێت دوكانەكەی دادەخاتو بەو گوزەرەدا بانگەوازی بۆ دەكات.. بەلام دیار نابێت پاش هەواڵپرسینی تر بانگەوازێكی تری بۆ دەكات تا لەزوترین كاتدا بگاتەوە دەستی دەڵێت: خەڵكی بازاڕ.. خەڵكی بازاڕ منداڵێكی تەمەن "پێنج" ساڵان ونبووە جلو بەرگی (لەم حاڵەو لەو ڕەنگەی) لەبەردایە.. هەركەسێ دۆزییەوە خەڵاتی "یەك لیرە"ی دەكەم —نرخی لیرەیەك لەم ڕۆژەدا چەندە) ئەوەندە، پیاوێك لەو ناوەدا گوێی لێدەبێت.. منداڵەكەشی لەلا دەبێت.. تەماع دەیگرێت و دەڵێت: كاك (...) ئاگری جگەر هەڵی گرتووە.. لیرەیەك دەدات، كەم نییە! بەلام بەیانی دەیكاتە دوو لیرە ئەوسا دەیدەمەوە. ئەو شەوە منداڵكە بێبەش دەبێت لەناو پەروەردەی خێزانەكەی خۆی.. بەناموٚی نانی ئێوارە دەخواتو لەگەڵ منداڵەكانی ئەو ماڵەدا ئەكەوێتە یاری كردنو كات بەسەر بردن تا كفت دەبێ.. دەخەوێت.

بۆ بەیانی ئەو پیاوەی منداڵەکەی لەلایە دەچێتە بازاڕ.. هەست ڕادەگرێت.. بۆ هەواڵی نوێ تا بزانێ کاک (....) ئەمڕۆ خەڵاتەکە بۆ کوڕەکەی زیاد دەکات.. بەڵام هیچ دەنگ‌و بانگەواز نابێت.

ناچار دەچێتە دوکانی کاک (...)، دوای چاك‌و چۆنی هەواڵپرسینی دەڵێت: ئایا ڕاستە منداڵەکەت ونبووە؟!. باوك: هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی‌و وتی: بەڵێ خەڵاتی لیرەیەکیشم دانا بوو بۆ هەرکەسێك بیدۆزێتەوەو بۆ بهێنێتەوە! بەڵام نەمدۆزییەوە. پیاو: ئەی ئەمڕۆ!؟.

باوك: ئەمڕۆ! ئەمڕۆ خەلات نادەمە کەس.. هەرکەسێکیش منالەکەی لەلایەو گوێی لەو بانگەوازە بووە بە تاوانباری دەزانم!. پیاو: بۆچی! ئەی دوێنێ لیرەیەکت نەکردە خەڵات، کەواتە ئەمڕۆ دەیکەیتە دوو لیرە. باوك: ڕاست دەفەرمویت بەڵام من مەبەستم منداڵەکەم بوو (هیچ کاتێك لەماڵی کەس نەمێنێتەوە، ئەو پەروەردەیەی کە خۆم کردوومە نەشێوێ.. کەوچکی ماڵانیشی بەدەما نەچێت. پەروەردەی من‌و خێزانم زۆر جیاوازترە لە پەروەردەی کەسانی تر. ئێستاش گەر لەلای تۆیە بڕۆ بیهێنەرەوە، دڵنیاشم ڕیسەکەم بۆتەوە بە خوری).

ماوەتەوە بڵێین زۆر ئاگامان لە پەروەردەی دروست‌و گەشەداری منداڵ‌و نەوەکانمان ببێت کاروباری ڕۆژانەمان لە پەروەردەی منداڵەکانمان دورمان نەخاتەوە. زۆر غەمخۆری پەیداکردنی پول‌و پارەو پاروە نانین بۆیان با ئەوەندەش خەمخۆری پێگەیاندن‌و تێگەیاندنیان ببین، تا لەدوا ڕۆژدا ئەندامێکی کاراو بەکەڵکی بەهێز بۆ کۆمەڵگەکەمان بێنینە بوون.. ئەگەر نەشتوانین با بەوشەیەکیش بێت کەم نییە.

یــاد

ڕۆژی شەهید سەرەتای بەهاری هەموو ساڵێکە ئەو ساڵە وەختەمان دێنێتەوە یاد کە گازی کیمیاوی بەهەموو جۆرەکانیەوە (سیانید، خەردەل...) کرا بەسەر منداڵ، لاو، ئافرەت، پیاو، پیر، پەککەوتەدا شارێکی وەك هەڵبجە خنکێنرا کە ١٩٨٨/٣/١٦ بوو.

ئەم کارەساتە (جینۆساید)ە هاوسۆزەکانی ئێستای کوردیان نەهێنایە هەژان و ڕاچڵەکاندن.. چونکە دۆستی سەرسینی پیاوانی بەعس بوون.

بەعسییەکان وەك کردەوە پێشینەکانیان کە لە کۆتایی ساڵەکانی حەفتاوە چەندین گوندی ناوچە سەر سنورییەکانی کوردستانی باشوریان ڕاگواستبوو بۆ (کۆمەڵگە) زۆرە ملێکان، هەندێك گوندو شارۆچکەو ناوچەیان کردە تاقیگەی غازی کیمیاویش.

کەلەو ساتە وەختانەوە تا ئێستاو داهاتوش کارگیەری لەسەر (لاشە، ناخ، وڵات، مرۆڤایەتی) دروستکردووە بەڵێ دوای (٨) ساڵ شەڕ لەگەڵ ئێرانی دراوسێ لەپێناوی چیدابوو؟ گەرمەرامی دۆستی دۆست نەبێت. هەشت ساڵ گریان و قوڕبەسەری و دەربەدەری و کۆچ و هەناسەساردی لەبەرچی..بۆچی؟ تەنها پەشیمانی نواندن بوو کە لە ١٩٨٨/٨/٨ درا بەگوێی خەڵکی عێراقدا لە ئاکامدا چەندین پارچە زەوی لە گوندو ناوچە سنورییەکان بونە جێگەی (سەربازی بێچەك و بێخۆراك و بێموچە) کە ڕۆژانە لاوان.. کاسبکارا.. جووتیاران کەمئەندام ئەکەن.. یان مەرگی لە ناکاویان دەکەنە هاوڕێیان. ئەوەش چەندین گۆڕی منداڵی شیرە خۆرەی لاوازە لە بەدخۆراکیدا توشی چەندین نەخۆشی (شێرپەنجە - سرطان) بوون کە هۆکەی غازی (یۆرانیۆم و کیمیاویە)؟؟

ئەوەش خاکێکی پیرۆزە کەبووەتەجێگەی دەیان و سەدان کەسی نیشتمان پەروەر، ناومان ناوە (گۆڕی بەکۆمەڵ) ئەوش چەند خێزانێکی لەبەر یەك هەڵوەشاوە کە باوك

ئاگاداری رۆڵەی نەبووە .. رۆڵە توشی لادانی رەوشتی کۆمەڵایەتی بووە بەناوی خزمەتی سەربازیەوە .

خوێنەری بەڕێز جەنگ زیانی زۆری بە خاكو وڵاتو گەلو داهاتوش دەگەیەنێت لە چەندەها هەنگاوی پێشکەوتودا دوادەکەوێت.. ئەو جەنگانەش هەر کەسێك بگرێت دەیان رووداوو بەسەرهاتی جەنگ لە فەرهەنگی ژیانیا تۆمارکراوە.. چەند باسبکەین.. چەند بنووسین مشتێکە و هیچی تر.

با نزیك ببینەوە لە مامۆستا (....) لەدایك بووی ١٩٤٩یە لە قوتابخانەی (زانا)ی سەرەتایی سەرگەرمی وانە وتنەوەبوو ساڵی ١٩٨٩ دوای وانە وتنەوەش لە قوتابخانەوە دەهاتەوە و بەئیش و کاری دارتاشیەوە خەریك دەبوو. ماوەیەك بوو ئاگری جەنگی نێوان ئێرانو عێراق کپ بوبۆوە.. بەڵام سوپای عێراق هەر داوای ئەو کەسانەی دەکرد کە سەربازی هەڵهاتوبون لەگەڵ سەربازی تازەدا.. مەبەستی بوژانەوەی سەربازگەکان بوو بەو مەبەستەش مامۆستا داواکرایەوە.. دایان بەگوێیاندا کە گوایە (تسریح) دەکرێن مامۆستاش بە ناچاری روی لە سەربازگە کۆنەکەی جارانی کردەوە (وەحدەکەی خۆی) پاش دەوام کردنی بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك مامۆستا زۆر بەوریایی هەستی بەچەند شتێ کردبوو بۆیە نێتی (فیراری) لێهێنا، لەبەختی ئەو تەنها دێیەکی قەراغ شاریش جێگەی متمانەو خۆشاردنەوە نەبوو بۆیە زۆر بوێرانە نەچوو ریزەکانی (افواج دفاع وطني) جاشەوە، لەژێر زەمینەکەی ماڵی خۆیان دەستی کردە دارتاشی. لەکارو پیشەی دارتاشیدا کەم وێنەبوو نەخشو نیگار تۆڕنەی بەجوانی دەکرد، هەموو پێویستیەکانی ناوماڵی لەدارو تەختە دروست دەکردو دەینەخشاند.

ڕۆژگار تێپەڕی هەفتەکان گوزەریان کرد لە نیوەڕۆیەکدا مامۆستا بە هەناسەبڕکێ خۆی گەیاندە ماڵەوە تەندروستی زۆر تێك چوبوو ناچار بوو بە هەر شێوەیەك بێت لەگەڵ خێزانەکەی (ژنەکەی) خۆی گەیاندە خەستەخانە.. لە پەیتا ئەکۆکی ئەپزمی جوان هەناسەی بۆ نادرا تەنگە نەفەس بوبوو. خێزانەکەی تادەهات غەمبار دەبوو چاوەکانی بونە دەریایەك لە فرمێسك، چونە ژوورەوە بۆ خەستەخانە کاتێکیانزانی پزیشکی ئەو خەستەخانەیە دابارین بەسەریاندا، لەسەر قەرەوێڵەیەك رایان کێشا هەرچی پشکنین هەبوو بۆیان ئەنجامدا. دەرزیەکیان دایە دەستی کە بۆی

بکەن.. چەند پرسیارێکیان لێکرد بەڵام مامۆستا دەرزییەکەی لەدەست کەوتە خوارەوەو شکا.

خێزانەکەیان بانگ کردە ژوورەوە.. کە سەیری کرد مامۆستا بۆدواجار چاوە پڕ هیواکانی ناوەتە سەریەك‌و خەوێکی قوڵی مەرگی لێکەوتووە.. گیانی چووە پاڵ گیانی شەهیدانی هەڵەبجەوە لە بەرواری ١٩٨٩/٥/١٥، پزیشکەکان وتیان: ئەم پیاوە داری بڕیوەتەوە.. لەو دارانەی کە غازی کیمیاوی لەسەر نیشتووە، دارەکان لەو ناوچانەوە هاتوون، لەکاتی بڕینەوەدا کاری لێکردووە.

بۆ سەلماندن‌و دروستی وتەکەیان لیژنەیەکی پزیشکی شوێن کارەکەی پشکنی ڕاستی ڕوداوەکەی سەلماند. ماوەتەوە بڵێین مامۆستا چەند ناوی هاتبێتەوە بۆ سەربازی تا توانیبێتی بەشداری کردبوو لە هەموویاندا بەسەلامەتی گەڕابۆوە بەڵام کە (ئەجەل) هات لە هەرکوێ بویت.. ناگەڕێتەوە.. لە مردن ڕزگارمان نابێت.. جا بۆیە مەرگ لەماڵەوە یەخەی گرت.. نەك لە بەرەکانی جەنگدا..

قلْ إن الموت الذي تفِرون منه فَإِنهُ ملاقيكم ثُـم تـردون إلى عـالِم الغيب و الـشهادةِ فَيُنَبِـئكم بمـا كنـتم تعمَلـون . هەر لەو ڕوانگەیەوە دوای ڕاپەڕینە شکۆدارە سەرتاسەرییەکەی بەهاری ١٩٩١ی کوردستانی باشور، کوردستان هەنگاوی بەرەو ئاوەدانی ناو گەشەدانەوە بە لادێ‌و شارۆچکەکان درا، لە شارۆچکەی هەڵەبجەی شەهید دوو کرێکار ژێر زەمینی خانویەکیان پاکدەکردەوە.. ئەو گڵ‌و خۆڵەی تێیدا بوو دەریان دەداو پاکیان دەکردەوە. پاش تەواو بوونی لە پاککردنەوەو دەردانی گڵ‌و خۆڵەکە هەردوکیان گیانیان سپارد –لە نەخۆشخانە پشکنینیان بۆکرا، دەرکەوت کە ئەو ژێرزەمینە غازی کیمیاوی تیانیشتووەو ئەمانیش کە پاکیان کردۆتەوە بە بێئاگای تۆزو خۆڵەکە جارێکی تر بووە میوانی ئەوان‌و ئەوانیشی خنکاند. چونە پاڵ شەهیدانی هەڵەبجە.

- ساڵی ١٩٩٤ ئەو ساڵەی سوتەمەنی زۆر کزبوو لە کوردستان بەرمیێ نەوت لەسنوری (٢,٠٠٠ – ٢,٥٠٠) دیناردا بوو خەڵکی دەستیان دابوویە دار بڕین‌و دارسوتان.. ئەو ساڵانەش زۆر سارد بوو ئابڵوقەی سەر عێراق‌و گەمارۆی سەر کوردستان لەسەر گەلی کوردستان بوو.. خەڵکی زۆر بەهیلاکەت دەژیا.. سێ پیاو

لەناوچەی دۆڵی جافەتی دار کۆنەکەنەوە.. هەرسێکیان ئەو غازە خنکێنەرە کوشندەیە لە ناویان دەبات.. تومەزکۆتەرە دارێکیان سووتاندووە کەئەو غازەی لەسەر نیشتووە بەکلۆری دارەکەدا ڕۆ چوو بوو.. هەرسێکیان لەدەوری ئاگرەکە گیانیان سپاردبوو.

بەڕێزان ئەمانە چەند نوختەیەك بوو لەتاوانەکانی وڵاتە بەرهەم هێنەرەکانی غازی کوشندەو ڕژێمی بەعس، بڕێك بوو لەتواناى لەبن نەهاتووی بەعس و هاوکارانی.. کەخوای گەورە بەدوعاو پاڕانەوەی زۆری زۆر لێکراوان سەری لوتی خۆی هەلگرتووەو باجەکەی دەدات....

بەزەیی و سۆز

گیانلەبەرە بێزمانەکان بەچکەکانی خۆیان زۆر خۆشدەوێت ئەو ڕەحم و سۆزەی لەلای مرۆڤەکان هەیە لەلای گیانلەبەران زۆر زیاترە، ئەو یاسا جوانانەی هەندێك لەمرۆڤەکان پێشێلی دەکەن و ڕێزی لێناگرن کە لە بەرژەوەندیی و خزمەتی خۆشیاندایە، لەلای گیان لەبەران زۆر ڕێزدار ترە. ئەو خۆشەویستییەی لەلای مرۆڤەکان دەگمەنە لەلای گیانلەبەرانی هەردی بەتین و بەهێزترە. مرۆڤەکان زۆر جار دەبنە جێگەی مەترسی بۆ گیانلەبەرانی دەورو پشتیان بەشێوەیەك هێرشیان بۆ دەکەن هەوڵیانە قەلاچۆیان بکەن.

هەندێك جار مرۆڤ هێرش دەکاتە سەر گیانلەبەران بەلام بەخێرایی هۆش و هەستی دەهێنێتەوە بە بەرخۆیداو سۆزو خۆشەویستی بۆیان دەجوڵێت و ئازادیان دەکات تا ئەو گیانلەبەرە بگەڕێتەوە ناو ئاوو هەواو خاکەکەی خۆیان.

ئایا قەت باڵندەیەکی کێویت نەدیوە لەو ماڵانەی کە سەردانت کردوون؟ ئایا ئەو باڵندەیە وەك من و تۆ ئارەزووی ئازادی و گەڕان ناکات؟! دە ئازادی کە خوا سەرفرازی دین و دنیات کات.. زۆر ئاساییە خۆت بەشتێکی بەسودەوە خەریك بکەیت بەختیاری زیاتری تیابێت.. دیارە مەبەستت خۆش گوزەرانی خۆتە.. بیرێکیش لەو بکەرەوە تا لە چوارچێوەی مرۆڤێکی سەرکەوتی سەربەرزدا بژیت، دەتوانیت بۆ چەن ساتێك لەگەڵما بیت بەهەستەوە بچینە خزمەت (نەنە ئایشێ))[1] کە لە ژیانیدا گیانلەبەرێکی کێوی زۆر کاری تێکردووەو لەوساتەوە تا کۆ چی دوایی کرد هەموو گیانلەبەرێکی خۆش دەویست بەزەیی پیایاندا دەهاتەوەو بەرگری لێدەکردن وتی:

---

[1] نەنە ئایشێ: ئافرەتێکی بەتەمەنی خواناس بوو، لە شارۆچکەی چوارتا دەژیا تا ڕاگواستنەکە، پاشان لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد، خوالێیخۆشبێت، خێزانی (فەقێ عبداللە ی چوارتا) بوو خاوەنی پێنج کوڕو شەش کچ بوو.

دوو کوڕم بەناوی (....)و (...) تەمەن هەرزەکاربوون بۆ کاری کشتوکاڵی چووبوونە (سەرسیر) لە گەڕانەوەیاندا بۆ ماڵەوە (ژیشک)[٢]ێکی گەورەیان گرتبوو لەگەڵ خۆیان هانیبویانەوە، کە گەیشتنە ماڵەوە چێشتەنگاو بوو بەخۆش‌و بەزموو شادییەوە ژیشکەکەیان پیشاندام وتیان: (دایەگیان واز لە کاربێنەو وەرە سەیری ئەم ژیشکەکە چەند گەورەیە! ئێستا سەری ئەبڕین ئەڵێن گۆشتی ژیشک زۆر خۆشە؟! بۆ نیوەڕۆ بە ساوەرێکەوە بۆمان لێبنێ.. ژیشکەکەیان داناو بە دیارییەوە دانیشتن تا سەری دەربهێنێ‌و سەری ببڕن، ئەویش خۆی گرمۆڵەکردبوو، منیش سەرنجم ئەدان. ناچار ئەم دیو ئەودیویان کرد بێسوود بوو، بۆیە یەکێکیان وتی: با بیخەینە ناو تەشتێ ئاوەوە!

کوڕەکەی ترم وتی: بۆچی؟!

وتی: لەترسی ئەوەی کە ئەخنکێ سەری دەردەهێنێ و ئەوسا ئێمەش سوژنێکی تیژ دەکەین بە لوتیاو ناهێڵین سەری بکاتەوە بە ناوخۆیدا ئەویش لەتاو ئازاری لوتی بەتەواوی خۆی خاو ئەکاتەوە یەکسەر سەری ئەبڕین..

بەڵام ئەم ژیشکە هەرچەند خەریکی بوون و هانیان‌و بردیان و لەئاودا نوقمیان کرد خۆی خاونەوکردەوە سەری دەرنەهانی.. ئاوەکەیان بۆ زیاد کرد هەر سودی نەبوو.

منیش کە ئەم خۆڕاگرییەو ئەم دیمەنەم دی وتم: ڕۆڵەگیان گوناهتان ئەگا لەو ئاوەی دەربهێنن و بەرەڵای کەن بەخوا ئەمە لە دایکە ئەچێت بۆیە ئەوەندە داکۆکی لەخۆی دەکات، پێئەچێت بێچوی بەجێهێشتبێ.. جا گوناهە ڕۆڵەکانم وازی لێبێنن سەری مەبڕن.

کوڕەکانیشم زۆر لەسەرخۆو بەهێمنی ژیشکەکەیان لە تەشتە ئاوەکە دەرهانی قەدەرێ چاوەڕوانیان کرد بە دیارییەوە کە خۆی بخاو بکاتەوە بەڵام سودی نەبوو.

---

(٢) ژیشک: گیانلەبەرێکی کێویە وەک گیانلەبەرەکانی تر لەشی بە خوری یا توک یا پەڕ یا پولەکە داپۆشراوە، بەڵکو پێستەکەی یەکپارچە دەرزی باریک و درێژ و تیژە، زۆر بەئاسانی خۆی دوژمنەکانی دەپارێزێ کە هەستی بە دوژمنیش کرد سەری دەکاتەوە بەناو خۆیدا وەک تۆپێکی خڕ لێدەکات، ڕەنگیشی خۆڵە پۆشتینییە.

وتەکەم دوبارە کردەوە: ڕۆڵەگیان دەگوناهتان ئەگا وازی لێبێنن بەخوا ڕەنگە بێچووەکانی ئێستا چاوەڕێیبن ئەمە لە دایکە ئەچێت!..

کاتێکمان زانی ژیشك خۆی خاوکردەوەو خۆی خست بە پشتا، گوانە بچوکەکانی دەرخست، پڕ بوون لە شیر، بەچاوێکی پڕ بەزەییەوە سەیری دەکردین.. هەموو سەرسام بووین بەم قسەیەو بەم تێگەیشتنەی ژیشکەکە، چۆن لە زمانی ئێمە تێگەیشت! چۆن ڕەحمی بۆ بێچووەکانی جولا چۆن‌و چەندین چۆنی تر..

پاشان وتم: ڕۆڵەگیان گوناهتان ئەگات ئەم ژیشکە ئەوەندەی تر ئازار مەدەن، هەر ئێستا بیخەنە ناو گوێنییەکەوەو لە کوێ گرتوتانە بیبەنەوە لەو جێگەیە بەرەڵای بکەن ئەم داماوە بێچوی بەجێهێشتووە بۆیە ئەوەندە داکۆکی لە خۆی دەکات و خۆی نادات بەدەستەوە دەی خێرا ڕامەوەستن بڕۆن.

هەردوو کوڕەکەشم خستیانە گوێنییەکەوەو زۆر گوێڕایەڵانە و بەدەست‌و برد ژیشکەکەیان بردەوە ئەو جێگەیەی کە لێیان گرتبوو.

بەڕێزان خوای گەورەو بەخشندە و میهرەبان دەیخاتە دڵی مرۆڤەکانەوە کە ڕەحم‌و سۆز بەرامبەر گیانلەبەران بەکار بهێنن، هەندێ جاریش گیانلەبەران ڕەحم و سۆزیان بۆ مرۆڤەکان بەکار دەهێنن لە چیرۆکەکانی مامۆستا (حەسەن پێنجوێنی) زۆر بە جوانی ڕونی کردۆتەوە کە خوای گەورە گیانلەبەرانی فەراهەم کرد بوو بۆ منداڵە ساواکە تا لە ڕێگەی ئەو بزنەوە لە مردن ڕزگاری‌بوو یان کاك (عەزیز) لەڕێگەی ڕێوییەکەوە بووە ئەندامی کۆمەڵگەکەکان و چەندانی تر لەو هاوشێوەیە. هیوامان وایە بەزەیی زۆرمان بەگیانلەبەراندا بێتەوە.

چاوەڕوانبن

لە یەکێك لەماڵەکانی شارۆچکەی (....) دا بووە هەڵپەرکێو خۆشیو شادی، کوڕو کاڵو نەوجەوانان لەوناوە هەرایان بوو قریوەیان ئەهات. تومەس ئەمە کاك (....) بەیانی ژنی بۆ ئەگوێزنەوە، ئەمانەش کەلێرە کۆبوونەتەوە برازاو هاوڕێو خزمو خۆشەویستی زاوان وا خۆشی خۆیان دەرئەبڕن،

زاواش بەسەرو دڵی خۆشەوە لەو ناوەدا هەڵئە سوڕاو بەخێر هاتنی برادەرانی ئەکرد. یەکێك لە زاوای پرسی: ئێی کاك (....) زۆر دڵخۆش دیاریت، ڕەنگە ئێوارەش لەخۆشیاندا نانت بۆنەخورا بێت، انشا الله بەیانی بوکت بۆ دائەبەزێت! ئێمەش دڵسۆزی خۆمانت بۆدەرئەبڕین و بەشدار ئەبیین لەشاییو هاڵپەرکێو نان خواردنا.

کاکی زاواش زۆر بەلوت بەرزیو بێباکیەوە وتی : کاك (....) ئێ جا ئەمە (**إنشاء الله و ماشاء الله**) ی بۆچییە، وا ژنو زاڵ ڕۆشتون بۆ ماڵی بوکێو ئێستا خەریکی بوك گۆڕینو خەنەبەندانن، بەیانیش زوو دەیهێننە ماڵەوە ئێوەش بکەونە خۆشی خۆتانەوە.. ئیتر ئەمە(إنشاو الله و ماشا الله) ی بۆچییە؟!

کاك (....) کە ئەم پرسیارەی لێکرد بەهێمنی وتیەوە : کاکە گیان من دنیا دیدەم کاری خێرو چاکە ئەبێت ئینشا الله ی بۆ بکەیت،

زاواش بە پێکەنینەوە وتیەوە إنشا الله ی ناوێت، کاك (....) بێدەنگ بوو.. خەیاڵێك بردیە ئەندێشەوەو لە ئێمە دوور کەوتەوە، چەند ساتێك لە حەوشەکەدا تێپەڕی بە شاییو هەڵپەرکێو گۆرانی وتنەوە، کفتو ماندوو بوین.. چوینە ژوورەوە دەستکرا بە (دۆمینەو تاوڵەو نوکتە) کردن، کەوتینە دنیای خۆڵەبێر چونەوەوەو گاڵتەو گەپ کردنەوە.

لە سوچێکی ژوورەکەدا ((چەکێکی کلاشینکۆف)) هەڵپە سێردرا بوو نازانین چۆن منداڵێك پەنجەی دا لە پەلەپیتکەکەی.. تفەنگ زامن نەکرابوو لەسەر سەڵیە هاڕەی کرد. فیشەکی تیا نەما، ژوور بووە تەپو تۆزو یەك پارچە بێدەنگیو کپیو سەرسامیو حەپەسان، زۆری نەخایاند شڵەژاین.

- ئەوە چی بوو؟
- چی ڕویدا؟
- کەس بەر نەکەوت؟
- سوپاس بۆ خوا سەلامەتین؟!

بەڵام کەسەیرمان کرد، برای زاوا –کەمندالێکی دەسالان بوو- دەستکاری تفەنگەکەی کردووە... بەنەشارەزایی پەنجەی پیاناوە... سەیری خۆمان کرد... سەلامەتین... بەڵام ئایا وابوو؟! نەخێر!.

لەسوچێکی ژوورەکەدا هاواری هات کەسەیرمان کرد کاکی زاوا خەڵتانی خوێنە، ئەتلێتەوە هەموو چوینە سەیری سەیرمانکرد... لێی ورد بوینەوە.. بەڵام ئازیزان.. ئەوخێر لە خۆ نەدیوە لوت بەرزە تەنها یەك سەیری کردین، وشەی ((إنشاء الله)) ی لەزار هاتە دەر پێڵوی چاوەکانی نیشتە سەر یەك ئێمەش بەپەلە ئەم دیوو ئەودیومان کرد فیشەکەکان هەندێکیان لاشەی کاك (....) یان سمی بوو هەندێکیشیان بەر دیواری ژوورەکە کەوتبوون، دراو سێکانی ئەو ناوە دابارین بەسەرماندا.. بەو شەوەو بەخێرایی گەیاندمانە خەستەخانە، خرایە ژێر نەشتەر گەری‌و چارەسەرەوە.. شایی بوو بەشڵەژان و غەمگینی.. هێندەی نەبرد هەواڵیان گەیاندە ماڵی ((بوکێ))، دەستە خوشکانو ئافرەت‌و پێخەسوو ئاگادار کرانەوە...((بوك نەجوڵێنن چونکە زاوا بە سیلاح برینـدار بووە، باری تەندروستی خراپە... بمێنێ باشە ژیانی لە مەترسیدایە! لەبەر ئەوە چاوەڕوان بن!.

هەر ئافرەت بوو ئەی وت :

- کێ تەقەی لێکردووە؟
- لەبەرچی تەقەی لێکراوە؟
- کێ ناحەزیەتی؟
- هەندێکتان ڕاکەن... بزانن چۆن بووە؟
- ئەی نەمردووە؟
- باشە چۆن ئەمە ڕوویدا؟.....

نان‌و کەرەسەی شایی خرایە لاوە.. تەنها ڕستەیەك لە هزری چەند کەسێکدا دەزرنگایەوە ((إنشاء الله و ماشاء الله)) ی بۆچیە.. بەیانی بوك دەهێنن....

((لە کۆتایدا بەڕێزان، لوت بەرزیو لە خۆ بایی بوونو غەرایی، دەردێکی کوشندەو گرانە یاخوا ڕووتان تێنەکات تا لە یادوو زکری پەروەردگار دوورنەکەونەوە.. زۆر یادی کەن.. چونکە خوا ((علیم و خبیرە)) لەسەر و هەموودەستەڵاتێکەوەیە وئاگادارە بەهەموو کارو گفتارێکمان (إن ربّك لبالمرصاد).

بەرهەمی ڕۆژو

پــڕۆژەی دروســتکردنی تونێلێــک لــە نێــوان (شــاری ســلێمانیو شارۆچــکەی دەربەنــدیخان)دا هاتــە ئــاراوە کەلەلایــەن کۆمپانیــای (بــەریتانیا)وە ئــەنجام دەدرا، ئــەم پرۆژەیە چەند گرنگیەکی هەبوو بەلای بەریتانیەکانەوە، یەکێك لەو گرنگیانە یەکەم تونێل بوو کەلە کوردستانی باشوردا ئەنجام بدرێت، بۆ ئەو مەبەستەش.. ئەندازیارو کەسانی بەتوانا لەبەریتانیاوە هاتنو شوێنەکەیان دیاری کرد، هەندێ کاری سوکەڵەش کەپێویستی بە شارەزایی نەبوو بەخەڵکی ئەو ناوە ئەنجامیان دەدا بەموچەی (کریکار)، بۆ ئەم مەبەستەش لەشارو دێهاتەکانی ئەو نزیکانەوە خەڵکیان ناو نوس کرد.

ئێمەش چەند کەسێك بووین لەو کرێکارانەی کەڕۆژانە بە موچەی کرێکار کارمان دەکرد، ماوەیەك تێپەڕی هەموو کرێکارەکانی ئەم پرۆژەیە بوینە ناسیاوو خۆشەویستی یەکتر، پارەی کارەکە باش بوو.. کارەکەشمان زۆر گرانیش نەبوو.. بۆیە بەئاسانی دەستبەرداری نابوینو هەر هەموان بەردەوام بووین بە دڵخۆشیەوە. لەناو ئێمەدا کوڕێکی گەنج هەبوو خاوەنی دوو منداڵو ماڵێکی خنجیلە بوو ناوی (سۆفی ....) بوو زۆر خوا ناسو ڕەنگ نورانیو چالاكو گورجو گۆڵ بوو لە هەموو ڕویەکەوە. مانگ تێپەڕی وەرز گۆڕانکاری تێکەوت ساڵ خایاندی پرۆژە هەر بەردەوام بوو، ئێمەش هەر کارمان دەکرد، مانگی ڕەمەزانی پیرۆزی ئەو ساڵە کەوتە هاوینەوە، زۆر گەرم و وشك بوو، زۆر نارەحەت بوین ڕۆژانە بێتاقەتو بێ ئارام دەبوین زۆر جار برسێتیو تینویەتی زۆری بۆ دەهانینو ڕۆژووەکەمان دەشکاند.. یان ئەو ڕۆژە هەر لەسەرەتاوە بەڕۆژو نابوین.. بەڵام (سۆفی ....) وەك ئێمە نەبوو زۆر بە ئارام بوو، زۆر هانی خواناسیو ئیمانداری دەداین.. زۆر ئامۆژگاریو باسی پاداشتی ڕەمەزانی بۆ دەکردین.. هەندێکمان بەغیرەتی ئەوەوە بەڕۆژو دەبوینو ڕۆژووەکەمان ناشکاند.. تا ڕۆژێکیان چێشت تەنگاوێکی درەنگ بوو گەرما تاوی سەند بوو کارەکەمان زۆر گران بوو ئارەقە

بەرِوماندا دەهاتە خوارێ.. کاتێکمان زانی ((ئەندازیار))ی کارەکە لەگەڵ ((وەرگێڕ))ە کەیدا هاتنە لامان..

بەزمانی خۆیان ماندو نەبونیان لێکردین.. کابرای وەرگێڕ بۆی کردینە کوردی.. ئێمەش وەڵاممان دانەوە. تۆزێك لەلامان وەستان و سەیری کارەکەیان کردین.. کەچی نەرۆیشتن هەر لە کارەکەمان ورد دەبوونەوە سەرنجی دەدایـن -((جا بەرِێزان کرێکار رەوشتی وایە کە خاوەن کار لەلای بوەستێ خۆی دەکوژێ ئەوەندە بەگەرمی و گورج و گۆڵی کار دەکات و هەموو توانای خۆی دەخاتە کار بەڵام خاوەن کار کەدیار نەما خاو دەبێتەوە، خۆی دەخافڵێنێ))-

دوای تۆزێك بە وەرگێڕەکەی وت : بزانە نانی چێشتەنگاویان[1] خواردووە؟! کەوەرگێڕەکە لە قسەکەی بۆوە، ئێمەش وتمان : بەڵێ نانمان خواردووەو هەندێك پشوشمان داوە. بەڵام سۆفی (....) وتی بەداخەوە من نەشێوی چێشتەنگاوم داوەو نەنانیشم خواردووە!

ئێمەش بەم قسەی (سۆفی ....) زۆر نارەحەت بووین و تورە بوین وتمان : خوا ماڵەکەت کوێرکاتەوە بۆ وانەڵێی!

وتی : ئاخر بەرِۆژووم.. ئەی درۆتان بۆ بکەم.. شتی وا چۆن ئەبێ!

ئێمەش وتمان : ئێ باشە خۆ ئێمەش بەرِۆژووین بەلام نابێت قسە بکەین، ئەمانە غەیرە دینن رقیان لە رەمەزان و موسڵمانە.. ئەوانە بزانن بەرِۆژووین لەکارەکە دەرمان ئەکەن.. دەوس بە.

کەچی سۆفی (....) وتی : کاکە گیان بەر چاو تەنگ مەبن خوا رازقی رزقە، دڵنیاش بن دەزانن کە موسڵمانین. ئیتر بۆ دەترسن!.

کاکی ئەندازیار زۆر گوێی بەم وتووێژەی ئێمە نەدا.. واتێگەیشت کەقسەی نێوان خۆمانە.. پاش تۆزێك لەکات دورکەوتنەوەو چونە سەیری چەند کرێکارێکی تر

[1] نانی چێشتەنگاو: کرێکارو جوتیار لەبەر ئەوەی بەیانیان زوو دەچنە سەرکارو نانیش کەم دەخۆن و زۆریش دەجوڵێن لە دەوروبەری کاتژمێر (٩-١٠) (قاوەڵتی - چێشتەنگاو) پشویەکی نیو سەعاتی دەدەن نان و چایەکی خێرا دەخۆن بۆ ئەوەی وزەیەکی باشیان بۆ دروست ببێ چالاکیان بۆ بگەرِێتەوە.

لەولا ئێمەوە.. پاشان هاتنەوە لای ئێمە، دووبارە ئەندازیار وتی : ئایا ئێوە لەم مانگی ڕەمەزانەدا.. لەم گەرمایەدا.. لەم هیلاکیو ماندو بوونەدا بەڕۆژو دەبن؟!
وتمان : بەڵێ قوربان... بەترسێکەوە.. کاکی وەرگێڕەر بۆی باسکرد،
کاکی ئەندازیار بە توڕەییەوە وتی : باشە ئەمڕۆ ئێوە هەمووتان بەڕۆژون..
ئێمەش کەزانیمان تورە بووەو ئەنجام باش نابێت هەموو وتمان : نەخێر کەسمان بەڕۆژونین چونکە زۆر گەرمایە.. کارمان گرانە بەرگەی ئەم هەموو هیلاکییە ناگرین چەند قسەیەکی تریشمان کرد کە جێگەی ڕەزامەندی کاکی ئەندازیار بوو.. ئەندازیار زەردەخەنەیەکی کرد.
بەڵام لەولاوە سۆفی (....) کەپاچێکی بەدەستی ڕاستییەوە بوو بەدەستەکەی تری ئارەقی ناوچەوانو ڕوی سڕی.. لەکاکی ئەندازیار چووە پێشێو وتی : .. کاکی ئەندازیار ئەو گەرمایەی تۆی بێزار کردووە زۆر خۆشە بۆ کەسێ باوەڕی بەخواو بەرنامەکەی پتەوو بەهێز بێت، ئەو کارەش زۆر ئاسانە گەر لەیادی خوادا بەردەوام بیت ئەو مەشەقەتو ڕۆژوەش خۆشی لەدوایە،
ئەندازیار وتی : ئەوە ئەڵێ چی؟
وەرگێڕ بۆی کردە ئینگلیزی.
ئەویش پێکەنیو وتی : کەواتە تۆ پێتەچێت بەڕۆژو بیت.. ها.. وانییە؟
سۆفی (....)، زۆر بەسەر بەرزیو بوێرانەوە وتی : بەڵێ من بۆ خوا نییەتم هانیوەو بەڕۆژوشم هیچ پەشیمانیش نیم تۆش کەیفی خۆتە.. کاکی ئەندازیار!
ئەندازیار : لە باڵای ڕوانی وتی : ئاخر ناترسی ئەو ڕۆژووەی مانگی ڕەمەزان لەکارەکەو دوور خاتەوەو تەنها ئەمڕۆ بەردەوام بیت لەگەڵ برا دەرانت؟!
سۆفی (....) : مستەر تۆ مەبەستت دەرکردنمە لە کارەکەمو منیش مەبەستم خوا لەخۆم ڕازی کردنو دڵسۆزیمە بۆ کارەکەش چاکیش بزانە گەر نازانی، نانو کارو کاسپی بە دەست پەروەردگاری خاوە ڕەمەزانە، یەك ڕۆژوی مانگی ڕەمەزان نادەم بەهەزار ڕۆژ کاری تۆ.. پاشان بزانە کەمن پشتم دانا بۆ کۆڵی خەڵکی لە پێناو پارووە نانێکی حەڵاڵدا ئیتر بۆ مەمنونی تۆبم یا بۆ بترسم!
ئەندازیاری بەریتانیا ناوچەوانی جۆرێك پرسیاری لێدەخوێنرایەوە، تۆزێك سەیری کرد وتی : وەرە ئێرە..

سۆفی (....) پاچەکەی دانا کەتا ئەو کاتە بەدەستیەوە بوو چووە پێشەوەو کەمێك لەیەکتر ورد بوونەوە..

ئەندازیار : کاکە گەر بەڕۆژو بیت وەك پێویست کارت بۆ ناکرێت.. ماندو دەبیت.

سۆفی (....) : گەربە ئیخلاصەوە دەستم دایە کارو خوام کردە چاودێر بەسەر خۆمەوە زۆر لەکەسێ باشتر کار دەکەم کەلەترسی تۆ کار دەکات.

ئەنـدازیار ؛ بـە زەردە خەنەیەکـەوە وتـی : زۆر ڕاسـتە بـەڵام چـۆن دڵنیـابم کـەتۆ بـەڕۆژوویت.. سـۆفی (....) : بـە کـەمێك تووڕەییـەوە وتـی : دڵنیابـە کەبـەزمانی بەڕۆژووەوە درۆ بۆ بـاوکم‌و بـۆ تـۆ ناکـەم سـور بـزانم دوریـشم نەخەیتـەوە لـەم کـارە، ئەشزانم ژیـان بـەبێ ئـازار هـیچ خۆشـیەکی تیانییـە ئـازاریش ئـەو ئاگرەیـە کـە ژیـان ئەسوتێنێ..

ئەندازیار بەجوانی تێگەیشت چونکە کاکی وەرگێـڕ هـەمووی بەباشی بـۆ وەرگێـڕا.. ئـەو کـات ئەنـدازیار سـەرێکی لـە قانـدو زەردە خەنەیـەکی بـۆ کـرد، بـانگی ((چـاودێری))ی کارەکەی کرد، وتی :

((لەم ساتەوە ئەم کوڕە گەنجە لەگەڵ ئـەم کرێکارانـەدا کـار ناکـات)).. لـەولاوە کاکی وەرگێڕ کردیە کوردی، سۆفی زەردە خەنەیەکی کرد، ئێمەش لەناو خۆمانداو لەبەر خۆمانەوە وتمان : ئەرێ وەڵلا سۆفی (....) خـۆی ئـان بـڕاو کـرد.. خـوا ماڵـت ئاواکـا بـۆ ئەوەندە دەم دڕاوی.

پاشان ئەندازیار رووی کردە سۆفی (....)و وەرگێڕو چاودێری کارەکە، وتـی : ئـیتر ئـەم گەنجە خـۆڕاگرە کـار ناکـات.. ((دەسـتی بـۆ دارێکـی قـەد پـاڵی گردەکـە درێـژ کـرد.. ئـەم ڕۆژوانـە لـەبن ئـەو دارە جێگەیـەکی بـۆ چـاك دەکـەن‌و نوێـچژو ڕۆژوی خـۆی بەچـاکی ئەنجام دەدات‌و دەبێت (کرێ)شی بۆ حساب بکەن تـا (مـانگی ڕەمـەزان) تـەواو دەبێـت.. تێگەیشتن!.

کاکی وەرگێـڕ وتـی : کـاکی ئەنـدازیار وائـەڵێ.. ((بـڕوامـان بـە گوێکـانی خۆمـان نەکرد بۆیە سەیری یەکترمان دەکرد.))

سۆفی (....) وتـی : کـاکی ئەنـدازیار سـوپاس بـۆ خـوا پێویـستم بـەو جـۆرە یارمەتیانـە نییە.. ماڵت ئاوەدان بێت کاری خۆم بۆ خۆم‌و ڕۆژوو هیلاکیشم بۆ ئـەو کەسـەیە کەهـەر خۆی دەتوانێت پاداشتی بداتەوە.. زۆر ئارەزوومە بەئارەقی ناوچەوانی خـۆم نـان بـۆ

خۆم و ماڵ و منداڵم پەیدا بکەم. خێریشت ئەگا گاڵتەمان پێ مەکەو وازبێنە بابەردەوام بین لەکارەکەمان.

بەڵام ئەندازیار وتی : ئەمە فەرمانێکەو ڕەت کردنەوەی نییە!! دڵنیاش بە کەمن کەسی خۆڕاگرو خاوەن هەڵوێستم زۆر خۆش دەوێت و زۆر مەبەستمە گەرچی موسڵمانیش نیم. دەفەرموو وەرە لەگەڵمان بابڕۆین..

سۆفی زۆر داکۆکی کرد کەهەر کار بکات و وازی لێبهێنن بەڵام بێسوود بوو بەنابەدڵی سۆفی (....)و ئەندازیارو وەرگێڕو چاودێری کارەکە ڕۆشتن تاچوونە بن ئەو دارو سێبەرەی کەدیاریان کردبوو، تا ئەو کاتەش ئێمە هەر بەفێڵێکمان دەزانی گەرچی لەڕاستیەوە نزیکیش بوو. بەڵام وابوو بەڕاستی، دانیشتن دەم و چاویان بەناوی مەتارەیەك فێنك کردەوەولەبەر چاوی سۆفی (....) تێر ئاوی فێنکیان خواردەوە، مەتارە ئاوەکەشیان بۆ (سۆفی ....) ڕاگرت کە بخواتەوە... بەڵام ڕەتی کردەوە. هێندەی دوو جگەرە بکێشی پشویان دا.. ئێمەش لە دورەوە سەیرمان ئەکرد لەئەنجامدا وتمان : ئای لەوە ئێمە خەیاڵی چیمان ئەکردو چی ڕوویدا.. زۆر ڕاستە کە پێغەمبەر (محمد) درودی خوای لەسەر بێت فەرمویەتی :

((**الصبر فی الصدمة الاولی..**))

پاش کەمێك تێرامان خەیاڵێك هات بەبیرماندا.. لەناو خۆماندا وتمان : باشە خۆ ئێمەش بەڕۆژووین، کەئەندازیار هاتەوە لامان پێی دەڵێین و تێی دەگەیەنین کە ئێمە بەڕۆژووین هیچ نەبێت بەنیوەی (سۆفی ....) پشومان بدەرێ.

بەڵێ خوێنەرانی خۆشەویستم پاش کەمێك چاومان لێبوو سۆفی لەبن دارەکەدا نوێژی ((چێشتەنگا _ ضحی)) ئەکرد.. ئەندازیارو وەرگێڕو چاودێری کارەکەمان هاتنەوە شوێنی کارەکە.لێمان نزیك بوونەوە.. سەیرێکیان کردین و بەلاماندا تێپەڕین بەڵام هیچ قسەیەکیان نەکرد، تەنها زەردە خەنەیەکی گاڵتە ئامێز نەبێت. ئێمەش هەموو سەیری یەکترمان دەکرد، تا کاك (....) هاتە قسەو چوو بەری ڕێگاکەی لە کاکی ئەندازیار گرت و وتی : کاکی ئەندازیار.. گیانەکەم ئێمەش هەموو وەك ئەو پیاوە بەڕۆژووین.. دڵنیابە دەپشویەکمان بدەرێ.

کاکی ئەندازیار ((مهندس)) سەیرێکی کردین و داوای لە وەرگێڕ کرد : ئەمانە چیان دەوێ؟

کاکی وەرگێڕ بۆی کردە ئینگلیزی.

خوا هەڵناگرێت باوان ئاوەدان بێت ئەویش زەردە خەنەکەی دووبارە کردەوەو وتی : ڕاستە ئێوە موسڵمانن، بەڕۆژون، کاریش ئەکەن، بەڵام (غیرەتو دڵسۆزیو ئاسودەییو ئازایی) لەگەڵدا نییەو نەبووە،

کارو کاسپی دنیاتان زۆر لەلا باشتر بوو لە هەڵوێستی موسڵمانانەی خۆتان، تەنها ئەو گەنجە خاوەن ئیمانی ڕاستەقینەی خۆی بو لە هیچ سڵی نەکردو دوو دڵ نەبوو.. چەندە بەقسە ئازارمان دا بە دەروونیش دوو ئەوەندە بەڵام خاوەنی هەڵوێستی چەسپاوی بیرو باوەڕەکەی بوو.

ئیتر نەوەستا، ئێمەش هیچ قسەیەکمان بۆ نەمایەوە تەنها پەشیمانیو ئاخو حەسرەت نەبێت. سۆفی (....) ئەو ڕێزەی کەپەیدای کرد لەبەرهەمی باوەڕێکی ڕاستەقینەی پاکەوە سەرچاوەی گرتبوو.. هەر کاتێکیش کاکی ئەندازیار لەوێ نەبوایە داوای لە چاودێری کارەکە دەکرد کە پارمەتی بدات تا کاری خۆی بکات نەك دانیشتن، ئەویش بەدڵی دەکرد.

تەلیسمی ئافرەتێک

و:ئامانج محەمەد ئەمین

خۆشەویستانم منی تاوانبارو بێئاگا لە وڵاتێکدا ژیان بەسەرەبەم کە لە هیچ شتێکی کەمنییەو خوای گەورە هەموو نیعمەتێکی بەسەردا ڕژاندووە، ئەمەو جگە لەوەی پیرۆزترین ماڵی خوای لێیەو ماڵەی کەبۆتەقیبلەی موسڵمانان‌و ڕۆژانە پێنج جار لەکاتە جیاوازەکاندا بەو پەڕی خشوعەوە ڕووی تێدەکەن پاشان ماڵی خۆشەویسترین بەندەی خوا دیسانەوە هەر لەم وڵاتەدایە. کە پێغەمبەری ئازیز (د.خ) لەماڵێکدا ئەژیام زۆر بێ کێشەو دەردی سەری بوو ماڵەکەمان بریتی بوو لەدایکم‌و باوکم‌و دووبرا خوشکێك هەریەکەمان سەرقاڵی کارێ بووین‌و باوکیشم هەرچەندە پیر بوو، بەڵام ئارەزوی لەماڵ دانیشتنی نەبوو ، لەبەر ئەوە ڕۆژانە لەبەیانییەوە دەچووە کۆمپانیا تاتەواو ماندوو نەبوایە نەدەگەڕایەوە ماڵەوە تەنانەت زۆرجار بەپێ ئەڕۆیشت بۆ شوێنی کار ؛ پێمان دەوت: بە پێ مەڕۆ باماندوو نەبیت" دەیوت: گەر وانەکەم لاشەم سست دەبێت و زوو پەکم دەکەوێت.)) دایکیشم تابڵێی دایکێکی میهرەبان‌و دەم‌و زمان شیرین‌و ڕۆح سوك بوو لەپێناوی خۆش گوزەرانی ئێمەدا ئامادە بوو تەنانەت گیانی خۆیشی ببەخشێ. براکەم لەبەشی ژمێریاری هەمان کۆمپانیای باوکم کاری دەکرد ئەویش تا بڵێی برایەکی بەڕەوشت‌و دڵپاك‌و دڵسۆز بوو، منی زۆر خۆشەویست.. بەڵام خوشکەکەم چونکە تاقانە بوو لە ڕادە بەدەر خۆشمان دەویست نازمان ئەدایە لەناو هاوڕێ‌و برادەرەکانیا تا بڵێی سەلارو بەڕێز بوو. بەشێوەیەك لەهەر شوێنێکدا بوایە کۆمەڵێکی لێکۆدەبۆوەو زۆر ئارەزووی هاوڕێیەتیان دەکرد.

بەڵێ خوێنەری بەڕێز، ژیانمان زۆر بەخۆشی‌و شادییەوە دەبردەسەر.. ڕۆژانە دەچوومە شوێنی کارەکەم زۆر دڵم پێی خۆش بوو بەڵام ئەوەی جار جار بێزاری دەکردم

((دایکم‌و باوکم)) بوو زۆر سەریان ئەخستە سەرم‌و پێیان ئەوتم : تەمەنت لە ٢٨ ساڵ تێپەڕیوە تاکەی ژن ناهێنی دایکم ئەگریا ئەیووت : کوڕم بە خوا من‌و باوکت بەبەرمانەوە نەماوە ڕۆڵە توخوا تا نەمردووین با لە ژیانی هاوسەری‌و کۆشکی خێزاندار تیا بتبینین، باوکیشم بۆی سەندەوەو وتی : ((ئەی ڕۆڵە خۆت ئەزانی دایکیشتان لاواز بووەو ناتوانێت ئەوەندە خزمەتی ئێوە بکات ئیتر ژن بێنن با ئێمەش بحەسێینەوە..!))

بەڕاستی لێتان ناشارمەوە ئەم قسانەی دایەو بابەم زۆر ئازاریان ئەدام لەلایەکەوە بەزەییم پێیان دەهاتەوە لەلایەکی تریشەوە گاڵتەم بەم قسانە ئەهات‌و بەکۆن‌و بەسەر چووم دەزانی، زۆر جار لەدڵی خۆمدا ئەدوام : ئاش لەخەیاڵی‌و ئاشەوان لەخەیاڵێ‌ئەمانە زۆر سەیرن هەموو خەیاڵێکیان لای ئەوەیە لەباخچەی ماڵەوەدا دانیشن‌و کوڕەزاکانیان لەباوەش بگرن بابە کەی باوی ئەوە ماوە خوانەکات ترفیعاتەکەم بۆ دەرئەچێت یەکسەر ئەچمە ئەمەریکا ژیان لەوێ بەسەر ئەچێت ئیتر دۆزەخە.. پیاو گەر هاوسەری گرت لەو چاوشین‌و قژ زەردانە بێنێت. نیوەڕۆیەک لەفەرمانگە دەگەڕامەوە زۆر ماندوو بووم کە چوومە ماڵەوە سەیرم کرد ماڵەوەمان هەڵس‌و کەوتیان لەوە ئەچوو نیازی سەفەرێکیان هەبێت، لەوانەیە بڵێن بەچییا زانیت.. چونکە جاران کەلە دەوام دەهاتمەوە هەمووشتێك ئامادەبوو هەر لەنان خواردن‌و چا خواردنەوە بیگرە تا فەراهەم هێنانی کەش‌و هەوای ئارام خەوی نیوەڕوان ئامادە بوو تەنانەت نەعلەکانیش لە بەردەرگای حەوشەدا ئامادە بوو، تا لەگەڵ گەڕانەوەماندا بە نەعلەوە بێینە ژوورو ناو ماڵەکە پیس نەبێت بۆیە بەسەر سوڕمانەوە پرسیم : چییە ئەمڕۆ ماڵ ئاسایی نییە هیچ بووە؟!!

دایکم : کوڕم ئەوەی ڕاستی بێت بەهیواین بڕۆین بۆ سوریا بۆماڵی مامت لەبەیانییەوە خۆمان ئامادە ئەکەین بۆ سەفەر.

منیش هەرچەندە زۆر برسی‌و ماندووبوم وتم : باشە خێری پێوە بێت‌و خواحافیزتان بێت. ئیتر ئەو ڕۆژە بۆ بەیانی زوو بەسەیارەکەم کەل‌و پەلی سەفەرمان کۆکردەوەو ماڵی باوکم برد بۆ فڕۆکەخانە کاتێك ماڵی باوکم ڕۆیشتن، هەستم کرد زۆر ئاسودەم‌و ئارەزووەکەم ماوەیەك بەتەنیا بمێنمەوە. بۆیە ئەو ڕۆژەم زۆر بە ئارامی گوزەراندم‌و سەردانی چەند هاوڕێیەکی خۆمم کردو پیاسەو سەیرانێکی خۆشمان ئەنجامدا.. ئەو

شەوە هەتا درەنگ لەگەڵ هاوڕێکانم دا سەرقاڵی خواردنەوەو قومار بووین تا ئەوەندە درەنگ ماینەوە ئاگام لەخۆم نەمابوو چۆن میوانەکانم ڕۆیشتبوونەوە. هەر بەجل‌و تەنانەت پێڵاوەکانیشمەوە لەسەر سیسەمەکەم خەوتبووم.

بەیانی لەدەنگیا هات‌و چۆی ڕێبواران‌و هاڕو هوڕەی سەیارەی سەر شەقامی ماڵەکەمان خەبەرم بۆوە بۆیە هەر لەگەڵ هەڵسانم خێرا بە پەلە سورای سەیارەکەم بووم تا بڕۆم بۆ (دەوام) ئیتر بێئەوەی دەم‌و چاوم بشۆم‌و نانی بەیانی بخۆم تەنانەت دەسێکیش بێنم بەخۆما هەرچۆنێك بێت گەیشتمە شوێنی کارەکەم‌و سەرم زۆر قورس بوو بێزار بووم ئەمویست کەس لەگەڵم نەدوێت.

جا ئازیزان گەر سەرتان نەیەشێنم حەز ئەکەم ئەوە بڵێم ئەو خەڵکانەی کە پیشەیان ((عارەق خواردنەوەو قومار کردن‌و مانەوەی دوورو درێژی شەوانن)) هیچ کاتێك لەگەڵ تەواو بوونی ئەو مەجلیسەیاندا ئاسودە نین‌و لەدواییدا جۆرێك لە پەشیمانی دایان دەگرێت.. من تێناگەم کەی ڕەوایە مرۆڤێك خوای گەورە ئاسمانەکان‌و زەوی بۆ فەراهەم هێنابێت‌و رامی کردبێ بۆی لەبەردەم کەسێك عارەق‌و چوار پارچە وەرەقەی قوماردا زەلیل دەبن‌و دەبنە بەندەی‌و خۆیان بچوك دەکەنەوەو کات کوشتن دەبێتە هاودەمی ژیانیان بۆیە من داوا لە ئێوە دەکەم تا نەکەوتونەتە ئەو گێژاوەی کە ئێستا منی تیام..

بەڵێ ئازیزان کاتژمێر ۳۰ر۱۰ ی بەیانی بوو سەرم بەسەر مێزی کارەکەم دا شۆڕ کردبۆوەو خەریکی (ژمێریاری فەرمانگە) بووم، ئەوەندەم زانی یەکێك لەبەردەم مێزەکەمدا وەستاو بە دەنگێکی زۆر ناسکی سەرنج ڕاکێش وتی: ئەتوانیت ئەم ئیمزایەم بۆ بکەی؟! کە سەرم هەڵبڕی ئافرەتێکی لەڕادە بەدەر جوان لەبەردەم مێزەکەمدا وەستابوو بۆیە هەر کە ئەم ئافرەتەم بینی ئیتر هیچ ئاگایەکم لەخۆم نەماو لەشوێنی خۆمدا وشك بووم، جارێکی بەدەنگێکی سەرنج ڕاکێشەوە دووبارەی کردەوە: ئەتوانی ئەو ئیمزایەم بۆ بکەیت.

لێتان ناشارمەوە هەر لەگەڵ دووەم جار گوێم لەدەنگی بوو تەواو بوومە دیل‌و بەندەی هەستم ئەکرد ئەویش هەمان شێوە وەکو من وایە و زۆر بەووردی سەیرم

دەکات، پاشان بەهۆش خۆمدا هاتمەوە و لەبەری هەڵسامەوە و فەرمووم لێکرد و لەسەر کورسیەکەی بەرامبەرم دامنیشاند و خێرا و زۆر بەپەلە شەربەتێکم بۆ بانگکرد... بەدەم خواردنەوەی شەربەتەکەوە لەگەڵ یەکدا کەوتینە قسە ... ئیدی لەوساتەوە بوینە دۆست و هاوەڵی یەکتر دوای ماوەیەك پێکەوە دانیشتن‌و قسەکردن داوای کرد ماڵئاوایی بکات.. ئەم قسەیەی دڵی بەتەواوی داخورپاندم بۆیە بەناچاری ڕازی بووم. بەنیازی دیدار، ڕۆیشت.

خۆشەویستان پێش بەرەو پێش چوونی بەسەرهاتەکە پێویستە هەڵوێستەیەك بکەین تا هەموومان تێبگەین کە چەندێك "ئافرەت" کاریگەری هەیە لەسەر پیاوان گەر سەیر کردن‌و پەیوەندییەکانیان ناسروشتی بوون وەك ئەم لاوە کە سەرو سیماو نازو مەکری ئەم ئافرەتە کاری کردە سەر حەیران بون‌و سەرسام بونی‌و لە خشتەیبرد.

کەواتە پەروەردگار زۆر لەوە بەئاگاترە لە نەفسی خۆمان کە ئێمە بۆی دەچین، دەفەرموێت: (لا تخضعن في القول فيطمع الذي في قلبه مرض).

واتە کاتێك قسە لەگەڵ پیاواندا دەکەن بە نازو مەکرو لارو لەنجەوە قسە مەکەن لەگەڵیان چونکە ئەبنە جێ تەماعی ئەوەی دەرونی بەرامبەرتان لاوازە.

یان دەفەرموێت: (لا تبرجن تبرج الجاهلية الأولى) مەگەر کورتی‌و تەسکی و تەنگی جلی ئەو ئافرەتە کاری لەولاوە نەکردبێت کەشێت‌و شەیدا بێت‌و ئاوەها توشی کارەسات بێ. کەواتە ئەبێ هەمووما بڵێین (سبحانك ربنا فقنا عذاب النار انت ولينا في الدنيا و الآخرة فلا تكلنا الى انفسنا طرفة عين) بەڵێ ئازیزان کوڕەی سەر لێشێواو بەردەوامە لەسەر گێڕانەوەی کارەساتەکەی و دەڵێت: ئیتر لەو ساتەوەی ئەو ئافرەتەم بینی ئاگام نە لە فەرمانگە ماو نە لە ماڵەوە نە لە هاوڕێ‌و برادەر. هاوڕێیانی شوێنی کارم تەواو هەستیان پێکردبووم بەڵام نەیانئەزانی بۆ وام بەسەر هاتووە بۆیە زوو زوو ئەهاتن بۆلام ئەیانویست تێبگەن من هەڵس‌و کەوتم بۆ وا گۆڕاوە ئەم ماتی‌و بێزاریەم لە دەرەوەی شوێنی کارو لە ماڵەوەیش بەهەمان شێوە بوو، لێتان ناشارمەوە سەرم کردە (مەی) خواردنەوەو بێئاگایی بە جۆرێك نەمەزانی شەوە یان ڕۆژە.. هەمیشە سەرخۆش بووم ئەم بێزاریە زۆری نەخایاند شەوێك لە ماڵەوە بووم تەواو سەرخۆش بووم

ئەمەندەم زانی زەنگی تەلەفۆن لێیدا بە هەرحاڵ بوو خۆم گەیاندە تەلەفۆنەکە لەگەڵ یەکەم ووشەی (هەلەو)ی تەلەفۆنەکە بە دەنگێکی تەلیسماوی نازدارییەوە یەکێك پێی وتم: مـن (ئـەحلام)م دەنگ‌و باست باشی، هەر لەگەڵ بیستنی یەکەم ووشەدا وەك سەتلێك ئاوم پیابکەن سەرخۆشیەکەم بەری دام‌و بە ئاگا هاتمەوە و بەزەووق‌و شەوقێکی زۆرەوە کەوتمە قسەکردن لەگەڵیا ئیتر وام ئەزانی لەم دنیایەدا کەسێکی تیا ناژی تەنها من‌و ئەو نەبێت، ئەویش دیاربوو هەمان هەستی هەبوو، بەو شێوە ڕەفتارەی خۆی بۆی دەردەبڕیم پاش یەك کاتژمێر لە قسەو پێکەنین و ڕاگۆڕینەوە، پەیمانی ئەوەم لێوەرگرت کە چەند جارێکی تر یەك ببینینەوە.. بەلام ناخۆشترین ساتەکانی ژیانم ئەو کاتەبوو کە خواحافیزەی کرد. ئیتر ئەو شەوەم لێبوو بەدێوە زەمەیەکی ترسناك‌و لە ترسی ئەم شەوە چاوەکانم خەویان نەبینی‌و دالغەیەك لە دوای یەکەکانم جارێك بەرەو ئاسمانی دەبردم و جارێکیش بەناخی زەویدا، بەڵێ ، خۆشەویستان ژیانی من ئەو ئافرەتە لە تەلەفۆنی ئەو شەوەوە گۆڕاو بووینە دوو هاوڕێ‌و خۆشەویستی یەك بە جۆرێك سینەماو باخچەو بازاڕو کوچەو چێشتخانە نەما لەم شارەماندا ئێمە نەبینە میوانی‌و کاتی تیا نەکوژین، لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو حەزم ناکرد ماڵی باوکم بەم پەیوەندیە نوێیەم بزانن و ئەویش هەمان ڕای هەبوو، ئەمەش حاڵی هەموو ئەو کەسانەن کە نیەتیان لەگەڵ ئەو جۆرە پەیوەندیانە خاوێن نییەو لەژێر پەردەیا کاری نادروست مەبەستیانە. هەرچەندە دایکم وەك سروشتی دایکایەتی خۆی هەستی پێکردبووم و زوو زوو پێیدەوتم: کوڕی خۆم زۆر ناسروشتی ئەتبینم بۆ وادەکەی لەخۆت و چیت بەسەر هاتووە بەلام من هەر سوور بووم لەسەر ئەوەی لێی بشارمەوە.

بەلام ئەوەی بێزاری کردبووم هاوڕێیەکی شوێنی کارەکەم بوو، پێمەوە لکابوو بێکۆڵدان لە ئامۆژگاری کردن بێزار نابوو زوو زوو پێی دەوتم:" برای ئازیزم بەڕاستی تۆ لە مەترسیدای کەی ڕەوایە ئادەمیزاد دوور لە هەموو شەرمێك لەخوای پەروەردگار ژیانی خۆی بگوزەرێنێ هەروەها پێی دەوتم: برام من‌و تۆ لە وڵاتێکداین بە ملیۆنەها موسڵمان لەسەر گۆی زەوی بەهیواو ئاواتی ئەم شوێنەی ئێمەوە ئەژین‌و چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەن بێینە سەردانی کردنی. برام ئێرە ئەو کەعبەیەی لێیە کە ملیارو نیوێك موسڵمان لە هەموو پەرستشەکانیاندا ڕووی تێدەکەن ئێرە پێغەمبەرێکی لێیە کە نەك

تەنها سەروەری مرۆڤایەتی‌و سەرجەم پێغەمبەرانە بەڵکو کۆی فریشتەکانیش.. خوای گەورە لەبەر خاتری بوونی ئەو ئەم گەردوونەی دروستکردووە، ئیتر من‌و تۆ وێنەی ئێمە، چۆن بوێرین گوناهی لەسەر ئەنجام بەین. بەڵام لە هەمووی سەیرتر لەوەی لە سیفەتی ئەم هاوڕێیەم دابوو.. ئەوەبوو نەیزانی من پەیوەندیم لەگەڵ ئەو ئافرەتەیا هەیەو پەیوەندیەکەیشمان تێکەڵە بە گوناهی‌و سەرپێچی‌و تاوان، بەڵام هەرگیز بەڕەقی نەیئەدا بەڕوومدا، هەر بەڕووی خۆش ئامۆژگاری ئەکردم‌و برینداری ناکردم ئێستا هەستدەکەم چەندێك ئەو هاوڕێیەم دڵسۆز بوو بەمن، بەڵام ئازیزان کاتێك ئادەمیزاد خەسارەتی ئەوەی کرد بێشەرمانە لە حزوری پەروەردگاریا کاری دزێوو نادروست ئەنجام بدات، ئەوا زۆر ئاساییە شەرم لە هاوڕەگەزەکانی نەکات بۆیە منیش وەك یەکێك لەو جۆرە کەسانە زۆر بێباکانە لەگەڵ ئەم هاوڕێیەم دا هەڵسوکەوتم دەکرد تەنانەت تەنانەت وامڵیهات زۆر بێزار دەبووم لەقسەکانی ، بەڵێ خوێنەری خۆشەویست ئەزانم ئێستا تامەزرۆی ئاکامی بەسەرهات نەو کارەساتەکەی چونکە ئەوەی لەمن روویدا بەسەر هیچ کەسێکدا نەهاتووە چونکە گوناهو تاوانەکەی من لەسەر رۆخی دەریاکان و لەگەڵ ئافرەتە بێنابڕووەکانی رۆژئاوا نەبوو تاوانی من لەشارانێکی دوور لە دینداری و خواناسی نەبوو، تاوانی من لە ناو یەکەمین ماڵی پەروەردگارا بوو لەسەر زەوی. تاوانی من لەپاڵ ئەو کەعبەیەدا بوو کە سیمای یەکتا پەرستی پەروەردگارە ئاساڵانە لەناو ئاپۆرای خەڵکیدا تاوانباران بەهۆیەوە دەچنەوە قوزاغەی ئیمان‌و لە ئامێزی فریشتەکانداو ئاوێتە بە دەستی بەرزەوە بۆی بەدۆعایان خۆیان دێننەوە ڕیزی صاڵحان. بەڵام منی تاوانبار لە ئامێزی هەموو ئەم دنیا پاکیزەییەدا تاوانێکم ئەنجام داوە زەوی بەهەموو بونەوەرەکانی نێوی ئاسمان بەهەموو کەش کەشان‌و جیلوەی ئەستێرەکانیەوە فریشتەکان بە کۆڕو کۆمەڵیانەوە نەفرین لەم کارە قێزەونەی من دەکەن.

هەرچەندە بەزەیی‌و سۆزی پەروەردگار بێسنورە بەڵام تروسکەی ئومێدو هیوا لە منەوە دوورن، بەڵێ خۆشەویستان ڕۆژێك لەگەڵ هاوڕێیەکمدا لە ژووری کارەکەمان دانیشتبوین سەرقاڵی کاربووین، زەنگی تەلەفۆن لێیداو هاوڕێکەم هەڵیگرت‌و جۆرێك لەسەر سوڕماویم بەدەم‌و چاویەوە بینی بۆیە یەکسەر دەسکی تەلەفۆنەکەی دایە دەستم‌و وتی: ئافرەتێکە تۆی دەوێت! هەر لەگەڵ گوێم لەم قسەیە بوو یەکسەر

بەوپەڕی خۆشییەوە تەلەفۆنەکەم لێوەرگرت زۆر بەنازەوە سڵاوی لێکردمو دوای چۆننیو چاکی پێی وتم: ئەمەوێت بتبینم، جێگە ژووانمان (فلانە شوێنە) بەنیازی دیدار، زۆر بە دڵخۆشییەوە تەلەفۆنەکەم داخستەوەو لە خۆشیا نەمەزانی چیبکەمو لەدڵی خۆما وتم: تا ئەوکاتە لەوانەیە شێت ببم، وا ئەزانی یەکەم جارمە ئەیبینم، بۆیە ئیتر لەو ساتەوە چاوەڕوانی بینینی بووم، ساتی بەیەك گەیشتنمان تەنها نیو کاتژمێری مابوو، بۆیە بەپەلە خۆم کۆکردەوەو بەرەو ئەو باخچەیە ڕۆیشتم، کاتێ گەیشتم سەیرم کرد (ئەحلام) لەسەر کورسیەك دانیشتووە پەرداخێك شەربەتی لە بەردەما بوو بەنازێکەوە بە (قامیش) قصب دەیخواردەوە.

کاتێك گەیشتمە لای هەندێ قسەی ڕۆمانسیمان لەگەڵ یەکدا ئاڵو گۆڕ کرد، پاشان بە هەندێك جدییاتەوە هاتە قسە لەگەڵما وتی: منو تۆ ماوەیەکە بەیەکەوەین و خۆشترین کاتمان بردۆتە سەر من لەم ماوەیەدا بەتەواوی تۆم بۆ تاقی بۆتەوە کە کەسێکی زۆر چاکیو بویتەتە جێگای متمانەی من.. منیش لەم قسانەی سەرم سوڕمابوو چونکە ئەو ماوەیەی منو ئەو تیایا یەکمان ناسیبوو قسەی لەم شێوەیەی نەکردبوو بۆیە زۆر بە متمانەوە گوێم بۆ گرتبوو. پێم وت: هەرچیەك بەمن بکرێت وا ئامادەم بەسەرو گیان ئەویش دوای نواندنی ڕەزامەندی پێی وتم من ئافرەتێکی زۆر دەوڵەمەندم، چەندین کۆمپانیام هەیە، خۆت ئەزانی بەڕێوەبردنی ئەم هەموو کارە ئاڵۆزە بۆ ئافرەتێکی وەك من قورسو گرانە بۆیە بڕیارم داوە ئەگەر ڕەزامەندی بفەرموویت بتنێرم بۆ (شەرم شێخ) لە (میصر) بۆ هەندێ کاری بازرگانی.

لەڕاستیدا ئەم قسەیە تەواو منی توشی سەراسیما و جۆرێك لە شپرزەیی کرد بۆیە هیچم بۆ نەمایەوە تەنها قبوڵ کردنی نەبێت، پاشان ڕاستەوخۆ لە جانتاکەی (ڤیزەو ئیقامەی میصری) دامیو زۆر بە خێرایی وادەی دەرچوونی دامێ تەنانەت ئوتێلەکەیشی بۆ دیاری کردمو پێی وتم: کاتێك گەیشتیتە ئوتێلەکە بە مۆبایلەکەت پەیوەندی بکە بەم ژمارەیەوە ئەوان سەرو مڕی کارەکانت بۆ دیاری دەکەن.. منیش لە حاڵەتێکی وادابووم هەرچیەکی پێبوتمایە بێ سێو دوو ڕەزامەندیم دەردەبڕی.. ئیتر دوای بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەیەك جیابووینەوە. چوومەوە ماڵەوە خۆم ئامادەکرد بۆ گەشت، یەکەم کەس دایکم دەرکی پێکردم بۆیە بە ترسێکەوە لێم نزیك بۆوەو پێی

وتم: (کوڕی خۆم نابێ بزانم بۆ کوێ گەشت دەکەیت؟ منیش ئاخ زۆر بە توندییەوە وەڵامم دایەوە وتم: کەس حەقی بەسەر منەوە نیە.

ئیتر ئەو داماوە نەیوێرا هیچ بڵێ، سەرتان نەیەشێنم بەدڵێکی خۆشەوە بەیانی کات (٩) لە فڕۆکەخانەوە بەرەو وڵاتی میسر فڕین داوی چەند کاتژمێرێك گەیشتمە میصرو لەو ئوتێلە دابەزیم کە (ئەحلام) بۆی دیاری کردبووم. پاش پشویەکی تەواو مۆبایلەکەم گرت بەدەستەوە، بەو ژمارە تەلەفۆنەی پێم بوو پەیوەندییەکەم ئەنجامدا.. پیاوێك وەڵامی دامەوەو پێم وت: من ئەحلام ناردومی بۆ ئێرە ئەمەوێت چاوم بە بەڕێزتان بکەوێت بۆ هەندێ کاری پێویست)، ئەویش بەگەرمی و خۆشیەوە وەڵامی دامەوەو ئامادەیی خۆی دەربڕی، وتی: دوای پشودان وەرە بۆ لام.

منیش وتم: شوێنەکەت کوێیە تا بێم بۆلات!؟

ئەویش وتی: هەر لەو ئوتێلەدام کە تۆی تیای!

ئەم قسەیە زۆر سەری سوڕمانم، لەدڵی خۆما وتم: ئەو چوزانێ من لەم ئوتێلەوە تەلەفۆنی بۆ دەکەم، ئەی ئەحلام بۆ ئەمەی بۆ باس نەکردم بەڵام هەرچۆنێك بێت گوێم پێنەداو خێرا خۆم گۆڕی و چووم بۆ لای، بەڵام ئازیزان هەر چەند منی تاوانبار ئەوەندە ناهێنم ئێوەی بەڕێز بە بەسەرهاتە قێزەونەکانم ماندوو بکەم بەڵام حەزەکەم بەردەوام بن لەگەڵما، بەڵکو ببمە پەندو ئامۆژگاریەکی باش بۆ سەرجەم لاوان تا نەکەونە ئەو بارەی کەمن تێی کەوتم‌و تیا نغرۆ بووم. بەڵێ: ئەوەی من بۆی ناچوم و بەبیرمان ناهات لەکاتی کردنەوەی دەرگای ژووری کابرا ڕوویداو بینیم کاتێ لە دەرگاکەم دا بەنیازی خۆم بەهیوا بووم ئەو پیاوە دەرگاکە بکاتەوە کە قسەم لەگەڵدا کرد، بەڵام کاتێك دەرگا کرایەوە (ئەحلام)م لەبەردەمدا بوو بەڵام (ئەحلام)ی چی‌و چۆن کە ئادەمیزاد شەرم دەکات لە گێڕانەوەی‌و زۆر سەرنج ڕاکێشانە خۆی گۆڕیبو بە بینینی (ئەحلام) هەست‌و هۆشم لانەما لەلایەك لەبەر ئەوەی ئایا (ئەحلام) چیدەکات لە میسرو بەتایبەت لەم ئوتێلەدا لە کاتێکدا خۆی ناردوومی بۆ میسر، لەلایەکی ترەوە شێوەو جۆری ئەو جل‌و بەرگەی لەبەریدا بوو.

هەر چۆنێك بوو (ئەحلام) زۆر سروشتیانە فەرمووی لێكردمو چوومە ژوورەوە. لەم ساتەوە بوو كە ژیانم نفرۆی تاوانو گوناهی گەورە بوو لەم ساتەوە بوو خەرمانەی تەمەنو ڕێزو كەسایەتم ئاگری بێئابڕووی كردیانە خەڵوزو بووە قوربانی ڕێی ئارەزوو ناشەرعیەكان. كەواتە خۆشەویستیان كاتێك پێغەمبەری ئازیز دەفەرموێت: (با هیچ كەس لەنێوە نەچێتە خەڵوەتەوە لەگەڵ ئافرەتێكی نامەحرەم دا یاخود دەفەرموێت: هیچ كات دوو كەس كۆنابنەوە ئیلا شەیتان سێیەمیانە).

بەڵێ خوێنەری بەڕێز گەر بێتو گرۆی مرۆڤایەتی ژیانیان تەریب بكەن بەڕێنماییە قورئانیەكانی پەروەردگارو فەرمودە شیرینەكانی پێغەمبەری ئازیز هەرگیز توشی تاوانو سەرپێچی لەو شێوەیەی (حەمماد) نابێت. بابزانین (حەمماد) چۆن پاشماوەی بەسەرهاتەكەیمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: خۆشترین ساتەكانی پڕ لە ڕابواردنو ئارەزوو پەرستیم لەگەڵ (ئەحلام) لە (شەرم شێخ) بوو، بەڵام جار جار فیكرە تم پێی دەوتم: حەمماد لەگەڵ ئەم ئافرەتەدا چیئەكەیت؟! چ شەرعو یاسایەك تۆی لەگەڵ ئەم ئافرەتە گرێداوە!! بۆ بیر ناكەیتەوە؟

ئەحلام پێی وتم برۆ بۆ میسر لەوێ هەندێ كاری بازرگانیم بۆ ئەنجام بە كەچی ئێستا هاتووە بۆ ئێرە بۆ لام.. ئایا ئەمە جێی گومان نییە؟!.. بەڵام بەداخەوە بەندو داوی ئارەزووی بێسنورم نەیان هێشت گوێڕایەڵی دەنگە هێمنەكەی فیكرە بكەمو بەو شێوەیە وەك گیانێكی بێئابڕوو لەناو زەلكاوی سێكس و ئارەزووی بێسنوردا دەتلامەوە هەرچۆنێك بێت چەند ڕۆژێكمان پێكەوە گوزەراند، لەپاشاندا ئەحلام وتی: من ئەچم بۆ قاهیرە، منیش وتم: ئەڕۆمەوە بۆ سعودیە چونكە تەنها (٧) ڕۆژ مۆڵەتم لە كۆمپانیاكەم وەرگرتووە، پاش دو ڕۆژ لە گەڕانەوەم لەسەر كورسی ژوورەكەم دانیشتبووم و سەرقاڵی كاری خۆم بووم.. زەنگی تەلەفۆن لێیدا كاتێك هەڵم گرت لە پرسگەی نەخۆشخانەی گەورەی (جەددە) وە پێیان وتم:" براكەت سەیارە لێیداوەو پێویستی بە دوو بوتڵ خوێنە، منیش بە بیستنی ئەم هەواڵە زۆر شپرزە بووم بۆیە بێئەوەی پرس بكەم بەكەس خێرا لە شوێنی كارم بەڕێكەوتم خۆم گەیاندە نەخۆشخانەو بینیم باری زۆر خراپە بۆیە بە پەلە چوومە لای پزیشكەكان و پێم وتن: من برای ئەوم و هاتووم خوێنی بدەمێ."

ئەوانیش زۆر بە خێرایی‌و دڵسۆزانە هەڵسان بە تاقیکردنەوەی خوێنەکەم، بۆیە پێیان وتم: (بڕو لە دەرەوە چاوەڕوان بکەو ئێمە شیکاری بۆ دەکەین)..

منیش چوومە دەرەوەو نەیشم دەوێرا پەیوەندی بکەم بەماڵی باوکمەوە لەبەر ئەوەی دایکم بەرگەی ئەو هەواڵەی ناگرت.. بەڵێ خۆشەویستانم ئەوەی کە هەرگیز بە خەیاڵمدا نەهاتووەو بیرم لێنەکردۆتەوە هەواڵێکم بۆ هات کە سەراپای تەمەنی نفرۆی ئازارو ئائومێدی کرد هەواڵێك .. تە وسکە ئاسا ئاگری بەردایە خەرمانەی تەمەنم.. هەواڵێك منی کردە لاشەیەکی زەبوون‌و لاواز.. لاشەیەکی نامۆ بە کۆمەڵگا.. بەڵێ ئازیزان پاش چەند ساتێك دکتۆرەکە هات بۆ لام کۆمەڵێ پرسیاری زۆر گوماناوی لێکردم‌و لەدواییدا پێی وتم: ئایا خێزانداریت یان نا؟!

لەڕاستیدا ئەم پرسیارانە تەواو منی ماندوو کردبوو بۆیە بە بێزاریەوە وتم: دکتۆر ئەمە دادگا نیە پرسیارم لێبکەیت من هاتووم خوێن بە براکەم بدەم!؟

دکتۆر (بە توڕەییەوە) تۆ بەکەڵکی ئەوە نایەیت خوێن بەی) منیش بە هەموو هێزم هاوارم کرد: تۆ دەڵێی چی دکتۆر.. دکتۆر: خوێنەکەی تۆ هەڵگری ڤایرۆسی (ئایدزە) بەکەڵکی کەس نایەت.

بەڵێ لەگەڵ دەرچوونی ئەم وتەیە لە دەمی دکتۆر بێئەوەی ئاگام لەخۆم بێ بەرچاوم ڕەش بوو دوای دوو سەعات لەسەر قەرەوێڵە ((چرپا))ی نەخۆشخانە خۆم دیوەوە.. دایکم‌و باوکم‌و خوشکەکەم بەسەر سەرمەوە وەستابوون‌و بەچاوی پڕ فرمێسك‌و داغ‌و حەسرەتەوە بۆ من‌و براکەم ئەگریان ئیتر دوای سێ ڕۆژ من‌و براکەم لەنەخۆشخانە کراینە دەرەوەو چووینەوەماڵ، ئێش‌و ئازارەکانی ((محمد))ی برام تادەهات سوکتر دەبوون بەڵام ئێشی من تا دەهات قورستر دەبوو، ژیان لای من هیچ واتایەکی تیا نەما تازە من بوومە لاشەیەکی لاوازو جێی تەماعی ڤایرۆسی ئایدزی بێبەزەیی، من بوومەکەسێکی بێزراوی لای دایکم، باوکم، هەموو کۆمەڵگا، تەنانەت لەماڵی باوکما جێگەم نەبۆوەو دوای چەند ڕۆژێك ڕەوانەی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بەتوشبووانی ئایدز کرام‌و وەك وشترێکی تەڕیووگەڕێزیان لێدەگرتم، زۆر بەخێرایی کێشم دادەبەزی‌و ڕەنگم لەڕوو بڕا بوو هێواش ڕەنگی سپێنەی چاوم زەرد هەڵگەڕان،

ئازیزان هەروەسفێکتان بۆ بکەم ناتوانم حاڵەتەکەی لەبەر گوێی ئێوەی ئازیزدا بەرجەستە بکەم.. چونکە سوپاس بۆ خوا ئێوە تیای نازین، خۆشم نەمئەزانی لەکوێوە من دوچاری ئەم نەخۆشی یە کوشندەیە بووم‌و داڵغەو بیرکردنەوەی زۆر شەوو ڕۆژ یان لەمن تێکدابوو. بوو بوونە ئاوو خۆراك بۆم، ڕۆژێکیان زەنگی تەلەفون لێی داو لەبەدالەی نەخۆشخانەوە پێیان وتم : ئافرەتێك بەناوی (ئەحلام) لەسەر خەتەو قسەی لەگەڵدا بکە.)) هەر لەگەڵ گوێم لەدەنگی (ئەحلام) بوو دامە پرمەی گریان‌و وامزانی ئەحلام ئەبێتە هاوبەشی غەم‌و پەژارەم‌و دەبێتە سەرچاوەی دڵنیایم بەڵام بەداخەوە خۆشەویستانم زۆر پێچەوانەی گومانەکەم دەرچوو بۆیە (ئەحلام) بەقاقای پێکەنینەوە یەکەم قسەی لەگەڵدا کردمەوە .. بەلاقرتێوە و بەنازو نوکەکەی جارانیەوە وتی:" چییە ؟ دەڵێی توشی (ئایدز) بووی؟! منیش بەقورگی پڕ لەگریانەوە وتم: بەڵێ من وامزانی تۆ دەبیتە مایەی دڵنەوایکردنم .. ئەویش بەدەم جنێوو سوکایەتی پێکردنەوە پێی وتم : ئەوە بە تۆوە ٦٧ کەسم توشی ئایدز کردووەو گەشتم بەدوا ئامانجی خۆم هیوادارم لەوە زیاتر ڕسواببیت‌و تەرمەکەت بسوتێنرێت چونکە تۆ شایستەی ناو گڵ نیت، بەقاقای پێکەنینەوە وتی : " لە خاکی ئورشەلیمەوە بای بای.. " بەڕێزان ئەم ئافرەتە جولەکە مەزهەب بوو، دەستەکانم لەوە زیاتر نەیان توانی تەلەفونەکە هەڵگرن بۆیە لە دەستم کەوتە خوارەوو ئەوەندەی تر ووەرەم تێکەڵ بوو بە بەستەڵەکی تاوان‌و پەشیمانی.

ئازیزان ئێستا من (حەمماد) لەسەر پێخەفی مەرگم‌و تەنانەت ڕووم نیە داوای لێخۆشبوون‌و تەوبە لە پەروەردگارم بکەم من لێرەوەو لە ژووری نەخۆشیەکەمدا چاوەڕوانی مەرگم بەڵام وەك مەرگی ئادەمیزاد نا بەڵکو مردنی لاشەیەکی بۆگەن کردوو ڕیسواو بێزراوی ماڵی باوکم‌و کۆمەڵگاکەم خۆشەویستان ڕووم نیە داوا لە ئێوەش بکەم.. هەمووتان نزای خێرم بۆ بکەن چونکە تاوانەکەم زۆرگەورەیەو لەسەر پێخەفی مەرگم‌و مردنم بۆتە ڕاستیەکی بێخەوش سەرە مەرگێکش ئەوەندە نزیك بێت ئیتر چۆن تەوبە دەبێتە وەرهەم بۆ دوا ڕۆژی بەڵام ئازیزان تەنها یەك داوام هەیە لەئێوەی بەڕێز نەکەن وەك من بێئاگابن نەکەن وەك من هەواو ئارەزوو پەرستی ببێتە خولیای سەرتان، لەبەرنامەی خوا، نەکەن ببنە خۆرەو خۆراکی دەستی ئافرەتانێك کە ئەبنە مایەی

دۆزانـی ئیمـانو باوەڕتـانو ڕەش کردنـی چارەنووسـتان لـەدوا ڕۆژدا، نەکـەن وەك مـن بەڕووی دایکتان ئەڵشاخێنو بێفەرمانی بکەن......

لێرەوە پێتان دەڵێم خواتان لەگەڵ من بەناچاریو بێ دەستەڵاتی خۆم چاوەڕێی مەرگی خۆمەو ڕۆژێ نا ڕۆژێکی تر ئەچمەوە دیوانی پەروەردگار و ئەگەر پلەی ئەو کەسەم دەست بکەوێت کە دوا بەندەی ئوممەتی (محمدە) درودی خوای لەسەر بێتو لەدۆزەخدایەو خوای گەورە بەفریشتەکان دەفەرموێت : بڕۆن دواکەسی ئوممەتی محمد لەدۆزەخ دەربێنن چونکە بە ئەندازەی تۆزقاڵێك باوەڕ لەدڵیا بوو من زۆر سوپاسی خوا دەکەم .. خواتان لەگەڵ.

بەرگی دووەم

دەستێکی نەرم فرمێسکەکانی سڕیم

کاك (ش) هەرچەندە لەناو شارێکی گەورەدا دەژیا، سوپاس بۆ خوا لەهەر کوێوە سەیرت بکردایە (منارەی مزگەوت) ت لێوە دیاربوو، بەڵام (ش) هاتوچۆی ناکردن، بۆ پرسەو سەرەخۆشیش گەر بچوایەتە مزگەوت ئەوا خێرا دەهاتە دەرەوە، قەت حەزی ناکرد لەناو ئەو باغە رۆحیەدا گەشەبکاتو بمێنێتەوە.

ئەوە چەند ساڵێکە تەنها سوجدەیەکی بۆ خوا نەبردووە، بەڵام قەدەری خوای گەورە بەو شێوەیە بو کە ئەم بەندە دور لەخواو پەیامی خوایە لەسەر دەستی کچە پێنج ساڵانەکەیدا هیدایەت وەربگرێت، بەڵێ تەنها تەمەنی (٥) ساڵ بوو، با لێگەڕێین بزانین خۆی چۆن باس لەتەوبەکردنو گەڕانەوەی خۆی بۆ پەیامی پیرۆزی ئیسلام دەکات.

شەوانم لەگەڵ هاوڕێی خراپدا رۆژ دەکردەوە، بەشتی خراپو گوناهو تاوان خۆمان خەریك دەکرد، ئەو هاوسەرە بەوەفاو دڵسۆزەم بەتەنیا جێدەهێشت، بەتەنها لەگۆشەی ماڵدا بەبێکەسی شەوی بەسەر دەبرد، خۆشم لەگەڵ هاوڕێی خراپو نادروست بەقاقای پێکەنینەوە تاوانمان ئەنجامدەدا، یەك تۆز هەستمان بەئازاری ویژدانی مردومان نەدەکرد.. ئاخر ئەگەر ئاینو خاوەنی ئاینی ئاسمانی نەبێت ویژدان لەکوێدا بێت.. خێزانم زۆر بەنەرمیو بەگەرمیو روخۆشی ئامۆژگاری دەکردم کە واز لەو هاوڕێ خراپانە بهێنم.. بەڵام من نامبیست.

کاك (ش) بەردەوام دەبێتو دەڵێ:

لەیەکێك لەشەوانی پڕ تاوانو گوناه گەڕامەوە.. کاتژمێر (سێ)ی شەو بوو خۆمکرد بەژوردا ماڵ کشومات، دەبینم خێزانەکەمو کچە بچکۆلانەکەم لەخەوێکی قوڵدان. لەلایان نەمامەوە چوم بۆ ژورەکەی خۆم بۆ ئەوەی بەڤیدیۆ سەیری چەند کاسێتێکی ئابڕوتکێنو پڕ لەشەرمەزاری بکەم.

ماوەیەکی پێ چوو لەپڕ دەرگای ژورەکەم کرایەوە.. دەبینم کچە پێنج ساڵانەکەمە بەچاوێکی رەخنەئامێزو پێناخۆش بوونەوە وتی:

بابە.. عەیبە ئەم کارە شەرمەزارییە.. لەخوا بترسە!

سێ جار لەسەر یەك ئەمەی پێ وتم، پاشان دەرگاکەی داخستو رۆشت، زۆر سەرم سوڕما، ڤیدیۆکەم کوژانەوە.. دانیشتم دەستم کردە بیرکردنەوەو داڵغە لێدان، قسەکانی کچە بچوکەکەم لەگوێدا دەزرنگایەوە، بۆیە خێرا رامکرد بۆ لای تا تێر تێر لەئامێزی بگرم دەستی باوکایەتی بەسەریا بهێنم.. پاداشتی بکەم، بەڵام کە بینیم لەگەڵ دایکیا خەوتووەو لەخەوێکی زۆر خۆشدا پرخەی دێت، دڵم نەهات هەڵی بستێنم لەخەو، بۆیە نەمدەزانی چی بکەم، کەوتمە داڵغەی ئامۆژگاری ئامێز.. هەر دەهاتمو دەچوم، لەگەرمەی هاتوچۆی من لەناو ماڵدا بانگی بەیانی مزگەوتەکەی نزیکمان شەوەزەنگی پاڵناو بانگی خوای گەورە درا بەگوێمدا.. ئەمجارە زۆر جیاواز بوو نەمتوانی ئارامبگرم خێرا خۆم پاکردەوەو دەستنوێژم گرت، چوم بۆ مزگەوت..دانیشتوانی چاوەڕوانی نوێژی بەیانی زۆر بەنامۆیی سەرنجیان دەدام بەلایانەوە سەیر بوو.. کێ هاتۆتە ماڵی خوا؟!

چەند رکات نوێژێکم خوێند، قامەتکرا لەدوایی (ئیمام)ی مزگەوتەوە نوێژم دابەست، سورەتی (فاتیحە)ی خوێند.. ئای لەو راچڵەکینە!! لەو دەنگە خۆشە!؟ ئای لەو ئاوڕشێنی دڵە لاوازو بودەڵەیە.. گەشایەوە.. پاشان چەند ئایەتێکی تری خوێند زیاتر دڵی پاراو کردم:

(ألم يعلموا أن الله هو يقبل التوبة عن عباده ويأخذ الصدقت وأن الله هو التواب الرحيم).

ناوچەوانم بۆ خوا خستە سەر زەوی‌و سجدەم برد، خۆم پێنەگیرا زۆر بەکوڵ گریان، ئەمویست نەگریم نوێژەکەم بەئاسایی بکەم.. بەڵام خۆم پێنەگیرا.. ئەمە یەکەمین کڕنوش بوو لەدوای حەوت ساڵ بۆ پەروەردگار.

ئەم گریانە بووە مایەی خێر، چونکە هەرچی دوری‌و ساردوسڕی‌و تەمبەڵیەك هەستم پێنەکرد لەوەو پێش لەلام نەما.. باری شانم سوك بوو.. هەستم کرد خۆشەویستی خوا دڵ‌و دەرونی داگرتم.. حەزم نەکرد بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە.. ئیمامی مزگەوتەکە لەدوای تەواوبونی (تەزبیحاتەکان) سەیرێکی کردم، هاتە لامەوە بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم.. دەستی خستە سەرشانم بەدەستی نەرمی فرمێسەکانی سڕیم..

زۆر سەیری کردم.. لەگەڵ وردبونەوەمدا وام ئەزانی منداڵێکی بچوکەو کەسێکی پەروەردەکار ڕێنمونیم دەکات. بەڵێنم بەخوا دا کە تا لەدنیادا بجوڵێم نوێژەکانم بەجەماعەت بکەمو هەرگیز بۆ لای تاوانباریو هاوەڵی خراپ نەگەڕێمەوە!

وردە وردە گەڕامەوە ماڵ، بەڵام هەرچەندم کرد خەو نەچووە چاوەکانم.. بۆیە خۆم پێچایەوەو چوم بۆ (فەرمانگە)، هاوڕێکانم زۆریان پێ سەیر بوو، چونکە من زۆربەی کات دوا دەکەوتم بەهۆی ئەوەی شەوان درەنگ دەخەوتمن بەدیار سەتەلایتەوە وەنەوزم دەدا.

هاوڕێیەکم زۆر پیاو چاك بوو.. هەواڵەکەم بۆ گێڕایەوە.. چاوەکانی گەشانەوە.. زۆر سوپاسی خوای کرد.. پێشی وتم: سوپاسی خوای گەورە بکە کە ئەو کچە بچکۆلەیەی پێبەخشیوی بووە هۆی هیدایەت دانت، سوپاسی خوا بکە.

کاتێك کە نیوەڕۆ هات بەهۆی ئەوەی نەنوستبووم هیلاك بوم کارەکانم بەهاوڕێیەکم سپارد.. زۆر بەخێرایی بەرەو ماڵ گەڕامەوە تا پشویەك بدەم کیژە بچوکەکەم ماچ بکەمو شتی بۆ بکڕم.. چونکە ئەو بووە مایەی گەڕانەوەم بۆ لای خوا دوکانو شەقامو کۆڵانەکان خانوو خەڵكو سەیارەکان زۆر جیاوازبوون لەجاران!

لەغەریبێك دەچوم.. ئای نەفامیو گوناهباری.. ئەم دنیا جوانە چۆن لێڵ دەکەیت. گەیشتمە ماڵ لەدەرگا چوومە ژوورەوە.. هاوسەرەکەم بەگریانەوە پێشوازی لێکردم.. منیش تاسام پرسیم: چی بووە!؟ بۆ پەشۆکاویو بۆ ئەگرییت؟!

وەڵامەکەی وەك هەورە بروسکە وابوو کاتێك پێی وتم: کچەکەمان مرد!! مردو گیانی سپارد (انا لله وانا الیه راجعون) کاس بووم.. خەریك بوو بێم بەلادا.. ئای خوایە گیان زۆر سوپاس، تاقیکردنەوەیەکی چ قورسە، خۆم پێنەگیرا زۆر گریام.. پاش ماوەیەك هێواش بومەوە.. چومە سەر لاشەی بێگیانی.. ئەتوت ساتەکانی شەوێیە، گەرمو نەرم چاوەکانی لە خەوێکی قوڵدابون. خێرا تەلەفۆنم بۆ هاوڕێکەم کرد.. ئەویش هات بۆ لام خێرا شتمانو کفنمان کردو نوێژمان لەسەر کرد، دایکی بۆی بێتاقەت بو، گەرەك زانیان.. لەگەڵ چەند پیاوێکدا بردمان بۆ گۆڕستان.. هاوڕێکەم وتی: ئەبێت تۆ بیخەیتە گۆڕەکەوە.. بۆ دواجار دوادیدار خوا حافیزەی لێبکەیت.. بەڵێ بەدەستی خۆم تەسلیم بەخاکم کرد.. ئەم منداڵە.. ئەم کۆرپە ئازیزەم مایەی هیدایەت دانو ڕێنیشاندەری

ئیسلام بو بۆ من، ئەو برادەرە دڵسۆزو خواناسەم ئەم ئایەتەی لەکۆتاییدا خوێندەوە کە تا ئێستاش و داهاتوش چێژی تایبەتی هەیە لەلام کە خوای گەورە دەفەرموێت:

(التائبون العابدون الحامدون السائحون الراكعون الساجدون الامرون بالمعروف والناهون عن المنكر والحافضون لحدود الله وبشر المؤمنين..[1])

لەکۆتاییدا داواکارم لەخوا پاداشتی خێرتان بداتەوەو پاداشتی ئەو هاوسەرە بەوەفایەشم بداتەوە کە بەرگەی ئەو ئازارو ماندوبون و دابڕانەی گرت.

داواکارم لەخوای گەورە تەوبە لەو کەسانەش قبوڵ بکات کە وەك من وابون و حەز دەکەن بگەڕێنەوە بۆ لای خوا.. خوای باڵا دەستیش سەرجەم خوشکان و برایانمان بخاتە ژێر بارانی رەحمەتی خۆیەوە لەچێژو خۆشی (بەهەشت) بێبەشمان نەکات، ئێوەش پایەدارو سەربەرزی قیامەت بن انشاوالله.. بەرێزەکەم مامۆستای خواناس بەرێز "مامۆستا حسن موفتی" لەچیرۆکێکی کورتدا کە پڕە لەئامۆژگاری دەڵێت:

رۆژێکیان (١٦)ی شەعبان بوو سوار قەمەرەیەکی (تەکسی) بوم بۆ گەڕەکی (شێخ محی الدین) کاکی شۆفێر وتی: مامۆستا گیان زۆری ماوە بۆ رەمەزان؟

وتم: بۆ؟

وتی: هەر حەز ئەکەم بزانم

وتم: انشاالله بەرۆژو ئەبیت؟

وتی: بەڵێ

وتم: پار چۆن بویت لەگەڵ رەمەزان؟

وتی: مامۆستا گیان پار زۆر خراپ بوم.. بەڵام ئەمساڵ هیوادارم زۆر زۆر چاکبم!

وتم: چۆن!؟

وتی: پار جەژنی رەمەزان خۆم ئەگۆڕی، کوڕێکی بچوکیشم هەبوو ئەویش خۆی ئەگۆڕی.. وتی: بابە ئەوە بۆ خۆت ئەگۆڕی؟!

وتم: رۆڵە گیان جەژنەو ئەچم بۆ جەژنە پیرۆزە!

---

[1] سورەتی التوبە ئایەتی (١١٢).

وتی: جا بابە گیان ئەمە جەژنی تۆ نییە خۆ تۆ بەرۆژو نەبویت! جەژنی ئەوانەیە کە رەمەزان بەرۆژو بون.

پشتێنەکەم بەدەستەوە بوو بۆم نەبەسترا، چۆکم داداو دانیشتم قسەکەی لەتاسیەوە بردم، بیرم کردەوە.. زۆر قسەکەی کاریگەری بوو.. ئەو منداڵە هەست دەکات، بەڵام من هەست ناکەم.. ئیتر بڕیارم دا لەدووەم رۆژی جەژنەوە بەرۆژو ببم و رۆژوی رەمەزانم قەزا کردەوە سوپاس بۆ خوا چی پێخۆشە ئەوە بکەم.. ئەو منداڵەم بووە هۆی هیدایەتم.. بۆیە چاوەڕوانی رەمەزانم.

بەقسەکانی دڵم زۆر گەشایەوەو دوعای خێرم بۆ کرد.. ئێوەش دوعای خێر بۆ هەموو ئەو بەڕێزانە بکەم کە ڕویان لەپەیامی خوای گەورەیە.. ئامین.

ئاکامی حەرامو پاکی هاوسەرم

- چەند مانگێك بوو کۆشکی خێزانداریم لەگەڵ (ح) پێکهێنابوو، ئەڵقەی هاوسەریمان گۆڕیبۆوە..

کوڕێکی زۆر لەسەرخۆو ڕێکوپێكو گونجاو لەخواترس بوو.. ڕۆژگارەکانی ئەو ماوەیە لەلامان زۆر بەخێرایی تێدەپەڕین..

هەر لەدوو مانگی یەکەمدا بۆم دەرکەوت کە پابەندە بەنوێژە فەرزەکانیەوەو زۆر خۆی ماندو دەکات بۆ قیامەت، منیش ئەوەندەی ئێستا شارەزای نەبووم، بەڵام ئەو کاری لەسەر منیش دەکرد.. زۆرجار بەفەرموودەی خوای گەورەو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ئامۆژگاری دەکردم بەتایبەتی بۆ باڵاپۆشی - مُحاجَبە - لەناخەوە زۆر پێم خۆش نەبوو.. دەزانن بۆچی؟ چونکە زۆر بەسادەیی لەماڵی باوکما نوێژو خواپەرستیم دەکرد.. هیچی وا لەئاینی پیرۆزی ئیسلام فێرنەکرابووم، گەر برادەرێکم قسەیەکی لابەلاو پڕوپوچی دژ بەپەیامی خوای گەورەی بۆ بکردمایە زۆر بەئاسانیو ساویلکەیی دوای دەکەوتمو ئاغا بەڵێم بۆ دەکرد..

چەند لەبارەی ئەو (٢٥) ساڵەی تەمەنمەوە بدوێم هێشتا کەمە.. ساڵێك زیاد گوزەری کرد.. ڕۆژێك لە (سەیرانگای سەرچنار) گەڕاینەوە درەنگان بوو سوار پاسێکی (مەصلەحە) بوین، زۆر قەرەباڵغ بوو زیاد لە (٥٧) نەفەری تیابوو.

کابرای (جابی) نەگەیشتە لامان بۆ پارە وەرگرتن، هاوسەرەکەشم دوو نیو دیناری ئاسنی لەدەستا بوو، وەك دوو پشکۆ - سکڵ - ی ئاگر ئەم دەستو ئەو دەستی پێدەکرد، منیش بەسرتەو بەهێواشی پێم وت: (دەیبخە گیرفانت لایبە.. هەڵیگرەوە.. بۆ ئەوەندە خەمتە).

بەرویەکی گرژەوە وتی: سەرباقی پیاوەتی نەتەوێ خیانەتو دزی لەکابرا بکەم بە (یەك دیناری حەرام قوڕکەی بەسەر منو خۆشتا).

گەڕا.. گەڕا.. خۆیكرد بەنێو خەڵكەكەدا تا پارەكەی تەسلیمی جابیەكە كرد.. پاش چەند خولەكێك گەڕایەوە.

زۆر ئەم هەڵوێستەم بەلاوە سەیر بوو.. زۆرجار لەمنەشارەزاییەوە قسەم ناڕاستە دەكرد، بەڵام زۆر بەهێمنیو لەسەرخۆیو بەجوانی تێیدەگەیاندمو رەزامەندیم دەنواند.. بەڵێ ئەم هاوسەرگیرییەمان ناوبەناو لەلا ناخۆش دەبوو.. زۆرجاریش هەستم بەپڕبوونەوەی كەلێنەكانی تەمەنم دەكردو سودمەند دەبووم.

بەڕێزان با زۆر لەڕووداوەكە دوور نەكەومەوە كە بۆ دواجار پاكی هاوسەرەكەمو راستیم لەلا رۆشن بۆوە. هەستم بەعیشقێكی ئیلاهی كرد لەمناخیدا.

رۆژێك بەمەبەستی كڕینی پێداویستی ماڵ چوینە بازاڕ هەندێك شتمان كڕی، هەندێك پێویستی ترمان مابوو.. بەردەمی مزگەوتی گەورە وەكو ئێستا پاكو خاوێنو چۆڵیو باخچە نەبوو، هەموی عەرەبانەی ئاسنی سێ تایەیی بوو، كەرەسەی وشكەی خواردنیان ئەفرۆشت زیاد لە (٢٠٠) عەرەبانەی لێدەوەستا. ئەو شەقامە جمەی ئەهات لەرێبوارو فرۆشیارو كڕیارو دەستگێڕ، هات بەخەڵمادا بەهاوسەرەكەم وت:

(ح) خۆ ئێمە هەر شت دەكڕین پارەمان پێیە خۆ پارە وردەكەش خەرج دەبێت بۆ ١٢ بە (دە) نەكەین.

بەسەرسوڕمانەوە وتی: ئەڵێی چی!.. چی بكەین!؟

منیش وام زانی لەقسەكەم تێنەگەیشتووە بۆم روونكردەوە: بۆ (١٠) دیناری كاغەز نەدەین بەوكوڕە وردە فرۆشەو ئەویش ١٢ دیناری ئاسنمان بداتێ[1] (ح) رووپتێكردمو وتی:

ئافرەت من حەرامم پێوە نایەت لەم بازاڕەدا با سەیارەیەك لێمان نەیات.. وازبێنە كەی ئاقڵ نەبیت. تۆزێك تورە بو، بەڵام من هەر سوربوم لەسەر قسەكەم.

وتم: خۆ خەڵكی هەموو ئەمە كاریانە.. دەبا تاقیبكەینەوە.. دەیتوخوا..

وتی: بەو خوایەی تۆ سوێندی پێدەخۆیت سەركەوتو نابیت..

[1] لەدوای راپەڕینەوە جیاوازی نێوان پارەی وردەو كاغەز پەیدا بوو واتە دینارو نیو دیناری ئاسنی سویسری كەمتری دەكرد لەپارەی (١٠ و ٥)ی كاغەز، هەر بۆیە چەند كەسێك بژێوێ ژیانیان لەسەر ئەم كارە بوو، ١٠٠ دیناری ئاسن ٨٥ دیناری كاغەزی دەكرد.

گەر حەزیشت لەپارە وردەکەیە سەربەسەر وەریبگرە..

وتم: من لەبەر ئەو دوو دینارە ئەم ئاسنە توشی خۆم دەکەم؟!

وتی ئاخری خێر بێت فەرموو.. دڵنیام ئاکامەکەی باش نابێت، بەڵام تۆ کەللە رەقیم لەگەڵ ئەکەی.. حەزیش ئەکەم ئاکامەکەی بەچاوی خۆت ببینیت.

رۆشتم دوو پێنج دیناری کاغەزم دایە دەست کوڕێکی نەوجەوانو ١٢ دیناری ئاسنم وەرگرت.. بەشانازییەوە گەڕامەوەو وتم:

(ح) بۆ ئەوەندە رەشبینیو بەرچاو تەنگی.. بابڕۆین.. پارەکە لەلای من بوو.. بەچەند هەنگاوێکی لەسەرخۆ لەو ناوە دوور دەوتینەوەو چوینە ژێر پردەکەی خوار مزگەوتی گەورەوە.. لەچەند دوکانێك پرسیاری نرخی خواردەمەنیمان کرد ئەمەی بۆتان دەگێڕمەوە ساڵی ١٩٩٢ بوو.

خەڵکی هەموو بەکیلۆ و بەرمزیلی پێداویستیو کەرەسەی خۆراکی دەکڕیو دەیخوارد. ئێمەش بۆ پێکەوەنانی (نۆماڵی) خۆمان هەوڵمان دەدا، زۆرجار کەمخۆراکیشمان دەکرد تا بگەینە جێگەو رێگەو ماڵی خۆمان، ئەمە خەوی هەموو تازە بوكو زاوایەکی دنیایە.

خۆشەویستان لەلای عەرەبانەیەك لەنگەرمان گرتو (سێ) کیلۆ برنجمان کڕی بە (٢١) دینار، کردمانە ناو (عەلاگە)یەکی گەورەی پتەوی ئەستورەوە کە هەموو کات بۆ برنج کڕین بەکارمان ئەهانی هیچ ترسی دڕانو تەقینی نەبوو.

بەبازاڕدا تێپەڕین پرسیاری چەند کەلوپەلێکی ترمان کرد، هەندێکی تریش رۆیشتین گەشتینە بەر (بەلەدیە)کەی ناو بازاڕ، چەند دەسکە سەوزەو تەڕەو تۆڵەو شتی ترمان کڕی، کاتێك هەستم کرد دەستی عەلاگە برنجەوشکەکەم سووك بوو لەپڕ دڵم داخورپاو سەیرم کرد.. ئەو عەلاگەیەی سێ کیلۆ برنجی تیا بوو وەك ئەوەی چەقۆیەکی تیژی لێدەیت لەم سەر بۆ ئەوسەر دڕاو هەڵتەقی بەبێ ئەوەی یەك عەرەبانە یان یەك کەس لێمان نزیك بووبێت تا بەکاری ئەوانی بزانین.. بەڵێ بەرێزان برنج رژایە ناو ئەو ئاوو قوڕو لیتە ڕەشەی بەردەم (بەلەدیە)کەو تەنها سەرسامی نەبێت هیچی ترم بۆ نەمایەوە..

خێرا عەلاگە فرۆشێك وتی: دادە بۆ کۆی ناکەیتەوە.. یارمەتیت بدەم؟

وتم: جا چی کۆبکەمەوە.. حەیام بێت بەسمە..

هاوسەرەکەم وتی: باشە (کچی باش) بۆ دوو دینـاری ئاسـن زەرەری ٢١ دینـارت لـەخۆت دا.. ئاقڵ بویت.. یا ماوتە ئاقڵو بەویژدان ببیت.. نەموت خـۆت لەحـەرامو مـاڵی حـەرام بپارێزە.

بەتەواوی چوومە سەر بۆچوونو قسەکەی، بۆم دەرکەوت هەرچی بەماندوبونو ئارەقی نەوچەوانو هێزی بازوو دەست نەکەوێت جێگە ناگرێت.. با کـەمیش بێت. زانـیم مـاڵی حەرام گەر بەقەد کێوی پیرەمەگرونیش بێت هەرەس دەهێنێت.. ئێستا نـا رۆژێکی تـر.. ساڵێکی تر.. نابێتە سوودمەندی بۆ خاوەنی.

بەدەم گەڕانەوەمان (ح) وتی:

هاوسەری بەڕێزم تا دەتوانیت لەکارو کردەوەو پارەی حەرام دووربکەوەرەوە زۆر کەس بەپارەی بەلاش پێگەیشتن، بەڵام تێرنەبوون تا گڵ چاوی تێرکردن.

زۆر کـەس ئـاهو حەسـرەت بـۆ مـاڵی خـەڵك هەڵدەکێـشن، بـەڵام بـا خۆشـی قیامـەت نەدەینە خۆشی دنیاو کۆشكو تەلارو باغی ئەم دنیایـەمان بـەلاوە گـرنگ نـەبێت. خـوای گەورەش لەپەیامە پیرۆزەکەیدا بۆ مرۆڤایەتی دەفەرموێت:

"والآخِرة خَير وأبقى"

تەوبەکردنی ئافرەتێکی مەسیحی موسوڵمانبوونی*

و/ عبدالقادر علی

(ثناء) ئافرەتێکی (نە صرانی میسری) بوو، دوای هەوڵو کۆششێکی بەردەوام توانی بە پشتیوانی خوای گەورە موسوڵمان ببێت، ڕۆشنایی ئاینی خوا پەردە ڕەشەکانی بڕی، (ثناء) بەم شێوەیە لەزمانی خۆیەوە باس لەچیرۆکی موسڵمان بونی دەکاتو دەڵێت:

منداڵیم وەك هەر منداڵێکی مەسیحی میسری لەناو خێزانێکدا بەسەر برد کە ئەندامەکانی خۆی فێری دەمارگیری دەکردو داوای لێدەکرد کە ئەوەندە پرسیار نەکات، بەڵکو هەر خەریکی جێبەجێ کردنی فەرمانەکان بێت.

هەموو ڕۆژانێکی یەکشەممە لەگەڵ خێزانەکەماندا دەچوم بۆ (کەنیسە)و دەستی قەشەم ماچ دەکرد، پاشان گوێبیستی دەبوم کە دەیوت:

غەیری ئێوە هەرچی چاکەو چاکسازییە مادام بڕوای وەك بڕوای ئێوە نییە ئەوا هیچی قبوڵ نییە.

من هیچ تێنەدەگەیشتم حاڵم وەك حاڵی سەرجەم منداڵەکانی هاوتەمەنی خۆم بوو، هەر کە لەکەنیسە دەهاتمە دەرەوە خێرا ڕام دەکرد بۆ لای کچە هاوڕێکەم بۆ یاری کردن کە ئەم مسوڵمان بو منداڵی زۆر پاکە ئەو هەموو ڕقەی لەدڵما دەیانچاند درا بەموسڵمانان بەری نەگرت.

پاشان گەورەتر بومو چومە قوتابخانە، لەوێش کۆمەڵێك هاوڕێم بۆ دروست بوو، واتە شاری (السویس) لەقوتابخانە چاوم بەڕەوشت بەرزی هاوڕێ مسوڵمانەکانم پشکوت، وەك خوشکی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکردم، سەیری ئەوەیان نەکرد کەوا ئاینی من لەئاینی ئەوان جیاوازە، دوایی تێگەیشتم کە قورئان هانی موسڵمانان دەدات کە لەگەڵ

* گۆڤاری الفیصل ژ / ٦٥

ئەو کەسانەی موسڵمان نین زۆر ڕێزیان بگرێتو ئازاریان نەدرێت هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت (لاینهاكم الله عن الذين لم يقتلوكم في الدين ولم يخرجوكم من دياركم أن تبروهم وتقسطوا إليهم إن الله يحب المقسطين).

یەکێك لەهاوڕێکانم زیاد لەوانی تر یەکترمان خۆش دەویست بەردەوام بەیەکەوە بوین تەنها لەکاتی خوێندنی وانەی (پەروەردەی ئیسلامی) دەبوایە من بهاتمایە دەرو بچم لەسەر دەستی مامۆستا (مەسیحیەکە) وانەی مەسیحی تایبەت بەخۆیان بخوێنم لەگەڵ قوتابیە مەسیحیەکانی تر.

حەزم دەکرد لەم وانە تایبەتیەی خۆمان ئەوە لەمامۆستاکەم بپرسم: ئایا هەر وەك ئێمە دەڵێن موسوڵمانەکان بێباوەڕن، چونکە بڕوایان بەخوایەتی حەزرەتی (عیسی) نییە، ئەمە تا چەند راستە، چونکە موسوڵمانەکان کەسانی بەڕەوشتو دەستو زمانپاكو بەبەزەیین لەگەڵ غەیری خۆشیان چەندە هەوڵم دا نەمدەوێرا، چونکە دەترسام لێم توڕەبێتو لەپێش چاوی باقی قوتابیەکان بمشکێنێت، بەڵام خۆم پێنەگیرا ڕۆژێکیان لەپۆلدا پێم وت:

-موسوڵمانەکان کەسانی رەوشت بەرزن، بەسۆزن، خۆشەویستیو هاوکاری بەسەریاندا زاڵە کەواتە بۆ دەبێت بێباوەڕبن؟ لەبەزەیی بەدوربن؟

مامۆستاکەم کە ئەمەی لێبیستم هەستم کرد زۆری پێناخۆش بوو، بەڵام توڕەیی خۆی قوتداو بەزۆر زەردەخەنەیەکی دروستکراوی هێنایە سەر لێوەکانیو وتی:

-تۆ هێشتا منداڵیتو لەدنیا تێنەگەیشتویت، کەواتە ئەو شتانەی کە بینیوتن هەڵت نەفریوێنێ.. چونکە ئێمە زۆر شت دەزانین، بەڵام وەك وتم: تۆ منداڵیتو هەستیان پێناکەیت.

من بێدەنگ بوم هەر چەندە یەك تۆز باوەڕم بە ئەو وەڵامە لاوازە نامەوزوعیە نەکرد دوای ئەوە ئەو هاوڕێ خۆشەویستەم کە باسم لێوەکرد،ماڵیان گوێزرایەوە بۆ (قاهیرە) لەیەك دابڕاین، ئای کە لەیەك دابڕانێکی ناخۆش بوا

ئەو ڕۆژە هەردوکمان زۆر بۆ یەکتری گریاین.. هەردوکمان وەك پێش لەیەك دابڕان دیاریمان پێشکەش بەویترمان کرد.

ئەو هاوڕێ موسوڵمانە باشترین دیاری یەك کە هەڵی بژاردبێت بۆ من باس

لەهاوڕێیەتیمان بکات برینی بوو لە (قورئان)ێك، لەناو کیفێکی قاپ قورئانی دا بوو، زۆر جوانو سەرنج ڕاکێش بو دوای ئەوەی پێشکەشی کردم پێی وتم:

-زۆرم بیرکردەوە لەوەی کە یداریەکی زۆر بەنرخت پێشکەش بکەم لەرەمزی وەفاداری چەند ساڵەی من بێت بۆ بەرێزت، بەڵام لەم دیارییە زیاتر هیچم بەشایستە نەزانی کە ئەمەش پەیامو گوفتاری خوایە بۆ بەندەکان.

منیش زۆر بەخۆشحاڵیەوە دیارییەکەم لێوەرگرت، دەم شاردەوە لەئەندامانی خێزانەکەم، چونکە ئەوان قبوڵیان ناکرد کە یەکێك لەئەندامەکانی خێزانەکەیان کە من بوم قورئان بەدەستەوە بگرێت.

دوای ئەوە کە هاوڕێ موسوڵمانەکەم لێم دابڕا، هەر کات گوێم لەبانگ بوایە ئەوا خێرا قورئانەکەم دەردەهێناو بەدزییەوە ماچم دەکرد، چونکە ئەگەر پێیان بزانیمایە ئەوا توشی گرفتێکی گەورە دەبوم.

ڕۆژگار تێپەڕی بەم شێوەیەی کە بۆم باسکردن من هەر بیر لەموسوڵمان بون..خۆداپۆشین.. نوێژکردن دەکەمەوە، لاشەم لەناومەسیحیەکاندا بوو، بەڵام بەرۆحو گیان خۆم لەناو موسوڵمانەکاندا دەبینیەوە.

دوای چەند ساڵێك شومکرد بە (یەکێك لەپیاوانی ئاینی کەنیسە) لەگەڵ گوێزانەوەی کەلوپەلی تایبەتی خۆم بۆ ماڵی تازەم، دیاری خوشکە موسوڵمانەکەمم گوێزایەوە کە بریتی بوو لەقورئانەکە نەمدەهێشت هاوسەرەکەم بیبینێت، ئەم ماچ کردنو بەسەنگەوە گرتنەم کاڵ نابۆوە ڕۆژ بەرۆژ لەزیادبووندا بوو، زۆر بەوەفا دڵسۆزی بەردەوام ژیانم لەگەڵ هاوسەرەکەم بەسەربرد، دوای ئەوە خوای گەورە (٣) منداڵی پێبەخشین.

دوای ماوەیەك لەدیوانی پارێزگادا بوم بەفەرمانبەر، لێرە لەگەڵ چەند دەستەخوشکی موسوڵمان کە بەرگی شەرعیان پۆشیبوو بوینە هاوکاری یەکترو بوینە هاوڕێی یەکتر، زۆرباش بون لەگەڵم، ڕەوشتی جوانو هاوڕێیەتی گەرمیان لەگەڵ مندا بیری ئەو هاوڕێیەیان دەهێنامەوە کە پێشتر باسم لێوەکرد.

کاتێك لێیان دابڕامایە بێتاقەت دەبوم، لەو کاتانەش هەر کات بانگ بدرایە لەمزگەوتەکان ئەوا هەستم دەکرد شتێك خورپەی دڵی دەدام.

دڵە تەپەی پێدەکردم، هەرچەندە من موسوڵمان نەبو بومو خێزانی کابرایەك بوم کە بژێوی خێزانی لەکەنیسەوە بۆ دابین دەکرا.

بەبەردەوامی ژیانی رۆژانەو هاوڕێیەتی ئەو خوشکانەی کە لێیان دوام بیرم لەئیسلامو مەسیحیەت دەکردەوە، هەڵدەستام بەهەڵسەنگاندنی ئەو قسانەی کە لەکەنیسە دەیانگوت بەئیسلامو موسوڵمانو لەگەڵ ئەو واقیعەی کە دەمبینی بەراوردم دەکرد، کە زۆر زۆر پێچەوانەی قسەی پیاوانی ئاینی بوو.

خوای گەورە هەلی بۆ رەخساندم مێردەکەم سەفەرێکی هاتە رێگا هەر خۆم بەتەنها لەماڵەوە لەگەڵ منداڵەکانم مامەوە.

ئەمەش بوارێکی وای بۆ رەخساندم کە بە (رادیۆ - تەلەفزیۆن) گوێ لەوتاری زۆرێک لەزانایان بگرم، لەمیانەی وتارەکانیاندا وەڵامی پرسیارەکانی ناو ناخی منیان دەدایەوە، وە خوێندنی قورئان بەدەنگی (شێخ محمد رفعت) زۆر کاریگەری بوو لەسەرم، وە کاتێک گوێ بیستی دەنگە ئیمانیەکەی (شێخ عبدالباسط) دەبوم دەموت ئەم گوفتارە بەرزە وتەی ئادەمیزاد نییە!

رۆژێکیان کە مێردەکەم لەکەنیسە بوو خۆم بەتەنها لەماڵ بوم چوم بۆ لای دۆڵابەکەم دیارییە بەنرخەکەم دەرهێناو خستمە بەردەستم زۆر بەپەرۆشییەوە کردمەوە یەکسەری چاوم کەوت بەو ئایەتە پیرۆزە کە دەفەرموێت:

(إن مثل عيسى عند الله كمثل آدم خلقه من تراب ثم قال له كن فيكون) دەستم کەوتە لەرزە، عەرەقکردنەوەو موچڕکەیەک گشت گیانمی داگرت، هەرچەندە من پێشتر زۆر گوێم لەقورئان بو، وە چ لەلایەن هاوڕێکانمەوە یان لەرادیۆو تەلەفزیۆنەوە، بەڵام هیچیان هێندەی ئەو خوێندنەوەیەی خۆم کە خوێندمەوە کاری تێنەکردم، حەزم دەکرد هەر ئاوا بەردەوام بم، بەڵام دەنگی کردنەوەی دەرگای ماڵەوە لەلایەن هاوسەرەکەمەوە نەیهێشت کە بەردەوام بم لەخوێندنەوە.. ناچار قورئانەکەم شاردەوە، چوم بەپێشوازی هاوسەرەکەمەوە، بۆ رۆژی دوایی چووم بۆ سەر فەرمانی رۆژانەم لەفەرمانگە، بەڵام دەیان و سەدان پرسیاری سەیر بەمێشکمدا دەهاتو دەچوو، چونکە ئەو ئایەتە قورئانیەی کە خوێندبومەوە ئەو راستیەی بەتەواوی بۆ رونکردمەوە کە (حەزرەتی عیسى.. سەلامی خوای لێبێت) بەندەو پێغەمبەری رەوانە کراوە لەلایەن پەروەردگارەوە بۆ سەرجەم ئادەمیزاد، ئەو ئایەتە گومان و دوودڵی لەلا نەهێشتم بۆم رونبۆوە کە قورئانی پیرۆز وتەی (محمد) نیەو فەرموودەی خوای گەورەیە، چونکە بە جوانی (سورەتی

مەریەم) باسی حەزرەتی عیسای کردووە، زیاتر لام رونبۆوە کە دوای نەمانی عیسا معجیزەکانی نەما، بەلاّم (محمد) پەیامەکەی هەر ماوە.

زۆر پرسیاری ترم لەخۆم دەکرد، دەبێت چارەسەری ئەم حاڵەتە چی بێت، بەلاّم سوپاس بۆ خوا توانیم کلیلی چارەسەری ئەم گرفتە بدۆزمەوە ئەویش (**أشهد أن لا إله إلا الله واشهد أن محمد رسول الله**).

بەلاّم بیرم دەکردەوە (هەڵوێستی مێردو منداڵو کەسوکارو ناسیاوم چی دەبێت بەرامبەرم) ئایا بتوانم موسوڵمان ببم یان نا؟!

چەندان هەفتە بەدوای یەکدا تێپەڕین زۆر بیرم دەکردەوە.. ئەوەندەی دەمتوانی هەوڵی شارەزابوونی ئیسلامو کەسایەتیەکانیم دەدا.

لەلای کەسیش رازی خۆم نەدەرکاند، هەرچەندە من زۆر بە (بەتواناو چالاك) ناسرابوم لەئەنجامدانی کاری رۆژانەدا، کەچی زۆر بێتاقەت بوبوم کاری رۆژانەم بەگرانی بۆ بەئەنجام دەگەیەنرا.

بەڕێزان هەروا ئەمامەوە رۆژێکیان لەفەرمانگە لەسەر کورسیەك دانیشتبوم کەوتبومە قوڵایی بیرکردنەوە.. لەپڕ گوێم لەدەنگی مزگەوت بوو کە بانگی دەفەرموو..

دەی فەرموو (**ألله أكبر .. الله أكبر..**) (**أشهد أن لا إله إلا الله واشهد أن محمد رسول الله**) بانگەوازی گشت ئەندامانی دەکرد بۆ نوێژکردنو خواپەرستی.. بەدەنگێکی نەرمو خۆش بەدەر لەو تەقوهوڕو زەنگە ژەنگ گرتووەی خۆمان.

هەستم کرد وردە وردە وشەکانی دەچونە ناو ناخمەوە هێنامیە لەرزەو لەپڕ پەردەی بێباوەڕیو دور لەخوا ژیان یەك بەیەك فەوتان، خۆم پێنەگیرا لەناو هاوڕێکانمدا پڕ بەدەم هاوارم کرد (**أشهد أن لا إله إلا الله واشهد أن محمد رسول الله**) زور کپو بێدەنگ هاوڕێکانم سەیریان ئەکرد، وایان ئەزانی کەسێکی نامۆو لەئەستێرەیەکی ترەوە هاتوم.. نامۆو نامۆ.. بەلاّم پاش کەمێك سەیرم کرد هاوڕێکانم سەریان سوڕما بوو هەندێکیان پێدەکەنین برێکی تریان دەگریان، گریانو پێکەنینو خۆشی تێکەلاّو یەك بون، منیش چیتر خۆم پێنەگیراو دامە گریانو هەنسك دان گریانێکی بەکوڵ، بۆ تەمەنی رابردوم بۆ ژیانی دور لەخواو پەیامی ئیسلام، بۆ تەمەنی خۆم کە کڕنوشێکی بۆ خوای پەروەردگا

تیانەبوو، داوام لەخوا کرد کە لەگوناهم خۆش بێتو ژیانی تازەو نوێم پڕ بەرەکەت بکات.

چونکە تەمەنی بێبەرەکەتو دور لەخوا ژیان، مرۆڤەکان بەرەو دەریای قوڵی نامرۆڤانە دەبەن.

ئەم موسوڵمان بونەم خێرا بەناو فەرمانبەرانی فەرمانگەدا وەك ئاگری دارستان خێرا بەگشت لایەکدا بڵاوبۆوە.. هەندێك لەهاوڕێکانی پێشوم کە ئەوان موسوڵمان نەبون، ئەمەیان بەهەلزانی خێرا چونە ماڵو بەماڵەوەیان راگەیاند، خۆشیان دریغیان نەکردبو لەوەی کە خراپەو کەس پێیقبوڵ ناکرێت، بۆیان هەڵبەستم وە هەمویان گومانیان پێدەبردم کە لەدوای ئەم موسڵمان بونەوە شتێکم لەژێر سەردایە، نیازی شتێکم هەیە!

بەڵام من گوێم نەدانێ هەرچی باسیان دەکردو بەخۆڕایی بەدەمیانەوە هەڵدەبەستم کاری لێنەکردمو سوربوم لەسەر رەوتی موسوڵمان بونو بەرەو لای خوداچون.

جا بۆ ئەوەی موسوڵمان بونەکەم ئاشکراو رون بێت، لەروی یاساییەوە هەرچی پێویستیان کە هەبوو جێبەجێم کرد، بەشێوەیەکی رەسمیو یاسایی موسڵمان بوم، کاتێك گەڕامەوە بۆ ماڵ چی ببینم سەرم سوڕما هاوسەرەکەم کە هەواڵی موسوڵمان بونی بیستبوو، هاتبو هەرچی جلوبەرگم هەیە لەحەوشەی ماڵدا ئاگری تێبەردابو سوتاندبوی هەرچی ئاڵتونو زێڕێك کە هەبوو، دەستی بەسەردا گرت، بەڵام من هەر خەفەتی منداڵەکانم بوو کە بیبات بۆ لای خۆی نەمداتێ تا ئەمە بکات بەهۆکاری جەخت کردن لەسەرم تا لەموسوڵمان بونەکەم پاشگەزببمەوە، زۆر بەزەیم بەمنداڵەکاندا دەهات، چونکە ئەگەر لای من نەبونایە ئەوا ئەوانم موسوڵمانانە بۆ پەروەردە نەدەکرا.

زۆر پارامەوە لەخوا کە منداڵەکانم لێدانەبڕێن.. تا بتوانم موسوڵمانانە پەروەردەیان بکەم، خوای گەورە نزای قبوڵ کردم.. هەندێك خوشكو برا ئەوەیان پێڕاگەیاندم، یاسایەك هەیە لەدادگا کە لەوێوە دەتوانی داوای منداڵەکانت بکەیتو منداڵەکانت دەستبکەوێتەوە.

ڕێگای دادگام گرتەبەرو بڕوانامەی موسوڵمانبونم پێبوو، سوپاس بۆ خوا دادگا فەرمانی بەقازانجی من دەرکرد.. (داوای لەهاوسەرکەم کرد کە یان موسوڵمان بێتو بەشێوەیەکی ئاسایی لەگەڵماندا بژیو لەیەك دانەبڕێین یان لەیەك جیابونەوەمانو

بەخشینی منالەکان بەمن، چونکە هێشتا منداڵ بون، نەگەیشتبونە تەمەنی یاسایی)، بەلام هاوسەرەکەم لوت بەرزی گرتیو پشتی لەڕاستی کردو موسوڵمان نەبوو.

بەم شێوەیە منداڵەکان لای من مانەوەو لەگەڵ باوکیان لەیەك جیابوینەوە.

هەرچەندە لەیەك دابڕاینو پەیوەندیمان بەیەکەوە نەما، بەلام زۆر بێشەرمانە (خۆیو کەسوکاریو کەسوکاری خۆم) پروپاگەندەو قسەی ناڕاستیان بۆ هەڵدەبەستم هیچ کاری لەمن نەکرد.

چونکە کە سەیری مێژووی ئیسلام دەکەیت باشترین کەسو خواناسترین زاناو کەسانی بۆ خوا ڕەخساو درۆو بانگەشەی درۆیان بەدەمەوە هەڵبەستراوە.. تەنانەت شایعەو قسەی ناڕاست بە (پێغەمبەرو خێزان)ەکەشی وتراوە سەلامی خوایان لەسەربێت.

ئەی کەواتە دەبێت حاڵی من چیبێت کە ١٤٢٠ ساڵ دوای پێغەمبەرو هاوڕێیانی دەژیم.. بەردەوام سەرەڕای خراپەی کەسوکارم من هەر نزای هیدایەت دانیان بۆ دەکەم تا موسوڵمان ببن چیتر دوای ڕێچکەو ڕێبازی دەستکردی مرۆڤو وتە بریقەدارە بێبناغەکانی کۆمەڵگە نەکەون.

ئێوەش نزای خێر بۆ منو سەرجەم ئەو کەسانە بکەن کە حەز دەکەن موسوڵمان ببن، بەلام (کارو پلەو کورسیو مۆدیل) چاوی گرتونو ئەقڵی لەحیم کردوون.

هیوای ئازادی لەچاوی لاوکدا

کوڕە گەورەکەم لەخۆشەویستیدا پێمان ئەوت (لاوك)، تەمەنی گەیشتە (١٨) ساڵو تاقەتی قوتابخانەی نەما.. چەند هاوڕێیەکی ئەملاولایان لێگرت.. دەستی کردە کوردایەتی، ئەو ساڵانەی (پێشمەرگە) ناویان زۆر بەرزو پیرۆز بوو، خاكو ئاوو گەل هەموویان قەرزارباری ئەوان بوو، دەسەڵاتی ڕژێم لەکوردستانی عێراقدا باڵا دەست بوو، لەو ساڵانەشدا هیچ لاوێك خۆش گوزەران نەبوو لەژین.. لەو ساڵانەدا دیوارو کوچەو کۆڵانەکان بەدروشمی کوردانە لەشەوگارە تاریکە قوڵەکاندا دەنوسرانەوە.. ڕاستی قسەکەم ئەو دیوارانەن کە ئێستاش ماون، ئەو دروشمانە دوای چەند جار بۆیەکردن هەر ئاسەواریان دیارەو برای شەهیدەکان کە بەلایدا گوزەر دەکەن دەڵێن: ئەمە کاکەمان ساڵی هەشتاکان بەبۆیەی پەمپ نوسیویەتی..

بەهەر لایەکی ئەم شارەدا دەڕۆیشتین دەزگای داپڵۆسینی (حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی) دیاربوو، پاسەوانەکانی لەکونە دیوارەکانەوە سەیریان ئەکردین.. چەند لاوێك لەبەندیخانەکانی ناو شارو دەرەوەی شاری سلێمانی توندکرابوون، ڕۆژانە جۆرەها سزای جەستەییو دەروونی دەدران.. ڕۆژانە سوکایەتی بەکەس‌وکارو ماڵو منداڵیان ئەکرا.. لەگەڵ ئەمەشدا چەندین کەسیش لەم شارە خۆشەویستەماندا هەبون کە ڕێوی ئاسا خۆشەویستی (بەعس)یان بۆ کەسان باسدەکردو هەواڵیان دەگەیاند. بۆ سڵاوی عەرەبێکی ئالەباری هیچ نەدیو ئەچوونە ئاسمان.. خۆیان پێوە فش ئەکردنەوە: (فلانە رەفیق حزبی برادەرمە.. هەرچیت ئەوێ بۆت ئەکەم!!)

خۆشەویستم ئەو ڕۆژانە لەگەڵ هەوری بەهاردا ڕەوینەوە، بەری خۆر ڕۆشن بۆوە، بەڵام ئاسەواری ئەهامەتیان لە (زەویو دڵو دەرونی) کەسانی خۆشەویست بەخاكو ئاو هەر ماوەو.. بەم زوانەش سارێژ نابێت.. ئەگەرچی گەماڵە دیکتاتۆر (دێڵ ئاسا) دایان

بەدەستەوەو (موعەزەز موکەرەم) خزمەتی ئەکەن، ئەوەی مەبەستمەو هەمو دەمانەوێت بزانین سیخوڕی هەندێك کەس بو کە بۆ ڕژێمی دیکتاتۆری دژ بەمرۆڤایەتیان ئەکرد.

لاوك: هەستا چووە دەرەوە.. کوڕێکی زۆر چالاك و بەتوانابوو داوای یەك دوو چالاکی ناوشاریان لێکرد.. هاتەوە پێم وت: رۆڵە دانیشە قوڕ مەکە بەسەرماندا!.. رۆڵە دانیشە، سودی نەبوو، رۆژێکیان بو بەتەقەو هەراو قلێشانەوە! چی بو چی رویدا.. پاش یەك دوو سەعات وتیان: محافقی سلێمانی (شێخ جەعفەر بەرزنجی) بەدەستی خۆی هەیکەلەکەی کاوەی لەجادەی توی مەلیك روخاندووەو چەند قسەیەکی ناشرینیشی بە (پێشمەرگەو کورد) داوە وەك خۆی کورد نەبووبێ. لەو ناوەدا چەندین کوڕو کچ و خەڵکی ئامادە بون، بووە بەهەراو تەقە زۆریان بۆ (محافظ) هێناوە خەریك بووە پەلاماری بدەن و حسابی بۆ بکەن، بەڵام (محافظ) خێرا سواری سەیارەیەك بووە بۆی دەرچووە.. چۆن ئێستا (موعەزەز موکەرەم) لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەرەو (نەرویج) رەوانە کرا، بۆی دەرچوو گەیشتەوە شوێنی ئامانی و داواشی لەچەکدارەکان کرد دەستبکەن بەتەقە کردن لەو لاوانە.. چەند کەسێك (کوژرا ـ بریندار بو ـ گیرا.. رایکرد..)

کاکە لاوك بەبرینداری خۆی خستبووە ماڵێکەوە لەو ناوە شەوگارێکی درەنگ هانیانەوە بۆ ماڵی خۆمان و ئەو ماڵە برینەکەیان جوان بۆ تیمارکردبو.. چەند رۆژێك خزمەتمان کرد.. قسەمان بۆ کرد.. پاش چاکبونەوە چالاکیەکی تری ئەنجامداو ئیتر نەمان دییەوە.. پاش ماوەیەك بەژنێکی نەناسدا نامەیەك و چەندین وێنەو قسەی خۆشی بۆ ناردبوین[1]، بەڵێ لاوك چووە ریزەکانی پێشمەرگەوە لەدوای چەند مانگێك بەکەسێکی دڵسۆزو بەرێزو ئازا ناسرا، ئیتر خەمەکان لەسەر شانی ئێمە گران دەبوو، ئێواران کە لەدەرگا دەدرا رۆح ئەچووە کونەلوتمان، کە دەرگامان ئەکردەوە ماڵی کاك (رەحیم)ی دراوسێمانە هاتوون بۆ (شەونشینی و سەردان)، ئەو ماڵانەی کوڕیان دژی (بەعس) لەدەرەوە بوو زۆر دڵیان بەیەکتر ئەکرایەوە.. سەردانی یەکتریان ئەکرد لەهەواڵ و بارودۆخ ئەیانکۆڵییەوە.

[1] نامەی پێشمەرگەکان بۆ کەس و کاریان بەمنداڵاندا دەگەیشتە شار، بەڵام لەلایەن رژێمەوە ئەوە ئاشکرا بو، پاشان نامەیان جوان دەپێچایەوەو دەیانخستە ناو مەنجەڵە ماستەوەو بەرەو شار ئەهات.

بەڕێزەکەم:

ئەو کاتانە وابو هەر ماڵێك (کوڕ) یا (برا)یەکیان لەدەرەوە (پێشمەرگە) بوایە ئانێکی ئیسراحەتیان ناخوارد، کەس‌وکار لەهەموو لایەکەوە لێیان لا لوت ئەبون، ئەزانی بۆچی؟ ئەوەك شەوێك لەماڵی ئەو کەسە بمێنیتەوە: تۆ جێگەی ترسیت.

ڕۆژە خۆشەکان زۆر کەمبون، چەند ڕۆژێکی لێڵو تاریك ئاسۆی ژینیان گرتم، ڕۆژێکیان گەڕامەوە بۆ ماڵ یەکێك لەمنداڵەکان وتی: باوە.. کاك (جەلال)ی موختار هاتبو ئەیوت: باوکت کە هاتەوە سەرێکم لێبدات.

بەبیستنی ئەم هەواڵە جەرگو دڵم بەربۆوە.. لەناخی خۆمدا هەستم بەترسێك ئەکرد! وتم:

- تۆ بڵێیی لاوکی کوڕم گیرابێت؟
- ئەبێت لاوك شەهید نەکرابێتو ئەم زانیاری پێگەیشتبێت؟
- ئەبێت موختار منی بۆچی بێت؟

ئەمانەو چەندینی تریش بەهزرو بیرمدا تێپەڕین.. نانم بۆ نەخورا، بەرچاوم تاریك بو، خێرا خۆم گەیاندە ماڵی موختار، کاك جەلالی موختار: کاکە برا، گیانەکەم لە (دائیرەی ئەمنی سلێمانی)یەوە بانگیان کردومو وتویانە: کوڕی کاك (فەریق) پێشمەرگەیە.. ئەبێت بەئەزیەتی نەزانێت بەیانی سەردانێکی (دائیرەی ئەمن) بکەیت، خۆشم لەگەڵتا دێم مەترسە.

تفێکم قوتداو بەزۆر زەردەخەنەیەکی ساردم خستە سەر لێوەکانم وتم: جا کاکە جەلال گیان من چیم دەسەڵاتە.. کوڕی ئەمڕۆژە چی بەقسەی باوکیان ئەکەن؟

وتی: من ئەمانە نازانم وا پێم ڕاگەیاندی.. ئەبێت هەر بچیت، ئەو شەوە نازانم چۆن ڕۆژ بۆوە.. بۆ بەیانی بەرەو (دائیرەی ئەمنی سلێمانی) بەخوێندنی هەزار دوعاو ئایەتەلکورسی لەگەڵ (موختار) ڕۆشتم.. ڕۆح لەجێگەیەکی سەختەو دەرناچێت؟ سێ کفنم زەردکرد.. ئەژنۆو قاچەکانم هێزی جوڵەو هەڵگرتنیان نەما..

گەیشتینە دائیرەی ئەمنەکە، زۆر (بەڕێزو ئیحترام)ەوە بەخێرهاتنیان کردین، پاشان چوینە ژورێکی تر، ئیتر موختار نەهات، تەنها مامەوە لەناخەوە دەترسام.. بەڵام وام دەرنابڕی کابرایەکی قەڵەوی ڕەشتاڵەی چوارشانە لەسەر مێزو کورسیەك دانیشتبو پیاوێکی وەرگێڕی بانگ کردو لەلامەوە دانیشت، ژورەکە بۆنێکی خۆشی لێئەهات، تاقمە

قەنەفەی تازە، دیوارەکان بەچەند تابلۆیەك رازێنرابونەوە لەسوچی هەر تابلۆیەکەوە ناوی کوردێکی لەسەر بو کە هەدیەی مدیر ئەمنی کردبوو، وێنەیەکی گەورەی (صدام حسین)ی گەمالە دیکتاتۆر هەلواسرابو، نازانم بۆ ئەبێت هەمو دیکتاتۆرێك وێنەی لەهەمو شوێنێك هەبێت، ئەمە یاسای دەولییە یان بەزۆر یان خۆشەویستی..

بەیەکەم وشەی عەرەبی بەخێرهاتنی کردمو گۆمی بێدەنگی شلەقاند، خۆم عەرەبیم باش دەزانی بەلام وا خۆم نیشاندا کە عەرەبی نازانمو پێویستە وەرگێر بۆم وەربگێرێت.

پاشان بەپێکەنینێکەوە وتی: بەرێزت باوکی (لاوك)یت کە پێشمەرگەیە؟

وتم: بەلێ

وتی: لەکوێیە؟ وتم: نازانم! وتی: چۆن نازانیت.. باوکێکی بێرەحمیت.. سەردانت نەکردووە؟!

وتم: نەخێر.. وتی: باش گوێبگرەو سەرپێچی مەکە! وتم فەرمو!

وتی: کوڕەکەت پێشمەرگەیە لەنزیك گوندی (...) لەناوچەی گەرمیان بەیانی بچۆ سەردانێکی بکەو بیهێنەرەوە با ئێمە هیلاك نەبینو ئێوەش توشی ئازارو زیندان نەبن، کوڕەکەشت هەرچی بوێت بۆی جێبەجێ دەکەین، بەدلنیاییەوە.

وتم: قوربان لەراستی قسەکانتان ئەترسم، (تۆزێك هێور بومەوە کە قسەکانی لەوەئەچون کوڕەکەم نەکوژرابێت).

وتی: ئەو ئاوێنەیە ئەبینی؟ (بەپێکەنینەوە)

بەبێزارییەکەوە وتم: بەلێ!

وتی: چۆن خۆت دی لەو ئاوێنەیەدا ئاوا کوڕەکەت ئەبینین!

وتم: چۆن؟

وتی: رۆژانە ئێمە ئەزانین لەدەرەوەی سلێمانی چی ئەگوزەرێت.. بەیانی بچۆ بیهێنەرەوە هیچ لەسەر مەرۆ.. ئەمەش ناونیشانی کوڕەکەتە: دەستێك جلی رەشو کراسێکی بۆری لەبەردایە.. دو برادەری خۆشەویستی لەگەلدان سەعات (١٠) ی بەیانی دێنە سەر کانیەك لەخوار گوندی (...) یەکەم کەس تا دووەم کەس کوڕەکەی تۆیەو سێیەمیش کوڕێکی ترە.

چەكو تەقەمەنی ئەوەندەو ئەوەندەیان پێیە، بەکورتی هەمو ناونیشانەکەی دامێ.

پاش چەند وتووێژێکی تر لەدوا قسەیدا وتی: ئەبێت هەر بچیت بیهێنیتەوە.. ئەگینا زۆر خراپ خۆت ئەبینیتەوە؟! قسەکانی بەرەو ڕەقیو زبری ئەچون ناچار بەڵێیەکم بۆ کرد.

بەدڵێکی شکاو بەناڕەحەتی هاتمەدەرو گەیشتمە ژوری (ئیستقبال) کە سەیر ئەکەم چی ببینم، ئەو هەمو ژنو پیاوە هەمو بە (تەقریر)ەوە دانیشتونو چاوەڕێی چونە ژورەوە دەکەن (هەمویان سیخوڕ) بوون، هاتمە پرسگەو لەوێوە بۆ دەرگای دەرەوە، لەڕێگای گەڕانەوەمدا هەر کەسێك چاكو چۆنی لەگەڵ ئەکردم وامئەزانی هەر لەگەڵ منیان نیە؟! تاگەیشتمەوە ماڵ.

ماڵو منداڵ بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردم، هەر هەمو قسەکانم بۆ گێڕانەوە، دایکی لاوك وتی: (ئۆهـ خوا دەوامیان نەیات، کوێرو لاڵبن بۆ ئەوەندە ڕقیان لەکوڕی خەڵکە، خوا فەوتو فەنایان کات ماڵیان ببێتە جێگەپیاز).

ئەو شەوەم بەساڵێك لێ ڕۆیشت، وەی لەدڵی خۆم وەی لەترسی گرتنی کوڕەکەم، وەی لەزاڵمی ئەو کابرای ئەمنە.

بەیانی هەستام لەخەو، دو دڵبوم بچم.. ئەچم؟!

ناچار خۆم کۆکردنەوەو بەهەر ئەحواڵێ بو سەیارەم ئامادەکردو بەرەو ئەو ناوچەیەی ناونیشانیان دابومێ کەوتمە ڕێ، لەزاڵگەکان (سیطرة) ڕێگریان ئەکردم، بەڵام نوسراوێکی (مدیر ئەمنم) پێبو.. لەکاتی پێویستیدا دەرم ئەهانیو کارئاسانی بۆ ئەکردم.

ئەچومە قوڵای ناوچەی پێشمەرگەوە بەرەو ئەو جێگەیە ڕۆشتم کە ناونیشانی (لاوك)م لێوەرگرتبو.. کاکی ئەمن چی وت هەر هەموی ڕاست بوو، بەچرکە لادانی ئەبوو، جلوبەرگو قیافە خیلافی ئەبو، پاش پشودانێکی کەم لەبن دارێکدا لێیان چومە پێشەوە. لاوك بەبینینی من سەرسام بو، دەستم کردە ملیو تێر ئەملاولایم ماچ کرد.. دڵم بۆی پڕ بو لەگریان.. بەڵام خۆم گرتو قسەم ئەکرد، یەکە یەکە برادەرەکانی پێناساندم.. لەگەڵ قسەی ئەودا هەمو ناونیشانو ناوی ئەوانم بیر ئەکەوتەوە کە (مدیری ئەمن) باسی کردبوو دایبومێ.

لاوك: باوە گیان خێرە واهاتوی چیت ئەوێ.. هەمو ساغو سەلامەتن؟!

وتم: بەڵێ کوڕی شیرینم هیچ غەمی ئێمەت نەبێت.. ئێمە تەنها غەم‌و پەژارەی تۆمانەو هیچی تر. ئەی بارودۆخت لەگەڵ هاوەڵانتا.. لەگەڵ شۆڕشدا.. لەگەڵ ئەم دەفەرمدا.. چۆنە چۆن!!؟

وتی: زۆر باشین.. لەهیچمان کەم نیە.

وتم: رۆڵە گیان بۆ شتێ هاتوم.. ناوێرم بیڵێم..؟ یان نەیڵێم!

لاوك: باوە گیان مەترسە ئەم دو برادەرەم زۆر خۆشەویستن.. هەمومان یەکگیانین.. بەیەك کەوچك نان ئەخۆین.. هەرچی نهێنی‌و بابەتی خۆمان هەیە لەلای کەسمان نامۆ نیە! ئەوانیش وەك لاوك وان بۆ تۆ.. فەرمو بزانم چیت ئەوێ؟

وتم: بەخوا رۆڵەگیان ئەمەیان پەیوەندی بەوانەوە نیە، بابچینە پەنایەك با تەنها خۆم‌و خۆت بین!

رازی بوو، چەکەکەی هەلگرت‌و وردە وردە بەدەم گێڕانەوەی چەند یادگارییکەوە لەوان زۆر باش دورکەوتینەوە.. چوینە ژێر دار بەڕوارێکی گەورە کە بەگەڵا سەوزەکانی سێبەری بۆ زەوی کردبو، بەهەمو لایەکدا ئاوڕم دایەوە دەستم کردە ملە قوتێ..

لاوك: ئەوە چیتە بابە گیان.. بۆ وا ئەترسی؟ هیچ رویداوە؟

وتم: سەگی سەگباب ئەوەندە شت رویداوە تۆ بەخۆت نەزانیوە.. هەستە بابڕۆینەوە، واز لەکوردایەتی بێنە.

لاوك: بۆ باوە.. بۆ وات لێهاتووە.. خۆ کەس‌وکارمان نەگیراون؟!

وتم: جا ئەمڕۆ نا سبەینێ.. تۆ لێرە بیت‌و خەڵکی جاسوسی بکەن هەر ئەگیرێین!

لاوك گاڵتەی بەقسەکانم ئەهات.. (هەتیوە کەرە جوان گوێم بۆ شلکە ئەوسا بەڵێنی خۆت بدە، دڵنیام کە لەگەڵما زۆر بەئاسانی دێیتەوە).

لاوك: باوە گیان قەت وام لەتۆ رانابینی بەم شێوەیە بڕوا بکەی، فەرمو.

هەمو کەسێك دەزانن تۆ پێشمەرگەی، دوێنێ (مدیری ئەمنی سلێمانی) بەموختاری گەڕەکەکەی وتبو کە باوکی لاوك دەبێت بێت بۆ لام.. هەتا چومە لای سێ کفنم زەرد کرد.. رۆڵە گیان ئەو خەڵکە هەموی بونەتە پیاوی حکومەت، مدیر کە منی بینی لەبەرم هەستاو رێزی تایبەتی لێگرتم‌و زۆر قسەی نەرم‌و گەرم‌و خۆشی بۆ کردم.

لاوك: جا ئەوە سروشتی ئەوانە، تا بکەویتە ئەم واقعەوە.. ئەگینا درۆ ئەکەن.. پیاو خراپن.

باوك: دە کەرە کەر بزانە چی ئەڵێم.. ئاخر سەری خۆت و ئێمەش مەکە بەقوڕا.. رۆڵە گیان کابرای ئەمن هەمو شتێکی بۆ باسکردم.. ئەم جل و بەرگانەی تۆ.. ئەم چەك و تەقەمەنی و ئەم هاوڕێ و جێگەیەش.. هیچی نامۆ نین.. ئەگینا منی سەرگەردان چوزانم ئێستاو بەم شێوەیە تۆ لێرە ئەبیت.. وەرەو وەك پیاوی مەرد واز لەو نامەردانە بێنە، وەرەو کاسبی خۆت بکە.. چیت داوە لەم کرێکارییە بەلاشە.. دڵنیابە هیچت لێناکەن.. گرێنتی تۆیان پێداوم.

رۆڵە گیان لاوك.. دایکت و کەس وکارت کۆڵیلت بۆ ئەکەن، ئاخر لەسەرچی و لەبەرچی ئەم تەمەنە جوانەت وەك ئاژەڵی کێوی بەم شاخ و داخانەوە بەسەر ئەبەیت و قوڕە بەسەر لاوێتی و تەمەنی ئێمەشدا ئەکەی.. تاکەی بەدیار چڵکاوی پیرێژنێکەوە دائەنیشی.. وەرەوە ناومال و کام جێگەو کام خواردنەی خۆشە بیخۆ.. کوڕم دنیا وا نییە وەك تۆ لێیحاڵی بووی.

باوە گیان دنیاو کوردایەتیش زۆر لەوە گەورەترە کە تۆو کەسانی تریش لێیتێگەیشتون، گوێی مەدەرێ.

لاوك گیان رەحم بەم لەش و لارو جەستەو تەمەنەی باوکت بکە.. با لەبەر تۆ لەروناکی خۆر بێبەش نەبین.. با لاشەو ئەندامی خوشك و براکانت نەکەونە بەر چزەی شەلاقی ئەو بەعسیە بێویژدانانە.. رۆڵە لاوك (کوردایەتی.. پێشمەرگایەتی) هەموی فشەیە.. هەموی درۆیە.. ئەوانەی لەگەڵتن هەمویان خیانەتکارو سیخوڕو ناپیاون.. تۆ لەگەڵ ئەوان مەژی.. دەستی کردە گریان.

باوە گیان هەزار ئەوەندە بگریت و بلالێیتەوەو قسەی رەق و نابەجێ بۆ من بکەیت وا ئەزام مێشێکەو بەلای لوتما ئەڕوات.. پاشان تۆ منت بۆ کوردستان گەورەکردووە کوردستانیش تۆی لەسەر لاشەی خۆی گەورە کردووە. ئەو رێگەیەی من هەڵمبژاردووە رێگەی (شەرەف و ویژدان و سەربەرزی و کوردانەو مەردانەو هەمو سیما پاکەکانی پیاوی چاکە) من پەشیمان نابمەوە.. پەیمانم بە کوردو کوردستان و بەخاك و خوێنی شەهیدان داوە یا من یا ئازادی کوردستان.. یا نەمانی دوژمنان.. چونکە کەم ژیان و کەڵ ژیان دروشمی هەمو لاوێکە خۆی بکاتە گوڵاڵە سورەی ئەم باغە جوانەی کوردستان.. دوژمنوا لەمل شکان و لەناوچوندایە.

رۆڵە گیان ئەوان هەر لەئەستوریدان.. نەمانی چی؟!

نـا بابـەگیان غـەدر لەئەسـتوری ئەچرێت.. بابـە گیـان دڵنیابـە سـەرکەوتو ئـەبم.. یـا بەرگی من ئاڵای سەرکەوتن ئەبێت.

رۆڵە گیان شتم زۆر بیستووەو هەمووشـی راسـت بـوون یـەك قسـەی تـرت بـۆ ئەکـەمو خوات لەگەڵ..

فەرموو بەڵام دڵنیابە کە نایەمەوە.

بـاوك سـەیرێکی ئـەملاولای کـردو تـۆزێکی تـر چـووە پێـشەوە لەلاوك بەچرپە وتـی: کابرای مـدیری ئـەمن لـەکوێ ئـەزانێت تـۆ نـاوت (لاوك)ە؟ لـەکوێ ئـەزانێت تـۆ ئـەم دوو هاورێیەت هەیەو بەم هەموو ناونیشانە راستەوەی کە بەمنی دابو؟

لەکوێ ئەزانێت کە تۆ لەم ناوچەی گەرمیانەدایت؟ چۆن ئەزانێت لـەچ کاتو ساتێکدا پەیتـە سەر ئـەم کانییـە؟ بەچـی ئـەزانێت لـەماوەی ئـەم هەفتەیـەدا چـەند چـالاکیتان کردووەو ناوو کاتو جێگەو ژمارەی پێشمەرگەو هەموو ئەو وردەکارییانە دەزانێتو بـۆی باس کردووم؟

چۆن زانی چەند چالاکیتان سەرکەوتو بووەو دەستکەوتتان چـی بـووە چـەندی ترتـان تێکشکاون؟ رۆڵەگیان بیرکەرەوە.. ئەم کارەی تۆ ئەیکەیت تەنها خۆ تڕاندنەو هیچی تر.. رۆڵـە بەدەنگـە زوڵاڵەکـەی (فـەرهاد[1]) تێمەکـەوە.. رۆڵـە رۆژێ دێـت ئـەوان ئەگەنـە جێگەیـەکی گـەرمو پـڕ لەهـەموو نـازو نیعمـەتێك تـۆش دەبیتـە خـۆراکی خـاكو برادەرەکانیشت رەنگە لاشەکەشت هەڵنەگرنـەوە. لاوك نامـان بەقسەم بکـە ئـەم شۆڕشـە ئەو ئاسۆ ڕونو گەشەی نییـە کـە تـۆ بـۆی ئـەڕوانی، لاوك ئـەی هـاوار.. کـەی لەقسەکانم تێئەگەی؟

لاوك سـەیرێکی بـاوکی کـرد.. رەنگـی روخساری بـاوکی شێوابوو هەناسـە لەقەفـەزەی سییەکانیەوە بەپەلە ئەهاتنە دەر.. بەپشتینەکەی دەمو چاوو روخساری سڕی..

---

[1] بێژەرێکی ئەو کاتەی رادیۆ بوو کە زۆر بەجۆشو خرۆشەوە چالاکیو رووداوەکانی باس ئەکردو هەر کەسێك یەکجار گوێی لەو بوایە بۆ رۆژی دوایی رادیۆی ئـەکرێو تامـەزرۆی هەواڵەکان دەبوو ئێستاش ناوبەناو لەئەرشیفدا ئـەو دەنگـە لێـدەدرێت، بـەڵام کوردستان لـەدەنگو رەنگی بێبەشـە، چونکە لەهەندەرانە حەیاتەکە ژیان بەسەر ئەبات.

لاوك بەسەرسامیەوە وتی: باوە گیان.. بەم نارەحەتیەی تۆ هیچ نیگەران نیم.. ئەمە جۆرێکە لەفێڵو تەڵەکەکانی رژێمو ئەو حزبە دەسەڵاتدارانەی کە دیکتاتۆریانە حوکمی گەل ئەکەن. بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە لای من یەك شتە!! چۆن ئەم زانیارییانەی ئێمە کە زۆر نهێنین.. بەتایبەتی جێگەو رێگەمان دەگاتە دەستیان؟!

باوك وەك ئەوەی نیوە قەناعەتێکی لەکوڕەکەیدا دیبێت وتی: جا رۆڵە لەهەموی سەیرتر ئەیزانی رۆژانە چی ئەخۆن، کێ سەردانتان ئەکات؟ ناوی نهێنیتان.. هەندێك ناوی وت.. لاوك زۆر سەرسام بوو رەنگی تێکچوو بەهێمنی وتی: بابە گیان چیتری باسکرد بۆم بڵێ!

رۆڵە گیان کاك (سەعید) کێیە؟ لەم ماوەیەدا ئافرەتێکی گوندی (..) هانیوە زیاد لە (٥) مەڕی بۆ کراوە بەنانو چێشتو وێنەیەك لەو زەماوەندە لەلای کابرای ئەمن هەبوو.

چەند نهێنیەکی تریشم بۆ باسکرد ئەو هەر تامەزرۆی بیستنی بو پاشان وتی: بابەگیان ئەم سەردانەی تۆ زۆر نهێنی ژیانی فێرکردم.. فێری کردم ئیتر چۆن کوردایەتی بکەم فێری چاوکراوەیی متمانە تەنها بەخۆبونی کردم، راستیان وتووە (دایكو باوك بۆ رۆڵە وەك ئاوو خاکن بۆ رووەك) بابە یەك پرسیاری ترت لێدەکەم بەس بەو شێوەیەی دەیزانیت لەسەر زاری مدیری ئەمنەوە ئاوا وەڵامم بدەرەوە؟

لاوك ویستی پرسیارەکە بکات، بەڵام دەنگی یەکێك لەهاوەڵەکانی هات.. کاك لاوك.. کاك لاوك.. کات درەنگە بابگەڕێینەوە.. باوکیشت با لەگەڵمان بێت بۆ سەرەوە.

خێرا لاوك بەرەو سەرچاوی دەنگەکە تاوی دایە خۆیو رۆشت لەمن ونبوو.. پاش چارەکە سەعاتێك هەردوو برادەرەکە لەگەڵی هاتنو کەوتن بەسەر دەستو پێمدا.. بەلامەوە سەیر بو.. ئەوە چییە کاکە.. بۆ وائەکەن؟!

یەکێکیان وتی: کاك لاوك ئەڵێ باوکم هاتووە بەدوامداو فشارێکی زۆرمان لەسەرە لەلایەن دائیرەی ئەمنەوە جا لەگەڵ باوکم ئەڕۆمەوە.. توخوا کاکە گیان ئەم کوڕە گەنجە مەبەرەوە.. زۆرمان لەلا گرانە.. شۆڕش تینوی ئەم لاوانەیە.. تو کوردستان.. تو خوێنی شەهیدان.. تو مەبدەنت.. کاری وا نەکەی، بەڕۆشتنی ئەو کەلێنێکی گەورە ئەبێتە کارەکەمانەوە.. کاکە لەجیاتی لاوك یەکێکی ترمان بەرە.. بەهەردوکمان بەهێندەی کاك لاوك چالاك نین.

بەم قسەیەیان پێکەنینم هات.. زۆر داکۆکیان کرد من باکم نەبوو. وتم: زۆر ئاستەمە گەڕانەوەم بەبێ ئەو.. زۆر خۆم لەشۆڕش و ئێوەش خۆشتر دەوێت.. هەر دەمێنمەوە..

کوڕەکەم دوو گەنجەکەی بردە پەنایەکەوە پێیوتن:

ئێوە چەکەکانتان فڕێ دەن و بەپێخاوسی و بەگریانەوە دوا باوکم بکەون و بڵێن ئێمە لەگەڵت تا شار دێینەوە.. ئێمە هەموو شتێك ئەکەین بەو مەرجەی لاوك نەگەڕێتەوە..

بەڵێ بەقسەیان کرد.. چەند مەترێك لێم نزیکبوونەوە تا هاتنە بەردەستم.. لاوك هاواری کرد نەجوڵێن هەر ئێستا هەردوکتان ئەکوژم وەك پیاوێکی جەربەزە لێیان هاتە دەست.. خۆی لێ توڕەکردن..

میلی کلاشینکۆفی لێڕاکێشان.. هاواری کردە من.. بابەگیان وەرە ئەملاوە ئێستا وەك سەگ ئەیان تۆپێنم.. خۆت لایە دەست هەڵبڕن دوو هاوڕێکەی زۆر بەسەرسامیەوە هەردوو دەستیان هەڵبڕی و جوڵەیان نەکرد..

باوە گیان وەرە ئەم دووتفەنگە بگرە.. ئەو دەمانچەیەش فڕێدە.. کاکی خۆشەویستم..دەمانچەیەك بەقەدی یەکێکیانەوە بوو فڕێیدا.. ئەومیش هەڵگرە بابەگیان.. وەرە پێشەوە ئەو دوکەرپیاوەش بپشکنە.. ئەمانەی تۆ باسیان ئەکەیت تەنها ئەم سێ کەسە ئەیزانین یا منم یا ئەم دووانەیە.. دڵنیابە من شیری پاك و پارەی پاکی تۆ پەروەردەی کردووم شتی وا لەچارەم نەنوسراوە.. ئەم دوانە ناپاك و سیخوڕن.

دوو برا پێشمەرگەکە زۆر تێکچوون هاواریان لەلاوك کرد.. چییە لاوك سیحرت لێکرا.. تێکچووی.. کاك لاوك ئێمە هاوڕێی سەنگەرین ئێمە هاوڕێی گیانی بەگیانین.. ئێمە هاوڕێ و هاوڕازو هاوکاری یەکترین.. ناپاکیمان دەرهەق ئەکەیت ئامان بەقسەی باوکت نەکەیت.. کاك لاوك هاوار.. بۆ واتلێهات.

کوڕەکەم وتی:

هەر ئێستا ئەتانکوژم.. باوکە ئەولایان لێبگرە من ئەزانم مەسەلە چییە!

بەم قسانە بێت هاوڕێکانی لاوك چەندە دێرینن ئەوەندەش جاسوس بون.. ئێوە کوردایەتی ناکەن ئێوە ناپاك و سەرشۆڕن.. خێرا راستی بڵێن، یەکێکیان وتی: کاکە لاوك هەردەم تۆ برا گەورەبویت.. هەموو کات تۆ دڵت زیاتر بۆ کارەکەت سوتاوە.. تۆ یەکێك بوی لەو شۆڕشگێڕانەی ئێمەشت فێری کوردایەتی کرد..تۆ ئاسۆیەکی گەشت لەپێشە لەم ساتەدا نابێت ناپاکیمان لەگەڵ بکەیت.. ئەوە پلانی دوژمنانە.

ئەوەی تریان کە زانی وەزعیان لەباشی نابێت وتی: کاکە لاوك خۆمان چاك ئەکەین ئەم جارە لێمان ببورە!

لاوك: یەعنی ئەوەی باوکم ئەیڵێت راستن.. ئێوە ناپاکن؟

یەکێکیان وتی: نەخێر.. بەڵام.. نەیوێرا قسەکەی تەواو بکات!

لاوك وتی: هەر ئێستا خۆتان رووت و قوت بکەنەوە.. باوکە چاودێرییان بکە.. پارچە پارچە جل‌وبەرگەکانتانم پیشان بدەن (کوڕانی تەنگانە.. ئەم کوردستانە چاوەڕێتانە!)

یەکێکیان هیچ چارێکی نەماو سەیری برادەرە پێشمەرگەکەی تری کردو ناچار پارچە پارچە جل‌وبەرگەکەی دانا.

باوکە گیان جوان دەست لەجل‌وبەرگەکانیان بدە.. بزانە هیچیان پێیە؟

دەستم لەشـرواڵەکەی دا سـەیرەکەم گیرفـانێکی بـچوکی نهێنـی زۆر باشـی بـۆ دروستکراوەو جیهازێکی بچوکی تیایە.. وەك (موبایلی) ئێستا، ئەی خائینانە ئەمە چییە؟

لاوك: مەرحەبا.. هاوڕێی سەنگەر.. ئەمە کاری کێیە؟ باوکە زۆر راست ئەکەی ئەمە جاسوسە.. جاسوس.. ئەوەی تریان خۆی روتکردەوە.. ئەمیان لەچرچی شرواڵەکەیدا چەند نامەیەکی نهێنی تیابوو کە فریای گەیشتنی نەکەوتبوو.. ئەمەیان جیهازی پێنەبو، بەڵام کوڕەکەم وتی: کوڕی باش ئەو پشتێنەت بەرە دەست باوکم.. پشتێنی جلی کوردی چەند مەترێ نەبوو.. لێم وەرگرت لەگەڵ وەرگرتنندا هەستم بەقورسیەك کرد.. لەپشتێنەکەدا قەف قەف دەستم لێدا تا گەیشتە بەردەستم.. سەیرە ئەمە چییە؟

بابە دوژمنان هەموو کات راست ئەکەن، بەڵام خۆمان فێری خۆمانیان ئەکەین گەر ئێمە خۆمان خەفە نەکەین کابرایەکی ئەمن چوزانێت ئێوە ئەمە کارتانە.. توخوا عەیب نییە بۆ ئێوە.. روو رەشبن.. حەیاو ناموسی ئەو کەسانەشتان بردووە کە بەپاکی کاردەکەن کوڕوکەس‌وکاری ئێمەتان شەرمەزار کردووە.. بابە ئەمانە خۆرەی شۆڕشن.. ئێستا بەسزای گەل‌و شۆڕشیان ئەگەیەنم.. هاواریان کرد.. کاکە لاوك.. ئامان.. ئێمە کردمان بێگانەپەرستی تۆ برای چاکبە لەگەڵمان.. دڵنیابە ئیتر سیخوڕی ناکەین.. رویان کردە یەکتر هەتیو چەندم وت با کاری وانەکەین.. تۆ وتت کێپێمان نەزانێت.. ئەوەی تریان وتی چاوت لێیە کاکی ئەمن کاری پێمان نەماوە، بۆیە ئاوا حەیای بردین.. زۆر لۆمەی خۆیان کرد، بەڵام لاوك هەنگاوی نا بەسەر لاشەی شەلاڵی خوێنیانداو دوو تفی

لێکردن.. ئارەقی نەوچەوانی سڕی‌و وتی: بابە گیان ئەو دەمانچەیەم بەریێ قژی درێژیانی خەڵتانی خوێن کرد.. کەرەسەکانی کۆکردنەوەو ئاورێکی لێدامەوە.. بابە گیان زۆر سوپاس بۆ هەوڵەکەت.. کە گەڕایتەوە زۆر سوپاسی (مدیری ئەمن) بکەو چاوی خوشك‌و براکانم ماچ نەکەم دەستی دایکم ماچ نەکەم خوات لەگەڵ.

سەیری باڵایم کرد تا لەچاوم ون بوو.. ئاهێکم هەڵکێشا.. بەلامەوە سەیر بوو کوڕێکم پەروەردەکردبێت لەبەرچاوی خۆم دوو مرۆڤ بێگیان بکات.. بەڵام حەقی بوو هەر کەسێك لەبچوکترین خیانەتەوە تا گەورەترین خیانەت ئەمە ئاکامی ئەبێت.. بەدەستی بەتاڵ گەڕامەوە شار.

لەدەرگای ماڵمداو چوومە ژوورەوە ئەندامانی خێزان بۆ کەسێکی تریان ئەڕوانی، بەڵام دڵنیام کردن کە (لاوك)م دیوەو بەقسەی نەکردووم‌و گەڕاومەتەوە.. ئەبێت خۆمان بۆ هەموو شتێك ئامادەبکەین لەلایەن ئەو دڕندانەوە.. ئێوارەکەی نان خورا.. یەك بەیەك منداڵەکان دەستنوێژم پێشتن‌و قورئانێکم هانی‌و هەموویانم سوێند دا کە باسی هیچ نەکەن ئەگەر لەسەریشیان بدەن.. پاش دڵنیابوون ڕووداوەکەم بۆ گێڕانەوە.. هۆی ئەم هەواڵ‌و پشێوییەم گێڕایەوە بۆ ئەو دوو جاسوسەی کە لاوك کوشتنی.

چەند ڕۆژێك تێپەڕی.. شەوێکیان لەنانخواردن بومەوە.. لەدەرگا درا.. کچە گەورەکەم دەرگای کردەوە هات بەرەنگێکی هەڵبزڕکاوەوە: بابە گیان سەیارەیەکی چەکدار لەدەرەوە داوای تۆ دەکەن، خێرا خۆم کۆکردەوەو چووم بەدەنگیانەوە: فەرمون منتان ئەوێت، یەکێکیان وتی: باوکی لاوك تۆیت؟

بەپچڕ پچڕی وتم: بەڵێ.. بە..ڵێ

دە فەرمو سەرکەوە لەگەڵماندا، فریای خواحافیزە نەکەوتم ئاورێکم دایەوە کە سەیر ئەکەم سەربان‌و سەردیوار هەموی چەکدارە.. حەوشەکە پڕ بو لە (ئەمن‌و ئیستیخبارات‌و قومت خاسەو قوە تەواری)..

کچەکەم بەدەنگی بەرز هاواری کرد: (بابە گیان خوا حافیزت بێت، توخوا...) فریا نەکەوت قسەکەی تەواو بکات بەقۆناغە تفەنگێك بێدەنگیان کرد، لەگەڵ سواربونی سەیارەدا چاوەکانم تاریك داهات دەستەکانم لەیەك تونبون هەزارەها بیروبۆچوون‌و هەواڵی سەیرو سەمەرە بەمێشکمدا گوزەریان دەکرد.. هەستم کرد لەسەیارە تیژڕەوەکە دابەزیم‌و دەستیان گرتم چەند هەنگاوێك ڕۆشتین هەستم بە (قادرمەو لوسی

زەویەکەی ژێر پێم) ئەکرد.. لەدڵی خۆمدا وتم: (ئێی کاکە لاوك ئەمرۆ منو سبەینێ دایکتو دوو سبەی براو خوشکە جوانەکانت.. ئەم کافرانەش وەك درندەی برسی.. خوایە بەگەورەیی خۆت رەحممان پێبکەیت..) کاتێکم زانی وەستێنرام.. چاوم کرایەوە.. دەستم شل بو خۆم لەبەردەم کاکی (مدیری ئەمنی گشتی)دا بینیەوە.

سڵاو ئەبو لاوك ئێستا چۆنی.. سەفەرەکەت کرد؟

زۆر بەبوێرانەوەو بەزەردەخەنەیەکەوە: سڵاو رەییس.. لەخزمەتدام

بردمیانە ژوورەکەی خۆیو بەیەکەوە دانیشتین.. بانگی چاو ساردەمەنی کرد.. چەند ساتێك بێدەنگی ژوورەکە گوێچکەکانی دەزرنگاندەوە.. لەپڕ مدیر وتی: ها باوکی لاوك سەردانەکەت چۆن بو.. بۆمان باس بکە! بەراستیو بێپێچوپەنا.. چونکە هیچ لەئێمە شاراوە نییە! خەریك بو بڵێم نەچوم.. بەلام من کەسێکی راستگۆم.. هەرچی ئەبێ بابێت! لەنوکەوە بۆم باسکرد.. تفم قوت دەداو هەستم بەگۆڕینی رەنگی دەموچاوم ئەکرد.. کاکی مدیریش هەردوو دەستی خستبووە ژێر چەناگەیو چاوە زەقەکانی تێبڕیبوم.. کاکی وەرگێڕیش دەیکردە عەرەبی بۆی یەکێکیش لەولاوە ئەینوسی.. چەند لاپەڕەیەك رەش کرایەوە.. لەشوێنێکدا قسەکەم گۆڕی مدیر بەنوسەرەکەی وت: خەتێکی سور بەژێر ئەم قسەیەدا بێنە!.. بۆچی گەورەم باوکی لاوك قسە مەکەو بەردەوام بە.

گەیشتمە باسی کوشتنی دوو پێشمەرگەکەو گەڕانەوەم بەدەستی بەتاڵ مدیر ئاهێکی هەڵکێشا:

بەم کارەمان زەرەرێکی زۆرمان لێکەوت، بەلام گرنگ نییە گرنگ ئەوەیە کوردێك کەم بێتەوە، ساتێك تورەبوونی خۆمم خواردەوەو مدیر روی تێکردم: ئەی بۆ زوو سەردانت نەکردین.. هەر ئەبێ بێین بەدواتا.

بەهەر جۆرێك بو هێزم دایە بەر خۆم: روم نەهات بەدەستی خاڵی.. پاشان ئەوەی ئێوە داواتان کرد من ئەمتوانی جێبەجێی بکەم!

مدیر زەردەخەنەیەکی ئاگراوی کرد، لەسەر کورسییەکەی هەستاو هاتە تەنیشتمەوە دانیشت: ئەمانەی باست کرد هەموی راست بون تەنها ئەو رستەیە نەبێت..

چۆن ئەزانی؟

روی کردە وەرگێڕ: لەوساتەوەی تۆ گەڕاویتەوە شار بچوکترین هەواڵ تا گەورەترین چالاکی بەدەستمان ئەگەیشتووە لەو ناوچەیەوە، ئەتوانم بڵێم لەروی ئەزیەتو

ماندوبونەوە ئێمە کەوتینە ئیسراحەتەوە، چونکە (جیهاز لەسەر جیهاز ئەکرا: ژمارەمان ئەوەندە کەسە.. مەبەستمانە لەفلان جێگە چالاکی ئەنجامبدەین.. کەسەکان بەرگیان لەو جۆرەیە.. شێوەیان ئاوایە).

یان ئەمرۆ لەفلان جێگەوە چالاکی ئەکەین و دەگەینە شارۆچکەی (چەمچەماڵ) لەرێگەی گڵەوە لەدوری ڕێ (٥) کیلۆمەتر هێزتان ئامادەکەن.. یەکەم و چوارەم کەس مەکوژن ئەوانی تر قەلاچۆکەن.. هەندێکیان راست ئەبون.. هەندێکیان تەنها هیلاکی و سەریەشەمان بۆ ئەمایەوە لەو کاتەوە هەمومان کەوتینە ئیسراحەتەوە.. زۆر سەیرم بەقسەکانی ئەهات.. جاسوس دروستکردن هەروا ئاسانە.. ئەی بۆ ئەم کارەیان ئەنجامدا؟!

پاش قەدەرێك لەتێرامان وتی: حەزت لەئازادییە وتم: ئەوەی ئازادی بێت و بۆ کەس پێویست بێت هەیە.. مەگەر کەسێك عێراقی نەبێت.

سەیرێکی وەرگێڕی کرد: باوکی لاوك ئەتوانیت بڕۆییت، بەڵام خۆزگە کوڕەکەت بەقسەی ئەکردییت.. پاش چەند چرکەیەك بەسەیارەیەکی خۆیان هاتمەدەر لەدائیرەی ئەمن و لەنزیك ماڵی خۆمان دایان بەزاندم.. لەماڵدا کشوماتی میوان بوو هەناسەکان بۆنی بێئومێدیان لێدەهات.. چاوەکان چاوەڕوانیان لێئەتکا.. رۆژگارەکان تێپەڕین.. لاوکی باڵابەرز بەهێزێکی زۆرەوە ساڵی ١٩٩١ هاتەوە ناو شار.. لاوك پاکی خۆی سەلماند.. لەهەموو روبەڕوبوونەوەکانی دوژمنی بەعسدا بەشداری کرد، بەچاوی پڕ هیواوە ئازادی دی، بەڵام مەخابن گوللەی براکوژی سینەی لاوکیان پێکاو لەئارامگای سەیوان ئارامی گرت.

خوشکەکانی، منداڵێکی چاوگەشی دڵپڕ هیوای، هاوسەرێکی گەنجی شەرمن، لەبەرگی رەشدا رۆژگارە تاریکەکان بەسەر ئەبەن.. بەڵێ بەرێزەکەم.. بەم کارانەی داگیرکەران زۆر وانەی رابردوومان بۆ رون ئەبێتەوە.. بەم کارانەی ئێستاشمان زۆر رۆژگارمان دەبێتە شێوان ئاسا.. جاسوس لەهەمو ناوچەو دانیشتن و کۆڕو کۆمەڵێکدا هەیە!!

لەسەرەوە لەتۆ دڵسۆزتر، لەژێرەوەش لەمن و تۆ جاسوسەو خیانەتکارە..

شاراوە نەبێت لات زۆر رۆڵەی بەنەمەکی ئەم شارە تا ئێستاش باوك و دایکیان چاوەڕوانی دیداریانن.. دڵیان بڕوایی ناهێنێ دینارێکی شەهیدانەیان وەرگرن! زۆریان تەمەنی لاویان بۆ کورد خەرج کرد، کەمئەندامبوون.. کوردیش لەبازاڕدا تەنها (یەك پەنجا)یی لەم چاپە نوێیە هەڵدەداتە بەردەمیان.

لەکۆتاییدا.. سڵاو لەو دایکەی رۆڵەی بەهەژاریو نەداری پەروەردە کرد.. بەهەزار کزە کز خوێندنی سەرەتایی پێتەواوکردو کردیە قوربانی بۆ کوردو کوردستانی ئێستاش شۆڕشو کوردی تازەپیاکەوتوو بەری رەنجی ئەخۆنو ناتوانن تەنها خانویەك بکەنە دیاری دەستیان بۆ ئەو دایکە پرچ سپییە.

سڵاوی وەفاداری لەو ئافرەتە خاوەن هاوسەرە شەهیدەی کە لەبەر ناشرینی روخساری دەرگای دەزگاکانی بەسەردا دادەخرێت لەژوورەوەش گوێی لەقاقای ئەو ئافرەتە خاوەن مۆدیلەیە کە لەگەڵ هاوڕێی هاوسەرەکەیدا زۆر بەکەیف سازییەوە لەتاسەوە ئەچن، بەپارەی مۆڵ ئەوروپا ئاسا مێز ئەرازێننەوەو بەخۆشییەوە رائەبوێرن.

سڵاو لەو منداڵە بێباکەی باوکی بووە شەهیدی رێگای شۆڕشی کوردو کوردستان ئێستاش چاوە چاویەتی بۆیاغی پۆستاڵی پاسەوانەکانی دەرگای ئەو فەرمانگەیە بکات کە سەرۆکی فەرمانگەکە لەشۆڕشی شاخدا هاوڕێی باوکی بوو.

سڵاو لەو شۆڕشەی گەل کردیو زۆر بەکەمی گەل بەرهەمەکەی ئەخوا.. سڵاوی خۆشەویستی لەو کەسانەی بەچاکیو بەپاکی پەیامی کورد ئەگەیەننە دۆستی کورد.. هاوڕێی کورد.. دور لەرو پامایی.. دوبارە سڵاو لەو پێنوسە پاکانەی بەپاکی کارو پرۆژەو دوارۆژی گەل ئەنەخشێنن.

بەڕێزەکەم هیوادارم کەم تا زۆر لەچیێژو ئاکامی ئەم چیرۆکە واقعیە تێگەیشتبیو هەناسەکانت ئاسودەیی لەئاسۆیەکی رون لەچیای خاوەن بەفرو هەڵۆی سپیەوە ببینن.

بەندیخانە لەماڵی باوکم خۆشترە

و/ عبدالقادر علی

داڕشتنەوەی/ م. ئاوات

یەکێك لەمامۆستایانی خانەی تایبەت بە (نەوجەوانان ـ مێردمنداڵان) لەبەندیخانە کە کاری ئەم دەزگایە بریتیە لەراستکردنەوەی هەڵوێستی (نەوجەوانان) لەو تاوانو خراپەکاریانەی دوچاری دەبن، بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت:

یەکێك لەسەیرترین حاڵەت کە لەبواری کارکردنمدا روبەڕووی بوبمەوە، بریتی بوو لەکوڕێکی نەوجەوان تەمەن ١٣ ساڵە کە بەتۆمەتی بەدڕەوشتی گیرابوو، دوای ئەوەی کە ماوەی بەندیەکەی تەواوکرد، چوم بۆ لای پێموت: تۆ هەفتەی داهاتوو بەر دەبیت بۆیە پێویستە کەس‌وکارت ئامادەبن بۆ ئەوەی (کەفالەت) یان لێوەربگیرێت.

کەچی ئەو لەوەڵامدا دەستی کرد بەگریان.. منیش یەکەمجار وامزانی لەخۆشیا دەگری بەوەی دوای هەفتەیەکی تر ئازاد دەبێتو بەکەس‌وکاری شاد دەبێتەوە، بەڵام گریانێکی زۆر گریا، رەنگی تێك چوو، زانیم کە کارەکە بەم جۆرە نییە بۆیە بردەمەلاوە، پرسیارم لێکردە: بۆچی هێندە دەگریت؟

وتی: نامەوێت بەندیخانە بەجێبهێڵم حەز دەکەم بمێنمەوەو بەر نەدرێم.

هەرچەندە ئێرە بەندیخانەیە کەس تیایا ئازاد نییە، بەڵام بڕوا بکە زۆر لەماڵی باوکم خۆشترە.

وتم: بێگومان تۆ هەڵەیت، چونکە هیچ ماڵێك هێندەی ماڵی خۆت خۆش نییە کەسیش هێندەی کەسی خۆت دڵسۆزت نییە!!

وتی: ئاخر بەڕێزتان ئاگاتان لەماڵی من نییە، ئەگەر ئاگاتان لێبێت هەرگیز وانالێن گوێبگرە بزانە چیت بۆ باس دەکەم ئەوسا خۆت حەکەم بە!

دەستی کردە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی‌و وتی:

پێش هەشت ساڵ لەمەوبەر دایکم وەفاتی کرد، منو خوشکێکی بەجێهێشت کە ئەو دوو ساڵ لەمن بچوکترە، چەند مانگێکی کەم بەسەر وەفاتی دایکمدا تێنەپەڕی کە باوکم پێیوتم:

(نیازی ژن هێنانی هەیە، باجیم جێگای دایکم دەگرێتەوەو خزمەتی منیشو خوشکە بچوکەکەم دەکات) چونکە منداڵ بوم لەم باسە ناگەیشتم.. نەمدەزانی (باوەژن) چییەو هەڵوێستی بەرامبەرمان چۆن دەبێت، هەفتەیەك بەسەر ئەم قسەیەی باوکمدا تێپەڕیو شایی گێڕا، باوەژنی تازە بەماڵی ئێمە ئاشنابوو، سەرەتا زۆر لەگەڵمان باش بوو! ڕێزی دەگرتین، بەڵام وردە وردە بەرەو گۆڕان چوو، لەگلەییو گازندەوە بەرەو هەڕەشەو چاولێسورکردنەوەو لێدانو تەمبێ کردن، ئەو دایکە نوێیەمان بۆ تێرکردنی ئارەزووی گەمەو خۆشی شەوانەی باوکمان بوو، هەر کات باوکم بگەڕایەتەوە خێرا بەرەو پیری دەچوو دەیگوت: ئەزانی کوڕەکەت ئاوای وتو کچەکەت ئاوای کرد!

باوکم بەهیلاکی دەگەڕایەوە ماڵ تاقەتی ئەوەی نەبوو گوێ بیستی سکاڵا بێت، ئێمەش بەهۆی ئەوەی کە منداڵ بوین نەماندەزانی بەرگری لەخۆمان بکەین، یان هەر نەیان دەهێشت قسە بکەین، ئیتر باوەژنم خۆیو ویژدانی، چی بۆ هەڵدەبەستین، لەسەرەتاوە باوکم ئامۆژگاری دەکردین، پاشان هەڕەشەی لێدەکردین چاوی سوردەکردەوە، بەڵام دوای ئەوەی سکاڵاکانی باوەژنم زۆر بون لەسەرمان، باوکیشم ڕەفتاری گۆڕا، فەلاقەو دارکاری کاری ڕۆژانەی بو لەگەڵمان.

دوای ئەوەی باوەژنەکەم (سێ) منداڵی بوو زۆر خراپتر بوو لەگەڵمان، وردە وردە من بومە خزمەتکارو خوشکەکەشم کارەکەریو ماڵی باوکم.

دەبوایە لەگەڵ خوشکە داماوە منداڵەکەم کاری ڕۆژانەی ناو ماڵ رابپەڕێنین.. من کەلوپەلی بازاڕم دەکڕیو خوشکەکەشم ماڵی دەسڕیو قاپەکانی دەشتنو کاری چێشت لێنانی بەڕێوە دەبرد، منو خوشکەکەم حەسودیمان بەخوشك براکانمان دەبرد کە منداڵی باجیەکەمان بوون، بەوەی قسەی خۆشیان لەگەڵ دەکرا.. یاریان لەگەڵ دەکرا، جێگای سۆزی باوکمو باجیم بون.

ڕۆژانە هەندێك شیرینیو گوڵە بەرۆژەو شتم دەفرۆشت، بۆم نەبو وەك منداڵێك تەنها یەك (لوقمە قازی) بخەمە دەممەوە.. خوشکە داماوەکەشم دەستەکانی دەتەزینو سڕ دەبون لەناوی ساردا کە دەهاتمەوە بەدزییەوە ئەهاتە پەنام دەستەکانیم بۆ گەرم

نەکردەوە بەپەنجەماندووەکانم فرمێسکەکانیم ئەسڕی منداڵەکانی باجیم بەپەلە ئەم هەواڵەیان ئەگەیاند.. ئیتر ئاسمان بەسەر هەردوکمان ئەڕوخا بەڵێ ئەڕوخا!!

باوکم وای هەست دەکرد منو خوشکەکەم بوین بەبار بەسەریەوە دەبینە مایەی تێکدانی کەشو هەوای خۆشەویستی ماڵ، بەوەی باجیەکەم شکاتی زۆر لێدەکردین، باوکم بەوە تاوانباری دەکردین کە گوێڕایەڵی ناکەین، لێمان ناڕازی بو باوکم دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا نەمابو بۆیە ئازاری ئێمەی ئەدا.

تا باوەژنم لێمان رازی نەبوایە ئەم رووی تێنمەکردین، یادگاری رۆژە خۆشەکانی دایکمانی لەبیرچوبۆوە.. دایکم ئێمەی زۆر خۆش ئەویست باوکیشم هەروەها..

(بەلام خۆزگە کە دایك مرد.. منداڵەکانیشی لەگەڵ بخەنە قەبرەکەوە.. چونکە باوکیش دەبێتە باوەپیارە).

بەڵێ کاکی چاودێر لەگەڵمای.. حەز ئەکەی بۆت تەواو کەم..

وتم بەڵێ بەردەوامبە..

وتی: بەڕێزەکەم زۆر ناوو ناتۆرەی ناشرینیان بۆ هەڵدەبەستین وامان لێهاتبو ناوی خۆمان لەبیرچوبۆوە.. هەر بەناوو ناتۆرە خۆمان دەناسیەوە!

هەرچی جلوبەرگی کۆنو دڕاو فڕیداوی خەڵك هەبو لەبەری ئێمەدابو.. هەرچی جلوبەرگی تازە چاكو گەرمی بازاڕبو لەبەری مناڵەکانی تردا بوو لەهەموو خواردنێکی خۆشو لەهەموو سەردانو سەیرانێك بێبەش بوین، بەلام ئەوەی هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە روداوێك بوو پار زستان رویدا.

بەیانیەکیان سك ئێشەیەکی توندم گرت.. ئازارم زۆر بوو، کەچی باجیم سەرەڕای هەموو بەدەمەوە چونێك وتی: برۆ نان بکڕە بۆ ئێوارە.

دنیاش زۆر ساردبوو تەنها پاڵتۆیەکم نەبو لەبەری بکەم بۆیە پێم وت: ناتوانم ئازارم زۆر زۆرە، کەچی ئەو خوانەناسە چو بەباوکمی وت خۆی نەخۆش خستووە بۆ ئەوە نەچێتە دەر نان بکڕێت.

باوکم یەکسەر پەنای بردە بەر لێدانم زۆری لێدام.. خوشکەکەم هاواری ئەکرد، بەلام دەستەڵاتی نەبوو منداڵەکانی باجیم بەیاری خۆشیان ئەزانی هەڵئەپەڕینو پێئەکەنینو چەپڵەیان بۆ باوکیان لێدەدا، دایکیشیان زەردەخەنە لەسەر لێوەکانی بوو.. ئای خوایە گیان ناحەقی قبوڵ نەکەیت.. ئای..

واملێهات بردیانمە نەخۆشخانە (پێنج) ڕۆژ لەوێ لەژێر چاودێری پزیشك دا مامەوە، دڵخۆشبووم بەم لێدان و کەوتنەم لەنەخۆشخانە وتم: بەڵکو باوکم حاڵم ببینێت و بەزەیی پێمدابێتەوە بگۆڕێت، بەڵام بەداخەوە هەر بەردەوام بوو لەلێدانم.

دوای هاتنە دەرو بەجێهێشتنی نەخۆشخانە کە بینیم ماڵی باوکم ئاوایە، حەزم نەکرد بچمەوە بۆ ماڵ، دوای ئەوەی لەماڵ خۆم دزییەوە خوشکە داماوەکەم بەجێهێشت، لەگەڵ کۆمەڵێك کەس ئاشنایەتیم پەیدا کرد، کە (بێسەرپەرشت) بون منیش لەگەڵ ئەوانەدا خرامە زەلکاوی خراپەکاری، دەبێت بڵێم ئەوان باوەشی سۆزیان بۆ کردمەوە ئەو سۆزەی لەدوای مردنی دایکمەوە، لێم ڕەنجاو نەمبینیەوە.

دوای ئەوەی توشی چەند جۆرە تاوانێکی جۆراوجۆر هاتم، لەلایەن دەستەڵاتدارانەوە گیرام، خرامە بەندینخانە.. کەخرامە بەندینخانە هەستم کرد کە چەند خراپەم کردووە! ئەمەش لەڕێگەی ئەو چەند ئامۆژگاری و وانە پڕ سودانەوە بوو کە مامۆستای بەندینخانەکە بۆی دەوتین.

داوام کرد لەخوا

لەتاوانەکانم خۆش بێت.. هەرچی کردومە نەزان بوم.. کەواتە من لەسەر هەڵە نیم کاتێك کە ئەڵێم ناچمەوە بۆ ماڵ هەر لەبەندیخانە دەمێنمەوە.. بەڵێ دەمێنمەوە کاتێك ئەمەم لێبیست زۆر بێتاقەت بووم، چونکە گرفتی ئەم، پیاوی گەورە ناتوانێت هەڵی بگرێت ج جای منداڵێکی سیازدە ساڵ، نەمدەزانی چۆنی وەڵام بدەمەوە ئایا خۆی تاوانبارە، یان باوکی کە بۆنی باوکایەتی لێنایەت؟ یان باجیەکەی کە تۆزقاڵێك ترسی خوا لەدڵدا نەبووە سەبارەت بە منداڵەکان؟

لەبەر خۆمەوە دەموت: ئەگەر ئەم منداڵە بیتوانیایە بەئارەزووی خۆی باوك هەڵبژێرێت ئەوا هەموو سەروەت و سامانی دنیای بۆ دەفرۆشێت.

وە ئەو کاتە باوك و باجی ئەم مێردمنداڵە بچوکترین نرخیان نەدەبوو.

دەستم خستە سەرشانی.. زۆر هانمدا کە ئیتر لەدەرەوە وەك پیاوکار بکات، بەو پارەی کارە خۆی بژێنێت. بەڵام سەری خستە سەر هەردوو ئەژنۆی و ئەژنۆکانی لەئامێز گرت وتی: نا.. ناگەڕێمەوە.. کۆمەڵگامان نرخی من نازانن.

لەکۆتاییدا خوای گەورە هیدایەتی باوکان و دایکان بدات ئەوانەی کە بەیەکسانی تا ئێستا مامەڵەیان لەگەڵ منداڵەکانیان نەکردووە، لەگەڵیاندا (ڕاست و ڕەوانبن)

بەپێی فەرمودەی خواو پێغەمبەر منداڵەکانیان پەروەردە بکەن تا ببنە کەسانی سودبەخش بۆ خۆیان‌و کۆمەڵیان، گەردنی باوك‌و دایکیان لەئاگری دۆزەخ رزگار بکەن.

ئازیزم دڵنیابە تۆ باوکی یان دایکی منداڵێکی.. یان چەند منداڵێك زۆر وریابە لەپەروەردەکردنیاندا.. لێپرسینەوەت بابەردەوام هەبێت.. لەکێشەکانیاندا هاوکاری بکە.. هاوڕێی چاك‌و ڕێکوپێکیان بۆ دیاری بکەن.. لەمۆژگاری کردنیان کۆڵ مەدە.. چەندەت پێخۆش بوو ئەو کۆرپانەت هاتونەتەبوون.. ئەوەندەشت پێخۆشبێت منداڵەکانت چنار ئاسا باڵا بکەن، دار گوێز ئاسا بەری بەنرخ بدەن.

تۆ بە دوعاو نزای ئەوان لەبەرزەخ‌و بەهەشتدا پایەت بڵند دەبێتەوە.. گەر پەروەردە کارێکی کارا بوبیت، چونکە پێغەمبەر محمد (درودی خوای لێبێت) ئەفەرموێت:

سێ شت دەبنە خێری بەردەوام‌و نەبڕاوە بۆ خاوەنەکانیان (قورئانێك.. یا نوسراوێك کۆمەڵگە سود بەخش بن لێوەی، مزگەوتێك یان پردێك یان نەخۆشخانەیەك.. یا قوتابخانەیەك کە چەندین کەس سودی لێوەربگرن، منداڵێکی ساڵح‌و ڕێکوپێك بۆ کۆمەڵگەو ئاین).

لەپرسەی مەرگی عیشقی "هەنسک"دا

چیرۆکێکی واقعی لەحەرەمی زانکۆی سلێمانیەوە

دارشتنەوەی: بێستون ژاڵەیی

بەیانیەك لەبەیانیە زستانییە خۆرهەتاوییەکانی زانکۆ هەموو شتێك هاڵاوی گەرم بوونەوەی دوای شەوێکی ساردو زوقماوی لێهەڵئەسا، گروپێك لەخوێندکاران لەمۆڵەتی پشویەکی کورتدا لەکەشی قاڵبگرتووی محازەرەیەکەوە بۆ دنیای ئازادتری ئەوێ بەحەماس و دڵخۆشتر بوون.

هەنسك: کچە خوێندکارێکی ئەم زانکۆیەیەو ئەمساڵ لەقۆناغی سێیەو لەیەکێك لە کۆلیژەکانی زانکۆدایە، ئەم کچێکە هیوادار، خۆش کەیف و بەزەوق و سەلیقەو بەردەوام بەدەم خۆری ژیانەوە پێئەکەنێ، هەنسك دڵپاکەو هەموو شتێك لەدەوروبەریا سادەو جوان ئەبینێ تا ئێستا زللەی زبری و سەختیەکانی ژیان گۆنای ناسکی زیندەگی ئەمیان نەتەزاندووە، یەك وێنەو یەك ڕوو، یەك تێگەیشتنی بۆ ژیان کردن هەیە، هەموو وتەیەکی جوان، هەموو وێنەیەکی لەرواڵەتدا جوان و هەموو فرمێسکێك ئەگەر بۆ نواندن تەمسیلیش بێت لەناخەوە هەنسك ئەهەژێنێت.

هەموو شتێك لەژینگەی ژیانی ئەم کچە زانکۆییەدا چیرۆکی عەشق و ئەڤین ئەگێڕێتەوە، گۆرانیەکان پڕ لەعیشق، فلیمەکان هەروەها ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبەکانیش چرپەو ڕازی هاورێکانیش، نامەی نهێنی نێو جانتای کچە خوێندکارەکانی هاوڕێشی، بەڵام ئایا ئەم شەپۆلانی عیشقە هەر هەمان عیشقی حەقیقی و باڵاو گەرم و نەمرەیان چی تر؟ ئەمە پرسیارە گەورەو گرنگەکەیە کە تا ئێستا نەبەخەیاڵی هەنسکدا هاتووەو نە لەگۆرانی و فلیم و چیرۆك و شیعرو ڕۆمان و دەمەتەقێیەکی مەحرەمانەشدا وروژێنراوە، بۆیە هەنسك بەجدی وا بیرئەکاتەوە لەدنیای عیشقدا نابێت کەس درۆ

لەگەڵ کەسدا بکات.. هەنسک ئیتر هەموو کاتەکانی بۆ عیشق و جوانی، بەڵام کام عیشق کام جوانی ئەوە هەموو دەبێت بەپێوەرەکانی هەنسک و هاوڕێکانی هەڵیان سەنگێنین.

بەیانیەو چەند ساتێکی گەنجانەی لەگەڵ خۆدا خەریک بوون، هەنسک دایک و باوکێک و دو خوشک و برایەکی لەخۆ بچوکتری هەیە، هیچ کام لەدایک و باوکی تەنها جارێک نەکۆشاون لەدنیا تایبەتەکەی ئەم نزیک بنەوە ئەوەی لەهەنسک بۆ ئەوان گرنگ بوو، ئەم خوێندکاری زانکۆیەو لەلای خزم و ناسیاوان و دەرودراوسێکان کە باس کرا ئەڵێن کچەکەیان لەجامیعەیەو ئەمەش هەموو مەسەلەکەیە.

دایک و باوکی هەنسک هەرگیز ئەوەندە ئازا نەبوون و جورئەتیان نەکردووە کە لەخەون و ئارەزووە زاتیەکانی کچەکەیان بپرسن و ڕێگای چوونە نێودڵی بدۆزنەوەو ئارەزوو ئومێدەکانی ببینن و خەون ختورەکانی هەست پێبکەن، بۆیە ئەوان لەدوری کچەکەیانەوە ئارامیان گرتووەو شانازیان بەمرۆڤێکەوە کردووە کە لەناخ و قوڵاییەکانیەوە دورو دورتر بوون، دیوارێکیان لەترس و نەکرانەوەو نەناسین و بێمتمانەیی و لێک نەگەیشتنی لەنێواندا بووە، هەنسک لەگەڵ دوو خوشکە لەخۆ بچوکترەکەشیدا لەرواڵەدا لەیەک نزیک بوون لەجەوهەردا دورو دابڕاو لەیەکتر، هەر کەسە بۆ خۆی و خەم و خۆزگەکانی دەژیا، برایەکیشی منداڵێکە کە خەڵکی گەورەتر لەخوشکەکانی ئەم ناوی ئەبەن و ئەڵێن:

"تاقە براکەی هەنسک"

هەنسک لێرەوە هاتووەو لەم ماڵە تێکرژاو پڕ لەنیگەرانی و پرسیارو جوانییەشەوە کوڕێکی ئێرە ئەناسێ، هاوڕێ: کوڕێکی خێزانێکی شارەو ڕێک لەژینگەیەکی کۆمەڵایەتی نزیک لەهی ژیانی هەنسکەوە هاتووە.

هاوڕێ، لەگەڵ هەمواندا هاوڕێیەو تێکەڵی ئەکاو لەگەڵ ماڵەوەو دایک و باوکی ئەبێ کە قسەو باسەکانیان لەچەند رستەیەکی کورتی سەر سفرەی نان خواردن، وە دەنگ و باسی خزمە پلە یەکەکانی و ناسیاوان تێناپەڕێ، هاوڕێ بەردەوام نیگەرانەو هەڵئەچێ لەناو خوێنیدا گیانی تۆڵەکردنەوەو یاخی بوون بەگەرمی ئەگرێ، بەڵام یاخی بوون چۆن و تۆڵەکردنەوەش لەکێ؟

ئەمانەش وەڵامیان بەپێوەری هاوڕێ ئەبێ!

هاوڕێ باوکی مەشروب ئەخواتەوە، مێز رازاندنەوەی باوکی لەلایەن دایکییەوە بەمنداڵی ئەمەوە نوساوە، دایکیشی ساردو مردو تەمەڵانە ئەو نوێژانە ئەنجام ئەدا کە فریایان ئەکەوێ، ئەوانی تریش سرو هیلاکانە لەگەڵ ژیاندا خەریكو سەرقاڵن، بۆیە هەموو رەنگدانەوەی ئاین لەژیانی هاوڕێ هەر ئەو بەرماڵ راخستنە پڕ لەبێزاری و بێتاقەتیانەی جارجارەی دایکیەتی.

هەنسك پێش ئەوەی هاوڕێ بناسێت، لەگەڵ (بەسۆز)ی هاوڕێیدا بەقوڵی قسەی لە (عیشقو پێوەندیش بۆ ئاینو عیشقی قوڵو ئەمر) ئەکرد.

هەنسك تێگەیشتنی قوڵی بەسۆزی بۆ دینو دنیاو دەوروبەر زۆر پێ جوان بوو.

بۆیە هەمیشە ئەیوت: " لەچکم لەژیانمدا یەکجار بەجوانی دیوە ئەویش بەسەری تۆوە!" بەڵام هەنسك هەر چەندە هاوڕێی (بەسۆز) بوو، بەڵام لەململانێی لەنێوان هێزی رۆشتنی ناوی و دینە گەرمو گەشو زیندو پڕ ئومێدەکەی بەسۆز باسی ئەکرد لەبەرمیەكو گەش ساردو بێدەربەستانەی خێزانەکەی و دەوروبەرە دابڕاوەکەش لەبەرەکەی ترەوە بەردەوام بوو، هەر لەم بەرمیەدا حەزە تایبەتیەکانی هەنسك ئەویان پەلکێشی دنیایەکی تر ئەکرد، دنیایەك هەنسك تیایدا ئەیویست کە قەناعەت بەخۆی بێنێت کە ئەو ئەبێ لەدنیایەکدا بژی کە خاڵی بێ کەمەنزومەی (ئەمرو ئەهی)، ئەوەبکەو ئەوی تر ناو ئازادی تەواوی هەبێ، ئازادی بەپێوەرەکانی هەنسك لە (جلیا لەڕواڵەتو رومەتیا) تەنانەت لەو بۆنو جۆری ئارایشتانەشدا کە هەردەم بیری بەدەوریا ئەسوڕایەوە، خەمەکانی هەنسك هەر خەمە بچکۆلەکانی دەورو بەرەکەی بوون، جوانی و شیك دەرکەوتن، خۆشەویستی (ساختەو ئالۆشین) خوێندن بووە خوێندنی ناونیشانی سارد، خەمی تاقیکارییەکانو وەزیفە، خەمی کێشەکانی خێزان، خەمی سەرسام بوون بەکچەکانی تری، کە بەپێوەری ئەم لەجوانی و زیرەکی و باری خێزانییەوە لەسەرووی ئەمەوەن، ئەمەش خەمی هەست کردن بەناتەواوی لەگەڵ خۆیدا هەردەم بۆ (هەنسك) ئەهێنا.

هەنسك لەو دووڕیانی ململانێیەدا لەگەڵ بەسۆزدا لەچەند وانەیەکی بانگخوازێکی ناسراودا ئامادەبوو، ئەو نەرمو نیانیو مەنتقیو ئەقڵانیەتە قەناعەت پێهێنەرەی مامۆستا، هەنسکیان رادەچڵەکاند، بەڵام لەو واقیعەدا ئیرادەی خۆگۆڕینی ئەم کچە هێشتا بچکۆلەو لاواز بوو، بۆیە جارێکی تر ژیانی خۆی دایەوە دەستی دڵی و گەڕایەوە لای

(هاوڕێ)، هەنسک زۆری لەچیرۆکەکانی فریودان و مەرگی خۆشەویستی لەزانکۆ بیستبوو، هاوڕێی هەبوو بەڕێگەی ئەم پەیوەندییە هەڕەمەکیو سەرزارەکیو بێبناغانەدا برژابوو هەرەسی هێنابوو، بەتەنیا جێیان هێشتبو، هەنسک لەزانکۆ چەندین کچی بەناگری کوڕە ساختەچی کوڕە سوتێنراوەکانی ئەناسی کە بەتەنیا مابونەوەو باڵی ئومێدو ئارەزوویان شکابوو، هەروەك کوڕی خیانەت لێکراو بەو جۆرە سەربڕاویشی ئەناسی، هەنسک ئەیزانی ئەوەی ناوی حەرەمی زانکۆیە پڕ لەچیرۆکی دۆڕان و خیانەت و حەزی رەشی هەرزەکارانەو گومان و بێمتمانەییو رواڵەتبازیو خاڵی بوونەوە لەمەبەستی قوڵی ئینسانیو واتای جوان، هەنسک لێرە ئەژیا، بەڵام ئیرادەی لەوە بچوك و لاوازتربوو بەپێچەوانەی شەپۆلەوە مەلەی پێبکرێت، بۆیە هێزێك لەناخیدا بەتوندی بەرەو لای (هاوڕێ) پەلکێشی ئەکرد.

هاوڕێ ئەوەی تا ئەم ساتە لەقۆناغی پێش کۆتایی ژیانی زانکۆییدا بیری لێنەکردۆتەوە (ژنهێنانە- زواج)، هاوڕێ لەزانکۆیە، تا لەناو ئەو هەموو چیرۆکی پەیوەندی (علاقە)یەدا بێت تا بەرواڵەت شیك و کوڕی ئەمڕۆی زانکۆ بێت، هاوڕێ لەوێیە تا لەچێژ بگەڕێ، چێژی گەنجانەو هەرزەکارانە، ئیتر ئەم چێژە لەهەر کوێ بێ مەبەست نییە، بەهەر ڕێگایەك بەدەست بێت گرنگ نییە چێژی گێڕانەوەی کردنە داوەوەی کچێك بۆ هاوڕێکان چێژی حەیران بونی کچێك بەئەم، چێژی دەستەمۆکردنی کچێ.

هەنسک هەستی کرد لەڕادەبەدەر پێویستی بە (هاوڕێ)یەو هەموو نیشانەکانی لەشی داوای دەکا، سەرەتا ئەیویست لای هاوڕێکانی وا نیشان بدات کە پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ ئەم کوڕەدا هەیە، بەڵام ئەمەی بۆ نەچووە سەر، ئیتر هاوڕێ چووە خولگەی خەیاڵ و بیرکردنەوەو گینگەڵ خواردنی ئەم کچە، کە (بەسۆز)یش بەمەی زانی زۆر دەکۆشا حاڵی بکات کە لەوابەستەبوونی بەو جۆرە بەکوڕێکەوە کە نیازو مەرامی ئاشکرانیەو دیارنییە بەڕونیو بە چ مەبەستێك ئەمی ئەوێ ترسناکە بەتایبەت کە هەنسک ئەوەی لای (بەسۆز) درکاندبوو کە (هاوڕێ) جارجارە بێ بۆنە خۆی لەنەم ئەتۆرێنێ و لەبەرامبەر (تەنازول)ێکی رۆحیو جەستەیی ترسناکدا کە بەهەنسکی ئەکا لەگەڵی ئاشت ئەبێتەوەو لەگەڵی پێك دێتەوە.

بەسۆزیش نەیتوانی هەنسک لەئالودەبوون و توانەوە لەناو هاوڕێدا راگری، هاوڕێکانی (بەسۆز)یش خراپ مامەڵەیان لەگەڵ هەنسک ئەکرد وەك سۆزانیو خراپەکارێك رەفتاریان لەگەڵ ئەنواند، بەسۆز هەستی ئەکرد لەڕووی روحیو فکرییەوە توانایەکی زۆرترو قوڵتری ئەوێ تا خۆی گەورەتر بێو هەنسکەکانیش گەورەتر بکات، بەڵام بەسۆز لەهاوڕێو یاوەرانیشیەوە کۆسپی زۆری لەبەردەمدا بوو، بۆیە لەوە زیاتری پێناکرا.

(هەنسک) ئیتر هەموو کاتێ بۆ هەموو شتێك هاوڕێی ئەویستو ئیتر تەواو تەسلیمو مەفتوونی ئەوبوو.

پەیوەندی (علاقە)ی ئەم لەگەڵ ئەو کوڕە لەسنوری زانکۆ چووە دەرێو لەدەرەوەی زانکۆ پێکەوەش دەمانەوە، ئەو کاتانەش کە ئەهاتەوە ماڵێ (تەلەفۆن)ە نۆرماڵەکەی بۆ پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ هاوڕێدا بەکاردەهێناو کەسیش نەیدەپرسی کێیە؟!

چونکە بەسانایی دەیوت: هاوڕێیەکی زانکۆیە!

هەنسک زۆرجار لەهاوڕێ ئەترسا کە هەمیشەش ئەیوت: دوای خوێندنی زانکۆ پێك دەگەین، هێلانەو ماڵێکی پڕ بەختەوەری پێکەوە دروست دەکەین، ترسەکەی هەنسك لەوێوە سەرچاوەی ئەگرت کە هەرچەندەی ئەکرد نەیئەتوانی قەناعەت بەهاوڕێ بکات سەردانی ماڵەوەیان بکات، هەرچەندە هەنسک ئەیوت: هاوڕێ زۆر پێویستە بێیتە ماڵمان، بۆ ئەوەی دایكو باوکم بتناسن.

بەڵام هاوڕێ هەرگیز ئەمەی نەکردو هەر جارەی بەبیانوویەك خۆی ئەدزیەوەو بۆ هەر (مەوعید)ێکیش تەلەفۆنی بۆ هەنسك ئەکردو شوێنێکی لەگەڵ دیاری ئەکرد، کە شوێنی بەیەکگەیشتن بوو.

هاوڕێو هەنسك تا دەهات لەخوێندنو زانکۆو ماڵەوەشیان نامۆ دەبوونەوەو کەسیش نەیدەپرسی چ یارییەکی ترسناك بەئاگر ئەکەن.. ئێستا تۆرانەکانی هاوڕێ چونەتە قۆناغێکی ترسناکتر کە ئەوان ئەچنە (سەیرانگاو شوێنەکانی قەراغ شارو شوێنی تریشیان هەیە).

هاوڕێ! کە تورە بەهەموو چرپەو بەچاو پاڕانەوەو بەدەور داهاتنەکانی هەنسك ئاشت نەبێتەوە، هاوڕێ کە دەتۆرێ بەهەموو چرپەو بەچاو پاڕانەوەو بەدەوراهاتنەکانی هەنسك ئاشنا نەبێتەوە.. هاوڕێ قسە ناکاو گرژەو مۆن. تا هەنسك وتی: "تەنها داوا بکە بزانم بەچی ئاشت ئەبیتەوە"!؟

هاوڕێ وەك لەم هەلو فرسەتە گەڕابێت بەچرپە وتی: (تەنها بەوەی نیوەی جەستەی پەرییەکەم بێبەرگ ببینم، وەك ئەو رۆژەی لەدایك بووە).

وەك ئەوەی وتمان هەنسك بەرگری (مەناعە) یەك لەبونیدا بۆ بەرگری کردنی داخوازییەکانی هاوڕێ نەماوە، بەڵام شەرمو پاکیەك کە لە (فیتڕەت)ی دایە رایان گرتو لەرزاندیان: هاوڕێ ئەمە چییە داوای ئەکەی! ئەمان وت ئێستا بۆ ئەمانە زووە بۆ دوای زەواج!؟

هاوڕێ بەتوڕەییەوە وتی: ئەمانە قسەی دواکەوتوو بێواتاو دەشتەکیەکانن، ئێمە بڕیارمانداوە بۆ یەکبین.. ئێستاو دوای زەواجی چی؟

لەو پێکەوەبوونەدا هاوڕێ ئەوەی هەنسك دا ویستی بەسانایی کردی.

دوای ئەو جارە هێشتا لەگەڵ ترس‌و شەرمو نیگەرانی یەکدا کە هەستی پێئەکرد، بەڵام ئەیویست تاقی نەکراوەکان تاقیبکاتەوەو لەگەڵ هاوڕێ زۆرترو زیاتر بڕوا بۆ ئەمەش کەشی گشتی زانکۆ (تەلەفزیۆن ـ گۆڤار ـ رۆژنامە ـ شیعرو رۆمانەکان) هانیان ئەدا.. هانیان دەدا یاخی بێت بەج واتایەکی یاخی بوون بەدوای حەرامەکانی عیشقدا بچێت، هەنسك هێشتا وا ئەکا.

ئەم دەمەو ئێوارە خۆرنشینییە لەگەڵ خەمناکی خۆرئاوابوندا لەناو سەوزەڵانێکی گەنیوی چەپو لاجادەیەکی سلێمانیداو لەگەڵ چەند چرکە لەزەتی حەرامدا تاریکایی بۆ هەمیشە تاریك داهاتنی هەنسکی لەگەڵ خۆی هێنا.. هەنسك‌و هاوڕێ لێرەن، هاوڕێ پڕی دەمیەتی لەلیکی حەرامی لەزەتێکی نامەشروع، چاوی سورە بەخوێنی تاوانێك کە کچێکی بێدەرمتان‌و فریوخواردووی لەبەهاری تەمەنیدا پێئەخەڵەتێنێ.. ئێرە سەوزەڵانێکەو هاوڕێش گورگێکی برسی، هەنسکیش رێك وەك بەرخێکی هەڵقونی بێ ئەزمون.

ئێرە کۆتایی ئەم مەئساتەیە، دوای دابەزین‌و رۆیشتنە شوێنی دەست نیشان کراوو دڵنیابوون لەوەی کەسێ رێگای ناکەوێتە ئێرە، هاوڕێ گەڵاڵی گەیشتنە لوتکەی لەگەڵ حەزەکانیدا دەست پێکرد.. بەقوڵی لەنێو چاوی هەنسکی ڕوانی.. ئەو حەرام زادەیە ئەیزانی هەنسك چەندە ئەسیری ئەوەو چۆن بەو تێڕوانینە ئەڕوخێ!! بەشوێن ئەوەشدا جوڵەو ماجەراکانی دی، هەنسك لەناو چەند جوڵەی شەیتانیانەی هاوڕێدا غەرق بوو.. چاوی داخست‌و هەموو شتێکی لەبیرچۆوە.

لەپڕێکدا هەنسک لەگەڵ تیلەی ئازارێکی باریکدا بەئاگا هات.. وەك لەخەوێکی قوڵ ڕاچەنیبێ،، خۆی زۆر بەناشیرینی بینی.. قورگی پڕ بو لەگریان.. وایهەست دەکرد گزوگیاو دارو بەردەکانی ئەو دەڤەرە نەفرەتی لێدەکەن، هاوڕێ چەند هەنگاوێك دوورتر ساردو بێدەربەست بەچیلکەیەك یاری بەگیا کە ئەکرد! سەیرێکی (هەنسك)ی کرد، بەچاوتێیگەیاند وادەی گەڕانەوەیە بۆ شار هاوڕێ لەدوای ئەو (مەغریبە)وە لەزانکۆ نەبینرایەوە.. هەنسك بۆ بەسۆزی گێڕایەوە.. کە نامەیەکی چەند دێڕی بۆ نووسیووەو تیایدا نوسیویە: مـن پێش ئەو مەغریبە لەگەڵ وەجبەیەکدا پەیمانی دەرچوونم کردبوو.. ڕەنگە زۆرم پێبچێ‌و چاوەڕوانی کردنم لەلا یەن تۆوە بێهودەو بێئاکام بێت، لەقەدەرما نوسرابوو عیشقەکەمان ناکام بێت!.. هاوڕێت.. هاوڕێ..

- هەنسك ئێستا ئەزانێ چی گوزەراوە.. ئێستا کە هەموو شتێك تەواو بووەو بڕاوەتەوە.. ئەو ڕۆژە کە وەك گوڵاڵەی ژاکاو ڕەنگی پەڕی بوو هاتە (داخلی) بۆ لای بەسۆزو لێی پرسی: گوناهە منداڵەکەی سکی لەهاوڕێ لەبار ببات.. ئەگەر هەبێت‌و بووبێت؟!

بەسۆز خۆی نەگرت بەتوندی هەڵچوو، وتی: لەکام گوناه ئەپرسی؟! گوناه نەبوو کە لەگوناها لەگەڵ ئەو کوڕەتا غەرق بوون ڕۆیشتی.. گوناه نەبوو تا لێواری سەرگەردانی نەگەڕایتەوە.. گوناه نەبوو خۆت تەسلیمی ئەو گورگە هارە کردو دوای تێربوون فڕێی دایەتە ئەم تەنەکەی خۆڵی تەنیایی‌و تیاچوونەوە.. گوناه نەبوو.. گوناه نەبوو..

هەر باست لەنیازپاکی‌و عیشق‌و ئومێدو خۆشەویستی‌و جوانی‌و هاوڕێیەتی‌و وەفا کردو هیچ کامیشیان لە وشەی بێناوەڕۆك زیاتر نەبوون.. گوناه نەبوو سەرەداوی حەزێکی هەرزەکارانەو گرتوو کوێرانە بۆ ئەم سیاچاڵە شۆڕبویتەوە.. ئەمانە هیچیان گوناه نەبوون.

هەنسك لەناخەوە ئەجۆشاو گەرم بوو. لەپڕمەی گریانی داو وتی: بەسۆز.. بەسۆز توخوا بەسە.. من دەزانم ئێستا بەم درەنگ وەختە هەموو شتێك دەزانم.. (هاوڕێ) گەنجێتی‌و کچێنی‌و پاکێتی بردم.. نازانم خۆم یان هاوڕێ ئومێدو ئامانجە گەش‌و گەرمەکانی خۆمانم دزی. هاوڕێ یان خۆم متمانەو وەفاو ژیانی منیان بەساغی سەربڕی من دەزانم ئیدی هیچ ناکرێ! من دەزانم لەژیاندا بۆ من واتایەك نییەو نەماوەتەوە.

راستیه ك لەجەستەمدایه لێره (بەکوشتن‌و لەوێش بەناگر) مواجەهە ئەکرێ، من دەزانم.. تەواو.. من دەزانم تەواو.. من نازانم.. من دەزانم.. من نازانم.. من دەزانم لەچی ئەپرسم!

ئازیزان ئەم چیرۆکە خەمبارییە تەنیا دیمەنێکە لەوەی هەموو سالێك.. هەموو مانگێ.. هەموو هەفتەیەك.. هەموو ساتێك لەزانکۆو پەیمانگاو خوێندنگاکانی ئێمەدا ئەگوزەرێ.. کێ ئەم هەموو گەنجە فێری عیشقی ساختەو پەیوەندی هەڵەی مرۆڤایەتی ئیستیغلال کردنی نیگەران‌و یاری بەهەست‌و نەست‌و روح و ویژدانیان ئەکا.. بۆ ئەم هەموو چیرۆکی هەرەس‌و بێئومێدی‌و دابڕان‌و سوتان‌و ئازار چەشتنە بێ لەسەر وەستان‌و رێگە چارە ئەڕۆن.

ئایا ئەوەی ئەگوزەرێ کێشە نییە؟

کوا میدیای ئێمە، کوا سیستەمی پەروەردەیی‌و رەوشتی ئێمە گوناهبارو بەشدار نین لەقوڵبوونەوەی کێشە گەنجانەکاندا ئایا کێ لەخەمی بنیاتنانەوەی پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان‌و گەڕانەوەی برواداردایە بۆ عیشق؟

ئەی ئەبێ چی بکەین؟.. ئایا کەسێك هەیە پرسەی مەرگی عیشق لەزانکۆو پەیمانگاو دواناوەندەکانی‌و خوێندنگاکانی ئێمە بگێڕێ؟! ئایا کەسێك هەیە؟؟!

تێبینی[1]/ ئەگەر حەزت کرد زیاتر لەم ئازارو نەخۆشیانە بگەیت روو لەنەخۆشخانەی فێرکاری بەشی سوتاوی ژنان بکە.. چەندین ئافرەتی (بێئیرادەو بێقەناعەت‌و ترسنۆك لە ژیانا دەبینت هەناسەی دواستانەکانی مەرگ دەدەن).

بەڕێزان: ئەمە تەنها چیرۆکێکی واقعی نەبوو.. ئەمە تەنها رووداو نەبوو.. ئەمە وانەیەکە بۆ هەموو گەنجێك لەهەر جێگەیەکی ئەم ژیانەدا گوزەر دەکات.. بەتایبەتی کەش‌و هەوای پێکەوەبوون لەناوەندەکانی فەرمانگەو خوێندنگاو زانکۆو پەیمانگاو ناوەندەکانی تری ژیاندا.

بەڕێزم ئەی لاو.. تۆ ئاڵتونی.. لەئاڵتون بەنرخ تر.. لەهەر جێگەو لەهەر شوێنێك بیت ئەبێت ئاڵتونی خۆت بپارێزیت.. گەر پاراستت ئەم لاوو گەنجە تا یەکێکی تر.. گەر

(1) تێبینی لەسەرنجی کۆکەرەوەی چیرۆکەکانە (ئاوات ابوبکر).

نەتپارست ئەو لاوو گەنجەش لەدوا وتەیدا دەڵێ: ئەمە بۆ من ئاوای ئەی دەبێت بۆ کەسانی تر چۆن بووبیت..) دڵنیابە ئازیزەکەم بەقسەی بریقەداری کەس فریو مەخۆ.. گەر ئەو کەسە راست دەکات بائامادەیی دەربڕێ خوشك‌و ناموسی لەگەڵ کەسانی تردا لەبەرچاوی بێڕێزی نەتك بکرێن دڵنیابە رێگە نادات، بەڵام بۆ من‌و تۆی سادەو ساویلکە دەمی پڕ هاواری (مافی ژن‌و مرۆڤ‌و منداڵ) ئەکاتەوە.. وەك بنەماڵەکەی (ژن‌و منداڵ‌و مرۆڤ)نەبن.

بەڕێزەکەم.. من دژی زانکۆو خوێندنی باڵا نادوێم دژی ئەو کەشە ئەدوێم کە بەبێ لێپرسینەوە کاری بۆ ئەکرێ.. ئەبێت ئاگاداربین.. ئەبێت خوشك‌و براکانمان لەو ناوەندانەدا بەئاگا بهێنینەوە.. بەبینینی ئاڵاو واڵای کچانی زانکۆو پەیمانگاکانمان دڵمان.. چاومان نەگەشێتەوە.. بەڵکو بەهەوڵ‌و ماندوبون‌و بەرهەمی زانکۆ دڵگەشاوەبین.. بەخزمەتی ئەو لاوانەی دەبنە بەڕێوەبەری رۆژگاری ژیانی ئەمڕۆی کۆمەڵگە دڵشادو کامەران بین.. یاساکان بۆ ناوەندەکان دەردەکرێن، بەڵام خوێندنی باڵا دوور لەیاساکانی خوێندنگە ژیان دەگوزەرێنن.. ئەمە زەنگێکەو ترسناکە.. دەبا دەنگی ئەو زەنگە بمانکاتە (مرۆڤێکی) بەسودو بەڕێز بۆ کۆمەڵگەی کوردیمان.

لەکۆتاییدا گەر ئەتەوێت شادمان بیت بگەڕێرەوە بۆ لای دەرمانخانەی (قورئانی پیرۆز کە خوای گەورە دەفەرموێت "فیه شفاء للناس" بگەڕێرەوە بۆ سەرچاوەی پاکی بێگەردی ئیسلام.. پێشکەوتنی تیا بەدی ئەکەی سەربەرزی‌و ئازادی‌و پێشکەوتن‌و هەموو بەهاکانی مرۆڤایەتی تیا ئەبینیتەوە.. دڵنیابە.. لەو چارەسازترت نیە.. بەوتەی رۆژگاری کەسە فانۆس بەدەستەکان بڕوامەکە.. تەنهاو تەنها قورئانە شیفاتان.. بەپاکی روی تێکەن. کۆمەڵگەی پێئاگادار بکەنەوەو سودەکانی بگەیەنن.

مێرولەیەکی راستگۆو شوانێکی دڵڕەق

لەگوندی (چەوتان‌و دەرمیانە)، فێرکاری چەند قوتابیەکی دڵپڕ هیواو ئاواتەخوازی خوێندنەوەو نوسین بوم، رۆژانە وانەوتنەوەو شەوانەش لەیەکی لەماڵەکان کۆدەبوینەوە بۆ شەونیشینی. ئەو ساڵانە وەك ئێستا نەبو خەڵکی سەرقاڵ بێت بەکاری دنیایی‌و روانین‌و باوێشکدانەوە بەلای (تەلەفزیۆن‌و سەتەلایت)ەوە، کارەباو مۆەلیدە کەم بو ئەو مرۆڤانە لەبەر چرایەکی دیوارکۆ بەدڵێکی زۆر سادەوە، غەم‌و پەژارەو خۆشی‌و ناخۆشییەکانی رۆژگاریان باسدەکردو بەرۆحێکی ئاسودەوە پێدەکەنین.

یەکێك یادگارییە تاڵەکانی روخاندنی گوندەکەیانی دەگێڕایەوە.. یەکێکی تر باسی پرسەو شایی پێش دێ داگیرانی دەکرد.. لاوێك باسی ژیانی (موجەمەع - کۆمەڵگای زۆرەملێ)و یادگارییەکانی دەگێڕایەوە.. یەکێك باسی ئەو (جنۆکانە)ی دەکرد کە هاوکاری مرۆڤ بون، کاتێك سەیرمان دەکرد کاتژمێر (١٢)یەو نزیکی نیوەشەو بۆتەوە.. خاوەن ماڵ دەستی دەکردەوە بەلێنانی چا، یا هێنانی شەوچەرە.. پاشان دەستدەکرایە یارییە خۆشە کوردەوارییەکان.

شەوێك یاری (گۆرەوی بازی - پشکیلان)، شەوێك بەشەوارە ڕاوە کۆترەو چۆلەکە، شەوێك مەتەڵ‌و قسەی نەستەق، ژمارەیەکی زۆرم مەتەڵی خۆشکۆکردەوە.. چەندین چیرۆکی رابردومان بیست.. چەندین کەسایەتیمان ناسی‌و بیرمان لێدەکردەوە.. لایەنی ئاینی گەر باسبکرایە ئەوەندەی تر دانیشتنەکەی چێژدارتر دەکرد.

شەوێکیان هەر کەسەو باسی کاروپیشەی ئەو رۆژەی دەکردو نمونەی تری بەدوادادەهات.کاك (R) وتی: مامۆستا گیان رۆژێکیان روداوێکی زۆر سەیرم بینی ئەگەر ئیجازەم بدەی بۆت باسدەکەم.

فەرمو.. بۆم باسبکە.. هەمو دانیشتوی ماڵەکە کە چەند پیاوێك دەبون بەدەم چایی خواردنەوەو گوێیان بۆ شل کرد."ئەمرۆ لەو کەژە شوان بوم کاتی نیوەرۆ دانیشتم لەبن دار بەڕوارێکدا نانە بەرەکەی پشتم کردەوەو دامنا ئاگرم کردەوە، دەستم کردە نان خواردن چای لێنان بەدوایدا.ئاژەڵەکان مۆڵی بون.. لەدوای نان خواردن چاییەکەم

دەمیکێشا، یەك دوو چایم تێکردو خواردمەوە.. کلۆ شەکرێکم لەدەست کەوتە خوارەوە.. گوێم پێنەدا کلۆیەکی ترم هەلگرت لەناو شەکردانەکەدا پاش تەواوبوونی ئەو پیاڵە چاییە حەزم کرد پشویەك بدەم شانم داداو چاوم بریە زەوییەکەی کە شانم لەسەردادابوو.. سەرنجم دا "مێرولەیەك" لەکلۆشەکرەکە ئالاوەو دەیەوێت بیبات، بەلام هێزی نەبو بەسەریا.. ڕۆشت.. پاش چەند خولەکێك مێرولەیەکی تری لەگەڵ خۆی هێنا.. کەلێمەوە دەرکەوتن بۆ کات بەسەربردن و تێڕوانینیان "کلۆشەکر"ەکەم لابرد، هاتنە ئەو ناوە "قەدەری" سوڕانەوە هیچ دیار نەبو.. مێرولەکەی یەکەم جار مایەوە.. مێرولەکەی هاوڕێی گەڕایەوە.. کاتێك هەر لەو ناوە دەسوڕایەوە "کلۆشەکر"ەکەم بۆ دانایەوە.. زۆر بەدەوریا سوڕایەوە هەرچەندی کرد بۆی نەبرا.. هێزو قوەتی لێبڕا.. ڕۆشت.. کە زانیم دور دورکەوتەوە "کلۆشەکر"ەکەم لابرد.. ئەم جارە سەرنجم دا دو مێرولەی هێنا، بەلام دانەیەکیان لەپێشەوەو دوانەکەی تر بەدوایدا گەیشتنە شوێنەکەی، بەلام زۆر سوڕانەوە هیچ نەبوو، چونکە شەکرەکەم لابردبو.. مێرولەکەش وەك "درۆزنێ" لەلای هاوڕێکانی ناسرا من هەر سەیرم دەکرد.. مامۆستا گیان شتێکی زۆر عەجایبم لێبینین!!

هەردوو مێرولەکەتۆزێك وەستان و مێرولە داماوەکەی یەکەم جار سەیری دەکردن.. لێیهاتنە پێشەوە، ئەم لاولایان لێگرت.. یەکێکیان سەری گرت و ئەویتریشیان دواوەی گرت و لێی نەوین و ڕایان کێشا.. مێرولەی داماویان کرد بەدو کەرتەوەو ڕۆشتن تا دورکەوتنەوە مێرولەکە بەدو کەرتی دەجولایەوەتا گیانی دەرچو.. منیش ویستم "کلۆشەکر"ەکە بخۆم، بەلام بۆنی مێروی لێدەهات.. تۆ بڵێی تاوانێکی گەورەم ئەنجامدا بێت؟! خوێنەری هەست ناسك و دلپڕ لەهیوا بۆ ژیان و ئاسودەیی ئەم گەل و هۆزو خاکە هەر کەسێك بووە سەرکردەمان یا ڕابەری وڵاتمان.. تاراستگۆ بوو هاوکاری دەکەین.. تا خۆشەویست بوو خۆشەویستی بۆ دەرئەبڕین چارەنوسی خۆمان، دەنگی خۆمان.. گیانی خۆمانی دەدەمینێ، بەلام هەر لەگەڵ لەڕێبازی گەل و نەتەوە دەرچووە دەبێتبەهەمو لایەك ڕایبکێشین فشار بخەینە سەری یا چاك دەبێتەوە لەگەڵمان یان بەچارەنوسی ئەو مێرولەیە شاد دەبێت و ئەنجام و ئاکامی درۆکانی لێدەردەکەوێت.. گەر باشیش بو خۆمان دەکەینە پەروانە، بۆ شادی گەل و خاك و ئاین و گەشەی نەوەکانمان لەداهاتوودا کار دەکەین.

دوو دڵۆپ ئەسرین

بۆ دنیای ئەمڕۆی موسوڵمانان[1]

نازیزەکەم.. بستێ خاك لەسەرانسەری زەویدا یا وڵاتێ کە ئیسلام حوکمی بکات یان بەیاسای خواو قورئانەکەی حوکم بکەنو یاسای ژیان بێت نییە کە رۆژگارێك بووە ئیسلام حوکمی چەندەها شوێنی کردووە.. موسوڵمانان لەهەمو شوێنێکیدا زەلیلن.. لەهەمو لایەکدا (کافر و ستەمکار) ستەمیان لێدەکەن.

لەدەوڵەتێکی وەك یوغسلافیادا هەتا (شوعیەت) تیا ڕوخا هەتا ساڵی ١٩٩٠ هەر کەسێك قورئانێکی بەدەستەوە بگیرایە (٤) ساڵ زیندانیان دەکرد.

-ماوسیتۆن لە (سین) هاتە سەر کورسی حوکم (حەوسەد) هەزار موسوڵمانی لەتورکمانستانی سین زیندە بەچاڵکردو کوشتنی.

- لەوڵاتێکی وەك (قەندەهار) کە ڕوس پەلاماری دا لە (ئەفغانستان) دا لەماوەی شەووڕۆژێکدا "٣٠" هەزار موسوڵمانی لێکوشتن.

- لەشارێکی وەك "حەما" دا ساڵی ١٩٨٢ "حافظ ئەسەد" بەڕۆژی روناك لەماوەی سێ شەو و سێ رۆژدا "٣٨" هەزار موسوڵمانی لەبەرچاوی جیهاندا کوشت.

ئەو قەلاچۆو کوشتو بڕینەی ئەمڕۆش لەسەرانسەری جیهاندا بۆ موسوڵمانان دانراوە بەدەستی (کافر و زاڵم"مومیە بەڕاستی گریانی ئەوێت.. بەڕاستی ئەوەی (ئیمان و بیروباوەڕ) لەدڵیا مابێتو غیرەتی ئیسلامەتی بەدڵیەوە لکابێت.. ئەبێت بیرێ لەحاڵی

---

[1] بۆ ئەم بابەتە سود وەرگیراوە لە:

١- کاسێتی مامۆستا هاوڕێ ٢- فەرهەنگی بانگخوازان ٣- چەند زانیارییەکی "ئاوات"

٤- مکاید یهودیە

موسولمانان بکاتەوەو بزانێت ئەمڕۆ ئەم موسولمانانە بۆ وا زەلیل بونو بۆ ڕۆژیان گەیشتووە بەم ڕۆژە؟!

ئەوەی لێرەدا دەیهێنمە خزمەت بەڕێزت راستیەکەو حاشا هەڵنەگرە.. ئەوەی باوەڕ ناکاتو دوو دڵە یا خۆی بچێت چاودێری ووردبینی بکات بزانێ وایەو کەمی هەیە.. زیادی نییە.. سایتەکانی ئەنتەرنێت بگەڕێت.. بەوردی بەدواداچونی سەتەلایت بکەیت دڵنیا دەبی کە هەموی راستیەو واقعیە.. ئەو کات روبەڕوی تاوانو نەخشەکانی (جولەکە) دەبیتەوە دەزانیت جولەکە خەریکی چ بەزمێکە چۆن نەخشە دائەنێن کە (ئاینو بەرنامەی خوا) لەسەر زەویدا زیندە بەچاڵ بکەنو ئێمەش ئاوا دڵپاکو هەژارو بێئاگا لەم هەمو بەزمو راو ڕێگایەدا کە لەدنیادا ڕوو دەدات.. نیوەی زیادی (قورئان)ی پیرۆز باس لە (جولەکە) دەکات باسی بێورەیی و بێئارامیو تەڵەکەبازییان دەکات.

لەساڵی ١٩٠٢ ئافرەتێکی (سۆزانی) لەفەڕەنسا لەمەلهایەکدا شەوێکیان جانتایەك لەکابرایەك دەدزێت وا ئەزانێت پارەی تیایە، بەڵام دواتر کە دەیباتەوە شوقەکەی خۆی کە ئەیکاتەوە سەیر ئەکات پڕە لە (ئەوراق) ـ لاپەڕە ـ ئەمیش تێی هەڵئەداتو فڕێی ئەداتە ئەو لاوە تورە ئەبێت.. دەستئەکات بە (جوێندان) کە ئەرکو ئەزیەتەکەی بەفیڕۆ چوو..

بەڵام دوای دوو سێ ڕۆژ کە لاپەڕەکان لەوێدا کەوتون.. هەڵیان ئەگرێتەوەو دەڵێ: بابزانم ئەمانە چیان تیا نوسراوە.. سەیرێکی ئەکات ئافرەت توکی سەری دەبێتە نەشتەرو سەرسام ئەبێت.. لەترسو لەتاوانا سەیر ئەکات ئەو لاپەڕانە هەموی (پلان-خطة)و نەخشەیەکە کۆمەڵێ کەس کۆبونەتەوەو کێشاویانە بۆ ئەوەی چۆن هەمو خەڵکی دنیا بدەن بەیەکداو هەمو یەکتر بخۆن.. شەڕی وادا بنێن کە جیهان هەمو یەکتر قەلاچۆ بکەنو چۆن وا بکەن کە هەمو جیهان وشەی (الله) یان بیربچێتەوە (ئاین) لەسەر زەویدا نەمێنێ (هەمو ئاینەکان)، ئینجا چۆن جولەکە بێت حوکمی هەمو سەر زەوی بکات.

لە (قودسدا) ئەویٚ بكەن بەپایتەختی هەمو دەوڵەتە عالەمیەكان كە حوكمی هەمو دنیای لێوە بكەن.. وە چۆن پادشاكەی خۆیان بێنن كە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لەحەدیسدا بە (دەجال) ناوی ئەبات كە چۆن حوكمی هەمو دنیا بكات.. بریتیە لەنەخشەیەك بۆ ئەم كارە هەتا ئافرەتەكە وا ئەزانیٚ چیرۆك و خەیاڵاتە.. وا هەست ناكات مرۆڤ هەبێت ئەوەندە دڕندەو خراپ بێت دژ بەمرۆڤایەتیبن.. هەڵئەسێت جانتا ئەوراقەكان دەبات بۆ (ئوستازێكی زانكۆ) كە ئاشنای خۆی لەزانكۆی (فۆربۆ) لەفەڕەنسا ئەڵێ: (ئەم وەرەقانە رەنگە تۆ سودیان لێوەربگریت، دۆزیومەتەوە) ناڵێت دزیومن.. ئوستازی زانكۆش كاتێك ئەیانكاتەوەو چاوی پێئەكەون ئەیانخوێنێتەوە.. ئەزانێت ئەمە چ فێڵێكن دژ بەمرۆڤایەتی، چ شەیتانێك ئەمانەی داناوە.. ئەمیش بێباكانە دەیدات بەوەزیرێك (سرجی ئیلوس) ساڵی ۱۹۰۳ ز لەدەوڵەتی (روسیای قەیسەری)، ئەمیش ئەیبات پیشانی (قەیسە)ی دەدات دەڵیٚ: قوربان جولەكە بەتەمای ئەم كارانەن.

ئەوەبو لەساڵی (۱۹۰۵)دا لەڕوسیا قەسابخانەیەكی گەورەیان بۆ جولەكە دانا، بەكورتی كورتەی ئەو لاپەڕانەی لەو جانتایەدا هەبو بریتیە لە (مەحزەری چەند جەلسەیەك)، كە لەساڵی ۱۸۹۷ ز لەشاری (بازل) لەسویسرا هەرچی (گەورە پیاوانی ئاینی جولەكە) هەیە بەسەركردایەتی (هرتزل) كە پێی دەڵێن (باوكی جولەكە) ی ئەم سەردەمە كۆنفرانسێكیان بەستبو (۳۰۰) سێ سەد سەركردەی جولەكە كە نوێنەری (۵۰) رێكخراو بون (پلانی) خۆیان داناوە.. كە چۆن حوكمی هەمو دنیا بگرنە دەست و جولەكە ببێت بەحاكم ڕانی هەمو دونیا، ئەڵێن: ئێمە بەخەڵكی سەر زەوی ناوێرین هەتا لەناو خەڵكی سەرزەویدا وشەی (الله) و (ئاینی ئیسلام) هەبێت و كاری پێبكەن ئەو خەڵكە ئەوەندە چاویان كراوەیە ئێمە ناتوانین هەڵیان خەڵەتێنین، كاتێك ئێمە دەتوانین ئەو میللەتانەو خەڵكی دونیا هەڵخەڵەتێنین كە (ئاین - دین)، لەناو (وجودیان - دڵ و عەقڵیان) دانەمێنیٚ وەكو (ئاژەڵ) یان لێبێت، بەدڕەوشت و پەڕپوت بن ئەو كاتە هەرچیمان بوێت ئەتوانین پێیان بكەین لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە پێش هەمو شتێك پلانێك دابنێین و كاری جدی بۆ بكەین بەهەمو شێوەیەك كە (دین) و ماناقوڵەكانی (الله) نەهێڵین.. نە

ئاینی (ئیسلام‌و مەسیحی‌و ئاینەکانی تریش) دەبێت لەناو بچن کە ئاین ئەما ئەو کاتە ورده ورده هەنگاو ئەنێین بۆ دروستکردنی ئەو (دەوڵەتە) (سێ جەنگی جیهانی گەورە) دروستدەکەین.. بەپێی ئەو پلانەی لەو پەڕانەدا هەبون‌و دایانناوە.. جەنگی یەکەمیان کە دروستکرا دەبێت ئەو جەنگەوانە بەرنامەرێژی بۆ بکرێت کە (دەوڵەتی عوسمانی‌و قەیسەری روسیا) بڕوخێنین، هەردوکیان پیاوی خۆمان لەجێگەیان دابنێین (تورکیا ـ روسیا)[٢].

جەنگی دوەم دروستدەکەین.. ئەبێت لەدوای جەنگەکەوە بتوانین دەوڵەتێکی بچکۆلە بۆ (جولەکە) لەناو(قودس) دا دروستبکەین وەك سەرەتایەك بۆ کارەکانمان.

جەنگی جیهانی سێیەم دروستدەکەین.. هەرچی خەڵکی دونیا هەیە دەیدەین بەیەکدا.. تەفرو تونایان دەکەین، کارێکی وا دەکەین بەچەندەها شێوە مرۆڤایەتی بەهیلاکا بڕوات‌و جولەکە ببێت بەئاشتەواییان، ئەو کاتە دەوڵەتە جیهانێکەی خۆمان وەکو (الأمم المتحدة) دروست دەکەین‌و (مەلیکە مەونودە)[٣] کەی خۆمان کە لە (تەورات) دا ناوی براوەو دەکەینە (پادشا - مليك)ی هەمو دونیا.

ئەشڵێن ئەم هەمو پلانەشمان جێبەجێ نابێت ئەگەر دو شتمان بەدەستەوە نەبێت:

یەکەم: ئاڵتون "پارە" + چەکی قورس‌و مرۆڤ سوتێن

دووەم: دەزگای راگەیاندن "الاعلام"

دەبێت هەرچی (پارەو سەروەت‌و سامانی) دونیا هەیە لەژێر دەستی ئێمەدا بێت هەمو کەرەسە راگەیاندنەکان وەك (رۆژنامە ـ گۆڤار ـ رادیۆ ـ تەلەفزیۆن ـ سینما..) هەموی دڵسۆزو پیاوی خۆمان بییانبات بەڕێوە.. ئەم دوانەمان بەدەستەوە بێت ئەتوانین (ئاین) لەناو خەڵکدا نەهێڵین ووشەی (الله) لەبیر خەڵکی بەرینەوە بەچەندەها شێوەی جیاواز

---

[٢] بانقی جولەکەکان لە (نیویۆرك) زیاتر لە(٢٠) ملیۆن دۆلاری بۆ ئەم روخانی (قەیسەرە) تەرخان کرد.

[٣] لەحەدیسی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر بێت) بە (دەجال) ناوبراوە.

پاشان شەڕەکانیش دروستبکەین بەچەندەها چەك و شێوەی قەلاچۆکردن تەفرو تونایان دەکەین و خۆشمان دێینە سەر (حوکم - دەسەلات).. چۆن؟!

بەڕێزەکەم، جەنگی یەکەمی جیهانیان دروستکرد لەسالّی ١٩١٤ بۆ ١٩١٨، ١٩٢٠/٩/١ کۆنگرەی ئاشتەوای مۆرکرا بووە رۆژی ئاشتی جیهانی. (شەش) سالّی خایاند "سی و پێنج ٣٥" ملیۆن کەسی تیا کوژرا.

چەندەها ئاوەدانی خاپورکرا.. چەندین شار کرایە جێگەی تاقیکردنەوەی چەکی ئەو رۆژگارە.. لەدوای شەڕەکە دەولّەتی (روس و عوسمانی) روخان، سولّتان (عبدالحمید) یان لابردو (کەمال ئەتاتورك)یان لەجێگەی دانا، کە پەروەردەکراوی دەستی جولەکەو ئەژاد جولەکە، لەسالّی ١٩٢٤ ز هاتە ناو تورکیاوە ئەو دەولّەتە (موسولّمان)ەو بنکەو بارەگای (خیلافەتی ئیسلام)ی والێکرد هەتا بانگ دانی قەدەغە کرد، نوسینی پیتەکانی لەعەرەبییەوە گۆڕی بۆ لاتینی واتا لەڕەگەوە گۆڕینی، لەو رۆژەوە هەتا ئەمڕۆ قەدەغەیە لە (زانکۆو فەرمانگە)کاندا ئافرەت بە (داپۆشراوی و بالاپۆشی)یەوە، بچێت بۆ دەوام.. ئەبێت بەشێوەو ڕوالّەت ئەوروپی بێت.. جل وبەرگی چین و توێژو ئەتەوەکانی قەدەغەکردو بەرگی جیهانی جێگەی گرتەوە، پایتەختی لە (ئەستەمبولّەوە) گواستەوە بۆ (ئەنقەرە)، چەندین شۆڕشی ئەتەوەی کوردی دامرکاندەوە لەوانە شۆڕشی (شێخ سەعیدی پیران و..)و دژ بەنەتەوەکانی تریش لەناو تورکیادا کاری دەکرد.

- چەندین داب و نەریتی جوانی مرۆڤایەتی و ئاینی سڕیەوەو بەدلّی مامۆستاکانی لەجێگە دانا، تا سالّی ١٩٩٦ "٥٩" چابگیان لەسوپادا دەرکرد لەبەر ئەوەی کە نوێژ خوێن بون.

دەلّێن: نابێت لەناو سوپای تورکدا نوێژ خوێنی تیا بێت!

(کەمال باوکی تورك) لەکاتی سەرەمەرگدا چەندین کەس بەدەوریەوە بون د لخۆشیان دەدایەوە لەپڕ گوێی لەدەنگی بانگ بو لەبلّندگۆی مزگەوتێکەوە.. ئەمیش وتی: سەرم بەرزکەنەوە قسەیەکم هەیە.. سەریان بەرزکردەوەو وتیان فەرمو: وتی: بەهەموو

تەمەنم‌و توانام کارم کرد بۆ نەمان‌و لەناوبردنی ئەو دەنگە.. بەڵام وا من نەمام‌و ئەو دەنگە هەر ماوەو دەشمێنێت[1].

روسیاش کە بنکەی (مەسیحی)یەکان بو ئەو کاتە هێزی مەسیحیەکان بەدەستیان بو ئەوانیشیان روخاند لەساڵی ١٩١٧ شۆڕشی (ئۆکتۆبەر) کرا (لینین‌و ترۆتسکی) شۆڕشی (شیوعیەت)یان کردو شیوعیەتیان هێنایە سەر دەستەڵات بۆ ماوەی (٧٠-٨٠) ساڵ لایەکی زەمینیان کردە (کافرسانی)، (١٨-٣٠) هەزار مزگەوتیان روخاند، زۆریشیان ئەکردە (مەلها) و (مۆتێل)و (جێگەی بەدڕەوشتی) نانەوە هەر بۆ بێنەدەبی کردن بەرامبەر بە (ئیسلام) و سوکایەتی پێکردنی بو، چەندین ویلایەتی ئیسلامیان بەزۆر لکاند بەخاکی خۆیەوە (٥٥) ملیۆن موسڵمانیان لەو شۆڕشەدا کوشت.. بەڵام دوای هەڵوەشاندنەوەی (یەکیەتی سۆڤیەت) جەنگی دژ بەئاین‌و مرۆڤایەتی هەڵگیرسا وەك (چیچان) و شەهیدکردنی (جەوهەر دۆدایف) ساڵی ١٩٩٥و بێدەنگ بونی میدیاکانی جیهان‌و مافی مرۆڤو منداڵ بەسەرسامیەوە سەیر دەکەن. تا ئێستاش بەردەوامە..

جەنگی سێیەمیش بەڕێوەیە بەچەندەها شێوە هەمو ڕوداوەکان بە (ئایەت‌و حەدیس) باسکراوە، چونکە فیتنەکەیان زۆرە، نەتەوەی جولەکە نیوەی قورئان باسی (بێئیرادەیی‌و خراپی‌و پلانگێڕی‌و ناپاکی)یان دەکات دەرهەق بەگەلان‌و بەپێغەمبەران‌و پەیامی خودایی.

بگەڕێینەوە لای (ئالتون‌و راگەیاندنەکەیان) کە بەدەستیانەوە بێت چەند زانیارییەکی کورت دەڵێین:

هەرچی بابەتی زانستی نوێ هەیە لەلای ئەوانەو بەنهێنی دەیکرن‌و دەیشارنەوە.

هەمو (بانکە) گەورەکانی جیهان هەیە ئەمرۆ (٩٠٪) بۆ (٩٥٪) بەدەستی جولەکەوەیە.

---

[1] رجل الصنام.

گەورەترین بانك پێیدەوترێت (صندوق نقد الدولی) کە قەرز دەدات بەدەوڵەتەکان.. هەموی بەدەست جولەکەوەیە، هەر دەوڵەتێك بیانەوێت ئەیبوژێننەوە! ئەو پارەیەش زیادەی (سودی) دەخەنە سەر تا ساڵی زیاتری پێ بچێ قەرزەکە زیاتر دەبێت.

واتا بوژانەوەو تەپاندنی دەوڵەتەکان لەڕوی ئابوری و پارەو پولەوە بەدەست جولەکەوەیە!

بەچاوی خۆشمان ئابوری عێراقمان بینی لەساڵی هەشتاکاندا (١٠٠ دۆلار بە ٣٠ دینار) بو، بەڵام لە (١٩٩٢ - ١٩٩٧) ١٠٠ $ لەنێوان ٥-١٠ هەزاری سویسری پاری دەکرد[٤]، سەرنج بدە تا چەندە راستە!

- گەورەترین لۆرت و دەوڵەمەندی دنیای ئەمڕۆ دەوڵەمەنی ژمارەیەکیان ئەتوانێت (١٢) جار هەمو دەوری گۆی زەوی بەدینار داپۆشێت!!

- ژمارەی دەوڵەمەندە پلە یەکەکان دە دەوڵەمەندن، یەکەمیان، دووەمیان، سێیەمیان، چوارەمیان، پێنجەمیان، شەشەمیان جولەکەن، حەوتەمیان یەهودی نییە، هەشتەم و نۆیەم و دەیەم جولەکەن.

بەڕێزەکەم بزانە: پارەی دنیای ئەمڕۆ بەدەست کێوەیە؟!

نیوەی زۆری هەمو کۆمپانیا گەورەکانی (ئەمریکا) بەدەست جولەکەوەیە. وایلێهاتووە هەرچی زەبرو زەنگی پارەی جولەکە هەیە لەوڵاتێکی وەکو ئەمریکا بەزمێکی وای ناوەتەوە (سەرۆك کۆمارەکان) بەپارەی جولەکە نەبێت ناتوانن ببن بە (سەرۆك).

- پەرلەمانی ئەمریکی (کۆنگرس) لەسەد کەس سی و پێنجی جولەکەیە (٣٥٪).

- سەرۆکی ئەمریکی پێنج راوێژکار (مستشار)ی هەیە هەرچی کاری سیاسەت هەیە ئەبێ پرس بەوانە بکرێت ئەو کاتە دەچێتە قۆناغی کارەوە.

- وەزیری بەرگری ئەمریکا ساڵی ١٩٩٧ جولەکە بو.

---

[٤] رێکخراوی ICMC بڕی (٧) دۆلاری دەدا بەمامۆستای قوتابخانە دورەکانی سنوری کوردستانی باشور لەساڵی ٩٤-٩٥ کە دەیکردە (٣٢٠ – ٣٢٧) دینار، بەڵام ساڵی ٢٠٠٥ ئەو (٧) دۆلارە (٧٠) دینارە.

- سەرۆکەکانی ئەم دواییەش یەکەم (گرێبەستیان - عقد) بۆ سەرەك کۆماری ئـەمریکی دەبێت بەهەمو شێوەیەك کار بۆ جولەکەو خاکیـان بکات. گەر وای کـرد زۆر بەئاسـانی دەبێتە سەرۆك کۆماری ئەمریکا بۆ ماوەی (٤) ساڵ گەر بەدڵیان بـو بانگەشـەی باشـی بـۆ دەکەنو دەیکەن بە (٨) ساڵ بـۆی، پاشان بـەرێزەوە خواحـافیزەی سـەرۆکی لێدەکەن بـۆ کەسێکی تر.

- دوای جەنگ کە شیوعیەت هاتە سەر حوکمی روسیا، کێ دروستی کرد؟

بیروبۆچون (فکر)ی شیوعیەت کێ دایناو؟

دو کەس دایاننا (کارل مارکس) - (ئەنجلز)، هەردوکیان جولەکە بون، ماسۆنی.

- کێ کودەتای شیوعیەتەکەی کردو کردی بەشۆڕش ساڵی ١٩١٧؟

(لینینو ترۆتسکی)، هەردوکیان جولەکەن.

- ئەم شۆڕشە "٧" ئەندامی سەرکردایەتیان هەبو شەشیان جولەکە بون.

حەوتەمیان ژنەکەی جولەکە بو!

- ستالین دەسەڵاتی شیوعیەتی گرتە دەست، بەقسەی کەسـیی نـاکرد ئەیانـدەزانی چۆن بگەنـە لای، بـۆ ئـەوەی بەرنامـەکانی خۆیـانی تێبگەیـەنو جێبـەجێی بکـات، هـاتن ژنـی دووەمیان پێهانی کە (جولەکە - یەهود) بو، کچەکەشی دا بەپیاوێك کە جولەکە بو! خۆیان گەیاندە ئەویش کە کەس ناگەیشتە لای، ستالین دژی مرۆڤایەتیو ئیسلام چەند رەفتارێکی نواند:

- ١٨٠٠٠ هەژدە هەزار مزگەوتی ژێر سنوری دەسەڵاتی خۆی روخاند.

- ٢٦ ملیۆن موسوڵمانی لەماوەی ٢٥ ساڵدا زیندە بەچاڵ کردو کوشتنی.

- ٥ ملیۆن موسوڵمانی لە (جزیرەی قورپ) دا زینـدە بەچاڵکرد.

ئەمانە سەرکردەی بانگەشەکاران بون بۆچی؟!

- لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لەو سەری دونیا لە (ئەمریکا) کەسێك پەیـدا بـو نـاوی (سـیگۆند فرۆیـد) بـو گـەورەترین زانـای دەرونناسـی بـو، لـە (زانکـۆو پـەیمانگاکانو

ئامادەییەکان) دا کە باسی (علم النفس) دەکرێت (بیردۆز - نفریات)ەکانی دەخوێنرێ‌و کتێبەکانی بالآن.

ئەم کەسە دەیویست لەڕێگەی (سایکۆلۆژییە) وە بانگەشە بۆ (نەبونی خوا - ئیلحاد) بکات، بلێ (خوا) نییەو لەم رێگەیەوە بانگەشە بۆ (بەدڕەوشتی - فەساد) دەکات.

فرۆید دەلێ: کاتێك منداڵ مەمکی دایکی دەمژێت چێژێکی جنسی وەردەگرێت ئەم زانایە چ رەگەزێکە؟ جولەکەیە.

- لەبەریتانیا (چارلس داروین)، کە مرۆڤ دەگێرێتەوە بۆ (قەوزەی ناو دەریاو وردە وردە گەشەی کردووە تا گەیشتۆتە (مەیمون)، پاش چەند سالێك بووە بە (مرۆڤ)، دەلێت مرۆڤ لە (ئادەم‌و حەوا) نەبون‌و ئەم لاشەیە لەخۆڵ نەبووە.. کەواتە ئەمە دژ بە (خواو پەیامی ئاسمان) بیەکە قورئانە، گرنگیشی پێدراوەو دەخوێنرێت، بەلآم لەلای ئێمە لەلای خۆیان بەرەو کاڵ بونەوە دەچێت.. چونکە (زانستی سەردەم) زۆر شتی رونکردۆتەوە زۆرکارو کردەوەی دورن لەراستی (واقع)ەوە.

کەواتە داروین کێ بو؟ جولەکە بو.

- داهێنەرانی (بردۆز -نفریە)ی (وجودیەت) هەمویان جولەکە بون.

- لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لەهەر ناوچەو لایەکی ئەم دنیایەدا کەسێکیان دروستکرد کە خزمەت بەخۆیان بکات لەژێر چەندین ناووبۆچونی جیاجیادا.. هەموشیان جولەکە بون.

- میشیل ئەفلەق دامەزرێنەری (حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی عەلمانی) توانی لەچەند ولاتێکی وەك (سوریا - عێراق - ئوردن..) تۆوی خۆی دابنێ‌و تا ئەمرۆش مرۆڤایەتی گیرۆدەی نالەبارییەکانیانن، لەسەر ئەم رەفتارو کارەی خەلآت کرا.. کە توانی لەناو جەرگەی ولآتی ئیسلامیدا کاری وا چاك بۆ جولەکەو دۆستانی ئەنجامبدات.

- لەئەوروپاو ئەمریکادا دەزگا راگەیاندنەکان ٩٥٪ی بەدەست جولەکەوەیە، رۆژنامەی (تایمس) جولەکە لەساڵی (١٧٨٨) لەبەریتانیا دایانمەزراند تا ئێستاش بەردەوامە، لەئەمریکادا زیاتر لە ٢٢٠ گۆڤارو رۆژنامەیان بەدەستەوەیە.

لەوڵاتێکی وەك (ئەڵمانیا) تا نزیكساڵی ٢٠٠٠ زیاد لە ٢٥ قەناتی تەلەفزیۆن هەبو کە هەمویان خاوەنەکەیان جولەکە بون.. ئەبێت چی بڵاوبکەنەوە؟!

لەفەرەنسا زیاتر لە ٣٦ رۆژنامە دەردەکەن، جولەکە زیاتر لە ٨١٩ گۆڤارو رۆژنامە بەچەندەها زمان لەجیهاندا دەردەکەن، ئامانجیان (کەناڵ) زیادکردنە بۆکاری بەدڕەوشتی وەك فلیمی نیوە ڕوتو گۆرانی (سەمای) ئافرەت بەنیوەڕوتی یان بێبەرگ.

لەفەرەنسا پیاوێك بەناوی (گارودی)یەوە "٤٠" ساڵ شیوعی بوو، پاشان بووە (سکرتێری حزبی شیوعی فەرەنسی)و بانگەشەی بۆ لای شیوعیەت دەکرد.. پاش ماوەیەك خوای گەورە (هیدایەت)ی دابووە (ئیسلام) ساڵی ١٩٨٦ بڕیاری دا ژیانی تەرخانبکات بۆ ئیسلامەتی بووە زانایەکی گەورە لەکۆتایی ساڵەکانی ١٩٩٠ دا کتێبێکی نوسی، لەلاپەڕەیەکیدا لەبارەی جولەکەوە وتبوی: جولەکە پڕوپاگەندە بۆ خۆیان دەکەن دەڵێن لەجەنگی جیهانی دووەمدا (هیتلەر) شەش ملیۆن جولەکەی لێکوشتوین.. گەورەی ئەکەن ئەوەندە نەبون.. کەمتر بووە.

لەئاکامدا دایانە دادگاو وتیان: ئەبێت ساڵێك زیندانی بکرێتو (٣٠) هەزار دۆلاریش غەرامە بکرێت، لەبەر ئەوەی لەکتێبێکدا ئەم قسەیەی کردووە.

بەڵام بنۆڕە خۆیان چ بێئەدەبی بەرامبەر بەئیسلامو کەسایەتی وڵاتە ئیسلامیەکان دەکەن لەفەلەستین لەوڵاتەکانی تر.. کەس بۆی نییە هەڵبداتێ بۆ؟

چونکە هەمو دەزگا ڕاگەیاندنەکان بەدەستخۆیانەوەیە چۆنیان بوێت ئاوا ئەکەن.. ئەو خەڵکە چەواشە دەکەن.. تای تەرازو بەلای خۆیاندا ئەشکێننەوەو خەڵکی ڕسوا دەکەن.

- کوشتارەکەی جەزائیر گوایە (ئیسلامیە توندڕەوەکان) کردویانە کە (ژنو منداڵو پیاوی پیر) یان سەربڕیوە وە زیندە بەچاڵیان کردوون، بەڵام خوای گەورە ئابڕوی بردن دەرکەوت کە دەستەڵاتدارانی جەزائیر خۆیان بونو ئیسلامیەکان بێئاگابون لەو کارە!!

ئەمەش کەناڵە ئاسمانیەکانی (خلیجە) وە دەرکەوتو ئابڕویان چوو،

- چەندین (ضابط) ڕایانکردو لەدورەوە هەواڵیاندا کە سوپای جەزائیریو بەفەرمانی سەرەك کۆمار کردویانە.

ئایا راستە حزبێك ٨٠٪ی جەماوەرەکەی خۆی دەنگی بۆ بداتو سەرکەوێت ئێستا ئەو سەرکەوتووەو لەناویان بەرێت.. راستنییە.. نایکات.. ئاینی پیرۆزی ئیسلام کەی وا هاتووە! چۆن ئافرەتو منداڵ زیندەبەچاڵ دەکات.. تا ئەمانیش بیکەن.. ئەمە تەنها بۆ شێواندنو چەواشەکردنی خەڵکە بەرامبەر بەئاینی ئیسلام ئەمانەش کە دەمانبیست لەرادیۆی و ئیزاعەکانی (مۆرتیکارلۆ ـ لەندەن ـ ئەمریکا ـ ئەڵمانیا) هەواڵەکانو بڵاوکردنەوەیان هەمو یەکسانن! بۆچی؟

چونکە وەرگرتنی ئەم جۆرە هەواڵانە لەچەند (وەکالەتێکی گشتی)یەوەیە وەك (وەکالەتی رۆیتەر، ئەشۆسپرێس،..) هەمویان بەدەست جولەکەوەن.. چۆنی برازێنێتەوە ئاوا بڵاوی دەکەنەوە.. منو تۆشو خەڵکی ساویلکەش وا دەزانین ئەمە راستیو واقعی روداوەکەنو هیچی تر.

تۆڕی تەلەفزیۆنی ئەمریکی (C.B.S ،A.B.C ،N.B.C) کە خاوەنی ئەو تۆڕانە بەڕێوەبەرەکانی جولەکەن[٥] کارێکی تریان.. سەرۆکی عێراق دوای پادشایی بەدڵیان نەبو بەدڵی (سۆڤیەت) بو دوای چەند تاقیکردنەوەیەك سەرکەوتو نەبو لەناویانبرد.. ئەندامانی حزبی بەعس هاتنەسەر کوری دەسەڵات.. هەمومان درندەیی ئەو ستەمکارانەمان بینی.. بچۆ بەوردی ژیانی (صدام) و جێگەو رێگەی (مەشقو راهێنانی) بخوێنەرەوە (شەبیهی صدام) پاشان بیر لەئێستای بکەرەوە کە زیندانەو بە (ئەسیری جەنگ) مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.. خۆ لەیادتان نەچۆتەوە هەمو کارە چاكو جێگە سودبەخشەکانی بەناوی خۆیەوە ناو دەنا وەك (بەنداوی صدام، مطار صدام الدولی، مستشفی صدام، نهر صدام..) بەپێچەوانەشەوە ئەوانەی دژ بەمرۆڤایەتیو قێزەونە بەناوی (ئیسلامو کەسایەتی ئیسلامیەوە ناوی دەنا) وەك (سوپای بەدر، جەنگی قادسیە، شاڵاوی ئەنفال، هێزی خالیدی کوڕی وەلید، ساروخی حسێن..).

---

[٥] مكايد يةهودية.

هەر لەسەردەمی (صدام)دا لەزیندانی (ئەبوغرێب)، زیندانە (سیاسییەکان) پیسترین جێگەو ڕێگەیان هەبو، بەڵام زیندانی (بێڕەوشتەکان) پاکوخاوێن، مۆڵەتی ماڵەوەشیان هەبو.. تەنانەت جێگەیان هەبو بۆ هاتنی خێزانەکانیانو جوت بونیان.. تەنها بۆ دوا ڕۆژی ئازادی وڵاتو بیروباوەڕی پاك كار نەكەیت ئازادبوی.. دڵنیابە قوتابی دەستی جولەکەیە.

- ئەفغانستان هەمو هێزە چەکدارەکان.. ئاژاوەچیەکان.. کێشەکانی ناوخۆو دەرەوە بەدەسەڵاتی (ئەمریکا) کۆتایی هات لەماوەی یەك ساڵدا وڵات بووە ماستی مەییو (سەرۆك)ی بۆ دیاری کرا.. قەرزەکانی کۆتایی هات.. قوتابیەکی خۆیان دانا.. بووە ژێر دەستە.. بەڵام ئەی عێراق.. بۆ ئەم وڵاتە ڕۆژ بەڕۆژ دڕندەی لێدروست دەبێت؟ بۆچی؟ ئەیکێشەکان بۆ کۆتایی نەهاتن!؟

خێری وڵاتە.. ئاواتیان ئەوت بو ئایا دەستیان کەوت؟ وڵاتیش ببێتە وێرانە گرنگ نیە دڵنیابن لەداهاتودا ڕۆژگاری دەیسەلمێنێ.. ئاژاوەچیەو چۆن دروست بووەو کێ ئاژاوەچییە، ئێمەش خۆری ئازادیو شادیمان بۆ چییە؟! تەنها بەئاواتی گەشەوە ئەژین، بەڵام کەی دێتە ڕێمان، بەڵام ئیرادەی نێودەوڵەتیو ئیرادەی گەلی گەرەکە.. سیاسەت مەدارێك دەڵێت: گەلی عێراق هەرگیز توشی هەناسەی شادی نابێت.. خۆشگوزەرانی نابینێ، چونکە دەوڵەمەندە بەهەمو کانزاو داهاتو سامانێك.

- لەتەقینەوەیی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ ئەو تەلارانە زۆربەی کەسەکان جولەکە بون، بەڵام بەچەند ڕۆژێك ئاگادارکراونەتەوەو (مۆڵەت) دراون ئەو ناوە بەجێ بهێڵن.

نزیك ببینەوە لەکارێکی تری جولەکە بەرامبەر بەئیسلام.. لەبەریتانیادا (کۆمپانیای جلی ئافرەتان) هەیە کە خۆیان ـ جولەکە ـ سەرپەرشتی ئەکەن لە (لیباسی) ئافرەتان وشەی (لا إله إلا الله) ئەنوسێ.

لەبنی پێڵاو لەناو پێڵاو یا زمانی پیلاو وشەی (خوا) و (پێغەمبەر محمد) دەنوسێ ئەمە سوکایەتی نییە بەئاینی پیرۆزی ئیسلام.. ئەی کوا مافەکان..

بەرێزەکەم بە (سەتەلایتو تۆری ئەنتەرنێت)ی کارێکی وایان کردۆتە سەر ناخو ویژدانی ئەو خەڵکە لەچەندەها رێگەی (راگەیاندنە)وە کە چەند نوسەرێکمان پەیدابووە لەکوردستان بەلایانەوە زۆر ئاساییە نەمانی (ئەخلاقو ئەدەبو شەرەفو خێزانداری) ئایا ئەمە پێشکەوتنە.. یا هاو بارگاوییە بەتەوژمی جولەکە.

جولەکە تا ئەم ساتانەش لەخۆ ئامادەکردندایە بۆ جەنگی جیهانی سێیەم.. کاری بۆ دەکات.

کابرایەك بەناوی (ولیەم تار) کاتی خۆی (ضابط) بو (مخابەرات - هەواڵگیری) بەریتانیا.. دواتر بو بە (بەرێوەبەری مخابەراتی دەریایی ئەمریکی) ئەم کەسە بەحوکمی پلەوپایەکەی (تەقریر)ی زۆر ئەهاتە بەردەست .. بۆی دەرکەوت کە جولەکە خەریکی چ بەزمێکە، پلان چۆن دادەرێژن..

بەوردیو درێژ خایەنو روپامایی لەسەرەوە لەژێرەوەش کاردەکەنو روخێنەرن، کتێبێکی بڵاوکردەوە لەژێر ناونیشانی (**احجار علی رقعة شطرنج**)، لەسەر ئەو کتێبە جولەکە کوشتیان بۆ؟ چونکە ئابرو حەیای جولەکەی برد کە نیازی چییان هەیە.

چەند دێرێك باس دەکەم کە لەساڵەکانی (١٩٦٠)، نوسیویەتی دەڵێ: جولەکە بەپێی ئەو پلانو زانیاریانەی بەدەستمان گەیشتون، بەتەمان جەنگی جیهانی سێیەم لەنێوان (جیهانی ئیسلامیو جیهانی مەسیحی)دا دروستبکەن واتە ئیسلامو مەسیحیەت بەدەن بەیەکدا و هەردوکیان یەکتر تەفرو تونا بکەن.

ئەوان هەردولا تەپیون ئەمیش (ئاشتەوا) دەبێت لەنێوانیاندا ئەوانیش (ئیسلامو مەسیحی) مەمنونن بەوازهێنانو گیرۆدەبون لەو شەرە.. ئاکام جولەکە کاریان بۆ بکات، بەشەریان دەداتو خۆشیان سوڵحیان دەکەن خۆمان (دەوڵەتێکی جیهانی) دروست دەکەینو حوکمی هەمو دونیای پێدەکەین.

ئیمامی عەلی دەفەرموێت: لەو شەرەدا خەڵکی دنیا بکەیت بەسێ بەشەوە دو بەشی تیا ئەکوژرێو لەناو ئەچن.

پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) لەچەندین جێگەدا باسی ئەو شەڕەی کردووە کە ڕوودەداتو دەکرێت. لەپاشان گرانیەك دروست دەبێت کە سێ ساڵ دەخایەنێت لەسەر زەویدا.. هەر گیانلەبەرێك خاوەن نینۆكو کەڵبەبێت تیا ئەچێت لەپاش ئەو هەمو نەهامەتیو نارەحەتییە ئینجا (دەجال) دێتو حوکم دەکات.

ناپلیۆن دەڵێ: جولەکە میکرۆبی مرۆڤایەتین.

خوای باڵا دەست لەفێڵو تەڵەکەی جولەکەو شێرەبەفرینەکانو داهۆڵەکان بمانپارێزی.. ئەوانیش پلانەکانیان لەناو بچێتو ڕسوا ببن.

بەڕێزی خوێنەر ئەمەش بزانە سەرکردەی دەوڵەتەکانو بەشی زۆریان هەڵبژاردەی دەستی جولەکەن.

جولەکە ـ یەهود ـ زیاد لە (٧٥) ساڵە بەحساب چووە بەگژ عەرەبدا ڕوبەڕووی بۆتەوەو (فەلەستین)ی داگیرکردووە، ئەو فەلەستینەی کاتێك بەشێك بو لەدەوڵەتی عوسمانی، دوا خەلیفەی عوسمانی کە (سوڵتان عبدالحمیدی دووەم) بو کە ئیتر بەحساب خراپترینو لاوازترینو بێدەسەڵاترین خەلیفەی عوسمانی بو (هەرتزل)و حاخام (موسالیفی) جولەکە هەستان چونە لای ساڵی ١٨٩٧، پێیان وت: جەنابی خەلیفە ڕابەری هەمو موسڵمانانی جیهان.. ئێمە پەرتو بڵاوین لەجیهاندا.. ستەمێکی زۆرمان لێکراوە، وەکو جولەکە هاتوینەتە خزمەت جەنابت بۆ داوایەك کە ئەو زەوییەی ناوی (فەلەستینە) هاتوین کە بەدادگای خۆت بۆمان بگێڕیتەوە، وتیان خاکی فەلەستین چەند بەردی تیا.. ئەمەندە لیرەی ئاڵتونت دەدەینێ تەنها ئەو فەلەستینەمان بدەرەوە، یان بەو مەرجەی جولەکە:

١- کەشتی گەلێکی دەریایی بۆ عوسمانیەکان دروست بکەن[٦].

٢- پشتگیری سیاسەتی عوسمانی بکەن لەوڵاتانی دەرەوەدا.

٣- یارمەتی سوڵتان بدەن بۆ چارەسەرکردنی باری ئابوری.

(٦) فتر هتنطی بانطخوازان ل ١٧٥.

٤- دروست کردنی زانکۆیەکی عوسمانی لەقودسدا، تا قوتابی نەچنە ئەوروپا.

سولتان عبدالحمید لەوەلامدا پێی وتن: ئەگەر مالی خۆمبوایە یا بەمیراتی لەباوباپیرانمەوە بۆم بمایاتەوە وەلاهی پێم ئەفرۆشتن ئێوە ئەو نرخەی پێبدەن!

بەس ئەوە ئەمانەتی خوایەو کردویەتیە گەردنی من.. من گەورەی موسولمانانم‌و من حامی‌و پارێزەری خاکی موسولمانانم ئەگەر بێتو بەنێوەی جولەکەی بفرۆشم سبەینێ لەبەردەم خوای گەورەدا چی بلێم.. چی وەلامی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بدەمەوە.. چۆن سەر هەلبڕم لەقیامەتدا..

ئەوە بو رازی نەبو بەنابەدلی‌و لارملی گەرانەوە.

سولتان عبدالحمید کە کابرایەکی تورك بو خاکی موسولمان کە خاکی عەرەب بو عەرەبی لەسەر ئەژیا نەیفرۆشت بەدوژمنی ئیسلام، بەجولەکە.. بەلام بەداخەوە عەرەبەکان خۆیان فرۆشتیان.. عەرەبەکان خۆیان لەسەر مێزێکی زیوی رازاوەی جوان پێشکەش بە (جولەکە)یان کرد، جولەکە هاتن پۆل پۆل کۆچیان کرد.. مال بەمال ئەگەران بەفەلەستیندا ئەیانوت: ئەم خانووە نرخی چەندمیە؟

خاوەن مال ئەیوت: (١٠ هەزار دینارە)!

کابرای جولەکە ئەیوت: (ئەوە پەنجا هەزار)و چۆلی کە، کابرا تەماع ئەیگرت‌و چۆلی ئەکرد، تا بەم شێوەیە خاکی فەلەستینی داگیرکرد، جێگەی خۆیانیان تیاکردەوە ماوەی (٥٠) سال، تا سالی ١٩٤٨ بەم شێوەیە خاکی فەلەستینیان کڕی.. بەلام کاتێك ئاوڕیان دایەوە دانیشتوانی فەلەستین هەرچی ناوچە چاکەکانە بووە مولکی جولەکە. جولەکەکان کارئاسانی باشیان بۆ دەکرا.. پارەدار بون.

لەم سەردەمی نوێیەدا.. کەلەپیاوی عەرەب بەحسابی خۆیان (قائدی ئومەی عەرەبی)- پێشەوای نەتەوەی عەرەب کە هەمو عەرەب شانازی پێوە دەکەن تا ئەمڕۆش، ئەوە لەسالی ١٩٧٠ مردووە هەر ئەیلێنەوە کە ئەو پێشەوای نەتەوەی عەرەب بووە.. توانی هەمو ولاتە عەرەبیەکان کۆکاتەوەو لەدوای خۆی بیانکات بەگژ جولەکەدا (جمال عبدالناصر) بو!

ئەم (جەمال عبدالناصر)ە کە بو بو بەپیاوی مەیدان‌و شێر بەهێز، دایك کۆرپەی وای نەخستۆتەوە، لەساڵی ۱۹٦۷ لەدژی جولەکە راپەڕین‌و لەهەمو لایەکەوە هێرشیان کرد تەنانەت لەکوردستانەوە (کەتیبە)ی عەسکەری چونە فەلەستین (بۆ جیهادو غەزا) وای لەو خەڵکە گەیاند کە بۆ رزگاری فەلەستین‌و سەربەرزی عەرەب کاردەکات، وایانزانی پیاو چاکە وەك لەراگەیاندنەکانەوە بانگەشەی بۆ دەکرا ـ جمال ـ نەیانزانی ئەمە سیناریۆیەکەو جولەکە پیشانی هەمویان دەدات (۲۰۰) ملیۆن موسوڵمانی کۆکردنەوەو کردی بەگژ (دوو) ملیۆندا، بەلام لەماوەی (٦) شەش رۆژدا هەر (۲۰۰ ملیۆن) موسوڵمانەکەی شکاند لەبەردەم ئەو (۲) ملیۆنەدا.

ئابڕوی هەمو عەرەب‌و ئیسلامیشی برد.

جمال عبدالناصر لەگەڕەکی جولەکە لەقاهیرە لەدایك بووە[1].

لەگەڵ لەدایك بوونیدا دایکی مردووەو لەباوەشی ئافرەتێکی جولەکەدا پەروەردە بووە، هەرچی سۆزو خۆشەویستی جەمال هەبو، لەتەمەنیا بۆ ئەم ئافرەتە بوو، باوەڕ بکە کاتێك بو بەسەرەك کۆماری دوو جاسوسی (ئیسرائیل) یان گرت هەمودەوڵەتەکان (تەکلیفی)یان کرد بەری نەدات، بەلام ئەم ئافرەتە چو لەبەندیخانە هێنانیە دەرەوە. لەقاهیرە سوار (فڕۆکە)ی کردن‌و ناردنیەوە بۆ (ئیسرائیل) کەس نەیوێرا قسە بکات.

لەساڵی ۱۹۵۲ کودەتای کردو هاتە سەر حوکم شۆڕشی (ضباط الأحرار) ی پێدەوترێت.

بەبەڵگەی بڕواپێکراوەوە زانراوە لەساڵی ۱۹۵۰ تا ۱۹۵۲ (٦) جار لەگەڵ (ئیسرائیل)دا کۆبونەوەی کردووە (چوار) جاریان لەکەشتێکدا لەدەریای سپی ناوەڕاستدا باشە پێشەوای موسوڵمانان‌و نەتەوەی عەرەب.. رزگارکەری فەلەستین لەدەست جولەکە ئەگەر پیاوی (جولەکەو ئەمریکا) نەبوی بۆ دو ساڵ پێش هاتنە سەر تەخت بۆ (٦) جار کۆبونەوەت کردووە تا ئەم (تەمسیلیەت) پێدەردەکەن؟!

(1) واقعنا المعاصر ـ محمد قطب ۱۹۸٦.

سونەتێکی گەورەی داهێنا کە (لەقەسابخانە)کاندا (دە هەزارو بیست هەزار) موسوڵمانی سەر ئەبڕیو ئەیکردن بەژێر خۆڵی بیابانەوە.. ئەمە بو (سەرۆکی نەتەوەی عەرەب) (سید قطبو هاوڕێکانی) لەزیندانەکانی ئەودا سزادەدرانو شەهیدبون.

- ئەم جمال عبدالناصره لەڕێگەی (مخابەراتەکە)ی خۆیەوە توانیبویان بەهەر حاڵێك بێت (سیخوڕێك) لەناو دەزگای (ئیستخباراتی ئیسرائیل)ی دا دروستبکەنو بچێنن.. پیاوێکی (میصر)یان ناردبو بۆ ئەوێ لەوێ ناویان نابو (دیڤد لیڤی) لەناو ئیسرائیلدا، کە ناوی خۆی (رائد) بو، ئەم کەسە توانی میسر ئاگادار بکاتەوە کە بڵێ لەڕۆژی ٥/ ئۆکتۆبەر/ ١٩٦٧ کاتژمێر (٥) بەیانی هەمو فڕۆکەکانی جولەکە هەڵدەستن لەفڕۆکەخانەکانی (میسرو سوریا) ئەدات، سوپای (هەردو وڵات) لەناو دەبات تکایە ئاگاداربن، جولەکە پەلامارتان دەدات، ئێوە خۆتان ئامادەکردووە پەلاری بدەنو دەستپێشخەری بکەن، بەڵام ئیسرائیل پەلامارتان دەدات).

کاتەکەو رۆژەکەو مانگەکەی لێئاگادارکردن.. بروسکەکەیان گەیاندە دەست (جەمال) هەواڵگران هەمو ئاگادارکران سوپا ئاگادارکرا فڕۆکەوانو سوپای وڵاتە عەرەبیەکان ئاگاداربون کەوا هێرش دەکرێت.

هەمویان زۆر بەجوانی زۆر بابەشی ئاگاداربوون.. ژمارەیان زیاتر، قەت ناشێ پێی نەوێری، بەڵام ئەوەی رویدا دەزانی چی بوو؟!

(کات پێنجی بەیانی بەبێ ئەوەی تەقە لەیەك چەکەوە بێت[٢]، یا بەرگری بکرێت، بەنارەزوی خۆیانو بەهێمنی هاتن چی فڕۆکەی میسری هەبو نیشێنرابۆوە جوان بۆردومانیان کردن.. سوتانیانن هەمو سوپای عەرەبیان لەفڕین خست.. بو بەسوپایەکی بێباڵو بێتوانا.. باشە فڕۆکەوانەکان لەئامادەباشیدا نەبون ئەی لەکوێ بون؟ دیارنین.. ئەملا.. ئەولا فڕۆکەوانەکان لەکوێن؟

---

[٢] تحطمت الطائرات عند الفجر ـ مذكرات ـ

کە سەیر ئەکەن ئەو شەوە هەرچیان هەیە لەئوتێلی (سەمیر ئەمیپ) لەقاهیرە هەر هەموویان کۆکراونەتەوە هەتا (٤)ی بەیانی (ئارەفیان) دەرخوارد دراوە، پاشان ئافرەتی سۆزانیان کردونەتە لایان‌و رایان بواردووە.. دەفەرمو هەموویان بە (سەتڵ)، ئاو ئەکرا بەسەریانا بۆ بەیانی لەزرمەی ناپاڵمەکان هەر هۆش خۆیان ناهاتنەوە.. ئەی (جەمال)ی (سەرەك کۆمار) ئەو لەکوێیە.. خۆی ئاگادارە..خۆشی سەعات ١٠ ی بەیانی کە هەمو شت تەواو بو ئاویان ئەکرد بەسەریا ئێستا ئارەقەکە بەری نەیابو سەرخۆش بو، ئەوە پێشەوای نەتەوەی عەرەب‌و رزگارکەری خاکی داگیرکراو پێشەوای ئەو هەمو موسوڵمانانە بوو کە کۆیان کردبونەوەو غەزای جولەکەیان پێدەکردن.. ئەگینا موسوڵمان ئەوە نییە لەبەردەم ئەو جولەکە ترسنۆکانەدا بشکێن، بەڵام ئەوانەیان داناوە بەپێشەواو (قائد).. ئاوا جولەکە لەهەمو لایەکدا پیاوی خۆی ئەچێنێ‌و دایدەنێ (٢٥) ساڵ زۆر زیاترەگەلی فەلەستینی کێ (سەرۆك‌و رزگار)کەریان بوو؟!

کێ حەقی بۆ وەردەگرتن.. کێ جولەکەی تەفرو تونا ئەکرد.. کێ دینی خوای سەر ئەخست!؟ (یاسر عەرەفات)

یاسر عەرەفات کێ بو؟ دروستکراوی خۆیان بو.. کاتێك تەیارەکەی کەوتە خوارەوە لەبیابانی (جەزائیر)، چۆن (ئیسرائیل‌و بەریتانیاو ئەمریکا) هەمو فرۆکەی خۆیان نارد.. بەپەلە بۆ دۆزینەوەی.. ئەمە لای خۆی گەورەترین (تیرۆلیستە) خوێن رێژە، تێکدەرە لەعەرەبدا.. دۆزییانەوە چونکە خوا نەخواست گەر نەمێنێ ئەی کێ ئەو گەل‌و خەڵکە هەڵخەڵەتێنێ.. کەس وەك ئەو نایتوانی (٤٠) ساڵ زیاتر گەلی فەلەستینی هەڵخەڵەتێنێ.. ئێستاش مردووە خاوەنی (٣٠) ملیار دۆلاری بلۆك کراو بوو.. خەریك بو لەسەر ماڵ‌و جێگەکەی ببێتە شەڕ، بەڵام یارییەکەی ئەو تەواو بو لەخەستەخانەکانی خۆیانا لەپاریس کۆچی دوایی کرد.. ئەمە هەمووی وازی سەیر سەیرە.

- مەلیك حسین پادشای (ئوردن) نەخۆشکەوت بەپەلە لەنەخۆشخانەکانی ئەوروپا ـ ئەمریکا باوەشیان بۆ کردەوە نزیك بۆوە لەمردن.. بەیاسای پادشایی برا گەورەکەی دەسەڵاتی ئوردن دەگرێتە دەست بۆیە لەجێگەی خۆی داینا.. بەڵام لەوەڵامی

مامۆستاکانیدا راستییەکەی وت.. ئەوان رازی نەبون.. بۆیە خێرا ناردیانەوە ئوردن‌و پێیان وت دەبێت (عبدالله) بکەیتە پادشاو لەژنە ئەوروپییەکەتە، بەڵێ کارەکەی ئەنجامداو خەڵکی ئوردنی قەناعەت پێکرد.. پاشان گەڕایەوە نەخۆشخانەو گیانی سپارد سەرۆکی ئەمریکا (کلینتۆن) ئامادەی ئەسپەردەکردن بو لەئوردن.. بۆ؟

لەسەرەتای دەسەڵاتیشیا گەورەیان کرد لەبەرچاوی خەڵکی کردیانە یەکەم فرۆکەوانی عەرەبی.

- حافظ ئەسەد سەرۆکی سوریا خۆپادشایی نەبو حوکمەکەی ئەی بۆ (بەشار ئەسەد)یان دانا، چونکە بەڵێنی دا لەباوکی دڵسۆزتربێت بۆ جولەکەو.. دژ بەکوردیش وەك ئاگربێت.

- ئەمانەو چەند کەسایەتیەکی گەورەو دیاری عەرەب‌و غەیری عەرەب چونەتە رێکخراوی (مارسۆنی)[٧]

- کارێکی تری جولەکەو کۆمپانیاکان هەرزانی نرخی ئەو کەرەسەو بابەتانەیە کە کۆمەڵگەی ساغی مرۆڤایەتی لەخشتە دەبات‌و گەنج هەڵدەوەشێنێ.. بەپێچەوانەوە گرانترین کەرەسەیە لەلای خۆیان وەك (جگەرەو ماددە کحولییەکان)

بەڕێزەکەم بەرچاو رونبەو سەرنج بدەو دڵنیاش بە ئەوانەی کە حوکمی دەوڵەتە ئیسلامیەکان دەکەن پیاوی خۆیانن، پەروەردەکراوی دەستی خۆیانن، لەبەر ئەمەشە ئەم دەوڵەتە ئیسلامیانە هیچیان پێناکرێت‌و ناتوانن کاری جدی بکەن. تەنها بۆ ئەوە

---

[٧] ماسۆنیەت: کۆمەڵێکی سەر بەجولەکەن لەپێناوی ئامانجەکانی جولەکەدا هەوڵدەدەن، سەرەتای دروستبونیان بەتەواوی نەزانراوە، ساڵی ١٧١٧ ز بنکەیەکیان لە (بەریتانیا) کردەوەو ناوی خۆیانناا (البنائیین الاحرار) کە دژایەتی هەمو ئاینەکانیان دەکرد (بێجگە لەئاینی جولەکە)، هەوڵی بڵاوکردنەوەی فەسادو خراپەیان دەدا، پاشان چەندەها بنکەیان لە (پاریس، ئەڵمانیا، سویسرا، هۆڵەندا، روسیا، سوید.. هتد) دا کردەوە، ساڵی ١٩٠٧ ز ژمارەی بنکەکانیان بەئەمریکادا گەیشتە (٥٠) بنکە، نزیکەی (یەك ملیۆن ئەمریکی) ئەندام بون تیایاندا، زۆر لەسەرکردەکانی وڵاتان سەر بەماسۆنیەت بون وەك (جیسکار دیستان‌و میتران‌و پانزە سەرۆکی ئەمریکی) دۆلاری ئەمریکی لەسەر دیوێکی (الختم الأعظم)ی ماسۆنیەتی پێوەیە کە (قوچەکێکەو چاوێکی لەسەرە) ـ مکاید یهودیە، فەرهەنگی بانگخوازان، ل١٧٠.

دانراون (ئیسلامو رۆڵەکانی) لاواز کەن. سەری موسوڵمانان پانبکەنەوە تا نەتوانن سەر بەرزکەنەوەو بچن بەگژیاندا.

هەمویان دنیاو کورسیان لەلاخۆشەویست کراوە.. قیامەتو ویژدانیان لەبیربردونەتەوە، دەستیان گرتووە بەسەر ئابوری وڵاتداو لەژێرەوەش بەشی جولەکە دەدەن.

- (حەسەن بەننا) رەحمەتی خوای لێبێت لەکۆمەڵی (برایانی موسوڵمان) (کەتیبەیەك) مجاهیدی نارد بۆ فەلەستین لەگەڵ کەسانی تر ساڵی ١٩٤٨ بۆ ئەوەی لەجولەکە بدات رۆحیان چوو سەری دنیایان لێهاتەوە یەك وتیان: خۆ عەرەبەکانمان بەفێڵ هێناوە، ئەمانە فێڵیان لێناکرێت.. ئەمانە بۆ هاتون.. هەرچییەکیان کرد ئەیانویست ئەو کۆمەڵە موسوڵمانە لەناوبەرن. چونکە ئەیانزانی ئەمانە پیاوی ئەمو ئەو نین.. ئەمانە راستن لەخۆبوردون بۆ خوا هاتون لەوێدا (جیهاد)یان لەگەڵ بکەن رۆحیان لەکەس نەچو بو لەوان نەبێت، قسەی سەرکردەکانیان دەڵێ: تا شەڕی ئێمە لەگەڵ عەرەبا، شەڕی جولەکەو عەرەب بێت ئێمە برودمانەتەوە.. بەڵام لەگەڵ بوو بەشەڕی (جولەکەو موسوڵمان) ئەوە ئێمەتیاچووین)، چونکە ئەزانن بە (ئیسلام) ناوێرن.. بەڵام کارێکی وایان کردووە زۆر بەئاسانی بەعەرەب ئەوێرن.

بەرێزەکەم زانیمان نیازی چیانە (جولەکە)، چونکە هەمو شتێ.. هەمو سەرکردەیەك دروستکراو پەروەردەکراوی خۆیانە.. بابزانین نیازی چیتریان هەیە جولەکە لەمەودوا.. بەچاوی خۆشمان ئەیبینین ئەگەر تەمەن باقی بێت.. بەبۆچونو حسابی خۆیان نەخشەکەیان لەساڵی ٢٠٠٠ دو هەزارەکاندا دەستپێدەکاتو کارەکانیان بەروبومەکانیان ئەدرونەوە.. (نیکسۆنو رۆناڵ رێگان) کە یەکی هەشت ساڵ سەرۆکی ئەمریکا بون ئەیان وت لەسەدەی (٢١) دا پلانەکان دەرئەکەونو ئەو هەراو بەزمەی ئەمانەوێت دەمێنیینەوە.

چونکە قەناعەتەکەیان وایەو لەناو (تەورات)ەکەی خۆیان ئەڵێ: لەدەشتی فەلەستین لەزەوی (ماجۆلینا) شەڕە جیهانیە گەورەکە ئەبێت کە دنیای پێلەناو ئەبەن کە (٤٠٠) ملیۆن سەربازی تیا کۆئەبێتەوە لەهەمو مەملەکەتی جیهانەوە شەڕ دروست دەبێت..

جیهانی تیا لەناو نەچێت.. لەدێر زەمانەوە ئەمەیان داناوە.. قەناعەتی خۆیانە.. لەسەر زەوی (بێڕەوشتی) دروست دەکەن پەرەدەسێنێ.. بەڵام لەکۆتاییدا (موسوڵمانان) لەناویان دەبەن.. ئەزانن ئەمە تەقدیری خواییە.

- دەوڵەتی روسیایان روخاند (شیوعیەت) ئەما بەدەمی خۆی (گوربارشۆف) وتی: ئەوا (یەکێتی سۆڤیەت) هەڵوەشاو (شیوعیەت) ئەما یەکسەر ئەمریکا لەبەرنامەی (**مایعبر عن الوجه النظر الحکومة الامریکیة**) لەدەنگی ئەمریکا وتی: ئێستا دوژمنی ژمارەیەکی ئەمریکاو غەرب لەدوای ئەمانی (شیوعیەت).. ئیسلامە.. بەڵێ ئیسلامە، بەئاشکرا لەرادیۆکەیاندا وتی: زۆبەی زانستو زانیارییەکان لەلای جولەکەیە.. کاری بۆ دەکەن، دەیکرن ئامانجیانە کەس هیچ نەزانێ خۆیان نەبێت، خۆیان هەمو شتێ بن لەجیهاندا بەهەر شێوەیەك بو کەشتیەکی ئاسمانی ئەمریکی هەڵدرایە ئاسمانو بۆ گەشتی مانگ کاری کرد، یەکێك لەسەرنشینەکانی پیاوێکی جولەکە بو. جولەکە زۆر شانازی پێوە دەکرد. کەشتیەکە کارەکانی ئەنجاماو ویستی بگەڕێتەوە سەر زەوی هەمو کەسە گەورەو بەتواناکانی جولەکە لەگەڵ هەمو دانیشتوانی شارەکانی ئیسرائیل لەفەلەستین بەمەلاین چاو چاوەڕی بوون جێگەو رێگەو خواردن ئامادەی ئەو ئاهەنگە کرا بو کە بەنیازبون بۆ ئەو کەشتیەوانەی بکەن، بەڵام لەنزیك بونەوەی لەسەر زەوی لەبەرچاوی ئەو هەمو کامێراو کەناڵانەداو مرۆڤایەتیدا.. ئیسرائیل ئەم خەوەی نەهاتەدیو (فرۆکەکە) بەئاسمانەوە سوتاو کەوتەخوارێ هەمو سەرنشینەکانی گیانیان لەدەستدا.. چاوی رەشی جولەکە کاڵ بۆوەو خواردنو جێگەی ئاهەنگ کرایە جێگەی پرسە، ساڵی ٢٠٠٢.. بەڵام بەرێزم لەئاسمان رویداو خوای گەورە پشتی شکاندن.. گەر لەسەر زەوی روویبدایە زۆر بەراشکاوی دەیان وت: (دەستی ئیسلامیەکان بووە ئەم تیرۆریستیەیان ئەنجامداوە)، بەڵام سوپاس بۆ خوا.

- بۆ زیاتر رون بون لەو کارو کردەوانە لەچەندین جێگەدا خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا باسیان دەکات، حەزرەتی (موسا) علیه السلام یەکەم پێغەمبەر کە لەهەمو پێغەمبەرەکان زیاتر ناوی لەقورئاندا هاتووە.. کە هۆزەکەی چەند ئالەبارو سەرسەختو

دور لەخوا بون، بەهیچ شتێك باوەڕیان نەکردووە.. داواکاریيان زۆر بووە، زۆر دنیا خۆشەویست بون.. ئازاری پێغەمبەرانیان زۆرداوە لەرابردودا.

پێشەوای مرۆڤایەتی محمد (درودی خوای لەسەر بێت) لەچەندین (حەدیسی سەحیحدا) باسی ناپاکیو ستەمی جولەکە ئەکاتو پاشان لەناوچونیان بەدەستی (محمدی مەهدی) (**ستكون بعدي خلفاء، وبعد خلفاء امراء وبعد الأمراء ملوك ، وبعد الملوك جبابرة وبعد الجبابر ة المهدي**).

(لەدوای من خەلیفە حوکم ئەکات پاشان کۆمەڵێ دێن (ئەمیرایەتی) ئەکەن دوای ئەوە دەسەڵاتی ئیسلام بو بەئەمیرایەتیو ئەمیرایەتیش نەما، دەسەڵاتی (مەلیکایەتی) پەیدا دەبێت کە ئەویش نەما ئەمجارە (دیکتاتۆرو ستەمکار) پەیدا دەبن (جبابیرە - ئەوانەی ستەمو ناحەقی لەخەڵك ئەکەنو ئەیانچەوسێننەوە، لەپاش ئەوانە ئینجا (مەهدی) دێت خوێنەری خۆشەویست.. ئەی دڵزاکاو بەتاوانی کەسانی سەردەم.. ئەی دڵپڕ هیواو ئاواتی کپ کراوە باش بزانە ئێستا سەردەمی (زاڵمەکانە) خەلیفەکان ڕۆشتنو ئەمیرەکان وەك (صلاح الدینو..) کە دوای روخانی (عەباسی)یەکان هاتن، پاشان مەلیکایەتیشمان بینی رۆشتن ئێستا حوکمو دەسەڵاتی (ستەمکار - جبابرە)یە کە حوکم بەئاینی خوا ناکەنو دژایەتی دەکەن.. پاشان (مەهدی)یە، دوای ئەویش شاری مەدینەی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) کاول ئەبێت دەڵێ: وایلێدێت (چەقەڵو گورگ)[8] دێتە لای (گۆڕەکەی پێغەمبەرە)وە کەس نییە دەریانبکات، کاروانی بەو ناوەدا دەڕۆن دەڵێن: بیستومانە لەزەمانی پێش ئێمەدا ئەم ناوە چەندەها کەس تیایدا کۆبونەتەوە لەدوای ئەمانەش، جەنگی جیهانی سێیەم دروست دەبێت لەحەدیسدا بە (مەلحەمەی عوچما) ناوی هاتووە، پاشان شاری قودس لەدەست جولەکە رزگار ئەکرێت، لەپاشاندا (دەجال)، دێت وەك کەسێکی ئاسایی وایە (٧٠,٠٠٠) جولەکەی ناوچەی خۆراسانی لەگەڵدایە

---

[8] چەقەڵ گورگ ئایا راستی دەبن یان کەسانێك دەبن وەك چەقەڵو گورگ ئەوە خوا دەیزانێ؟

لەدایك و باوكێك دەبێت كە (٣٠) ساڵ منداڵیان نەبووە، پاشان هەمو دەستەڵات و توانایەكی هەیە خاوەنی پارەی زۆرو نانی زۆرە.

خەڵكێكی زۆر دوای ئەكەون ئیدیعای (خوایەتی) ئەكات.. خەڵكە سادەو ساویلكە بڕوای پێدەكەن و ئیمانی پێدێنن بۆ هەمو لایەك دەچێت تەنها روەو مەدینەو كەعبە نەبێت. پاشان حەزرەتی (عیسی) دێتە سەر زەوی و (دەجال)، ئەكوژێ بەچەكێك كە تەنها ئەو لەو چەكەی پێیەو زۆر بەهێز دەبێت لەدەرگای (قودس)دا مرۆڤایەتی لەم (دەجالە) رزگار دەكات، ئەمانە نیشانەی گەورەی دنیا كۆتایی هاتنە كە بەكورتی: (هاتنی مەهدی ـ كاولبونی شاری مەدینە ـ رودانی جەنگی جیهانی سێیەم ـ گرانیەكی گەورەی سێ ساڵە ـ دوكەڵێكی گەورە (الدخان) كە هەمو سەر زەوی دەگرێتەوەو ماوەی ٤٠ چل شەو زەوی دادەپۆشێ، پاشان رزگاركردنی قودس، پاشان هاتنی دەجال پاشان دابەزینی حەزرەتی مەسیح ـ عیسا ـ "علیه السلام" هەموشی لەماوەی "٧" حەوت ساڵدا رودەدات، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) باس دەكات كە خەڵكی زۆر بەنارەحەت فریای بەدواداچوون و گوێگرتنی (متابعە) دەكەون لەكۆتاییدا خوا گەورە لامانبدات لەو نارەحەتی و سەغڵەتیانەو مرۆڤەكانی ئەو سەردەمەش بەئیمانداری بهێڵێتەوەو ئاگامان لەچركەكانی رۆژگارو هەناسەكانی مێژو بێت.. ئەم بابەتە زۆر لەمە زیاترو باشتری دەوێت، بەڵام هێندە بەسە.

نوێـژی بەیـانی

خوێنەری ئازیز/ دەزانیت کەسانی ساڵانی رابردوو بۆچی دور لەنەخۆشیو دەردو بەڵابوون؟ دەزانیت بۆ هێندە بەکارو تواناو لەش ساغو هیممەت بەرزو موتەقی بوون؟ بگەڕێرەوەو بەکردارەکانی خۆتاو بزانە لەچ لایەنێکەوە کەم تەرخەمیت هەیە؟ بەڵێن بدە.. عەزمی خۆت جەزم بکە.. گەر نەشت بو ئەوا زەنگی مۆبایلەکەت ئامادە بکە بۆ ئەم کارە خێرە.

پیاوی ئاشتی، سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل (ئێرۆن شارۆن) گەورە پیاوی جوولەکە لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵێت، ئێمە لەعەرەب ناترسین!

- ئەی لەموسوڵمانان؟

- لەوانیش ناترسینو تازە رەگمان داکوتاوە.

- هیچ کاتێك لێیان ناترسن؟

دوا وەڵام/ لەیەککاتدا لەموسوڵمانان دەترسین ئەویش ئەو کاتەیە کە ژمارەی نوێژخوێنانی بەیانیان گەیشتە هێندەی ژمارەی نوێژ خوێنانی نوێژی (هەینی ، جومعە) ئەو ساتە دەبنە مەترسی بۆ (دونیای جولەکەو دۆستەکانی)

بەڕێزەکەم.. مزگەوتەکان لەتۆی گەنج خاڵییە..

شەو زوبنو و زەنگی مۆبایلەکەت ئامادە کە پێش بانگی بەیانی بەئاگابێتەوە. دەستنوێژێکی خاوێن (أحسن الوضوء) بگرەو چەند رکاتێك شەونوێژ بخوێنە.. لەدواساتەکانی شەوە زەنگدا پەردەی گوێکانت بەدەنگی بانگی بڵندی مزگەوتەکان دەزرنگێتەوە.. لارەمڵو بێ ئیرادە نوێژی تەنهای بەیانی بەئەنجام مەگەمنەو بنویتەوە.. بەڵکو وەرە دەرماڵ، بەدەم وەڵامدانەوەی بانگەکەوە بەرەو مزگەوت هەنگاوی هێدی بنێ.. ئای! لەو کاتو ساتە کپو خامۆشو خۆشانە.

هەوا خاوێن ئاسمان بریسکە دەدات لەئەستێرە بێدارەکان.. کەشێکی رۆحیت لەلادروست دەبێت هەمو سونەتەکان دەتوانیت بڵێیت، گەرماڵەکەتان تۆزێ دورە مزگەوت بێت. چەند رکاتێك نوێژی سونەت لەماڵی پەروەردەگاردا بەجێ بگەیەنەو

لەریزی نوێژ خوێناندا رابوەستە.. لەدوای مامۆستاوە نوێژی بەیانیت بە (جەماعەت) بخوێنە.. بەناخی ئایەتو وشەکاندا شۆڕببەرەوە.. لەکۆتاییدا دەزانیت هەست بەچ ئاسودەییەك دەکەیت رۆحی پاکی ئیمانت گەشە دەکات.. (وێردوو ئەورادەکان) بەجوانیو بەدڵی ئامادەبوونەوە بخوێنە، بەو هەوا پاكو نەسیە خۆشەی بەرەبەیاندا بەرەو ماڵ بگەڕێرەوە، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێت) لەم بارەیەوە دەڵێت: بەجێهێنانی نوێژی (خەوتنانو بەیانی) بەجەماعەت خێری (شەونوێژی ئەو شەوەی هەیە) و لەبەرکردنی چەندەها لاپەڕەی کاری قوتابخانەو کاری تره، مەنورەوە.

ساتە ئامۆییەکان ناگەڕێنەوە.. قورئان بخوێنە.. ئەو ساتە هەست بە (تەدەبور) دەکەیت.. (خیر العمل في بكوريها) دەزانیت هەست ئاسکی چییە ئەزانی هەوڵو ماندووبون چییە؟ بەڵێ. دەزانیت بۆ رۆژەکەی چەندە چالاك دەبیت، گەر بەردەوام بیت چەندە رۆژگارەکانت بەش دەکات.

نەخشەی جوان جوان بۆ کاری ئەو رۆژەت دەکێشیت.. هیوادارم بتوانیت کاری بۆ بکەیت پەیمانم بدەرێ کە تاقی بکەیتەوە!! بەئاسودەیی چێژی ئەو چرکە ساتانە لەبنی دانی گەنجیتا دەرناچێتو دەبێتە مایەی خێروخۆشیو توێشوویەکی قیامەتی.. دڵنیابە ئەو کارانەی ئەمڕۆ لەکەناڵە تەلەفزیۆنیەکاندا ماندوت دەکاتو لەکات خەوت دەگرێ (تارمایی - سەرابێکە)و پاش هەڵهاتنی خۆری رۆژێکی نوێ شێرە بەفرینە ئاسا دەتوێتەوە.

لەدوا پەیڤی ئەم ساتە پڕ خۆشیو شادییەدا هیوای بەردەوامیو کامەرانیو دڵسۆزی دەخوازم لەپەروەردگاری گەورە داواکار شادبن.

والسلام عليكم و رحمة الله وبركاته

ئەوینی دایکم

دوای گەڕانەوەم لەدەرەوەی وڵات

ن/ عبدالعزدین حمدان

و/ م. عبدالقادر علی

ح.ح.م کە لاوێکی هەستیارەو لەزەلکاوی نەفامیدا درێژەی بەژیان نەداوە خۆی دەڵێت:

کاتێك باوکم لەژیان دەرچوو.. چووەوە باوەشی خاكو ئارامی گرت، من منداڵێك بووم وەك خەو ئەو ساتو ڕۆژگارانەم دێتەوە یاد، دایکم بەخێوی کردم.. پەروەردەی کردم بەو بڕە پارە کەمەی کە لەماڵان بەرەنجی شانو باڵو شەونخونی دەستی دەکەوت کە (جل شۆری ماڵان ـ نانکەری ـ کارەکەری) بۆ ئەوەی من بەعەزمی ژیان ئالودەکاتو ببمە دارو لەسایەو بەری بحەوێتەوە.. زۆر بەنازداریو تاقانەیی ناردمیە بەر خوێندن.. بۆ ئەوەی خوێندن تەواو بکەمو لەدوارۆژدا دایکی پیری لێقەوماو پشویەکی خۆش بداتو بحەسێتەوە.

قۆناغی (سەرەتایی ـ ناوەندی ـ دواناوەندی ـ زانکۆم) تەواوکرد، زۆرم خۆش ئەویست زۆر بەوەفابووم لەگەڵیدا، بێفەرمانیم نەکرد، بەباڵای بەرزما هەڵی ئەڕوانیو ئەلحەمدولیللای دەکرد. بەباشم زانی بۆ تەواو کامڵ بوونی بڕوانانەکەم بەرەو دەرەوەی وڵات بارگەی غەریبی هەڵگرم!

دایکم لەگەڵما هاتو بەرێی کردم لەڕێگا ئەتوت یەکەم جارە ئامۆژگاریم دەکات زۆر بەقوربانو بەساقەم دەبوو، ئەیوت: کوڕم من هەر تۆم هەیت.. ئازیزەکەم ئاگات لەخۆت بێت، کارێك نەکەیت خوا پێیناخۆش بێت، ڕۆڵە شیرینەکەم ژیان ئەم چەند ساڵەی

تەمەن نیە، زۆر وریابە کوڕی خۆشەویستم تکایە تا دەتوانیت لەنامەو هەواڵ پرسینت بێبەشم نەکەیت.

منیش بەزەردەخەنەیەکی بێڕۆحانەوە دەموت: جا کێ بۆت دەخوێنێتەوە.. خوا گەورەیە.. با بگەم.

پاش چەند ساڵێك پاش چەندین بەسەربردنی کات لەبێ کاتیدا.. خوێندنم تەواو کردو بەپلەو پایەی بەرزەوە بۆ لای دایکم‌و شارەکەم گەڕامەوە!

بەڵام لەگەڵ گەڕانەوەمدا کۆمەڵێ: (دابو دەستوری رۆژئاوا)م لەگەڵ خۆم بەخەڵاتی جەستەیی هانی بوو، من بەناو لەخەڵکی جیا دەکرامەوە.. زۆر گۆڕابوم.. هاوڕێ‌و دراوسی بەباشی هەستیان ئەکرد.. تا رۆژێکیان گوێم لێبوو باوکی (خ) قسەی بۆ منداڵەکانی دەکرد:

رۆڵەکانم ئەگەر پلەوپایەو بڕوانامەی بەرز.. هەندەران.. ئاوا مرۆڤەکان بگۆڕن! ئەم بڕوانامەیە بەتورێکی قوڕاوی، زانست‌و زانیاری ئەگەر (ئەخلاق‌و ئەدەبی) لەگەڵ نەبوو بیخەنە تەنەکە خۆڵی بەر دەرگاوە بابڕوات بۆ شوێنێکی پیستر.

بەڵێ: من گاڵتەم بەهەموو شتێك لەژیان دەکرد.. تەمەن‌و ژیانم تەنها پارە کۆکردنەوەو چێژی حەرام بوو، بەڵێ چێژی حەرام‌و هیچی تر.

بەهۆی بڵندی بڕوانامەکەمەوە کارێکی زۆر باش‌و بەرزم دەستکەوت، پاشان خولیای ئافرەت‌و ژنهێنان دای لەکەللەم.. دایکم زۆری پێخۆش بوو، خێرا ئافرەتێکی زۆر رێك‌و پێکی بۆ دۆزیمەوە، بەڵام ئاخ.. ئاخ بەدڵم نەبوو، دەزانن بۆ؟ چونکە سەروەت‌و سامانی زۆری نەبوو! دوای ئەوە ئەو ئافرەتەی کە خۆم دەمویست دایکم حەزی ناکرد ببێتە هاوسەرم، بەڵام هەر کردمە هاوسەری ژیانم.

شەش مانگ بەسەر خێزانداریماندا تێنەپەڕی بوو هەستم دەکرد خێزانم دایکمی خۆش ناوێت، وایلێکردم کە وا منیش دایکم لەبەرچاو بکەوێت‌و لێم ببێزرێت، تا ئەوەی رۆژێکیان گەڕامەوە ماڵ دەبینم خێزانەکەم دەگری.. کە لێم پرسی: ها.. هۆی چییە ئەگریت؟ چی قەوماوە؟

وتی: لەوەزیاتر ئارام ناگرم یا من یا دایکت دڵنیابە نەبێت یەکێکمان هەڵبژێریت.. ژیان وا ناچێتە سەر.. ئیتر ئارەزووی خۆتە! خۆی راوەشاندو بەتورەییەوە چووە ژوورەکەی خۆی، منیش.. منێکی داماڵراو لەئاداب و نەریتی ئاینی و کۆمەڵایەتی.. بەچکە رۆژئاوایی.. زۆر تورەبووم هەر خێرا دەستی.. دەستی دایکم گرت و رامکێشا تا دەرگای دەرەوە.. بەپاڵێك فڕێمدایە دەرەوە، بەڵام لەدوا سەرەنجیا نزای خێرو چاکەی بۆ نەکردم.. هاتمە ژوور کەمێك حەسامەوە.. خێزانەکەم وەك سەرکەوتوی پاڵەوان لێوانی ئاوی بۆ هانیم.. بەنەرمێکەوە وتی: بژی پیاو.. دەستخۆش، بەڵام دوای کپ بوونەوەی تورەبونەکەم پەشیمان بومەوە چومەوە دەرێ تا دایکم بدۆزمەوە.. بیهێنمەوە بۆ ماڵ.. بەڵام ئاخ نەمدۆزییەوە.. سەری خۆی هەڵگرتبوو، لەو نزیکانەش نەمابوو!

گەرامەوە ژوورێ باری غەم و هەناسەی ساردم لەبیرچۆوە خێرا خێزانەکەم باسەکەی لەگەڵدا گۆریم، دایکمم لەیادچۆوە.. ئیتر هەواڵی دایکم نەما.. ماڵ سەرانسەر گۆرا.. گۆرا پاش چەند مانگێك لەکارێکمدا دوچاری نەخۆشییەکی سەخت هاتم.. کحول.. ماڵ.. دارایی.. گەنجی .. بروانامە، هەموویان لەدورەوە سەیریان ئەکردم.. لەنەخۆشخانە کەوتم.. خێزانم کەم کەم سەردانی ئەکردم.. دایکم زانیبووی نەخۆشم هاتبووە سەردانم، بەڵام پێش گەیشتنە لام خێزانەکەم دەری کردبوو نەیهێشتبوو بم بینێت.

پاش چەند هەفتەیەکی تر لەنەخۆشخانە هاتمەدەر.. باری دەرونی و تەندروستیم هەتا ئەهات روو لەخراپی بوو.. واملێهات نەتوانم لەکارەکەمدا بەردەوام بم.. قەرزێکی زۆر کەوتە سەرم کار بەمەش نەچووە پێش، تا رۆژێکیان خێزانەکەم زۆر بەراشکاوی و راستەوخۆو بێهیچ شەرمێك وتی: تۆ نەخۆشیت.. من بۆ لەشساغی و رابواردن و بروانامەو سەروەت و سامانەکەت شووم پێکردووی، بەڵام بەداخەوە تۆ ئێستاو داهاتوش نەخۆش ئەبیت.. ئیفلاست کردووە، هیچت نەماوە دڵنیابە ناتوانم لەگەڵ تۆ بژیم، دەبێت تەڵاقم بدەی!

بەراستی هەواڵێکی ناخۆش یان داواکارییەکی زۆر قورس بوو.. ناچار پاش چەند قسەوباس و ئامۆژگاری سودی نەبوو تەڵاقم دا..بەتەنهایی مامەوە.

رۆژێکیان لەسەر قەرەوێڵەکەم لەبیری تەمەنی رابردوو کارە دزێوەکانما بووم یەکسەر راپەڕیم.. وەك بڵێی تا ئێستا خەوتبێتم.. زۆر پەشیمان بوومەوە.. بەڵام دوای چی؟! هاتمە دەر وەك کەسێکی نەشارەزاو نامۆ کۆڵان بەکۆڵان‌و کوچەو گەڕەك دەگەڕام بەدوا ئەو کەسەدا کە نۆمانگ بوبومە جێگە ئازارو خۆشی.. ئەویش دایکە بەوەفاکەم بوو.. دوای ماندوبونێکی زۆر زۆر دۆزیمەوە.. بەڵام لەکوێ‌و لەچ حاڵەتێکدا.. لەچ گوزەرانێکی ژیاندا. ئای غیرەت..

دەبینم لە کەلاوەیەکدا کەوتووە خێرخوازان ژەمە خواردنی دەدەنێ‌و شڕەوشیتاڵی لەخۆوە ئاڵاندووە.. چوومە لای دەبینم گریان سیمای تێکداوە.. روخساری شێواوە.. بۆیە خۆم خستە سەر قاچەکانی‌و گریام.. بەڵێ گریام.. ئەویش وەك من گریا، بەم شێوەیە هەردووکمان بۆ ماوەی یەك کاتژمێر زیاتر گریاین. لەو رۆژە بەدواوە هێنامەوە ماڵەوە، پەیمانم بەخوا دا تا ماوم بەندەی خوای گەورەو خزمەتکاری دایکم بم.. پەروەردگار چی پێخۆش بێت ئەوە بکەم.. گوێڕایەڵی دایکم بم.. دڵیم نەلاواند.. دەموچاویم دەشت، دەستنوێژم پێهەڵئەگرت.. خواردنی چاکم ئەنایە زاری.. شەوانە تا چاوی نەچوایەتە خەو.. نەئەخەوتم.. لەگەڕانەوەمدا تا دەستیم ماچ نەکردایە دانەئەنیشتم، ماوەیەکی زۆرە هەر ئاواین.. ئینشائەڵڵا هەروا دەبین. هەمو خوڕەوشتی ئەورووپام لەخۆما دورخستەوە.ئەی خۆشەویستانی خاوەن دایك‌و باوك، خوای گەورە خەڵاتی کردوم کە لەگەڵ دایکمدا خۆشترین ساتەکانی تەمەنمان بەسەر دەبەین.

خوای گەورە لەهەموو لایەك خۆشبێت‌و بیکاتە توێشوی ئەو دنیامان. بەفەرمودەیەکی پێشەوای مرۆڤایەتی (محمد) درودی خوای لەسەر بێت کۆتایی ئەم رووداوە دەهێنین؟

الجنة تحت أقدام الأمهات (بەهەشت لەژێر پێی دایکانەوەیە) بەڕازی کردنی دڵیان بەهەشت مسۆگەر دەکەین، ئینشائەڵڵا.

سەرچاوە/ رۆژنامەی البلاد ژ ٩٠٢١

زللەی میهرەبانی[1]

لەدوای راپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری ۱۹۹۱ و پەیدابونی گرانیو کەمدەستی، کوردستان بووە جێگەی چەندین (رێکخراوی بیانی) بۆ هاوکاریو یارمەتی دانی خەلکی هەژارو نەداری کوردستانو ئاوەدانکردنەوەی (گوندو شارۆچکەکان) بەچەندین کاری مرۆڤانە وەك (دروستکردنی مزگەوت، قوتابخانە، پرد، نەخۆشخانە، سەرچاوەی ئاو و ئاودێری، راکێشانی جادە، قەلاچۆکردنی نەخۆشییەکانی کشتوکالو مەڕو مالات، ئەلغام هەلگرتنەوە، بەخشینی خۆراكو پارە بەدانیشتوانی شارو گوندەکانو قوتابخانەکان، هەریەکەو لەولاتێکەوەو هەریەکەو بەشێوازێکی جیاواز کەوتنە خزمەتی (قوتابیان، دانیشتوان، نەخۆشخانە..) دامەزراندنی چەندین کەسی بەتوانا لەلای خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان بەپارەیەکی باش لەو رۆژگارو سالانەدا.

برایەك دەگێڕێتەوە: دوای کارەساتە جەرگبڕەکەی هەلەبجە ئاوارەبوینو لەدوای راپەڕین لەسالی ۱۹۹٤دا لەئێران گەڕاینەوە، وتیان: فلان رێکخراوە (سێ بزن دەدات بەهەر مالێك کە لەئێران گەڕاوەتەوە، منیش چوم ناوم نوسیو پسولەی هاتنەوەم تەسلیم کرد، پاش ماوەیەکی زۆر دەسیو ئەمرۆ بەسبەی ئیتر لەو باوەڕەدا نەبوم بماندەنێ، هەتا ماوەی سێ سال پاشان وتیان وەرن بزنەکەتان وەرگرن ـ منیش وتم: شەرت بێت گەر راست بێت سێ بزنمان بدەنێ، یەکێکیان دەکەم بەخێرو بەسەر دەرو دراوسێدا بەشی دەکەم.

---

[1] بەدەستکارییەوە لەهەفتەنامەی (یەکگرتو ژمارە ۱۹۲) سالی ۱۹۹۸/٦/۲٦ وەرگیراوە.

لەگەڵ چوار ماڵی تردا چوین بۆ شوێنی ڕێكخراوەكەو حەیوانەكانم بینی كە زانیم ڕاستە نەماندەنێ، شەیتان چووە ناو دڵم و نیەتی خێرەكەی پێ گۆڕیم لەدڵی خۆمدا وتم: هەرسێكیان دەفرۆشم و گیسكێكی بچوك دەكڕم و دەیكەم بەخێر خۆ خێر هەر خێرە، ئیتر بێئاگابوم لەوەی كە خوای كاربەجێ ئاگادارە بەم كەین و بەینەو، بەپێی نیەت گۆڕینەكەم پاداشتم نەداتەوە. بەڵێ لەگەڵ چوار ماڵەكەی تر بزنەكانمان وەرگرت و بەهەمومان گەلابەیەكمان گرت و بارمان كردن، خۆمان لەپێشەوە سواربوین، لەنیوەی ڕێدا دابەزین، كە سەیری حەیوانەكانمان كرد یەكێ لە سێ بزنەكەی من كە بەساغی بارمان كردبون مرداربوبوەوە.. زەنگی پەشیمانی لێیداو یەكسەر بەخۆمدا چومەوەو لەدڵی خۆمدا وتم:

ئەمە زللەی میهرەبانی خوابو.. تا تەسلیمی نەفسی سەركەشم نەبم، چونكە بەڕاستی وەكو خوای گەورە دەفەرموێ (.. **إن النفس لأمارة بالسوء إلا ما رحم ربي**) (٥٣-یوسف).

شەیدای گۆرانیم

فریشتە: کچە خوێندکاری پۆلی پێنجەمی قۆناغی دواناوەندی بوو لەو کەشە ئاڵۆزەی گوزەری کردبوو بەسەریا بۆمان دەدوێت:

زۆر حەزم لەگۆرانیو دەنگی گۆرانی بێژانو مۆسیقا دەکرد، بەردەوام رادیۆکەم لەسەر گۆرانی دادەنا.. ئەگەر رادیۆ نەبوایە ئەوا کاسێتی ناو تەسجیلەکە.. ئەمدیواودیو دەکرا.. یان شریتی CD و کلیپە سەمابازییەکان.. گوێم لەهەموو گۆرانییەك دەگرت.. نەمدەزانی گۆرانی چاكو خراپ هەیە.. بۆیە هەواڵ پرسینی هونەرمەندان.. خوێندنەوەی کاروباری رۆژانەیان، چاوەدێری کردنی هاتنە بازاڕی بەرهەمی نوێیان کاری بەردەوامم بوو، واملێهاتبوو کە بڵێم دەتوانم واز لەهەموو شتێك بهێنم تەنهاو تەنها گۆرانی بیستن نەبێت.. بەرهەمی خۆماڵیو بێگانەم دەکڕیو بەتاسەوە گوێم بۆ رادەگرت لەگەڵیا نەموتەوە.. ئەوەی کە تێبینەدەگەیشتم هێندەی ئەوەی کە تێی دەگەیشتم حەزم بەبیستنی دەکرد، بەشێوەیەك نارەزەء گۆرانی بیستن بوم کە ئەگەر سۆزو بەزەیی خوانەبوایە ئەوا سەرگەردان دەمام خەریکە یادم ئەچێت بەرگی کتێبو دەفتەرە گەورەکانم وێنەی گۆرانی بێژەکان بوو بەرەنگو روخساری جیاجیاوە.. لەگەڵ هاوەڵەکانما، باس باسی گۆرانیو کاسێت گۆڕینەوە بوو! بەڵام قەدەری خوا وابوو نزیك بەنیوەیساڵی خوێندن مامۆستایەك نەقڵ بوو بۆمان تا بڵێی رێكوپێك، هێمن.. زیرەك.. روخۆش.. کراوە بوو لەگەڵ قوتابییەکان زۆر بەنەرمیو بەخۆشی مامەڵەی لەگەڵ دەکردین.. لەهەواڵو بارودۆخی هەمومانی دەکۆڵییەوە بەهەموو شێوەیەك یارمەتی دەدایین.

دەیبینیم کە بەردەوام خەریکی گۆرانی وتنم لەبەرخۆمەوە، رۆژێکیان بەتەنها پێی وتم: باشە دادە فریشتە گیان گۆرانی وتن بۆ پشودانە ئەگەر تۆ هێندە خۆت بەگۆرانی

وتـن سـەرقاڵ بکـەیت بەچـی پـشویەك بـەخۆت دەدەیـت!؟ دوای ئـەوە گـۆرانی وەك هەرشتێکی تر دوسەرە(بنیات نەر) (روخێنەر) تۆ جیاوازی ناخەیتە نێوانیان، وە تۆ ئێستا قوتابیت پێویستە خوێندنو کۆشش باش بکەیت داهاتویەکی گەشو رون لەپێش بگریت.. نەك ئاوا کاتی خۆت بەخۆڕایی بەسەربەریت! ئایا وایە خوشکی شیرینم یان نا؟

منـیش زۆر بەسـادەیی‌و خـوێن ساردییەوە وتم: بـەڵێ! بـەڵام بـۆ خۆشـیو کـات بەسەربردنە، بۆیە بەردەوام لەداخی ئەو بەدەنگی بەرز گۆرانیم دەوت، نەمدەزانی ئـەم مامۆستایە وەك خوشکێکی بـەوەفاو دڵسۆزم وایـە، لەدڵسۆزییەوە قسەو ئامۆژگـاریم دەکات، بەڵام ئەو بەو هەڵوێستە خوارانـەی مـن تێکنەچوو، بـەردەوام بـوو لـەئامۆژگاری کردنم.

رۆژێکیان وتی: باشە ناترسیت تـۆ بـەم شێوەیە سـەرزەوی بـەجێبهێڵیتو هاوڕێکانـت ئەسرینت بۆ برێژن.. پاشان دور لەخواو یاسای خوا بژیت.

وتم: خوا بەرەحمە تۆ بۆ ئەوەندە رەش بینی ئەی خوا (غفور و رەحیم) نییە؟!

مامۆستا وتی: ئەی نازانیت لەگەڵ ئەوەشدا خوای پەروەردگار (**شدیدو العقابە**)!

دوایـی وتم: باشـە ئەگـەر خـۆم بـەم گۆرانیانـەوە خـەریك نەکـەم چـیبکەم؟ بەچـی بێتاقەتی خۆم بەسەربەرم!؟

مامۆسـتا وتـی: کـاتی خـۆت بەبیـستنی کاسـێتی سـودبەخش بەسـەربەرە (کاسـێتی زانستیو کۆمەڵایەتیو رامیاریو ئیسلامی) چەنـدینی تر بێنەو ببیستە!

وتم: ئەمانەی تۆ باسیان ئەکەی لەکوێ دەستم دەکەون.. شتی وا کوا هەیە؟!

وتی: دیارە تۆ تەنها ئەو تۆمارگایانە دەزانیت کە لەو جۆرە بەرهەمەی پێشتر باسمان لێوەکرد دەفرۆشن.. مـن ئێستا ناونیشانی چەند تۆمارگایـەکت دەدەمـێ بچۆ بـۆ لایـان دەتوانیت سودی تەواو وەربگریـت، پاشـان پێویـستە خـۆت بەزانـستو زانیـاری پـڕ چـەك بکەیت نەك بەبابەتێ کە سبەینێ بەسەربچێ.

مامۆستاکەم زانی من بەڕاستی گوێی لێدەگرمو بەپەرۆشم بـۆ رۆژی دوایـی کاسێتێکی بۆ هێنام، پڕ بو لەئامۆژگاری بەرزو جوان سەرنجی راکێشام، بەڵام تۆزێك گوێم لەگۆرانی دەگـرتو تـۆزێکی تـر لەئامۆژگاریـەکان، تـا ئـەوەبوو بێتاقـەت بـوم نـەمزانی گـوێ

لەکامیان بگرم. پاش ماوەیەك کەوتمە بیرکردنەوە.. ئاخۆ کامیان سودم پێدەگەیەنێت؟ گۆرانی خراپ یان ئامۆژگاری بەرز بۆ کیژێکی وەك من لەم بەهاری تەمەنەدا؟!

زۆر بەقەناعەتەوە کە شارەزابووم ژیان ئەوە نەبوو منی هەرزەکار تێگەیشتبووم بەزویی ڕام گۆڕی، بڕیاری یەکجارەکیم دەرکرد کە کاتی خۆم بەشتی خراپو بێکەڵکەوە بەسەرنەبەم.

ئەو کاسێتانەم هەمووی سڕییەوە بەرهەمی (سرودو گۆرانی گونجاوو بابەتی جۆراوجۆر)م لەسەر تۆمارکردن.. ئەوەی سودبەخش دەبوو چێژم لێوەردەگرت دەمدایە دەستە خوشکەکانم.

لەسەرەتاوە حەزم لەهەندێك یاساو پابەندی ناکرد.. بەڵام سوپاس بۆ خوا پاشان مامۆستاکەم وردە وردە گۆڕام.. گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە پۆشینی بەرگی شەرعی بەجێهێنانی فەرمانی خوایە چۆن گوێڕایەڵی دەکەم بۆ نوێژو ڕۆژو ئاواش گوێڕایەڵی دەکەم بۆ خۆداپۆشین.. تا ڕۆژێکیان مامۆستاکەم خەڵاتێکی جوانی کردمو پێشی وتم:

لەلای مامۆستایان زۆر خۆشەویست بویت.. چونکە نمرەکانت سەرسامانە زیادیان کردووەو لەشانی قوتابیە زیرەکەکاندایت، الحمد لله.. منیش دڵم پڕبو قورگم گیرا.. هەرچۆنێك بێت وتم:

مامۆستا گیان ئەمە پارمەتیو هیدایەتی خوایە سوپاست دەکەن.. پاشان ئەمە خەڵاتی ئێوە بێت.. ئەی ئەبێت خەڵاتی خوایی چەندە گەورەو فراوان بێت.. ئەی ئەبێت پەروەردگار چەندەی پێخۆشبێت، ئیتر ڕۆژ بەڕۆژ روو لەزیرەکیو گەشەی روحی بوو، الحمد لله.

لەکۆتاییدا بۆم دەرکەوت کەناڵەکانو دەزگای لاوان گرنگی بەگۆرانی دەدەن تا گەنجان لە (قورئانو ئادابی جوانو رەوشتی بەرز دور بکەونەوە) وە سوپاسی ئەو مامۆستا بەڕێزش دەکەم کە لەراستیدا تەنها مامۆستای وانە نەبوو بەڵکو مامۆستای پەروەردەکارو رەوشتو ئایینداری بوو بۆ هەموو خوێندکاران.

هیـوادارم مامۆسـتایان بـەو گیانـە بـەرزەوە لاوان گۆشـبکەن‌و بیکەنـە ئەنـدامێکی سودبەخش بۆ کۆمەلگا.. بڕیارمدا لەداهاتودا ببمە مامۆستاو ڕێگەو ڕێبازی ئـەو بـەڕێزە بەر نەدەم.. بڕیارمدا

تێبینی: مامۆستا (ئەورەسی) ڕەحمەتی خوای لێبێت لەبارەی مامۆستاوە دەڵێ: یـەك‌و یەك نابێت قەت بکاتە دوو دەبێت بکات (١١) یـازدە.. واتـە دو مامۆسـتا بەرامبـەر یـازدە مامۆستابن لەهەمو ڕویەکـەوە ئەگـەر سیان بـون ئـەوە دەبێت بکەنـە (١١١) سـەدویازدە.. دەبا ئێمەش مامۆستایان خۆمان پڕ چەك بکەین بەزانست‌و زانیاری سەردەم‌و نوێگەری‌و گەشاوە هەڵهێنجراو لە "کتاب‌و سونەوە" سەرکەوتوبن..

مامۆستا گیان تۆ پێشەنگی جوانانی

چرای روناکی خاکی کوردستانی

"بەختیار زێوەر"

سۆزی شێرە بەفرینەکان

و/ عبدالقادر علی

(یاسەمین خیام) کچی مامۆستای قورئان خوێن (مەحمود خەلیل الحصري) بە ناوی تەواوی خۆی (إخراج الخضري) لەمنداڵییەوە لەناو خێزانێکی موسوڵمان‌و دینداردا چاوی هەڵهێناو پەروەردەیەکی باشی وەرگرت لەسەر دەستی باوك‌و دایکی.. خۆی دەگێڕێتەوە کە لەمنداڵیدا باوکی کوڕو کچەکانی کۆدەکردنەوەو قورئانی بەسەردا دەخوێندن جا هەر کات یەکێکیان رۆژانە (یەك پەڕە لە قورئانی) لەبەر بکردایە ئەوا - قرشێکی - دەدانی کە پارەیەکی باش بوو، ئەم هاندانەی باوکی وایکرد کە چەند سورەتێکی زۆر لەبەر بکات.. دەنگە خۆشەکەی باوکیشی بەمیرات بۆ مابۆوە.

باوکی زۆری دڵپێخۆش بوو کە کچەکەی ناوا رێگای باوکی گرتووە لەخزمەت قورئاندایە.. گەورەبوو شوی کرد، بەم شێوەیە ئافرەتێکی ملتزم (پابەند) بوو، بەڵام کە شوی کرد هاوسەرەکەی هیچ خەمی لێنەدەخوارد، بۆیە یاسەمین کەوتە داوێکی بچوك بەمەبەستی خستنەناو تۆڕێکی گەورەتر، ئەویش ئەوە بوو چەند کەسێك لەناوازدانەران هاتن بۆ لای وتیان: تۆ ئەو دەنگە خۆشەت هەیە کە بەهرەیەکی خواییە حەیفە بەندەکانی خوا لێیبێبەش ببن، ئێمە ناڵێین گۆرانی خراپ بڵێ، بەڵام - تواشیح - ی ئاینی هەموی - مناجاتە - ە لەگەڵ خواداو باس لەخۆشەویستی پێغەمبەر دەکات (درودی خوای لەسەر بێت)، بۆیە حەز دەکەین تۆش لەو خێرە بێبەش نەبیت.

دوای ئەوە (یاسەمین) قسەکانی بیست کەوتە گومان، بەڵام هەڵفریواندنی بەمەبەستی خزمەتی بە (ئاین) وایکرد بکەوێتە داویانەوە، ئەوانیش خێرا بەدەمیەوە هاتن ناوازی جۆراوجۆریان بۆ دانا، ناوی کەوتە سەر روبەری رۆژنامەو گۆڤارەکان، وایلێهات بو بەنامێری دەستی ئەو کۆمەڵەی کە باسمان کرد، کار لەمە ترازا بەناوی ئەوەی (کێ

بەگۆرانی وتن کافر دەبێت، هونەر بۆ خزمەتی جەماوەرە)، بەیەکجاری هەڵخلیسکا، باوکی رەحمەتی زۆری پێناخۆش بوو، لەملاو لا گلەیی‌و گازندە روی لەباوکی پیری ئەکرد.. باوکیشی دەیوت:

- (من چی لێبکەم تا لەماڵی مندا بوو زۆر پابەند بوو، ئێستا کە شوی کردووە لەسنوری دەستەڵاتم چۆتە دەرەوە).

کاری ئەو دەستەیەی پێشوو هەر بەمەوە نەوەستا، باس هاتە سەرباسی جوانیەکەی (کە چەندە ئافرەتێکی جوانە، رێکوپێکە، بەس گرفتی ئەوەیە بە ـ مۆدێل ـ جل‌وبەرگ ناپۆشێت)، دوای ماوەیەك هۆش خۆی هاتەوە ویستی رزگاری بێت لەداوی خراپەکاری، بەڵام ئیرادەو ویستی لاوازی خۆی وایکرد کە رزگاری نەبێت، باوکی خواناسی بەو داخەوە سەری نایەوەو کۆچی دوایی کرد.

تا ئەوە بوو لەساڵی ١٩٩٢ سەردانێکی (فەرەنسا)ی کرد کە گەیشتە ئەوێ سەیری کرد حکومەتی (فەرەنسی) بە (وەزیرو گەورە کاربەدەستانەوە) خەریکی چارسەرکردنی کێشەی (دو کیژی) تازە لاون، یەکەمیان (عائیشە ٢٠ ساڵ) و دوەم (فاتمە ١٨ ساڵ) کە لەبەر ئەوەی خۆیان داپۆشی بوو رێگای خوێندنیان پێنەدەدرا، بەڵام خۆگری ئەمان بو بە مایەی ئەوەی حکومەتی (فەرەنسا) لەگەورەترین دەستەڵاتەوە (پۆزش) بۆ ئەم دو کچە خواناس‌و باڵاپۆشە بهێننەوە ئەمانیش بەسەربەرزییەوە رویان کردەوە خوێندنەکەیان‌و بەرگی شەرعیان نەگۆڕی.

ئەم روداوە زۆر بەتودنی ـ یاسەمینی ـ راچڵەکاند، کەوا ئەم چەندە بڕوای لاوازەو دڵی خۆشە موسوڵمانە، کەچی بەپێویستی خەڵکی بەرگ دەپۆشێت، نەك بەو شێوەیەی خوا لەقورئاندا باسی لێوە کردووە.

کە گەڕایەوە دەستێك جلی درێژی پۆشی، بەڵام هێشتا مەرجە شەرعیەکانی تیادا نەبوو، پاش ماوەیەك رووی کردە مزگەوتی (المهندسین) کە (**مصطفی محمود**) وتاری تیا دەخوێندەوە، لەوێ لەگەڵ (زهیرە العبد) ئاشنایەتی پەیدا کرد، کە لێپرسراوی چالاکی مزگەوتەکە بوو، کە ئەمیش وەختی خۆی بەرگی باڵاپۆشی (شەرعی) نەپۆشیبو،

بەڵام دوایی تەوبەی کردو گەڕایەوە ـ یاسەمین داوای کرد لە (زهیر العبد) نزای خێری بۆ بکات ئەمیش بێتە ریزی ئەمانەوە.

بەمەش دڵی ئارام نەبۆوەو ئاوی نەخواردەوە چوو بۆ لای زانای پایەبەرزو هاوچەرخ خوالێخۆشبوو (محمد الغزالی) ئەویش ئامۆژگاریەکی باشی کرد.

دوای ئەوە (یاسەمین) بەجارێك گۆڕاو وازی لەو (بەناو هونەرمەندانە) هێناو ژیانێکی نوێی دەستپێکرد.

یەکسەر (مەڵبەندێکی قورئان لەبەرکردنی ئافرەتان)ی لەتەنیشت مزگەوتەکەی باوکی کردەوە.

گەورە زانایانی بۆ بانگ دەکردن تا (وتار) یان بۆ بخوێننەوەو ئەوانیش وەك پیاوان لەئاینی ئیسلام شارەزا ببن، پاشان چەندان (پێشبڕکێ) لەبوارەکانی (زانستی ئیسلامی، زانستی هاوچەرخ) دا سازدا.

بەم شێوەیە ـ یاسەمین الخیام ـ بووە مەشخەڵی بانگەواز بۆ خوشکانی لەسەر سفرەی ئیسلام .. بۆ ئەوەی ئافرەتانیش ئەرك‌و مافی خۆیان بزانن لەڕوانگەی شەرعەوە.. خوای گەورە تەوبەی قبوڵ بکات، هیدایەتی گشت ئەوانەش بدات بۆ تەوبەکردن کە تاوان ئەنجام دەدەن. (یاسەمین) لەدوای ئەو هەموو گێژاوە زانی نرخی ئیسلام چەندە باڵایە.

بەڕێزەکەم پەندو ئامۆژگاری زۆر بەدی دەکەین لەم رووداوە واقعی‌یانەدا بەگشتی‌و ئەم روداوەش بەتایبەتی:[1]

١- نەشارەزایی (باوك) بۆ دۆزینەوەو هەڵبژاردنی هاوسەر بۆ رۆڵەکانی.

٢- باوك چەندە شارەزای دین بوو، بەڵام لەکۆمەڵناسیدا کەم ئەزمون بوو.

٣- ساویلکەیی‌و سەرجەنجاڵی هاوسەرکەی‌و لێنەپرسینەوەی لە (یاسەمین) کە چی دەکات.

٤- زۆرزانی‌و زاڵمی دەوروبەر کە گورگ ئاسا پەلامار دەدەن.

---

[1] ئامادەکردنی: ئاوات ابوبکر

٥- لێبڕانی (دوژمن بەدین) بۆ لەخشتەبردنی خوشکان‌و برایانی خاوەن کەسایەتی بەهێز.. بەچەندین هۆکاری دنیایی.

٦- لەکۆمەڵگەی کوردیشماندا چەندین (نوسەرو شاعیرو ئەدیب‌و ڕۆشنبیرو خوانناس) بەرچاو دەکەون کە ئەوەندەی گرنگیان بەکۆمەڵگا داوە نیو ئەوەندە گرنگیان بەماڵ‌و منداڵیان نەداوە تا بە (پەروەردەیەکی گەش‌و جوان) جگەرگۆشەکانیان گۆشبکەن، بۆیە خۆیان جێگەیان کوێر بۆتەوە.

٧- ترسانی وڵاتانی زلهێزو خاوەن دەسەڵات‌و دەمپڕ لەهاواری دیموکراسی لە لەناوچوونی (دەسەڵات‌و کورسی) ڕێگە بەمرۆڤی پاک‌و چالاک نادەن.. چونکە دەزانن خۆیان چەندە لاوازن‌و هەگبەکانیان پوچە، ئەندامەکانیان لەدەست دەچێت بەروناکی مەشخەڵی بالاپۆشان.

٨- خوێن ساردی‌و تەریک وەستانی (خوشکان) لەبواری زانست‌و زانیاری‌و زانستە (ئیسلامیەکاندا)، ئەگەر سەرنجت دابێت (ئافرەتان) بۆ هەموو جێگەو ڕێگەیەک دەرگایان بەڕودا والایە، بەلام بۆ (مزگەوت)و فێربوونی پەیامی خوای گەورە (قەدەغەیە).

٩- کۆڵنەدان‌و گەڕانەوەی بەهێز، ئاکامی بەهێزە، بەلام کەوتن‌و هەڵنەستانەوە زۆر ئابڕو بەرانەیە.. خوای گەورەش (تەوبە)ی تاوانباران بەپاکی قبوڵ دەکات.

١٠- سەیرنەکردن‌و بەزۆرنەزانینی تاوانی بچوک بەتاوان، بێهیواش نەبون لەرەحمی خوای گەورە.

١١- یەکێک لەگەورە جولەکەکان دەڵێت: ئەوەی بەگۆرانیەک‌و بادەیەک شەراب دەیکەین لەوانەیە بەچەندان تۆپ‌و چەکی قورس‌و سوپا بۆمان نەکرێت.

١٢- با خوشک‌و خێزان‌و کەسمان ڕو لەو جێگە خێرانە بکەن کە یادی خواو پەیامی خوای تیا فێر دەبن، ئەگەر چونە جێگەیەک فێری زانست‌و پێشکەوتنی نوێ بون با ئەو جێگەیە لەڕوی شەرعیەوە باوەڕپێکراو بێت‌و ئافرەتی‌و نرخی خۆی لەدەست نەدات.

١٣- داکەندنی بەرگی شەرعی ئافرەتان لەفەرهەنگی هەندێك کەسدا پێشکەوتنە، بەڵێ پێشکەوتنە بەرەو دۆزەخ.

١٤-ئەگەر مۆدیلات‌و فڕێدانی بەرگی شەرعی ئافرەتان پێشکەوتن بوایە، دەبوایە ئێستا (سلێمانی) خاوەنی چەندان (کەشتی ئاسمانی‌و بنکەی ئینتەرنێت‌و بابەتی پێشکەوتن بوایە) بەڵام ئایا وایە؟!

١٥- وانەوەرگرتنەو گەڕانەوە لەوڵاتانی غەریبی‌و غوربەتداو هەستکردن بەچێژی بڕواداری‌و پەیامی مرۆڤایەتی بەدەر لەو چێژو هەستەی کە لەناویان دەژین یان بڵێین کاتێك (ماسی نرخی ئاو دەزانێت کە دێتە وشکانی‌و تاسەی چونەوە ناو ئاو دەکات)، یان (مرۆڤ کاتێك هەست بەئاسانی‌و نیعمەتی هەوا) دەکات کە دەچێتە نەخۆشخانەی (بوژاندنەوەی دڵ‌و هەناو) "ئینعاش"

سەرچاوە:

١) اسرار وراء حجاب الفنانات ل ٩٢-٩٥.

٢) کاسێتێکی وتاری شێخ احمد القطان کە وتاربێژێکی ناسراوی کوێتیە.

لاوێکی زانکۆ و
گەڕانەوە بۆ جیهانی رۆحی پاک[1]

بەڕێزەکەم سۆمای چاوە گەشەکانت شاد وەرەو لەم دەفەری بەهارە وەرزییەتا بۆ ساتێك گوێ لەزایەڵەی زەنگی ئەو لاوانە راگرە کە لەکاروانێکی دوری بێخۆرەوە بۆ روناکیو ئاسۆی گەشی ئەم هەوارە نوێیە سەرتاسەری بەبەختیارییەوە گەڕاونەتەوە..

ئەزانیت لاوان کۆڵەکەی کۆمەڵو هیوای دوارۆژی گەلانن؟!.. بەڵێ!

ئەزانیت نەیارانی پرۆگرامەکەی خوا بۆ گەیشتن بەئامانجی تەڵخیان بەربەرەکانی ئەم پەیامە خواییە دەکەن؟

ئەمەش بزانە هەوڵو توانایان بەهەموو نرخێك لەکاردایە بۆ لادانی لاوانو توێژی رۆشنبیران بۆ گوناهو تاوانکاری کە لەفەرهەنگی بێگوڵیاندا ئەمە هەموو بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتییە!

دڵنیام گەنجو لاوی زۆرت دیوە تەنها لەزماندا نەبێت ئیتر لەهیچ رواڵەتێکی تردا لەکوردو رۆڵەکانی ئەم شارە خۆشەویستەمان ناچێت! زۆر نامۆن.. بەنامۆی گەشە دەکەن بەنامۆیی گوزەر دەکەن.. تا لەتاراوگەو لانەوازیو غوربەتدا بۆ دواجار چاوی گەشی بێهیوایان تاریك دادێ.

یەکێك لەرۆژهەڵاتناسەکان دەڵێت:

- گەر دەتانەوێت وڵاتانی (ئیسلامی) بخەنە ژێر رکێفی خۆتانو ئیسلام قەلاچۆ بکەن ئەوا خەریکبن هەرچی بۆتان ئەکرێت لاوەکانیان توشی لادان بکەن، با لەبەرنامەو

---

[1] مرۆڤ پێکهاتووە لەسێ کەرەسەی گرنگ (لاشە، رۆح، ئیمان)ە بەنەبونی یەکێکیان مرۆڤێکە هاوەڵەکانی پەلەی شاردنەوەو کردن بەژێر گڵیا دەکەن.

بانگەوازی ئیسلام دوربکەونەوە، تا وایان لێدێت هەر بەناو موسوڵمان بن.. وایان لێبکەن شانازی بەرابردوو کەلەپوری خۆیانەوە نەکەن، بۆ ئەوەی کە ڕەوشتو دەستوری خۆتان بلاّوبکەنەوە هەوڵ بدەن لایان دەن، ئەمەش تەنها بەوە دەکرێت فێری بەرەڵایی و بێڕەوشتییان بکەن! بەهەرچی هۆکارێكو شێوازو کەرەسەیەك بووە.. تا وایان لێدێت شانازی بەژیانو دەستورو بیرو ئایدیۆلۆژیای ئێمەوە بکەن.. با خۆیان بە کەم بزانن..

- قەشە زویمەر:

یەکێکە لەگەورە موبەشیرو خۆرهەڵاتناسەکانی خۆرئاوا لەکۆنگرەیەکی تەبشیری لەشاری (قدس) دا لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دەڵێ:

(ئێمە پێویستە موسوڵمان بکەین بەمەخلوقێ پەیوەندی بەخواو بەسەرمتا ئەخلاقیەکانەوەش نەمێنێ کە ژیانی ئاسایی هەموو گەلێکی لەسەر بەندە.

موسوڵمانان بکەین بەمەخلوقێك تاکە (ئامانج) و کۆتا (مەبەستیان تێرکردنی گەدە - سك - و جنسیان - شەهوەت - بێت)!!

دڵنیام کاریان بۆ کردووە رەنگیشی داوەتەوەو جێگەدەستیان لەجیهانی ئیسلامیدا دیارە، بەلاّم ئەوان بەنهێنیو ژێر بەژێر کاردەکەنو خەنجەر ئاسا کۆمەڵگە دەبڕن.. بەلاّم ئێمەی جیهانی ئیسلامی دەمی هاوارو قسەی زلو دەرخستنی بەرنامەو کاری نهێنیمان لەچاوتروکانێکا پەخش ئەکەینو کردەوەکانمان زۆر لاوازە، کەمیان نییە.. بەڕێزم با لە (لاو) دورنەکەوینەوە سەرنجبە بابزانین ئەم گەنجە لەمیحرابی ئەسریندا چ پەشیمانیەك هەڵدەڕێژێت.. چۆن باس لەخۆی دەکات.. چۆنو چۆن.

هەمو زەمەنەکانی ژیانم بەبەردەوامی خەریکی کاری بێهودەو خراپەکاری بوم، هەرچەندە لەمنداڵیەوە (باوكو دایك)م بەزۆر نەك بەقەناعەت نوێژیان پێدەکردم، بۆیە دەڵێم نوێژەکانم ریاکاری بوو.. مەبەستم ئەوەبوو باوکمو دایکم ئەوەندە لەگەڵم نەڵێن.. هەر لەمنداڵییەو بەهۆی هاوڕێی خراپەوە فێری (جگەرەکێشان) بووم.. قەت ئاگام لەموسوڵمانان نەبوو.. نەمزانی بارودۆخی موسوڵمانان چۆنە!؟

لەزانکۆ لاوێکی سپی دەم بەپێکەنین‌و هێمن قسەی لەگەڵ دەکردم.. تا بڵێیی هێمن‌و زیرەك‌و لەسەرخۆو دڵسۆز بوو، بەڵام من رقم لێیبوو.. چونکە ئامۆژگاری خێری ئەکردم کە باشبم‌و جگەرە نەکێشم.

رۆژێکیان لەزانکۆ برێك گۆڤارو بابەتی جۆراوجۆری پێشان دام سەبارەت بە (کوشتارو لەناوبردنی موسوڵمانانی چیچان) لەسەر دەستی کۆمۆنیستەکان) دا هەروەها موسوڵمانانی (بۆسنەو کۆسۆڤۆ و زۆر وڵاتی ئیسلامی تر).

کە بینیم زۆرم پێناخۆش بوو. بەڵام ئەویش ماوەیەك بوو.. لەبیرم نەماو چووە گۆشەی بیرچونەوەوە.

کاتێك کە بانگ لەبڵندگۆی مزگەوتەکانەوە دەدرا، دڵی من‌و دیوارەکەی تەنیشتم تەریب بون زۆر لەیەکدەچوون لەوەڵام دانەوەو بەرەوپیرچونیدا!

چەند جارێك لەهەواڵەکاندا گوێبیستی (کوشتاری بەکۆمەڵی موسوڵمانانی چیچان‌و بۆسنە ئەتك کردنی پیاوانی کشمیر) دەبوم لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە کە خۆیان بەهەڵگری ئاڵای سوری شۆڕش دەزانی‌و پەیامی یەکسانی‌و رزگاریان لەدەستابوو! پەیامی مرۆڤ بەراستی، بەڵام تەنها بەدەم.

بەڵام وەك بۆم باسکردن هەر ئەو کاتە بوو دوایی لەیادم دەکردو بیرم نەدەما.

هەر لەزانکۆدا کۆمەڵێ هاوڕێم هەبوو کە (کاسێتی ڤیدیۆ CD)ی وێنەی نابڕوتکێن‌و پڕ لەبێ شەرمیمان دەگۆڕییەوە.. هەرچی تازە بکەوتایە دەست یەکێکمان ئەوا ئەوی تریش بەشداری بینینی دەکرد.. بەڵێ ئەمە گوزەران‌و حاڵی لاوی گەلێکە کە شانازی دەکات کە رۆشنبیرو مۆدێرن‌و موسوڵمانە.

رۆژێکیان ئەو هاوڕێیەی کە باسم کرد هات بۆ لام، بەڵام رەنگ‌و روخساری گۆڕابووە گەش‌و ڕوخۆش‌و بەنەدەب‌و ویقارەوە لەقسەکردندا وتی:

- کاسێتێکی باشم بۆ هێناوی هیوادارم ئەمشەو بتوانیت سەیری کەیت! منیش کاسێتەکەم لێوەرگرت.. بردمەوە بۆ ماڵ زۆر بەتامەزرۆوە بەدیارییەوە دانیشتم هەر کە پەنجەم خستە سەر ڤیدیۆکە بەم شێوەیە کاسێتەکەی پێشکەش کرد!

تۆمارگای ـ قرتبە ـ ئیسلامی کاسێتی (خاچپەرستی سەر لەنوێ) پێشکەش دەکات، چیم بینی خوایە؟! کوشتنی موسوڵمانو ئاوارەکردنو ئەتك کردنی ئافرەتو لێدانو گۆڕی بەکۆمەڵو گریانو هاواری منداڵو کاولو روخاندنی منارەو مزگەوتو مەزراو بازاڕو دوکان. خۆم بۆ نەگیرا نەخێر خۆم بۆ نەگیرا گریام!! گریام!! زۆر گریام، هەستم کرد توشی لەرزوتا هاتم!! وام هەست دەکرد یەکێکم لەو قوربانیانە کە لاشەم سەربڕدراوەو وێنەی خاچ لەسەر لاشەم هەڵکەندراوە.

زۆر جوان بۆم دەرکەوت ئەم هەمو کوشتارە تەنها لەبەر ئەوەیە (ئەمانە موسوڵمانن) گەر بێتو ئەمانیش بەندەی خوا نەبونایە.. ملیان بۆ ئارەزوبازی بکردایەو بتەکانو بیروباوەڕە هەڵبەستراوەکانی پاپاو خراپەکارەکانی ئەمانیان بەپیرۆز بزانیایە حاڵیان بەم شێوەیەی لێناهات.

ئەو شەوگارە خەو لەچاوانم تۆرا.. ئەمدیواو دیوم زۆر کرد.. نەمزانی چی بکەم.. سەیرم کرد وا مانگەشەوەو تیشکی زیوینی هاتۆتە سەر مێزەکەمو کتێبخانەکەم.. لەو گۆشەنیگایەوە چاومکەوت بەو قورئانەی چەندین ساڵە بەس بۆ بەرەکەت بەبێناز دانراوەو ووشەیەکی لێنەخوێنراوە.. تۆزی لەسەر نیشتووە، بۆیە بەوپەڕی تامەزرۆییەوە لەئامێزم گرتو ماچم کرد، کە لەلایەکی نوسرابو (لا یمسه إلا المطهرون) ٧٩ الواقعه.

بۆیە خێرا چووم خۆم خاوێن کردەوەو دەستنوێژێکی جوانم گرتو خێرا قورئانەکەم کردەوە دەستم کرد بەخوێندنو گریان.. لەو دنیا کشو ماتەدا تەنها هەنسكو قوڵپی گریانو دەنگی من دەبیسترا.. بەردەوام قورئانم خوێند، شەیتان هاتە خەیاڵمو پێی وتم: هەستە برۆ بنوو.. خوا چۆن لێت خۆش نەبێت.. تەوبە نەکەی! زاڵم.. برادەرەکانت بەیانی چاوەڕوانتن بەوشکیو دور لەم دنیا ئاڵو واڵایە ژیان بێتامە.. وازبێنە) تۆزێك وەستام.. پاش چەند ئایەتێك گەیشتمە ئەو ئایەتەی کە خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

(و إذا سالك عبادي عني فإني قريب أجيب دعوة الداع إذا دعان فليستجيبوا لي وليؤمنوا لعلهم يرشدون) [٢]

بەردەوام بوو.. تا کاتێکم زانی دەنگی (الله أکبر.. الله أکبر)ی مزگەوت هاتە گوێم.. خۆم بۆ نەگیرا یەکسەر بەرەو پیری بانگی خوا لەبەندەکانی رووەو مزگەوت چوم بۆ نوێژکردن. بەڵام بڕوا بکەن لەبیرم چوبۆوە چۆن دەستنوێژ بگرم.. پیاوێکی نورانی ریش قەڵەمی سپی پیرم بینی پێم وت: ئەگەر زەحمەت نەبێت دەستنوێژ بشۆو بابیرم بکەوێتەوە؟ ئەویش زۆر بەگەرمی وتی: بەسەرچاو

فریای جەماعەت کەوتم لەوساتەوە ژیانم گۆڕا.. تەواو گۆڕا.. ئیتر لەو بەیانەوە ژیانم گۆڕاوە.. خەریکی کاری چاکەو وتەی چاکەم.. سوپاس بۆ خوا دورکەوتمەوە لەخراپەو خراپەکاریو خراپە وتن.. داواکارم لەخوای گەورە پشتو پەنای ئەو کەسانەبێت بۆ گەڕانەوە بۆ لای بەرنامەکەی خۆی، کە تا ئێستا نەیانتوانیوە بەرەو دنیای پاکبوونەوەو خۆ رزگارکردن لەتاوانو گوناھ بچن.

خوای گەورە تەوبەی ئەم لاوەو تەوبەی گشت لایەك قبوڵ بفەرموێت کە تەنها بەندەی خوای باڵا دەست بین لەژیاندا لەژێر سایەی دەستوری ئیسلامدا بژینو سەرفرازی قیامەت بین ئینشائەڵلاو باق بریقەکانو کورسیو پلەو پایەو نانو کاری کەس کارمان تێنەکات.. چونکە خوای گەورە چی لەچارەت نوسیبێت ئینشائەڵلا ھەر دەبێت.. ئەمرۆ ناسبەینێ.

---

[٢] ئایەتی ١٨٦ البقرە.

بەڕێوەبەرێکی خیانەتکار[1]

زۆربەباشی دەمانناسی هاوڕێی دێرینی باوکی رەحمەتیمان بوو لەرۆژانی پێشمەرگایەتیدا کاك (س) هاوسەنگەرو هاوڕێیو خۆشەویستی شەهیدی سەرکردەی باوکمان بوو.

بەچاوی رێزو خۆشەویستیەوە سەیرمان دەکرد.. لەخۆشەویستیدا پێمان دەوت "مامە" باوکم شەهیدی سەنگەری کوردستان بو لەیەك شەڕدا "مامە"ی تازەو باوکم بەشداریان کردبو زۆر نەبەردبوو، بەڵام باوکم کە ئەو ساڵانە ئێمەو دایکیشمی برد بۆ (گوندێکی) ئازادکراوی ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگەی کوردستان دایکم بەرگی ماتەمو رەشی پۆشیو ئیتر باوکمان نەگەڕایەوە لامان شەوانە بەفرمێسکی دایکمان دڵتەنگ دەبوین، رۆژانەش بەسۆزو خۆشەویستی خەڵکی گوندو هاوڕێ خۆشەویستەکانی باوکمان گۆش دەکراین، حکومەتی عێراقی بەزەبری سوپای زۆرو چەکی تازە ئەو گوندەیان کاول کردو هێزی پێشمەرگە "مقەڕ"یان گواستەوەو ئێمەش لارەملو سەرگەردان ماین ناچار رومان کردەوە شارو زۆر بەکەساسیو کرێچێتی دەژیاین من کچە گەورەی دایکم بوم تەمەنم زۆر نەبو دو خوشکی بچوکتر لەخۆمو برایەکی چەند مانگەش کە دایکم ناوی نا "غەمگین" بەهۆی ماتەمی باوکمەوە ئەگەرچی ئەو ناوە کچانە بو، بەڵام دایکم گوێی پێنەدا.. دایکم لەشار دو ژوری پەیداکردو بەهەژاری دەژیاین.

جارجارە پارمەتی شۆڕشمان بۆ دەهات.. جارجارەش بەبێ شێو سەرمان دەنایەوە.. زۆر هەژارو گوناح بوین.. دایکم زۆرکاری تاقیکردەوە سەرکەوتو نەبو.. ناچار بەپارمەتی بەرو دراوسێو هەندێ لەخزمان دەچوین بەرێوە.. بەڵێ بە کەوچکی ماڵان دەژیاین.

---

[1] لەترسی رۆحی روخاوم نەتوانم ناوی بهێنما (کچە شەهید).

رۆژگـار روی لەگـەڕان کـردو سـوپای عێـراق نـشوستی هـاوردو ئێمـەش بـەهاوڕێو خۆشەویستانی باوکم شادبوینەوە کاك (س) زۆر سەردانی دەکردین هـەمو کاتێـك بـەبێ دیاری ناهاتەلامان چاوی سۆزو خۆشەویستی بۆ دەگێڕاین.. هـەمو کات دایکـم دەیـوت.. رۆڵـە گیـان راکـەن دەسـتی مامتـان مـاچ کـەن.. مامـان بـووە کاربەدەسـتی حزبـی لـە (فەرمانگە)یەکدا.. منیش بالام پەیدا کردبوو.. رۆژێك مامم وتی:

کچی خۆم وا دایکت دانیشتووەو تۆش گەورە بوی بۆ نایەیت لە (فەرمانگەکـەی خـۆم) بەکارێکی باش داتمەزرێنم.. دایکم زۆر خۆشحاڵ بو بەو هەڵوێستەی مامم.. منـیش رازی بوم شەڵلا ملم بشکایەو ئەو کارەم نەکردایە.. ئاخ..

رۆژگـار تێپـەڕی ساتەخۆشـەکان گەشـەیان دەکـرد.. پـارەو پـولی باشـم بـۆ دایکـم ئەهانیەوە دایکم زۆر دڵشاد بو.. برا بچوکەکەمو دو خوشکەکەم پۆشتە کـردەوە.. پـاش ماوەیەك کرامە (سکرتێرە)ی مامم و مامم بەرزبۆوەو کورسییەکەی جوانترو باشتر کـرد.. رۆژانە چـەندین میوانو کەسـایەتی گـەورە سـەردانیان دەکرد، یـەکێك بـۆ کـاری حزبـی یـەکێك بـۆ کـاری شەخـصی یـەکێك بـۆ پلەوپایـەی پێـشمەرگایەتی.. مـامم زۆر گۆڕابـوو، بەلام من زۆر بەباشی گوێم بەو گۆڕانەنادا.. رۆژی وا هەبوو درەنـگ دەهاتـە فەرمانگـە.. دەمپرسی: مامە گیان خۆ ناساغ نەبوی بۆ دواکەوتی؟!

بەڕەقیو زبری دەیوت: ئـەوە کـاری تـۆ نییـە دانیـشە.. پۆرتم ئەشکاو دادەنیـشتمەوە لەسەر کورسییە شکۆدارەکەم..

شتێك زۆر نارەحەتی کردم.. چەند ئافرەتێکی داماوی رەشپۆشی دایکم ئاسایی هاتنـە لایو چـەند داواکارییـەکیان لێکـرد، بـەلام مـامم زۆر بـەدڵڕەقی وەلامـی دانـەوەو دەری کردن.. پاش هێمن بونەوەی چومە لایو بەباشی تێمگەیاند کە: ئەوانـەو کەسـانی ئـەوان بون ئەم رۆژە گەشەیان بۆ تۆ دروستکردووە، لەکورسیو مێزەکەی هەستاو هاتە لامەوە..

زۆر بەسـەیر سـەیری کـردم وتـی: راسـت دەکـەی، بـەلام ناکرێـت هەچـی داواکـرا خێـرا جێبەجێ بکرێت.. دەبێت بەبەرنامە بێتو کاری بەوردی بۆ بکرێـت وانیـە کچە جوانـە خوێن شیرینەکە.. پێکـەنینێکی زۆر جیـاوازی کـرد.. هەسـتام هاتمـە دەر لـەلای پـاش

چەند رۆژێك چەند کەسێکی پۆشتەو رێكو پێك هاتنەلای.. بانگی کردمە ژوور بەزمنگەکەی.. هەموویانی پێناساندم.. زۆر کەیف خۆش بو لەگەڵیاندا..

پاشان وتی: ئەو (کارگوزارە-فەراش)ەم بۆ بنێرە.. چومە دەرێو فەراشەکەم بۆ نارد، ئەویش بەبۆڵە بۆڵ هاتەوە دەرو سینیەك "قاوە"ی بۆ بردن پاش هاتنەوەی وتم: ها کاك (ع) ئەوە چییە؟ بۆ شێواویو بۆڵە بۆڵ دەکەیت؟

وتی: ئەمانە هەندێکیان کاسەلێس بون بەهۆی ماستاوچێتیانەوە هاتونو داوای پلەوپایەو زەویو ماڵ دەکەن.. دیاری باشیشیان هێناوە، بەڵام دایکی شەهیدو کوردی ساغو پاك بەتوڕەبونو قسەی ڕەق دەردەکرێن.. راستی دەکرد.. بەڵام لەبەر نان نەبڕینم منیش قسەم نەکرد.

چەند ئافرەتێکی کەشخەو شۆخ هاتنە لای بەڕێزەوە رایی کردنو گوێی بۆ داواکارییەکانیان شل کردو کاری بۆ کردن.. من زۆر بێتاقەت بوم..

بەڵام هیچم بۆ نەکراو نەوترا.. کە دەگەڕامەوە هەمو گۆڕانکارییەکانم بۆ دایکم دەگێڕایەوە.. جارجارەش درۆشم دەکردو دەموت: دایە گیان مامم زۆر سەلامی لێدەکردیو هەواڵی ساغو سەلامەتیتی دەپرسی.. ئەویش دەیوت: خوا پایەداری کاتو بۆ ئێمەی بهێڵێ.

رۆژێکیان مامم بانگی کردمە ژورەکەی زۆر لێم وردبۆوە هاتە لامەوەو وتی: سوپاس زۆر ماندوم کردوی چیت ئەوێ بۆت بکەم؟! تەنها خۆشیت.. سوپاس، بەڵام چەند قسەیەکی بۆ کردم بۆنو شێوەیان زۆر لەمامێیەوە جیاواز بوو بەجێم هێشت.. پاش چەند سەعاتێك هاتەدەر لەژورەکەی وتی: کچی جوان من دەرئەچم گەر هەواڵیان پرسی تازە نایەمەوە بۆ رۆژی دوایی، پاش تەواوبونی دەوام منیش گەڕامەوە.. هەستم بەدڵە خورپەو خۆشەویستی دەکرد دەمزانی مامم نیازی چی هەیەو بەنیازی چییە.. رۆژگارەکان تێپەڕین هەناسەو سۆز گۆڕا.. خۆم دایە دەست مامی هەوا بازم.. بەسۆزی رازی بوم.. خۆشم نامزانی بۆچی!! مەیلی بێئیرادەم یا سۆزی خۆشەویستییان بەڵێنی پوچو بێفەر یانو چەندین یانی تر..

بەڵێ رۆژێک مامم وتی: ئەمرۆ چەند میوانێک دێت ئاگاداربەو دەست بەخۆتا بهێنە..سکرتێرە دەبێت زۆر جوان بێت وەك تۆو جوانتریش.. هەر چاوەڕوان بوم کەس نەبو.. کات درەنگ بو کەس نەبو.. فەرمانگە چۆڵ بو هەمو کارمەندەکان (واژو -ئیمزا) یان کردو رۆشتن.. چومە ژور بۆ لای.. بەچاوێکی پڕ خۆشەویستیەوە بۆی ڕوانیم.. مامە گیان کەس دیار نەبو برۆمەوە. زۆر لێم نزیك بۆوە دەستی خستە سەرشانم هەناسەی تێکەڵ هەناسەم کرد.. چاوی بڕیە چاوەکانم هەستم بەترس کرد.. وتی: مامە بەقوربانی جوانیو شۆخو شەنگیت بێ رۆشتنەوەی چی.. چەند رۆژە لەم فەرمانگەیەدا کار دەکەیت.. بۆ ئەم ساتە بووە.. تۆ شو ئەکەی منیش پارەدارم ژن ئەهێنم وەرە پێشەوە.. بەو قسەیەو چەند قسەیەکی تر روخامو خۆم تەسلیم کرد.. چەند کاتژمێرێك پێکەوە بوین.. نزیك عەسرێکی درەنگ بەخۆشحاڵیەوە گەڕامەوە.. دایکم وتی: کچم بۆ درەنگ گەڕایتەوە؟

وتم: دایە گیان میوانی (فەرمانگە - دائیرە) زۆربون منیش ناچارمامەوە.. ئیتر لەو رۆژەوە خۆم بەهاوسەری مامم حساب دەکردو زۆر لەجاران زیاتر خۆم رێكو پێك دەکرد.. خۆشیەکان سنوریان نەما.. لەگەڵ هەر چونە ژورەومیەکدا بەلێوی سوراوەوە گۆنای مامم بەجێ دەهێشت.. زۆر بەباشی ئالودەی بوم.. چەند مانگێك تێپەڕی بەمامم وت: کەی بچینە دادگاو کاری هاوسەریمان ئاشکراکەینو زەماوەند سازکەین. ئەویش دەیوت: پەلەت نەبێت با ژنەکانی ترم رازی بکەم.. ئەوسا کاری (دادگا) ئاسان دەبێت.

سەیارەکەی پارەو سەروەتەکەی لەخزمەتمابون.. زۆر خۆشحاڵ بوین.

رۆژێکیان باسی باوکمی کردو وتی: هیوادارم توانیبێتم دڵو رۆحی باوکت رازی بکەم کە ئێوەم خۆشحاڵ کردووە... پاشان مرۆڤەکانیش خۆ گانین لەیەك پێستدا بمێننەوە.. رۆژی شاخ گۆڕا ئێستا رۆژی شارەو پێشکەوتن رۆڵی خۆی دەبینێ.. چەند قسەیەکی ئارەزوبازی کردو هەستی جنسیم سات بەسات زیادی دەکردو خۆم بۆ شل دەکرد.. ئەگەرچی من لەتەمەنی (کچو کوڕە)کانیدا بوم، بەلام زۆر خۆم لێگۆڕا بوو.. زۆر بەکەمی حسابم بۆ پرچی سپی دایکم دەکرد.. بەفیزەوە ماڵم گۆڕی بوینە خاوەنی

خانویەکی تازە.. بەمنەتەوە دەموت: لەسایەی منەوە ئەمەتان دەستگربو. بەڵام دایکم دەیوت: هیچت نەکردووە ئەم خانوەش بەناوی مامتەوەیە.. راستی دەکرد مامم وتی: تا دەمرن تیایدا بن، ئەوەش لەبەر تۆ کچی جوان.

رۆژگارەکان دەبونە سەعات.. بەڵام چەند کەسێکی فەرمانگە هەستیان کردبو منیش بۆ ساغ بونەوەی "زەواج" رەتم دەکردەوەو دەم وت: ئێمە لەفەرمانگەدا وەك خێزان کار دەکەین.

چەند مانگێك تێپەڕی هەستم کرد (سك - حمل)م هەیەو بە (بەڕێوەبەر)م وت ئەویش وتی: زۆر ئاسانە پارەت دەدەمێ بچۆ لەلای یەکێك لەباری خۆتی بەرە، منیش بۆ ئاشکرانەبون‌و نەروخانی کەسایەتیم‌و شەرم لە دایکم هەستام ئەو کارەم ئەنجامداو رزگارم بو. زۆر هیلاك بوم زۆر گران بو نیوە مردو بوم.. کاتێك چومەوە ماڵ دایکم لەماڵ نەبو بەسەردان رۆشتبو، ئەو شەوە نەگەڕایەوە.. بۆ بەیانی بەلاوازی چومە سەرکارو بۆ (بەڕێوەبەر)م باسکرد،، هاتە لامەوە شڵپەی لەلا رومەتم هەستان بەسمێڵە زبرەکانی‌و وتی:

برۆرەوە ماڵ‌و بۆ ماوەی (یەك هەفتە) ئیجازە بە.

بەڵێ گەڕامەوە ماڵ‌و دایکم هاتبۆوە، بەنەخۆشی سەرماو سۆڵە خۆم رزگار کرد.. دو دەستە خوشکی فەرمانگە لەسێیەم رۆژدا هاتنە لام‌و هەواڵیان پرسیم.. وتیان "بەڕێوەبەر" ئەم نامەیەی بۆ ناردوی.. نەمکردەوە تا رۆشتن.. پاش ماوەیەکی کەم، نامەکەم کردەوە.. بڕی (٢٠٠) دیناری سویسری تیابوو لەگەڵ (نامەیەك‌و فەرمانێکی کارگێڕیدا) کە نوسرابو لەهەفتەی داهاتووە دەبێت پەیوەندی بکەیت بەفەرمانگەیەی (..) بۆ کاروباری خۆت‌و کارت لەلای من تەواو بووە "ئینفکاکم"، بۆ نوسیویت‌و خوات لەگەڵ برازای خۆشەویستم.

زۆر ئاسام.. زۆر پەشیمان بومەوە.. ئەو کاتە هەستم کرد کچە شەهیدم.. زۆر تورە بوم زۆر نارەحەت بوم.. بەڵام پاش چی تەنهایی دوعاو نزاکانم بۆ (تیاچون‌و سەرشۆڕی مامم بو) منیش غەمبارو هەناسە سارد منیش لەهەمو کارێك دۆڕاو.. هیوادارم ژیانێکی

رەش یا سپی چاوەڕوانم بێت ئەگەرچی بێئیرادەبوم.. ئەگەرچی سادەو ساکارو لارە مل بوم.

لەکۆتاییدا

- ئامۆژگاری بۆ هەمو گەنجێك ئاگاداری کەسایەتیان بن لەکەسانی نەفس نزم نزیك نەبنەوەو نەکەونە داویانەوە.

- ئامۆژگاری ئەو خوشکە ئازیزانەم دەکەم کە پلەو پایەی دنیا فریویان نەدات تا نەبنە قێزەونترین مرۆڤی ئەم سەردەمە.

- ئامۆژگاری کاربەدەستان دەکەم بەچاوی ئەمانەتەوە سەیری خوشكو خێزانی بەردەستەکانیان بکەنو گورگ ئاسا تێیان نەڕوانن.

- ئامۆژگاری بێت بۆ دایكو باوکان لەکچەکانیان لەکوڕەکانیان بپرسنەوە تا لەساتە ناخۆشەکاندا ئەسرینو حەسرەتو پەشیمانی نەڕێژن.

- خۆزگە لافو گەزافی هەلپەرستان نابونە روخانی کۆشکی خێزانداری نوێ بۆ لاوێ کە تازە بناغەی ژیان دادەمەزرێنێ.

- داواکارم هێندە لاوازو بێئیرادەو خۆش باوەڕو ترسنۆك نەبن هەردەم بوێرو خاوەن عەزمی بەهێزو سروشتی پاكو چاوی پڕ تین بن.

-هیوادارم کەم تا زۆر سودمەند بوبی لەم چیرۆکە واقعیەو گەر حەزت کرد زیاتر لەئازاری کچانو ئافرەتان شارەزابیت بچۆ رۆژنامەی (رێوان) بخوێنەرەوە لەوێش (رۆژنامەکەیان) وێنەی ئەم کچە شەهیدە دەبینیت.

دڵتەنگ مەبە نازانی خێر لەچیدایە؟

زۆرجار هەوڵ بۆ کارێك دەدەیت نابێتە نسیبت بێتاقەتو دڵتەنگ دەبیت، بەڵام ئاکامەکەی خوا بە باش دەیگێڕێ وەك ئەم رووداوە واقعییە، کاك کەریم خاوەنی سەیارەیەکی قەمەرە بوو هاتوچۆی (بەغداد ـ سلێمانی) دەکرد، سایەقێکی کارامەو لێهاتوبو، لەشاری بەغداد گیرا.. بەهۆی هەڵەیەکی بچوکەوە، بەڵام سزایەکی قورس، بەگرتنی سەیارەکەی بۆ ماوەی هەفتەیەكو زیندانی کردنی خۆشی، زۆر دڵتەنگو نارەحەت بوو شایستەی ئەو سزایە نەبو، بەڵام کە زانیان کوردە پاش بەربونی (غەرامە)یەکی قورسیشیان کرد، زۆر بێتاقەت بوو، بەڵام چاری نەبو لەنزیك زاڵگەی دەرچون لەبەغداد گرتیانەوە..

پاش لێکۆڵینەوەو قسەو باس خستیانەوە زیندانێکی ترو دەستبەسەرکردنی سەیارەکەی دو رۆژ تێپەڕی بەسەر زیندانی کردنەکەیدا.. بۆی دەرکەوت ئەم سەیارەی ئەم سەرنشینیەتی خۆی لەمنداڵێك داوەو منداڵەکەش مردووە.. خزمو کەسوکاری منداڵەکە ژمارەی قەمەرەکەیان گرتووەو داویانە بەزاڵگەو مەفرەزەکانی پۆلیسی هاتوچۆی ناو بەغداد کاك کەریم زۆر نارەحەت بو نایزانی چی بکات.. بەڵام وەك بروسکەیە بەمێشکیا مژدەیەکی خۆشی بۆ هات کە (ئەم منداڵە ٤) رۆژ لەمەوبەر بەکارەساتی سەیارەکەی ئەم گیانی لەدەستداوەو سەیارەکەش بەجێی هێشتووە، بۆیە داوای لەبەڕێوەبەری زیندانەکە کردو چووە لای، زۆر بەهێمنی رووداوەکەی بۆ گێڕایەوە کە (سەیارەکەی ئەم یەك هەفتەیە گیراوەو لەفلان جێگەو رێگە.. جا بۆیە ئەم نەبووە، بەدواداچونی بۆ بکەن)، بەڵێ گوێیان لێگرتو بەدواداچونیان بۆ کرد.. پاش چەند

سەعاتێك بەربو لەزیندان‌و قسەکەی راست بو، بۆیە کاك کەریم وتی: پیاو نازانێ خێر لەچیدایە.. گەر نەگیرامایە.. دەبومە قاتل، ڕو زەردو شەرمەزاری ئەم کەسانە دەبوم.

لەکۆتاییدا دەڵێین:

سُبحانَكَ لاعِلمَ لَنا إلا ما عَلَّمتَنا إنَّكَ أنتَ العَليمُ الحَكيم

ئایەتی (٣٢) البقرە

خزمی ناپاک

لەشۆفێریدا کارامە بووم، بەڵام تا ئەو ساتانەش هەر سەیارەی خەڵکم بەکرێ ئەگێڕا توانای کڕینی سەیارەم نەبوو.. ڕۆژێکیان کاک (س)ی خزممان کە ئەو کاتە پارەی (تەعویزی)* وەرگرتبو هاتە لام و وتی:

کاك (ن) تۆ سایەقی باش دەزانیت و منیش پارەم هەیە حەز ئەکەم سەیارەیەك بکڕم و تۆش بیگێڕیت چەندەی پەیدات کرد وەك برا ئەیکەین بەدوو بەشەوە.. منیش زۆر بەلامەوە باش بوو وتم:

زۆر چاکە هەر ئەمڕۆ پارە بێنە و ئەچینە (مەعرەزی سەیارەکان)، قەمەرەیەکی کرێ دەکڕین..و بەباشی دەیگێڕم.. بەڵێ (قەمەرەیەکی تەکسی) باشم بەدڵی خۆم کڕی و ئەویش پارەکەی دا.. مانگی یەکەم و دووەم کارم پێکرد زۆر باش بوو لەسایەقیی زیاترم بۆ ئەمایەوە، سەیارەکەش (خەرجی - مسرەف)کەم ئەویست، بەڵام ڕۆژێکیان هات بەخەیاڵمدا: باشە بۆ من هەوڵی کڕینی ئەم سەیارەیە نەدەم بۆ خۆم.. بۆ لەژێر چنگی ئەو دەری نەکەم.. بۆ ئەو هەموو هیلاکیە بۆ خۆم نەبێت!؟

شەیتان کەوتە بنکڵێشەم.. مانگی سێیەم پارەیەکی کەمم بۆ بردو ئەوی ترم لادا.. مانگی چوارەم لەو کەمترم پارە بۆ برد، ئەوەی ترم لادا، خاوەن قەمەرە وتی: کاك (ن) ئەوە بۆ پارەکە کەمیکرد؟!

---

* تەعویز: ئەو پارە مۆڵە بوو کە حکومەتی عێراقی ساڵی ١٩٧٨ دەستیکردە ڕاگواستنی گوندە سنورییەکانی نێوان عێراق و ئێران لەپاداشتی (ماڵ و مڵکیان) دا لیژنەیەك پارەی بۆ دەنوسین و وەریان ئەگرت ئەو موڵکەیان دەبووە ئەرزی موحەڕەمە، خەڵکەکەشی پارەیان دەدایە خانوو لەشار یان سەیارەو شتیان پێدەکڕی، یان دەچونە (کۆمەڵگاکان - مجمع)ەوە.

وتم: کاکە ئیش وەکو جاران نەماوە.. پاشان خەرجیەکی زۆرم تیا کردووە هەر ئەوەندە ماوەتەوە.. ئەگەر بڕواش ناکەیت لەبەیانی زووتر نیە وەرە لەگەڵم بزانە کەس لەقەمەرەی تەکسی ئەپرسێت، داماو بڕوای کردو بۆ بەیانی چووم بەدوایدا لەپێشی قەمەرەکە لەلای خۆمەوە دامنیشاند، تەجیلم بۆ کردەوە.. زۆر کەیفی پێئەهات.. بەلای هەر کەسێکدا ئەڕۆیشتن ئەیوت: تۆ بڵێیی ئەو پیاوانە قەمەرەیان ئەوێت؟

منیش ئەموت: ئەگەر بیانەوێت خۆیان دەست رائەگرن.

بەم شێوەیە ئەو رۆژە تا نزیکی عەسر حۆلم کرد لەقەمەرەداو چوینەوە ماڵ وتی: وەڵا کاکە راست ئەکەیت هەر باشیشە ئەو پارەیەشت دەستئەکەوێت.. ئەو داماوە ئەشارەزابوو لەبارودۆخی ناو شار تازە هاتبونە شار.. نەیزانی کە نەفەر هەبوو لەپێشەوە کەسیتر دەست لەقەمەرە راناگرێت.. بەو شێوەیە ماوەی چەند مانگێك کارم پێکردو هەر پارەی کەمم بۆ ئەبرد.. رۆژێکیان چوومە لای وتم: کاك (س) من زۆر مەمنونی تۆم ئەگەر بوارم بدەی من ئەچم بەلای کارێکی ترەوەو سەیارەکەت بۆ دادەنێم.. یان ئەوەتا بەکەڵکی دوو کەس نایەت لێت ئەکڕمەوەو پارەیەکی لەسەر دابنێ.. کاك (س)ی داماو ئاگاداری ساختەچێتی من نەبوو دڵپاك وتی: باشە خۆت ئەزانیت چەندەمان پێداوە بەشتێك دایبنێو پارەکەم بدەرێ.. با لەمە زیاتر خەفەت بارتر نەبم. وتم: ئاخر کاك (س) گیان ئێستا ئەو پارەیە ناکات، پاشان ئەوە چەند مانگێکە پارەی پەیدا کردووە.. بەکەمتر دایدەنێین.

وتی: خۆت وەکیل بەو منو خۆشت مەغدور مەکە.

ئەو زۆر بەساویلکەیی دەدواو ئەیئەوت: باشە کە کارو کاسبی نییە چۆن تۆ سودی لێئەبینی، بەنیوە قیمەتو بەقەرز لێم کڕییەوە.. بڕێك لەوپارەیەی کە دەستم کەوتبوو پێشەکی دامێو ئەوەی مایەوە کردمانە قەرزی مانگانە.. بەدڵی خۆشو بەگێلی ئەو پێکەنینم ئەهات.. وردە وردە قەرز تەواو بوو، بومە خاوەنی سەیارەی خۆم، بەڵام بەداخەوە.. زۆریش بەداخەوە هیچ بیرم لەدادگای خوای گەورەو خیانەت لەو پیاوە نەکردەوە.

تا رۆژێکیان لەگوزەرێکدا بەیەکەوە بوین‌و باسی ئەو کارەم بۆ کرد.. لەم سالآنەی دوایدا.. داوای گەردن ئازایم لێکرد..

ئەویش وتی: من بەساختەچێتی ئەو پارەیەم دەستکەوت.

وتم چۆن؟

وتی: لەلای لیژنەکە زەوی‌و زارو شتی زۆرم نووسی.. ئەوانیش پارەی زۆریان بۆ نوسیم، پاشان تۆ سودت لەو پارەیە وەرگرت.. بەلآم خۆت ئامادە کە بۆ پاداشتی خیانەت‌و هەڵدێر.. چونکە دڵنیابە (ئەو کەرەی بەپارەی بەفر بکڕدرێت ئاو دەبیات).

وتم: تۆ گەردنم ئازا کە.. خوا گەورەیە.

وتی: گەردنت ئازا بێت، بەلآم بەمەرجێك دووبارەی نەکەیتەوە لەژیانتدا.

بەڵێنم پێدا.. و لەو کارەش پەشیمان بووم.. بەلآم دوای چی؟!

25 ساڵ خیانەت

بـارودۆخ لـە (فەلەسـتین) تـا بێت هـەر لەحزەیـەك رو لەهەڵئاوسـانو پـێش هـاتی ترسناکە، ئەوەی ئێستا لەوێ ئەگوزەرێت سەرەتای مەترسیەکی گەورەیە لەموسوڵمانان فەلەستین، رۆژانە گەلێکی مەزلومو بەشخوراو سوکایەتی بەئاینو موقەدەساتو بونیان ئـەکرێت.. ئـەکوژرێو ئـەبڕدرێ ناموسی هـەتك ئـەکرێ، ئێمە نـاکرێ وەك گـەلێکی موسـوڵمانو مـەزلوم تـەنیاو خـوێن سـاردو بێدەربەسـتانە لەسـوکایەتی جووەکـان بەهاوئاینەکانمان بڕوانینو هەندێك جاریش بکەوینە ژێر کاریگەری ئاوا قەناعەتێکەوە کە ئێمە چەوساوەی زوڵمی عەرەبانین، ئەمە (لوژیكو مەنتیق) نیە.

خۆشەویستان ئـەو شـەڕەی ئێستا لـەوێ ئـەگوزەرێت بمانـەوێو نەمانـەوێت ئاشکرای بکەین یا نا، شەڕی ئاینەو قینی جولەکە لەهەموو موسوڵمانێکە، بۆیە دەبێت حسابی بین، ئەگەرچی زۆ لەسەرکردەی وڵاتە عەرەبیە بەتواناکان ژێربەژێر لەبەر بەرژەوەنـدی کورسیان هاوکاریانن.

ئەم چیرۆکە واقعیە کە بۆتان دەگێڕمەوە:

بەسەرهاتی گەنجێکی عـەرەبی موسوڵمانە کە ٢٥ ساڵ ئەڵقە لـەگوێو چڵکاو خۆری جولەکـە بـووەو دوای ئـەوان توڕیـان داوە، خۆشـی پەشـیمان بۆتـەوەو تۆبـەی لەبـەکرێ گیراوی کردووە.

گۆڤـاری العـالم لـەژمارە ــ ٥٨٤ ــ ی دا ئـەم چـیرۆکەی بڵاوکردۆتـەوە، سـەرئەنجام خیانـەتو ناپـاکی لێـوە ئاشـکرا بـووەو ئەمـەش لێرەدا دەرئەکـەوێ سـەرئەنجامی پـوچ دەرچوونی خیانەتو ترسناکی فڕوفێڵی جووەکانیش دەرئەخات.

ئەمـە تـەنیا چیرۆکێك نییـە لەسـەر کـاری سیخوڕی، ئەمـە راستیەکە دەربـارەی ئـەو هـەموو تـاوانو پیلانانـەی بەرامبـەر ئیسلامو موسـوڵمانان ئـەکرێ ئەمـە وانەیەکـە بـۆ وریابوونو تێگەیشتنی لەسروشتی کاری دەزگا سیخوڕیەکانو ئامانجەکانیان.

بــەڵێ لەســەر زەوییــە داگیرکراوەکــانی فەلەســتین دۆســیەکە (فەحایدیــە) فەلەستینیەکان پڕیەتی لەچەندەها چیرۆکی بــەکرێ گیراوان، مێژووی مرۆڤایــەتیش لەهەموو جۆرەکانی روبەڕوبوونەوەدا چەندەها چیرۆکی تیایــە، ئــەوەی شیاوی وتنــە جــۆری روبەڕووبوونــەوە لەگــەڵ جولەکەکانــدا زۆر جیــاوازە.. داگیرکــەر چــەندین شێوازی ناشیرینو نامۆ بەکار ئەهێنێ بۆ خستنە داوی نێچیرەکانیو جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی، ئەم روداوە چەند ناوچەیەکی (فەلەستینو ئوردونو سعودیەو لوبنـانو تورکیا) ئەگرێتەوە، دواتر لەبەندیخانەی (مەجدۆ)، بەدەستی دەزگـای ئاسایشی سـەر بە (حەماس) کۆتایی پێدێت.

کاتێك کـە ویستراوە ئـەم بـەکرێ گیراوە گەورەیـە ریزەکانی بزوتنـەوەی حـەماس ببڕێو بچێتە ناوەوە بەتایبەت دەزگای سەربازی بزوتنەوەکـە، ئەمـەش بەشوێن کـارە تۆڵەسێنەرەوەکانی (حەماس) کە بەشوێن شەهیدبوونی ئەندازیار (یەحیا عەیاش) دا هات.

گۆڤاری العالم بۆ ناوی بەکرێ گیراوەکە کە لەئێستا بەدواوە خۆی قسە ئـەکا، خـۆی بەسەرهاتی خۆی ئەگێڕێتەوە، پیتی (خ)ی بەکارهێناوەو ئێمەش هەروا ئەکەین.

(خ) سەبارەت بەژیانی خۆی ئەڵێ:

لـەناو خێزانێکـدا گـەورە بـووم جگـە لـەناو و هەنـدێ عـاداتو تەقالیـد هیـچی تـرم لەئیسلام نازانی، لەگەڵ باوكو دایکێکی نەخوێنـەوار لـەکۆی (١٠) دە منـداڵ مـن سـێیەم منداڵی خێزانەکەم بووم ماڵمان لە (قودس)، بوو باری قـورس بـژێوی وایلێکـردم زوو واز لەخوێنـدن بهێـنم لـەپۆلی سـێیەمی ناوەنـدیـدا رووم کـردە بـاری گرانـی ژیـان ئـەو بـارە دڵتەزێنەی کە داگیرکەر خولقاندبووی، ئـا لـەم (گۆمـە بۆگەنـە)دا داری نەهامـەتی سـەوز بوو لقوپۆپی کردو منی گەیاندە ئەم ئاستە، ئەمە پەروەردەی مـن بـوو لەتەمـەنی پـازدە ساڵیدا بەهۆی تۆڕە ئیستخباراتیەکانی (صەهۆینیە)کانـەوە چیرۆکی ونبـوونو رووخـانم دەستی پێکرد.

لەسـاڵە رەشـەکانی عـومری مـن گـەڵ فەلەسـتین لەسـاڵی ١٩٧١ بـوو کاتێـك کـە گیـانی گەنجێکی وێڵ بـەدەمارەکانی گیانمـا هاتوچۆی ئـەکرد، وەك هـەموو گـەنجێکی پـەروەردە نەکراو بەپەروەردەیەکی پاكو چاك دەستم کرد بەنەتك کردنی ناموسی خەڵکیو شوێن کچو ئافرەتەکانیان ئەکەوتم.

هاتوچۆی گەڕەکە جولەکەکانم نەکرد، بوونی ئەو گەڕەکانە مەترسی زۆری لەسەر گەنجی تازە پێگەیشتوی فەلەسینی هەبوو.

رۆژێک چاوم کەوت بەکچە هاوسێکەمان بەجل و بەرگێکی تەسک و دانەپرشراو ماکیاجەوە.. خۆمم پێنەگیراو لێی نزیک بوومەوە.. دەستم بەقسەکردن کرد لەگەڵیدا کە هەستم کرد دەوروبەرمان چۆڵە پەلامارم دا، بەڵام سەرکەوتوو نەبووم و رایکردو خێزانەکەی ئاگادار کردەوەو ئەوانیش باوکمیان ئاگادارکردەوە، لەوێوە دنیا رووخا.. باوکم بردمیە ژورێکی چۆڵەوە کە بۆ کۆکردنەوەی کەل و پەل و خواردەمەنی ئامادە کرابوو، بنمچیی ژورەکە پارچە ئاسنێکی شۆڕی پێوە بوو قاچ و دەستی بەستم و هەڵیواسیم وەك جەلادێك تێم بەربوو بەلێدان و قسە پێوتن، بەدەنگی بەرز هاواری ئەکرد: (هەر ئەو کوژم) ئاوازی هەر (ئەو کوژم) ئەو ژوورەی هەژاندبوو.. بیرم لەرابردوو ئەکردەوە.. بێئەوەی پەروەردەم بکاو پێداویستیەکانم بۆ دابین بکات ئێستا وەك (حاکمێك) وەکو (جەللادێك) هاتۆتە وێزەم لەسەر گوناهێك کە ئەو خاوەنیەتی بۆ لەخۆی نادات، بۆ سزا بۆ ئەو نەبێت؟!

لەژێر چزەی شەلاقدا بێئاگا وتم: خۆشم ئەوێ!

باوکم تورەتر بوو وتی: خۆشەویستی راستەقینەت فێر ئەکەم ئەو وتەیەم لەخۆیەوە بوو، چ خۆشەویستیەك کە من هیچی لێنازانم و لەسەری پەروەردە نەکراوم.

چاوم لەژێر چەتری ترس و لەرزا هەڵهێنا.. جگە لەهەژاری و نەداری چیترم شك نەبرد، بەردەوام بێبەزەییانە لێیدەدام.. پڕ بەگەروم هاوارم ئەکرد.. دایکی بەسۆزیشم لەپشت دەرگای داخراوەوە هەر داوای بەزەیی لەپیاوێکی بێبەزەیی ئەکرد بۆ گەنجێکی بێئیرادە لەژیاندا.. تا خاڵم دەرگای شکاندو بەهەموو هێزێکیەوە باوکمی دوورخستەوەو لەشیشە ئاسنەکە دایگرتم و خوێن بەلاشەمدا دەهاتە خوارێ زیاتر لەهەشتا شەلاق ـ قامچی ـ لێدابووم (زینا)، کەریش بەو شێوەیەی پێناکرێت.. ئایا زینام کردبوو؟!

- نەخێر.

هەرچەند هەموو شتێك ئامادەبوو بۆ ئەو جۆرە کارانە بەتایبەت لەئافرەتێکی بێئیلتیزامی وەك هاوسێکەمانەوە.

دایکم ناردمی بۆ لای پورم بۆ چارسەری برینەکانم، چونکە ئەو پەرستیار بوو، رادەی شەش مانگ مامەوە، دوایی گەڕامەوە ماڵی باوکم دانیشتنی بەزۆری لەماڵەوەدا

بەسەردا سەپاندم، دایکم‌و خاڵم، باوکمیان هێنایە سەر ئەو رایەی کە وازم لێبێنێ‌و بمنێرێ بۆ ئیش کردن من جگە لەترسی باوکم هیچی ترم نەئەزانی، بەسەرگەردانی لەماڵ چوومە دەرەوە.

بڕیارمدا لەو باروگوزەرانەدا رزگارم بێت.. لێرەوە نەهامەتی من دەستی پێکرد، ئوتێل (A): ئوتێلێکی جولەکەکانە لەقودسی داگیرکراو هەوڵمدا بچمە ژوورەوە پاسەوانی ئوتێلەکە نەیهێشت.

بەهەر شێوەیەك بوو دوای هەوڵدانێکی زۆر گەیشتمە (پرسگە)ی ئوتێلەکە، داوای ئیشێکم کرد کە بیکەم.. هەر ئیشێك بێت. داوای ناسنامەیان لێکردم، پێم نەبوو، وتم: تەمەنم پازدە (١٥) ساڵە.

وتیان: کارمان بۆ تۆ نییە، چونکە یاسا رێنادات.

بەدەم گریانەوە لاشەی خۆمم روت کردەوە ئاسەواری لێدانەکانی باوکم نیشاندان، وتم:

(تاکە چارەیەك بۆ دەربازبوون لەم گرفتەی من ئیشکردنە).

ئەفسەری ئاسایشی ئوتێلەکە هات‌و حاڵەتەکەی بینیم‌و سۆزێکی گورگانەی بۆ نواندم‌و بردمیە ژوورەوە هێمنی کردمەوە.

وتی: دوو دڵ مەبە، بەهەر نرخێك بووە ئیشێکت بۆ ئەدۆزینەوە.

ئەمە یەکەم سۆز بوو لەژیانمدا بەرامبەرم بنوێنرێت، دوای ئەم هەموو تاڵی‌و نەهامەتییەی کە دیبووم ئەویش لەکێوە، لەجولەکەیەکەوە، سەیرە (خ) بەکرێگیراو لەگێرانەوەی بەسەرهات‌و بەدبەختیەکانی ژیانی بەردەوامەو دەڵێ:

درۆ ئەکەم ئەگەر بڵێم سەربازە جولەکەکەم خۆش نەئەویست‌و هەستم بەسۆزی نەکرد، دەستم کرد بەپاککردنەوەی قاپ‌و قاچاغی ئوتێلەکە دواتر لەشیرینی دروستکردندا ئیشم کرد،

زیرەك بووم‌و زوو فێری ئیشەکان ئەبووم، دواتر کرام بەکارگوزاری ئوتێلەکەو هەندێ زانیاری دەربارەی خۆشاردنەوەیان پێدام کاتێك (سەرپەرشتیاری وەزارەت)ی کار بهاتایە بۆ ئوتێلەکە، چونکە تەمەنم یاسایی نەبوو بۆ کارکردن لەو شوێنەدا مانگانە (١٥٠) لیرەی ئیسرائیلیم وەرئەگرت، کە ئەمە بۆ ئەو کاتە زۆر بوو، باوکم زۆر دڵخۆش بوو کاتێك پارەم خستە گیرفانی.

پارە زۆر خۆشەویست بوو لای، هەموو مانگێك پارەکەمی ئەبرد پەشیمان بووم لەوەی کە هەواڵی ئیشکردنەکەمم دابووێ، چونکە هیچی نەئەدا بەخۆم. بوومە سەرچاوەی پارە بۆی‌و نیشانەی رەزامەندیش ئەوەبوو کە هەموو مانگێك پارەکەمی بدەمێ‌و ئیتر بەلایەوە گرنگ نەبوو لەکوێوە دێ.

سەرەتای قۆناغێکی نوێ (گەیشتن بە راحل)

راحل: کچە تاقانەی ئەفسەرێکی مومخابەرات بوو لەگەڵ باوکیا بۆ بەرژەوەندی (شابا) کاریان دەکرد، زۆر جوان بوو تەمەنی (٢٠) ساڵ بوو، رەوان قسەی ئەکرد، بەرەچەڵەك عێراقی بوو.

بەهۆی ئیشەکەمەوە لەئوتێلەکەدا (یەکترمان ناسی، پەیوەندیمان بەهێز بوو، نزیك بوونەوە، گاڵتەکردن، خۆشەویستی)،

بەڵێ پیشەکیەکانی کاری سێکسی (زینا) تا شەوێك لەماڵیاندا خۆمم بینیەوە کە نزیك لەئوتێلەکە بوو.. باوکیم ناسی‌و زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم، پارمەتیم لێوەرگرت، چوومە ژوورەکەی (راحل).

لەچەند ساتێکی کەمدا لەکەشێکدا خۆمم دییەوە کە بەخەیاڵمدا ناهات.

ژوورێکی بچوکی رازاوە بەجۆرەها وێنەی پیاوو ئافرەتی ئەکتەرو گۆرانی بێژو جێخەوتنێکی جوان‌و بۆنێکی خۆش، ئەمە جولەکەیە..،

لەسەر جێگەکەی دانیشتم‌و دەستی هێنا بەسەر شانماو بەنەرمییەکەوە وتی: خۆشت دەوێم؟!

هیچ نەبوو لەوەی رێم لێبگرێت بڵێم: ئا خۆشم دەوێی.. ئەو زەویەشم خۆشدەوێ کە گوزەری پیا ئەکەی. ئەمە یەکەم جار بوو لەگەڵ کچێکدا تاك ببمەوە.

باوکم گوێی نەدا بەدیار نەبوونم، بۆ؟

لەبەر ئەوەی هێشتا خۆشەویستی پارەی ماوە

لێی پرسیم: بۆ ناگەرێمەوە؟

وتم: پێویستی کارەکەم وایە.

باوکم وتی: باشە.

پەیوەندیم لەگەڵ (راحل)دا گەرم بوو وام لێهات بێنەو تامی ژیان نەزانم (خەوتن، خواردن، خواردنەوە) لەوەش ترسناکتر (سێکس) هەرچی گەنجێکی سەرگەرم بیەوێ لەگەڵ (راحل)دا بەهمێنیو زۆری دەست ئەکەوت.

دوای ئەو پەیوەندییە (سۆزیو گیانیو بەرژەوەندی)یەی کردم بەجوولەکەوە هەڵتەقیم بەهەڵوێستێکدا قەت بەخەیاڵمدا نەئەهات.

ئا لەو ژووری تامو چێژی گەنجانەدا (راحل) وتی: خۆشەویستم پرسیارێکت لێبکەم بەمەرجی بەڕاشکاوی وەڵامم بدەیتەوە.

وتم: فەرموو

وتی: ئایا جولەکەت خۆشدەوێت؟!

وتم: ئا.. ئا لەپێناوی تۆدا هەمزو ژیانم خۆش ئەوێ، هەمووبانم خۆشدەوێت.

وتی: لەپێناوی مندا نا، ئەمەوێ بزانم بەبێ من خۆشت دەوێن یان.. نا؟

وتم، بەڕاشکاوی ـ سراحت ـ نا.

وتی: بۆ؟

وتم: لەبەر ئەوەی زەویان بردوین.

راحل شەیتانانە لێیپرسیم: کێ ئەڵێ ئەوە زەوی ئێوەیە.. ئەوەی زەوی جوولەکەیە بەدرێژایی هەزاران ساڵ.

وتم: نا هی عەرەبە، ـ گفتوگۆکەمان گەرم بوو ـ،

وتی: بەڵگەت چییە؟ بۆم بسەلمێنە!

شڵەژامو بێدەنگ بووم.

بەدرێژایی ژیانم هیچم بۆ باس نەکرابوو تا شارەزابم

وتی: بەڵگەم پێیە لەگەڵ باوکمدا دانیشە، بۆت بسەلمێنێ کە ئەم سەر زەوییانە هی جوولەکەن.

بۆ ئەوەی پەیوەندییە (حەرامو ناشەرعییە)کەم بەردەوام بێتو نەپچڕێم ئامادەیی خۆمم نیشاندا، کاتی بۆ دیاری کردم، دانیشتن لەگەڵ باوکیدا شتێکی نوێ بوو بەلامەوە ترسو شڵەژان، شتی کتوپڕی پێوە دیاربوو، دوای پێشەکییەکی سادە بەوشەیەکی بروسک ئاسا رایچڵەکاندم وتی:

کار ئەکەی لەگەڵمانا.. کار ئەکەی لەگەڵمانا؟!

سەرم سوڕما لەپرسیارەکەی، من بۆ شتێکی تر خۆم ئامادەکردبوو، پرسیارێکی تری لێکردم.

تفم قوت دایەوەو هەناسەم هاتەوە یەك بەنارەحەتییەکەوە

وتم: بۆ کێ؟! ئێوە کێن؟

بێدەربەستانە وتی: موخابەراتی ئیسرائیلین (موساد)،

تەکانم دا.. دڵم لەتاوانا سەمای ئەکرد، دەمارەکانم گرژبوون، ویستم خۆم کۆبکەمەوەو بڵێم بەدەنگی بەرز: نا.. نا.. نەخێر.

بەڵام لێوم نەبزواند، پەتی بێدەنگییەکەمی پچڕاند.. بەدەرهێنانی هەندێك وێنە لەژێر ئەو کورسیەی کە لەسەری دانیشتبوو فڕێی دایە سەر مێزەکەی بەردەمم هەندێکیان کەوتنە خوار، سەیرم کردن زیاتر لە (١٠) وێنەی منو راحل بوون بەشێوەی بێئابڕوانە گیرابوون لەکاتی خۆیدان وامئەزانی خۆشترین کاتی ژیانمە، ئەم جارەش وتی:

چی ئەبێ گەر ئەم وێنانە بگەنە باوکت؟

وتم: نا.. جارێکی تر ئەو دڕندەیە!.. تکات لێدەکەم شتی وا نەکەی.

ـ زۆر شڵەژام ـ چیت ئەوێ لێم؟

لەسەرخۆ وتی: پەیوەندی، بەباوکی (راحل)م وت: باشە.. باشە.. باشە

دەموچاوی کرایەوەو زەردەخەنەیەکی زەردیش سەر لێوەکانی راحل کەوت، لێم نزیك بۆوە، راحل خۆیو باوکی دەستیان کرد بەڵدانەوەم، وتیان:

ئەم کارە ئاسانە، کەس پێینازانێت، شتی گرانیش نادەن بەسەرتا، لەگەڵ راحلو ئەوانی تریشدا بەخۆشی ژیان ئەبەیتە سەر، پارەی زۆرو ژیانێکی خۆش بەسەر ئەبەیت.

راحل دەستی گرتمەوە بەرەو شوێنی جاران.. بەم شێوەیە رێگەی رووخانم گرتەبەر.. رێگایەك کە گەڕانەوەی تیا نییەو کۆتایشی نیە!!

چۆن بەکرێ گیراو دروست دەکرێت!؟

دوای دوو رۆژ لەوەی بۆم گێڕانەوە لەکاتێکی بڕیارلەسەردراودا لەگەڵ (باوکی راحل) چووم بۆ شوێنی دیاریکراو لەسەیارەیەکدا سواربووین بەرەو بینایەکی پۆلیس لە (قودس) رۆشتین لەنهۆمی دووەمدا چوینە ژورێکی فراوان کە لەناوەڕاستی مێزێکی شێوەبازنەیی چەند کورسییەك بە دەوریدا دانرابوون لەلای راستیدا تۆپێکی نەخشەی جیهان دانرابوو دیواری ژوورەکە بەچەند نەخشەیەکی شارە فەلەستینیەکان کە

(شوێنەواری جولەکە) یان تیایە رازێنرابۆوە، وەك شارەکانی (قودس، حەیفا، یافا، عەکا، ئەسرود، ئوم رشاش)، ئەم وێنانە نامۆبوون بەلامەوە بەتایبەتی شوێنەکەش، خەیالم فڕیو ئاگام لەخۆم نەبوو سەیری وێنەکانم ئەکرد، باوکی راحل وتی: دانیشە دانیشتم.. ئێستا سەیری وێنەکانم ئەکرد چاوم بەهۆڵەکەدا ئەگێڕا، بەهاتنەژوورەوەی هەندێك کەس پەتی خەیالم بچڕاو شڵەژامو لێیان ئەترسام.

لێی نزیك بوومەوە چرپاندم بەگوێیدا وتم: ئەمانە کێن؟

من چینەکەم لەگەڵیاندا؟ بەزەردەخەنەیەکەوە پێی وتم: پاش کەمێکی تر ئەزانی، پێکەوە دانیشتینو بەشێوەیەکی کۆمەڵو تێکەڵ وتیان: بەخێربێیت.

یەکە یەکەی ئەندامەکانیان پێناساندم:

د. دێڤێت: پسپۆڕ لەبواری مێژوودا، هەرچیت پێویست بوو لەمێژووی جولەکەوەو خاوەندارێتی لەزەوی فەلەستینو زەوی (ئەرزولمیعاد) دا پێت ئەڵێو فێرت ئەکات.

کاپتن موشێ: پسپۆڕ لەهونەری بەرگری کردن لەخۆ (دفاع عن النفس) زانیاری تەواوت لەو بارەیەوە دەداتێ.

کاپتن ئیسحاق: فێری هەندێ چەکی پێویستت دەکات.

من هزرم فڕی بوو!! تەنها تۆزێ زەردەخەنەم کرد، تەنها ناوی ئەو چەند کەسەم لەخەیالەو نازانم ئەوانی تر بۆچی هاتوون،

دوای ئەوە دانیشتنەکە کۆتایی هات، باوکی راحل وتی: لەئێستاوە قۆناغێکی تازە دەستپێدەکەیت، بەوازهێنان لەئوتێلەکە.

وتم: ئەی پارە.. ئەی باوکم؟!

بەپێکەنینێکەوە: دوودڵ مەبە، بەزیادەوە هەرچیت بوێ بۆت دەکەین، ئێستا تۆ لەگەڵ ئێمەی هەفتەیەك مۆڵەتت پێشکەش دەکەم، دوای دەگەڕێیتەوە بۆ دەستبەکاربوون، چی ئەڵێی؟!

وتم: سوپاست دەکەم.

بەگاڵتەیەکەوە لێیپرسیم: مۆڵەتەکەت لەگەڵ کێ بەسەر ئەبەیت؟

وتم: نازانم خەریك بوو شەرم ئەیگرتم.

بەڵێ باوکی راحل لەوێدا وتی: (راحل)م ئامادەکردووە مۆڵەتێکی خۆش لەقەراغ دەریا لە (ئوم رەشاش ـ ئیلاد) بەسەر دەبەیت، راحل لەوێ (شوقەیەکی) بەکرێ گرتووە.

گەشتەکەمان دەستپێکرد (مەلەکردن، سەما، خواردن، خواردنەوە) ئەو هەفتەیە بەیەك ڕۆژ تێپەڕی، ڕۆژانێکن لەیاد ناچن.. دوای هەفتەکە گەڕامەوە ماڵ بیانوی زۆری کارو سەرقاڵیم بۆ باوکم هێنایەوەو هەندێ پارەم دایە.

هەرگیز لەمنی نەپرسی بوو لەکوێ بویت؟ تەنیا پارەی ئەویست.

لەسەر پەیمانەکەی پێشو پەیوەندیم بەباوکی ڕاحلەوە کرد، کاتێکی بۆ دانام، ڕۆژی دوای بەیەك گەیشتن سواری سەیارەیەك بووین‌و بەرەو (تەلرەبیع) ڕۆشتین، چوینە شوێنێکەوە کە پێشتر نەمدیبوو (سەربازگە)یەکی گەورە!! جادەی پان، شوێنی نیشتنەوەی فڕۆکە، بینای دوورودرێژ، فڕۆکەی سەربازی، بەچاوگێڕانم بەو شوێنانەدا هەستم بەدرێژی ڕێگا نەکرد، چەند پرسیارێك لەمێشکمدا گرێیان ئەخوارد: من بۆ لێرەم.. بۆ.. ئەم شوێنە کوێیە؟! بەباڵەخانەیەکدا سەرکەوتینە سەرەوە، دانیشتین نانمان خوارد،

د. دیڤیت کە ڕاسپێردرا بوو بیسەلمێنێ کە زەوی فەلەستینی زەوی جولەکەیە دەستیپێکرد:

زەوییەکانمان خوا بەڵێنی پێداوین کە زەوی ئێمەن.. (ئەرزی میعادن) ئێمە ئامادەین بەئاشتی لەگەڵتانا بژین‌و ناتان کوژین وەك موسوڵمانەکانی لەگەڵ ئێمەیان کرد.

ئەم جۆرە ڕستانەی بەسەرما خوێندەوە بۆ ئەوەی (قەناعەتم) پێبکات، وشەکانی وەك ئەوەی لەگەڵ شیری دایکما خواردبێتم لەمێشکمدا جێگیربوون! من لەرزۆك‌و لاوازو دۆڕاو بووم هەستم نەکرد دیلی ئەوم هیچ وشەیەکم لێ ون نابوو بەدەمیا هات تۆزێك بێدەنگ بوو، دوای ئەوە دەستی کرد بەگەڕان لەجانتاکەیا هەندێك شتی دەرهێنا وەك:

(نەخشەو کتێب‌و بروسکەی کۆن‌و نامەی کۆن) دەیخوێندەوەو وەریدەگێڕانە سەر زمانی عەرەبی کە بەئاسانی لێیتێنەدەگەیشتم، هەندێ کتێبی دەرهێنا دەربارەی شارستانیەتی جولەکە لەسەردەمی (کەنعانی)یەکاندا چەند سەرم سوڕما کاتێك:

١/ هەندی نەخشەی فەلەستینی دەرهێنا کە مۆری تورکی پێوەبوو.

٢/ وێنەی مەلیك فاروق سەلام لەهەرتزل دەکا.. بەڵگەنامەیەکی پێشکەش ئەکا تیایدا هاتووە (مەلیك فاروق شاهیدی ئەدا کە فەلەستینی موڵکی جولەکەیە لەدێرزەمانەوە، عەرەبەکان هیچ موڵکایەتییەکیان تێدا نییە؟!

٣/ وێنەی مەلیك (عبداللەی یەکەم)ی پیشاندام کە بەدەستی راستی سەلام لەپیاوێکی ئاینی جولەکە دەکاتو بەدەستی چەپیشی بەڵگەنامەیەکی پێئەدات کە هەردوکیان دەستیان پێوەیەتیو زەردەخەنە دەکەن، ئەم بەڵگەنامەیە بەزمانی (عەرەبیو عیبریو ئینگلیزی) نووسرابوو مۆری ئەویشی پێوەبوو.

٤/ نەخشەیەکی ئەڵمانی پیشاندام کە ئەیسەلمێنێ فەلەستین زەوی جولەکەیەو هەندێ لەو نەخشانە لەزەمانی (هتلەر) دا سوتاونو نەماون.

ئەمانە هەموویان وایان لێکردم نەترسم، ئەوانە سەرانی عەرەبن شایەتی بۆ ئەوان ئەدەن من چیم؟؟!

د. دیڤیت هەر قسەی بۆ ئەکردم: لێرەدا باسی چەوسانەوەی جولەکەی کرد لە (ئەوروپا) وە بۆ (روسیا)و (وڵاتانی عەرەب، بەچڕی باسی ئەو مەرگەساتانەی کرد کە بەسەر جولەکەدا هاتوون، بەتایبەت لەسەردەمی دەستەڵاتداری (هیتلەر)دا.

من بۆ ماوەی چەند سەعاتێك دانیشتمو گوێم بۆ ئەو وانانە گرت دواتر بۆ ماوەی چەند رۆژێك بەردەوام لەسەر ئەو وانانەو خولی لەو جۆرەم ئەبینیو لەنێوان هەر خولێکدا رابواردنو ئارەزووبازیو تێکەڵی ژنە جولەکەی بەدوادانەهات ئەمە باوی جووەکان بوو!

لەقوڵاییو کانگای دڵەوە قەناعەتم کردبوو کە زەوی فەلەستینی هی جولەکەیەو مافی خۆیانەو ئێمە شەڕیان پێئەگێڕین.

بەڵێ: من چونکە دۆڕاوبووم (رۆحم پێش عەقڵم) لەگەڵەکەم جیابوبۆوە، دوای ئەوە چوومە خولێکی ترەوە کە مەشقکردن بوو لەچەكو راهێنان لەسەر کاراتی، ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە توانای جەنگیمان بەهێزبێت کە پێویستن بۆ هەموو بەکرێگیراوێك کە بەهۆیانەوە پارێزگاری لەخۆی پێبکات بەپلەی یەکەم، دووەمیش بۆ ئەوە بوو کە ئەو ئەرکانەی ئەکەونە ئەستۆی بەجوانی رایان پەڕێنێت.

ئاهەنگێکی رێزلێنانیان بۆ گێڕام و نزیکەی (٢٠) کەسایەتی ئامادەبوون، لەنێوانیاندا (ئەفسەرو سەرباز)ی ئافرەتی تیابوو.

دوای وتنەوەی وانەکان دەستمان ئەکردە خواردنو خواردنەوەو سوڕدان کاسێتی عەرەبی خرابویە سەرا

یەکێك لەئافرەتە سەربازەکان دابەزی‌و دەستی کردە سوڕدان باوکی راحل ئامـاژەی پێدام، کە ئەتوانی لەگەڵ ئەودا بیت‌و چەند سائێك لەگەڵی بمێنمەوە.

دوای ئـەوە (٥٠٠) پێـنج سـەد لـیرەی ئیـسرائیلی پێـدام (١٥٠) سـەدوپەنجا لـیرەم لێدا بەباوکم‌و ئەوی ترم لەخواردن‌و خورادنەوەدا خەرج کرد.

خولێکی تر دەستی پێکرد زۆر قورس بوو: مەشقکردنی زۆر بـوو.. بەرنامەیـەکی نـان خواردنیان بۆ دانام، بەڵام پابەند نەبووم پێیەوە.

مەشـقکردن لەسـەر (جۆدۆکـاراتی) و (بـەرگریکردن لـەخۆت) خولیـام بـوو لەگـەڵ بەکارهێنانی جۆرەها چەك کە لەخولێکی چڕوپڕی شەش مانگیدا تەواوکرا.

دوای خولەکـە ئاهـەنگ وەك جـاران گێـڕدرا ژمارەیـەکی زۆر (ئەفـسەرو فرۆکـەوان‌و سەربازی ژن ـ مجندە)ئامادەبون.

مۆڵەتی کارەکانی پێشووم وەرگرتەوەو لەگەڵ پێشکەشکردنی (٥٠٠) لیرەی ئیـسرائیلی‌و بەدلەیەکی سەربازی‌و مەدالیایەکی سەربازی کە لەسەری نوسرابوو (٨٨) هەشتاو هەشـت، بەدلەکـەم لەبەرکرد کاتێك چوومە نـاو ئەفسەرەکانەوە سلاوی سـەربازیان لێئـەکردم‌و منیش وەلامم ئەدانەوە.

شریتێکی سەربازی بەشانی چەپمدا شۆڕ بۆوە چـەند وێنەیـەکم بـە بەدلەکـەوە گـرت.

باوکی راحل وتی: ئێستا حاڵت باشەو دەتوانیت هەر کارێکت پێبسپێرن ئەنجامی بدەی.

ئەمە بۆتان ئەگێڕمەوە لەساڵی ١٩٧٢ دا بوو.

کاتێـك لەگـەڵ تیمـە گەڕۆکەکانـدا ئەگـەڕام (دەوریـات) داوام لێکرابـوو هەرچـی بەبەسودی ئـەزانم بیگەیـەنم.. لەسـەرەتاوە زۆر داوای هەواڵگەیانـدیان لێنـاکردم.. بـەڵام وردە وردە ئەوە بووە کاری رەسمی من لەفەلەستیندا.

یەکەمجار ئەم کارانەم ئەکرد هەستم بەدڵتەنگی ئەکرد، نارەحەت‌و نائاسودە دەبووم‌و قورس بوو بەلامەوە.. بەڵام وردە وردە لەگەڵیاندا ڕاهاتم‌و کەسایەتی خۆمم تیا ئەبینی.. تا وای لێهات تام‌و چێژیشم لێئەبرد.

یەکەم کارم: هەستام بەوێنەگرتنی چەند لاوێك کە بەشـداریان لەراپەڕینێکدا ئـەکرد لەگەڵ (مخابـەرات)دا بـەڵێن دەریـم ئـەکرد، بـەپێی جۆری هەواڵەکە پـارەم وەرئـەگرت، (مقاوەلاتم بۆ مخابەرات) ئەکرد.

بەم شێوەیە پێوەیان نوسام، هەواڵگەیاندن بووە خولیام. (ع) گەنجێکی فەلەستینی بوو زۆر رقم لێیبوو بەمنداڵی پارەکانی ئەبردم دڵڕەق بوو لەگەڵما، جارێکیان (ع) لەپلانێکی باشدا لەگەڵ چەند گەنجێکی گەڕەکەکەماندا بوو هەموو شیانم دەناسی‌و بێئەوەی پێم بزانن گوێم لێگرتن‌و لێیان تێگەیشتم کە (دەیانەوێت "سەیارە"یەک بتەقێننەوەو سەیارەکەشیان دیاری کرد کە کێ وەریئەگرێ، لەکوێ‌و لەگەڵ سوتاندنی بیناکەشا) کارەکانیان دابەش کردو کاتیان بۆ دانا.

نەخشەکەیان توندتۆڵ بوو، زۆر ئازابون‌و باوەڕیان بەخۆیان هەبوو زۆر بەپەرۆشیش بوون بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەو ئەو خزمەتە بەوڵاتەکەیان.. ڤێزەونانە هەواڵەکەم گەیاندو پێم وترا: سوتاندنی بیناکە گرنگ نییە، رێئەدەین بیکەن گرنگ ئەوەیە سەیارەی تەقینەوەکە پێویستە چاودێریان بکەین، دووربینێکیان پێدام کە سەیر بکەم بێئەوەی کە خۆم دیاربم، بۆ ئەوەی بەبەڵگەوە لەسەر ئیشەکەیان دەستگیر بکرێن، رۆژی دواتر هەستام بەئەنجامدانی کارەکەم‌و سەیری شوێنەکەم دەکرد، دوای ماوەیەک سەیارەیەک هات زۆر بەخێرایی خاڵی کرا (بزمار، مس، ساچمە، مادەی مێوێکی سپی، وایەری گەورەو بچوک، چەند کاتژمێرێکی گەورە)، زوو هەواڵەکەم گەیاندو قەناعەتم هەبوو کە نێچیرەکە پێوەبووە! زۆر هەوڵم دەدا بەدەمی کارەکەمەوە بچم‌و وامئەزانی بۆ خۆمی ئەکەم، کاتێک هەواڵەکەم گەیاند بە (کاپتن ئەلیاس)، وتی: کەسەرەکان کەموکوڕیان تیایە!

وتم: چۆن؟

وتی: زەرفت بینی خوێی رەشی تیابێت؟

وتم: نەخێر!

وتی: دە بڕۆرەوە چاوەدێریان بکە.. کەرسەکان ماویانە.. ئەیهێنن.

گەڕامەوە هەمان شوێن‌و گوێم بۆ گرتن.. باسی ئەوەیان کرد کە کەرسەکان ماویانە.. فلانە رۆژ ئەگات.. جارێکی تر ئەم قسانەم گەیاندەوە (کاپتن ئەلیاس).

وتی: چاودێریان بکە.. مراقبە!

لەرۆژی دیاریکراودا کەرسەکان گەیشتن، هەر زوو هەواڵەکەم گەیاندەوە، کتوپڕ لەشکری ئیسرائیلی گەمارۆی شوێنەکەیان دا، هەموویان دەستگیرکران.

کە (ع) یەکێك بوو لەوان، هەموویان دانیان نا بەچالاکیەکەیانداو نیازی خۆیان ئاشکرا کرد لەژێر ئەشکەنجەدا. لەپێنج ساڵەوە تا پازدە ساڵ حکوم دران.

دوای ئەو چالاکیە گرنگەم ئاهەنگێکی تریان بۆ گێرام جوومکان، بەدلەی سەربازیان لەبەرکردمو شریتێکی تریان کردە شانمو هەندێکی تریش پارەیان دامێ کە هەموویم لەئاهەنگو ئارەزووبازیدا خەرج کرد، ئەمە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ بوو.

ئەوەی لێرەدا دەبێت باسی بکەم (پانتۆڵ)ێکیان پێدام کە گیرفانێکی شاراوەی تیابوو بۆ پارە هەڵگرتن بۆ ئەوەی باوکم پێینەزانێت، چونکە باوکم هەموو جۆرە گیرفانێکی ئەپشکنیم‌و هەرچیم پێبوایە ئەیبرد.

من زۆر بێغیرەت بووم لەبەردەم ئەودا بۆ خۆشم لەژیانیشدا هەروابووم، دوای ئەو کارە لەسەر بەکارهێنانی (دەزگای پەیوەندیکردن‌و ناردن‌و مرەکەبی نهێنی‌و جفرەی نهێنی رایان هێنام).

سەرەتای قۆناغێکی ترسناك تر

دەمانەوێت بتکەینە پاڵەوان، لەگەڵ د. دیڤێت دا خولێکی تازەم بەم شێوەیە دەستپێکرد، د. دیڤیت ئەو وانانەی پێئەوتمەوە کە دەربارەی پەیوەندی کردن بوون. خولێکی چڕو پڕ بوو لەسەر جۆرەها دەزگا لەبینای (زمرد) لە (قودس) دەستپێکرد، وێنەی ژمارەیەکی زۆر ئەفسەری (سوری ـ ئوردنی ـ میسری) بەهاوەڵی هاوتا (ئیسرائیل)یەکانیانم لەوێ بینی کە وتیان: ئەمانە هاوڕێتانن رووخاون‌و بەپارە کڕیویانن، لەشوێنە گرنگەکانی (نیشتمانی عەرەب) دا کارئەکەن.

وێنەی چەند سەرکردەیەکی عەرەبیشم بەهەمان شێوە بینی کە چەند ئەفسەرێکی جوولەکە لەژێر ناوی جیاجیادا خۆیان گەیاندبوونێ، وێنەیان لەگەڵدا گرتبوون نیازە خراپەکانی خۆیانیان لێگەیاندبوون.

د. دیڤیت ئامۆژگاری کردم لەکاتی (راهێنان) دا نەخۆمەوە بۆ ئەوەی بیروهۆشم ئامادەبێت،

وتی: حەشیشەی بۆنی‌و مادەی سەرخۆشکەر بەکارمەهێنە، (ماراغۆنا) قەیناکا ـ بەپێکەنینەوە ـ کاری سێکسیش کەمکەرەوە.

لەسەر ئەم دەزگاو مادانەش راهێنانم کرد:

یەکەم (دەستگایەکی کاتژمێر کە نێنەرو وەرگربوو)، شفرەیەکی بەپیتی ئەبجەدی عەرەبی لەسەربوو بەرامبەر هەر ژمارەیەك شفرەیەك هەبوو حاسیبەیەکی لەسەر بوو (ئەمپێنێکی) وەرگرو نێنەریشی لەسەربوو.

دووەم: (مرەکەبی نهێنی) کە دوو شوشە بوو یەکێکیان نیشانەیەکی زەردی لەسەر بوو کە بۆ نوسین بەکارئەهات، شوشەکەی تر مرەکەبێکی سەوز بوو کە دوایی نوسینەکەت بێئەشۆردەوە، رەنگی زەردێکی روبە پرتەقاڵی ئەینواند.

سێیەم: (راهێنان لەسەر دوو جۆر مادەی بێهۆشکەر)، یەکەمیان: مادەیەکی بێهۆشکەر بوو ئەکرایە ناو خواردنەوە، ئەوەی ئەیخواردەوە بێهۆش ئەبوو، بەلاّم ئاگای لەخۆی ئەبوو ئارەزووی سێکسی هەبوو چاویشی ئەکرانەوە لەگەڵ ئەوەشدا (وروژێنەری سێکسی - **منشط الجنسي**): هەر کەس ئەیخواردەوە نەیئەتوانی (کۆنترۆڵی) خۆی بکات، وەکو ئاژەڵی لێئەهاتو هەڵپەی ئەکرد بۆ کاری (سێکسی) دواتر باس لەم مادە روخێنەرانە ئەکەم. بەڵێ ئازیزم (خ)ی خیانەتکار چیرۆکی (٢٥) ساڵ لەخیانەتو ناپاکی خۆیو کارکردن لەگەڵ دەزگا جولەکەکانی ئەگێڕێتەوە: رۆژێکیان باوکم لەگەڵم دانیشتبوو بەهێمنی دەستیکرد بەقسەکردن: ئیشێکم هەیەو واش دەرچوو، داوای لێکردم لەگەڵ (مامما) بچم بۆ (ئوردن) ئەو چێشتخانەیەك ئەکاتەوە منیش لەگەڵیا کار بکەم.. نەمئەزانی چۆن وەلاّمی باوکم بدەمەوە هەتا بیرم دەکردەوە.. پرسم پێکردن، وتیان: زۆر باشە ئێمە کاری ئاوەهامان ئەوێت لەتۆ کە بچیت بۆ (ئوردن) لەوێ ئیش بکەیت.

زۆر پێخۆشحاڵ بووم، ئەگەر داواکاری مخابەراتو کاری باوکم نەگونجایە ئەبووە گرفتێکی گەورە چیم بکردایە.

خۆم پێچایەوە.. ناونیشانی چێشتخانەکەم لە (عمان) پایتەختی (ئوردن) وەرگرت دام بە (مخابەرات)و ئەوانیش ئاگاداریان کردم کە (وا)ی لەوێ ئەبینمو رێنمایم دەکات، لەرێگەی ئەوەوە کار دەدرێتە دەستم، (وا)ی بەکرێگیراوێکی (ئیسرائیلی) بوو لە (عمان) پەیوەندی پێوەکردم، ناونیشانی شوقەیەکی دامێ لەگەڵ کلیلەکەیدا، چووم بۆ شوقەکە تێیگەیاندم ئیشی من چییە؟

- چاودێری کردنی (سەفارەت - باڵوێزخانە)ی (سوریا - عێراق - تونس - مەڵبەندی بزوتنەوەی فەتح لەئەرشو میسان) پشت مەڵبەندی (هەیئەی رۆشنبیریو سەفارەتی ئەمەریکاو باڵەخانەی مخابەراتی ئوردونی لەعەبدەنی مەڵبەندی ئاسایشی گشتی

(الأمین العام) لە (ئەرش‌و میسانی) لەگەڵ مەڵبەندی (هەیئەی رۆشنبیری) کە ژمارەیەکی زۆر لەئەفسەرانی ئوردنی هاتوچۆیان دەکرد، ئەچونە ئەو مەڵبەندەو ناهەنگ‌و کۆڕی زۆری تیا ئەگێرا.. سێ سەیارەی (مارسی دس و BMW) یان لەلابو، لەئیسرائیل فێری (سایەقی) یان کردبووم‌و مۆڵەتی (شۆفێر)یشیان بەتەزویر کراوی‌و بەئامادەی لەلای (وا)یەوە بەدەست گەیشت.

کاری من لەچێشتخانەکەی مامدا تا سەعات یەکی پاشنیوەڕۆ بوو، چونکە تایبەت بوو بەقوتابیانەوە،، مامم رازی بوو کە ئیشێکی تریش بکەم بەدەمیەوە، چونکە تەواوی ئەو پارەیە کە وەرم ئەگرت لای مامم ئەچووە گیرفانی باوکمەوە.

لەگەڵ (وا)ی ئیشم بۆ رێکخرا لەیەکێ لە (ئارایشتگاکاندد صالون)دا کە ناوی ئارایشتگای (٩٨) بوو لەوێ بەکارگوزار دانرام‌و کاری سەرەکی کردنیشم (سیخوڕی) بوو، مانگی (٧٠) دیناری ئوردونیان دەدامێ ئەم (صالۆنە) مخابەراتی ئیسرائیلی داینابوو دوای چەند رۆژێك (وا)ی هات (چەند دەزگایەکی پەیوەندی کردن‌و کامیراو مادەی سڕکەرو وروژێنەری سێکس‌و چەند شتێکی تر کە لەئیسرائیل مەشق‌و راهێنانمان لەسەر کردبوو لەگەڵ خۆیا هێنای، سەرەتای ئیش بەدانیشتنێکی دوورو درێژ دەستی پێکرد کە (پلانی داهاتو)ی تیا باسکراو ئیشەکانیش دابەشکران.

سەرەتا کاری من چاودێری کردنی (باڵۆێزخانە)کان بوو کامێرای بچوك لەپێشی سەیارەکە دانرابوو لەدووری (٢٠) مەترەوە ڕامان ئەگرتن‌و ماوە ماوە ئەمان گۆڕین، بۆ ئەوەی گومان بۆ وەستانی سەیارەکان دروست نەبێت. هەرچی زانیاریمان دەست ئەکەوت یەکە یەکە خێرا ئەمان گەیاندن، وێنەکانیشی (ئەفسەری مخابرات) خۆی وەریئەگرتن.. کاری سیخوڕی لەسەر (سەفارەت)ەکان بەسەرکەوتوویی ئەنجامدراو درایە دەست کۆمەڵێکی تر.. ئێمەیان خستە سەر کارێکی تر، کە (روخاندن - اسقاط) بوو!!

بەڵێ کاری من روخاندنی ئەو کەسانە بوون کە (ئیسرائیل) پێویستی بەوە بوو کە لەڕووی (ئەخلاق)ییەوە بیان روخێنێ‌و بەنۆکەرو بەکرێ گیراویان بکات. ئەفسەری مخابەرات کە لێپرسراوی ئێمە بوو هەندێ وێنەی (ئافرەت‌و ئەفسەری ئوردنی) پێدایین وتی:

دەبێت ئەمانە بڕوخێنین‌و کەسایەتیان لەکەدار بکەن، خاوەنی صالۆنەکە ژنێك بوو کە ناوی (B)بوو، چەند رۆژێکی تر ئافرەتێك ئەگاتە ئێرە کە ناوی (R)ە کارمان لەگەڵ

ئەکات.. تا بڵێی جوان‌و سەرنج ڕاکێش بوو.. ئەوان هەردوو (جوو)بوون دەستمان بەکارکردو وێنەکانمان لەبەردەمدا هەڵواسی، هەر کەس بهاتایە ناو ئارایشتگاکە لەگەڵ وێنەکانی بەردەمدا بەراوردمان ئەکرد.. بێنەوەی بەخۆی بزانێت.

ئارایشتگاکە پیاوانەبوو لەچینی بەرز هاتووچۆیان ئەکرد شوێنێکی (کەشخە - ڕاقی) بوو، شوێنەکە تەنها بۆ ڕوخاندن ئامادەکرابوو!

* ژوورێکی تیابوو کە کامێرای ڤیدیۆی تێدا دانرابوو لەدەرەوە کاری پێدەکرا لەهەر چوار گۆشەکانی ژوورەکەشدا چوار کامێرای بچوك دانرابوو لەگەڵ چەند (کەشافە)یەکی ڤیدیۆ لەبنمچیی ژوورەکەدا.. هەر کەس بهاتایە لەوانەی کە ئەمان ویست لەناو شەربەتێکدا (وروژێنەری سێکسی) مان دەدایە.

دوای ئەوە کە (وروژێنەرەکە) کاری ئەکرد ئەمانکردە ژوورێکەوە کە پڕبوو لەوێنەی (ڕووت)و پاشان (R) ی جولەکەشمان بەڕووتی ئەکردە لای ئەو (وروژێنەرە) ئەوەندە بەهێز بوو یەکسەر پەلاماری ئافرەتەکەی ئەداو ئێمەش وێنەمان ئەگرت‌و دوایی وێنەکانم پیشان ئەدا.. ناچار ئەبوو ئیشمان لەگەڵ بکات.

* دوای ئەم کارە داوامان لێکرا دەزگای قسەوەرگرتن (التنصب) بخەینە ناو (سەفارەتخانە) کانەوە.. بەتایبەت سەفارەتی (عێراق)، چونکە بنکەی ڕێکخراوە فەلەستینییەکانی زۆر تێدابوو لەوێ مەشقیان دەکرد.. زیاد لەوەش عێراق خاوەنی دەزگایەکی سەربازی گرنگ بوو ئەو کاتە کە ئەویستڕا زانیاری زۆر لەسەر کۆبکرێتەوە.. هەروەها مەڵبەندی ڕۆشنبیرییەکیش سەرگەرمی ئەو کارانە بوون، لەپڕ مامم چێشتخانەکەی داخست، گەڕایەوە فەلەستین، ئەمە ساڵی ١٩٧٨ بوو!

- پەیوەندیم بەئەفسەرەکەی (موساد)ەوە کردەوەو مۆڵەتی دام‌و وتی: لەکاتێکی تردا بەیەك ئەگەینەوە لەسەر شتی تر ڕێکدەکەوین، کارەکانی تریش کۆمەڵەکەت ئەیبەن بەڕێوە.

لەوێوە ئاگام لەوان نەما.. گەڕامەوە فەلەستین.. لەهەمان شوێنی جارانا بەیەك گەیشتینەوە، ڕاپۆرتێکی درێژم لەسەر ئیشەکانم دایە وەك جاران زۆر پێکەنی.

پرسیم: بۆ پێئەکەنی؟!

وتی: تۆ ئەتوانیت هەرچی گەلەوێرانی بکەیت!

وتم: پێم بڵێ چۆن؟!

وتی: (لیبانون مسکل) کە جولێنەرو وروژێنەری زۆر تێدایە توانیم بەزۆری لە (ئوردن) بلآوی بکەینەوە، وەجا ئەو کاتە بیبینە چی لێدێت.

وتم: ئەی بۆ نایکەیت؟!

وتی: ئێستا کاتی نەهاتووە، ئەو جۆرە کارانە بۆ کاتی ئاشتی ئەبن، کاتێك ئەبێ کە دەرگای ئاشتی بەروی وڵاتاندا روبدات (جوو) زۆر لەشەڕ ئەترسن پێویستمان بەئاشتیە..

ها ئێستا خۆت ئامادەکە بۆ شوێنێکی تر.

- بۆ کوێ؟

- بۆ سعودیە.

ئەو ناوە زۆر ترساندمی، پێشی وتم: کە ئەو کارە پێکەوە رێکئەخەین.

بەرێگادا بۆ سعودیە

لەپێشا دەبو فیزەی کار رێکبخرێت ناوێکیان پێدام لە (عمان) کە هاوڵاتییەکی سعودی بوو بەناوی (ق)ەوە.. دەمێك بوو کاری بۆ (موساد)ی ئیسرائیلی دەکرد، چومە لای.. کاری بۆ دیاری کردم، ئەم ئیشەم لەتافی لاوێتیدا نەکردو باشم لێنەزانی.

وتی: ئەبێ ئەم گەشتەت لەگەڵ من رێکبخەیت!

چومە لای باوکم‌و پێم وت کە کارێك هەیە لە (سعودیە) ئەمەوێت بچم.. رێگەی دامو چوومە (عمان)، لەوێشەوە چوومە (ریاض) لەگەڵ (B) ژنەدا رۆشتم کە جوولەکەیەکی زۆر جوانبوو بەزمانی عەرەبیش بەچاکی قسەی ئەکردو بەرەگەز (فەرەنسی) بوو بەهاوەڵی (وای) و (ژنەکەی R) داوامان لێکرا بچینە ناو (مەکتەبی بزوتنەوەی رزگاری خوازی فەلەستینی)یەوەو (دەزگای قسە وەرگرتن - التنصب) تیا بچێنین، چەندەشمان بۆ کرا لەروخانی رەوشتی لەنێوانیاندا ئەنجامی بدەین‌و لەنێوان (دبلۆماسی)یە عەرەبەکاندا بەتایبەتی ناودارەکان، دەزگای تایبەتی‌و مرکەبی (نهێنیمان) بۆ هاتە (شوقە)کەو کە لە یەکێ لەگەڕەکەکانی (ریاض) دا بەکرێمان گرتبوو، باڵەخانەیەکی تا ئارەزوو کەیت قەشەنگ بوو.. دوو سەیارەشمان لەبەردەستدا بوو.. دەستمان کردە کارو جوڵە، چوینە ناو (مەکتەبی - نوسینگەی رزگاری خوازی فەلەستین)ی کارێکی گران نەبوو، چونکە هەمیشە (پێشانگاو کۆڕ)یان هەبوو، ئێمەش وەکو فەلەستینی بانگهێشت دەکراین،

بەهاوڕێیەتی ژنەکانمان هاتوچۆی (نوسینگە)کەیانمان کرد بەهۆی (وروژێنەری سێکسی)یەوە توانیمان یەکێك لە (دبلۆماسی)یەکانی نوسینگە فەلەستینیەکە بخەینە داوەوە بیڕوخێنین، ئەو یەکێك بوو لەنزیکەکانی من.

دوای ئەوە توانیمان دەزگای (قسە وەرگرتن) بەهۆی ئەو (نزیکەمەوە) لەناو (سویچی کارەبا)ی ژووری (هەڵسوڕێنەری کاروباری سەفیر) بچێنین.

- ئەو دەزگایە زۆر بچوك بوو لەقەبارەی (مێش)ێکدا بوو پێیان دەوت (ژبابە) ئەم دەزگایە زۆر هەستیارە لەدووری (٦-٥) مەترەوە قسە وەرئەگرێتو ئەینێرێت بۆ دووری (٤٠) چل کیلۆمەتر لەوێش دەزگایەکی وەرگرمان دانابوو لەدووری (٣٠) کم لەدووری ماڵەکەی خۆماندا، بەڕاستی ئەنجامەکەی سەرسوڕهێنەر بوو!!

بەهۆی ئەم دەزگایەوە توانیمان هەرچی دانیشتنی گرنگی (نوسینگەی ڕێکخراوی ڕزگاری خوازی فەلەستین) بەڕاستی هەیە وەربگرین.

لەوانە (ڕفاندنی چەكو تەقەمەنیو نەخشەکانیانو دانیشتنە گرنگەکانیانو لەڕێگەی (ئوردنە)وەو لەڕێگەی (کارگە)کانیەوە بۆ ناو (فەلەستین) چەند کاری تر لەڕێگەی (یەمەن) و (لوبنان)ەوە کە زۆرجار ئەم جۆرە کارانە لەڕێگەی سەرکردە فەلەستینیەکانەوە ئەنجام دەدرا.. هەروەك ئاشکرابوونی (سیاسەتی سەربازی بزوتنەوەکەو ئامانجەکانیو کارە داهاتووەکانیو گواستنەوەی کاری سەربازی بۆ لوبنان، لەداهاتودا کە (ئەبوزەعیم) ڕاسپێردرا بوو بەم کارانە لەگەڵ ئاشکرا کردنی نەخشەی داهاتویان کە نیازیان هەبوو چەند (کۆگایەکی تەقەمەنی) لە (صەیداو بەیروت)، لەژێر زەویدا هەروەها لە (عین الحلوە)، دروستبکەن، کە بتوانرێت بەپێی نەخشەکانی خۆیان سەیارەکانیشیانی تیا حەشار بدرێت بۆمبابارانی هەمیشەیی کاری لێنەکات.

یەك بەیەك هەواڵەکانمان ئەگەیاندەوە (تەلئەبیب) دوای ئەوە دەزگایەکی پەیوەندی کردنیشمان دایە ئەو نزیکەمان کە توانیبومان بیڕوخێنین هەر بەهەمان شێوە توانیمان دبلۆماتێکی (ئوردنیش)، لە(ریاض) بڕوخێنین.

* لەساڵی ١٩٨٠ لەڕێگەی نوسینگەی بزوتنەوەکەوە (جەواز سەفەرێك) ی تەزویریان بۆ کردم چومە لوبنان لەوێش لەڕێگەی وشکانیەوە بەپاسێك (٥٠) نەفەری بەرەگەز جیاواز لەچەند وڵاتێکەوە هاتبوون چوینە (سوریا) لەسەربازگەیەکدا دانراین، سێ هەفتە تیامانەوە، لەگەڵ مەشق کردنێکی سوك لەسەر چەند جۆرە چەکێك وەك:

(کردنەوەو هەڵبەستنو چۆنیەتی بەکارهێنان)یان.

لەو سەربازگەیەوە گواسترایەنەوە بۆ سەربازگەیەکی کە لە (صەیدا) بەفەرمانێکی رەسمی مەشقمان لەسەر جۆرەها چەك کردو و ئاهەنگێکی بەخێرهاتنیان بۆ گێڕاین کە (ئەبو جیهاد)یشی تیابوو.. دوای بەخێرهاتنیو مەشقکردن دابەشکراین منیان کردە سەرۆکی گەشتەکان واتە (دەوریات)، چونکە لێهاتوو بووم لە (سایەقیدا)، ئەوەش وای کرد کە بەئازادی بەناو سەربازگەکاندا بجووڵێم، پێش ئەوەی سەفەری (لوبنان) بکەم بەدە رۆژێك چاوم بە (ئانی) ئەفسەر کەوتو تێیگەیاندم کە ئیشم لە (لوبنان) چییە، ناونیشانی (نوسینگەیەکی گەشتو گوزار)ی دامیو ئەوەی پێویست بێت لەوێ دەستم ئەکەوێتو ئەو سەعاتەی کە هەمبوو گۆڕی بەسەعاتێکی تازە بچوکتریش کە لەرێگەی ئەو سەعاتەوە بەردەوام پەیوەندیمان هەبوو، چەند شتێکی تری پێدام وەك (٨٥) هەشتاو پێنج جۆر کلیلی دەرگا. دەزگایەك بۆ ناردنو کامێرایەکی تایبەتی بۆ وێنەگرتنی بەڵگەنامە (وەسائقە)کانو عەینەکێکیش کە بەتیشکی (ژێر سور - تحت الحمراو) کاری ئەکرد بۆ بینینی شەو.

رۆژانە راپۆرتم دەنارد دەربارەی سەربازگەکانو دەرگاکانو هۆکانی گواستنەوەو چەكو تەقەمەنیو شێوەی گواستنەوەی، تا جارێکیان ئاگادارکرام لەگواستنەوەی (چەكو تەقەمەنی) کە لەرێگەی دەریاوە گواسترایەوە، داوام لێکرا کە چاودێری رێگاکە بکەمو جەنەراڵ (ئانی) لێئاگادار بکەم، هەستام بەو کارەو هەواڵەکانم نارد.. پێش (نیو سەعات) هەواڵم پێدرا، کە ئەو ناوە بەجێ بهێڵم، بۆردومانی کاروانەکەیان کرد بەفرۆکە.. بەڵام هیچیان پێوەنەبوو.. کە هەواڵەکەم گەیاندەوە (ئانی) زۆر تورە بوو نارەحەت بوو، شوێنی هەندێ گەنجینەی چەكو تەقەمەنیم زانی، بەڵام بۆردومانیان کردبوون.. زەرەری لێنەکەوتبوو! چونکە بینای چەكو تەقەمەنیەکان تۆکمە بوون لەژێر زەویشدا بوون.

★ دوای ئەو کارانە هەستام پێیان، داوام لێکرا کە کاری رووخانی رەوشتی ئەنجام بدەم لەناو شۆڕشگێڕەکاندا.. ئەو کارەشم کردوو ماوەی سێ ساڵ دەستکەوتی زۆرم هەبوو، ئەنجامی چاکی گەیاند کە هەندێ کەسی (لوبنانیو فەلەستینی)م لەرووی ئەخلاقیەوە روخاند.

★ داوام لێکرا دەزگای هەواڵ ناردن لەهەندێ سەربازگەدا دابنێم ئەمە کارێکی گرانبوو.. چونکە (سەربازگەکان - معسکرات) ژمارەیەکی زۆر سەربازو ئەفسەری تێدابوو.. هاتوچۆیان گەرم بو.. بەڵام (ئانی) ناوی هەندێك (ئەفسەر)ی پێدام کە پێشتر کاری روخاندنیان لەسەر کرابوو لەرێگەی ئەوانەوە توانیم بگەمە هەندێك سەربازگە لە (صورو صەیدا - عین الحلوە) شوێنی کۆبونەوەکان دەزگا هەواڵناردنیان تیا بچێنم.. لەبەرگرانی کارەکە هەندێ جار پەنام ئەبردە بەر (دەرمانێکی خەوێنەر) کە بۆ ماوەی نیو سەعات توشبووەکەی ئەخەواند. توانیم بچمە هەندێ ژوور، ئەو چاویلکەیەی کە باسم کرد توانیم بەکاری بهێنم کە ئەمخستە سەرچاوی راستم بەهۆی کامێراکەشەوە وێنەی ئەو بەڵگەنامانەو پسولانەشم ئەگرد تەنانەت کلیلی دەرگاکانیش دوای ئەو کارانەش راسپێردرام کە رەواج بە (مادە بێهۆش)کەرەکانیش لەچەشنی (تلیاك) بدەم لە (لوبناندا) بەتایبەتی لەنێو جەنگاوەرەکاندا.. ئەم کارەم زۆر سەرکەوتو نەبوو!

ئەو سەربازگانەی منیان تیابووم کاتێك (پارتی زانەکان) بیانویستایە پەلامارێك ئەنجامی بدەن شەو ناهەنگیان بۆ ئەگێران‌و خواحافیزمیان لێئەکردن پێش ئەوەی کارەکەیان ئەنجام بدەن هەواڵم ئەگەیاند کە ئەبووە هۆی شەهیدبوونیان یان سەرنەگرتنی کارەکەیان، یەکە بەیەکە هەموو ئەنجامەکانم ئەزانی!؟ کاتێك ئیسرائیل باشوری لوبنانی داگیرکرد من لەوێبووم، لەگەڵ رووداوەکاندا ئەژیام، زۆرجار دەکەوتمە داوی مەرگەوەو رزگارم دەبوو، تا ساڵی ۱۹۸۳ دوای سێ ساڵ داوام لێکرا کە کە (لوبنان بەجێ بهێڵم، لەرێگەی ئوردنەوە بگەرێمەوە فەلەستینی داگیرکراو).

جێگیربون لەفەلەستین

دوای ئەوەی ئەم رۆڵەم پێراسپێدرا بوو لەلوبناندا گەرامەوە ئوردن‌و ماوەیەکیش مامەوە ناهەنگێك گەورەیان بۆ گێراین لەگەڵ (خوراردنەوەو سەماکردن‌و رابواردن) کارتێکیان پێدام کە بەهۆیەوە ئەمتوانی بچمە هەموو (مەلهاو سەماگەو یانەکانی خواردنەوە)وە.

★ لەئوتێلێکی شاری قودسدا دەستم بەکارکردن کرد تا ساڵی ۱۹۸۸ پلەبەندی کارەکانم لەفەلەستیندا لەساڵی ۱۹۸۳ەوە بەم جۆرە بوو کە بۆتان ئەگێرمەوە:

یەکەم لەساڵی ١٩٨٣ بۆ ساڵی ١٩٨٨ سەرەتای راپەڕینەکان بوو لەم ماوەیەدا کارەکانمان سوکبوون بریتی بوون لە (وێران کردن ـ روخاندنی خوڕەوشت ـ کۆکردنەوە زانیاریو چەندەها کاری تر).

مخابەرات داوایان لێکردم کەسی نزیکی خۆم تێوەنەگلێنم نەك منیش ئاشکرا ببم.. ئەوان نەیان ئەویست من لەدەستبدەن.

لەم ماوەیەی ئیشکردنەدا زۆرێك لەتۆڕە فەلەستینیەکانمان ئاشکراکردو کۆمەڵانێك بەکرێگیراومان دروست کردو هەندێکیشیان فێری جۆرەها چەککران. من سەرۆکایەتیو سەرۆك کاریو رێنمونی هەندێك لەو بەکرێگیراوانەم ئەکرد لە (قودسو بەیت لەحمو رامەڵڵاو خلیل) لەو ماوەیەدا کاری زۆرم نەبوو!!تەنها کارێکم ئەوە بووخرامە خولێکی چڕوپڕی بەکارهێنانی چەکەوە بۆ ماوەی سێ مانگ کە لەسەربازگەیەکدا بوو لە (تەلئەبیب) بەرووی (یافا)دا لەسەر قەراغی دەریا، لەو خولەدا کە بۆم باسکردن فێری بەکارهێنانی جۆرەها چەککرام، لەگەڵ جۆرەها تەقەمەنیو نارنجۆكو نیشانە شکاندن بەدەستی راستو چەپو نیشانەی وەستاو و جوڵاو، نیشانەکان بریتی بوون لەوێنەی مرۆڤ کە نیشانەی (سوور) لەسەر شوێنی کوشندە دانرابوو! دەبوایە بپێکرایە کە بریتی بوون لە (دڵ و قورگو سەر) ئەم خولەشم بەسەرکەوتوویی تەواوکرد.

دووەم قۆناغ لەساڵی ١٩٨٨ەوە دەستیپێکرد بۆ ساڵی ١٩٩٠ کە کاتی راپەڕینەکان بوو.

راپەڕین بە (بەرد) دەستی پێکرد.. ئەمان ئەمزانی چۆن وەڵامی ئەو منداڵانە بدەینەوە!! هەموو رۆژێك یەکێکمان لێئەکوشتن، بەڵام بەردباران زیاتر ئەبوو! بەوەشەوە نەوەستان بۆمبی (مۆلۆتۆف)یشیان بەکار ئەهێنا.. کە هەندێك جار ئەبووە هۆی سوتاندنی سەیارەو بریندار بونی پیاوە بەکرێگیراوەکانیشمان.. دەبێت ئەو گاڵتەجاڕییە کۆتایی بێت رێنادەین منداڵ یاری بەداهاتووی (ئیسرائیل) بکەن.. ئەمە ئەوپەڕی گاڵتەجاڕییە بەو قسانە (س)ی ئەفسەر هاتە قسە لەگەڵماندا کە بریتی بوین لەکۆمەڵی سەرۆكو لێپرسراوی بەکرێگیراوان.. لەم دانیشتنەماندا کارمان بۆ دیاری کرا.. دەستمان پێکرد.. بە (سەیارەو جلی پۆلیسی)یەوە، منداڵە راپەڕیوەکانمان ئەفڕاندو لێمان ئەگرتنو جاری وا هەبوو بۆ ماوەیەکی زۆر دورودرێژ راومان ئەنانو شوێنیان ئەکەوتین بەکۆڵانەکاندا تا ئەمانگرتن.. ئەم کارەشمان لەو شوێنانەدا ئەکرد کە ئەیان ئەناسین کاری دزیو شکاندنی دەرگای دوکانی راپەڕیوەکانمان ئەکرد لەگەڵ سوتاندنی سەیارەی

عەرەبەکان بەمادەیەکی سوتێنەری خێرا لەگەڵ سەربازەکاندا بەشداریمان ئەکردو گوللەمان ئەتەقاند کە هەندێکمان بریندارو کوژراو ئەکردن[1].

ئەو دزیو کاولکارییەی ئەمانکرد لەنێوان خۆماندا بەشمان ئەکرد، هەروەها بەناوی لایەنە فەلەستینیەکانەوە (دروشم) - شعارمان بەدیوارەکانەوە دژی لایەنەکانی تر ئەنووسیو (پڕوپاگەندە - دیعایە)یەکی زۆرمان بەو ناوەوە ئەنوسینو هەندێك جار بەناوی ئەوانەوە باسی خۆپیشاندانی وەهمیمان بلاوئەکردەوە.. ئەمە سروشتی کارەکەمان بوو لەماوەی دوو ساڵدا.. دوای ئەوە دۆخێکی تری وەرگرت ئەویش بەسەر گەرمکردنی خەڵکی بەخۆیانو لایەنەکانەوە نەك بەئیسرائیلەوە.

قۆناغی سێیەم: لەساڵی ١٩٩٠- ١٩٩٢

ئەم قۆناغە دەتوانرێت ناو بنرێت قۆناغی روخاندن: مخابەرات گەیشتبوونە ئەو رایەی کە روخاندنی گەلو وێرانکردنی بەسە بۆ زاڵبوون بەسەریاو کۆتایی هێنان بەراپەرینەکەیان. دەستمان بەئەنجامدانی نەخشەو پیلانەکان کرد: ئەویش (شوردنەوەی مێشك)ی بەکرێگیراو بوو بەجۆرێك ببێتە پیاوێکی بەبیروباوەڕو چارەنوسی خۆی ببەستێتەوە بە (ئیسرائیلەوە)و گیان فیداو خۆبەخت کار بێت بۆ (ئیسرائیل)، ئەمەش بۆ عەرەبێکی موسوڵمان گرانە، ئەمە کارێکی گرانو درێژخایەنە لەگەڵ هەموو کەسێکیشدا ناکرێت، مخابەرات ئەیتوانی بەکرێگیراوی بکاتە راهاتن، ئالودەبون (ئیدمان) وەك راهاتن لەسەر مادە بێهۆشکەرەکان کە ناتوانرێت وازی لێبهێنرێت، وە لەگەڵ ئارەزووبازیدا تێکەڵ بکرێت، کە ئەمەش لەدڵو دەروونی بەکرێگیراودا دەچەسپێو ناتوانرێت وازی لێبهێنێت.

ئێستا من بەئێوە ئەڵێم: مخابەرات زۆر بەئاسانی ئەتوانێت بەکرێگیراو دروست بکات، وایلێبکات دوای دەرچوونی داگیرکەریش ئەو (خیانەت) وەك خوێن لەدەمارەکانیدا بجوڵێت!؟.

قۆناغی چوارەم: ساڵی ١٩٩٢- ١٩٩٣

---

[1] ئەمە کاری دەستەڵاتدارەکانە.. بۆ ئەوان نییە دروشمی مافی مرۆڤ پیادە بکەن، بەڵام بۆ زۆرلێکراو دەبێت هەموو بەندەکانی مافی (منداڵو ژنو مرۆڤ) پیادە بکات.. پاشان شەڕ بەچەكو تەقەمەنی بۆ ئەوان زۆر ئاساییو رەوایە، بەڵام بەردو راکردن بۆ ئەمان ئاساییە!!

لەم قۆناغەدا جموجۆڵو گوڕو تینی بزوتنەوەی (حەماس)ی ئیسلامی لەزیادبووندا بوو، ئەم قۆناغە قۆناغی چڕکردنەوەی چالاکیەکان بوو لەسەردەمی (حەماس) دەربارەی چالاکیەکانو چاودێریو بەدواداچوونمان ئەکردو کارمان لەسەر روخانی ئەندامانی (حەماس) ئەکرد، چونکە چونە ناوەوەی ئەم جۆرانە لەبەر دینداریان گرانە پێویست بوین بگەڕێین بەدوای هۆی تردا، ئەویش چڕکردنەوەی چالاکیەکانمان بوو لەسەر ناوەوەی خێزانەکانیان بەتایبەتی (ئەندامانی خێزانی سەرکردەکانیان لەکوڕو کچو ژنو براو خوشكو ئامۆزاو پورزاو خاڵۆزا)، بەهەر نرخو شێوەیەك بووە لێیان رابکێشینو لەرووی ئەخلاقو دینەوە بیانڕوخێنین.. هەتا منداڵە تازە پێگەیشتووەکانیشیان کە تازە فێری دینداریو پەروەردەی ئاینی ئەکران کە هەر چۆن لەگەڵ لایەنەکانی تردا ئەم کارەمان ئەنجامداو ئەنجامیشی هەبوو.

لەسەرێکی تریشەوە بەربەرەکانی (حەماس)مان ئەکرد بەداخستنی (مزگەوت) و (گرتنی ئەوانەی خەریکی فێرکردنو وانە وتنەوە بوون) داواکرابوو لە (بەکرێگیراوە)کانمان لەمزگەوتەکانا ئاشووبوو پشێوی بنێینەوە بۆ ئەوەی داخستنیان ئاسان بێتو حکومەت بتوانێت بەو بیانووانەوە دایان بخات.

ئەم کارانەمان سەرکەوتوو نەبوو لەبەر ئەوە بەشێوەیەکی تر دەستمان بەکارکردن کرد، بەم رێگایانەی بۆتان باسدەکەم:

یەکەم: ئەو منداڵانەمان ئەگرت کە نوێژ ئەکەن لێپێچینەوەمان دەربارەی نوێژکردنو قورئان خوێندن لەگەڵ ئەکردن تا لەماڵەوە بترسنو رێیان لەهاتوچۆی مزگەوت لێبگرن.

دووەم: گرتنی ئیمامی مزگەوتەکانو تاوان دانەپاڵیانو حکوم دانیان بۆ ماوەی درێژخایەن بۆ ترساندنی نوێژخوێنانو منداڵەکانیان بۆ ئەوەی هاتوچۆی مزگەوت نەکەن. فەرماندرابوو بە (کرێگیراو)ەکان هەستن بەکاری (نێربازی) لەناو مزگەوتەکاندا، پەردەی لەسەر هەڵماڵدرێت تا مزگەوتەکان پیرۆزیان لەدەست بدەنو لەبەرچاوی دایكو باوکی منداڵانی هاتوچۆکەرانی بکەوێت.

قۆناغی پێنجەم: لەکاری خیانەت لەساڵی ١٩٩٢ – ١٩٩٥

ئەم قۆناغە ئیش کردن بوو دژی (کەتیبەکانی عزمت الدین قەسام) (باڵی سەربازی بزوتنەوەی حەماس) ئەم کارەشمان لەباشوری فەلەستین چڕ کردبۆوە لەناوچەکانی (قودس ـ بیت لحم ـ رامەڵلا) بەم جۆرە:

یەکەم: سواری سەیارەی عەرەب ئەبوین‌و بەتەواوی چەك‌و تەقەمەنی‌و دەزگای پەیوەندی کردنەوە، وە بەدرێژایی شەووڕۆژ هاتوچۆمان ئەکرد چاودێری ئەو هێلانەمان ئەکرد کە تەقەیان لێئەکرا، ئەگەر سەیارەی جولەکەمان بدیایە (خۆی بەتەنها) دوای ئەکەوتین تا بەسەلامەتی ئەمانگەیاندەوە شوێنی خۆی.. جارجارەش کەوتنە (مەفرەزەکانی جەیش)و پارێزگاریمان ئەکردن بەکارهێنانی سەیارەی عەرەبی بۆ ئەوە بوو کە چوینە ناو شارە عەرەبیەکانەوە ئاسان بوو هاتوچۆ بکەین.

دووەم: بەکارهێنانی شوێنە مردووەکان: ئەو شوێنانەی کە (مخابەرات رێکخستنی کەتیبەکانی) تیا ئاشکرا بکات رێکخستنی نوێمان تیا دروست دەکرد، کاری دەستوەشاندنمان پێئەنجام ئەدان بۆ ئەوەی کەتیبەکانی تر وابزانن لەوان‌و دروست بوونەتەوە.

لەکاتی دەستوەشاندندا ئەمانگرتن‌و رەوانەی زیندانەکانمان ئەکردن بۆ ئەوەی لەوێش بکەن‌و سودبگەیەنن‌و بەهۆیانەوە چونە ناو کەتیبەکانەوە ئاسان بێت، بەڵام ئەم جۆرە کارانەمان زوو ئاشکرا ئەبوون لەلایەن کەتیبەکانی (عزمت الدین قەسامە) وە بەهۆی ئەو رێگا جۆرەبەجۆرانەی کە ئەوان ئەیانگرتەبەر.

تەوەرێکی تری ئیشمان کارکردن بوو لەسەر روخاندنی ئەو کەسانەی کە جێگەی متمانەو بڕوای (حەماس) بوون‌و لەرابردوودا زۆر چالاك بوون، ئەگەر لەگەڵ یەکێکیاندا سەرکەوتنمان بەدەست بهێنایە بەکارمان ئەهێنا بۆ لێدانی کەتیبەکان لەناوەوە، چونکە ئەو جۆرە کەسانە جێگەی بڕوان‌و کاری چوونە ناوەوە لەڕێگەی ئەوانەوە زۆر ئاسان بوو.

ئازیزان ئەوەی ئێستا بۆتان دەگێڕمەوە قسەو ڕوداوی خیانەتکارێکی فەلەستینیە کە بیست‌و پێنج ساڵ لەگەڵ (دەزگا موساد)ی ئیسرائیلدا ئیشی کردووەو دوایی لەلایەن (دەزگای مەجدی) سەر بەبزوتنەوەی حەماسی ئیسلامیەوە ئاشکراکراوەو پەشیمانی دەربڕیوە.

سێیەم: بەشداری کارە سەربازییەکانی ئیسرائیلیەمان ئەکرد لەکاتی هێرشبردندا بۆ سەر ماڵەکانی ئەندامانی (حەماس) بۆ نمونە: بۆ خۆم بەشداریم لەهێرش بردنە سەر ئەو ماڵانەی کە سەربازێکی (ئیسرائیلی)یان بەناوی (گۆناح..) شاردبۆوە لە (بێرم بالا) لە (ڕامەللا) کردو لەکاتی هێرشەکەدا سێ سەربازی ئیسرائیلی کوژران، بەڵام باسیان نەکرا.

قۆناغی شەشەمو دوا قۆناغی خیانەت لەساڵی ١٩٩٥- ١٩٩٦ تا گرتنم

لەم ماوەیەدا مەشقو ڕاهێنانێکی زۆرمان کرد لەنوسینگەی مخابەراتدا لەسەر چۆنیەتی (پەیوەندی کردن بەسەرۆك دەستەکانەوە) کە بۆ (ئیسرائیل) ئیشیان ئەکرد، بەتایبەتی لەناوچەی (أ) چونکە پەیوەندی کردن بەو دەستانەوە زۆر دژوار بوون لەژێر دەستەڵاتی ئیسرائیل دا نەبوون بۆ ئێمە زۆر ئاسان بوون ڕێکەوتنەکانی (ئۆسلۆ) ئەوەی تیابوو کە گیانی ئەو کەسانە بپارێزرێ کە کاریان بۆ ئیسرائیل کردووە.

بۆ دەستەڵاتی فەلەستینی بەهیچ جۆرێك نەبووە ئەو کەسانە بگرێت یا بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکات.

(عەرەفات) خۆی ئەمەی مۆرکردبووا کە ئەوان (پێناسی) ئیسرائیلیان هەڵئەگرتو تەنانەت گرتنیشیان قەدەغە (ممنوع) بوو لەژێر هەر ناوێکدا بووایە.

ئیشێکی تایبەت لەتورکیا

لەساڵی ١٩٩٣ منو (وای) بانگراین بۆ یەکێ لەسەربازگەکانو خولێکی مەشقکردنی زۆر پێشکەوتویان پێکردین کە تایبەت بو بە (هێزی تایبەت - قوە الخاصە) لەو خولەدا لەسەر (دەمانچە)یەك فێرکراین کە (٢٢) گوللەی ئەتەقاند کە گوللەکانی لەگوللەی دەمانچەی (٩) ملم گەورەتربوون، دوو جۆر بون، جۆرێکیان بەدەستی ڕاستو جۆرێکی تریان بەدەستی چەپ کە گیرمەکیان بۆ کردبوو توند ئەکرا لەمەچەك کە زۆر بەهێز بوو بۆ ئەوەی لەکاتی تەقاندندا رات نەتەکێنێت.. ئەم دەمانچەیە بە (تاكو كۆ)ش تەقەی ئەکرد. دوای ئەم خولەش گواستراینەوە بۆ (تورکیا)و ناونیشانیان پێداین کە پەیوەندی بکەین بە (کەسێکەوە) کە کارمان بۆ ئاسان ئەکاو تێمان ئەگەیەنێت کە ئیشمان چییە پێی، پێیراگەیاندین کە ئیشەکەمان بریتیە لە (تیرۆرکردنی) یەکێك لەسەرکردە (خۆرئاواییەکان) کە پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ عەرەبدا هەیەو خەڵکی (بەریتانیا)یە، ئەم ئیشە (١٠) دە ڕۆژی خایاند، شوێنەکەیمان زانیو بەنەخشەیەکی داڕێژراو کابرای (خۆرئاواییمان) لەناو سەیارەکەیدا تیرۆرکردو بەسەرکەوتوویی

کارەکـەمان ئەنجامـدا، هـەمان رۆژ گەیـشتینەوە ئیـسرائیل‌و ناهـەنگێکی گەورەشـیان بـۆ گێڕاین.

لە پاداشتی ئەم هەموو کارەدا ئیسرائیل چیان پێکردم‌و پاداشتیان چۆن دامەوە!؟

دوای ئەوەی لیمۆکـە گوشـراو فـڕێ درایە تەنەکـەی خـۆڵی بەنـدینخانـەوە لەسـەرەتای ساڵی ١٩٩٦ دا، (موساد) پێیان راگەیاندم کە ئەیانەوێت بمگـرن‌و بمخەنـە (بەنـدینخانـە)وە تا لەنزیکەوە ئاگاداری ئەندامەکانی (حەماسی ئیسلامی)بم. خوڕەوشتی ئەوان وەربگـرم‌و پەیوەنـدیان پێوە بکەم وەکو ئەندامێك، ئەمەش دوای ئەو (چوار هێرشە تۆڵەسەندنانەی کە بەشوێن شەهیدکردنی ئەندازیار.. یەحیا عـەیاش)دا هـاتبوو بـە (موسـاد)م ڕاگەیانـد: هیچ پێویست ناکات من ئەم ئیشە بکەم، ئاشکرابونم زۆرە بەتایبـەت مـن (دینـدار) نـیم‌و ناشتوانم وەکو ئەوان بکەم‌و لەژیانمدا نوێژم نەکردووە!؟

بـەڵام ئارامیـان کردمـەوەو وتیـان: چـەند کەسـێکی تـریش کـە (لـەدەرەوە ئەمناسـین) لەگەڵتا ئەنێرینە بەندیخانەوەو پێکەوەش کاربکەن بۆ خۆشت ئاسانترە.

هەوڵی زۆرم دا کە ئەم کارە بۆ من نەبێت، بەڵام بێئاکام بوو من چاك ئەمزانی کە من ناتوانم وەك ئەندامەکانی (حەماس) بم شتەکانی تر بەزووی فێربووم، بـەڵام مـن کوڕی خێزانێك نەبووم بتوانم وەك ئەندامانی (حەماس) پـەروەدە بم! لـەو کاتانـەدا هەسـتێکی نامۆو سەرسوڕهێنەر سەرسامی کردم‌و رووی تێکردم چـەندەها خـەیاڵ بەمێشکمدا هـات دوای ئەو هەموو خزمەتە بە (جولەکە) سەرئەنجام بۆ بەندیخانە!!؟

ئەمە پاداشتی ئەم هەموو خزمەتە بوو کە پێشکەشم کـردن، ئەمـە (خـەڵاتمـە) ئەمـە (سەرئەنجامی ناپاکی ـ خیانەتە)

زۆر لەحەماس نەترسام، ئەوەی دەربـارەی ئـەوان کردبـووم بەسبوو بـۆ ئـەو ترسـەم.. هەستم بەناڕەحەتی‌و دڵتەنگی‌و بێتاقەتییـەکی زۆرو بێوێنـە ئـەکرد.. ئـاخ‌و حەسـرەت‌و پەشیمانی بەخەیاڵمدا گوزەریان ئەکرد.

وەك لیمۆ ئاوەکەیان گوشیم.. لاوێتیم بۆیـان سـەرف کـرد.. فڕێیـان دامـە بـەر دەستی (حەماس) لەکوێش لەبەندینخانەدا!!

لەسـەر داوای ئـەوان‌و بـۆ زانیـاری بـەهێز چـوومە بەندینخانـە.. دوای چـەند رۆژێـك هەستم ئەکرد چاوەکان بەدوامەوەن‌و ئاگایان لێمە.. وا دڵی خۆم ئەدایەوە کە مـاوەی

بەندبوونەکەم کەمەو لە (سێ مانگ) تێناپەڕێت‌و ئەگەری ئاشکرا بوونم کەمە! دەستم کرد بە (شەو نوێژو قورئان خوێندن‌و ڕۆژوگرتن) دوورکەوتمەوە لەهەر هەڵسوکەوتێك جێی گومانی ئەوان بێت، هەوڵم ئەدا هەموو شتێك فێربم، دوای (مانگ‌و نیوێك) خرامە ژێر پرسیارو لێکۆڵینەوەی (دەستگای ئاسایشی حەماسە)وە کە بە (مەجد) بەکورتکراوەی دەناسرێت.

تەنها دوای (٤٠) ڕۆژ ئاشکرا بووم، دانم بەهەموو شتێکدا ناو چیرۆکی چارەکە سەدەیەك لەسیخوڕی‌و خیانەتم گێڕایەوە.. زۆر زۆر پەشیمانیم دەربڕی لەو هەموو ساڵەی کە خزمەتم بە (جوولەکە)ی داگیرکەر کردووەو خیانەتم بە (گەل - نیشتمان - ئاین)م کردووە.

هەموو خۆشییەکان هەموو ڕابواردنەکان هەموو گەشتەکان وەك خەیاڵ وابوون‌و تێپەڕین‌و تەنها پەشیمانی بووە هاوڕێم.. بەڵام چارم نەبوو، چونکە ئازادی‌و ویستی خۆمم لەدەست دابوو.

بەڕێزان وابزانم هەموو تێگەیشتن سەرئەنجامی خیانەت چی بوو؟!

سەرئەنجامی پارەپەرستی‌و ئارەزووبازی چی بوو؟

سەرئەنجامی پەروەردەی نادروستی باوك‌و خێزان چی بوو؟

ئاکامی بێگانەپەرستی چی بوو؟

ئاکامی هاوڕێی خراپ‌و کەسێتی ڕوخاو چی بوو؟

ئەنجام، ئەی خاك، ئەی گەل، ئەی ئاین، ئەی ویژدان، پەشیمانیم لێقبوڵ بفەرموون.

(خ)ی خیانەتکارو ناپاك بەخاك‌و نەتەوەو ئاین چۆن ئاشکرابوو؟

دەربارەی ئاشکراکردنی (خ)ی ناپاك، بەرپرسی ئاسایشی حەماس، کە دەزگایەکە بەناوی (منظمة الجهاد والدعوه) بە (مجد) دەناسرێت دەگێڕێتەوە دەڵێ:

لەزنجیرەی گرتن‌و ڕاپێچکردنی گەنجان بەرەو زیندانەکان لەلایەن (ئیسرائیل)ەوە (خ) یەکێك بوو لەوانەی کە لەگەڵ لێشاوێك لەئەندامانی (حەماس)دا گەیشتە (زیندانخانەی مەجد)، لەم کاتی بەلێشاو گرتنەدا واتە ناردنی چەند کەسێك بەمەبەستی کارکردن بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل لەناو زیندانەکاندا، دەبێت زیندانیان زۆر بەئاگاو وریا بن پرسیار لەوانە بکرێن کە تازە دەخرێنە زیندانەوە، هەر لەگەڵ گەیشتنی (خ) دەستکرا بەپرسیارو لێکۆڵینەوە:

- ناوی چییە؟
- کێ ئەناسێت؟
- کەسە نزیکەکانی کێن؟
- ناسیاو خزمی کێن؟

بەڵێ بەم شێوەیە پرسیاری ئاڕاستە ئەکرێ ئەتوانرێت لەسەر زاری خۆی وەڵامی لێوەربگیرێت، دەبوایە لەدەرەوەی زیندان وەڵام بهاتایەتەوە لە (کۆنترۆڵی) دەرەوەی کردبوو تەنانەت نەیئەهێشت کەس سەردانی زیندانیش بکات.

کەواتە ئەبێت لەزاری گومان لێکراوەکەوە وەڵام وەربگیرێت.. ئەمانتوانی زانیاری تەواو لە (خ) وەربگرین تەنها ئەوە نەبێت لە:

(لەخێزانێکی رووخاوە، یەکێك لەخزمەکانی بەهۆی پەیوەندی بەکەتیبەکانی شەهید عزت الدین قسام)ەوە گیراوە، دەبێت تەنها لەخۆی نزیك ببینەوە، یەکێك لەرۆڵە زیرەك و لێهاتووەکانی دەزگای ئاسایشی حەماس) راسپێردرا کە لە (خ) نزیك ببێتەوە، بەجۆرێك کە نزیکییەکە نیشانەی تێڕامان نەبێت.

رۆژ دوای رۆژ زانیارییەکانی دەدایە دەستمان:

- ئەو بەکرێگیراوە لەدەرەوە نوێژی نەکردووە!
- بۆ ماوەی دوو ساڵ ژنی هەبووەو تەڵاقی داوە، ئێستا ژنی نیە؟
- تەمەنی ٤٠ ساڵە.
- رۆشتۆتە (ئوردن ـ لوبنان ـ سعودیە ـ تورکیا)!
- پەیوەندی نەبووە بەرێکخستنەکانی (حەماس)ەوە!
- ئێستا چۆن لەسەر (حەماس) زیندانی کراوە؟! لەزیندانیشدا لەژێر ئاڵای (حەماس)دا زیندانی دەکرێت نەك لەژێر ئاڵای لایەنێکی تر.
- لەدەرەوە نوێژی نەکردووە، ئێستا نوێژ دەکات!

ئەم زانیارییە سەرەتاییانە بۆ ئێمە بەس نەبوون بەمەرجێك ماوەی بەندکردنی ئەم بەکرێگیراوە کەم بوو.. دەبێت زوو بجوڵێین و پابەندی ئەو زانیارییە کەمانە بین، پلانێکمان داڕشت کە بەیارمەتی خوا پلانەکەمان سەری گرت بەم جۆرە:

قۆناغی یەکەم: دەوروبەرو دراوسێی ئەم بەکرێگیراوەمان پشکنی بۆمان دەرکەوت کە پەیوەندی بەکەسانێکەوە هەیە کە لای ئێمە جێگەی گومانەو ئاڵۆزن، گەڕاین بەدوای

کەسێکدا لەهاوڕێکانی کەمتر زیرەك‌و لێهاتوو بێت.. گەنجێکی تەمەن بیست ساڵیمان دۆزییەوە، کەسێکی خۆمان کە زۆر لێهاتوو بوو بۆ (حەماس)و کەسیش نەینەناسی لێی نزیك کەوتەوە قسە قسەی راکێشا تا بۆمان دەرکەوت: ئەم گەنجە بیست ساڵە کەسێکی رووخاوەو خوڕەوشتی نییە باری خێزانیش نالەبارەو خاوەنی کەسێتییەکی لاوازە، بەم جۆرە روخانی لەبەردەم ئاسایشدا ئاسانە.

ئەم کەسەی ئێمە وا دەربخات بۆ ئەم گەنجە کە هەردوکیان هاوشێوەن لەباری خوڕەوشتییەوە هەروەکو ئەوان ئەمیش کە کارێك‌و ناوی کەسێکی پێدراوە کە پەیوەندی پێوە بکات، بەڵام لەترسی (حەماس) ناوێرێت پەیوەندی پێوە بکات باشە، خێرا کوڕە گەنجە کە وتی: هیچ مەکە ناوی ئەو کەسە بدەرە من، من پەیوەندی پێوە ئەکەم‌و پارمەتیت دەدەم.

ئەویش ناوی لاوێکی پێشکەوتوی خۆمانی پێدا کە لەزیندانەکەدا ئەناسرابوو.. هەردوکیان کۆبونەوە بەجۆرێك کە هەریەکەیان لە (تۆڕێکی) جیاوازدا کار دەکەن. ئەم گەنجە (٢٠) ساڵ زۆر نەزانانە باسی تۆڕەکەی خۆیانی بۆ تۆڕە بەمانا تازەکە کردو ئەندامەکانی هەڵدا کە یەکێکیان (خ)ی خیانەتکار بوو.

ئەم دوو تۆڕە لەسەر ئەوە رێککەوتن کاری ناشیرین‌و بەدڕەوشتی لەگەرماوی زیندانەکەدا ئەنجام بدەن، (خ)یش بەمەی زانی‌و لیکی بۆی جوڵاو بەیادی جاران ئارەزووبازی لەلا زیندوبۆوە.

لەکاتی نزیك بوونەوەی کارە ناشیرینەکە، ئەو لاوەی ئێمە راسپێدرا کە گرفتێك لەگەڵ یەکێکی تری ئەندامەکانا ئەنجام بدات، گرفتەکە رویداو هەردوو برانە بەردەم زیندانەکانی ترو لەبەرژەوەندی لاوەکەی خۆمان کێشەکە یەکلایی کرایەوەو ئەوی تری - ئەندامەکەی خۆمان - لەڕیزی ئەواندا تاوانبارکراو سزا درا، بەم کارە پەیوەندی نێوانیان توندوتۆڵتر بوو.

بەم شێوەیە فایلی گەنجە بیست ساڵە خیانەتکارەکە زیاتر پێگەیشت‌و زانیاری زیاتری درکاند دەربارەی (خ)و تۆڕەکەی خۆیان، لەم کاتەشدا کەسەکەی خۆمان زیاتر لە (خ) نزیك ئەبۆوە لەگەڵ کوڕە گەنجەکەی تردا رێککەوتن، کە نامەیەك فڕێبدەنە ناو (ئیدارە)ی بەڕێوەبەرێتی زیندانەکەو ئاگاداریان بکەن کە ئەم کوڕە گەنجە (٢٠) ساڵەیە لەژێر لێکۆڵینەوەی (حەماس)دایە.

(خ) بەمەی زانیو نەیهێشت، دەستی دەکرد بەقسەکردن، (حەماس و هەڕەشەکردن) هەر کاتێک یەکێک نزیک ئەبۆوە لەم گەنجە ئەو (ئیدارە)ی زیندانەکەی ئاگادار ئەکردەوەو نەیدەهێشت.

ئێستا چار چییە بۆ ئەم گرفتەمان هاتە ڕێگە؟! پێویستە پلانێکی تری بۆ دابڕێژرێت بۆ ڕزگاربوون لەم کارەی (خ) گەنجەکە هەرچی پێبوو لەماوەی (١٤) ڕۆژ لێیدەرهێنرا.

پاشان ئەم پلانە داڕێژرا.. هەموو زیندانەکانی کۆکرانەوە، ئەم گەنجە لەبەردەم هەموویاندا ڕاوەستێنرا وتمان:

ئەم گەنجە لەدەرەوەی بەندیخانە پەیوەندی بە (ئیسرائیل)ەوە هەبووە، بەڵام دواتر نەیویستووە ئیشیان لەگەڵ بکات گرتوویانەو سزایان داوە.. ئێستا لەزینداندا هیچ چالاکی بۆ ئەوان ـ ئیسرائیل ـ نییە، ئەم وتانە وەك ئاوێکی ساردی لەبیابانێکدا بەدەی (خ) خیانەتکار گەشایەوە هاتەوە سەر خۆیو دڵنیابوو لەوەی کە هیچ گرفتێك نییە.

بەم شێوەیە ئەم گەنجەی ئێمە لەزیندانەکەدا بەئاسانی ئەجوڵاو داوێکیان دانا بۆ (خ) کە نەتوانێت لێی دەربچێت.. بەنەسپاییەکەوە ئەندامەکەی ئێمە چووە بن گوێی (خ) و چرپاندنی بەگوێیدا کە (نامەیەك لەژێر سەرینە)کەیدا دادەنێتو دەربارەی لێکۆڵینەوەکانی کە لەلایەن (حماس)ەوە لەگەڵیا کراوەو ئەو زانیارییانەی کە دانی پیاناوە، لەنامەکەدا هاتبوو: (من ناوی تۆم نەدرکاندووە مەترسە، بەڵام من لەژێر چاودێریدام.. نامەوێ کەس لێم نزیك ببێتەوەو پەیوەندیم پێوە بکات).

(خ) هاتە ئەم لاوە، ئەملاو لایەکی کردو نامەکەی لەژێر سەرینەکە دەرهێناو خوێندییەوە، زەردەخەنەیەکی کردو نامەکەی سوتاند.

دۆسییەی (خ) پێگەشتو ئیتر کات ئەماوە دەبێت ڕاستی بدرکێنێت، کە قسەمان لەگەڵ کرد ناخلافگیر بوو.. ڕاچڵەکی.. لەسەرەتاوە نەچووە ژێر بار. باسی نامەکەو هەندێك شتی ترمان کرد کە هەمووی نەخشەی ئێمە بوو.. خۆی ئەگرتو خۆی نەئەیا بەدەستەوە.. ئەو پیاوێکی جەربەزەو بەتواناو مەشق پێکراو بوو، بەردەوام نکوڵی لەوە ئەکرد کە پەیوەندی هەبووبێت، زۆر وریاو زیرانە لەو بارەیەوە خۆی لادەدا.

بەڵام لەژێر فشاری جەستەییدا وردە وردە نەرم بوو! ئەو نەرم بوونەی بەهەند گیرا.. ئەو نەفەرەی کە خۆمان دامانابوو یەکەم جار هێنامانە ڕوو ئیتر بۆی دەرکەوت ئیشەکان نەخشە بۆ کێشراو بوون لەلایەن (حەماس)ەوە.

هەر لەیەکەم هەنگاوەوە بەشێوەیەکی زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ کارەکاندا کراوە.. بەتەواوی رووخاو دانی بەوەدا نا کە (پیاوی ئیسرائیلەو کاری هەواڵگیری کردووە لەماوەی (٤) سەعاتی یەکەمدا زۆر شتی درکاند، بەڵام لەم کاتەدا گرفتێکمان بۆ دروست بوو ئەویش ئەوە بوو: کە تەنها چوار کاتژمێر ماوە بۆ سەرژمێری بەیانیان.. نەبادا خۆی بگەیەنێتە کارگێڕی زیندانەکە پێمان راگەیاند کە دەبێت: لەکاتی سەرژمێریدا لەگەڵمان بمێنیتەوە.. ئەگینا (دوسیەکەی - فایل) دەنێرینە دەرەوە بۆ لای (حەماس) ئیتر خۆی دەیزانی ئەوە واتای چییە.. زۆر لە (حەماس) دەترساو خوای گەورە ترس‌و بیمێکی زۆری خستبووە دڵییەوە، رازی بوو بەوەی کە پێمان راگەیاند.

بەم شێوەیە بۆ ماوەی (یەکمانگ)ی رەبەق لێکۆڵینەوەمان لەگەڵدا کرد لەسەرەتاوە هەندێك زانیاری هەڵەو چەواشەکاری وتبوو، بەڵام لەگەڵ رۆشتنی کاتدا نەیتوانی چیتر بەرگری بکات‌و بەتەواوی داڕوخاو بەدووروودرێژی باسی پەیوەندی خۆی‌و ئیسرائیلی کرد بەو شێوەیەی کە خۆی گێڕایەوە رۆژی بەربوونی (خ) لەبەندیخانە لەبەردەم (مجاهیدانی حەماس)دا راوەستێنرا، دانی نا بەبەکرێگیراوی خۆیدا لەپێناو بەرژەوەندی ئیسرائیل پەشیمانی نواندو داوای لێبوردنی کرد.. بەڵام پاش چی؟!

خوێنەری بەڕێز هاوڕێی خۆشەویستم ئەمە تەنها چیرۆکێك نەبوو لەسەر کاری سیخوڕی (موساد) ئەمە راستیەکە دەربارەی ئەو هەموو تاوان‌و پلانە گڵاوانەی جوولەکە بەرامبەر ئیسلام‌و موسوڵمانان لەبەری دەگرێت‌و تا ئێستاو داهاتوش لەسەریان بەردەوام دەبێت، ئەمە وانەیەك بوو بۆ وریابون‌و تێگەیشتن لەسروشتی کاری دەزگا (سیخوڕیەکان) و (ئەوانەی جولەکە بەتایبەتی) بۆ زیاتر بەئاگابوون‌و پاراستنی ریزەکانمان روخاندنی ئەندامان‌و ژن‌و کچ‌و منداڵ‌و خزم‌و ناسیاو بۆ دروستکردنی درزێك‌و هاتنە ناوەوە، تەنانەت جگەرگۆشەکان‌و بازنەکانی فێرکردنی قورئانیشیان لەبیرنەکردووە بەو هیوایەی کە سودبەخش بووبێت بۆ هەمووتان‌و ئاگاداری کاروکردەوەتان بن.. وانەیەك بێت بۆ داهاتومان.. بۆ داهاتومان.

دایــک

دایك: ئەو مرۆڤە ماندوو شەکەتو دڵپر ئەندێشەو حەسرەتەیە کە سات بە ساتو هەناسە بەهەناسە خۆی دەرەنجێنێو خۆی دەسوتێنێت، مۆم ئاسا بۆ گەشەو پێگەیاندنی رۆڵەکەی بەخۆشیەوە، لەساتە خۆشەکانی تەمەنی منو تۆی خوێنەردا ئەو دڵو چاوو بیرو هۆشی دەگەشێتەوە بەترپەی دڵتو جوڵەی لاشەت لەحەوزی سکیا ئەو شاگەشکەو خۆشحاڵ دەبێت.

تا دێیتە بوون، پاش هەڵمژینی یەکەم هەناسەی سەر زەوی ئەو لەجاران زیاتری ناو سکی، سکی بۆت ئەسوتێت.. کام پارووەی خۆشە کام خواردنەی چێژدارە لەدەمی خۆی دەگرێتەوەو دەیخاتە ناو زاری تۆوە.. لەجیاتی یەك بانگکردنی دایە چەندین جار دەڵێت: گیان.. بەقوربانت بم.. واهاتم بەلاتەوە.. گیان!!

دایك: ئەو مرۆڤە خۆنەویستەیە کە لەگزنگی بەیانەوە بەیانێکی نوێتر دێنێتە بوون لەناهی قوڵایی دڵیەوە ئاهێکی گەشتر دەداتە ژین ئەزانی کێیە بەبێ دوو دڵی.. تۆییت.. منم.. ئەو مرۆڤانەن کە تەنها لەدایك بوونو خۆیان بەدایکیان دەناسێنن لەو ساتانەی دایك چاوەڕێی دەستی رۆڵەکەیەتی.. روو وەرنەگێڕین.. ئامان لەرویاندا..

خوای گەورە بەدەستەڵاتو بەبەزەیی فەرمانمان پێدەکات کە چاکەو چاکەخوازو بەوەفا بین بۆ باوانمان (**وقضى ربك ألا تعبدوا إلا إياه وبالوالدين إحساناً**).

پاشان پێشەوای مرۆڤایەتیش (محمد) (درودی خوای لەسەر بێت)، لەوەڵامی پرسیارێکدا کە ئاراستەیان کرد، خۆشەویستی دایكو باوكو رۆڵەی بۆیان فەرموی: ئەوەی لەلای خوای گەورە زۆر خۆشەویستە، نوێژەکان لەکاتی خۆیاندا، چاکەو خۆشەویستی دایكو باوك، پاشان جەنگین لەپێناوی رێگەی خواو بەرنامەکەیدا.

بەڵام سەد داخ و ئەفسوس و مەخابن نازانم من و هاوەڵانم چۆن دڵمان دێت پەڕەگوڵی دڵی پڕ هیوات بژاکێنین.. نا.. دڵنیابە.. نا.. تۆ هەموو ئەو شتە جوانانەی کە پێنوس لاوازە لەئاستت.. زمان بێگۆیە لەوەسفت.. بەڵام نازانم چۆن کاک (ئە) توانی رازی بێت دایکی بکاتە قوربانی حەزەکانی هاوسەرەکەی.. یان دایک بکەنە لاشەی بێگیان.. یان دایکی بکەنە رسوای رۆژگارو رووڕەشی زەمانە.. دایە گیان من دڵنیام هەموو کەسێکی خاوەن پەیامێکی پاکی ئاسمانی ناتوانێت ئەو کارەساتە بەسەر تۆ بهێنێت، ئەو کەسەی ئەمەی کرد تۆ بڵێی مرۆڤ و خاوەن ویژدان بوبێت.. رەنگە بڕوا نەکەن کە خۆی دەدوێت و دەڵێت:

دایکم زۆر خۆشدەویست، براکانم ژنیان هێنابوو برا بچوك بووم لەسەر ماڵ مامەوە هەندێك سەروەت و سامانی باوکی کۆچکردووم لەلای دایکم بوو بەدڵ و گیان هەوڵی دەدا هاوسەرێکی ناوازەم بۆ هەڵبژێرێت.. بەڵام بەگوێیم نەکرد بۆ هەر یەکێکیان بیانویەکم دەدۆزییەوەو رەتم دەکردنەوە:

- ئەمە خاوەن بڕوانامە نییە، ئەمەیان باڵای زۆر بەرزە!
- ئەم کچە زۆر قەڵەوە بۆ من نابێت.
- ئەمەیان زۆر دەوڵەمەندە.
- ئەمیان زۆر قسە ڕەق و نالەبارە.
- ئەوە خزمە هەر نامەوێت.
- ئەوە تەمەنی لەخۆم زیاتر قسەی لێمەکەن.

لەم تەمەنەمدا برادەرێکم وتی: کچێکی رێکوپێك دراوسێمانە بۆ نایەیت بیبینی، شتی وام نەدیوە.

وتم: جا چۆن دەتوانم بیبینم؟!

وتی: لەرێگەی چونمان بۆ ماڵی خۆمان قسەی لەگەڵ ئەکەین.. تۆشی پێدەناسێنم یان لەرێگەی خێزانەکەمەوە بانگی ئەکەم و قسەی لەگەڵ بکە، زۆر بەکوێرانە دوای یەکەم بینین دڵم گرتی و حسابم بۆ کەس نەکرد گواستمەوەو بووە هاوسەری ژیانم، ئەمە یەکەم سەرپێچی دایکم بوو، پاش لەدایك بوونی منداڵی یەکەممان کێشەکان بەرەو ئاڵۆزی

دەڕۆیشت، ئەوەندەی من ئاگادار بووم دایکم زۆر ئافرەتێکی هێدی‌و لەسەرخۆو دیندار بوو، لەکاروباری ناو ماڵ‌و ئیش‌و کاری نەخۆشییەکانی ئافرەتدا کارامە بوو.. لەگەڵ ئەوەشدا هەرچی بەدڵی بووکەکەی بوایەو ئاواتی ئەو بوایە بۆی ئەهێنایە دی.. ئەو ساتانەی ئامۆژگاری خێزانمی ئەکرد ئاگاداربووم خێزانم بەسادەیی‌و بێهەستی گوێی بۆ دەگرت‌و بەساردی بەڵێی بۆ دەکرد.

رۆژگارەکان تێپەڕین‌و دایکم هەر بەخۆشی‌و ئەویشی بەناخۆشی نازانم تەلیسمی ئافرەت بەهێز بوو یان نەبەکامی‌و بوودەڵی خۆم بوو.. دایکم زۆر لەلا سوك بوو.. دایکم وردە وردە دەچووە گۆشەی بیرچوونەوەوە.. منداڵی دووەممان هاتەبوون، دایکم وەك کچی خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەکرد بەتایبەتی کە شارەزایی تەواوی لەمنداڵبوندا - مامانی - هەبوو، بەڵام خێزانم زۆر بەخوێن ساردییەوە دەجوڵایەوە تەنها یەکجار سوپاس‌و دەستخۆشی ئاڕاستە ناکرد.. ناو بەناو غیرەتی دایك‌و کوڕیم بۆی دەجولا.. ئەو ئەرکەی ئەو دەیکێشا بێوێنە بوو، زۆر جار دایکم دەیوت:

(رۆڵە گیان لەپێناوی تۆدا هەرچی بڵێیت دەیکەم با خێزانیشت خراپ بێت، بەڵام رۆڵە گیان دڵنیابە ئەمە ئێستا بۆ من ئاوایە لەدوارۆژدا بۆ تۆش خراپتر دەبێت.. رۆڵە ئەمە خێر ناداتەوە.. جوان بیربکەرەوە).

هەندێك بابەت‌و پەرتوکم لەسەر ئافرەت خوێندبۆوە.. چەند فلیمێکم لەسەر خیانەت‌و ناپاکی پیاوو ژنم دیبوو.. لەهەندێکیان رازی بووم لەهەندێکیان دوو دڵبووم، رۆژگارەکان تا دەهاتن روو لەئێڵی‌و خیانەت دەبۆوە.. ئەوەی خێزانمی زۆر نیگەران‌و بێزار دەکرد بوونی دایکم بوو لەو ماڵەدا زۆر هەوڵی دوور خستنەوەی دەدا .. زۆرجار رووبەڕووی دەیوت: بۆ ناچیتە لای کوڕەکانی ترت؟

دایکیشم دەیوت: ماڵ ماڵی خۆمە، گەر بەخۆت‌و مێردەکەتدا رانەبینی بڕۆن، باشە بڕۆن، خێزانم زۆر هەوڵی دوورخستنەوەی دەدا.. زۆر پلان‌و هەوڵی نابەجێی دەدا.. ئەمەندە سڕپیاو بووم نەمتوانی بڵێم: (وەك دایکم ماڵ ماڵی پیاوەو گەر پێت خۆشە فەرموو دانیشە گەر پێت ناخۆشە دەرگا والایە!).. هەندێك جار بیرم لەو دوو منداڵە

دەکـردەوە هەنـدێك جـار بـیرم لـەرابردووی خـۆمو داهـاتوش دەکـردەوە.. بـەڵام قـەت بەبیرمدا ناهات (تەڵاق) هاتبێتە فەرهەنگی کردارمەوە.

ئـەم ئافرەتـە وردە وردە کـاری لێکـردم.. لـەزۆر هەڵـسوکەوتو شـێوازی ئاخـاوتن دوورکەوتمەوە، ئەوانەی بـەلای منـەوە نـامۆ بـوون وردە وردە بونـە هۆگرم.. دایکم بـەم کارانەم زۆر دلگرانو بێتاقەت دەبوو.

رۆژێکیـان لەسـەر هـەموو مانـدوبونم لـەکارو کاسـبی هاتمـەوە خێـزانم زۆر نـاڕەزایی لـەدایکم کـردەوە.. زۆر خـۆی تـوڕە کـرد، چـومە ژورەکـەی دایکـم زۆر بـەڕەقی دەمـم بەدەنگی بـەرزو وشـەی کاڵو سارد کـردەوە: دایـە ئـەزانی ئـەم ماڵـەت نـاخۆش کـردووە، تاکەی بیر لـەمنو خێزانم ناکەیتـەوە، عـەمری مـەرە پیرێکت گـەر مابێت بـۆ خـۆت بـۆ دانانیشی بەدەردی خۆتەوە گەر نان خرایە بەردەمت بیخۆ گەر نەشبو شوکری خوا بکە.

دایکم زۆر بـەهێمنی سـەیرێکی کـردمو بـەدوو چاوی گەشـەوە وتـی: رۆڵـە گیـان گـەر چویت بۆ بازاڕ سێ چوار کیلۆ شیری وشکم بۆ بێنەوە، ئیتر لەوەزیاتر من هیچ ئـەرکێکی ترم لەسەر تۆ نەماوە.. پیاوەتی خۆتت دۆڕاندووە.. رۆڵە گیـان ئـافرەت ئەوەنـدە ناهێنـێ بەهەشت لەژێر پێی مندایە.. بەڵام خێزانت ئاگری لەژێر پێدایە.

بەم قسەیەی دایکم بەشێك لەغیرەتی پیاوەتی منداڵیم جوڵا، بەڵام هیچ نەبوو، چەند شەوێك بەبێ پرسی دایکم لەماڵ دەچوینە دەر منداڵمان پێش خۆمـان دەدا، دەرگاکانمـان بەواڵایی بەجێدەهێشت.. کام خواردنەی خۆش بوو لەسەیرانگاو دوکانـە گەشـخە - راقـی یەکاندا نۆشمان ئەکرد.. جوان لەیادمـە رۆژێکیـان نەفـەرێك زیـادەم بـانگ کـرد خێـزانم بەسەرسوڕمانەوە وتی: ئـەو نەفـەرە کەبابـە زیادەیـەت بۆچیـیە؟ زۆر بەڕاسـتی وتم: بـۆ ماڵەوە، بۆ دایکم!

وتی: چی بۆ دایکت.. گوناح نییە داکیت ئەو کەبابـە جوانـە خەسـار کـات یـان خۆمـان دەیخۆین یان لەگەڵمان نایەت بەرپیدا.. تێگەیشتی!؟

لەبڕیارەکەم پاشگەزبوومەوە.. خوێنەری سوما گـەش ئـەوەی تـۆم بـۆ هـیلاك کـردووە ئالێرەدا خۆی نواند.. ئێوارەیەك نانمان لەماڵ خوارد.. خێـزانم وەك رۆژو سـاتەکانی تـر

نەبوو.. زۆر بەخۆشی لەگەڵ دایکم جولایەوە، قسەی خۆشی بۆ کرد، دایکم بەلایەوە جێگەی سەرسامیو تێرامان بوو دواجار وتی:

ئامۆژن ئەمشەو ئێمە دەچین بۆ گەڕان منداڵەکان نابەین! تۆ لەلایان بمێنەرەوەو ئاگات لێیان بێت.. بەلامەوە سەیر بوو تا ئەو ساتە هیچ بەرنامەیەکی چونە دەرەوەمان نەبوو.. چوینە ژوورەکەی خۆم لێم پرسی: ئافرەت چونە دەرەوەی چی؟

وتی: قسە مەکە.. جوان گوێم بۆ شلکە بزانی چی ئەڵێم؟ وەك ئاژەڵێکی (یاری سێرك) لەبەردەمیا ئەرێیەکم بۆ کرد!

ئەمشەو دەڕۆینە دەر منداڵەکان بەجێدەهێڵین لەنیوەشەودا دێینەوە کارێکی سەرکەوتوانە ئەنجام دەدەم تەنها کارێك بەتۆ ئەسپێرم ئەوەش پشتگیری کردنە.

زۆرباشە دوای نان خواردن منداڵەکان نوستن.. خوا حافیزمان لەدایکم کرد.. گوێم لەشڵپەی ئەو جامە ئاوە بوو کە دایکم بۆ پارێزگاری سەفەرمان بەدوامانا لەدەرگای دەرەوە ڕشتی.. بەخۆشییەوە دورکەوتینەوە کلیلو پێویستی دەرگاکانمان پێبوو، نیوەشەوێکی درەنگ لەگەڕانو سەیرانو سەفای خۆمان بووینەوەو بەرەو ماڵ گەڕاینەوە زۆر بەهێمنیو بێخشپە خۆمانکرد بەماڵدا.. وتم: ئافرەت چی دەکەیت؟!

وتی: بێدەنگ بە! لەدایکت سەرگەردان تر!

بەهێمنی دەرگای ژوورەکەی کردەوە، خۆی گەیاندە (چێشتخانە)و من وەك هەستێکی نامۆ پێم بڵێ شتێك هات بەهزرمدا ــ لەشوێنی خۆم چەقیبوم چوومە ژووری منداڵەکان..

دوو منداڵەکەم لەقوڵایی خەوێکی زۆر خۆشدا بوون.. دایکم جوان خۆی داپۆشیبوو بەبەتانیەکەی، لەخەوێکی قوڵدا بوو.. تارمایی خێزانەکەم هاتە بەرچاو، بەڵام بریسکەیەکم بەدەستی راستیەوە دی، لێی وردبومەوە (چەقۆیەکی گەورەی تیژ) بوو، پیاوەتی لەکوێیت!! غیرەت ئاژەڵی دڕندە بتخوات.. لەسوچێکی ژوورەکەدا توند دەستیم گرت.. زاڵم.. ئەوە نیازی چیتە؟ ئەمە چییە بەدەستەوە؟

خێزانم چاوەکانی (ئەبڵەق) بوو بوون زەقەی ئەهات: دایکت لەناو ئەبەم بڕوانە چۆن لەتاریکی ئەم شەوەداو لەقوڵایی ئەو خەوە خۆشەدا بۆ هەتا هەتایی لەکۆڵتی دەکەمەوە.

بەهەموو هێزم خێزانەکەم راکێشایە ژوورێکی تر، زۆر قسەم لەگەڵ کرد،

- باشە ئافرەت بۆ هەر جارێك ئەچیتە ماڵی خزمانت دەبیتە دڕندە.

- تۆ دەتەوێت دایکم بکوژێتو منیش سەیرت کەم؟!

وتی: بەڵێ.. هاوکاریم بکە.. زەرەر ناکەیت!!

وتم: ئەی گوناهی بەشانو شەوکەتی کێ؟

وتی: بەشانو شەوکەتی خۆم.. تۆ حەقت نەبێت گیانە!

وتم: حەیفە تۆ لەئافرەت بوی.. بۆ ئەوەندە دژی ئافرەتی؟

وتی: ئەوە کێشەی خۆمە وازم لێبێنە.

وتم: دڵنیابە تۆش رۆژگارێك دێتە پێش دەبیتە خەسوو، ئافرەت تکات لێدەکەم کاری وا مەکە.. خێرت دەگا.. چیت ئەوێ بۆت ئەکەم.. کچێ ئافرەت حەیاما ئەچێت؟

وتی: تۆ هەقت نەبێت.. ئەمە کاری خۆمە. گێلەپیاو!

وتم: کچێ ئافرەت خۆ تـۆ تـەواویت.. دڵنیام نەخۆشی نەفسیت لەگەڵ نییـە بـۆ وات لێهات؟

وتی: کاتی قسەکردن ئەما لاچۆ لەبەرچاوم با لـەپێش دایکتـەوە تـۆش لـەناو نەبـەم، خۆت لایە دەی.

لـەدڵی خۆمـدا وتم: پێـشینان راسـتیان وتـووە سـێ شـت ئامانیـان نییـە (ئـاو.. ئـاگر.. ئافرەت).

ئەمە لەلای من وابوو، بەڵام دڵنیابن هەموی لاوازیو ناسکی خۆم بوو.. تا ئەم ساتەش بۆ تەنها جارێك چاوم لێسورنەکردبۆوە.. لێی تورە نـەبوبووم.. زۆر رێـزم دەگـرت، بـەڵام دڵنیاشم هەموو ئافرەتێك ئاوەها دڵڕەقو نالەبار نییـە. بەرێزەکەم لەگـەڵ تـەواوبوونی خەیاڵاتـەکانم گەیـشتمە سـەر دایکـم.. کـە خێزانـی دڵـڕەقم دی وا لـەژێر چـەقۆی تیـژی بێڕەحمی بزوو بەهێزی خێزانمـدا خـوێنی لاشـەی لـەتاریکی ئـەو شـەوو ژوورەدا فـووارە دەکات.. خوایە گیان ئەمە خەوە.. خەیاڵـە.. ئـەتوت خەنجـەر لەفـەردە کا ئـەیات، دایکـم لەو خەوە قوڵەدا بەچەقۆی ئەو زاڵمە گیـانی لەدەسـتدا، بەبێنـەوەی ئـەم ئافرەتـە زاڵمـە حەزی کردبێت چاوی بەچاوی بکەوێت.. هەر بەبەتانیەکەوە کاری خۆی کرد.. ئـاخ..

ئاخ خۆزگە لەئافرەت نەبوومایە.. خۆزگە ژیان بەبێ ئافرەت دەگوزەرا.. بەڵێ بەڕێزانم ئەمە دیمەنێك بوو تەنها پێنوسی لاواز دەتوانێت هەندێك لەو کارەساتەم لەیاد بەرێتەوە.. منی بێویژدان، منی دەستەمۆی حەزو ئارەزووی ژنەکەم بەهێمنی سەیری ئەو دیمەنە جەرگبڕەم ئەکرد.. ئەوەی خێزانم کردی هیچ دڵڕەقێ نایکرد.. هیلاك بوو.. چوم دەستیم گرت.

وتم: بەسە.. خوا ڕسوات کات.. ئەو ناحەقیەت بۆ کرد.. دایکم شایانی ئەوە بوو؟ چەقۆکەی بەجلە تازەکانی سڕیو هاتە لاوە..

وتی: ها.. ئاقڵو ژیر.. بەپێکەنینەوە.. ئەوە من بووم یا تۆ.. کێ هەیە دەستی بچێتە دایکی خۆی، تۆیەکی ئاژەڵو بێویژدان نەبێت؟

چاوم زەق بوو.. هەناسەم توندبوو.. سەرسامو حەیران.. خوا بتگرێت من بووم یا تۆ.. ئەزانی چی ئەڵێیت؟!

وتی: ئەوەی ناوێت.. کەر پیاو هەستە بابچین بیشارینەوە.. گێلە..

وتم: حەقی خۆتە.. بەڕاستی گێلو کەر پیاوم.. جا لەکوێ بەم نیوەشەوە.. ئەی بەچی وەیگوێزین..

وتی: خەمت نەبێت.. هەر ئێستا نا ئێستا سەیارەیەکی خزمم دێتو دەیبەینە قەراغ شار فڕێی دەدەین.

وتم: بۆچی دایکم شایەنی فڕێدانە کچی باش.. کەم چاکەی لەگەڵ کردیت!؟

بەزەردەخەنەیەکەوە.. وتی: ئەوە ڕۆی با نەخشە بۆ داهاتو بکێشین گیانە.

منی دڵپڕ لەغەمو پەژارە.. ئەوی ئاسوودە.. ماڵێکی لەخوێن هەڵکشاو خێرا منداڵەکانم گواستەوە بۆ ژورێکی تر جێگەم بۆ چاککردن ئەویش زۆر بەخوێن ساردییەوە چاوی لەتەرمەکە بڕیبوو خوێن لەلاشەی دەهات.. چاوی بەرایی ناهات، بەتانیەکە لەسەر سەری لابدات!؟

لەم ساتەدا لەدەرگا درا.. دڵم وەخت بوو لەلێدان بکەوێت.. خێزانم خێرا دەرگای ئەو ژوورەی کلیلدا.. گڵۆپی ناو ژوورەکەی تری هەڵکرد.. گڵۆپی سەر دەرگاکەی هەڵکرد.. لەدڵی خۆیدا بەسایەقی مەوعید پێدراوی دەزانی بەرەو دەرگای مەدخەلەکە هەنگاوی

نا.. بەدڵخۆشییەوەو بەخۆبادان ڕۆشت.. خەریکی بوو مێشکم نەتەقی.. هەستێکی زۆر نامۆی خۆش گوزەری دەکرد بەمێشکمدا.

دەرگای بەکلیل کردەوە.. شیشی دەرگای کردەوە.. گوێم لەهاوارێکی زۆر بەرز بوو.. ڤیزەش بەدوایدا.. خێرا خۆم گەیانده دەرگاکە لەدڵی خۆمداو لەو ساتە کەمەدا وتم: ڕەنگە پۆلیس.. یان..

لەگەڵ بینینی خێزانم کە دەستەکانی بەردەگاکەوە وشك بوبو وام زانی کارەبا گرتوویەتی لەگەڵ نزیك بوونەوەم منیش سەرسام بوم‌و لەجێگەی خۆم وشك بووم.

نەزانن بۆچی؟!

بەڵێ هاوارازو نیازم، چونکە دایکم بوو دەم‌و چاوو ناوچەوانە نورانیەکەی لەبەر روناکی گڵۆپەکاندا دەبریسکانەوە کە ئێمەی لەم سەرسامیەدا دی.. بێدەنگی‌و ئەبڵقە بونی شڵەقاند.. وتی:

- ئەوە چییە؟! چی رویداوە؟ لێم هاتە پێش دەستی خستە سەرشانم: کوڕی شیرینم چی رویداوە.. منداڵەکان سەلامەتن.. خۆتان سەلامەتن؟! خێزانم تەنها هەناسەی توند لەسینەیدا پەنگی دەخواردەوە.. چاوەکانی بۆ دوور دەیانڕوانی.. هەر چۆنێك بوو هێزم دایە بەر خۆم.

وتم: سوپاس بۆ خوا.. دایە گیان تۆ سەلامەتیت ئەمە خەو نییە.. تۆ زیندویت خێرا دەستە پیرەڵۆکەکانیم گرت‌و کێشم کرد بەدوای خۆمدا بۆ ژوورەوە بەبەردەم خێزانی خیانەتکارمدا کە هەر سەیری دەکردین.

ڕەنگە لەناخی خۆیدا وتبێتی: ئەوەی کوشتم کۆرپەیەکم بووبێت!

بەڵام نەخێر.. کە چوینە ڕاڕاوەکەوە خێرا هاوارم لەخێزانم کرد.. کوا.. وەرە کوا کلیلی دەرگاکە.. بەترسێکەوە هاتە پێش کلیلی دەرگاکەی لەژێر سوچێکی فەرشەکەدا دەرهانی‌و دایە دەستم.. بەخێرایی‌و بەشپرزەییەوە دەرگام کردەوە پەلاماری سویچی کارەبام دا.. هەرچی گڵۆپ لەو ژوورەدا بوو هەڵم کردن دایکم هەر بەسەرسامییەوە دەیڕوانیە هەڵسوکەوتی شێتانەم.. خێزانەکەم کە شانی دابوو بەدەرگای ئەو ژوورەوە

هەر کروکاس بوو وەك شێت تێیدەڕوانین و بە (خەو) یا (خەیاڵ) ی دەزانی.. لەپڕ بەهەردوو دەستم بەتانیەکەم لەسەر لاشەی شەلاڵی خوێن لادا.

بەبینینی تەرمەکە.. خێزانم زریکەیەکی کردو هات بەلادا.. بورایەوە.. ناحەقی نەبوو منیش سەرم سوڕماو حەپەسام و واقم وڕما..

هەردوو دەستم گرت بەسەرمەوە .. هاوارم کرد.. ئەمە چییە؟! دایکم زۆر ئەم رووداوەی بەلاوە سەیر بوو، سەرەتا وا تێگەیشت کە کەسێکی بێگانە ئەم کارەی ئەنجام دابێت.. هەناسەیەکی حەسرەتاوی هەڵکێشا.

لەخێزانم ڕوانی دایکم بەو سەیرەی من تێگەیشت کە کار لەکار ترازاوە، کچ دایکی خۆی کوشتووە!

دایکم پەلاماری ئەو تەرمە کەساسەی دا کە خێزانم بێگیانی کردبو وتی: رۆڵە گیان ئەمە خەوە یاڕاستی.. باشە بۆ ئەو (قەتڵەتان) کرد ئەنجامی چی؟ لەبەر چی؟ هەموو رووداوەکەم بۆ دایکم گێڕایەوە.. دایکم گوێی بەسنگی خەسومدا گرت.. بەڵام ئەو زاڵمەی کچی کوشتبوی و چەند سائێك بوو رۆحی پەپولە ئاسای لەو ناوەدا کۆچی کردبو.

لەدەنگە دەنگی ئێمە منداڵەکانمان بەخەبەر هاتن لەژوورەکەی ئەولا، نەمهێشت رووداوەکە ببینن.. لەو بۆساردو لەو دیمەنە دڵتەزێنەدا دەرچوین و چوینە ژوری چێشتخانە.. دایك و کچ مانەوە.. دایك و کوڕو کوڕەزا دەستمان کردە گێڕانەوەی رووداوەکە:

دایە گیان بەقوربانت بم.. خێرا ئەملاو لایم ماچ کرد.. لەچاوە کزەکانیم بەگەشی ڕووانی.. دایە گیان تۆ راستە دایکمی؟!

دایکم یەکەم قسەی بەهەناسەیەکی قوڵەوە وت: کێ ئەم تاوانەی ئەنجامداوە؟

خێرا وتم: کچەکەی.. بوکی بەڕێزت!

دایکم: خوا بیگرێت جا خراپەی چی بو بۆ وایکردووە؟!

لەم قسانەدا بوین خێزانم هاتە لامان بەلۆژە لۆژ وەڵامی دایەوە: بۆ ئەوەی تۆ لەناوبەرم.. تۆ بخەمە گۆڕەوە.. تۆم لەبەرچاو ون ببێت! بەڵام دایکی خۆم لەناوبرد.. ئەی خوایە گیان چۆن خۆم کردە ڕووڕەشی ئەم دنیاو ئەو دنیاو خەڵکیش، تەکانێکم

دایە بەر خۆم، چوومە نزیکتر لەدایکم: دایە گیان دە بۆم وەگێڕە خۆ ئێمە کە ڕۆشتین ماڵمان بەسەر تۆدا بەجێهێشت!! ئەی بۆ لەماڵ نەبوویت؟ نەیچۆن خەسوم گەیشتە ئێرە؟

ئەی تۆ چووی بۆ کوێ؟ دایە گیان خێرا وەڵامم بدەرەوە.. منداڵەکانمان لەدیمەن و وتەی ناحاڵی سەرنجیان دەدا.. بەبێ ئاگام سەیریان دەکردین..

دایکم هەناسەیەکی قوڵی خەمباری هەڵکێشاو وتی: نزیکی سەعاتێك ئەبو ئێوە ڕۆشتبون، لەدەرگاکە درا.. لەراستیدا بەمێوە تێگەیشتم.. بەڵام کە دەرگام کردەوە خەسوت (ڕێ) خان بوو، بەپەلە هاتبوو بەشوێن مندا، وایزانی ئێوەش لەماڵن،

بەرەحمەت بێت وتی: باجی (سر)ی دراوسێمان بەمنداڵەومیە خێرت ئەگا بەم شەوە دەستیان بەکەس ناگات، وەرە هاوکاریمان بکە منیش لەبەر منداڵەکان وتم: نایەم لەگەڵتا، چونکە منداڵەکان بەتەنیان و دایك و باوکیان لەماڵ نین.

وتی: من لەلایان ئەمێنمەوە تا تۆ دێیتەوە.. منیش خێرا پێویستییەکانم ئامادە کردو ڕۆشتم پاش تەواوبوونی کارەکەم و دڵنیابوون لەئاسودەیی (دایك و کۆرپەکە)ی هاتوومەتەوە، بەڵام خۆزگە ملم بشکایەو نەهاتمایەتەوە ئەم ڕووداوەم بەچاوم نەدیایە..

دەك خوا بتانگرێت، رویکردە خێزانەکەم وتی: کچی خۆم دایکت زۆر خۆش ئەویست، بەڵام بۆ من دوژمنبووی، دایکت لەلا بەرێز بوو کوڕەکەشم ڕێزی لێدەگرت.. بەڵام تۆی بێویژدان ئەو ناپاکیەت کرد ژیان و دنیا ئەوەندە ناهێنێ.. خۆت کردە پەند بۆ هەموو ئەو کەسانەی دڵڕەقانە دەجوڵێنەوە.. ڕۆڵە گیان (چاڵت) بۆ من هەڵکەند، بەڵام (دایکت خستە چاڵ).

دایکم لەنزیك من هەستا، چوو بەلەچکە بلورییەکەی سەری فرمێسکی چاوی خێزانی تاوانبارمی سڕی و وتی: گەردنت ئازا بێت چەندەت ئازار داوم.. وا ڕۆژ نەبێتەوە خۆت ئامادە کە بۆ سزای ئەم دنیاو دوای دەرچونت لەم دنیاش خۆت ئامادەکە بۆ لێپرسینەوەو دادگای خوای گەورە.. ڕازی نابم کەس لەم ماڵەدا پشتگیرت بکات و بواری مانەوەت بدات.

تۆ زۆر ناپاکی.. ڕۆژێك دێت ئەو خیانەتە لەگەڵ مێردو منداڵ و منیشدا دوبارە بکەیتەوە، خیانەتکار.. کوڕم بەچاوی خۆت ناپاکیت بینی.. بویتە پیاو؟ بویتە پیاو!؟

بەڕێزەکەم چیرۆك و روداوی کوردەواری لەم بارەیەوە رویداوەو دەماو دەم رۆشتون وەك (باوك و بوك و دوو کوڕەکەی کە لەناش دێتەوە)، و هەردوو کوڕەکەی بەدەستی خۆی و بەنەشارەزایی و لەئەنجامی پەلەکردن و کورت بینیدا ئەنجام دەدات، بەلاّم هەر کەسێك کوێرانەو دوور لەپەیامی خواو بەئەقڵی کەسانی ترو بێئەزمون کار بکەن سەرئەنجام پەشیمانی و حەسرەت و سەرسامی یەخەی ئەگرێت.

لەکۆتاییدا داواکارم لەو خوشك و برا بەڕێزانەی لەئەزمونی خێزانداریيان زۆر بەوریاییەوە ئاگاداری خۆیان ببن.. ئەگەر ئەچونەتە کۆشکی خێزانداریيەوە بەوردی بزانە کێ ئەکەیتە هاوبەشی ژیانت و پەروەردەکای کۆرپەکانت تا لەداهاتووی تەمەنی کورتتدا تەنیاو پەشیمان نەبیت و ئەم دوعایەش بەدڵ و گیان بکەرە وێردی سەر زمانت.

ربنا هب لنا من أزواجنا و ذريتنا قرة أعين واجعلنا للمتقين إماماً (٧٤ الفرقان)

سەرکەوتوو و شادبن

گەڕانەوەی
سەحەری هونەرمەند

ن: یاسر فرحان
و: عبدالقادر علی

هونەرمەنـدی بـەناوبانگ (سـەحەر حەمـدی)یەکێکـە لـەو هونەرمەندانـەی کـە لـەم ماوەیەی دوایدا بەرگی ئاینی پۆشی-خاتو سەحەر حەمدی- خۆی باس لە رۆژگارو کارو خەمی دەکات :

زۆرم دەبیست کە فلانەی هونەرمەند وازی هێناوەو بـەرگی شـەرعی پۆشیوە، مـن کـە خۆشم ئەو بەرگەم نـە دەپۆشی پێمخۆش بـوو کـە خـەڵکی بیپۆشـن..شـەوان و رۆژم بـە کاری هونەرییەوە بەسەر دەبرد..ئەوانەی دەوروبەرم حەزیان ناکرد لەو جۆرە باسانە بدوێم!

زۆرم دەبیـست لـەگۆڤار و رۆژنامـەکان برێـك کـەس کـەخۆیان ئیفلاسـیان کردبـوو هێرشیان دەکردنە سەر..بـەڵام ئەمانـە هـەر خۆڕاگر بـوون.قـال تعـالی"**ولا یخـافون لومـة لائم**".ئەو کۆمەڵە خوشکەی پێش من بەرگی شەرعیان پۆشیبوو کـاتی خۆیـان بە وەڵام دانەوەی ئەوانەوە خەریك ناکرد:-

بیرم ئەکردەوە(ئەگەر ئەمانە دەستیان بـە بەرنامـەو بـاوەڕێکی زۆر راسـت و پتـەوەوە نەبێت چۆن بەرگەی ئەم قسەساردانە دەگرن).

بۆیە هەر بەگەورە سەیرم دەکردن و بەرێز بوون لەلام

پاش ماوەیەك دایکی (سەحەر) نەخۆش کەوت و لەسـەر جێگامایـەوە: ئـەمیش دایکـی بەجێ نەهێشت تا ئـەوە بـوو دایکی وەفـاتی کـرد.. بەشـداری کردنـی رێـوڕەسمی بـەخاك سپاردنی تەرمی دایکی (زەنگی وریا بوونەوە) بوو ، ئەی (سەحەر) بزانە تـۆی ئـادەمیزاد

مەبەست لە بوونت چییە؟!. خۆت مەکەرە بوکەشوشەو خەلکی کاتی بێنیشی خۆیانت پێبەسەربەرن! تا کەی خۆت ئەکەیتە مەعرمز بۆ پیاوانی سپلە...!

بیرکەرەوە تۆبەندەی خوایت‌امرۆڤی ... بەرێز و حورمەتی...

پاش ئەم سەرنجانە دیمەنی ژیانی پێشوی بەخێرایی وەك شریتێکی سینەما بەبەردەمیا تێدەپەڕێ شریتی چی؟! سەرتاپا گوناه... سەرپێچی... دوور لەخوا ژیانە. هەموو لەمێشکیدا ئەزرنگانەوە پاشان خۆی لەبیر کردو چووە سەر ژیانی هونەرمەندانی پێش خۆی، کوا ناویان؟ کوا جمهوریان؟ کوا سەروەت‌و سامانیان؟ لەم خۆشی ژیانە چیان بردە گۆڕەکەیانەوە؟ ئایا لە دە گەز کفن‌و دووگەز زەمین چییان پێبرا؟ بێگومان ئەگەر بتوانن لەگەلم بدوێن پێم دەلێن: "" ئامان ئاگات لەخۆت بێت لێرە جگە لەباوەڕو کردەوەی چاك هیچت فریاناکەوێت"

کاتێك کە گۆڕستانی جێدەهێشت بەم بیروبۆچونەوە هەنگاوی بەرەو مال دەنا..

یەکێك لەو کەسانەی کە لەپرسەی دایکیدا بەشداری گەرم‌و گوڕیان هەبوو خاتو (هالە الصاق) بوو، کە خۆی ماوەیەکە گەڕاوەتەوە ئێستا بەگەرمی بانگی خوشکانی هاوڕەگەزی دەکات بۆ راستە شەقامی ڕێگای خواناسین.

ئەمیش نهێنیی دلی خۆی بۆ باسکرد، چەندە دوودل‌و بێتاقەتە بەو ژیانەی ئێستای پرسیاری لێکرد: کە ڕێگەچارەی بۆ دابنێت.ئەویش داوەتی کرد بۆ شوێنێك کە کۆمەلێك خوشك تیایا قورئان دەخوێنن‌و فەرمودی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) رافەدەکەن‌و لەئایین شارەزا دەبن.

سەحەر لەکاتی دیاریکراودا لەو جێگەیە ئامادەبوو، سەرنجی دا وا کۆمەلێکی زۆر لەو خوشکە هونەرمەندانە خەریکی قورئان خوێندنن، شەرمی دەکرد لەوەی چۆن تا ئێستا لەم کۆڕی زیکرو یادی خوایە بێبەش بووە!؟ ئارامی گرت‌و لەنزیکیانەوە دانیشت‌و دەستی کرد بەگفتوگۆو پەیڤین لەگەلیان، هەرچی دروستکراو هەلبەستراو (شایعە)ی کۆمەلێك بوو دژ بەئەمان خستیەڕوو.

ئـەوانیش بەهێواشـیو بـەهێمنیو بـەووردی وەڵامیـان دایـەوەو یەکـە بەیەکـە بۆیـان روونکردەوە، ئەم وەڵامانەی ئەوان بۆ ئەم هیچی نەهێشتەوە، ئـەوە نـەبێت کـە ئـەمیش رێگەی راستی ژیان بدۆزێتەوە.

پێش کۆتایی هاتنی دانیشتنەکە خۆی بەقەناعەتەوە پەیمانی دانێ کە بەندەیەکی گوێڕایەڵی خوا بێتو فەرمانەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات تا بەوپەڕی پاکیو راستی قۆناغی داهاتووی تەمەنی ببڕێت. بۆ سەلماندنی راستی هەڵوێستی خۆی هەرلەوێ پەیوەندی کرد بەئوتێلی (هلنان فلستینی) لەشاری (ئەسکەندەریە)یەو پێی راگەیاندن کە ئەو ئاهەنگەی کە بەنیازن سەری ساڵی زایینی بیگێڕن ئەم تازە بەشداری تیا ناکات!.

ئەوانی بەجێهێشت.. بەگریان خواحافیزی لەخوشکەکانی کرد.

لەرێگا بەخێرایی رۆیی تا زوو بگاتە ماڵ.. دەستنوێژ بگرێتو بچێتە ژوورەکەی خۆی لەسەر بەرماڵ تێر بگری.. ئەسرینی پەشیمانی برێژێت.

ئەو رۆژەی کە نیازبوو لەئاهەنگی ئوتێلەکە بەشداری بکات لـەماڵ هاتـە دەر بـەڵام بەبەرگێکی باڵاپۆشیو قورئانێکی بچوك بۆ ئامادەبونی وانەی (پەروەردەی ئیسلامی) لەمزگەوتەکەی (شێخ مەحمود خلیل الحصری).

بەمـەش وازی نـەهێنا خێرا خۆی ئامادە کرد بۆ سەفەری (عـەمرە) بۆ (کەعبـە)ی پـیرۆز روگـەی موسـڵمانانو بـۆ زیـارەتی (شـاری مەدینـەو پێغەمبـەر) درودی خـوای لەسـەربێت.. تـا لـەوێ تێـر لـەئاوی زمـزم بخواتـەوە.. لـەو شـوێنە پـیرۆزەدا سـەری بەندایـەتیو پاکترین لاشەو بـەرزترین ناوچەی بـۆ خـوا بخاتـە سـەر زەویو بەندایـەتی خۆی دەرببڕێـت. خـوای گـەورە تەوبـەی ئـەو و ئێمـەش قبـوڵ بفـەرموێت.. هیدایـەتی سەرجەم ئەو خوشكو برا بەڕێزانـەش بـدات کـە حـەز لەتەوبـەو گەڕانـەوەی یـەکجاری دەکـەن بـەڵام مـەخابن تـا ئێستا نەگەشتوون پێمـان چونکە (جـوانیو دەنگیـان) بۆتـە دوژمنی ئەم دونیایان.

* کتێبی : اسرار وراء حجاب الفنانات

حەسرەتی باوکە شەهیدێک لە کۆڕەودا

کاتێك لاپەڕە ژەنگاوییەکانی کاروبارو فەرمانەکانی (پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی عەلمانی) هەڵدەدەینەوە لەهەموو رویەکەوە چەندین کارەساتی جەرگ بڕو ناخۆش‌و دڵتەزێن دێتە بەرچاومان لەعێراقدا بەگشتی‌و کوردستانی باشوریش بەتایبەتی.. ئەم حیزبە لەسەرەتای دروست بونیەوە دەبێت بزانین کە دامەزرێنەرەکەی کەسێکی دور لەپەیامی ئیسلام بوو.

توانی چەندین کاری زێربەزێری بۆ دوژمنی عەرەب بکات‌و بەلێهاتوی خۆی خۆی بخاتە سەر کورسی (بەچکەو رۆڵەکانی) بەرەڵای وڵاتی (سوریا و عێراق) کرد.. چەندین کەس هاتنە ناوی حزبەکەیەوە.. گەشەیان کرد.. زۆربون..

سەرکردەی کۆماری عێراقیان لەناوبرد (دەستەڵاتی عێراقیان) گرتە دەست چەند کەسێکیان بونە سەرۆکی عێراق تاقیکرانەوە سەرکەوتو نەبون تا گەیشتە سەر (ئەحمەد حسن بکر)و پاشان (دێڵە دیکتاتۆر ـ صدام حسین)

زۆر بێشەرمانە چەندەها ناوی گەورەو بریقەداری لەخۆ دەنا، پرۆژەی خێری‌و حکومی بەناوی خۆیەوە دادەمەزراند.. تا ساڵی ١٩٨٠ وڵات هیچ هەنگاوێکی خێراو پێشکەوتوی لەبوارە جیاجیاکانی ژیاندا بەخۆوە نەبینی.. چارەنوسی جەنگێکی خوێناوی هاتە ئاراوە.. لەژێر دروشمی (وحدة ـ حرية ـ اشتراكية)دا کاریان دەکرد.. بۆ عێراق‌و عەرەب.. بەناو دۆستەکانی کە پەیمانی نهێنی هەبوو لەگەڵینا ئەمەیان بەهەلزانی.. زانیشیان عێراق دەبێت نەبێتە وڵاتێکی بەهێز، کردیانە مایەی ترس بۆ وڵاتانی دراوسێ.. لەولاشەوە مافی کورد ناوبەناو زیندو دەکرایەوەو باسی لێوە دەکرا بەپێی ویست‌و توانای خۆیان کاریان بۆ دەکرد، کورد لە فەرهەنگی ئەواندا میوان بو هیچی تر،

بەیانی ١١/ ئازار/ ١٩٧٠ هەنگاوێکی زیندو تازە بو بۆ کورد، بەڵام دەرزییەکی ژەهراوی بو بەدەستیانەوە لەچارەنوس‌و مێژوو داهاتوی کوردیان دا.. زۆر بێشەرمانە..

(شۆڕش دژی دەستەڵاتی بەعس) زیادی دەکرد کڵپەی دەسەند کپ دەکرایەوە.. پاش چەند ساڵێك هەڵدەگیرسایەوە.. لەژێر چەندین ناوی جیاجیادا..

دەستەڵاتدارانی بەعس بەم کارانە نیگەران دەبون.. ساڵی ١٩٨٠ شەڕ دژی ئێران دروستبوو لەسەر چی بو بۆچی؟!

ئاکام تەنها کوشتن‌و بڕین‌و کاولکاری وڵات بوو.. دەربەدەرکردنی خەڵکی بو لەهەمو ناوچە سنوریەکاندا.. لاشەی چەندین کوڕی گەنج لەو کەژو کێوان.. لەقەراغ ئاوو چەمدا بونە خۆراکی ماسی‌و دڕندەکان.. زۆر لاشەش تائێستاش لەزەوی (ئەلغام ڕێژدا) ماوەتەوە.. هەزارەها کەس بونە گۆڕی بەکۆمەڵ.. هەزارەها کەس بونە وێردی سەرزاری میدیاکانی جیهان.. بۆگەنی رژێمی دیکتاتۆر لەسایتەکانی ئەنتەرنێت رەواجی پەیدا کرد.. لاپەڕەکانی رۆژنامەو گۆڤارەکان بەشان‌و باڵ‌و بەکاری سەرۆکی عێراقدا هەڵیان دەدا.. کەروخا.. ڕێبازی کار لەگۆڕاندا بوو. نەوت‌و سامانی تری عێراق دەدرایە چەك‌و تەقەمەنی‌و میللەتیش سەرگەردان‌و خێر لەخۆ نەدیوو.. ئەو وڵاتانەی یارمەتی عێراقیان دەدا لەشەڕی (ئێران ـ عێراق)دا لەپاش نەمانی (میشێل ئەفلەق) تای تەرازوی ناوچەی ناوەڕاست لەبناغەوە گۆڕا.. عێراق کۆتایی بەجەنگ هانی لە ١٩٨٨/٨/٨ دا بەهەمو یاسایەك رازی بوو، دڕندانە کەوتە گیانی کوردەکان.. پاش ماوەیەك پەلاماری وڵاتێکی دراوسێی تری دا کە (کوێت) بو ساڵی ١٩٨٩/٨/٢ ئەم کارەش بەرنامەیەکی تری نوێ بوو زۆر شتی لەبانگراوندا هەبو.. هەموو وڵاتانی عەرەبی‌و ئەوروپی‌و رۆژئاوایی لێهاتنە هاوار.. چەندین داواکارییان دایە سەرۆکی عێراق.. چەند وتووێژێکیان لەگەڵدا سازکرد سەرزارەکی.. بەڵام لەژێر پەردەی سیاسەتەوە زۆر شت هەبو کە داهاتوو دیاری دەکرد.

بەبڕیارێکی چاوەڕواننەکراو ئاواتی چەند کەسێك هاتەدی.. فرمێسکی شادی بەچاوەکانیاندا هاتەخوار.. تاسەی غەریبی‌و دوری‌و چاوەڕوانیان شکا.. ئەویش گەڕانەوەی (ئەسیرەکان)ی جەنگی (١٠) ساڵە بو لەزیندانەکانی عێراق‌و ئێراندا

گەڕانەوە ناو خاووخێزانیان.. بو بەشای‌و زەماوەند لەو مالانەدا کە دەبونەوە خاوەنی باوك.. مێرد، ئەوانیش چەند ناخۆشی کارەساتی دلتەزێن‌و ئازارو ئەشکەنجەی ئەسیریان دەگێڕایەوە، وردە وردە بڕیارێکی تر هاتە ئاراوە کە هەڕەشەیەکی توندی لەدانیشتوانی عێراق دەکردو ولاتی بۆ چەند سالْ پێش ۱۹۹۰ دەبردە دواوە، ئەویش (ئابلوقەی ئابوری) بو لەسەر گەلی عێراق.. نەك (صدام حسین).

خەلکی کەوتنە هەلپەو پەلاماردانی کەرسەی خۆراك‌و عەمارکردنی هێدهێدی نرخی پارەی عێراقی دابەزی دابەزی.. تا گەل رسواو داماوبێت..

(حکومەتی عێراقی‌و دەستەلاتدارانی) وەك گورگی برسی هەر رۆژەو قاچێکیان دەشکێنرا، بەلام بێشەرمانە لەشاشەی تەلەفزیۆنەوە بێعار ئاسا دەدوان کلپەی راپەڕین لەخواروی عێراق تاوی سەند سەربازە کوردەکان بەچاوی خۆیان روخانی عێراقیان دەدی لەو ناوچانەدا دەهاتنەوە بۆمانیان دەگێڕایەوە.. ژمارەی سەربازە هەلاتوەکان‌و (هێزی فەوجە کوردەکان) بەچەکەوە بونەورەێکی بەهێز بۆ دروست بونی راپەڕین لەکوردستاندا، حکومەتی عێراقی زۆر بێشەرمانە پاشگەزبۆوە لەبەلێن‌و قسەکانی سوپای لەکوێتدا گێڕایەوە.

لوتی شکا.. لەجەنگی (گەردەلولی بیاباندا) دۆڕاو چەك‌و تەقەمەنی نەیتوانی کار بکات.. لەبەرەبەیانی ٥/ئازاری ۱۹۹۱ دا لەشارۆچەکەی رانیەوە راپەڕین سەری هەلداو تاوی سەند.. لە ۷ ی ئازاردا رۆژی رزگاربونی سلێمانی هەلهات.. بەچکە دیکتاتۆرەکان ئەژنۆیان کەوتە لەرزە چارەنوسیان کۆتایی هات خەلکی داغ لەدلْ پەلاماری هەموانیان دا.. کەسیان توانای رزگاربون‌و راکردنیان نەبوو.. خەلکی بەشادی‌و خۆشیەوە تێدەکۆشان.. چەکی چەکدارەکانی سەردەمی رژێم گولەکانی دەنا بەخۆیانەوە چەند بنوسین.. بدوێین کەمە.. لە (۹)ی ئازاردا شارەکانی (شەقلاوەو کۆیەو دەربەندیخان) رزگارکران.. رقی تورەی خەلکی شاری قەلاو منارەشی گرتەوە لە (۱۱)ی ئازاردا ئەویش راپەڕینی سازکردو ئازادی‌و سەربەخۆی لەدایك بوو.. لە (۱٤) ی مانگدا شاری بەفرو ولاتی کوردایەتی (دهۆك ئامێدی)یش راپەڕین، لە (۲۰) ئازاردا گەیشتنە ترۆپکەی راپەڕین بەرزگارکردنی کەرکوك (تاجی راپەڕین) ئەو شارە کوردییەی کە (دوکەلْ‌و غازی

ژەهراوی بۆ دانیشتوانەکەی بو، نەوتو بەرهەمەکانی بۆ بێگانە) حکومەتی عێراقی تەنها ناوەڕاستی بەدەستەوە مایەوە، بەلام.. (دەسەلاتی حکومەتی عێراقی) کەوتە مەترسیەوە.. سەرکردە کوردەکان گەڕانەوە کوردستان (ڕۆو فینە)ی رابردوو دورخرایەوە.. زۆر لەپڕدا بەرنامەی مانەوەی (صدام) لەتیاچونو لابردنەوە گۆڕا بۆ مانەوەی لەسەر کورسی دەستەلات.. پەلاماری هەمو لایەکی ولاتی دایەوە.. لەهەمان کاتدا سەرۆکی عێراقی چەندین تاوانی گەورە گەورەی لێدەرکەوت تا گەڕانەوەی بۆ کوردستان.. چەند لاوێکی بەتوانا بونە سوتەمەنی ئەو خەباتە خوێناوییە.

هێزی پێشمەرگەو خەلکی کەرکوك بەردەوام بون هیچ گوێیان بەهەڕەشەی رژێم نەدەدا.. زۆر ئازایانە (جەژنی نەتەوەیی نەورۆز) یان کرد، بەلام مەخابن ئەم ئاهەنگە ئازادییە درێژەی نەبو.. بەرنامەی باش پیادە نەکرا هەر کەس بۆ خۆی هەولی دەدا هەلپەی دەکرد.. ئاگری بۆ مالی خۆی دەهێنایەوە..

حکومەت هێرشی بۆ هەمو پارێزگاکان هێنایەوە نزیکەی (٦) ملیۆن کەس ئاوارەی سنورەکان بون لەترسی سەربڕینو ئەتك کردنی ناموسیان هەر دەرۆشتن.. لە (١٩٩١/٤/١) کۆڕەو دەستیپێکرد.. بەرەو چارەنوسی نادیار.. کە چەندین ساتی زۆر ناخۆش بوون لەبرسێتیو ساردو سەرماو هیلاکیو رەزالەتو ئائومێدیو روخانو کەوتنو هەستانەوە ئای کە رۆژگارێکی ناخۆش بوون، لێرەدا هەلوێستەیەك دەکەمو دێمە سەر تاوانێکی گەورەی حکومەتی عێراقی کە دەرهەق بەهەمو کوردێك کردیو ئەم بنەمالەیەش دێنمە قسەو تا لەزاری خۆیانەوە بەشێك لەئارەحەتیان بخەینە بەردەستتان کە رژێمی دور لەمرۆڤایەتی بەعسی عەلانی کردویەتی..

کاك (عارف عبدالله چۆخماخ)ی خاوەنی دادە (جوانە)ی تەمەن (٢٠) سال دەلێت: ئەو شەوەی شار چۆلی کرد بۆ بەیانیش خەلك هەر کۆچیان بەرەو جێگەی نادیار دەکرد، منیش ئەندامانی خێزانەکەم ئاگادارکردەوە کە بەرەو ناوچە سنوریەکان بڕۆین، یەکێك لێرەو دوان لەرێگا ملمانێنا کەوتینە سەر رێگەی شارباژێر ئای لەو رۆژو ساتە ناخۆشانە یاخوا بڕواونیەتەوە.. رۆشتین کچە گەورەکەمو دایکیو برایەکی لەمال مایەوە

بەمەبەستی گەڕانەوەمان بەدوایاندا.. بەڵام کە گەیشتنیە سەری ئەزمڕ گەڕانەوەی چی!

هەر خەڵك بوو بەپێ دەڕۆی هەر سەیارە بو سەری نابو بەیەکەوە دەڕۆشتن، کەس ناوڕی بۆ دواخوی نادایەوە.. قریشکەی ژن و ژاڵ زریکەی منداڵ.. هاڕە هاڕی سەیارەی گەورە ئەم هەمو خەڵکە خۆیان پێوە هەڵواسی بو، ژنێ دەگریا دوان مات و سەرسام، چوار پیاو گێژو کاس.. ماڵ هەر دەڕۆی بۆ کوێ؟ ئەنجام؟ کەس هیچی نازانی.

دەنگی ئەو کۆمەڵە چەکدارەی ناو بازاڕی شارم لەگوێدا دەزرنگایەوە:

تانك و تۆپ و تەیارە

دەرمانناکات لەم شارە

بەڵام بەداخەوە لەپێش ئێمەوە رایان دەکرد، خەڵکی (کەرکوك، قەرەهەنجیر، چەمچەماڵ و ناوچەکانی تر) بەناژەڵ و پاتاڵەوە هەر دەڕۆشتن، ئەوەی سەیارەی هەبو باش بو، ئەوەی نەیبو وەك ئێمەبو،

ویستم بگەڕێمەوە بۆ ناو شارو دەستی کچەکەم و ئەوانەی ماون لەژن و کوڕو بەرو دراوسێ بگرم و بەرەو شوێنی نادیار بڕۆین.. چەند مەترێك هاتم، بەڵام بواری گەڕانەوە نەستەم بو، چونکە دو (هەلی کۆپتەر)ی رژێم بەئاسمانەوە دەگەڕان و چاودێریان دەکرد دو کوڕی گەنج یەکی (R.B.G) یەکیان پێوە نان دورکەوتنەوەو زۆر لەخەڵکەکە دەستخۆشیان لێکردن، بەڵام بەخێرای گەڕانەوەو کەوتنە تەقەکردن لەو خەڵکە هەرچی هەبو پەرشو بڵاوبونەوە.. مەکینەیەکی تراکتۆر بەرکەوت، چەند سەر مەڕێکیشی کوژان منیش زۆر دورکەوتمەوە.. روداوێکی زۆر ناخۆش و دڵتەزێن بو.

پاش نیو سەعات گەڕامەوە ئەو ناوە خوێنێکی زۆر ڕژا بوو وتیان: چەند سەیارەیەك هەندێ لەبریندارەکانیان بردووە.. زۆر شت لەو ناوە بڵاوبوبۆوە.

خەڵکی هەنگاوی بەسەردا دەنان.. ئەو خەڵکە هیوادار بو خۆی بەسەڵتی راکات شتی بۆچی بو؟! ئای لەو ساتە ناخۆشانە!! بیرناچنەوە.. نەخێر.. هەرگیز ئەو دیمەنە قیامەتیەم لەیاد ناچێتەوە.. هەر کەسەو بۆ خۆی رایدەکرد.. هەر کەسەو خەمی خۆی بو یەکێك وتی: سوپای عێراق گەیشتنە ناو شار.. تا ئەتوانن خێرا بڕۆن واهاتن.

زۆربەی کات ئەو کچە (ئەنفال)[١] کراوانەم دەکەوتەوە یاد کە پیاوە دەوڵەمەندەکان کڕیبویانن لەبەعسیە فاشیەکانو خزمەتگوزاری خۆیانیان پێدەکردن.

دەموت: تۆ بڵێی ئەم کچەی منیش ئێستا لەماڵی چ سەرباز یا دەوڵەمەندێکی تردا کار بکات، غەمو پەژارەی ئێمە تەنها پێستو ئێسقانی هێشتبێتەوە.

سەربازێکی کورد لەسوپای عێراقدا لەجەنگی کەنداودا وتی: لەگەڵ چەند برادەرێکدا چوینە نا وڵاتی کوێتەوە، چومە ماڵە دەوڵەمەندێك سەیرم کرد چەند ئافرەتێك خزمەتکاری دەکەن.. سەرنجم دان یەکێکیانم ناسی هاتە لامەوە ناوی هێنام.. نایوم هانی.. باوەشمان کرد بەیەکدا دامانە هاڕەی گریان، پیاوە کوێتیەکە سەرسام بو وتی: ئەوە چییە؟

وتم: ئەمە خوشکمە.. چی ئەکات لای تۆ؟

وتی: من لەچەند سەربازێکی عێراقیم کڕیوەتەوە پێش ٣ ساڵ لەمەوبەر ئەوانەی جوانو گەنجن خزمەتم دەکەن.. داوام لێکرد دوای چەند وتووێژێك کە پێم ببەخشێتەوە.. ئەویش زۆر بەزەیی پێماندا هاتەوە بۆیە قسەکەی قبوڵ کردو بەرەو شاری سلێمانی گەڕاینەوە[٢].

لەو ساڵو ساتانەدا تەنها رادیوی (گەلی کوردستان) هەبو ناو و ناونیشانی تەواوم دانێ.. پاش چەند جار بانگەواز نائومێدبوم.. گەڕام.. شار بەشار، شارۆچکە بەشارۆچکە "ئێران - رانیە، کەلار.." هەندێ گوندی تازە ئاوەدان کراوەم تەیر کرد.. چەند سەربازگەیەکی عەسکەریم بەسەرکردەوە.. هیچ سەرو سۆراغی نەبو، ناونیشانی هەندێ گۆڕیان دامێ کە کاتی ئاوارەبونەکە لەقەراغ جادەکان گیانیان سپاردبو خەڵکی خێرخواش کردبویانن بەژێر خاکەوە.. بەڵام کە سەرنجم دەدان هیچ ئەقڵم نایبڕی ئەمە گۆڕی کچی من بن.. بەهەمو گەڕانەوەیەکم بۆ ماڵەوە دەسڕی بەرباخەڵەکەم لەئەسرینی چاومدا دەخوسا.. چاوەڕوانیم زۆرکرد، هەر کە لەدەرگا دەدرا دڵم دادەخورپا ئێستا نا

---

[١] شاڵاوی بەناو ئەنفال: لە ١٩٨٨/٤/١٤ دەستی پێکرد بۆ ناوچەکانی قەرەداغو لەناوبردنی ئەو سەرکردایەتیەی (ی.ن.ك) لەو ناوچانەدا، بەتاڵان بردنی ئافرەتو منداڵو کوشتنی پیرولاوەکانو خاپورکردنی دێهاتەکانی.

[٢] لەگەڕەکی شەهیدانی زەرگەتە لەشاری سلێمانی.

سـاتێکی تـر دیمـەنی کـچەکەم دێتـەوە بەرچـاو، بـەڵام بەداخـەوە.. ئـەو دەرناچـو.. بەکۆڵانەکاندا گوزەرم دەکرد لەجێگەکانی جارانـدا دەهاتـە بەرچاوم.. زەردەخەنـەی بۆ نەکردم.. لێی نزیك دەبومـەوە شـتێکی تـر دەردەچـوو.. زۆر خەفـەتم بـۆ نـەخوارد.. زۆر خەیاڵاتی خراپم بۆ دروست نەبو، رۆژێك لەبازاڕ ئافرەتێك وەستابو شتی دەکڕی باڵای.. بەرگی.. قژی.. هەمو لەش‌و لاری خۆی بو تێر تێر سەیرم کرد.. دڵم پاراو بـو.. ئۆخـەی (جوانە) ئەومتۆی باوکی باوکەکەم لێیچومە پێشەوە.. ئـەو سـەرگەرمی شت کڕین بـو.. خەریك بو شاگەشکە دەبـوم دەسـتێکم دا بەشـانیاو بـانگم کـرد (جوانـه گیـان کـه ئـاوڕی دایەوە.. هەمو ئاوات‌و خۆشیەکانم بونە سەرابێك‌و تیاچون.. ئـافرەتێکی تـر بـو.. ناچار وتم ببورە کچی خۆم وامزای کچەکەی خۆمی!.. بوراوی خاڵە گیان.

بڕوا بکەن دەنگیشی هەمان دەنگ بو کە لەزاری کچەکەم دەهاتە دەر.

براکانیـشی لەهـەر شـوێنێك باسـی ئافرەتێکیـان بکردایـە دەچـون‌و بەدەسـتی بـەتاڵ دەگەڕانەوە.. هەر ماڵێك لەئێرانەوە یـا لەسنوری کۆڕەوەوە بهاتنایەتـەوە بمناسـینایە یـا نەمناسـینایە دەچـومە سـەردانیان هـەواڵی کـچەکەم لێدەپرسـین.. وێنەکـەیانم پیـشان دەدان.. ئاکام نەماندیبوە! درۆی چیت بۆ بکەین.. بەڵێ راستیان نـەکرد.. زۆر سـەربازم لەرێگەی سەربازگەکان بەگیر ئەهانی: ئایا ئافرەتێکی لەم حاڵەو لەو رەنگەتان نەدیوە؟

وەڵام: نەخێر ئێمە کەس ناناسین.

یـانزە مـانگی رەبـەق تێپـەڕی، خـزم‌و کـەس‌وکار هـەواڵیان دەپرسـی، بـەڵام هـیچ سەروسۆراغێکی نەبو. رۆژێکیان بانگی نوێـژی (عەسـر) بـو خـۆم کـرد بەمزگـەوتی (مـلا عبدالله) لـە (مجیـد بـەگ) دا: خوایـە گیـان کۆمـەکیم بکـەی لـەم تەنگـەژەو نارەحەتیـە رزگارم بکەیت بۆ خاتری ئەم بانگ‌و سەلایەت.. زۆرجارو ئەم جارەش نـزاو پاڕانـەوەکانم بەچاوی پڕ ئەسـرینی قەتیـساوەوە بـو، ئـەم چـاوەڕوانی‌و دڵـەڕاوکێ‌و گـەڕان‌و هەناسـە ساردییە هەر بەدەم خۆشە.. کزە لەجەرگمەوە ئەهات.

چومە سەر جێگای دەستنوێژ شتن.. نزای پێش دەسـتنوێژم خوێنـد: (**اللهم أغفـر لـي ذنبي ووسع لي في داري و بارك لي في رزقي**).

دەستم کردە دەستنوێژ شتن.. پیاوێکی بەهەیبەت لەولامەوە بەچەند بەلوعەیەك دەست نوێـژی ئەشت ئاگاداربوم سەعاتەکەی دەستی دانا لەسەر یەکێك لەتەختەی دانیشتنەکان، بەبینینی (سەعاتەکە) دڵم داخورپا سەرسامو ئەبڵەق مام.. بەلوعە ئاوەکەم بۆ ئەگێرایەوە پەلاماری پیاوەکەم دا: وەرە زاڵم.. ئەم سەعاتەت لەکوێ بو؟

کابرا وەك لەبانێکی بەرز بەربێتەوە بەسەرسامییەکەوە سەیری دەکردم، تۆزێك هاتمەوە هۆشخۆم.. چاوەکانم پڕ بون لەئەسرین بەدەنگی نەرمو شەرمنەوە وتم: کاکە گیان.. دەستم بگرە زۆر چاوەڕوانی خاوەنی ئەم سەعاتەم.. لەکوێوە ئەم کاتژمێرەت دەستکەوتووە.. کوا خاوەنەکەی؟ زۆر جێگەی بەزەیی بوم، پیاوەکە وتی: بۆ وا عەودالی.. چیت لێقەوماوە؟!

بەقورگی پڕ گریانەوە.. دەستەکانم ئەلەرزین وتم: خاوەنی ئەم سەعاتە کێیە؟ تۆیت یا کەسانی تر.. زۆر لەسەرخۆ، خۆی پێناساندمو لەناکامدا وتی: برا جوانەکەم ئەم سەعاتە هی من نییەو چیرۆکەکەی دورە.. هیچ پێویست ناکات تۆ بزانیت.

وتم: چۆن نەزانم.. خاوەنی ئەم سەعاتە گەر تۆ نەبیت لەئەسڵا ئەوە هی کچی منە.. کچی من خاوەنیەتی.. توخوا راستم پێبڵێ.

تێر سەیری چاوی پڕ ئەسرینی کردم.. لێم نزیك بۆوەو دەستی خستە سەرشانم هێزی قاچەکانم نەما لەعەرزەکەدا دانیشتم ئەویش لەگەڵم نزم بۆوە وتی: زۆر حەز ئەکەی بەسەرهاتو حیکایەتەکەی بزانیت؟ بەڕوخسارتا دیارە تۆ کەسێکی زۆر گرنگی بەخاوەنی ئەم (سەعاتە دەستی)یە دەدەیت!

وتم: ئەگەر خاوەنەکەی ئافرەتێك بێت ئەوە کچمە.. توخوا چی ئەزانی لەبارەیەوە راستم پێبڵێ.. پێیفرۆشتوی؟! دۆزیوەتەتەوە؟! چی ئەکا لای تۆ خێرا پێم بڵێ.. بەرچاوم تاریك بوو. لەساردی ئاوەکە هۆشخۆم هاتمەوە لەهەیوانی مزگەوتەکەدا، چەند پیاوێکی تر بەسەرسەرمەوەبون، تومەس بورابومەوەو لەو ئاوە دوریان خستبومەوە.

(س): کاتی ئاوارە بونەکە ئێمەش وەك ئەو خەڵکە رێگەی نادیارمان گرتەبەر.. چەند سەیارەیەك بوین لەو کاتەدا بو کە دوو (هەلی کۆپتەر) قەسفیان لەخەڵك ئەکرد، لە (دۆڵەماین)ی پشت دەباشانەوە رۆژی ٤/٤ کاتێك گەیشتینە سەر جێگەی رووداوەکە

(تراکتۆرێك) و چەند کەسێك بەرکەوتبون، چەندین پیرومندالو ژنو خەڵکی تر هاوارو زریکەیان بو، ئەیان وت رەنگە (کیمیاوی) تیابێت، بەلام باش بو تەنها قەسف بو.. سەرنجی بریندارەکانمان دا سەیرمان کرد هەڵمان گرتنو خستمانە سەیارەکەی خۆمانەوە.. خاوەنی ئەم سەعاتەش کچێکی جوانی قیافەرێکبوو بریندار بو بو هاواری لەئێمە کرد: کاکەگیان توخوا.. خێرتان ئەگات لەڕاهی خوادا فریام کەون.. بەتەنهام.. منیش لەگەڵ خۆتان بەرن، زۆرمان بەزەیی پیا ئەهاتەوە.. هەڵمانگرتو خستمانە سەیارەکەی خۆمانەوە. زۆر دوعای خێری بۆ کردین.. زۆر سوپاسی کردین.. زۆر ئاقلو وریا دیار بو. ناو سەیارەکە بو بوە خوێن.. گەیشتینە سەری ئەزمڕ ئەوەکانی خۆمان گیانیان سپاردو شەهیدبون، بەلام کچەکەی تر باش بو تا لەپێچەکانی ئەزمڕ هاتینە خوار، هەر قسەی بۆ ئەکردین، یەکێك لەقسەکانی وتی: تۆزێك ئاوم بدەنێ زۆرم تینوە.. ناچارم رۆژووەکەم بشکێنم[1].. تۆزێ ئاو، بەلام بەداخەوە نەمانوێرا ئاوی بدەینێ، چونکە بریندار بو، لەئاستی گوندی (سیتەك) لەقسەکردن کەوت تەنها هەناسەی ئەدا.. بەئیشارەت هەر داوای ئاوی ئەکرد.. بەلام نەمانتوانی بوەستینو ئاوی بۆ بێنین.

ئەم سەعاتەی دامێ، پێم وت لەجیاتی پارە دادە گیان!؟

سەری راوەشاند.. تێگەیشتم بۆ ناونیشانە دەیلێ.. لێم وەرگرتو لەبەر چاوی لەدەستم کرد.. زەردەخەنەیەکی بۆ کردم.. گەیشتینە ئاستی خانووە روخاوەکانی (زەردەبی) گیانی سپارد.. خوای گەورە پلەی شەهیدی بەنسیب کردبن، دیمەنەکەیان هەژاندمی، تاساندمیو تائێستاش لەژێر کاریگەرییەکەی دەرنەچووم، هاتین.. هاتین چەندەها سەیارە لەپێشمانەوە بو لەدوامانەوەش بەهەمان شێوە تا گەیشتینە پردەکەی (قەلاچۆن) هەستمان بەئاسودەیی کرد بەباشمان زانی لەنزیك جادەکە بیان کەین بەژێر خۆڵەوە.. بەلێ لاماندا چاڵێکی گەورەمان دۆزییەوە هەر نۆ تەرمەکەمان راکێشانو هەندێك گڵی بەفرمێسکی باران تەرمان کردن بەسەردا.. لەناوی چەمەکە سەیارەکەمان شت.. لەپاش گەڕانەوەمان بۆ شار دوای ئاوارەبونەکە ئێمە چوین تەرمەکانی خۆمان

[1] نزیکەی (١٦)ی مانگی رەمەزان بو.

دەرهێنایەوە ئەویش لەوێ ماوەتەوە.. ئەم کاتژمێرەش بۆدۆزینەوەی خاوەنی لەدەستم گردووەو پاراستوشمە.. بەبەردەوامی پرسیارم لەخەڵك ئەکرد لەکۆڕو کۆبونەوەو پرسەکاندا باسم دەکرد.. بەڵام کەس خاوەنی نەبو!

بەئاهێکی پڕ حەسرەتەوە وتم: ئەی من دنیا گەڕام.. دام بەرادیۆ.. بەشاراندا گەڕام کەس نەبو گەیشتمە ئێران.. قەڵادزێ.. رانیە، توشی چەندین کەس بوم.. ئەی تۆ لەم شارەدا نەبوی.. هەر نەت بیست؟

(س): من لەم شارەدا بوم، بەڵام ماشاالله شار بەحرەو منیش بەخەڵکی ئەم شارەم نازانی دەموت رەنگە خەڵکی شارۆچکەکانی دەوری سلێمانی بێت.

نەمتوانی زیاتر لەگەڵی بدوێم.. سەعاتەکەم لێوەرگرتو کاتێکم بۆ دانا کە ئەزیەت بکێشێتو بێت لەگەڵمانا بۆ دەرهێنانەوەی تەرمەکەو ئاسودەبونی رۆحی ئێمەش، نوێژ (عەسر)م کردو بەکۆمەڵێ غەم لەلایەكو ئاسودەیی لەلایەکی ترەوە ورده وردە بەرەو ماڵ بومەوە.. لەگەڵ چومە ژورێ هاوارێکی عەجیبم کرد خۆشم نەمتوانی دەنگم کپ بکەمەوە.. سەعاتەکەم پیشان ماڵو منداڵو براکانی دا سەرسام بون بەو دیمەنە.. یەکێك لەبراکانی وتی: بابە گیان (جوانە)ی خوشکمان شوکر ماوەو ئەتوانێت بێتەوە ناومان.

قوڕگم پڕ بو لەگریان جۆگەلەی ئەسرین تەقینەوە.. نە بابە گیان (جوانە) لەڕۆژی ئاوارەبونەکەوە بەساروخی هەلی کۆپتەرەکانی بەعسی خوێنرێژ شەهید بووە، ماڵ بووە گریانو هەرا.. بەرو دراوسێ ماڵیان ئاوایێ دارژان بەسەرماندا هەواڵ دەماوم دەم رۆشت.. ئەو شەوە ماڵمان یەکێکی تری ئاگرت، سەیارەی خزمانو بەرودراوسێ ئامادەکران بۆ رۆژی دوایی بەرەو گلکۆکەی کەوتینە رێ.

کاك (س) لەدورەوە جێگەکەی پیشاندام.. نزیك بوینەوە ژنو پیاوێك لەبەر (ساترێك)[1] دا سەرقاڵی کاری کشتوکاڵی بون.. بەبینینی ئێمە سەرسام بون، خوا قوەت بونمان کردن.. پیاوەکە وتی ئەوە خێرە ئەم قەرەباڵغیە؟

[1] ساتر: بەعسی فاشی بۆ تەقەکردن لەسنورو سوپای ئێران ئەم ئاوانەی کردبو بەجێگەی تۆپی گەورەو سەیارەی جەك هەڵگر، بۆ دیارنەبونیان بەشۆفڵ گڵی بەدەوردا هەڵدەدایەوە لەپاش تەواوبونی شەڕیش هەر ماونەتەوە.. ئێستاش زۆر ناوچە لێیماوە.

بەناهێکی ئاساوەوە وتم: کچێکمان لەکاتی کۆڕەوەکەدا شەهیدبووەو لێرەدا شاردراوەتەوە، خوا ماڵی کاک (س) ئاوەدان کات جێگەکەی پێوتوین و ئێمەش هاتوین بیبەینەوە.

کابرا وتی: لەخەودا چەند جارێك روناکیم دیوە لەم ناوچەیەدا، بەڵام هەستم ناکرد تەرمی کچی شەهید کراوبێت.

هەمو کۆبوینەوە کاك (س) هاتە پێش لەبەر چاوی ئەو هەمو خزم و برادەرو ئاسیاوانە هەمو روداوەکەی گێڕایەوە تا ئەم ساتەش خۆی پێنەگیرا.. گریا..ئێمەشی گریاند بەدەسرِی بەرباخەڵەکەی چاوەکانی سرِی وتی: سوپاس بۆ خوا دوای ئەم (١١) مانگە ئاسودەیی گەیشتەوە دڵی هەمو لایەکتان لەدو دڵی و دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانی رزگارتان بو، انشاالله جێگەی بەهەشت دەبێت و پلەی شەهیدی دەبێت خوای گەورەش پاداشتی دایك و باوك و خزم و کەسانی بداتەوە.. داوای (دووخاکە نازی) کرد.

دەستمان کردە هەڵدانەوەو لابردنی گڵەکەو لەبیری خۆمدا وتم بەبینینی جلوبەرگ و ئێسقانەکانی دڵنیا دەبم.. تەرمەکەی دەرکەوت.. ژن و ژاڵ دایانە هاڕەی گریان ئەوەی زۆر سەرنجی راکێشاین، دیمەنی لاشە تێك نەچونی (جوانە) بو رومەتەکانی ئاڵ.. تەرمەکەی نەرم و شل هیچ تێکنەچو بو بەتانیەکی بەسەرەوە بو.. ئەمە چ کەسێکە دوای ئەم (١١) مانگە وەك خۆی ماوەتەوە دەستم برد لەگەڵ برایەکیدا هەڵمان گرت و هانیمانە ئەم لاوە.. هێندەی تر سەرسام بوین کە دامانا خەڵکەکە ئەوەندەی تر سەرسام بون.. سەیری خۆم کرد جلەکانم هەموی بوبونە خوێن لەجێگەی زام و برینەکانیەوە (خوێنێکی جوانی گەش) رژایە سەر زەوی.. خستمانە ناو بەتانیەکەوەو خستمانە ناوی سەیارەکەوە تا دورکەوتینەوە چاوم بڕیبوە گۆڕەکەی.

سەیارەکان گەیشتنە ئەو جێگەیەی کاك (س) لەگەڵ خزمەکانی خۆیدا هەڵیان گرتبۆوە بەبریندارای وتی: بوەستن.. ئێمە لەم جێگەیە ئەم کچەمان هەلگرتۆتەوەو سبحان الله چۆن خستومانەتە سەیارەکەوە پاش ئەم (١١) مانگەو ئەم هەمو گەرماو

سەرمایە وەك یەکەم خولەکە[1].. خوایە گیان ئاهو نزولەی ئەم کچەو هەمو شەهیدێکی ئەم کوردستان کاربەدەستانی زاڵمی بەعس رسواو سەرگەردان‌و جەرگ سوتاو بکەیت.. گەڕاینەوە شار.. لەشار چاوەڕوانمان بون ئەو خزم‌و کەس‌وکارانەمان، هەر بەو جل‌وبەرگ‌و خوێنە گەشەوە، بەو زمانە بەرۆژووەوە بەو لاشە نەرم‌و شلەوە لەگۆڕستانی (شێخ محمد هندی) بەخاکمان سپارد.. رۆژانی هەینی دایکی‌و پێنج براو چەند خزمەتێك سەردانی گۆڕەکەی ئەکەن.. منیش لەدوای هەمو نوێژەکان دوعای خێری بۆ دەکەم‌و خۆم بەغەدر لێکرو دەزانم دوعای رسوابون لە (ئەندامان‌و نزیکەکانی صدام) دەکەم.

بەڕێزەکەم.. پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ئەفەرموێت: دوعای سێ کەس رەت بونەوەی نییە لەلای خوای گەورە خێرا گیر دەبێت: ١/ غەدر لێکراو ٢/ کەسێکی رۆژووان لەکاتی شکانی رۆژوەکەیدا ٣/ کەسێکی موسافر یان حاکمێکی عادل.

نزای کاك (عارف) و (س) گیرابوو، صەدام دو کوڕو کوڕەزاکەی کوژران‌و بەچاوی خۆی تەرمەکانی بینی، بەڕسوایی‌و شەرمەزاری لەکورسی حوکم دایانگرت‌و گرتیان[2].. لەنازو نیعمەتی ماڵ‌و منداڵ‌و سامان بێبەش کرا، مێژوش نەفرەتی لێدەکات.. هیوادارین هیچ کەسێك بیر لە (ناپاکی‌و ستەمکاری) نەکاتەوە ئەسرینەکانمان بگۆڕین بۆ هاندانی پێشکەوتن‌و خزمەتی نەتەوەو ئاین‌و مرۆڤایەتیمان لەکوردستانی پاش هەڵبژاردندا و کۆتایی بەستەم‌و گەندەڵی بێت.

---

[1] حاجی رەحیمی عەلەروسی بێسەری دەڵێت: تالەپیزە بۆ باوکی گێڕایەوە کە رۆژێك جەتەیەکیان ئەکوژرێ لەناوچەی ئێران لەنزیك گوندی (قۆرخ)، ئەمانیش گۆڕی بۆ هەڵدەکەنن دەگەنە سەر گۆڕی ئافرەتێك کە هیچ تێکنەچووە لەش‌ولاری زۆر سەرسام دەبن، ئیتر لەبەرپاکی‌و بێگەردی ئەو ئافرەتە ئەمانیش تەرمەکەی خۆیان‌و ئافرەتەکە دادەپۆشن‌و کە پرسیاردەکەن خەڵکی ئەو ناوە دەڵێن: سوپای ڕوس ژن‌و ژاڵی ئەو ناوەی لەوێدا شەهیدکردون‌و بێگوناهن.

[2] * لە بەرواری ٢٠٠٣/٣/٩ هێرشی(هاوپەیمانان)بۆسەر عێراق دەستی پێکرد.

* لە بەرواری ٩ /٢٠٠٣/٤ پەیکەری صەدام لەمەیدانی فیردەوس ڕوخێنرا.

* لە بەرواری ٢٠٠٣/١٢/١٣ لەحاڵێکدا صەدام دەستگیرکرا و بەرەوزیندان برا.

* لە بەرواری ٢٠٠٦/١٢/٢٨ لەیەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان لەسێدارە درا.

حەسرەتو پەشیمانی

خۆشەویستی سەرتاسەری لەدوایە !

باوك: ئەو بونەوەرە زیندووەیە کە لەگەڵ دایکمانداو بەقەدەری خوای گەورە ئێمەیان هانیوەتە بوون، ئەمەش دوای چەندین تاڵیو سوێریو خۆشیو ناخۆشی ژیان.

دایك هەوڵی لەگەڵ داوین کە باوکی چاکمان بۆ هەڵبژێرێت، باوکیشمان پێش هاتنەبونمان خۆیان خستۆتە بیرکردنەوەو ئەندێشەوە تا هاوسەریان دایکی دڵسۆزو پەروەردەکاری چاك بێت بۆ رۆڵەکانیان.. چونکە ئەو منداڵە لەبەردەستی دایکدا گەشە دەکاتو دەبێتە ئەندامی کۆمەڵگا.. دەشبێتە گەورەترین سەرمایەی دینو دنیا بۆیان.

لەسەرەتای تەمەنی هاوسەریدا زۆر گەنج بیر لەمە دەکاتەوەو غەمی دەخوات، زۆر گەنجیش بەسادەیی بیری لێدەکاتەوە، بەڵام تا مەلەوان بیت لەژیانداو مامۆستای باشت هەبێت دەتوانیت شەپۆلەکانی بەپشو درێژی بیرکردنەوەی قوڵ ببڕیت نائومێد نابیت.

ئاسۆی روونو گەشت لێنزیك دەبێتەوە.. لەدواساتەکانی ژیانیشتدا کە ئاوڕ لەتەمەنی رابردووت دەدەیتەوە هەموو رۆژەکانو ساڵەکانی بەگەشی گوزەراوەو شادمانیت پێیان، بەڵێ دوو سۆما گەشەکەی خوێنەری دڵپڕ لەشادیو ئاوات ساتێك خۆت تاریك کە باهزرت بزرنگێتەوەو لەگەڵما وەرە بۆ سەفەرێك کە خەوە ئەرخەوانیەکان بەدەم کازیوەی سەرەتای تەمەنەوە دڵۆپە ئاورنگی تاریکی شەویان لێدەچۆڕێتەوە..

بەڵێ، دڵنیام ئێستا خۆتو هەستو ئەستت ئامادەی ئەو گەشتەیە، کە بەناسودەیی بۆ باوك هەوڵبدەین.. بۆ؟

چونکە تۆش دەبیتە باوك یان دایك یان..

لەدەرگا درا باوك وەك لەخەو راپەڕێت لەپاڵ زۆپا ئەوتیەکەدا هاواری لە (هیوا)ی کوڕی کرد کە منداڵێکی هەشت ساڵان بوو.

(ئادەی رۆڵە بزانە ئەو دەرگایە کێیە؟)

(هیوا) زۆر بەوریایی وتی: بەڵێ بابە گیان وانەچم!

دەرگای ژوورەکەی داخستەوەو چووە دەرەوە، دەرگای دەری دەرەوەی کردەوە پیاوێکی پیری بەساڵاچووی بینی.

وتی: فەرموو خاڵە چیت ئەوێ؟

پیاو: کاکە چکۆل ئەمە ماڵی کاك (ئە)یە.

(هیوا): بەڵێ بەدڵنیاییەوە.. سەرێکی بۆ جوڵاند.. فەرموو چیت ئەوێ؟

پیاو: بەئەرك نەبێت بەباوکت بڵێ ئەگەر لەماڵەوەیە.

(هیوا): بەڵێ لەماڵەوەیە ئەی قابیلە بەم سەرمایە چوبێت بۆ کارکردن.

پیاو: ئافەرین.. بەقوربان پێیبڵێ باپیرە لەدەرگای دەرەوە داوای پارمەتی لەتۆ دەکات‌و دەڵێ: هیچ شك نابەم ئەمشەو لەسەری بنووم لەتە ڕاخەرێکم - فەرش یا بەتانی - بداتێ با لەسەر ئەرزی رووتی نەنووم، خێرت دەگا.. دەبچۆ پێیبڵێ!

هیوا: پیاوەکە بۆچی تۆ باوکی باوکمی!!

پیاو: بەڵێ بەقوربان تۆ کوڕەزامی.. باوکت لەم ماڵەی دەری کردووم.. ڕۆژێك کە منداڵ بوو من پەروەردەم کردو پێم گەیاند، بەڵام ئێستا ئەو دەری کردووم‌و بەخێوم ناکات!

فرمێسك لەچاوە کزەکانیا قەتیسم ماو..

هیوای زرنگیش بەهەستە ناسکەکەی زۆر پەژارەی لێخوارد، گەڕایەوە ژوورێ، بەباوکی وت: بابە گیان پیاوێکی پیر لەدەرگای دەرەوەیە داوای پارمەتی لەتۆ دەکات، دەڵێت باوکی باوکتم!..

باوك زۆر بەخوێن ساردانەو زۆر بەهێمنی سەیرێکی کوڕەکەی کردو وتی:

(نا.. راست ئەکا.. لەو گیرفانەم "یەك دیناری ئاسنی" بۆ بەرەو بیدەرێ)

هیوا: ئاخر بابە ئەو داوای ڕاخەری کرد.. وتی لەسەری ئەنووم هیچ شك نابەم.

باوك: بەبێزارییەکەوە وتی: دە باشە رۆڵە گیان بچو لەژوورەکەی ئەولا بەڕەکۆنێکی لێیە بەدایکت بڵێ بیداتێ، یان دایکت بۆی بەرێت، خێراکە با ئەو کەوڵە کۆنە بێزارمان نەکا.. وەیش کە ئالەبارە.

هیوا بەنابەدڵی بەرەو ئەو ژووره رۆیشت بێنەوەی بەدایکی بڵێ.. پاش ماوەیەکی زۆر هەر نەگەڕایەوە، باوك لەتەنیشت زۆپاکە هەستاو تا بزانێ (هیوا) بۆ نەگەڕایەوە.. بەهێواشی‌و بەبێ چرپە چووە ژوورەوە سەیر ئەکا وا (هیوا) بەچەقۆیەك ئەو بەڕمیە ئەکات بەدوو کەرتەوە.. نیوەیی کردووە لەبڕیندا..

باوك بەلایەوە جێگەی پرسیار ئەبێت، ئەڵێ: هیوا ئەوە خەریکی چیت بۆ وا لەو بەڕە شڕە ئەکەیت..

هیوا بەسەیرێکی پڕ واتاوەو بەهەناسەیەکی توندەوە ساکارانە وتی: بابەگیان ئەیکەم بەدوو کەرتەوە.

باوك: جا بۆ هەموی نادەیتێ پارچەکەی ترمان بۆچیە.. بیدەرێ.

هیوا: ئاخر بابەگیان بۆ ئەوت دەرکردووە بەم سەرمایە، نیوەی دەدەمێ، رۆژێك کە منیش گەورە بووم تۆ دەرئەکەم‌و نیوەکەی تری دەدەم بەتۆ.

باوك مێشکی کاسبوو.. خورپەیەك بەدڵی کەوت، لەم وەڵامە زۆر خەجاڵەت‌و شەرمەزار بوو. زەنگی خۆشی‌و ویژدانی لێیدا، بەدەست خۆی نەبوو باوەشی کرد بە (هیوا)دا بەسەرسامیەوە وتی:

بەسە.. کوڕم بەسمە بڕۆ بەباپیرەت بڵێ با بێتە ژوورەوە.. ئەمە ماڵی ئەوەو ماڵی کەسی تر نیە.. دە بڕۆ خێرا دەستی بگرە.

هیوا وتی: بابە گیان بۆ ئەگریت.. مەگری وەرە خۆت لەلای ئەو بگری‌و ئەو باپیرە داماوەم بهێنەرە ژوورەوە.. باشە بابەگیان.. گوناحە زۆری سەرمایە. دوایش هەقایەتی خۆشمان بۆ ئەکات.

بەڵێ بەرێزی خوێنەر دوو قۆڵی چوونە دەرەوە باوکی (هیوا) کە باوکی پیرو لاوازو سەرما بردەڵەی بەو ناڕەحەتی‌و زەلیلایە بینی بەهەموو هێزی باوەشی بەشان‌و ملی باوکیا کرد.

هیواش زۆر شادمانانەو بەخێرایی باوەشی بەملی هەردوکیانا کردو ئاشتبوونەوە، زۆر بەخۆشحاڵییەوە چوونە ژوورەوە..

لەسایەی خواوە

بسم الله الرحمن الرحيم

ان الله يرزق من يشاء بغير حساب

مامۆستا مەلا عبدالكريمی مدريس" خوای گەورە مەقامی عالی کات " لە تەفسیری ئەم ئایەتە قورئانیەدا دەفەرموێت [1]:

بەڕاستی خودای تەعالا ڕۆزی ئەدات بەهەر کەسێ خواستی لێبێت، بەبێ چاوەڕێیی و ئومێدەواری ئەو کەسەو ئاگاداری ئەو.

ڕزق و ڕۆزی بۆ تۆ هەتیوی ڕووت و قووت
کێیە بیدا غەیری حەیی لایەمووت؟
خۆی سەبەبسازە لە بۆ بێ دەست و کەس
زەردەواڵە دیل ئەکا بۆ عەنکەبوت [2]
بێردەدەر بۆ ڕزقی پاکی خۆت، وەلێ
دەرمەچۆ شەو بۆ دزی یا ڕاوو ڕووت
ڕزقی تۆ بۆ تۆیە بۆ کەس ناخورێت
بۆ بە ناهەق وا ئەڕێژی ئاوی ڕووت
بەچکە کوردی (شێخ سمایلی) ژیاند
شیری سەرمەمکەی دەموکەی داری ڕووت
ناوی (قۆچالی) بو ئەو ڕۆڵە کەوا
شیری پاکی بزنی کۆڵ بۆی بوو بەقوت

---

[1] تەفسیری نامی بەرگی دووەم ل ٥٤ – ١٩٨٠ .

2 جالجالۆکە .

شان‌و قۆڵت تــاهەیە هەوڵــێ بــــــدە
تاقە حاتەم تۆش لەگەڵ ئەو بە بەجووت
بێ حسێبە ڕزقی ئەو بۆ گیانلـــــەبەر
بەحـــــرو بەڕو ئاسمانەکـــانی قووت
بەس ئەتۆش تـــاهێزی هەستانت هەیە
هەستە خۆت مەمرێنە وەك ڕێوی سکووت
حەولی تــۆ فەرزە ئەگەر نـــا هەرخودا
ڕازیقە بۆ پـــادشاو بۆ پیـــاوی پـــووت

(شێخ سمایلی) و (قۆچالی) مەبەست دوو ڕووداوی سەیرو واقیعیە

یەکەمیان:

کۆمەڵێکی شێخ سمایلی لەکاتی شەڕو هەرایەکدا ڕەو دەکەن‌و ئەو ناوە بەجێدەهێڵن و دەڕۆن بەرێوە ژنێك دوو منداڵی دەبێت.

دوو منالەکەی پێ بەخێو ناکرێت، باوکیان ڕقی دادێت‌و لەپەستی‌و ناڕەحەتی‌و بێزاری خۆی یەکێکیان ئەخاتە کلۆری دارێکەوەو بەجێیدەهێڵێت.

بەلام دڵی هەر بۆی دەسوتێ نەبادا لە زەویدا گیانلەبەرێك بیخوات ، دەڕۆن دەڕۆن پاش ماوەیەك کە شەڕو هەراکە تەواو دەبێت دەگەڕێنەوە قەدەری خودای گەورە وەها دەبێت بەو ڕێگەیەدا تێدەپەڕن.

کابرای باوکی منداڵەکە ئاگری جگەر هەڵیدەگری‌و دەکەوێتە دڵیەوە سەرێك لە کلۆرە دارە بدات.. ساخوایە مابێت....

نزیك دەبێتەوە لە دارەکەو دەچێتە پێشەوەو سەیری ناو کلۆرە دارەکە دەکات، سەرسام دەبێت بەو دیمەنە... ئەمە چ موعجیزەیەکە...

دەبینێ منالێکی ساوا لە کلۆرە دارەکەدایەو بەدەم شنەی شەماڵەوە پێدەکەنێ‌و جارجارەش شیری (دەمووکە)ی دارەکە دەکەوێتە زاریەوەو دەیخوات... کابرای باوکی لەم ڕووداوە خۆشە زۆر سوپاسی خوای گەورە دەکات کەمنداڵەکەی ئەم ماوەیە دڕندەو گیانلەبەر نەیانخواردووە ، یان کەس نەیبردووە بەزیندووی ماوەتەوەو ژیاوە...

پڕ بەدڵ‌و گیان باوەشی پێیا دەکات‌و بەخۆشیەوە دەگەڕێنەوە.

دووەمیان: لە قەراغ چەمی (باوە جانی) لافاوێکی گەورە هەڵدەستێ‌و چەند ماڵ بەرە وێران دەکات‌و کەرەسەی خەڵکی ناو دەبات، لەناو ئەو کارەساتەدا بێشکەیەك بەمنداڵێکەوە بەر لافاوی ئاو دەکەوێت،

ئاو بێشکەکە دائەماڵێ‌و ئەیبات، تاماوەیەکی زۆر دوایی بەلقی دار بییەکەوە ئەگیرسێتەوە ، سەرنج بدە خاوەن باوەڕو دڵپڕ لە نوری خودا.. خودا چ کارێك بۆ ئەم کۆرپەیە ئەکات ..

بزنێکی کۆڵ فێردەبێ هەمو ڕۆژێ ئەچێتە لای بێشکەکەو خۆی شۆڕ دەکاتەوە بەسەریاو منداڵەکە تێرتێرگوانی بزنەکە دەمژێت تێر دەخوات.ماڵی خاوەن بزنەکە لە شوانەکە ئەکەونە گومان‌و دەڵێن: تۆ بزنەکەی ئێمە دەدۆشی .. ئێمە تەنها ئەو بزنەمان هەیە .. تۆش تەماع لەو دەکەی..

کابرای شوانەش ناچێتە ژێر ئەو باسە ئاگای لەهیچ نیە، ڕۆژێکیان کابرای خاوەن بزن دەکەوێتە پەیجۆری باسەکەو دوورو نزیك شوێن بزنەکە دەکەوێت تادەگاتە قەراغ چەمەکە، دەبینێت بزنەکە لە مێگەڵ‌و شوانە جیادەبێتەوە.. وەك ئەوەی یەکێك بەری خۆی بداو لێیبخوڕێ.. بەرەو چەمەکە دەڕوات.. کاکی شوانیش بێخەبەرە.
کاتێك سەرنج لە بزنە کۆڵەکە دەدات دەچێتە ناو بێشەلانەکەو ماوەیەك دەمێنێتەوە .... هەردیار نابێت..

کابرا بەدوایدا دەڕوات ئەو ڕووداوە سەیرە دەبینێ‌و منالەکە گوانی پڕ شیری بزنەکە دەمژێت..

کە تەواو تێر بوو بزنەکە دەڕواتەوە ناو مێگەلەکەو ئەمیش کاکی شوان بانگ دەکات‌و دەیکاتە شاهید ، منداڵەکە هەڵدەگرێت‌و دەیباتەوە ماڵەوە .. منالەکە گەورە دەبێت‌و دەبێتە پیاو ژنی بۆ دەهێنێ‌و دەبێتە خاوەن منداڵ‌و نەوە.
ئەوەی کابرا گۆشتی بزنی کۆڵ لە خۆیان حەرام دەکەن واتە گۆشتی ئەو جۆرە بزنە ناخۆن ماشاء الله ...

باوکی وەستا ڕەوفی دێوانە وتی: ساڵی ١٩٥٧ کە لافاوەکەی سلێمانی ڕوویدا من لەناو شاربووم.. زەرەرو زیانێکی زۆر لە خەڵك کەوت.. ئەو کاتە ماڵ‌و خانوو خیابانەکان سادەو ساکاربوون‌و بەرگەی تەوژم‌و لافاوی ناگرت.

هەموی بەرەو جوولەکان‌و لەوێوەوە بەرەو چەمی تانجەرۆ ڕۆیشت‌و ڕایمالّی من لەدەشتی قەراغ شارو نزیك (تانجەرۆ)باخی (وێنجەو سێپەرەم) کردبوو.

چوار ڕۆژ دوای ڕووداوەکە چووم بۆ سەرکشتوکاڵەکەم‌و هەموی بوبون بەژێر لافاوەوە بەڵام ئەوەی سەرنجی منی زۆر ڕاکێشا، لانکەیەك بوو بەحسابی خۆم ووتم: ڕەنگە هیچی تیادا نەبێت بەڵام کە چومە پێشەوەو سەرنجم دا منداڵێکی تێدابوو سەرەتا وامزانی مردووە بەڵام زیاتر سەرنجم دا وهەستم ڕاگرت هەناسەی دەداو زیندو بو .. نەمردبوو.. لەگەڵ چەند پیاوێکی ئەو ناوە کە بۆ شت دەگەڕان هێنامەوەو یەکێك بوە خاوەنی.. ماشاء الله .

مەرگی لە ناکاو

ڕۆژێکیان لە خزمەت مەلا ئیسماعیلی تەوەکەڵیدا بووم لە ماڵی خۆمان.. دوای باس‌و خواسی زۆر لەسەر ڕوداوی تازە بەسەرهاتی ڕابردوو لەدێر زەمانەوە لە کۆمەڵگەی کوردیماندا .. زۆر خۆشحاڵبوو بەبەرگی یەکەم‌و دووەمی ڕووداوە واقیعیەکان‌و بەڕێزیان چەند ڕووداوێکیان بۆ باس کردم.. هەندێکیانم بە جوان زانی بۆ ئەم بەرگە سەرەتا بەڕێزیان فەرموویان:

لە گوندی (عیساقاوە) کە لە نزیک سۆڵەی ئێرانە، سەر شیوی سەقز لێوەی دورنییە، کوێستانێکی عەجایبە، چەند ماڵێک کوڕەکانیان چوبونە خزمەتی سەربازی‌و بوبونە (پاسدار) قەدەری خوای گەورە وەها بوو تەنها کوڕی پیاوێکی گوندەکە هاتەوە.. ئەوانی تر بوونە سوتەمەنی شەڕی (ئێران - عیراق).

باوکی سەرباز بەدیداری کوڕەکەی شادبۆوە زۆر خۆشحاڵ بوو، بۆ بەیانی بڕیاری مەولو نامەی‌داو لەناو گاگەلەکەیدا (نۆبەنێکی بوغە)ی دیاریکرد بۆسەر بڕین‌و بەخشینەوەی بابەتی مەولویی..چەند پیاوێك نۆبەنەکەیان هێناو لە حەوشەی ماڵی سەربازدا قاچ‌و دەستیان بەستەوە دوای چەند پەلە قاژێیەك بەهێزدایان بە زەویدا.. پیاوەکان زۆر ماندوو بوون کاکی سەربازیش تا ئەو کاتە لەسەر بانیژەکەوە سەیری ئەو دیمەنەی نەکرد، هێزێکی شاراوە پاڵی پێوەنا بۆ هاوکاری کردنی باوکی خەڵکی ماندو قەسابەکە.

دایکی هاواری کرد: ڕۆڵە گیان بەشداری مەکە.. با ئەوان ماندوو بن تۆ دابنیشە..کوڕەکە وتی: دایە گیان با لەم خێرەدا بەشدار بم .. تۆزێك یارمەتیان ئەدەم..دایك دڵی خەبەری دابوو بۆ قەدەرێك بەڵام کوڕەکەی بێئاگا لە قەدەری ئیلاهی، بەچەند هەنگاوێك گەشتە ناو حەوشەکە بۆ یارمەتیدانیان باوکی زۆر خۆشحاڵبوو بە هاوکاری کوڕەکەی، کاکی قەساب بە قەمەکەی خۆی لەکەللەی نۆبەنەکە نزیک کردەوە، کە نۆبەن قەمەی بینی کەوتە پەلەپاقژەو خۆڕاپسکاندن.

کاکی سەرباز بەمەبەستی گرتنی پاشوی نۆبەن نزیك بۆوە بەڵام بەچ عەقڵی تۆ دەتوانی نۆبەنێکی یاخیو بوغە بگریت.. خۆی ئەیزانی پاشوی بەستراوەتەوە بەڵام قەدەر چی هێنا ڕەت بوونەوەی نییە لە چاوتروکانێکدا پاشۆی نۆبەنەکە کرایەوەو جووتەیەکی زۆر بەهێزی لەکاکی سەربازدا.. کاکی سەرباز بەوجووتەیەی نۆبەن هاویشتی سەر دڵی گرتوتاساو کەوت بە پشتا.. لەو شوێنەدا بەردێکی گەورە هەبوو پشتی سەری درا بەبەردەکەشدا.. جووتەی نۆبەنو زەبرەی سەری کاکی سەربازی بێگیان کرد..باوکی کوڕەو قەساب ڕقیان هەستاو قەمەیان هێنا بەملی نۆبەندا.. خوێن فیچقەی کرد..پاش دەرچوونی گیانی نۆبەن گەیشتنە سەرکوڕەکەیان تا ئەو کاتە وایان دەزانی بووراوەتەوەو لە هۆش خۆی چووە بەڵام بارودۆخەکە شێوەیەکی تری بوو، گریانو هاواری باوکی کوڕەو دایکی لەگەڵ سەدای نزمی (انا لله وانا الیه راجعون)ی خەڵکی ئەو ناوەدا ئاوێزان بوون، گۆشتی مەولوی کاکی سەرباز کرایە نانو چێشتی پرسەی سەربازەکە ئەمەیش وەك باقی گەنجانی دێکەیان کۆچی دوایی کرد، بەڵام لەدوو شوێنی جیاوازدا...

نزای ڕیش سپیەکی نابینا

وەرز وەرزی بەهارە، زەوی‌و مرۆڤو گیانلەبەران تامەزرۆی باران بون، بەڵام ئاسمان شین‌و چەندین پەڵە هەوری گەورە گەورە گوزەریان ئەکردو لە ئاستی شارو ناوچەکەمان دەڕەوینەوە نابونە یەك دڵۆپ باران.
زۆر لە مرۆڤەکان نزاو پاڕانەوەیان بو.. هەندێکیان لەو مرۆڤانە زۆر لە دەرگی پەروەردگار دەلالانەوە بەڵام باران کەم یان هەر هیچ نەباری ئەوە تەڕی بەهارە .. ئەرخەوان سورە.. وەرز ساردو کاتی شەستەو ڕەهێڵەو خوڕەمی بارانە بەڵام خاك‌و خەڵك بەبێ باران ڕۆژگارەکان دەگوزەرێنن.
بەلاڕێیەکی ملەو ئاسۆو یاڵێکدا دەڕۆیشتم خشپە خشپێ بەرگوێم کەوت پاش سڵەمینەوە لە دەورو بەری خۆم وورد بومەوە سەرنجم دا لەگێ‌ـگەی پشت خۆمەوە کیسەڵێکی گەورە دێتە خوارێ بۆ سەر ئەو جۆگەلەیەی من لە تەنیشتەوە دەڕۆیشتم ، سەرنجی تەواوی کیسەڵەکەم دا سەرنجی زۆری جۆگەلە ناوەکەشم دا.. ڕێڕەوی هەردووکیانم وەرگرت‌و لە هزری خۆما وتم: ئەم گیانلەبەرە دەبێت بەم هەنگاوە بچوك‌و لەسەر خۆیانەی چەندین مەترە زەوی بڕیوە وبیری کردۆتەوە کەلەو نزیکانە جۆگەلە ئاوێك هەیە خۆر هەتاو تینوی کردوە وا دەمەو خۆر نشینە بەمەبەستی ئاو خواردنەوە هاتوەتە نزیکی جۆگەلەکە. کە منی بینی شەویستەیەکی کردو لە ڕۆیشتنەکەی وەستایەوە سەیرم کرد سەیری کردم.. دڵنیام ئەو نازانێت کە ئەم جۆگەلە ئاوە وشکی کردوە ئەوەندە کەوێك دەنوکی لێتەڕکات ئاوی تیانەماوە.. ئەی ئەبێت ئەم داماوە چۆن ئاوی دەستکەوێت؟
ئایا خوای گەورە بەزەیی دێتەوە بەم گژوگیاو گیانلەبەرانەدا!!! خوایە گیان ئێمە خراپین بەڵام بە خراپەی خۆمان لە گەڵماندا مەکەو بارانی ڕەحمەتی خۆتمان بۆ ببارێنە.. جۆگەلەو کەژو کێوەکان ئاودێر بکەی‌زۆر سەرنجی کیسەڵەکەم دا .. لە دڵی خۆمدا وتم: (خوایە گیان ئەم داماوە زۆری تینووە زۆر بە ڕێگادا هاتووە.. دێتە سەر ئەم جۆگەلە

ئاوە.. دڵنیام کە ئاوی دەست ناکەوێت، خوای باڵا دەست بارانی ڕەحمەتمان بۆ ببارێنیو گیانلەبەران وەرزی خۆیان لێنەشێوێ..) کیسەڵەکە هەرسەنجی دەدام‌و لە شوێنی خۆی وەستابوو، ئای داماو بۆ ئاو دێت ئاویش نییە.. بۆچی خاکت بڕیوە گوناهی خەڵکیش تۆی گرتۆتەوە.. دە خوایە گیان بیکەیت بە خاتری پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)و یاروپاوەرانی بیکەیت بە خاتری نزاو پاڕانەوەی پیاو چاکان.. بیکەیت بە خاتری ئەم گیانلەبەرو گژو گیای هەردە لە هەوری پڕ بارانی خێرو خۆشی خۆت بەهارمان نەڕازێنیت‌و کەژو کێوەکانمان بە بارانی ڕەحمەتی خۆت بۆ بکەیتە سەوزەڵانی.. مێشومردو بژوێن‌و مێرگەکانمان وشك نەکەن ..

دوای هەناسەیەکی قووڵ کیسەڵەکەم بەجێهێشت بۆ چەند ڕۆژێك دوای ئەم دیمەنە بەڕێز کاك ئومێدم بینی کە کابرایەکی زۆر خۆشەویست‌و دیندار بو لە جەستەیدا پایەکی نەمابوو کەم ئەندام بو، نارەحەتی باران نەبارینی باسکرد. بەڕێزیان وتیان: "انشاء الله دەبارێت" کاکە ئومێد لە قاپی خودا نائومێد نابین بەڵام چۆن ئەزانیت باران دەبارێت.. لە قسەکانتا دیارە کە شتێك دەزانیت‌و بەمن نالێی!

بەڕێزیان وتی: دڵنیام خوای گەورە دوای ئەم ماوە زۆرە کە باران نەباریوە بارانمان بۆ دەبارێنێ.

ئاخر خوا بتبەخشێت بە چیدا ئەزانی وادەی باران بارین نزیك بۆتەوە!!.. دوای تۆزێك ڕاماو وتی:

دوێنێ ئێوارە بەرەو مزگەوت ئەڕۆیشتم، مام ڕۆستەمم [3] بینی لەبەردەرگاکە کوڕەزاکانی لەسەر کورسییەك دایان نابو،

کە نزیك بومەوە سەرنجم دا دەگریاو دەپاڕایەوە.. منیش خۆم پێنەگیرا لێی نزیك بومەوە وتم: مامە ڕۆستەم سڵاوی خوات لێبێت.. تەندروسیت چۆنە؟

---

[3] مام ڕۆستەم کەسێکی بەتەمەنی نورانییە، تا توانای هەبوو سەردانی مزگەوتی دەکرد کەبەتەواوی پیر بوو توانای چاوەکانی نەماو نابینا بوو، هێزی بازو لاقەکانی نەما، ئێستا دەستی دەگرن بۆ ژوورەوە، بەڵام دەم بەیادی خواو ڕوو بەقیبلە فەراموش نەبوە. لە ماڵەوە ڕێزی جوانی لێدەگرن ئەگەرچی، لە مزگەوت دابڕاوە بەهۆی تەمەنەکەیەوە بەڵام زۆر خۆشەویستە لامان.

ئەویش وتی: بەقوربانەکەت بم زۆر باشم، سوپاس بۆ خوای گەورە.

بەلاّم چاوە نابیناکانی ئەسرینیان دەڕشت، پێم وت: مامە ڕۆستەم ئەوە خێر وا خۆت نارەحەت کردووەو دەگریت، بە دەنگێکی نزم سەرم بردە پەنا گوێی‌و دلّنیا بووم لەوەی دەنگم دەبیستێ وتم: ئەگەر لەماڵەوە نارەحەتیان کردویت وەرە من لە خزمەتدام، ئەگەر ناساغی‌و گوێت پێنادەن هەر لە خزمەتدام.. ئەگەر شتی تریشە بابزانم چونکە گریانەکەت زۆر ناناساییە،

- بەرێزیان وتی: کاکە گیان تۆ کێیت؟
- وتم: مامە ڕۆستەم من ئومێدم .. ئومێد.
- کام ئومێد؟
- ئومێدی مزگەوت.. ئەو پیاوەی قاچێکم بە ئەلّغام قرتاوە،
- ئائا.. ئەزانم .. کاکە ئومێد گیان گوێگرە جوان ئاگات لەلای من بێت‌و بزانە بۆچی ئەگریم.. بەخوا بۆ خزمەتکردنم ناگریم .. ڕێزی باشم لێدەگرن بە کوڕو بوک‌و کوڕەزاوە. لە هیچم کەم نییە زۆرباشم سوپاس بۆ خوای گەورە.

بەلاّم بۆ یەک شت ئەگریم‌و دەسەلاّتم نییە تەنها گریان‌و پاڕانەوە کوڕوزانەوە نەبێت لە قاپی رەحمەتی خوای گەورە،

کاکە ئومێد بە ئومێدم خوای گەورە لەم ڕۆژە پیرۆزەدا لەم نزیك بانگ‌و قامەتی نوێژی شێوانەدا لەم بەندە نابینا ڕیش سپییە کەم توانایە بە چاوی پڕ لە ئەسرینەوە دوعام لێ قبولّ بکات، ئەوە ماوەی چل شەوە لەم وەرزی بەهارەدا باران نەباریوە.. هیوادارم کە خوای گەورە بەزیی بە من‌و ئێوەو گیانلەبەرو کەژو کێودا بێتەوەو بارانی پڕ خێرو میهری خۆی ببارێنێ..

بە ساقەت بم هیچ نارەحەت نیم تەنها بۆ باران نەبێت خوایە گیان لە بەندەی قبولّ بکە ئەم نزایە.. بارانمان بۆ ببارێنی‌و بە گوێرەی تاوان‌و نالەباری خۆمانمان لە گەلّ نەکەیت.

کە زانیم گریانەکەی بۆ بارانەو خوای گەورەش خاوەنیەتی دوعا خوازیم لێخواست‌و ڕۆیشتم.. لەدوای بانگ‌و پێش قامەت دوعای بە کولّم کرد بۆ بارانی پڕ خێرو نازو نیعمەت، چونکە ئازیزان لەو ماوەی بانگ قامەتەدا هیچ پەردەیەك لە نێوان بەندەو خوای گەورەدا نامێنێ‌و دوعا گیرا دەبێت..

نوێژی شێوان بە ئەنجام گەیشت‌و خوای گەورە لێمانی وەرگرێت.. گەڕامەوە، مام ڕۆستەم لە جێگەکەی خۆی نەمابو بردبویانە ژوورەوە.

هیوایەکی گەش لە ناخ‌و دەروونما هەبو.. کە دڵنیا بووم خوای گەورە نزای ڕیش سپیان ڕەتناکاتەوە.. بەڵێنەوە وادەی چەند ڕۆژێکەو مانگ مەولودە.. وەرزی بەهارە.. بەلام چۆن یادی مەولودێک‌و چۆن بارانێکی وەرزی بەهار .. بە سێ ڕۆژو چوار ڕۆژ جارێک بارانێکی سەر تاسەری شارو کەژو کێوەکانی ئاودێر کردین..

زۆر سوپاس خوایە گیان، ئەگەر دڵی ئێمە خەوتبێت دڵی پیرە ئاقیبەت خێرەکانم بێدارە، ئەگەر چاوە گەشەکانی ئێمە بێناگاو بێ هەست بێت دڵی پیرە خێرخوازەکان هەست‌و نەستی پیرە نابیناکان بێدارە..

لەم سات‌وکات‌و وەرزو ڕۆژگارەدا بارانی رەحمەت بەردەوامە.. زۆر سوپاس بۆتۆ خوای گەورە، مرۆڤەکان سەرسەختن بەلام گیانلەبەرو کەژو کێوەکان بە زمانی حاڵی خۆیان داوای دوعای خێر بۆ هەموان دەکەن.

خوای بالا دەست زۆر سوپاس کە ئەم نیعمەتە جوانەت پێبەخشین.

لئن شکرتم لأزیدنکم ولئن کفرتم ان عذابی لشدید.

٤٠ شەو غەریبی

ئەو تەمەنەی خوای گەورە پێیبەخشیووین کەم یا زۆر ... ڕازی یان ناڕازی بین کامەران یان دڵتەنگ بین ژیان لە ئازارو مەینەتیدا زۆرێکی بەختەوەر کردووە زۆرێکیش ناڕازیو دڵپڕلەغەم..

دیاریکراوە لەلایەن خوای گەورەوە چی لە چارە نوست نوسرابێت ناتوانیت لێی زیادو کەم بکەیت..

لە کۆمەڵگەی کوردەواریماندا زۆر ڕووداو بەسەرهات بەر گوێمان کەوتون بە خۆشحاڵییەوە هەندێکیان دەکەینە میوانی لاپەڕە بێگەردەکانی ئەم بەشی سێیەمە بەو هیوایەی کەڵك و سودی باشی لێوەربگرنو ببێتە هۆی ڕازی کردنتان لەم بونەوەرەدا...

ڕۆژگارەکانی تەمەن چەند زۆر بن گرنگ ئەوەیە توانیبێتت کارێکی بە کەڵكو بەسودت تیابە ئەنجام گەیاند بێ ... زۆر کەس کەم تەمەنن بەڵام بە ئەمری لە لاپەڕەکانی مێژوو ڕابوونی مرۆڤایەتیدا یاد دەکرێنەوە.. کەسانێك بوون ژیان تەمەنێکی فراوانو ڕۆژانی بەسەر بردووە بەڵام نەیتوانیوە مرۆڤایەتی... خوای گەورە ... مێژوو لە خۆیان ڕازی بکەن

بەرێزەکەم ڕازیبە بەو تواناو تەمەنو ئەزمونەی هەتە دەتوانیت لە ئەزموونداد زیاد بکەیت بە (بیستنو بینینو خوێندنەوە...)

ئەوەی مەبەستمە بۆ ڕونکرنەوەی ئەم چەند پەیڤەم کاك (صدیق) بۆمان باس دەکاتو دەبێژێت: لە دوا ساڵەکانی شەستەکاندا لە گوندەکەماندا پیاوێك هەبوو بە ناوی (مام ئەحمەد) شوانی گوندەکەمان بوو، خاوەنی ماڵو منداڵ بوو وەرزی بەهار بوو... ئێوارەیەکیان مەڕو ماڵاتی گوندەکە هاتنەوە بەڵام مام ئەحمەد دیار نەبوو، سروشتی گوندەکەمان وابوو کە چەمێکی پڕ ئاو لە دووری گوندەکەمان هەبوو... کە ساڵانە بە بارانی وەرزی بەهار زیادی دەکرد، ئەو گوندانەی دەخستە مەترسیەوە کە لە قەراغ

چەمو ئاوبوون بەگشتی ماڵە زۆر نزیکەکان بەتایبەتی چونکە ئاستی ئاوی چەمەکە زیادی دەکردو لافاو دروست دەبوو.

ئەو ئێوارەیە مام ئەحمەد (یەکە یەکەو دوو دوو وسێ سێ) مەڕەکانی کردبووە ئەم بەری چەمەکە تائەم کارەی ئەنجامدابو چەمەکە بە تەواوی زۆر بوبو لافاو بە تین و بە گوڕبوبو..

مەڕو ماڵاتەکەی گوند تاکە تاکە دەهاتنەوە لە بانگی خەوتنان بەدواوە خێزانی مام ئەحمەد لە دەرگای ماڵی ئێمەیدا.. بانگی لە باوکم کرد..هەواڵەکەوا لە زاری ترازا کە (باوکی منداڵەکانی نەگەڕاوەتەوە) ئەم هەواڵە دایکم و باوکمی زۆر نیگەران کرد.. خێرا باوکم خۆی پێچایەوەو بەرەو هەیوانەکە ڕۆیشت ..هەرئەو کاتە چووبونە ماڵی چەند کەسێکی گوندەکەمان.. بارانی ئەو ڕۆژە زۆر زۆر بوو.. بەڵام خۆشبەختانە لەکاتی بڵاوبوونەوەو گەڕاندا خۆشی کردبۆوە، هەواڵ بەناو گوندەکەدا بڵاوبۆو (مامم ئەحمەد نەگەڕاوەتەوە چیبکەین.. چینەکەین.. با دەستبەکاربین)کوڕ گەل و پیاوانی مەلەوان و کەسانی بە ئەزمون چرا بێنن و بابڕۆین بۆ سەرچەمو بزانین چ باسە ... هەبێت و نەبێت مام ئەحمەد ئاو بردویەتی .. ئایا دەبێت ئەم هەواڵە ڕاست بێت؟؟

شەوگار درێژەی کێشا هەر خەڵکی ئاوایی هاوار هاواریان بو بۆ مام ئەحمەد زۆر گەڕابوون لەو جێگەیەی مام ئەحمەد مەڕەکانی لێەوەڕاندبو تا درێژی یەك کیلۆ مەترو نزیك بونەوەی بە چەند گوندێکی تر بە چەمەکەدا ڕۆیشتبون و هاواریان کردبوو گەڕابوون.. هیچ سۆراغێکیان نەکرد، بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوە، بۆ بەیانی پیاوان شەکەت و ماندو هیلاك.. نانێکیان بە پەلە خواردو جل و بەرگەکانیان گۆڕی.. باوکم لە سەرماناو لە هیلاکی و برسێتیدا ڕەش داگەڕابوو.. دایکم پرسی:

پیاوەکە نەبێت مام ئەحمەد چی بەسەر هاتبێ؟

باوکم کەمێك بێدەنگ بوو قومێکی لە پیاڵە چاکەی بەردەمی‌داو سەیرێکی هەمومانی کرد.. وتی: (ڕەنگە ئاو بردبێتی و خنکا بێت) دایکم لە پڕ ڕاچڵەکی و وتی: ئەیەڕۆ .. خۆماڵ و منداڵی ووردن، منیش بە زرنگی خۆم هەڵمدایە قسە وتم: بابە گیان ئەی بۆ تەرمەکەیتان نەهێناوەتەوە.. باوکم وتی: خوایگەورە خۆی دەزانێت لەچ کەنارێکدا لایداوە یان لە بنی چ گۆمێکدایە.. هەوڵدەدەین ئەمڕۆ بەبوون و نەبون بیدۆزینەوە..

برا گەورەکەم وتی: بابە گیان ئەبێ لە تاو گورگو دڕندە نەچوبێتە سەر دارو درەخت؟!
دایکم وتی: ڕۆڵە دارو درەختی چیو دڕندەی چی.
باوکم وتی .. نا بڕواناکەم..دەستی کرد بە لەبەر کردنی ئەو جلو بەرگانەی کە دایکم بۆی هێنابوە پێشەوە.. منیش چومە پێشەوە بۆنم بە جلو بەگەکانیەوە دەکرد.. بۆنی صابونو ئەسپونی لێدەهات .. ئای کەبۆنەکەی خۆش بوو!
باوکم لە دوا سەرنجیا وتی: ئەگەر لەسەر دارو درەخت بوایە بە بینینی ئێمە هاوار هاواری ئێمە لە درەختەکە دەهاتە خوارەوە..بەڵام خوا دەزانێت چی بەسەر هاتووە ئەو ڕۆژە هەرکەسێك مەلەوان بوو.. هەرکەسێك ئازا بوو ڕۆڵی بەرچاوی بینی، چەند گوندێکی ئەو نزیکانە ئاگادار کرا بە ڕووداوەکە، هیچ سەرو سۆراغێکی نەبوو هێدی هێدی لە نزیك عەسرێکی درەنگا لافاو نیشتەوەو خەڵکەکەش زۆر بە پەرۆشەوە هەر دەگەڕان ماڵەکان خواردنیان بۆ کەسەکانی خۆیان بردو بە هەواڵی دڵتەنگەوە گەڕانەوەکە مام ئەحمەد کەس نازانێت چی بەسەر هاتووە.. منداڵە بچوکەکانیشی هەر دەگریان.. داوای باوکیان دەکرد: بابە گیان تۆ لە کوێی؟! شەوەکەی دایکمو خوشکەکانم لەگەڵ چەند ئافرەتێکی تر چوینە ماڵی مام ئەحمەد ژنی هاوسەری وەك بارانی بەهار فرمێسك بە چاوەکانیدا دەهاتەخوارێ. منداڵەکانیشی ماتو مەلولو کز دانیشتبون منیش چووم لەگەڵ منداڵەکانی دانیشتم لە پڕ پرسیارێك هات بە مێشکمداو وتم: دایە دایە دەبێت مام ئەحمەد ورچ نەیفڕاندبێت؟! هەمویان دەستیان کردە زەردەخەنەو دایکم وتی: ڕۆڵە ورچی چیو شتی چی!!.
وتم: ئەی بۆ نەنکم لە حیکایەتەکانیا دەیوت (ورچێك کچێکی بردووەو پاش چەند مانگێك دۆزیویانەتەوەو هێناویانەتەوەو ورچەکەشیان لەو ناوە دوور خستۆتەوە..)
وەك نیمچە قەناعەتێك فرمێسکەکانی ئەو ئافرەتەی کەم کردەوە.. بەڵام زۆر جێگەی متمانە نەبوو.
هەفتەیەك بەسەر ئەم ڕووداوەدا گوزەری کرد.. ناچار بەرێوڕەسمی کوردەواریو ئاینی پرسەیەکیان بۆ داناو خەڵکی بە چاوی میهرو سۆزەوە دەیانڕوانیە ماڵو منداڵی مام ئەحمەد.. ئەگەر مام ئەحمەد زیندو بوایە ئەوەندەی ڕزقو ڕۆزی بۆ نەئەبردنە ماڵەوە هێندەی کە خەڵکی یارمەتی دابوون .. بەڵام مام ئەحمەد جێگەی لە ماڵو ئاوایدا دیاربو ئەوە ناخۆشترین ڕوداوی گوندەکەمان بوو.. لێرە دەوەستینو بە چەمو ڕوبارەکاندا

دەڕۆینە خوارەوە، کەچەندین گوندو ئاوایی لە نزیك ئەو ڕووبارە بون نزیکی عەسر بو لە دوورترین دێی ئەو چەمو ئاواییەی ئێمە هەواڵێك هات مزدەیەکی زۆر خۆشی بە ئاوایدا بڵاوکردەوە.. ئەوە نزیکی چل شەوە گوندەکەمان ماتە .. دڵیان پڕ غەم.. بەم هەواڵە هەمو خەڵك گەشایەوە..

دەزانن هەواڵەکە چی بوو پیاوێك بە سواری ئەسپێکەوە هات بۆ مزگەوت پاش سڵاوکردن وتی: ئایا ڕاستە ئێوە پیاوێکتان ئاو بردویەتی.. مامۆستای مزگەوتەکە وتی: بەڵێ ناوی مام ئەحمەدە تەمەنیشی زۆرە داماوە چل شەوە کەس نازانێت چی بەسەر هاتوە.. ئێمە لە پرسەی بوینەتەوە بۆچی پرسیار دەکەیت پیاوەکە وتی: با نوێژ بکەین‌و لە ماڵی یەکێکتان دادەنیشین‌و هەواڵەکەو ڕوداوەکەتان بۆ دەگێڕمەوە کە مام ئەحمەد زیندووەوا لە ماڵی ئێمەیە لە گوندی (م) ئەوەی ئەو باسی کرد بە درێژی ٣٠کم ئاو ڕای پێچابوو.. بەڵام چۆن نەمردبوو ئەوە خوای گەورە خۆی دەزانێت!.

هەواڵیان گەیاندە ماڵی مام ئەحمەد، ئاوایی وەك گوڵی ژاکاو گەشایەوە .. وام هەستکرد یەکەم ڕۆژی جەژنەو خەڵکی بەکامەرانی‌و زەردەخەنەو خۆشیەوە هەواڵەکەیان دەگەیاندە یەکتری کەسی واهەبوو هەواڵەکەشی بیستبو.. هەر بۆیان دەگێڕایەوە ئەو خەڵکە شادی لە ڕوخساری دەباری ئەو سوارە لە دوای نوێژی بەیانیەوە بە ڕێکەوتبو تا گەیشتە گوندەکەی ئێمە چەند کوڕێکی گەنج خێرا ئەسپەکەیان لێگرت.

چونە سەر حەوزی مزگەوت‌و دەستنوێژیان گرت. نوێژی عەسریان بە جەماعەت کرد مامۆستای ئاوایی وتی: مادەم ئەم هەواڵە ڕاستە هەموتان سوجدەی شوکر بەرن کە خوای گەورە ئەم کەسەی بەخشیەوە بە ماڵ‌و منداڵ‌و گوندەکەمان.

ئەو کەسانەی لە کەزو کێو کارکردن بون بە بیستنی ئەم هەواڵە گەیشتنەوە ناو دێ .. لە مزگەوت خڕبونەوە نیازیان بوو بچنە ماڵی ڕیش سپی گوندەکەمان.

بەڵام مامۆستا وتی هەر لەم جێگە پیرۆزەدا هەواڵەکەو ڕوداوەکەمان بۆ باس بکە.

پیاوەکە وتی: زیاتر لە مانگێکە من‌و پیاوێکی گوندەکەمان لای نیوەڕۆ بو چوینە سەر ئەو چەمەی بەلای زەوی‌و زارەکەماندا دەڕۆیشتە خوارێ بەمەبەستی دەست نوێژ هەلگرتن پیاوەکەی هاوڕێم هاواری کرد ووتی: وەرە ئێرە سەیری ئەو لاشەیە بکە بەسەر ئەو دارەوەیە کاتێك چوینە پێشەوە سەرنجماندا ئەمە تەرمی پیاوێکە بەهەر حاڵێك بوهێنامانە وشکانی‌و ئاگرێکمان بۆ کردەوە، ئەمەش دوای ئەوە بوو کە گوێمان گرت

بە دڵیدا بە ئاستەمەوە لیدەدا..چەند جارێك دەستمان نابە سەر سنگیا.. هیچ ئاوێکی وەهای تیا نەبو. جوان جوان گەرممان کردەوە.. لە قەراغی ئاگرەکە قۆریە چاکەمان دانابو چاکە دەمی کێشا یەك دوو پیاڵە چامان کرد بە دەمیەوە.. هەندێکی قوتداو برێکیشی بەدەمیدا هاتە خوارێ. گوێمان گرتەوە بە دڵیدا بە ئاسانی هەستمان بە لێدانی دڵی دەکرد.. خێرا لە ولاغێکمان ناو بردمانەوە بۆ ناودێ..

ئەو شەوە تا بەیانی بەسەرە ئاگاداریمان دەکرد (شیرو شۆربا)مان دەکرد بە دەمیەوە.. دوای چەند سەعاتێك لە ڕۆژی دوایی چاوی هەڵهێناو بە تەواوی کەوتە خواردنو خواردنەوە، یەکەم قسە وتی: سوپاس بۆ خوا کە نەمردم.. ئەرێ کاکە گیان من لە کوێم ؟؟!!

ئێمە لە ناو خۆماندا وتمان با تۆزێك سەرخۆ بکەوێتەوە، لە جێگەیەکی زۆر گەرمو نەرمو خۆشدایت.

چاوەکانی لە یەك نایەوەو خەوی لێکەوت .. هەمو ئەو کەسانەی لە ئاواییەکەدا بوون ئەهاتنە سەردانیو سوپاس گوزارییان ئەکرد کە نەمردووە.

دوای چەند ڕۆژێك کەوتە گەڕانو ڕۆیشتن لە ناو ماڵەکەدا.. سوپاس بۆ خوای گەورە توانیمان وەك پێویست هاوکاری بکەین، ڕیش سپی گوندەکەمان زۆر حەزی ئەکرد بزانێ کێیەو چ کارەیە.. بەلام لە ڕووی هەڵئاهات باسی بکات تا ڕۆژێکیان لێمان پرسی: ئەرێ کاکە گیان ناوت چییە؟ خەڵکی کوێیت؟ چکارەیت؟..

ئەویش چاوەکانی پڕبوو لە ئەسرینو قەتیس مان بە قوڵی چۆغەکەی چاوەکانی سڕیو کەمێك مات بوو.. ئیتر وەلامی نەبوو.. ئێمەش وتمان شەللا ئەو پرسیارەمان لێنەکردایە..

دوای چەند ڕۆژێك وایلێهات دەیتوانی بێتە دەرەوە لە ماڵەوەو بە قاچی خۆی لە پلیکانەو پەیژەی بانیژەکەمان بێتە خوارێو بە ناو دێدا پیاسە بکات، چونکە تینی ئاوی چەمەکە قاچو دەستی زۆر ماندو کردبو لەسەرو ڕوخساریدا زۆر لە کەسێکی کارامەو دڵسۆز دەچوو .. ڕۆژێکی نیوەڕۆ لە گەڵ خۆمدا لە سەر زەویو زارەکەبوین بۆم باس کرد: کە چەند ڕۆژێکی زۆر لەمەوبەر تۆمان لە ناو ئەو چەمەدا دەرهێنایەوە.. ئەویش پاش کەمێك ڕامان لە ئاوەکە وتی: زۆر ڕاستە ئاو و ئاگر ئامانیان نیە، من ئێستا لە چ گوندێکم..

بۆم باس کرد .. دوای چەند خولە کێك وتی لە گوندی (...) بۆ گوندی ئێوە چەند دوورە.. چەند دوورە!!؟؟

وتم ئەوەی ڕاستی بێت زۆر دوورە ئەگەر بەیانی بڕۆین زۆر بە زوویی نزیکی عەسر دەگەیتە جێ ئەویش بە سواری ولاغی باش ئەگینا بە پێ زۆری دەوێت..

ئەو ڕۆژە ناوی خۆی و گوندەکەیان و کارو کاسبی و ماڵ و منداڵی پێوتم .. منیش بۆ ئێوارێ عەرزی ڕیش سپیم کرد، حاڵ و ئەحواڵیم لێپرسی ڕیش سپی وتی: کاکە گیان تۆ ماڵ و منداڵت هەیە ئێستا چاوەڕوانتن با بگەڕێین بیان دۆزینەوە تۆش بگەڕێتەوە بۆ ناو ماڵ و حاڵ و کەس و کاری خۆت..

زۆر حەزی نەکرد بەڵام لە ڕوخساریدا پرسیارێك دەخوێندرایەوە کە ئەویش ماندو بونی ئێمەی مەبەست بو.

بەڵام بۆ ئەو کارە خێرییە خۆم ئامادەکردو گەیشتمە خزمەت بەڕێزتان..

هەمو فرمێسك لە چاوەکانیاندا قەتیسم مابوو لە پڕ چەند کەسێکمان دایانە هاڕەی گریانی خۆشی، ئەو شەوە لە ماڵی ڕیش سپی گوندمایەوە.. بڕیار درا کە چەند پیاوێك بچن بۆ بینینی و بە شێوەیەکی جوان بیهێننەوەو زۆر سوپاسی دانیشتوان و ئەو خەڵکە بکەین کە ئەرك و ماندوبونیان کێشاوە.

بەیانی زوو باوکم کابرای غەیرەو دوو کوڕی ڕیش سپی گوندەکەمان و چەند کەسێکی تر کەوتنە ڕێ بۆ هێنانەوەی مام ئەحمەد.

لە گوندەکە دەرچون چەند مەترێکیان بڕی بو گەیشتنە سەر کانی و ئاوێکی خۆش کە لە خوار ئاواییەکەمانەوە هەبوو، خێزانەکەی مام ئەحمەد بەپەلە بەڕاکردن و هەڵە داوان گەیشتە لایان زۆر داکۆکی کرد کە بڕوات لە گەڵیان.. بەڵام بە بیانوی چەند کارو ڕێسایەك ڕازی بوو نەڕۆی لە گەڵیان پێش ئەم هەواڵە بە نیازبوون چلەی ماتەمینی بۆ بکەن بەڵام خوای گەورە بارودۆخەکەی بە شێوەیەکی ترسازاند.

سوارەکان ڕۆیشتن و خێزانەکەی مام ئەحمەد نەگەڕایەوە ناو دێ هەرسەیری کردن دڵ ئارام نەبوو دڵی لە مشتیابو..دودڵ و ڕاڕابوو.. تالە چاوی ون بون.. دەستی کردە گریان باوکم گێڕایەوە: ئەو ڕۆژە دوای بانگی شێوان گەیشتنە ئاوایی (م)

سەگەلی گوندەکە لێمان وەڕین بەڵام چوینە ناو گوندو لە ماڵی ڕیش سپی دابەزین.. بە پەلە خۆمان کرد بە ماڵی ڕیش سپیدا.. ئای لە خۆشکیە.. ئای لەو شادییە.. مام

ئەحمەد دەستێك جلی پاكو خاوێنی لەبەردابوو پاكو خاوێن ڕیش تاشراو بە بینینمان گەشایەوە باوەشمان بەیەكتردا كردو هۆن هۆن فرمێسك بە چاوانماندا هاتە خوارێ.

سوپاس بۆ خوا مام ئەحمەد تۆ زیندویت.. ئەم ماوەیە خۆت لێكردین بە ئەستێرەكەی سیوەیل پاش پشویەكی كەم نانخورا و كەوتینە باسو خواسی یەكتری..

هەواڵی ساغو سەلامەتی گوندەكەمانیان بۆ باسكردبوو. مام ئەحمەد دوای هەمو شتێك هەواڵیماڵو منداڵی پرسی.. سوپاس بۆخودا تەنها غەمیان تۆیە.

یەكێك لە پیاوانی گوندەكەمان وتی: مام ئەحمەد پرسەكەشت تەواو بو واهاتینە سەر چلەی ماتەمینی.. هەمو دەستیان كردە قاقای پێكەنین.

نەمان زانی ئەو شەوگارە چۆن بوە نیوە شەو هەستمان بە ماندوێتی ڕێگا ناكرد..

بڕیار درا بەیانی زوو بگەڕێنەوە ناو گوندەكەمانو مام ئەحمەد درێژە بە ژیانی بدات زۆر زۆر سوپاسی خەڵكی گوندەكەمان كرد.. زۆر لە خۆبونەوە خۆشەویستیەكی پتەو لە نێوانماندا دروست بوو..

لە گوندەكەی خۆمانەوە چەند كەسێك بە پیرمانەوە هاتبون ئێمەش لەگەڵ چەند پیاوێكی ئەو گوندەدا بەڕێكەوتین هاتین.. هاتین تا گەیشتینە یەك مام ئەحمەد هەر قسەی خۆشی بۆ ئەكردینو ئێمەش لە قاقای پێكەنینمان دەدا.. ناو بە ناو مام ئەحمەد مات ئەبوو.. دەمانپرسی چیتە مام ئەحمەد بیری لە چی ئەكەیتەوە؟.ئەویش دەیوت: لەو ساتانەی كە كەوتمە ناو ئاوی لافاوەكەوە تا ئەم ساتەی لەگەڵ ئێوەم.. كە ئاوەكە دایپێچام ئیتر هیوام بە ژیان نەما چونكە ئاوەكە زۆر بو.. دنیاش بەرەو شەوگار دەڕۆیشت زۆر پاڕامەوە.. زۆر لالامەوە.. بەڵام ئاو بواری هیچی نەدام.. تا لە ماڵی خانە خوێیەكەم خۆم بینیەوە گەیشتینە سەر كانیو ئاوێكی یەكجار خۆشو دڵگیر، مام ئەحمەد ئاتوانی ئەملاولای هەمو ئەوخەڵكانەی ماچكرد كە لە دێكەی خۆمانەوە هاتبونە پێشوازی..

دیمەنەكە زۆر خۆشبو.. زۆر دڵگیرو سەرسامو هێمنیبوو. ئێمەشو ئەوانیش چایەكی عەسرانمان خواردەوە.. شوانێكی گوندێكی نزیكمان دەوڵەتی ئەلەوەڕاند بانگێكمان لێكرد كە بێت ئەم دیمەنە ببینێو چایەكیشمان لەگەڵ بخواتەوە..

دوای بانگو هاوار بەڵێیەكی كردو دەوڵەتەكەی لە پێش ئێمەوە بە كردو پاڵێكەوبون ڕایدا..

بـەردێكی گـەورە لـەژێر قاچی مەردێكـدا تـرازاو هاتـەخوارێ.. درا بـە بـەردێكی تـردا بـەجووت تلۆربونـەوە، خێـرا زانیمـان ڕووی ئـەو دوو بـەردە گەورەیـە بـەرەولای كـانیو ئێمـەدێن هەریەكەو بەلایەكدا هـەڵهاتین بـەڵام (سبحان الله) مـام ئەحمـەد حەپەسابو.. توانای سەیركردن نەبێت توانای هیچی نەمابو..هەرچەندە هاوارمان لێكرد نەیبیسـت لـە ناكامـدا بـەردێك دای بـە پـشتەملیاو بەردەكـەی تـردرا بـە كەلەكـەی چـەپیدا تافریـای كەوتین گیانی سپارد، هەرچەندە هاوارمان كردو هەڵمانگرتو دامان نـا.. سودی نـەبوو.. مام ئەحمەد وەفاتی كرد..

ئەو كەسەی یەكەم جار لە ئاوەكە دەربازی كردبو بۆ جارێكی تر گوێی گرتـەوە بـە دڵیاو پاش كەمێك سـەری ڕاوەشـاندو ووتـی: انـا لله وانـا الیه راجعون.. مـام ئەحمـەد وەفـاتی كرد..

بـەڵێ بـە گریـانو نارەحـەتیو دڵتەنگیـەوە تەرمەكـەیمان هێنایـەوە نـاودێو هەواڵەكـە بەشێوەیەكی تر لە خەڵك گەیەنرایەوە..

خەڵكی بەتەمابوون بیكەن بە شاییو هەڵپـەركێ.. خـەڵكی بەتـەمابون جارێكی تـر مـام ئەحمەد بێتەوە بە شوانیان. ئای لە قەدەری خوای گـەورە ئـەو تەمەنـەی پێبەخشییەوە تاببێتە جێگەی دەرسو عیبرەت بۆ ئەو كەسانەی كە بە خۆشی ڕۆژگارو تەمـەنی درێـژ لـە خۆیـان بـایی نـەبن.. ئەوچـەند ڕۆژگـارەی مـابوو بەسـەری بـردو پـاش تـەواو بـونی ئەجەلی بەو بەردانە هات.

لێرەدا ڕوداوێكی شـاعیری كـورد (مامۆسـتا زێـوەر)[4]یـش بـاس دەكـەین دەڵێـت: كاتێـك كـە بەڕێوەبـەری ناحیـەی (پـردێ)بـوم، كۆمـەڵێك ماسـی گـر بۆیـان گێڕامـەوە لـەكاتی ماسـی گرتندا لاشەیەكیان بەسەر ئاوەكەوە بینی كە چوین بە دەنگیوە دەرمان هێنـاو هێنامانـە قەراغ ڕووبارەكە هێشتا مابووئاوی ناو سكیمان هەمو دەركرد. دامان ناو پێمان وت:

تۆ بچۆ لەبەر ئەو كەندەڵانەدا كە سێبەرە پشوو بدە تا كاتێك ئێوارە گەڕاینەوە لـە گـەڵ خۆماناندا دەتبەینەوە بۆ شار، بۆ ئێوارە كـە گەڕاینـەوە بینیمـان كەندەڵانەكـە ڕووخـاوە بەسەریداو گیانی دەرچووە.

4 سۆمای دیدە / عادل شاسواری / بەرگی ٢ ل ٥٥٢

خێرێکی کەم بۆ منێکی هەژار

هەندێك جار مرۆڤەکان کە بۆ خوای گەورە کاردەکەن‌و دەجەنگن‌و پاش ماوەیەك چەند کارێکی تر رووبەڕوویان دەبێتەوە.. لە دڵی خۆیاندا ڕەنگە بڵێن ئەمە بچوکترین پاداشتی خواییە!.

بۆیە دوای دەرئەنجام هەمو کات هەوڵدەدات بۆ کاری باش‌و خۆش کار بۆ دەوروبەر دەکات لە دوو سەرەوە قازانج دەبەخشێت.

ئەو کەسەی دەبە خشێت هەست بە ئاسودەیی دەکات‌و ڕەنگە لە داهاتویەکی نزیکدا بێتەوە رێگەی.

ئەو کەسەی وەردەگرێت زۆر دڵخۆش دەبێت‌و کارێکی زۆر جوانی پێبە ئەنجام دەگەیەنێت.

کوردەواریش لە فەلسەفەیەکی جواندا وتویانە: "چاکە بکەو بیدە بە دەم ئاوەوە"

بۆ سەلماندنی ئەم خێرو بێرە وەرن لە گەڵم با لە بارودۆخی ڕابردودا لەگەڵ کاك (H) هەنگاو بنێین ماڵمان لە گەڕەکی (س) بوو لە شاری سلێمانی،

گرانیەکی زۆر زۆر ڕوی کردبوە ئەم شارە ڕوخسارەکانی ژاکاندبو، منیش خاوەن ماڵ‌و منداڵ هیچم شك نابرد تەنهاو تەنها یەك (عەرەبانەی سێتایە)یی کە بە هێزو بازو ماسولکەی لاوازم پاڵم پێوە دەنا.

ڕۆژانە لە ناو شاری قەرەباڵغی و بێدەرەتانیدا بژێوی ماڵ‌و منداڵم پەیدا دەکرد.. ڕۆژێك پارەی زۆر ڕۆژێك پارەی کەم ڕۆژێك بۆ نانە سکی ڕۆژێك بۆ کارێکی تر.

پێم خۆشە بزانن کە سێ کچ‌و دوو کوڕو خۆم‌و خێزانم دەمانکردە حەوت سەر خێزانی سەرو پێچکە هەر بە هەرزەکاری سەریان کردبوم بە پەتەوە ماڵ‌و سەروەت‌و سامانمان کەم بو.. بەڵام قەناعەت‌و خۆش گوزەرانی تاکە سەرمایەی خێرو خۆشیمان بوو.

خانویەکی بچوکمان گرتبو بە کرێ، بەبڕی ٢٥٠دیناری سویسری لە پیاوێکی بە قەناعەتو خاوەن بڕوای کامڵو پتەو. بەمانای کردەوەو هەمو وشە جوانەکانی پیاوەتی لێدەوەشایەوە.

دوو مانگ لە سەر یەك نەمتوانی تەنها نیوەی کرێیەکەیەکەشی بۆ دەستەبەرو ئامادە بکەم، ئای هەژاری ئاخ نەداریـباری گرانیو ناڕەحەتی لە ناو شاردا کەمدەستیم چەندین کەرەسەی خواردنی لەبەرنامەی ئێمەی کەم دەرەتاندا سڕییەوە، سەرەتا برنجو ڕۆنو شەکرو چاو میوەش بەدوایاندا.

کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە ڕۆژ تا بانگی ئێوارە بە حاڵە حاڵو هەزار ڕەزالەت پارەی دوو کیلۆ ئاردو دەسکێ تەرە پیازم بۆ پەیدا دەکرا.

دەمبردەوە ماڵەوە زۆر بە قەناعەتو قسەی خۆشەوە بە عەلادینە شڕەکەی خۆمان دەمانکردە کولێرەی بچوك بچوكو بە تەرەپیازەوە دەمانخوارد.

سروشتی ناوشار وایلێهات خەڵکی بۆ گەرم کردنەوەی خۆیان کەرەستەی ئاسنی گەورەو خشتی هیتەریان بەکار دەهێنا.. کاری کردە سەر (محاویلە)کانی گەڕەكو ناو شار، کارەبا تا سەعاتێك دەبوو چەند کاتژمێرێك خۆی لێدەکردینە (هەنگوینی شەمەتلێنکە)..

کارەبا زۆر کەمبویەوە.. بۆیە نەداریو هەژاری ڕووی پێکردمە تەلەفزیۆنەکە، پاش کۆبونەوەیەکی داخراوی خێزانی قەناعەتمان لەلا دروست بو کە بیدەینە خۆراكو ژیانی دنیایی پێدەستەبەر بکەین.

بەڵێ بەیانی بردمە بازاڕو هەندێك خۆراکی کردو بڕێکم لێدایە کرێو هەوڵم دا زۆر شەرمەزاری خاوەن ماڵ نەبم..

ئێوارە کە سەرنجم دەدا شتێك لە ماڵەکەدا جێگەی چۆڵە.. کسپە لە دڵمەوە دەهات.. (بەڵام چیدەکەیت لە دەست نەبونی.. لە دەست هەژاریو لاتیو زەبونی) ئەو شەوە هەریەك لە لایەکەوە نوستین پاش ماوەیەك هەستم کرد زۆر شتی ماڵەکەم زیادەن.. خۆمانو منداڵ پێویستیمان بە کاری جوانکاری هەیە.. بۆیە لە (سەلاجەو فەرشو گەلێك کەرەستەی گرانبەها)مان گەیاندە بازاڕ، ژورەکانمان زۆر گەورەو فراوان بون..

لە جێگەی ئەوان بزێوی ژیان دەستەبەردەبوو.. جار بە جار تاکە تروسکاییەکی گەش لە ناخی دەدام بە خۆم دەوت: تۆ بڵێی دنیا هەروا گرانی بێت.. تۆ بڵێی ژیان ئاسانکاریمان بۆ دروست نەکات.. ئای کە خۆش بو جارجارە خەوم بە ڕابردووە دەبینیو جار

جارەش ماتو کەساس دەبوم بۆ ئەم ژیانەو بۆ ئەم تەمەنە جوانەی کەوا بەزەلیلی گوزەر دەکات. سوتەمەنی پشتی پارەی دەشکاند سەر باقی ئەوەی کە زۆر ناڕەحەت دەستدەکەوت.

جارجارە دەهات بە مێشکمدا کە قەرز بکەم. باشە لە کێی بکەم.. ئەوا دەستم کەوت بەچی بیدەمەوە ڕۆژ ڕۆژی نەفسی نەفسیە، لە لایەکی تریشەوە من کەسم نییە لە دەرەوەی وڵات (خارج) تا هاوکاریم بکات ڕۆژگارەکان زۆر بە ناڕەحەتی گوزەریان دەکرد، خەمەکان دەڕۆیشتن خەمی نوێ دەهاتە جێگەیان نالەباری باری سیاسیش هەرلە شلۆقی بو، میللەت بە گرانیو نەبونی ڕازی بوو لەو لاشەوە شەڕی ناوخۆو براکوژی وەك ساڵانی ڕابردوو زیندوکرایەوە، بەڵام لە قاڵبی گوندەوەو دێ بەدێوە گۆڕابو بۆ شار بەشار ناوچەی فراوان بە فراوان..

چەندین گەنج بە وەرەقەی (جاشایەتیوپاشایەتی) نەجاتیان بوبو بەڵام (پاکورسی یا نەمان) کردنیە سوتەمەنی ئەو جەنگە خۆ کوژییە.. ئای ڕۆژگار زۆر ناڕەحەت دەڕۆیت.. ئەمانە بونەتە شتێکی ئاسایی زۆر بە ئاسانی خومان پێوەگرت..

زستان بە خۆیو سەرماو سۆڵەوە خۆی پێچایەوەو بە مانگی ئازارو نیسان پێشوازیمان لە وەرزی بەهارو خۆشیو گەرمای هاوین کرد..

خوای گەورە ئەم بەندانەی خۆی باش دەناسێت.. نە بەرگەی سەرمای زستانو نە بەرگەی گەرمای هاوین ناگرن.. دەبێت لە وەرزی هاویندا سەرمای زستانمان بیربچێتەوە؟!

وەرزی گەرما کاتی پێگەیشتنی میوەکان لە دەرگای میللەتی هەژاریان دا زۆر بە گەرمی.

ئەوەی مایەی نیگەرانی خێزانەکەم بوو، نەبونی سەلاجەو پانکەو موبەریدە بوو، پەنامان بۆ کەرەسە کۆنەکانی کوردەواری برد، بازاڕیان لە بازاڕدا گەرم بوو (باوەشێن، مەرکانە، تەرمۆزە،....)ئیتر شەوگارەکانی بەر ئاگردانو مقەڵی خەڵوزو زۆپای دار ڕۆیشتن شەووشەوگاری سەربان هاتنە پێشەوە.. قوربەسەر ئەوماڵەی سەربانو حەوشەیان نەبووا؟

خوێنەری بەڕێز ڕەنگە زمانی گێڕانەوەی ژیانی هەژاریم سادەو ساکارو تاڕادەیەك لاواز بێت. بەڵام ئاخ و زمان زۆر ماندوە زۆر نەبەکامە لە گێڕانەوەی وەصفی ئەو ڕۆژگارە تاڵانەدا مەگەر لە هزرو هەستی مرۆڤی بە قەناعەتدا بمێنێتەوە، هەوڵیش دەدەم لە

ناخی کۆمەڵگەیەکی داماو سەرگەردانت حاڵی بکەم کە ڕۆژگارێك بوو گاڵتەی بە زۆر شت ئەهات کە ئەمڕۆ بۆتە ئەمری واقع، سروشتی ماڵەکەی ئێمە وەها هەڵکەوتبو ماڵمان سەرسوچی کۆڵانەکە بوو ماڵی کەم بەدەورمانەوە هەبوو ، شەوانی گەرما لە سەربان ئەگەر بارەش بیهێشتایە دەنوستین، یان دەرگاو پەنجەرەی ماڵمان والادەکردو لە ژوورەکاندا هەریەك لە لایەکەوە لە تاو بێکارەبایی‌و گەرماو برسێتی خەو دەبوە میوانی لاشەو دەماغمان،خەوەکانیشمان پڕبون لە هیلاکی‌و دەردەسەری‌و ناڕەحەتی، بەلام وشەی ئینسان لە نسیانەوە هاتوە.. شتەکانی زۆر زوو بیردەچێتەوە.

بەیانی مەلا بانگدان وەك ڕۆژەکانی تر عەرەبانەکەم دەردەکرد لە خەم‌و خەفەتی ماڵ دەردەچوم ڕووم لە خەم‌و خەفەتی ناو بازاڕو دەردەسەری دەکرد، ئەو خەڵکەش لە من باشتر نەبون تەنها ئامانجم لە ئابوریدا پەیدا کردنی ئاردو کەمێك پێخوری ساکاربوو.

ئەم وەرزی بەهارو هاوینە ختوکەی خەڵکی دەدا بۆ چونە گەشت‌و سەیران لەو کەژو کێوو قەراغ چەم‌و ڕوبارانەئەو ڕۆژە شارتارادەیەك چۆڵی پێوە دیار بوو، ئەو ڕۆژە تەنها یەك دیناری ئاسنم دەستکەوت کەوتینە وتووێژ: باشە بەچیت بەم؟ کاك دینار تۆ چیدەکەیت؟ باشە واتۆم دایە یەك نانی بازاڕی ئەی چی بۆ ماڵەوە دەبەیتەوە، ئەگەر یەکێك بە کامێرایەکی ڤیدیۆ ئەم دیمەنەی تۆمار بکردایە ڕەنگە ببوایە هەوێنی چەندین فلیمی درێژ ئەگەر نوسەرێك ئاگاداری ئەم خەم هەڵڕشتنە بێت دەیکاتە چەندین وشەو دەبێتە ڕۆمانێك تا کۆتایی مرۆڤەکان.

لە ئاکامدا پیاوێکی هەژاری ئەداری ڕیش سپی بەرامبەرم وەستاو داوای خێری کرد، چاوێکی سۆزم بە خۆمدا گێڕاو ماڵ‌و منداڵم وەك شریتێکی ڤیدیۆ بە خێرایی بروسکەیان بە مێشکم دا، باشە ئەم دینارە هەربۆ ئەم پیاوەکەم دەستە باشە.. خوایە گیان وامن بەخشیم بە خەزێنەی تۆ، تۆش خاوەنی ڕەحمەتی زۆری‌و لە خێرو شادی بێبەشمان نەکەیت کابرای پیری بەساڵاچوی ڕیش چەرمو بە خۆشحاڵییەوە پارەکەی وەرگرت‌و هەندێك نزای کرد، لە دوا وتەیدا وتی: ئەمە چەند ڕۆژێکە برسیم سوپاس بۆ خوا سفتاحم کرد.

لە ناخەوە هەستم بەئاسودەیی دەکرد، بەلام ئەی چی بۆ ئەم شەوگارەی کەسێ ژەمی ڕۆژگاری بۆتە یەك ژەم‌و ژەمەکەش ڕەنگە ئەم شەو نەبێت،وەك لە خەوێکی خۆش ڕاپەڕم بە دەنگی بانگی عەسر بەهۆش خۆم هاتمەوە.. بەرەو مزگەوت پاڵم نا،

عەرەبانەکەم بە عەمودێکەوە بەستەوە.. چومە ژووریٚ ...پاش تەواو بون ،ڕوم لە بازاڕ کردەوە سەر ئەنجام ئەم ڕۆژە بە دەستی بەتاڵ بەرەو ماڵ گەڕامەوە. ئەو شەوە خۆم و ماڵ و منداڵم بێشێو ماینەوە، زۆر ڕاستە (القناعە کنز لایوفنا) کچە بچکۆلەکەم وتی: بابە گیان ئەزانی دوێنیٚ شەو زۆر خۆش بوو وتم: بۆ بابە گیان شەوگار هەر شەوگارە،بە هێمنی وتی: دوێنیٚ شەو بۆنی کولێرەی سەر عەلادینەکە ئەم ژوورەی پڕکردبو، بەلاّم ئەم شەو بۆنی هیچ ناکەم.. ئەمشەو برسیمەو دوێنیٚ شەو تێربوم.. بابە گیان بۆ نانت بۆ نەهێنناینەوە؟!

نەمزامی چی وەلاّمی ئەم کیژۆڵە دلّپڕ خەم و خەفەتی برسێتییە بدەمەوە، ناچار وتم: کیژە جوانەکەم ئەم شەو بنو پشت بە خوای گەورە ئێوارەی داهاتو بە تێری دەنویت، منداڵ زۆر هەست ناسکە وتی: بابە گیان تۆش وەك من برسیتە؟

بەناچاری وتم: ڕۆڵە گیان من هەمو ئەم ڕۆژگارە برسیم بوو.. ئەمەش شەوگارەکەیە.. قسەی زۆر لە نێوانماندا ڕوویدا.. کاتێکم زانی دەنگی نەما!! هەستم ڕاگرت و سەیرم کرد چاوە ماندوەکانی نوقمی خەوێکی خۆش بوبون.

منیش لە دوا ئاهما وتم: خوا ئەوە بگرێت نان و ئاوی لێگرتوینەتەوە.. ئەگەر ناحەقیمان لێدەکات خوای گەورە لێی قبوڵ نەکات..

نازانم چۆن منیش لە تاو برسێتی و بێکارەبایی و بێئاوی سارد چۆن خەوم لێکەوت بەلاّم دیار بو شەکەتی ڕۆژگارو خەفەتی دنیا کاسی کردم و خەفەبوم.

نیوە شەو درەنگ بوو لەتەپەتەپی سەربان بەخەبەر هاتم، تا دەهات دەنگی تەپەی قاچیان نزیکتر دەبۆوە، لە پڕ ڕاچڵەکیم و شایەتمانێکم هێنا، کە زانیم ڕاستەو خەو نیە لە دڵی خۆما وتم: هەبێت و نەبێت بەم ناوەختە ئەمە تەپەی پێی دزە.. خوایە خێر.. جا بۆ نەیەن.. چیمان هەیە بیبەن؟! ئەوەی دۆزیانەوە خەڵاتیان بێت،کاتێکم زانی سیٚ کەسی دەم و چاو هەڵبەستراو جوان دەماغیان کردبو دووانیان کلاّشینکۆفیان پێبوو یەکێکی تریان دەمانچە.

لێمان ڕاپەڕین و داوای پارەو ئاڵتون و کەرەسەی گرانبەهایان لێکردین.. هەمومانیان خستە سوچێکی دیواری ژورەکەوە.. ماڵ و منداڵ ویستیان هاوار بکەن و بزریکێنن.. بەلاّم میلیان لێڕاکێشاین و ورتەیان بڕین.

قەدەرێکی باش گەڕان هیچیان دەست نەکەوت، منیش لە ناخەوە چیرۆکی (قصة اللص والفقیر)م بیر کەوتەوە کە دزەکە لە نیوە شەودا هەڵی کوتایە سەرماڵێکو ماڵەکە زۆر هەژاربون هەرچەندە گەڕا لە ماڵەکەدا هیچی دەست نەکەوت خاوەن ماڵ وتی: ببورە شەو کوت من بە ڕۆژی ڕوناك هیچ لەم ماڵەی خۆما نابینمەوە ئێستا کەسێکی نامۆی وەك تۆ بەم پەلە پەلەو بەم شەوە تاریکە چۆن شتت دەست دەکەوێت دزەکەش بە ڕوو زەردی بۆی هەڵهات.

ئەمانیش زۆر گەڕان هیچیان دەست نەکەوتسەرکردەکەیان ڕووی تێکردم کەڵتە کۆن کوا پارە.. کوا ئاڵتون.. کوا کەرەسەی گرانبەها.. لە کوێت قایم کردوون، منیش لە وەڵامدا وتم: براگیان لێتان هەڵەبوە بۆ ماڵی من هاتوون ئێمە زۆر هەژارین ڕوو لەو ماڵانە بکە کە تەنەکە خۆڵەکەیان پڕە لە پاشەڕۆکی ئێوارەیان.. قسەکانم تەواو نەکرد کچە بچکۆلەکەم بە کزۆڵەییەوە وتی: بابە گیان ئەمانە خواردنی خۆشیان بۆ هێناوین.. ڕووی کردە کابرای شەو کوت دوبارە وتی: خاڵە گیان من زۆرم برسییە.. ئێوارەش نانمان نەخواردوە.. هیچمان نییە بۆ ئازارمان ئەدەن ئێمە هەژارین.. گوناهین..پەلی کچەکەم ڕاکێشاو بێدەنگم کرد، لەو لاشەوە دایکی منداڵەکان بە وەڵامی چەند قسەیەك کەوتە قسەکردن، کاکە گیان خێرتان ئەگات گەڕمان لێلادەن.. خۆمان لە هەژاریو کەمدەستیدا دەناڵێنین ئێوەش سەر باقی ئەم هەمو گرانییە یەخەتان گرتووین، یەکێکیان نیازی شەڕی هەبو بەڵام سەرکردەکەیان وتی وازی لێبێنە.. دیارە ئێمە بە هەڵە هاتوین.
کەسەکەی تریان وتی: باشە وەك پارەو شتیان نییە کەرەسەی خواردن چیان هەیە هەندێك بەرین..

منیش وتم: کاکە گیان خاوەنی عەرەبانەیەکی سێتایم.. بە هەزار کوێرەوەری چەند دینارێك پەیدا ئەکەم بۆ ئەو منداڵانە.. کرێچیم کەم دەستم.. ئەم ئێوارەیەش بەبێ شێو سەرمان ناوەتەوە.. عەیبە ئەگەر بڵێم چەند ڕۆژێکە ئاگر لە ماڵمان نەکراوەتەوە.. عەیبە ..بۆ قسە ناکەن.. ویژدانتان هەبێت بۆ وەکو گورگی برسی تێمان بەربون..
کچە بچکۆکەکەم لەگەڵ خوشکەکەی تری دەگریا، ڕوناکی لایتێکیان تێگرتین.. پاش کەمێك ئەوەی دەمانچەکەی بەدەستەوە بو بانگی یەکێکیانی کرد: وەرە پێشەوە کورە.. لە ماڵەکەی تر چیت دەست کەوت بیدەبەو دوو منداڵەئەویش دوای تۆزێك مینجە مینجو خاوە خاو ناچار دەستی کرد بەبەر باخەڵیاو هەندێك پارەی دایە دەست

کچەکانم..منیش لە دەستی کچەکانم گرتو دامەوە دەست خۆیانو وتم: پارەی ئێوەمان ناوێت با بەپاروی حەرام گۆش نەبن کەچی یەکێکیان وتی: بیگرە.. پارەی مامی خۆتە. ناچار زەردەخەنەیەکم کردو ڕازی بون.

لێیاندا ڕۆیشتن.. لەدوا سەرنجیان لە دوا هەنگاویاندا سەرکردەکەیان وتی: کاکە بەچی زەردەخەنەت کرد گاڵتەت بەچی هات؟

لە ئاکامدا وتم: کەسێك ڕۆحی زیندو بێتو بەزەیی بە منداڵی ئاوهادا بێتەوە حەیفە دزی بکات حەیفە کاری خراپ بکات.

شەو کوتەکە وتی: پیاو خۆی ماندو دەکات بەڵام حەیفە بۆ ئێوە نەبێت گەردنتان ئازا بێت.. ئەگەر پیاویم بەسمە.

لە دەرگای دەرەوە ڕۆیشتن هاتمە لای منداڵەکانو پارەکەمان ژماردتەنها ٥٠٠ دیناری سویسری بو.. خوایە نەیبری بۆ ئێمە زۆر بوو..

(کە خودا دای ناڵێت کوڕی کێی).. هەمو گەشاینەوە، بڕیاری خواردنێکی خۆشمان دەرکرد..وتم: خوایە زۆر سوپاس گەر تۆ ڕزق بنێریت بە چەتەو دزیشدا بێت هەر دەینێریت.

سود وەرگیراوە لە دەفتەرەنامەی بەڕێز مامۆستا مستەفا حسەین میرەسورە

دەریاو ئیمان‌و هەنگاو

بەڕێزان ئیمە مسافرین[5].. سەفەرێکی دوورو درێژ.. ڕێگەی تۆلان.. ڕێگایەك کەمیمان بڕیوە زۆری ماوە، ڕێگایەك لە جیهانی نەبوونەوە دەستی پێکرد ئەو کاتەی کە ئێمە هیچ نەبوین.

ئێمە ڕێبواری ڕێگەی عیشقین بەرەو بەهەشت کەوتوینەتەڕێ.. بەردەوامیش ڕێگە دەبڕین تا بەردەم بارەگای پەروەردگار.

ئەمە میهرجانی خوداییە هاتوم بەم چەند پەیڤە ببەخشێ ئێمەو خوێنەرانی، خوایە گیان لێمان خۆشببە.. خوا گیان لەو دونیا نەیدەیتەوە بەڕووماندا.. خوایە گیان عاشقی دیارتین.

بەڕێزان دەبێت لە گوناە کردن دووربکەوینەوە.. چونکە گوناە کردن دەبێتە بێزارکردنی ڕۆح هاتوین مەڵحەمێکمان دەوێت کە ڕۆحمان تیمار بکات، بەڵێن دەدەین بە ناوی ئیمان خۆمان بشۆین‌و نەگەڕێینەوە بۆ گوناهو جیهانی گوناه.

بەڕێزان لێرەدا دەمویست سێ خاڵ باس بکەمکە ئامۆژگاری خۆم بکەم پێش ئێوە..

١. پەیوەندی ئیمان.
٢. لێکچونی ئیمان "تشبیه"
٣. هەنگاو نان‌و چونە پێشەوە.

- ئیمان شتێکە نەبینراوە.. بۆ ئەوەی بیناسین دەبێت لێکچونی بۆ بکەین.. نمونەی بۆ بهێنینەوە.. زانایان چەند شتێکیان باس کردوە.

پەیوەندی ئیمان چییە؟

پەیوەندی عیلمی چییە؟جیاوازی بەدی دەکرێت لەم نێوانەدا:

پەیوەندی عیلمی چییە: ئەو پەیوەندییە کە لە نێوان مامۆستاو قوتابیدا هەیە.

---

[5] سود وەرگیراوە لە وتارێکی مامۆستا تەحسین حەمەغەریب .

لە نێوان دوکانداروو فرۆشیاردا هەیە، لە نێوان دکتۆرو نەخۆشدا هەیە.
پاش تەواو بونی ئیتر یەکتر ناناسنەوە، پەیوەندییەکی وشکە، دەتوانم بڵێم پەیوەندیەکی بەرژەوەندییە (مصلحە)بەڵام پەیوەندی ئیمانداران کە یەکتر بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئیتر برانەوەی نییە.

لەسەر بناغەی خۆشەویستی یەکترمان خۆشدەوێت، ئەو پەیوەندیە تەنها بڕوادار هەستی پێدەکەن، بە چاوی دڵ یەکتریان خۆش دەوێت.

- ئەوەی گرنگە بۆ ئیمانداران دەبێت بزانین چی دەکات.. چ کارێك دەکات.. بۆکێ دەیکات.. لەبەرچی دەیکات.. بە کام مەبەستو نییەت ئەنجامی دەدات.. لە کۆتایدا چ چێژێکی لێوەردەگرێت.. چ ئاکامێکی دەبێت..

خواناسێك دەڵێت: ئەگەر هەزار جار قورئانت لەبەر بێت ئەبێت بزانیت بۆ لەبەرت کردوە، دەبێت وات لێبکات نەفست کافرنەبێت.. نەفس زۆر گرنگە هاوڕێیان.
بۆ نمونە: کاتێك نوێژ دەکەیت دەبێت بزانیت بۆ کێ سوجدە دەبەیت.. دەبێ بزانیت چی دەخەیتە سەر زەوی!
دەبێت ئەوە بخەیتە سەر زەوی کەلە نەفسدا هەیە، "ڕۆح و دڵ و گیان"، سوجدە بەریت. ئەو کاتە مرۆڤی ئیماندار.. بڕوادار بە پەیامی ئاسمانی هەست بە جوانییەکانی ئیمانو بەها بەرزەکانی دەکات.

پارێزگاری لە وتەو ڕەفتارو کردارو ئەمانەتو ئیرادەو حەق دەکات، دەتوانم بڵێم حساب بۆ هەستی بەرامبەر دەکات، حساب بۆ مێرولەیەکیش دەکاتو حەقی ناخوات.
کەسی بڕوادار (ئیماندار) وەك دەریایە..دەریا!! دەتوانیت سەرنج بدەیت بزانە وایەو هەستی پێدەکەیت.

- دەریا سیفەتێکی هەیە کە مردو ناگرێتە خۆی، ئەو ماسیانەی کە زیندون لە ناو ئاودا دەجوڵێن سەما دەکەن دەخۆن بەڵام کاتێك دەمرن دەریا نایانگرێتە خۆی فڕێیان دەداتە دەرێ .. هەروەك چۆن لەناو دەریای ئیماندا کەسێك دەمێنێتەوە کە زیندوبێت.

- دەریا دەبێتە ڕۆحی ئەو شتانەی دەچنە ناوی دەریا، سەرنج بدە ئەو کەشتیو بەلەمانەی لە وشکانیدا ناجوڵێن بەڵام کەدەچنە دەریا دەیانجوڵێنێ، کە سێك مردوو بێت کە دێتە ناو ئیمانەوە ڕۆح دەچێت بە بەریانداو دەبن بە کەسێکیتر.. مرۆڤێکی جیاواز لە جارانی ڕابردو.

نمونە: کەسێك دزە درۆزنە.. داوێن خاوێن نییە.. خەڵکی لێی دەترسن بەڵام کە چوە بازنەی ئیمانەوە ئەو کردەوانە هەموی دەگۆڕێت.

یان گاڵتە بە باوکی دەکات لە دایکی دەدات براو خوشك گیریان خواردوە بە دەسییەوە.. کە بەتەوای هاتە بازنەی باوەڕەوە دەبێتە مرۆڤێکی جوان و نمونەیی. لە ڕابردونی ئیسلامدا چەندین کەسمان دیوە لە کۆمەڵگەی کوردیشماندا چەندین کەس ژیاون بەڵام ئەوانەی ئیمان کاری تێکردون، چەند ساڵیشە مردون، ئەوەکانیان بە زیندوی یادیان دەکەنەوەو نەمرن.

- ماسی ناو دەریا ناخەوێت.. مرۆڤی ئیماندار ناخەوێت.. (ئەو خەوتنەی کە جەستەو لاشەی پشو ئیسراحەت دەکات. بەڵام رۆحی لەلای خودایە.

بەبەردەوامیو هەردەم ئاگای لەو کەسانەیە کە پێویستیان بەوە، ئەو هاوکارییان دەکات. نەداران.. کەم توانان..لانەوازن.. خوێندکارن.. ئەم پەرۆشیانە بە هێزو باوەڕەکەی بۆیان دەکۆشێت. چێژ لەو هاوکارییە وەردەگرێت.

- سیفەتێکی تر دەریا قەت پیس نابێت، پیسییەکان بە ئاو دەشۆرێنەوە بەڵام خۆی پیس نابێت، ئەو کەسانەی گوناهبارن دێنە ناو دەریای ئیمانەوە پاك دەبنەوە هەرچی گوناهیان هەیە دەشۆرێتەوەو پاك دەبێتەوە.

دەریا بەخشندەیە دەبەخشێت بەو شتانەی لە دەوروبەری هەن.. پاشانیش دەبەخشێت بەو شتانەی کە لە دورییەوە هەن، سەرنج بدە باران دەنێرێت بۆ ئەو شوێنە دورانەی کە پێویستن.. خۆی دەستی پێیان ناگات.

ئایا سەرنجت داوە مرۆڤی ئیماندار خێری هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە دورن لێوەی.. نەك تەنها ئەوانەی کە لێوەی نزیکن.

کاتێك ئەو کەسە ئیماندار نییە خراپە خێریان هەر زۆر کەمە بۆ چواردەوریان ئازاری دایك و باوك و هاوسێکانیان کەسانیتر دەدەن.. بەڵام کە بونە بڕوادار زۆر دەگۆڕێن و هاوکاری یەکتر دەکەن و هەوڵ دەدەن سودو قازانج و خێریان بۆ دورترین کەس و شوێن بڕوات.

- ماسی لەناو ئاودا دەریا نابینێ؟

جوان ورد بەرەوە لەو ماسیانەی لە ناو ئاودا دەژۆن ئاو نابینن.. کاتێك شتێك دەخەیتە ناو ئاوەکەوە هەمویان هەڵمەتی بۆ دەبەن، ئایا کەی چێژی ئاو دەکەن؟ کەی ئاو دەبینن؟

ئەو کاتەی کەلە ئاو دێنە دەرەوە هەوا خەریکە دەیان خنکێنێ ئەو ساتە دەزانێت ئاو چییە ئاو بۆ ئەو چەندە گرنگە ئەو کاتە مرۆڤی باوەڕدار دەزانێت باوەڕ (ئیمان) بۆ ئەو چەند گرنگە کاتێك هەست دەکات لەم کۆمەلگەیە ئیمان نییە دابڕاوەو چۆتە دەرەوە (خارج) ئەو براو خوشکانەی خارج کە دڵیان زیندوە دەزانن ئیمان چییە!!!

نامە دەنێرنەوەو باسی گوزەرانی خۆیان دەکەن.. لە قسەکانیاندا دیارە داوای دوعای خێردەکەن.. ئەو کاتە بیر دەکەنەوە ئەو کاتە دەزانن چییان لە دەستداوە.. ئەو کاتە دەزانن دڵیان چییە (زمان پەردەی دڵە) وەك خواناسێك دەفەموێت: گەر پەردە بجوڵێت دەزانیت زمان چییە.

بەڕێزان ئەمە بۆ هەمو کەس نییە بۆ ئەوانەیە کە ڕۆحیان زیندوە. مەبەستیەتی خوای گەورە لە گوناهەکانی خۆش بێت، زۆرێکی باوەڕداریش ئەو ژینگەیەیان بینی.. ئەوە ئەبو خەونیان پێوە دەبینی ئێستا هاتونەتەوە درێژە بە ژیانێکی ئیمانیانە دەدەن.

- بەڕێزان ئەمەوێت تەنها یەك هەنگاو بنێین و زۆر بەجدی بێت و تەنها هەنگاو بنێین بە نەفسمانداو هیچی تر.

شێخی گەورەی سەمەرقەند کە شێخێکی ناودار بوە لە ئامۆژگاری و موحازەرەکانیا فەرمبالغییەکی زۆری پێوە بوە، ڕۆژێك دەیەوێت بێتە ناو خەڵکەکەوە وتاریان بۆ بدات سیفەتی مزگەوتەکە واهابو دوو دەرگای هەبووە یەکێکیان لە دواوە ئەوی تریان لەلای محرابەکەوە، جەنابی شێخ کە دێتە ژوورێ هەنگاوێك دەنێت و کەسێکی تریش لە دەرگاکەی ترەوە دێتە ژورێ و ئەم فەرمبالغییە دەبینێت و دەڵێت:

ڕەحمەتی خواتان لێبێت هەرکەسەو لە ئاستی خۆیەوە هەنگاوێ بچێتە پێشێ.

کاتێك شێخ گوێی لەم قسەیە دەبێت دەگەڕێتەوە ناچێتە دوانگەکەوە خەڵکەکە بانگی دەکەن: یا شێخ بۆ نەڕۆی، وەرە وتارەکەمان پێشکەش بکە..

جەنابی شێخ دەڵێت: وتارو ئامۆژگاری ئەمڕۆ ئەو وتەیە بو کە ئەو پیاوە فەرموی واتە هەرکەسێکتان لە ئاستی خۆیەوە یەك هەنگاو بچێتە پێشەوە لە هەمو بوارەکانی چاکەو خێرخوازیدا بەسیەتی.

شاعیرێك لە بەردەم خواناسێکدا دەفەرموێت: بۆ ئەوەی مرۆڤی ئیماندار بگاتە لای خوا دو هەنگاو بنێت یەکێکیان بە نەفسی خۆیداو ئەوی‌تریان بەرەو لای خودا بچێت.

خواناسەکە دەڵێت ئەو کەسە زۆری وت، تەنها یەك هەنگاو بنێو بەس.. هەنگاوێكو بڕیارێك پەشیمان بونەوەی تێدا نەبێتو نەگەڕێتەوە سەر خراپەکاری. هەنگاوێك ئیرادەی ئیمانی گەشەی تیا بکاتو بەرهەمبدات.

لە کۆتایدا هیوام وایە هەنگاو بنێنن بۆ پێشکەوتن.. بڕیارێك بدەین کە لە پێشەواکەمان بچین.

هەنگاوێك بێت بۆ خۆ چاکردنو دیوارێك بێت بۆ نەگەڕانەوە بۆ لای گوناهەکان. لە دەریای ئیماندا خۆمان زیندو بکەینەوە ببێتە رۆحی پاكو نەگەڕێتەوە بۆ لای گوناە.

دڵنیا بە هەرکاتێك ئەو هەنگاوەت نا هەست بە چێژ نەکەیت، دڵنیابە کە ئەو بڕیارەت داواکارت تیاکرد هەست بە چێژی ئیمان دەکەیت.

هیوادارم ڕێز لە خۆت بگریت خوای گەورەش ڕێزدارت دەکات..

لە کۆتایی پەیفەکانمدا دەیڵێمەوە:

١. هەستت بە پەیوەندی ئیمانی کرد.

٢. چێژت لە تشبیهی دەریاو ئیمان وەرگرت.

٣. بڕیار دەدەیت هەنگاو بەرەو چونە پێشەوە بنێت.

کەواتە: دڵنیابە ئەندامێکی بە کەڵکی قوتابخانەکەی محمد (صلی الله علیه وسلم) دەبیت انشاء الله السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته.

درێژەی نەخشەی کەنیسە بۆ گاورکردنی مسوڵمانان لە جیهاندا

لەدیمانەیەکی (اشواک کولن یانق)[6]

دیمانە/ئەیمن ابراهیم

و/ باوکی محمد

پ/ بەڕێز اشواک کولن یانق ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوە خێرخوازیە ڕۆژئاواییانە چیە لە جیهانی ئیسلامی بە گشتیو ئەفریقا بە تایبەتی؟

- لە ڕاستیدا ئەوانە ڕێکخراوی کەنەسینو لە ژێر پەردەی ڕێکخراوە مرۆییەکاندا کار ئەکەن، بەڵام ناوەڕۆکی کارەکەیان بە گاورکردنی مسوڵمانانو دورخستنەوەیانە لە دینەکەیان بە چەندەها ڕێگەو شێوازی جیاواز.

پ/ ژمارەی ئەو ڕێکخراوانە چەندین کە کۆڕی کەن...ەی جیهانی بەڕێوەیان دەباتو چاودێریان دەکات؟

- سەر ژمێری کردنو ژماردنیان ئاسان نیە، بەڵام ئەتوانم بڵێم کە ژمارەیان لە چەندەها هەزار تێپەڕ ئەکات، تەنها لە سوداندا ٥٠٠ ڕێکخراوی کەنەسی هەن کار بۆ کەنیسە ئەکەن.

پ / ڕێکخراوە کەنەسیەکان چۆن هەڵئەستن بە کاری بە گاورکردنی مسوڵمانان؟

- ڕێکخراوە کەنەسیەکان، یان ڕاستر بڵێن نەسرانیەکان، لە خۆوەو کوێرانە هەڵناسن بەو کارە، بەڵکو بەپێی نەخشەیەکی بۆ داڕێژراو ورد کارئەکەن، لێکۆڵینەوەی ئەو

[6] گۆڤاری المجتمع ژ ١٦٢٩

وڵاتە یان ئەو شوێنە ئەکەن کە ئەیانەوێ کاری تیا بکەن، بەپێی ئەو نەخشانەی کە ئەو ئایینانەی کە تیایەتی‌و شوێن کەوتەی هەر ئاینێك، پەیوەست بونی خەڵکەکەی بە ئاینەکەیانەوە، پێویستی ئەو خەڵکە بە خزمەتگوزاریەکان وەك پارەو خواردن‌و تەندروستی خوێندن‌و خزمەتگوزارییەکانی تروە هۆکارەکانی بە گاور کردنیش زۆرن، بە پێی ئاینی ئەو کەسەی کە ئەیانەوێ بیکەن بە گاورو ئەندازەی وابەستە بونی بە ئاینەکەیەوە ئەگۆڕێت، ئەو کەسە چەندە پێویستی بە پارەو ماڵ‌و یارمەتی‌و چارەسەرکردنی باری گوزەران‌و تەندروستی هەیە، بۆ نمونە: بێ دینەکان هیچ گرفتێکیان نیە لەوەی کە ببن بە گاور ئەگەر پێویستیەکانیان بۆ ئەنجام بدەن، بەڵام مسوڵمانەکان ئەوە ڕێکخراوە کەنەسیەکان لە دوو ڕووەوە کارئەکەن، یان کردنیان بە گاو ریان دورخستنەوەیان لە ئاینەکەیان ئەگەر نەبوون بە گاور، وەهۆکارەکانی بە گاورکردنی موسوڵمانان پلە پلەو قۆناغ قۆناغ ئەڕۆن لە گەڵیدا هەڵیئەنێن‌و ئیغرای ئەکەن بە زۆرشت.

پ / ئێوە چۆن کەسێکی مسوڵمانتان لە ئاینەکەی دور دەخستەوە؟

- ئەگەر پابەند بوایە بە دینەوە ئەوە لە ڕێگەی ئیغراکردن‌و هەواو ئارەزوەکانەوە (شهوات) ئەچینە ژورەوە، وەك پێدانی شوهرەت‌و ناوبانگ‌و دەستەبەرکردنی خوێندن یان پلەوپایە یان ئافرەت، یەکێك لە شارەزاکانمان بەردەوام هاوڕێیەتی دەکات، هەمو پێویستیەکی بۆ جێبەجێ دەکات‌و بەردەوام لە گەڵیدا دەبێت بۆ شیکردنەوەو چارەسەرکردنی گشت گرفتەکانی تا وای لێدێت دەبێتە کۆیلەی دەستی ئێمەو لە هەمو کارێکیدا دەگەڕێتەوە بۆ لامان، ئیتر وردە وردە لە گەڵیدا خەریك دەبین تاکو زۆر بە ئاسانی یان دەبێتە گاور دێتە ناو ئاینەکەوە، یان لە ئاینەکەی خۆی دور ئەکەوێتەوە باوەڕی پێی نامێنێ.

پ : ئەی ئەگەر لە هەندێ وڵاتدا سەرنەوکەتنایە لە مەبەستەکانی خۆتانداو فەشەلتان بێنایە چیتان ئەکرد؟

- ئەگەر ئەوە سەری نەگرتایەو سەرکەوتو نەبوینایە، ئەوە چەندها هۆکاری ترمان ئەگرتەبەر وەك زەخت کردنە سەر ئەو حکومەتانەی کە بە تەوجیهاتی کەنیسە نەئەڕۆیشتن بەوە کە لەڕێگەی چەند وڵاتێکی ڕۆژئاواییەوە ئەو حکومەتە ئاگادار ئەکرایەوە، وە تەهدیدیمان ئەکرد بە بڕینی ئەو یارمەتی‌و خزمەتگوزاریانەی

کەنەماندا بە گەلەکانیان.. ئەو خزمەتگوزاریانەی کە ئەیان ئەتوانی وازیان لێبێنن‌و زۆر پێویستیان پێیبو یان ڕێگەی ترمان ئەگرتەبەر ئەویش دانانی جۆرێك لە گەمارۆی ئابوری لە سەریان یان دروستکردن‌و نانەوەی ئاژاوەی تایەفەگەری‌و ئاینی لە ناویاندا.

پ/ دەربارەی سەرچاوەی ئەو پارانەی کە کەنیسە دەستی دەکەوێت‌و ئەیبەخشێت چی هەیە؟

- لە ڕۆژئاوا بەپێی ئەو یاسایەی کە هەیە ڕێژەی ٥٪ هەمو ئەوانەی کە لەوێ کار ئەکەن ئەڕوات بۆ کەنیسەو ڕێکخراوە کەنیسەییەکان، ئەمە جگە لەوەی کە زۆربەی ئەو دامەزراوە ڕۆژئاواییانەی ئەفریقاو ئاسیا کەنەسین بە پلەی یەکەم، بە مانای ئەوەی کە پارەکانیان بۆ بەرژەوەندی کەنیسەو چالاکیەکانی کەنیسە ئەڕوات‌و کەنیسەش لەلای خۆیەوە بۆ چالاکی‌و کارەکانی خۆی بەکاریدێنێ، بە نمونە: کەنیسەی میسری زیاتر لە ١٠ هەزار قوتابی لە خواروی سۆدان لە خۆی گرتوەو پارەمەتیان ئەدات، تا لە داهاتوودا ببنە قەشە یان شارەزا لە ئاینی ئەسرانیدا (مەسیحی).

پ / زانراوە کە زۆرێک پلەو پایەی کەنەسی بەرزت هەبووە، هەستت بەچ جۆرە ژیانێک کردوە لە ناویانداو چۆن ژیاویت؟

- ڕێکخراوە ڕۆژئاواییەکان بێ‌لێپرسینەوە پارەیان بۆ ئەرشتن‌و هەمو پێویستیەکیان بۆ دابین ئەکردن لە دوا مۆدێلی سەیارەو خانوی چاك‌و هەرچی پێویستیەکی ژیان بوو لەبەر دەستمانا بوو، سەفەرکردنمان بە سەرانسەری دنیا ئازادبوو پارەکەی دەدرا، لە خۆشی‌و ژیانێکی بێ وێنەدا بووین، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا بەردەوام هەستم بە بێزاری‌و دڵەڕاوکێی ئەکرد، هەستم ئەکرد کە ئەم کارانەی من ئەیکەم لەگەڵ سروشت‌و فیترەتی مندا ناگونجێن، قەت هەستم بە هێمنی‌و ئارامی دەروونی نەئەکرد.

پ /چۆن ئەم ژیانە خۆش‌و ڕابواردنەت وازلێهێناو بەرەو ئیسلام هاتی؟ چۆن قەناعەتت بە ئیسلام کرد؟

- سوپاس بۆ خوا ڕێگەی ڕاستم دۆزیەوەو هەمو خۆشی‌و شتەکانم بەجێهێشت بۆ کەنیسە، بە ڕاستی هەستم کرد تازە لە دایك بوم، دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٢ بومە

موسوڵمان و ئیسلامم قبوڵکرد ئیتر تەواو دەرونم کەوتە ئارامی و خۆشیەوە لە بەراوردکردنی ئاینەکانەوە لە کاتێکدا کە دیراسەی ماجستیرم ئەخوێند بەم دەرئەنجامانە هاتمە دەرەوە:

- قورئان ناوی نوسەری هەڵنەگرتوە وەك لە ئینجلەکانداو هەریەکە بە ناوێکەوەیە.

- قورئان فەرموودەی خوای گەورەیە، باس لە ژیانی پێغەمبەران دەکات هەر لە گەورەمانەوە ئادەمەوە تاکو محمد صلى الله عليه وسلم.

- سیرەو ژیانی پێغەمبەر دووپاتی دەکاتەوە کە ئیسلام یەکەم ئاین و دواترین ئاینیشە.

★ هەمو پێغەمبەران بانگەشەی توحیدو یەکتاپەرستیان کردوە، ئەمەش تەنها لە ئیسلامدا بەو شێوەیە ڕوون کراوەتەوە.

★ هەمو پێغەمبەرێك گرنگیەکی تایبەتی هەبوەو بۆ گەلێکی تایبەت نێراوە، بەڵام پێغەمبەری ئیسلام بۆ هەمو مرۆڤایەتیە بە گشتی ڕەوانەکراوە.

★ کتێبە پێشوەکانی تر ناتوانین جیاوازی بکەین لە نێوان (گوفتاری خواو گوفتاری پێغەمبەرەکەو گوفتاری نوسەرەکە)، هەرچی ئەوە ئەمانخوێندەوە: یوحننا وتی، بەترس وتی.. هەروەها بەڵام لە ئیسلامدا فەرموودەی خوا ڕوونە کە قورئانی پیرۆزە، وە قسەی پێغەمبەریش ئاشکرایەو زانراوە، ژیانیشی هەموی نوسراوەتەوە وون نەبووە، زانایانی ئیسلامیش قسەکانیان ڕوونە(هیچ کام لە فەرمودەی خواو پێغەمبەرو قسەی زانایان تێکەڵ بە یەکتری نابن) ئەمانە بەڵگەن لە سەر پاراستنی خوا بۆ ئەم دینە.

- ئیسلام دادپەروەری و یەکسانی تیایە بۆ هەمو موسوڵمانەکان بەبێ جیاوازی، بەڵام لە مەسیحیەتا یەکسانی نیە، من زۆر شت هەبوو جێگەی شەرمم بووە بەهۆی ڕەنگی پێستم، چونکە من شەرمم بە خۆم ئەهاتەوە لەبەر ڕەش پێستیم لە بەرامبەر سپی پێستەکانا، سەرەڕای ئەوەی کە مرۆڤ لە مەسیحیەتدا چەند جۆرو پلەیەکن، ڕەشەکان بۆ خۆیان نوێژ ئەکەن، سپی پێستەکان بۆ خۆیان، لە کەنیسەکانی ئەمریکادا ڕەش پێستەکان ناتوانن لە کەنیسەی سپی پێستەکاندا نوێژبکەن، وەزیری

دەرەوەی ئەمریکا (کولن پاول) ناتوانێت بچێتە کەنیسەیەکی سپی پێستەکانو قسەیان بۆ بکات، بەڵام لە ئیسلامدا ئەم جیاکاریە نیە، هەر کەس زوتر گەیشتە مزگەوت ئەوە ڕیزی پێشەوەی بەرنەکەوێت، مرۆڤەکان لای خوا یەکسانن، زۆر ئاساییە ئەگەر ئیمامەکە سپی پێست بێت یان ڕەش پێست بێتو هیچ گرفتێك نیە، بەڕێزترین کەس لای خوا ئەوەیە تەقواو خوا ناسی زیاتر بێت بێگوێدانە زمانو ڕەگەزو وڵات.

پ /چۆن کەنیسە هەواڵی ئیسلامەتی تۆیان پێگەیشت؟

- زۆر بێزار بون توشی هەڵچونێکی زۆر بون، بەهەمو شێوەیەك هەوڵیاندا کە پەشێمانم کەنەوە لە ئیسلام، سەرەتا بە هەڵنانو ئیغراکردن، هەمو شتێکیان خستە پشتم تاکو پاشگەز ببمەوە پەیمانی زۆر شتیان پێدام، کۆمەڵێك شاندی زۆر لە ناوەو دەرەوەی سۆدان هاتن بۆلامو پاڵەپەستۆیەکی ئێجگار زۆریان کردە سەرم، بەڵام کەزانیان بێسوودەو من بە تەواوی لە ئیسلام تێگەیشتوم، ئیتر کەوتنە هەڕەشە لێکردنم بە کوشتن، تەنانەت هەڕەشەکە لە قسەو گوفتار تێپەڕاندو ویستیان بە کردەوە جێبەجێی بکەن، تا ئیستەش چەند جارێك هەوڵی کوشتنیان داوم، ئیستا من ناوێرم گەشت بکەم بۆ وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لە ترسی ئەوەی نەوەك بمکوژن، هۆزەکەم بەردەوام بەرگریم لێئەکەن، لەو کاتەوە هاتوومەتەوە ناو ئیسلام هەست ئەکەم کەلە ژێر چاودێری و پارێزگاری پەروەردگاردام، دڵنیای تەواوم بۆ دروستبوە کە مردنو ژیان بە دەست خوایە، لەبەر ئەوە لە مردن ناترسم، ئەوەی لە پێناو بەرگری لە ئیسلامەکەیدا بکوژرێ ئەوە شەهیدە، پاداشتێکی گەورەو نەبڕاوەی لای خوای گەورە هەیە، بەڵام گاورو جولەکە زۆر سورن لەسەر ژیانو ژیانیان زۆر خۆش دەوێت، بەڵام مرۆڤی مسوڵمان ئاینەکەی لە ژیانی خۆی خۆشتر ئەوێتو هەرچیەکی بەسەر بێت لە پێناویدا ڕازیە.

پ : دوای ئەوە کە موسوڵمان بویت چ نەخشەیەکت بۆ داهاتووکێشا؟

- هەندێ کتێبم نوسی لەوانە (بۆچی مسوڵمان بوم؟) وە کتێبێکیش لەسەر نەرمو نیانی سەماحاتی ئیسلام، دانەیەکی تریش لەسەر (شتە داهێنراوەکانی مەسیحیەتی نوێ)، وە ژیانی خۆمم تەرخانکرد بۆ بانگ کردنی نامسوڵمانەکان بۆ ئیسلام، وەبەشداری کردنی کردوەمیم بە بەرهەم لە بنیادنانو نوێکردنەوەی

سـوّداندا لـە ڕێگـەی ڕێكخـراوی (یـەككگرتنی ئیـسلامی بـۆ گەشـە پێـدان و ئاوەدانكردنەوەی سۆدان) كە خۆم سەرپەشتی ئەكەم.

پ / كتێبی ابۆچی مسولمان بوما گرنگترین ڕووداوەكانی چین؟

- بەراودێكم كردوە لە نێوان ئیسلام و ئاینەكانی تردا، دژایەتی نێوان ئەو ئاینانەی تـرم ڕوون كردۆتـەوەو دەرم خـستوە لـە بەرامبـەر جێگیربـونی ئیـسلام، بەڕاسـتی ئەوەی كە زۆر سەرنجی ڕاكێشام و پێی سەرسام بوون بەرنامەی میراتە لە ئیسلامدا كە بەچ شێوەیەكی ڕێك و دروست دانراوە، لە ئاینی جولەكەدا یاسای میـرات هەیـە، بـەڵام ناڕێـك و پێكە ناتـەواوی زۆر تیایـەو دادپەروەرانـە نیـە، وە لـە مەسـیحیەتا یاسـای مـیرات هـەر نیـە، بـەڵام ئیـسلام بـە شـێوەیەكی زۆر ووردو ڕێك و پێـك چارەسەری كردوە، تەنانەت هۆزی (الـدینكا) كە مـن ئەگەڕێمـەوە بـۆی مەسـیحین، چەندەها سـاڵ كێـشەی بەشـكردنی مـیرات هـەبوە لـە نێوانیانـدا، بـەڵام بـە هـۆی جێبەجێكردنی یاسای میرات لە ئیسلامدا بووە هۆی چارەسـەركردنی كێـشەكانیان ناكۆكی نێوانیان كۆتایی هات.

پ/ ژمارەی ئەوانە كە دوای مسولمان بونت شوێنت كەوتون چەندن؟

- بە فەزڵ و ڕێـزی خـوای گـەورە تـاكو ئیـستە ژمـارەی ئەوانـەی كە لـە سـەر دەسـتم مـسوڵمان بـوون گەیـشتۆتە ١٥٠ هەزاركـەس، هـەروەها ٢٥٠٠ لـە گـەورە قەشـەو ڕێبەرانی نەسرانی، كە هەمویان لە خوارووی سۆدان و لە شاخەكانی نۆبەو ناوچەی ئەنجسنان.

پ / چۆن قەناعەتت بەو ژمارە زۆرە كردوە كە بێنە ناو ئیسلامەوە؟

- زۆر ئاسانە كەوا بكەیت كە نامسوڵمانەكان قەناعەت بە ئیسلام بێنن، چونكە هـیچ شتێكی وایان پێنیـە، دوای ئـەوە بـۆم ڕوون كردونەتـەوە كـە ئیـسلام ئاینێكـە هـیچ گومانێكی تیانیـە، ئاینێكـە خـوا تایبەتیـەكی پێداوەو هـەر ئـەو دینـە لای خوایـەو قبوڵـەو وەردەگیرێـت (ان الـدین عنـد الله الاسـلام). ﴿ال عمـران ١٩﴾ وە دوانـدن و خیتابی بۆ هەمو مرۆڤایەتیە بەگشتی، ئاینێكـە كـە چارەسـەری هـەمو گرفتـەكانی ژیـان ئـەكات، هـەروەها هەڵـساوم بـە نوسـینی چـەندەها نامـە بـۆ ئـەو كەسـانەی باوەڕیـان بـە مەسـیح هەیـەو ئـەم شـتانەم بـۆ نوسـیون .. خـوا تەنیایـەو هـیچ

هاوەڵێکی نیە، وە خوا سێ بەش نیە بەڵکو تاكو تەنهایە. عیسا علیه السلام مرۆڤێکەو پێغەمبەرێکە، خوا ناردویەتی بۆ گەلەکەی، نە خوایەو نە کوڕی خواشە .. عیسا پێغەمبەری خوایە بۆ نەوەی ئیسرائیل بە تەنها، وە پێغەمبەرێك نیە بۆ گشتی مرۆڤایەتیو ئاینی نەسرانی تەنها بۆ نەوەی ئیسرائیل بووە، وە کوڕی خوا نیە هاتبێتە خوارێ بۆ ئەوەی هەڵبواسرێو ببێتە قوربانی لە پێناو تاوانەکانی مرۆڤو وە گەڕابێتەوە بۆ لای خواو لە لای ڕاستی باوکیەوە دانیشتبێ!! بەڵکو بەندەو پێغەمبەری خوایە.

پ / ئەی باشە هەواڵو بارودۆخی ناهەمواری مسوڵمانان بێزاریان نەکردیتو وای لێ نەکردی کە نەیەیتە ناو ئیسلامەوە؟

- بە ڕاستی واقم وڕما کە مسوڵمان بوم بینی مکە مسوڵمانانی ئیسلام لە ناو خۆیاندا جێبەجێی ناکەن، بە ڕاستی خوای گەورە دوو سەرچاوەی ڕاستو دروستی بۆ ژیانی مەدەنیو سیاسی داناوە کە ئەوانیش قورئانو سوننەتن، بەڵام بە داخەوە مسوڵمانەکان لە ژیانی خۆیاندا جێبەجێی ناکەنو فەرمانڕەوای پێناکەن وە حکومەتەکانیش لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا پابەند نین بە یاسای ئیسلام، لەبەر ئەوە لاوازی مسوڵمانان لە ئەنجامی دورکەوتنەوەیان لە ئاینەکەیانەوە دروستبوە، وە ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ دینەکەیان ئەوا بە هێز دەبنەوەو سەرکەوتوو دەبن.

پ/ حەز ئەکەین باسی هەندێ لەو چالاکییەمان بۆ بکەیت کە بەشداریت تیاکردوون دژی ئیسلام؟

- لە ساڵی ١٩٨١ کۆنگرەیەکی نهێنی لە بنکەی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە ویلایەتی تەکساس گیرا، من یەکێك بووم لە ئەندامە کاراکانی ئەو کۆنگرەیە، دروشمەکەی بریتی بوو لە: "چۆن بەرەنگاری شەپۆلی ئیسلامی ببینەوە؟" لەوێدا ووڵاتە ئیسلامیەکانمان جیاکردەوەو پۆلێنمان کردن بۆ ئەو وڵاتانەی کە زیاتر کاریگەری ئیسلامیان تیایەو پێشکەوتوترن وەك (میسرو عیراقو پاکستان)، وە وڵاتانێکیش کە زیاتر خۆشەویستی ئیسلامەتیان هەبێت وەك (ئێرانو ئەفغانستانو تاجکستانو شیشانو سودانو تشادو تورکیا).. کۆنگرەکە هەروڵاتەی بە تەنها خستە ژێر دیراسەو لێکۆڵینەوەی تایبەتەوە، لێکۆڵینەوەکەش بۆ ماوەی وەڵامدانەوەی پرسیاێکی گرنگ بوو ئەویش: چۆن بچینە ناو ئەو وڵاتانەوەو کار

بکەین بۆ بە گاور کردنیان؟ وە ئەگەر لەو مەبەستەمان سەرکەوتو نەبوین‌و توشی نسکۆ هاتین، ئەوا کەنیسە هەڵئەسێت بە نانەوەی ئاژاوەی ناوخۆیی، ئەمەش بە کرداری کەنیسە بە یارمەتی وڵاتانی رۆژئاوا پێی هەڵساو سەرکەوتوبوون لەو خاڵەداو توانیان کە فیتنەو ئاژاوەی ناوخۆیی لە ئەفغانستاندا دروست بکەن‌و یارمەتی هەمو کۆمەڵە شەرکەرەکانیان ئەدا تاکو دژایەتی یەکتری بکەن.. هەروەها لە ئێراندا هەوڵیاندا بۆ ئەوەی کە سوننەو شیعە بکەن بە گژیەکاو یەك نەگرن، وە ئەو تەم‌ومژو ناکۆکی‌و تایەفەگەرییەی کە لە ئێران‌و وڵاتانی کەنداودا هەیە ئەنجامی هەوڵ‌و تەقەلای ئەو رێکخراوە کەنەسیانەیە، وە کاتێك هاتنە سۆدان بینیان کە ئیسلام ئاینی بەرچاو و بڵاوە لە خواروی سودانا، سەیریان کرد کە سودان دراوسێی کۆمەڵێك وڵاتی ئیسلامیەو کاریگەرییان هەیە لەسەر خەڵکەکە، فەرمانڕەوای ئەو کاتەی ئینگلیز هەڵسا بە دانانی یاسایەك بە ناوی "ناوچە کەفالەت کراوەکان" کە بە پێی ئەو یاسایە قەدەغە بوو خەڵکی سەروو بچێتە بەشی خواروو، وە خەڵکی خوارووش بڕوات بۆ ناوچەکانی تر، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانن کە مەسیحیەت بە تەواوی لە خواروودا بڵاو بکەنەوەو ئیسلامیان تیا ڕیشەکێش بکەن، ئەم یاسایە کاری پێئەکرا تا سەردەمی سەربەخۆی ١٩٥٦، وە ئەوەی ویستیان کردیان، ئێستاش کەنیسە هەمو هەوڵێکی ئەیەوێت کە لە دەسەڵاتی ئیسلامی بدات لە سۆداندا، چونکە باوەڕی وایە کە بەرامبەر شەپۆلی تەنسیری وەستاوە.

پ /ئەی نەخشەی کەنیسە چی بوو بۆ ئەو وڵاتانەی کە خسبونیە ژێر پۆلێنی پێشکەوتوتری وڵاتەکان لەو کۆنگرەیەدا کە لە ساڵی ١٩٨١ بەسترابوو؟

- لەو وڵاتانەی عیراق‌و میسرو پاکستان، رۆژئاوا بە ئیعازی کەنیسە خستنیە ژێر وردبینەوە تاکو بتوانێت حوکمیان بەسەردا بکات، ئەوەش لە رێگەی دروستکردنی گرفت‌و کێشەی ناوخۆیی لە لایەك‌و خولقانی ناکۆکی‌و شەڕو بێ متمانەیی لەگەڵ دراوسێکانیدا لەلایەکی ترەوە، مەبەستەکەش وەستان‌و پەککەوتنی پێشکەوتن‌و گەشەسەندنی زانستی‌و تەکنەلۆجی ئەو وڵاتانە بو ئەویش لەبەر (خزمەتی قەوارەی زایۆنی)، وە بەتایبەت لە عیراقەوە، سەرانی داگیرکەری کۆنی عیراق بەریتانیا هاتن بۆ لای سەدام‌و بەپێی ئەو نەخشە کۆنانەی کە هی سەردەمی

داگیرکردنیان لایان مابۆوە، توانیان سەدام قەناعەت پێبکەن کە کوێت بەشێکە لە عیراق‌و پارێزگایەکی عێراقی بووە لە کۆندا هەڵیان نا تا لە سەر داگیرکردنی کویت سور بێت، ئەمریکاش دەورێکی زۆر گرنگی هەبوو لە هلنانی سەدامدا بۆ داگیرکردنی کوێت، ئیتر دوای ئەوەی سەدام دەستی گلا لە داگیرکردنی کوێت‌و بەوشێوەیەی کرد کە ئەمریکا ویستی، ئەمریکاش ڕێگەی بۆ خۆش بوو تا دەست بکاتە جێبەجێکردنی چەندەها سیناریۆ کە ئیستە لەبەر چاومانەوە هەندێکیان دەبینین.

پ /چ دەورێکت پێسپێراوە کە پێی هەڵسیت، وە ئەو لایەنانە چی بوون کە کارت لەگەڵ ئەکردن؟

- ڕاسپێری کۆنگرەکە ئەوەبوو کە پێویستە عیلمانیەکان بەکار بێنین بۆ کەم بونەوەو بەربەست کردن لە ئیسلامیەکان لە جیهانی ئیسلامدا، ئەویش لە ڕێگەی پالپشتیکردن‌و یارمەتیدانی کۆمەڵە عیلمانیەکان، وە پالەپەستۆ کردنە سەر یەکێك لە وولاتە ئیسلامیەکان کە سەرانی بزوتنەوە ئیسلامیەکان لە گرتوخانەکاندا توند بکات، تەنانەت کار بگاتە ئەوەش کە سەرانیان لە ناوبەرن‌و تەسفیەیان بکەن .. جا لەم بوارەدا دەوری من کورت کرابۆوە لەوەی لە واسیتە بم لە نێوان کەنیسەی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلاتدا تاکو بتوانین یارمەتی عیلمانیەکان بدەین دژی ئیسلام، هەستام بە گەیاندنی بڕی ملیۆنێك‌و ٨٠٠ هەزار دولار لە کەنیسەی هۆڵەندیەوە لە شاری ئەمستردام بۆ کەنیسەی میسر تاکو بەسەر سەرانی عیلمانی میسردا بیبەخشن بۆ ئەوەی کە ئیسلامیەکان بگرن‌و ئەگەر پێویستیشی کرد تەسفیەی لاشەیان بکەن، بە تایبەت بەرامبەر کۆمەڵی برایانی مسوڵمان (الاخوان المسلمون) ئەم پارەیەش لە نێوان ساڵەکانی (١٩٩٦ - ١٩٩٨) تەسلیمم کردووە، ئینجا یەك لە دوای یەك ڕاپۆرتەکانمان پێئەگەیشت، وە ئەو کۆمەڵانەش کە ئەم کارانەیان ئەنجام ئەدا هیچ کامیان بەوی تریان نە ئەزانی.

پ /کێ بوون ئەو کەس‌و لایەنانەی کە لەو کۆنگرەیەدا بەشداربوون؟

- نوێنەری کەنیسەی وڵاتە عەرەبیەکان‌و ئیسلامیەکان، وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، تەوەرەی کاری کۆنگرەکەش بریتی بوو لەوەی کە چۆن کەنیسە بتوانێت زاڵبێت بەسەر وڵاتە عەرەبی‌و ئیسلامیەکانداو کاریان تیا بکات‌یان لەژێر پەردەیی

پارمەتی دانی مرۆیی، یان ئەگەر لەو ڕێگەیەوە ئەگەر بەروبومی نەبوو لە ڕێی پاڵەپەستۆکردنە سەر حکومەتەکان وەك باسمکرد.

پ / ئایا وا نابینیت کە ئەم قسانەی تۆ ئەیکەیت پڕ مەترسی بن بۆتو ژیانت بخەنە مەترسیی مردنەوە؟

- بەڵێ هەست بەوە ئەکەمو ئەزانم، بەلاّم ویستم کە چەند نهێنیەکی کەنیسە کە لە دوتوێی لاپەڕە شاراوەکانی خۆیاندایە دژی ئیسلام ئاشکرایان بکەم، بە تایبەت دوای ئەوەی کە بومە مسوڵمان هیچ لە مردن ناترسم بە تایبەت ئەگەر بەرگری بێت لەم ئاینە پیرۆزە.

پ/ کام وڵاتی عەرەبیو ئیسلام ڕێکخراوو بانگەوازە بەگاورکردنەکانی تێدایە؟

- زۆربەی وولاتە عەرەبیو ئیسلامیەکان شەپۆلی بەهێزی بە گاور کردن گرتویەتیەوە، بۆ هەر وولاتێك بەرنامەی تایبەتیان هەیە، ڕۆژئاوا ئەتوانێت چەندێك کەنیسەی بوێت لەو وولاتانەدا دروستی بکات، ئەویش لە ڕێی چەندەها شێوازو هۆکاری جیا جیاوە.

پ/ لە چوار چێوەی ئەوەی کە ناو ئەبرێت بە (ئیرهابی نێودەوڵەتی) دیارە کەوا نەخشەیەک هەیە بۆ لێدانی کارە خێرخوازیە ئیسلامیەکان ... سیناریوی ئەم نەخشەیە چۆن ئەبینیت؟

- پەرەسەندنو زیادبونی کارە خێرخوازیە ئیسلامیەکان کەنیسەی بێزارو بێتاقەت کردبوو، لەبەر ئەوە هەڵساون بە ئەنجامدانی چەند بەرنامەیەك بۆ نەمانی کاری خێرخوازی ئیسلامی لەوانە:

- ئاراستەکردنی وڵاتە ئیسلامیەکانو ئاگادارکردنەوەیان بە نەهێشتنو بن بڕکردنی کارە خێرخوازیە ئیسلامیەکان.

- کارکردن بەهەمو شێوەیەك بۆ ڕاوەستانو پەکخستنی ڕێکخراوە خێرخوازە ئیسلامیەکان. تاکو گۆڕەپانەکە چۆڵ ببێت بۆ ڕێکخراوە کەنەسیەکانو بتوانن بە ئارەزوی خۆیان هەرچی ئەیانەوێت بیکەن.

- پەرەپێدان و گەشەپێکردنی ڕێکخراوە ڕۆژئاواییەکان کە لە ژێر پەردەی ڕێکخراو مرۆییەکاندا کار ئەکەن، تاکو هەڵسن بە کاری سیخوڕی و هەواڵنێری و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو وڵاتانەی کە کاریان تیا ئەکەن.

- وە ئەگەر کەنیسە سەرنەکەوت لەوەدا هەرەسی هێنا، ئەوە هەندێ لە شوێن کەوتوە هەڵقە لەگوێکانی خۆی بە کار دێنێ لە دروستکردنی و هەڵگیرساندنی فیتنەو ئاژاوەی ئەهلی ناوخۆیی، تاکو ئاسایش و هێمنی تێك بچێت ببێتە هۆی دەست تێوەردانی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان.

پ/چ پەیامێکت هەیە کە پێت خۆش بێت بیگەیەنیت بە مسوڵمانان؟

- بۆ خوشك و برا مسوڵمانەکانم ئەڵێم: خوای گەورە نیعمەت و بەختەوەری ڕشتوە بەسەرتاندا بەم ئیسلامە دور مەکەونەوە لێی و کەموکوڕی تیامەکەن، چونکە بە ڕاستی ڕۆژئاوای مەسیحی هەمو مەبەستێکی لە ناوبردن و پوکانەوەی ئیسلامە، ئەم ئیسلامەش گەورەترین دەسمایەو سەروەری ئێمەیە، ئەگەر ئیسلامتان لە ژیانی خۆتاندا جێبەجێکرد ئەوە بە هێز ئەبن و ڕۆژئاوا لێتان ئەترسێت، تەنها ئەوەی کە لەسەرتانە ئەوەیە کە گرنگی بدەن بە زانست و زانیاری تا بتوانن بنەمایەکی پتەوو بەهێز دروست بکەن و بتوانن بە شێوەیەکی ماددی و مەعنەوی بەرەنگاری ئەو هەمو هێرشە ببنەوە کە ڕوو بەڕووی خۆتان و ئاینەکەتان ئەبێتەوە، وە بە بیروڕای من ئەگەر مسوڵمانەکان ١٠٪ لە ئاینەکەیان جێبەجێ بکەن، ئەوە زاڵ ئەبن بەسەر ڕۆژئاوادا وە زۆربەی گرفتەکانمان ئەبڕێ، دەی چۆن ئەبێت ئەگەر هەمو ئیسلام جێبەجێ بکەین!

سەرباقی چاکەکاری

هەندێ پیاوەتی لەم دونیای فانیەدا دەبێتە ناپیاوی، پیاو ناچار ئەبێت ئەیکات، ڕۆژێك لەگەڵ کابرایەکی سایەق بەڕێگەیەکدا ڕۆشتین و سەیارەکەمان جێگەی چەند کەسێکیتر دەبوو، بەڵام لەڕێگە هەرکەسێك دەستی ڕادەگرت، ئەم سایەقە وەڵامی نەدانەوەو گیفەی نەکرد بەلایاندا، خۆم پێنەگیرا.. وتم:

خۆ جێگەمان زۆرە بۆ ئەو نەفەرانە هەڵناگریت.. هیچ نەبێت قازانجێکی مادی ئەکەی ئەمەسەرباقی خێرەکەی، یان هەر ئەتوانی بەخێر سەریان بخەیت،

سەیرێکی کردم و وتی: خێر.. ئەو خێرو بێرەم لەخوا ئەوێت..

وتم: کاکە گیان تۆ هەنگاوی بۆ بنێ ئەوسا داوای خێرو چاکە لەپەروەردگار بکە.

وتی وادیارە تۆ شارەزانیت بەخەڵکی ئەم سەر ڕێگاو بانانە.. ئەمانە شایستەی خێرو پیاوەتی نین لەگەڵیاننا بکەم.. درێژەی ئەدەمێ بەم ڕوداوە ڕازی کردم کەلەسەری ئەڕۆموتی:

کاکە ،لەم ڕۆژانەدا برادەرێکمان لۆرییەکی گەورەی پێدەبێت دەڕوات بۆ هێنانی چەوولم لەو غەسالانەی نزیك دەربەند،

لەڕێگا دو کوڕی گەنج دەستی لێڕادەگرن، ئەمیش لەدڵی خۆیدا دەڵێ: خۆمن هەر ئەڕۆم بۆ سوار نەبم.. سواریان ئەکاو لەڕێگا دوای نیو سەعاتیەکێکیان هاواریان لێهەڵئەستێ و دەڵێ: بۆ خاتری خوا ڕایبگرە، ئەو هاوڕێیەم مرد.. توخوا سەیارەکە ڕابگرە کاکە گیان.

سایەقەکەش لۆرییەکەی ڕادەگرێ و بەپەیژەی قەراغی گەلابەکەدا سەرئەکەوێ کەتەماشا ئەکات لەناو لۆرییەکەدا کوڕەکەی ڕەفیقی تاساوەبرادەرەکەشی بەپێڵاوەکانی مارێکی گەورەی کوشتووە.. ئەمە چی یە؟! لەکوێوە ئەم مارە بۆتان هات.، خێرا خۆی ئەخاتە ناو گەلابەکەوە،

کوڕەکەی هاوڕێی دەڵێت: هەردوکمان ڕاکشابوین، ئەم هاوڕێیەم چاوی چووە خەو منیش سەیری ئاسمانم ئەکرد.. لەئاسمانەوە هەڵۆیەك مارێکی بەقاچەوە بوو.. ئەم مارەی

ئەیبینی لەئاستی ئێمە لەقاچەکانی بەربۆوە کەوتە ناو گەلابەکەوە.. لەگەڵ کەوتنە خوارەوە پێوەدانی بەهاورێکەمەوە یەك بوو.منیش خێرا راپەڕیم و بەپێلاوەکانم کوشتم. سایەق لۆریەکە وتی تائەو کاتەش هەڵۆکە بەئاسمانەوە دەسوڕایەوە.

خێرا کورەکەمان لە لۆرییەکە داگرت و فریاکەوتنی سەرەتاییمان بۆ کرد، بەلام بەداخەوەکوڕە گەنجەکە وەفاتی کرد ئەو برادەرە سایەق لۆرییە درایە دادگا.. ئەمە دوای گرتن و نارەحەتی، بەلام ئەو کوڕەی ترو مارەکەو جێگە برینی کوڕە مردووە توانیان قەناعەت بەماڵی مردوەکە بکەن و سایەق لۆری ئازاد کرا..

سەیرکە.. کاکی خاوەن لۆری حەزی لەخێر کرد، کوڕە گەنجەکان حەزیان لەکاسبی کرد، مارەکەش لەو ئاسمانەوە نەبووە نسیبی ئەو هەڵۆیەبەنسیبی ئەو کوڕە گەنجە بو هەرچی لەلای خواوە بێت خۆشە. ﴿انا الله وانا الیە راجعون﴾ .. ﴿کل من علیها فان﴾

پشتیوان بەخوای باڵا دەست

ئەو مرۆڤانەی دوێنێ گوزەریان کرد لەسەر ئەم ئەستێرە گەشەی زەوییە ئەمرۆ دوعای خێریان ئاراستە دەکەین کاتێك ئێمەش ئەمرۆمان بەجێهێشت نێوەی سبەینێو دۆسیەی ئاگاداری کارو کردەوامان بن‌و لە دوعاو نزای خێر لە یادمان مەکەن.. چونکە ئەوانەی دوێنێ بۆ نزاو پاڕانەوەی باوانیان هاتنەبون‌و بەهەوڵ‌و ماندوبونی خۆیان ژیانیان گوزراندو بونە هۆکاری کۆڵنەدان‌و کاری جوان‌و ڕەنگین لە دین‌و دنیادا.

بەڵێ نوێژەکانیان.. دوعاو پاڕانەوەی دوای نوێژەکان.. کاری جوان‌و شایستە.. یارمەتی هەژاران بە سەروەت‌و سامانەکەیان.. هاوکاری‌و بەدەمەوە چونی هەمو مرۆڤێك.....

ئەگەر بیر لە خۆت بکەیتەوە لە مەبەستی داهاتوم تێدەگەیت، ئایا هیچ کاتێك توشی نارەحەتی بێئومێدی نەبوی لە کاروباری ڕۆژانەی تەمەنی کورتی ژیاندا.. بەدڵنیاییەوە توشبوی بەڵام ئایا وازت هێناوەو کۆڵتداوە؟ یان بەردەوام بوی بۆ گەیشتن بەو هیوایەی کە لەو کارەتا هەوڵت بۆداوە.

نمونە: ڕوت لە فەرمانگەیەك کردووە، کارەکەت بۆ نەکراوە، بێهیوا بوی بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژەیان یان ڕۆژانی ڕابردو کاری چاکەت ئەنجامداوە لەو لاوە کەسێك یان ئاسیاوێکی نزیك دوای چاك‌و چۆنی هاوکاری کردویت‌و کارەکەت سەرکەوتو بووە.

یان زۆر کات لە نمرەی قوتابخانە نا ئومێدو دڵ ڕەقبوی بەڵام مانگی داهاتو یان مامۆستا پرسیارەکانی خۆش بووە یان هۆکاری سەعی کردن‌و کۆششی ئاسان بووە.. یان هیوایەکی گەش بومتە هۆکاری سەرکەوتن‌و پلەیەکی زۆر باش لە مانگی ڕابردوو ئەگەر خراپتربوی بەکارو کردەوەی خۆتا بچۆرەوە.. ئەزانی تەنگەژەکە لە کویادایە بۆیە سەرکەوتونەبوی، لە ساڵانی ڕابردودا مرۆڤەکان زۆر هاوکاری یەکتریان ئەکرد... زۆر بەدەم یەکەوە بون لەکارو کردەوەی ڕۆژگاردا.. خوای گەورەش قەناعەتی پێبەخشیون خوای باڵا دەست بەلادان لە بەڵاو نارەحەتی دنیا بە دوری کردون..

مەلا شێخ سەعیدی تەوەکەڵی دەفەرموێت:

لەشاری بانەوە بەرەو گوندی تەوەکەڵ دەگەڕامەوە، کەرێکم پێبو پێنج تەنەکە ئاردم لێنابو.. دنیا هەورو هەڵاو بارانـاوی بـو وەرزی زستان بـو زەوی وشکی تیا نەمابو، لەبەرکانی ناڵەشکێنە نزیک گوندی نێزەڕۆ کەرەکەم لەو قوڕو چڵپاوەدا کەوتو هەرچەندم کرد نەمتوانی ڕزگاری بکەمو بەرز بێتەوە، ناچار بارەکەم لێکردەوەو لەو لاوە دامنـا، گوێدرێژەکەم هەستانەوەو هاتمە ئەم لاوە توزێک سەیری دنیام کرد تا کەسێک پەیدا بێتو هاوکاریم بکات بۆ بارکردنەوەی بەڵام ئێوارە درەنگان بوو.. گوریسو کەرەسەکانم لە گوێرێژەکە کردەوە ئاردەکانم جوان داپۆشی تا بەیانی بێمەوە بۆیو بیانبەمەوە لەگەڵ کەسێکیتردا چونکە لە توانامانەبو باریان بکەمەوە، زۆربە نائومێدی کەرەکەم پێش خۆمداو چەند هەنگاوێ دورکەوتمەوە بەرەو ماڵ بڕۆمەوە... زۆریشم مابو بۆ ماڵەوە لە دڵدا هەر داوای دوعاو یارمەتی یەزدانیم ئەکرد، بۆ هاوکاری ڕۆیشتم چەند هەنگاوێکی ترو کاتێکم زانی یەکێك بانگی کردم: شێخ سەعید.. شێخ سەعید ئەوە بۆ کوێ ئەچی؟ وەرە بایارمەتیت بدەم، کاتێك ئاوڕم دایەوە پیاوێکی نەناس بوو. بەلامەوە سەیر بو ئەو من دەناسێو من ئەو ناناسم بڕیاری هاوکاری کردنیدام زۆربەخۆشیو بەتواناى ئەوەوە گەڕامەوە بەهەردوکمان بارە ئاردەکەمان بارکردو زۆر بەخێرایی گوریسو قەیاسەی توندکردو چووە ئەو دیو گوێدرێژەکەوە وتی:

شێخ سەعید قەیاسەکە بکێشەو توندی بکە، قەیاسەکەم توند کردو سەرم هەڵبڕی پیاو دیار نەما.. هەرچەند گەڕام بۆ جێ پێکانی دیار نەبو... بار بارکرایەوە.. خوای گەورە ئەو زاتەی ناردو هاوکاری کردمو بەخۆشییەوە بەرەو ماڵ گەڕامەوەو لەو کارو تەنگەژەیە ڕزگارم بوو، دڵنیابوم کە خوای گەورە ئەو زاتەی نارد بۆ هاوکاریم لەو کاتو ساتو ئێوارە درەنگەدا.. سوپاس بۆ خوا ...(خارق العادة) .

هیمەت بەرزی بۆ منی ئافرەت

پاداشتی ئەبێ چی بێ؟!

لەگەڵ دەست بەرز کردنەوەم بۆ دوعای خێر، ئەسرین بە گۆناما دێتە خوارێ بۆ ئەو خوشکە بەڕێزەو خوشکانی هاوشێوەی ئەوحەزم کرد لە نزیکەوە ئاشناتان بکەم بەو تەنگو چەڵەمەو گیرو گیرفتانەی کە ڕۆژانە دێتە ڕێگەی ئەو خوشکو دایکە بەڕێزانەی کە بەهۆی باڵاپۆشیانەوە.

کە بەهۆی خۆداپۆشینو خۆپاراستن لە سەیری کەسانی گورگو ڕێوی ئاساوە توشیان دەبێت، ئەمانە خۆیان بۆ خوای گەورەو پەیامەکەی ئیسلامو مرۆڤایەتی یەکلایی کردۆتەوە.. بەڵام بەچکەو شاگردەکانی ئیبلیسی نەفرەت لێکراو لە بۆسەو زاڵگەکاندان بۆ بریندارکردنو شێواندنی کەسایەتی بەرزو پیرۆزی جوانیان کە لە بەرزترین بەهای مرۆڤایەتیدا خۆیان دەبیننەوە.

ئەوە ماوەی چەند ساڵێکە هاوسەری (R)ی مێردمو ببومە خاوەنی دوو کوڕی جوانکیلە کەم کەمو نەختە نەختە نوێژەکانم ئەنجامدەدا، ئەگەر دڵم بە هەزاری یان کەسێکی لانەواز بسوتایە بە گوێرەی توانا هاوکاریم ئەکرد،

لە ماڵی باوانم کەمێك لە پەیامی پیرۆزی مرۆڤایەتی ئاشنا کرابوم بەڵام وەڵامی چەندینو چەندانی ترم لێبوبونە تەنگو چەڵەمەو گرێ کوێرە..

ئەوەی بیرم لێنەکردبۆوە لە سەرەتایی ژیانی هاوسەریمەوەو قسەمان لێنەکردبوو باسی دینداری بوو.. هاوسەرەکەم دەیویست:

نانو چێشتی گەرم و ئامادە لە کاتی ژەمەکاندا، بەخێرهاتنی میوانو جوان بەڕێکردنیان، خاوێنی ماڵو جلو بەرگ، خزمەتی هاوسەرو منداڵەکان، چونە دەرەوە بۆ گەشتو گەڕان، ئەو عەلاگانەی کە دەیهێنانەوە بە جوانی بخرێتە بەردەستیان، ڕاگرتنی دڵی دایكو باوكو هاوسێکانو....

بەلاّم لەناو هەموویاندا پابەند نەبون بەیاسای شەرع غیابی هەبوو، خۆی دیاربوو کە هاوسەرم لە بنەماڵەو کەسایەتی دینداری تۆکمەو خواپەرستدا گەشەی نەکردبووبالاّی بەرزو کاری باش‌و بڕوانامە لە گیرفان قایم کراو زۆربەی هیواو ئاواتی ئەوو من‌و کچانی تریشبوو،

لە مانگی ڕەمەزان لەگەڵ خەسو خەزورم مانگی پیرۆزمان پیروز ڕادەگرت‌و بەو کەناڵە لاوازەی تەلەفزیۆنی کەرکوك هەندێك شت فێردەبووین‌و وامان دەزانی ئیسلام‌و ئیسلامەتی ئەوەندەیەو تەواو،لە هاوڕێ‌و ناسیاوانەوە هەندێك نهێنی ئاین ئاشنابوین بەلاّم کەم‌و کەم ئەزموون بوین هاوسەرم تامی تامی خواردنەکانی پێدەکردم..

لەگەڵ تەواو بونە مانگی ڕەمەزاندا (سەرپۆش‌و تەسبیح‌و بەرماڵ‌و....) خوا حافیزیان دەکرد.. ئەگەر یەکێك باسی لە شەشەلاّن بکردایە خەسوم دەیوت: (ڕەمەزانمان بە ڕویەکی جوانەوە گرت، نۆرەی شەشەلاّنمانە)..

ئەمانە درێژەی هەبوو هیچ گرفتێکمان نەبوو تەنهاو تەنها بەسادەیی ئاینمان گرتبو..وەرزی هاوین بوو بەکارێك ڕۆیشتمە دەرەوەو لەسەر شەقامی (برایم پاشا) بەرەو خەستەخانەی شیرەکە هەنگاوم دەنا جل‌و بەرگەکانم زۆر سەرنج ڕاکێش بوون.

تازە مۆدێلی تەنورەی کورت‌و فەتحەی دواوە داهاتبۆوە، منیش لێم کردبو.. بەلای دوو پیاودا ڕابوردم.. هەستم کرد کە زۆر سەرنجم دەدەن.. ئەو فەتحەیەی دواوە زۆرێك لە ڕانەکانی دەردەخست.. ئەمە کورتیەکەی سەرباربێت..

هەنگاوەکانم خێراتر کردو دوو پیاوەکەش بەدوامدا هاتن.. ئەوەندە لێم نزیك بوبونەوە خەریك بوو دەستیان دەگەیشتە سەر پشتم.. بەوە باشبوو خێرا خۆم کرد بە دەرگای خەستەخانەکەدا، هەستم ڕاگرت کە ڕزگارم بووە،دوای کارو کردەوەکانم هەستم بە بێزاری کرد بەلاّم ئاسایی بو لەلام.. بۆ نانی نیوەڕۆ هاوسەرەکەم گەڕایەوەو لە بازاڕ وەك هەندێك ڕۆژ نانی خواردبوو.

منداڵەکانم فێری نیوەڕۆ خەو کردبوو، نانیان خواردو بەخۆمەوە چوینە دەریای خەوەوە نازانم چەند بوو خەوم لێکەوتبوو لە هاوارو ناڵەی‌و گریانی خۆم بەخەبەر هاتم..

خەسوم لە ژوورەکەی ئەولا هاتەلام.. منی بینی بەو حاڵە ناڵەبارەوەو هەمو گیانم شەلاّلی ئارەق بوبو، ڕەنگی بزڕکاو هەناسەی توندو هیلاك.. لە ڕوخسارما دیاربو.

پرسی: ئەوە چییە کچم.. ئەوە بۆ وات لێهاتووە!! چیبوە!!
هێزم دایە بەر خۆم‌و وتم: خەوێکی زۆر ناخۆشم بینی..
خەسوم بە سەرسامیەوە وتی: خەوی چی.. بۆ خەو وا لە ئینسان ئەکات.. یا الله .. یا الله ..
تۆزێك سەرخۆم هاتمەوەو لێوانێ ئاوم خواردەوە.. تەنگە نەفەسی‌و هەناسە سوارییەکەم کەم بۆوە بە لارۆ لارۆ چومە بەر ئاوێنە درێژەکەی ژووری میوان‌و سەیرێکی دەمم‌و چاو قۆڵ‌و قاچەکانم کرد.. بڕوام نەکرد.. جوان دەستم هێنا بە هەمو لاشەما تەواوە ئەمە خەوبو.. یاخوا کەس خەوی وا ناخۆش نەبینێ.
تێر خەو نەبوبوم حەزم ئەکرد بنومەوە بەڵام نەموێرا، هەستم ئەکرد ڕاکێشاوم بە هەمان شێوە لە دیمەنی یەکەمی خەوەکەم ڕاچڵەکیم‌و بەئاگا هاتمەوە.. ئیتر نەموێرا چاوم لەیەك بنێمەوە. ئای!! کە ناخۆش بو .. چومە دەرەوە لەو ژورەدا، لە هەیوانەو حەوشەکە تۆزێك سەیری دیمەنی ئەوناوەم کرد.
وەك زەنگێك لێبدەیت.. بە ئاگا هاتمەوە.. چومە ئەرماوەکەو دەستنوێژێکم گرت‌و ئەوە یەکەم نوێژ بوو لە دوای مانگی ڕەمەزانەوە کە ئەنجامدا.. وا ڕاهاتبوم کە لە نوێژ دەبومەوە یەکسەر لە چکەکەم لەسەرم دەکردەوە قژم خاو دەکردەوە نەبادا دەقی لەچکەکەی گرتبێ.. بەڵام ئەم جارە بە پێچەوانەوە هیچ حەزم ناکرد لەچکەکەم لەسەر بکەمەوە.. بەو بەرگە نوێژییەوە سەعات پێنجی لای عەسر میوانێکمان هات.. کە لە ئاین‌و باوەڕدا قاڵ بوبوو، خۆی بە ئیماندارێکی زۆر باش دەزانی.. بە ڕاستی واشبوو..
لە حاڵەتی نامۆیی خۆم دووام‌و لە نوکەوە خەوەکەم بۆ گێڕایەوە ..
ئەویش وتی: بۆم باس بکەرەوە..
بە شەرمێکەوە وەك یەکەم جار دەستم کردەوە بە گێڕانەوەی.. هەرچیم دیبو باسمکرد: لە خەونەکەمدا بە ڕێگادا گوزەرم دەکرد هەستم کرد قاچ‌و قۆڵ‌و ڕانەکانم تەڕبون.. دەم‌و چاو شان‌و ملم ئەکرێنەوە.. هەستم بە بۆنی ناخۆش دەکرد، لە پڕ سەرنجم لە دەست‌و قۆڵم دا سەیر ئەکەم هەموی بوە بە دڵۆپە ئاو بڵقە ئاوی زەردی ناشرینی پڕ لە کێم‌و جەراعەت‌و خوێن‌و پیسی.
دڵم داخورپا.. بەڵام کە سەیرم کرد ڕان‌و قاچەکانیشم بە هەمان شێوە بونەتە یەك پارچە گۆشتی دارزیوی بۆگەنی پیس.. دڵۆپ دڵۆپ ئاو بە ڕان‌و ئەژنۆکانمدا دێتە

خواری‌و ئەو پیسی‌و جەراعەتە دەچێتە ناو پێڵاوەکانم‌و لەگەڵ خۆڵی شەقامەکە بە جێدەمێنێ.. لە سەر شۆستەی قەراغ شەقامەکە جێگە پێم بە جێدەماو ووردە ووردە هەستم بە کرم‌و دارزین‌و داخوران دەکرد،لە خەونەکەما زۆر دڵتەنگ بوم هەستم بەوە ناکرد واقعی نەبێت، بەڵکو زۆر لە واقعی‌و راستی بوو، زۆر ئەترسام زۆر دڵتەنگ بوم.. زۆر لە خۆم بێزارو شەرمەزار بوم. هاتە دڵمەوە سەردانی دکتۆرێك بکەم .. بەڵام پاش کەمێك پەشیمان بومەوە، بەڵام ئایا دەبو بەو حاڵەوە هەنگاو بنێم.. دەبو لەم داخوران‌و کێم‌و جەراعەت‌و پیسیەدا ژیانی سادەیی ڕۆژانە بەسەر ببەم یان دەبو بە دوای چارەسەرێکدا بگەڕێم، لەو خەوە ترسناك‌و خەمبارو ناخۆشەدا لە دورەوە هەستم بە کانی‌و ئاوێك‌و سێبەری خۆش کردو هاتە دڵمەوە بچمە سەری‌و تۆزێك خۆم دابشۆم‌و پاکژ ببمەوە..

بەڵام چەند هەنگاوم ئەناو بەرەو ڕووی دەڕۆیشتم ئەو دورتر دەبۆوە، ناچار بە زەلیلی‌و بە ئێش‌و ئازارو ماندو بون‌و لاشەی پیسەوە لە جێگەی خۆم وشك بوم‌و نەمتوانی جوڵە بکەم .. زۆر نیگەران بوم، زۆر ماندو شەکەت بوم.. بەڵام چارەسەرم نەبوو لە دورەوە ئافرەتێکی ڕێك‌و پێکی دینداری هاوسێمانم دەبینی لەسەر ئەو کانی‌و ئاوە بەڵام من منێکی دارزاو نەخۆش هێزی پاکانم نەبوو.. زۆر گریام .. زۆر نارەحەت بوم .. زۆر شڵەژام.. زۆرو زۆری تر هەستم بە ئێش‌و ئازاری جەستەو لاشەم ئەکرد.. زۆر پەشێمان بومەوە لەو حاڵەتەی ڕۆژانەیەم.. بڕیارم دا کە بۆ چارەسەر بگەڕێم بۆ دەرمان‌و دەرمانخانەی پاکیزەیی بگەڕێم..

بەو ئێش‌و ئازارو کێم‌و جەراعەت‌و ئاوو زڵ زڵەیەوە کە لەلاشەم دەچۆڕا بە خەبەر هاتم.. هەمو گیانم دەلەرزی هەمو هەست‌و ئەستێکم تاسابون.. لە نێوان ترس‌و بیمدا گوزەرم دەکرد.. تا نیو سەعات دوای بە ئاگا بونەوەش هەستم بە بێزاری‌و کاسی دەکردەوە.

کەزانیم خەو بو ڕاستی نەبو زۆر کامەران بوم.. زۆر خۆشحاڵ بوم بڕیارم دا کە هەوڵبدەم لەو (سەیرکردنی نامەحرەمانە) خۆم بپارێزم‌و هەوڵبدەم بگەمە ئەو ئافرەت‌و خەڵکانەی کە لەسەر کانی‌و ئاوە خۆشەکە بون..

ئیتر بڕیارمدا بڕیارێك کە گەڕانەوەو پەشیمان بونەوەی تیا نەبێت‌و بڕیارێك گەر تەنها ماوەمەتەوە کاری بۆ بکەم.. ماندو شەکەت ببم.. کۆڵنەدەم.

ئەمە بۆ ئەو کاتەو بۆ دوای ئەو تاسانە ئاسایی بوو بەڵام لە واقیعو کاری جدیدا ئایا کۆڵدانو ڕوخان ئاکامی دەبێت؟

یان خۆڕاگریو هەستانەوە ئاکامی گەشی دەبێت؟

ئەمەی باسمکرد نەقەڵەمو نەهەستو زمانو چاو ناتوانێت یەك چرکەی ئەو هەمو ناخۆشیانە چارەسەر بکات.. ئای کە نارەحەتو ناخۆشبو.. دڵنیام ناتوانن بۆ ساتێکی ناخۆشی، خۆشی دروستبکەن.. بڕیارێك کە توشی ئەو خەوە ناخۆشەو ئەو ئاکامە ناڕەحەتە نەبمەوە.. بڕیارێك کە گەڕانەوەی تیا نەبێتو دوای هەمو ناڕەحەتی وناخۆشیەك خۆشی بەدوادا بێت.

خزمە نزیکەکەم وتی: بزانە چ گوناهێکت ئەنجامداوە یان بە نیازی چ تاوانێکیت، خوای گەورە ئاگاداری کردویتەوە..

ئەو زۆری پێخۆش بوو کە کەسانی من ئاسا بۆ لای پەیامی خوداییو خزمەتی مرۆڤایەتی هەنگاو خێرا بنێن.. بەڵام داوام کرد کە هاوکاریم بکاتو بە دڵو گیان ئاگای لێم بێتو دەستم لێبەرنەدات تادەگەمە توانایەك لەسەر پاکانی خۆم پاکی بپارێزمو لەومرزی بەهارو گوڵو گوڵزاری ژیاندا شکۆفەو نۆبەرەی میوە جوانەکانی سەرەتای ژیانی گەش بەگەشی نۆش بکەمو ئاورنگو شەونمەکانی سەرپەڕەی دڵە ژاکاوەکەم لە مانگە شەوی ڕوناکدا بریسکە دروست بکاتو بۆ گزنگی بەیان پێبکەنێو لە خۆرەتاوی چێشتەنگاو دا بون بە هەڵمی ئاسمانی بێگەردی شین بەرز بێتەوەو لەگەڵ هەورە سپیو پاکەکاندا بۆ زەوی وشكو ڕەق هەڵگەڕاوەکان ببێتە بارانی جوانو زەوی وشكو بێرون بژێنێتەوە.. ئەم ژیانەوەیە ماندوبونو کارو کردەوەو خۆڕاگری زۆری پێویست بوو.. زۆری دەویست.

خوا پاداشتی بداتەوە لە سەرەتاوە وردە وردە ئاشنای کردم بە ژیانی پێشەوای مرۆڤایەتیو هەمو تاڵو سوێرییەکانی شاری مەککەو سەرکەوتنو کۆڵنەدانی یارانی، لەگەڵ تەواوبونی هەمو وانەیەکدا دەیفەرموو: دەبێت بڕیاربدەی سەرکەوتو بیتو نەڕوخێی ئەوسا بەری ڕەنج دەبێتە گەنج..

جاری وەها هەبوو من دەچومە سەردانی بەدزی باوکی منداڵەکانو خەسومەوە.. لەوێ وانەیەکی تری بۆ دانام کە چۆنیەتی خوێندنی قورئانی پیرۆزیو ڕاستو دروستی..

لەگەڵ كامڵ بونی ئەو وانە خۆشەدا دەروازەیەكی زۆر جوان كە نهێنـی بـوو دەكرایـەوە.. شارەزا دەبوم ئێوارەیەكیان باوكی منداڵەكان هاتەوە .. زۆر بە خۆشـیو شـادییەوە بـەرەو ڕوی چومو ئـەو عەلاگانـەی بـە دەسـتیەوە بـو بـە خۆشـحاڵییەوە لـێم وەرگـرتو لەگـەڵ دانیشتنی ئـاوی فێـنكم بـۆ هێنـا.. پاشـان قـسەی خـۆشو وتـو وێـژ دروسـت بـوو.. كـەیف خۆش بو.. بەڵام لە پڕ نەوچەوانی دابەیەكداو سەرەتا بەكەمی تـوڕەیی خـۆی دەرخـست پاشان كەزانی خەریكە عینادی لەگەڵ دەكەم بە تەواوی توڕەبوو..

- ئەم لەچكە چییە بەسەرتەوە!؟ ئەی كوا ماكسیە قۆڵ كورتەكەت؟!

- (R) گیـان توخـوا وازم لێبێنـەو باسـاتەكانی تەمـەنم بـە خـوا لـە خـۆ ڕازیكردنـەوە بەسەربەرم..

بـە گاڵتـە جاڕییەكـەوە پێكـەنیو وتـی: زۆر جوانـە.. خـۆت كـردە پـاپراخو پـاش ئـەم تەمەنەكەمـەی ژیانــت بویتــە پیرێــژن.. جــارێ تەمــەنت ســەرەتایە.. بۆخــۆت وەهــا لێدەكەیت!!

دوای تۆزێك بێدەنگی وتم: ئەوەی تۆ دەتەوێت بە زیادەوە بۆت ئەنجام دەدەم بەڵام خێرت دەگا دەرگای دینداریم لێمەگرە.. دەنگم گۆڕا .. خەریك بو بگریم .. وازم لێبێنە.

وتی: باشە بۆ زوو گۆڕایی ئێمە مەرجی زەواجمان وەها نەبوو.

- (R) گیان ئەوەی من دەزانم تۆ گاڵتەت پێدێت .. من تازە هەست دەكەم چۆن بـژیم.. پاش كەمێك بێدەنگی

- وتی: با ئارەزوی خۆت بێت.. بەڵام دڵنیام ئەم گڕو كفە تاسەر نابێت.

ئەمە ڕێگەی خۆشكرد بۆ پەروەردەی منداڵەكانم بـە (ئایـەتو كـردەوەی پێغەمبـەر صلى الله عليه وسلم) ڕۆژانە دەستم كردە لەبەركردنی بەرگی باڵاپۆشیو خۆشـارەزا كـردن بـە ئاین.. وام ئەزانی هەرگیز لەم شارو سەر زەوییەدا نەژیاوم .. ڕۆژانـە شـتی تـازەم بـەرگوێ دەكەوت ..

مامۆستاكەم كە خزمەكەمان بوو بە گەرمو گوڕی من خۆشحاڵ بـوو، هەنـدێك كتێبی بۆ دیاری كردم بۆ خوێندنەوە كە زۆر سودمەندبو.

ڕۆژێك دراوسێكەمان وتی: گەر ئەتەوێت شارەزایت زیاتر بێت گوێ لە ڕادیوێ بگرەو لەو بەرنامانەی تینوێتی عیشقی ئیلاهیت دەشكێنێو شارەزات دەكات بە بیری ئیسلامەتی..

ئەو ساڵانە هەمو شتێك گران بوو (پیل) هەروەها.. کارەبا کەم بو ڕادیۆکەم بۆ ئەم کارە خێرییە بەکارهێنا.. لە بازاڕو هەندێ خەرجی زیادەم گرتەوەو ئەو بۆشاییانەم پڕکردەوە، خەسوم بە کردەوەی من قەڵس بو.. بەڵام خەزورم زۆر خۆشحاڵ دەبوم.

خۆشەویستی خەزورم تا دەهات زیادی دەکردو بەربەرەکانی خەسوم بە پێچەوانەوە .. خەسوم کاری تازەی لە (R) ی مێردم کرد..

کەوتە سزادانی دەرونیو ڕابواردن بە بەرگو کردارو وتەکانم .. خۆی هیچ خواپەرستی ناکرد.. هەرچەندە دەمویست قسەی خێری بۆ بکەم تورە دەبوو.

وردە وردە چونە دەرەوەو بازاڕو ماڵی خزمان لەگەڵ ئەودا کەوتە پەراوێزەوە کە دەمپرسی بۆ لەگەڵت نەیەم.

دەیوت: بەباڵا پۆشی من تۆ نابەم.. بچۆرەوە دۆخی جاران چیت حەز لێیە بۆت ئەنجام دەدەم.

بە هیمەت بەرزییەوە دەموت: خۆشی خوا لە خۆڕازی کردن لە گەشتو سەیرانەکان بە تامترە.

نیوە شەوێکیان زۆری بۆ هێنامو ناچار گریی دڵی خۆم بۆ کردەوەو هەرچی ڕویدابو لە خەوەکەوە تا ئەم چرکە ساتە بۆم باسکرد.

کە تەواو بوم قاقایەکی لێداو وتی: شەوی هەزار خەوی وەها ببینم قەت کارم لێناکاتو زۆر ئاساییە.

وتم: ڕاست دەکەی بۆ دڵو توانای تۆ ئاساییە بەڵام بۆ من جیاوازە.. ئەمە لە لایەك و لەلایەکی ترەوە من بۆ ئەبێت خۆم بکەمە مەعرەز بۆ خەڵكو بۆ تۆش ماکسیەکی کاڵەوە بوو ئەی بۆ پێچەوانەی نەکەمەوە..

من ئەوە نازانم دەرەوەو ڕواڵەتی جوانم دەوێت. تورەبو پشتی تێکردم خۆی کرد بە خەوتوو.

نزیك نوێژی بەیانی بوو دەستنوێژم هەڵگرتو دورکات نوێژم کردو زۆر پاڕامەوە دوای ئەوە نوێژی بەیانیم ئەنجامدا.

سەلامم دایەوە ئەو نزاو ویردانەی فێرکرابوم خوێندم.. هەستم کرد دەستێك هاتە سەرشانم سەرم هەڵبڕی (R)بوو.. بە نەرمی وتی: شەوێکی تر جێگەی تۆ لەم ژوورەدا نیە هۆڵەکەو هیچی تر .. کەوای وت زۆر ئاسایی بو بەلامەوە

وتم: من پەیامم خۆشدەوێت.. دوای ئەویش تۆ .. حەز ناکەم لەم ناڕەحەتیەدا بەجێت بهێڵم ..ئەو زۆر بەلایەوە زۆر ساکارو سادە بو.
بۆ بەیانی نافرەتەکەی خزمم هات.. کاتێکم زانی خەسوم کە لە قاتی خوارەوە بو هاتە سەرەوە بۆ لامانو ناوچەوانی دابو بەیەکداو هەزار قسەی ناشرینی کرد.. لە ناکامدا خزمەکەمان وتی:
ئەمە تۆ بەلا خۆی سەرت سپیەو چەند ساڵە دینداری دەکەیتو ئاواش دەدوێت..
بۆ خۆت ئاقیبەت شەڕ دەکەیت.. بۆ خەرمانی خۆت دەسوتێنی..
تورەتر بو خەسوم وتی: خوا ئەزانی چیتان لە ژێر سەردایە.. ئەگینا هەر لە دێر زەمانەوە ئێمە نوێژو ڕۆژوی خۆمان کردووەو وەکو ئێوەش نەبوین، ئەزانم بە تەمای چین.. قوڕتان بەسەر.. بەخوا خوا ڕیسواتان دەکات..
پاش چەند قسەیەك سودی نەبوو.. بە قادرمەکاندا ڕۆیشتە خوارەوە. ئێمەش وانەی خۆمان خوێند مانگی ڕەمەزان هاتە پێشو زۆر بە جوانی خۆم بۆ سازدا..
بەڵام سزایەك کە درام لەلایەن باوکی منداڵەکانەوە..(دەبێت لەم ژوورەدا گڵۆپ هەڵنەکەیت ئێمە خەومان لێدەزڕێت)
سروشتی شاری سلێمانی زستانی سارد بوو ئەو ساڵانە.. لە کاتی پارشێودا کارەباش دەبڕاو بە تاریکی پارشێوم ئەنجام دەدا.. لە ژورێکی ترو بەو ساردو سەرمایە.
سەرەتا وا گوزەرا.. بەتەنها لەبەردەم چرای دیوارکۆدا بە تانیەکم لە خۆمەوە دەپێچاو ڕووەو قیبلە دەستم دەکردە خوێندنی قورئانی پیرۆزو تا تەواو بونی ئەو جوزئە.. ئەمە کاری من بوو بەڵام لە ناخەوە زۆر ئاسودە بوم.
باوکی منداڵەکان بەیانیانو نیوەڕوان دەبو خواردنی خۆشی بۆ ئامادەبکەم، ئەمەش تەنهاوەك سزایەکی دەرونی منو هیچی تر.. بەڵام من باکم نەبو.
سزایەکی تر خۆی دەرخست بۆ ئەوەی وەك پێویست بە ڕۆژو نەبمو پارشێو نەکەمو نەتوانم قورئان بخوێنم ئەوەش زیادکردنی کاری ژنو مێردایەتیمان بوو.
بەڵام بۆ ئەم کارەش ئامادەکاری تەواوم ئەنجام دەداو لەگەڵ بانگی بەیانیدا دەستم دەکرد بە کاری خودا پەرستی خۆم ئەگەرچی ئاوەکەش سارد بوایە دەمتوانی کاری خۆمی پێبکەم.. شەوانی قەدر هاتە پێشو بۆ زیندو ڕاگرتنی ئەو شەوە جوانانە بە تەنها لە ژورێکی تاریکی ساردا شەوەکانم زیندو دەکردەوە بە قورئان خوێندنو تەسبیحاتو

نوێژو خوا پەرستی توانیم کاری باش بکەم ئەگەرچی ڕۆژگارەکەی ماندو بونی خۆم دەحەساندەوە بەوەی کە مێردەکەم لە ماڵ نەبو خێرا منداڵم دەگۆڕی بۆ قوتابخانەو خۆشم ئەو ڕۆژانەی دەوامی رەسمیم هەبوایە دەچومە سەر کارەکەم توانیم لە ماوەی ئەو ڕەمەزانەدا کاریگەری لەسەر خوشکانی هاوکارم لە کارەکەمدا دروست بکەم و بومە جێگەی متمانەوەو چەندین دوعاو پاڕانەوەو بابەتی فیقهیم بۆ باس دەکردن سەبارەت بە ژیان و ژیاریان لە ئاینی ئیسلامداو مامەڵەی چاك لەگەڵ مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا.

بەرێزان سزا دەرونییەکان زیادیان کردو سزای جەستەیش بووە سەربار(لێدان، قژ ڕاکێشان، شەق..) کار گەیشتە تەلاق.. چەکی پیاوی بێئیرادەو ڕوخاو ڕاکردو لە واقع و هیچ لە بار نەبوو ڕۆژێکیان خەسوم و خەزورم و (R)و منداڵەکانم بەیەکەوە دانیشاند وتم:

ئەگەر ئێوە ڕێگەی دینداری لە من دەگرن ئەوە ئامادەم بە تەلاق وەرگرتن ئەگەر مانەوەم بە سزا بێت ئەوە خۆتان چاوەڕوانی ئاکامەکەی بکەن.

تا ئەو کاتە خەزورم ئاگاداری هیچ نەبوو.. لە نوکەوە بەبێ شەرم و پەردە هەمویم بۆ باسکرد،

خەسوم وتی: (R) هەقیەتی .. دەستی خۆش بێ ئەی ژنی بۆ خۆشی خۆی نەهێناوە.

خەزورم گۆڕەکەی پڕ لە نور بێت و لەدەنگم ڕۆحیانەتی پاکی ڕانەچڵەکێ هەستایە سەرپێ و وتی: دوعای خێر بۆ ئەو دایك و باوکەی ئەمەیان هێناوەتەبون.. سەر شۆڕی بۆ دایك و باوکی تۆ (R) گیان..

چۆن تۆ ئەو کارانەت ئەنجامداوە.. خۆتۆ موسڵمانی و لە وڵاتی کافراندا ناژیت..زۆر قسەی توندو تیژیدا بەسەرو پۆتەڵاکی خەسوم و (R)دا.. هەردوکیان سەریان داخستبوو.

هاتە پێشەوەو ناوچەوانی ماچکردم و منیش توند دەستیم گوشی و ماچم کرد.. بەسەر شۆڕی خەسوم ڕۆیشتە خوارەوەو (R) چوبەلای کارەکەیەوە.

ناخۆشیەکان کەم کەمە ڕەوینەوە.. هەمو کات دوعای خێرم بۆ مێردەکەم و کەسانی دڵڕەق دەکرد.. لە ماوەی ئەو ڕەمەزانەدا زۆر چومە پێشەوە.. زۆر شارەزایم پەیداکرد چەند سورەتێکی کورتم بە منداڵەکانم لەبەرکرد.. هەرکاتێك سورەتەکەیان لەبەردەکرد دەمپرسی ئارەزوی چیتانە لە خواردن بۆتان ئامادە دەکەم.

ماوەیەك باوکی منداڵەکانم بێکار بون و لە کاری یەکەمجار نەماو شەریکەکەی جیابۆوە. بەڵام قەدەری خوا وەهابو پیاوێکی تر بووە شەریکی سێ یەکیو زۆری خۆش دەویست هەموکات بۆ نوێژە جەماعەتەکان پێش خۆی دەدا.. چونکە مەرجی یەکەمیان لە شەریکی نەفەوتاندنی نوێژەکان بو.

پاش ماوەیەك هاوسەرم گۆڕاو کەم کەمە پرسی شەرعی لێدەکردمو سوپاسی خوام کرد کە دوعاو نزاکانم گیرابون.. خوای گەورەش بە دڵی ئەو منداڵێکی جوانکیلەی پێبەخشین، مەوسیمی حەج هاتە پێشو بە قەد قوڵی دەریاو زەریاکان حەزم لە زیارەتی کەعبەو مەدینە بو بەڵام توانام نەبو ڕۆژانە لە وێنەی (کەعبە و مەدینە) ورد دەبومەوە.. خزمێکمان تەشریفی برد بۆ حەج.. دوعاو سەلامم بۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نارد بەو هیوایەی پەیوەندی ڕۆحی هەبێت.. کردمە واجب بەسەر خۆمەوە هەمو ڕۆژێ زیاتر لە (١٠٠) سەڵاواتم لە گیانی پاکی پێشەوایی مرۆڤایەتی دەدا.. ئەوانەی حاجیان دەیان وت دەموتو دەموتەوە.

نۆمینەی حاجیان لەگەڵ دەستە خوشکانی دەوامو بەرو دراوسێدا بە زیندوی ڕامان گرتو یەکتریمان بۆ پارشێو بە ئاگا دەهێنا.

لە کۆتا ڕۆژی نۆمینەی حاجیانەدا (R)ی مێردم ڕۆژی عارەفەی گرتو بەو کارەی زۆر زۆر دڵخۆش بووم، لەم کاتەدا وتەی پیاو چاکێکم بیر کەوتەوە کە لە بارەی هاوڕێوە دەیوت: هاوڕێ هەیە وەك (هەوا) هەموکات پێویستتە، هاوڕێ هەیە وەك (ئاو) چەند جارێك پێویستتە لە ڕۆژێکدا، هاوڕێ هەیە وەك (دەرمان) هەندێ جار پێویستتە لە تەمەندا هاوڕێی وەهاش هەیە وەك (دەرد) وایە هەتا لێی دوربیت کەمە.

جەژنی قوربان زۆرم هەوڵدا قوربانی بکەم بەڵام توانای ماددی زۆرم نەبو بۆیە بە دەغیلەی منداڵەکانو پاشەکەوتی خۆمو بڕێك پارەمەتی خەزورم توانیمان بە زیندوی ئەم یادەش ڕابگرینو (R)م نارد بۆ مەیانەکەو دوای ماندو بونێکی زۆرو هەستکردن بە خێرو چاکە، بەرانێکی گەورەی جوانی هێناو کردمانە قوربانی.. ئای لەو ساتە ڕۆحیە جوانانە زۆر خۆشحاڵ بوم بە هەمو کارێکی دینداریو خۆم لە خراپەی نەفسو ئارەزوو دەپاراست..

حاجیان هاتنەوە.. وەك ئێستا نەبوو بە تەنها (٤) سەعات بگەنەوە شاری سلێمانی لە

ڕێگەی نێرانەوە دوای مانگ و نیوێك گەڕانەوە.. نوێنەرانی کورد بۆ ئەو جێگە پیرۆزە.. یاخوا بە خێر بێنەوە.

پاش چەند ڕۆژێك خۆم و منداڵەکانم ئامادەکرد بچینە خزمەت ئەو خزمە نزیکەمان کە سەفەری حەجی کردبوو.. لە خۆ ئامادەکردندا بوین.. بەڕێزیان لە دەرگایاندا.. کوڕە گەورەکەم چو دەرگای لێکردەوە..

دەم و چاوێکی نورانی رویەکی گەش هاتە سەرەوە تێر تێر یەکترمان ماچکردو دوعاو سەلامی مێردەکەی و حاجیانی هاوڕێیانی پێگەیاندم ..

دیاری دایەدەستی منداڵەکانم.. سەرم سوڕما.. بۆچی تۆ هاتوی ئێمە بەتەمابوین بێینە خزمەتت..

ئەویش لە درێژەی قسەکانیدا وتی: بە قوربان تۆ جیتکردبوو ئەم ماوەی ڕابردووە!!

بەسەر سوڕمانەوە وتم: بۆ چی بووە؟

بەڕێزیان وتی: ئەوەندە من ئاگاداربوم ئەوەندە من خەریکی جێبەجێکردنی فەرزو سونەتەکانی حەج بوم تۆ یان لە پێشمەوە بوی یان لە تەنیشتمەوە یان لە دوامەوە بوی.. دڵنیام تۆ بویت.

بە پێکەنینێکەوەو لە دڵدا بە خۆشحاڵیەوە وتم: بزانە کێ بووە شێوەی لە من چووە ئەگینا من هەرلە شارابوم و حەجی چی بە قوربانت بم..

ئەو هەر سور بو لەسەر قسەکەی و دەیوت: هەرتۆ بویت روحیانەتت حەجی کردووە.. لە کۆتایدا خوا حافیزەی کردو ڕۆیشت منیش زیاتر خۆشەویستی پەیام و ڕۆحیانەتی پاکم بۆ دەرکەوت خۆم دڵنیا کردەوە کە خوای گەورە هەمو ئەرك و ماندوبون و ئیرادە بە هێزی و بەندایەتیەکانی لێوەرگرتوم و ئێستاش دوعای خێر بۆ هەمو ئەو خوشك و دایکانە دەکەم کە چوار دەورەکەیان لەگەڵیانا خراپن.. بەڵام کۆڵنەدەن ئیمان و دینداری چێژو بەهاو پاداشتی تایبەتی هەیە.. خەم خۆری بۆ ئەو خوشك و دایکانەی خۆیان دەکەنە پێشانگاو بە پێشکەوتنی لاشەیی ئەزانن بەڵام دڵنیام لە ناخ و ڕۆشنبیریدا ڕووخاون، ئەمە مشتێ بوو لە خەرواری تاڵی ژیانی ئیمانیم و کێوێ بوو لە سەرکەوتنی بێسنور.. سەرکەوتنیش هەر لەخواوەیە.

لە ئامۆژگارییەکانی کاک ئەحمەد شێخ

پیاوێکی شەربەت فرۆش لەشاری سلێمانیدا دەچێتە خزمەتی کاک ئەحمەد شێخ و عەرزی ئەکات:

(قوربان شەربەتی مێوژ دروست ئەکەم و ئەیفرۆشم زۆر پاکە... زۆرچاکە زۆر خەست و بێ غەشە..ئاوی بە ئەندازەی پێویست تێئەکەم.. بەڵام بازارم کەمە لە چاو دراوسێ دوکانێکما کە ئەو بە پێچەوانەی منەوەیە: ئاوی زۆری تێدەکات.. پاک و خاوێنی ناپارێزێ... دەست بە دەستنوێژ نییە... بەڵام بازاری لە من گەرمترە.. سەرفیاتی زۆرترە.. قازانجی زۆریش ئەکات...)

کاک ئەحمەد ئەفەرموێ: جا نیازت چییە؟

کابرای کاسب دەڵێ: قوربان هاتوم منیش وەک ئەوی لێبکەم.. تا بازارم گەرم ببێت، جەنابی شێخ ئەفەرموێ:

ئەکەی وای لێبکەی کەم و ئەخت بزی چاکترە لەوە. کابرا ڕازی نابێت چەند جارێک ئەچێتە لای دواجار کاک ئەحمەد ئەفەرموێ: ئاکامی باش نابێت.. کەیفی خۆتە.. چینەکەی بیکە.. بەڵام پەشیمان ئەبیتەوە.. لە کاتێکی تردا سەردانم بکە.کابرا دەڕوات و لەو خراپتر دەست دەکاتە کارکردن..ئاوی زۆر.. پۆخڵی لە دروستکرندا..بازاڕی زۆر.. سەرفیاتی چاک پاش مانگێک دەچێتەوە خزمەت کاک ئەحمەدی شێخ و بە دڵێکی خۆشەوە دادەنیشێ و پرسیاری لێدەکات:

بازاڕت.. کارت.. سەرفیات.. لە وەڵامدا کابرا دەڵێت:

زۆر باشە.. بازاڕم گەرمە.. پارەی باشم دەستدەکەوێت.. لە کابرا باشترە بازاڕو دوکانم..

کاک ئەحمەدی شێخ ئەفەرموێ: ئەی پارەکەی چۆنە.. لەچیدا خەرجی ئەکەی کابرا دەڵێت:

وەللاهی پارەی باشم دەست ئەکەوێ، بەڵام نازانم لە چیدا خەرجی ئەکەم.. بەرەکەتی نییە.. زۆرە بەڵام جێگە ناگرێت بە پێچەوانەی جارانەوە.. جاران پارەی کەم بەڵام بەرەکەتی زۆر.. پارەی کەم بەڵام لەشساغو سەلامەت بەماڵو منداڵو لاشەی خۆما.. پارەی کەم.. بەڵام قەناعەتو مورتاحی...

کاك ئەحمەدی شێخ ئەفەرموێت: ئەوە ئاکامی پارەی حەرامە.. کاری چاکە بەرەکەتی تێدەکەوێت..

کاری پاكو خاوێنو دڵسۆزی گەر پارەو بەرامبەری کەم بو بەڵام خوای گەورە لەو لاوە لە زۆر ناڕەحەتیو دەردو بەلا بە دوورت ئەکات.. ئەگەر توشیشت بو ئەوە دەبێتە کەفارەتی گوناهەکانت.

کابرا بڕیاریدا بگەڕێتەوە سەر کارو ڕەوشی جاران .. چونکە کاری خێر پڕ بەرەکەتە .

خەمی چۆلەکەو نیگای ئێمە ....

ڕێگای دوورو درێژی شارەکان[7] بە سەیارەی خۆش ڕەو چەندین کاژێری پیادەی بوومتە خولەکی کەم.. بەڵام یاسایەك لە نێوان شوفێرو سەرنشینەکاندا هەیە لەو ڕێگایەدا پیادە ئەکرێت ئەویش لادانە لەنێوان ئەو ڕێگایەدا دابەزینی خەڵکەکەیە بۆ پشوودان و حەوانەوە خواردنی نان و چایی و تازە کردنەوەی دەسنوێژو ئەگەر کاتی نوێژبوو لە یەکێك لە ژوورەکانی ئەو چێشتخانەیەدا کە تەرخانکراوە بۆ نوێژو نوێژەکەیان دەخوێنن.

ئەمە لەنێوان شارەکانی گەشت و سەفەربەیاشی بەرچاودەکەوێت.

ئێمەش لە سەیارەکەدا گۆج بووین هێندە دانیشتین لە لادانی سەیارەکە بۆ یەکێك لەو چێشتخانانە دڵخۆش بووین..

پاش کەمێك هەمومان دابەزین و هەرکەسێك بەلایەکدا ڕۆیشتین پاش پێنج خولەکێك لەناو هۆڵی چێشتخانەکەدا هەمو بەرەو ڕووی یەکتر لە سەر کورسی مێز گردبووینەوە کاکی شاگرد داواکاری هەمومانی بەدەنگی بەرز گەیاندە کاکی سەر چێشتخانەکەو پاش کەمێك خزمەت بابەتە داواکراوەکە لە خواردن بە گەرم و گوڕی و ئاوی ساردەوە گەشتە بەردەستمان..

پاش سوپاس گوزاری خوای گەورە لەسەر نازو نیعمەتەکان چوینە بەر ئاوێنەو سەر دەستشۆرەکە بە سابونە بۆنخۆشەکەی سەر دەستشۆرەکە چەوری دەستمان ڕاماڵی، بەرەو مێزێکی تر ڕۆیشتین بۆ چایی خواردنەوە، پاش خواردنەوەی چایی گەیشتینە لای کاکی پارەوەرگر، سەرمان قەبلاندو یەکی چیلکەیەکمان بەدەستەوە گرت بۆ ددان پاککردنەوەی لە چاوەڕوانی کاکی سایەق و چەند سەرنشیندا بووین.

---

[7] لە مسافرخانە (مطعم) نزیك میانە ئەمیش نزیکە لە زەنجانەوە لە ئێران .

دیمەنێکی زۆر سەیر سەرنجی هەمومانی بۆلای خۆی ڕاکێشا چۆلەکەیەکی زۆر جوان لەسەر گڵۆپی سەر پەنجەرەی چێشتخانەکە بوو لە جیکە جیکیو باڵە تەپێ سەرمان سوڕما.. بێچوەکانی دەستیان کرد بە ملە قووتێو لە هێلانەکەیاندا خۆیان چکۆلە کردەوە، چۆلەکەکە هەڵفڕی دەستپێکرد لە ئێمە نزیك بۆوە .. زۆر بەلامانەوە سەیر بوو لە ئێمە دوور کەوتەوە بەرەو سوچێکی دیوارەکە ڕۆیشت کە سەرنجماندا بەدووری چەند مەترێك مارێك سەری دەرهێناو بە نیازە بەرەو هێلانەی چۆلەکەکە بکشێت،چۆلەکەکە زۆر هەوڵی دا تا یارمەتی بدەین بەلام ئێمە حەزمان بەسەیرکردنی ئەو جەنگە دەکرد ئای کامیان سەردەکەون ؟!

پاش چەند خولەکێك ئێمە هیچ یارمەتی چۆلەکەکەمان نەدا مارەکەش تەنها مەترێکی مابوو بۆ هێلانەکەو خواردنی بێچوی چۆلەکەکە،چۆلەکەکە فڕیو لە ئێمە نائومێد بو دوورکەوتەوە، لە خەیاڵی خۆماندا وتمان ڕەنگە چۆلەکەیەکی تر بهێنێت لەگەڵ خۆی بۆ هاوکاری بەلام وانەبوو پاش چەند چرکەیەك زۆر بە خێرایی گەڕایەوە مارەکە تەنها دوو بستی مابوو دەمی کردبۆوە بۆ بێچوەکان، خاوەن مسافرخانەکە وتی:. ئەوە کەس غیرەتی نییە ئەو مارە بکوژێ پەلاماری دارێکی درێژی ئەستوری درێژی دا، بەلام ئێمە نەمان هێشت ڕازیمان کرد بە هاوکاری نەکردنییان .

مارەکە بێئاگا بوو لە هەوڵی چۆلەکەکە..چۆلەکەکە بە دەنوکە بچوکەکەی دڕکە زەردەیەکی گەورەیی پێبوو لەگەڵ دەمکردنەوەی مارەکە بۆ قەپالگرتن لە بێچووەکانو قوتدانیان چۆلەکەکە زۆر بەخێرایی دڕکە زەردەکەی خستە ناو زاری مارەکەوە مارەکەش دەمی داخستو هەستی بە ئازاری دڕکە زەردەکە کرد زۆر بە خێرایی کەوتە خوارەوە..

ئێمەش بەو دارە گەورەیە بەربووینە لاشەی مارە تاساوەکەو بێگیانمانکرد.

چۆلەکەکەش لە نارەحەتیەکی گەورە بە قودرەتی پەروەردگارو هێزی مێشكو بیری، خۆیو بێچوەکانی لە دوژمنی گەورە ڕزگارکرد.. زۆر بە ئاسوودەیی چۆوە سەر هێلانەکەی بێچوەکانی بە سەرکەوتنی دایکیان شادمان بوونو لە ژێر باڵی دایکیانەوە تەماشایان دەکردین.

بەڵێ ئازیزان ئەمە جەنگێکی دەستەو یەخە بوو لە نێوان زاڵمو بێتاواندا .. ئەمە ململانێیەکە بۆ مانەوە (الصراع من اجل البقاء) چۆلەکەکە لە ئێمە نائومێد بوو

بەلاّم بە پشت ئەستوری عەقلّیو توانایەکی زۆر کەم توانی سەرکەویّت بەسەر دوژمنیّکی سەر سەختدا.. کە چەندین هیّلانەی تری خواردبوو ئەم جارەش بۆی سەرنەچوو بەمەرگی خۆی گەیشتو ئیّمە کردمانە پەندیّکی زۆر باش بۆ ژیانی خۆمان.

هیوادارم ئیّوەش بیکەنە پەندیّکی زۆر باش کە ئیتر بەهیوای کەس نەبین بۆ هاوکاریمانو ڕزگارکردنمان لە دوژمن تەنها ڕەنجو ماندوو بونی خۆمان نەبیّت ، هیچ فریامان ناکەویّت بابیر بکەینەوە، شاعیریّك دەفەرمویّت:

لەدنیادا پشت بەهیچ کەس مەبەستە
ئەوەی مایەی ژیانە هیّزی دەستە
کەدەستت بوو هەمو کەس دۆست و کەستە
قسە و باسیان وەکو ماستاوی خەستە.

دەبا ئیّمەش دەست بدەینە دەست پشت بەکەسی تر نەبەستین تەنها خوای گەورە نەبیّت

دوو دایکی دڵڕەق

بە ڕەحمەت بێت نەنکم هەمو جارێك كە زۆرمان بۆ دەهێنا چیرۆك‌و حكایەتمان بۆ باس بكا چیرۆكی بۆ دەگێڕاینەوە، لە دوایدا دەمانگوت چیرۆكێكی تریش، ئەویش دڵی ناشكاندین‌و دەهاتە سەر باسی ئەو ئافرەتەی كە مێردەكەی نەمابوو، تەنها سێ كوڕی بچوكی لە مێردەكەی بۆ بەجێمابوو لە گوندێكی ئەو شارباژێڕە، كوڕە گەورەكەی بەتەمەن ١٣ساڵ بو شوانی مێگەلی ئاوایی بو، كوڕە ناونجیەكەی تەمەن ١٠ساڵ بو شوانی بەرغەل‌و كارژۆلە بو كوڕە چكۆلەكەی زۆر ئالودەی دایكی بو، ناو بەناو لەگەڵ مندالانی ئاوایی‌و شوانی قەل‌و مریشك بوو، تەمەن هەشت ساڵانە بو.

ڕۆژگارێك تێپەڕی‌و دایك كەلكەڵەی شوكردن كەوتە سەری‌و لە ئاواییەكەدا پیاوێك هاتە داوای، بەلام خەمێك لە دڵیدا بو، ئەویش منداڵەكانی بون، بەلام نەبونی‌و نارەحەتی ڕۆژگارو ئارەزووی خۆشی زۆرجار لەم دوودڵی‌و ڕاراییە دەیپچڕاند .. بەدزی منداڵەكانیەوە شوی كردو ڕۆژگار وەك ئێستا نەبو شایی‌و زەماوەندی بۆ بكرێ.. دوای دەرچوونی مەڕو ماڵاتی ئاوایی‌و دووركەوتنەوەی بەرغەلیش، كوڕە بچوكەكەی لەگەڵ منالان چوە دەرێ .. ڕۆژگار زۆر بەزوی تێپەڕێ، ژنە چووە ماڵی مێردی تازەو منداڵەكانی لە بیر چۆوە..بۆ ئێوارە كوڕەكانی هاتنەوە سەیری ماڵیان كرد دایكیان لەماڵ نیە، بانگی دایكیان كرد وەلام نەبو چونە ژوورێ.. بانگی دایكیان كرد: دایە.. دایكە گیان.. دایكە تۆ لەكوێی.. بۆ وەلام نادەیتەوە خۆت مەشارەوە ئەوە ئێمە هاتوینەوە.. وەرە باوەشمان بكەو نانی گەرم بخەرە بەردەستمان.. كوڕە بچوكەكەی ووتی: من لە نیوەڕۆوە هیچم نەخواردووە.. دایكم لەماڵ نیە.. زۆر گەڕام لەماڵ نییە ! ژنی دراوسێكەیان كاسەیەك خواردنی بۆ هێنان‌و چراكەی بۆ داگیرساندن‌و نانی بۆ ئامادە كردن.. كوڕە گەورە ١٣ساڵەكەی وتی: دادە هەمین گیان ئەوە دایكمان لەكوێیە .. بۆ كوێ چووە.. خۆ بەیانی نەیووت بۆ كوێ ئەچم؟! قورگی پڕبوو لەگریان، كوڕەكەی‌تری وتی:

ڕەنگە لەسەردان بێت! ژنی دراوسێیان وتی: نانەکەتان بخۆن بۆتان باس دەکەم..کوڕە بچوکەکەی وتی: چیمان بۆ باس دەکەی.. خۆ دایکمان وەك باوکمان نەمردووە .. ژنە بەدڵی خەمەوە نانەکەی دەرخواردان‌و پاشان وتیان: دەتوخوا پێمان بڵێ‌ادادە هەمین وتی: لەم دێیەدا دایکتان شوی کردۆتەوە بە (فلان) کەس، توخوا پێتان ناخۆش نەبێ ئەم قسەیەی کرد منداڵان دەستیان کردە گریان‌و زاری.. هاوار هاوار زۆر گریان زۆر بێتاقەت بون، بەلاّم خۆگریانیان نەگەیشتە ئەو پەڕی دێ..نەوشەوە کەس نەبو چرایان بۆ داگیرسێنێ ... جێگەی نەرم و نۆڵیان بۆ ڕاخات‌بە دەم گریان‌و شین‌و واوەیلاوە هەریەکەو لە لایەکەوە خەویان لێکەوت لە نیوە شەودا دایك دوای ماندوبونی زۆر لەلای مێردەکە.. بیری منداڵەکانی کەوتەوە مێردەکەی کردە خەوو بە خێرایی بەرەو ماڵەکەی خۆی گەڕایەوە .. کە سەیری کرد هەر منداڵەو لە لایەکەوە کەوتووە. جێگەی بۆ هەرسێکیان داخست‌و هەرسێکیانی بردە سەر جێگەی خۆی‌و داپۆشین‌و ماچێکی لە بچوکەکەیان کردو گەڕایەوە...

بەم شێوەیە.. چەند شەوێك بەردەوام بوو.. ناچار مێردەکەی دەریکردو بەڕوی زەردەوە هاتەوە لای منداڵەکانی‌و لەو کارە پەشیمان بۆوە..

لەگەڵ تەواو بونی چیرۆکەکەدا دڵمان پڕ دەبو لە گریان‌و فرمێسك دەزایە چاوەکانمانەوە بۆ ئەو دیمەنە ناخۆشەی منداڵەکان کە دایکیان بە جێیهێشتبون .. ئەمە تێپەڕی‌و ڕۆژگارەکان هەنگاویان نا.. ئافرەتێکی نزیکمان مێردەکەی بە نەخۆشی کتوپڕ گیانی سپارد.. دو کچی جوانکیلەی لە پاش بەجێما.. خێزانەکەی زۆر بێتاقەت بوو.. سکی هەبوو پاش چەند مانگێ کچێکی تریشی بوو،خزم‌و ناسیاو بەرو دراوسێ‌و خێرخوازان زۆر یارمەتیان دەدان، ئافرەتە ڕوی سپی بێت لەسەریان دانیشت بچوکەکەیان تەمەنی گەیشتە شەش ساڵان‌و هەمویان باڵایان بەرز بۆوە هەر جارێك کەسێکی خێر خواز خێری بکردایە بەشێکم بۆ ئەو منداڵە جوانکیلانە دەبرد، هەمو جارێك دوعای خێریان بۆ خێرخوازەکە دەکرد، ئافرەتەکە هەمو جارێك کە دەکەوتە قسە کردن دەیوت: من چییان لێبکەم ئەگەر یەکێکیان کوڕ بوایە کارێکم پێدەکرد بەلاّم من چی بڵێم !!

پیاوێکی هاوسێیان ماڵی ئاوا بێت زۆر هاوکاری دەکردن‌و ئامۆژگاری دایکیان‌و منداڵەکانی دەکرد، لە دەزگا خێرخوازییەکان ناوی نوسین بەلاّم بەختی خۆیان هیچیان بۆ

دەرنەچوو. لەماوەی ڕابردوودا بەرگوێم کەوت کە بەنیازە شو بکاتەوە.. ئەم درۆیە بو بە ڕاست.. سەربەهەوێ شوی کرد، منداڵی سەرو پێچکەی بەجێهێشتن‌و ڕۆیشت.

پیاوێکی دراوسێیان بە سەیارەکەی منداڵەکانی دەبرد بۆ قوتابخانەو دوای تەواو بون دەهاتنەوە ماڵەکەی خۆیان‌و هەواری خاڵی، بەڵام ئەم پیاوە خێرخوازە بە سەیارەکەی ئەم سێ کچە جوانکیلەیەی دەبردەوە ماڵی پوری‌و بەم شێوەیە دەگوزەران..

منداڵێکی ناوی دەرچو لە دەزگای خێرخوازی بە موچەی مانگانە، کچە گەورەکەشی لە قۆناغی ناوەندیدا بەم هەمو خەم خەفەتەوە سەرقاڵی تاقیکرنەوەی سەری ساڵ بو.. کچە ناوەنجییەکەشی بە چاوی پڕ ئەسرینەوە چاوەڕوانی ڕۆژگارێکی ڕونە.. بەڵام لەلای کێ.. لە کوێوە؟؟

بەڕێزان ئایا دەبێت چارەنوسی ئەم سێ کچە جوانکیلەیە بەچی بگات،ئایا ئەم ئافرەتە بیری ناکەوتەوە کە هەمو جارێك مامۆستای ئاینی پێی دەفەرمو: کچە باشەکەم ئەم سێ منداڵە پێبگەیەنە .. بە چاکی‌و ڕێك‌و پێکی.. خەڵکی هاوکاریت دەکات‌و لە بەهەشتی بەریندا لە شانی پێغەمبەری مەزنەوە دەبێت،چونکە پیغەمبەر درودی خوای لەسەربێت فەرمویەتی: (من‌و ئافرەتی خاوەن منداڵی بێباوك شان بە شانم لەگەڵ دەکات بۆ چونە بە هەشت) .. بەڵام خۆ خراپی نەکردووە شوی کردۆتەوە.. لەلایەکی ترەوە دەبوایە سەرەتا ڕێگە چارەیەك بۆ منداڵ‌و چارەنوسیان دیاری بکات.

لە کۆتایدا خوای گەورە یەکی کەس ناخات ئایا ئەم ئافرەتەش بە ئاکامی چیرۆکی یەکەم دەگات یان نا؟ ئەوە ئێوە زیندو منی خاوەن خەمی بێکۆتا مردوو چاوەڕوانی ئاکامین.

خوای گەورە پاداشتی هەمو ئەو کەسانە بداتەوە کە یارمەتی بێباوکان دەدەن .. خوای گەورە پاداشتی هەمو ئەو دایکە دڵسۆزانەش بداتەوە کە تەمەنی جوانیان بە خشیوەتە کۆرپەی ئەمرۆ ئەوەی دوا ڕۆژ کە بە پەروەردەیەکی دروست گۆشیان دەکەن .. سەرکەوتو بن انشاء الله .

دوعای ستەم لێکراو

چەندە لە تاوانەکانی ڕابردوی بەعس بدوێین کەمەو هیچمان نەدرکاندووە ئاسودەیی بۆ ئەمرۆ تیا بێت، بەعس ئەو پارتە بو بۆ بوژانەوەی شتێك هاتو شتێکی تری پێئەنجامدرا.

بەعس کۆمەڵێ کاری نامرۆڤانەی کرد، پێویستە وانەو پەندی لێوەربگرینو بە خۆمانو خزمو هاوڕێو شارو شالیارو دەسەڵاتەکانی ئەمرۆ بڵێین کارو فەرمانەکانی ئەو دوبارە نەکەنەوە گۆرانی بە باڵای یاساو کردەوەکانیان نەڵێن.. ڕاستە بەعس کاری خراپی کرد ئایا چ وانەیەکمان لێوەرگرت؟

ئایا ئازادی دابو بە تاکەکانی کۆمەڵگە؟ ئایا نرخی مرۆڤی وەك مرۆڤ دەگرتو ئاسودەیی هەبو؟

ئایا هەرچی لە حزبو لەژێر دەستیا نەبوایە وەك مرۆڤو کەسی خزمەتکاری کۆمەڵگە سەیری دەکرد زەربی سفری پڕبەها دەکرا؟ ئایا کردەوەی ئەو ڕەنگی نەداوەتەوە لە ئێمەدا.. ئایا کردارەکانی بەعس بە کوردی پیادە ناکەین؟

بەعس زۆری کرد تا هاتە سەر تەختەی حوکمڕانیو بەئارەزوی خۆی حوکمی کرد لە چاكو خراپ بەڵام چونکە حزبەکەی خراپەی زۆر بو ئێستا لە ڕیسوایی قەفەسی دادگای بەردەمی مرۆڤو ڕۆژگاری مێژوو بە زەلیلی ڕاگیراوە.. ئاهو نزولەی خەڵکی بێدەسەڵات ئێستا ئەوانی بێدەسەڵات نەکردووە؟؟ ئەی هۆزەکەم هاوڕێو هاوسێو سەرکردەکانم..

هەوڵتان دا هاتن.. جوان پەروەردەمان کەن.. ستەمان لێمەکەن بە هەمو شێوەیەك تا نەبنە تەواوکەری کاری پیاو خراپان.. جوان بمانژێنن با لە قەفەسی مێژودا بە کزۆڵی نەبینرێنەوە.. ئەمە یاسای ژیانە.

هەوڵبدە.. سەردەکەوی.. تاوان مەکە.. سەرکەوتو شاد دەبیت.. گەر وانەبوی هەرەس چاوەڕێتە..

لە ناوەڕۆکی تاوانێکی بچوکی بەعس دورت ناخەمەوە ساڵی ١٩٩١ بوو هەمو خەڵکی بە ماڵو منداڵو شرو شیتاڵیانەوە لە سنوری (ئێران تورکیا) توند بون.
لەو لاشەوە چەند گەنجێك لە وڵاتی (سعودیەو کوێت) دوو ڕاپرسیان لێوەرگیرا.. کە دیلی جەنگ بون.

١. ئایا دەچنە وڵاتی خۆتان عێراق؟
٢. ئایا لێرە دەمێننەوەو درێژە بە ژیان دەدەن یان دەچنە هەندەران و ئەمریکا؟

هەندێك بڕیار یەکەمیان هەڵبژارد، هەندێکیش بڕیارو ڕاپرسی دووەم. بەڵام کەس ئاکامی نازانی.
کاك (فەیسەڵ کوڕی مام ڕەحمانی نارنجلە) بڕیاری گەڕانەوەیدا بۆ خاکی عێراقو شادبونەوە بە خاکی کوردستانو کەسو کارەکەی.
فەیسەڵ بێئاگا لە خاکی کوردستانو ڕاپەڕین ئاوارەبون، لە ڕێگەی بەغدادەوە گەڕایەوە شاری سلێمانی، بەڵام شاری چیو وڵاتی چی؟
لەگەڵ داغڵ بون بە شار چۆڵەوانیو سەربازەکان پێشوازیان لێکرد، سەربازەکانی ڕژێم کەبە ترسو لەرزەوە بە ناو شاردا دەگەڕانو هاتو چۆیان دەکرد، هەواڵی ئاوارەبونی خەڵکی شاریان بە فەیسەڵ ڕاگەیاند.
کاری ڕۆژانەی سەربازەکان شکاندنو برینی ئەو دوکانو شوێنە گشتیانە بوو کە سەرچاوەی خواردەمەنیو کەرەستەی جوان جوان بون.. خەڵکێکی ناو شار گەر لە دڵەوە بە کردەوە تورە ببوایە ئەوا خراپیان بەسەر دەهات..
فەیسەڵ هاتەوە ماڵی خۆیان ماڵ چۆڵو هۆڵ.. گەڕەك چۆڵەوانی.. نایزانی چی بکات بە پیاسەو گەڕان چوە ماڵی خزمەکانی ئەوانیش چۆڵەوانیو دەرگایان کلیل دابوو ڕۆیشتبون دوا نیوەڕۆیەکی چوە ماڵی پوری لە یەکێك لە ماڵەکانی (شێخ محی الدین) تەنها پوریو مێردی پورەکەی کە زۆر بەتەمەنو پیر بون لە ماڵ بەجێما بون.. پوری بە گەڕانەوەی فەیسەڵ زۆر خۆشحاڵ بوو ماوەی چەند ڕۆژی لەوێ مایەوە.
بەڵام بڕیاریدا کە بچێت بەدوای ماڵی باوکیاو لە ناوچەی هەورامان بیاندۆزێتەوە.. ڕۆژگارەکان تێپەڕینو ماڵی باوکی فەیسەڵ گەڕانەوە.. بەڵام فەیسەڵیان لە گەڵ نەبوو.. هیچ ئاگایەکیان لە فەیسەڵ نەبوو، ڕۆژێك حاجی ڕەحمان سەردانی ماڵی خوشکەکەی کرد لەوێ باسی فەیسەڵو گەڕانەوەی هاتە پێشەوە، باسی لێوەکرا..

ڕەحمانی باوکی سەرسام بوو چۆن فەیسەڵ گەڕاوەتەوەو ئەم نەیبینیوە؟!
پوری زۆر بە جوانی بارودۆخەکەی بۆ باسکرد.. کە فەیسەڵ نیازی درێژەدان بە ژیانی لە ناو کەس‌و کاردا زۆر پێخۆشتر بووە وەك لە ژیانی هەندەران‌و غەریبی‌و غوربەت.
کێچ کەوتە کەوڵی مام ڕەحمان‌و هەرچەندە دەیپرسی سەرو سۆراغی فەیسەڵ نەبوو، بڕیاری دا بچێت بۆ (لیواو فەصیل)و شتەکانی بەڵکو ئەمە خوایە، فەیسەڵ گەڕابێتەوە عەسکەری.
ڕۆژێکی دیاریکرد.. بەجل‌و بەرگی کوردییەوە بەرەو کەرکوك ڕۆیشت لەوێ ڕەوانەی شاری بەغدادیان کرد.. بۆ یەکێك لە سەربازگەکان (معسکرات).
لەوێ ئامر لیواو چەند عەسکەرێکی پلەدار پێشوازیان لێکرد. پێیان ڕاگەیاند کە فەیسەڵ فیراری کردووەو نەگەڕاوەتەوە خزمەتی سەربازی ..هەر لەویا بۆی دەرکەوت کە فەیسەڵ بە دەستی سەربازەکان کوژراوە.. بۆیە ڕەحمانی جەرگسوتاو بڕیاری گەڕانەوەی دا..
بەڵام ئامر لیوا وتی: ئادەی دوو عەسکەر بەو جێبەوازە بگەیەننە شوێنێك لەوی بیکوژن.
ئەم فەرمانە بۆ ئەوان ئاسان بوو جێبەجێ کردنی ئاسان بوو، بەڵام بۆ مام ڕەحمانی جەرگسوتاوی غەریبی لانەواز زۆر ناڕەحەت بوو.. چاوەڕوانی مەرگ زۆر گرانە..دوو سەرباز بە جێبێکی واز لە بەیانی سەعات هەشتەوە بەڕێکەوت بەرەو بیابانی چۆڵ‌و کاکی بە کاکی نزیك عەسرێ گەیشتن..
مام ڕەحمانیان دابەزاند.. سەربازەکان وتیان: لە ڕاهی خوادا ناتکوژین.. بۆ خۆت لێرەوە بڕۆ..ڕاستە نەیانکوشتم.. بەڵام منێکی ناوچەی هەورامان لەم بیابانە چۆڵ‌و هۆڵ‌و بێئاو وبێنان ئاکام‌و سەرئەنجامم چی دەبێت؟! ئەوان گەڕانەوە بە گاڵتە جاڕییەوە وتیان: مع السلامە ..
لە دڵی خۆما زۆر بەزەیم بە خۆما هاتەوە.. زۆر دڵگران بوم بۆیە وتم:
خوایە گیان .. من بەندەی تۆم تۆ خوای بە ڕەحم‌و بە توانای.. من زوڵمم لێکراوەو تۆش خاوەنی هەموو شتێکی.. لەم چۆڵەوانییەدا.. لەم ناڕەحەتی‌و بێتوانایی‌یەدا بگەیتە فریام.. هەنگاوم نا.. هەنگاوم نا.. زۆر ماندو بووم.. نامزانی بەرەو کوێ بڕۆم بۆ کوێوە ڕێگە بگرمە بەر.. تەنها بەرێڕەوی جێبەکەدا گەڕامەوە..

بارەشی ناو بیابان و گەرماو نارەحەتی ئەم وەرزی هاوینە.. هەمو شتەکانیان لول دەکرد.. لە پڕ کێوێك لە لم دروست دەبوو پاش کەمێك تەخت دەبوو.. باکەی زۆر گەرم و نارەت بوو.

هەر ڕۆیشتم هەر ڕۆیشتم تاریك داهات.. گریام .. گریام ..زۆر گریام.. پاڕامەوە بە تەیموم دەستنوێژم گرت..

مشکی یەکەی سەرم داگرت و بلاوم کردەوەو دامخست و بە مەزندەی عەقڵی خۆم روم لە (قیبلە) کرد چەند ڕکات نوێژێکم خوێند.. ئای کە تامی ئەو نوێژانە شیرین بوو..

ئای خەم و پەژارەشم چەند زۆر بوو.. برسێتی و تینوێتی بونە میوانم..ترس و خەم هاوڕێم بون..

ئەو بڕیارەی سەربازە دڵ ڕەقەکان دابویان کوشتنێکی هێمنانەی من بوو.. مردن هەنگاو هەنگاو بەرەو ڕوم دەهات و منیش لێی نزیك دەبومەوە..

بەلام هەرچەندەم توانی زیکرو فیکرو تەسبیحاتم کرد.. دوعا دوای دوعا.. هەرچیمزانی دەمخوێند..

باشە ئەبێ کەسێك لەم چۆڵەوانیە فریام بکەوێت؟!

لە دورەوە تروسکایی و ڕوناکیم بەدی کرد.. ئەوە چییە!!

تا دەهات نزیك دەبۆوە چەند مەترێکم مابو بیگەمێ بۆم دەرکەوت (تراکتۆری جوتە) عەنتەرێکی تازە کوڕێکی گەنج دیاربو بە جامانەکەی دەماخێکی کردبو، جوان سەرو گوێلاکی خۆی پێچابوو..

دەستم لێراگرت.. لێیپاڕامەوە بەم زمانە کوردییەی خۆم کە لە ڕاهی خودا لە ئاوەدانیم نزیك بکاتەوە..

هەرچۆنێك بوو ڕازی بوو بەسەر ئامازەی بۆکردم کە لە دوا خۆیەوە سواری تراکتۆرەکە ببم.. ئەی سوپاس بۆ تۆ خوایە..

ئەو ماوە دورو درێژە ڕۆیشتین ڕۆیشتین ناوبەناو دوعام دەکردو جار جار پرسیارم لێدەکرد .. بەلام ئەو سەیرێکی دەکردم و هیچ قسەی ناکرد..

ئەو فرە فرەی مەکینەکە لەلام دەنگێکی زۆر خۆش بوو.. ئاوزێك بوو کە جارێکی تر هیواو ئاواتی بۆ دروستکردم بەرامبەر بە ژیان و گەڕانەوەم.. یەك وشە چییە ئەم

سایەقە نەیدرکاند (وەلا کەلیمە) ماوەی چەند سەعاتێك بە خێرایی تراکتۆر ڕۆیشتین.. لە دورەوە ئاوەدانیم بەدیکرد.. زۆر زۆر بوون..
مەکینەکە وەستا منیش دابەزیم‌و زۆر سوپاسم کرد.. پشتم کردە مەکینەکەو ڕووەو ئاوەدانی ملمنا.. هەموی چەند چرکەیەکی نەخایاند ئاورم دایەوە باوەڕبکەن .. باوەڕ بکەن.. ئەگەر باوڕیش ناکەن کەیفی خۆتانە ئەو مەکینە زلە .. ئەو دەنگە زلە دیار نەماو بزر بوو..
کێشام بەسەری خۆماو هاوارم کرد.. خوایە گیان زۆر سوپاس ئەو فەزڵەت پێبەخشیم.. زۆر سوپاس خوایە.. بۆم دەرکەوت ئەو کارەی کابرای تراکتۆر لەگەڵ من کردی تەنها فریشتەی فریاد رەسبوو.. خوای گەورە بۆ ڕزگاری من ناردبوی (خەواریق بو هیچیتر) پاش چەند سەعاتێك لە نیوە شەو گەیشتمە ئاوەدانی‌و لە ماڵێکی عەرەب لامداو حاڵ‌و مەسەلەکەم بۆ گێڕانەوە..
کابرای عەرەب زۆر نیگەران بوو بۆ بەیانی گەیاندمیە ناو شاری بەغدادو سواری سەیارەی سلێمانی کردم‌و بەرەو شار گەڕامەوە..لە ناو هەمو گەلێکدا مرۆڤی خراپ هەیە.. با هەمویان وەك یەك سەیر نەکەین.
ئیتر بۆم دەرکەوت خوای گەورە چۆن فریای ستەم لێکراو دەکەوێت ئەگەر مرۆڤەکان بە پاکی‌و بە جوانی داوا لە خوای خۆیان بکەن.. بۆم دەرکەوت خوای بەخشندە جارێکی تر ژیانی بە منی جگەرسوتاو بەخشییەوە.
لەگەڵ تەواو بونی هەمو سەربوردەکەدا بەلاچکی مشکیەکەی سەری چاوە پڕ فرمێسکەکانی دەسڕی‌و دەیوت: خوای گەورە حەقی ئەو هەمو ستەم لێکراوانە بستێنی. ئەمڕۆ سەدام جەرگی سوتاو.. سەرگەردان لە بەرزترین پلەی خۆش گوزەرانیەوە بۆ نزمترین ژیانی بەندی‌و ڕیسوایی.. بۆ بەردەم ناحەقییەکانی خۆی کاردەکات..
بەڵام بەداخەوە مام ڕەحمان نەماوەو وەفاتی کردووە.. پێویستە ستەمکاران بە کارەکانی خۆیاندا بچنەوە.. چاوی ڕەحم‌و سۆزیان لە ژێر دەستەکانیان بێت لە هەر جێگەیەك هەن..

زۆر سوپاس بۆ برای بەڕێزم کاك (غیدان قادر).

مەرکەزەکەی چوارتا چی بەسەر هات!

حەقی قەدەری ئیلاهیم نییە، ئەگەر خوا شتێکی لە چارەنوسی دەبێت بێتەدی، چەند خولەکێکیتر درەنگتر لە ماڵ بهاتمایەدەر وەك ئێستام لێناهات، یان ئەگەر ڕۆژی دواتر بوایە شێوازەکەم دەگۆڕا، ئەمە خەیاڵو بۆچونی هەرزەکاری ئەو ساڵانەم بوو.

بەڵام ئێستا تێدەگەم کە هەمو ئەگەرەکان بە دەستی خوای گەورەیە، لە ماڵ بومایە، لە هەردو کەژوکێو بومایە یان لە بەرەکانی جەنگ یان پێشمەرگەی دێرین دەبوایە ئەم ڕوداوەی ئێستام هەر بەسەر بهاتایە زۆر سوپاسی خوای گەورەش دەکەم کە وەك ئەو خەڵکەی ترم بەسەرنەهات، کە کەس لاشەیانی نەدۆزییەوە یان بە گوێنی پارچەیان کۆکرایەوە..

بۆ ئەم یادەورییە تاڵە بۆ سی ساڵ دەگەڕێمەوە دواوەو چاوەکانم لێکدەنێم هزری خۆم لە شلەقان دەردەکەم، بۆ ئەو ساڵ یادە ناخۆشە دەدوێم، حەز نەکەن هاوڕێم بن؟!؟لەم قەزا گەورەیەدا تەنها یەك بنکەی پۆلیس هەبو، گرتن‌و گواستنەوە لەم قەزای چوارتایەدا دەگوزەرا هەمو فەرمانگە حکومیەکان لێرە کارەکانیان ڕادەپەڕاندو سەرچاوەو گەڕانەوەی دەرچونەکان‌و دەهاتنەوە ئێرەو ئێرەش بنکەی یەکەمی بو،خەڵکێکی زۆر لەم قەزایە دەژیان چەندەها گوندو ناوچەو ناحیە دەهاتنەوەو سەربە چوارتا بون، ڕۆژدەبۆوە لە هەمو ئاواییەکانەوە بگرە لە شاری سلێمانیشەوە فەرمانبەرو هێزی خاوەن بازو کارو پیشە بەرەو چوارتا دەهاتن گرنگی تایبەتی پێدرابو لە دێر زەمانەوە، ئەو کاتە خوێندکاری سێیەمی ناوەندی بوم، چەند ساڵێك بو لە قوتابخانە دەمخوێندو هیوایەکی گەورەم بۆ خۆم دیاریکردبوو، بەڵام ئایا ئەم هیواو ئاواتانەم لەدوای ئەم کارەساتە ڕوخان‌و تیاچون‌و نەمان یا بون بە ئیرادەیەکی زۆر پتەوتر بۆ ژیانی ئێستام لەگەڵم بن بۆ ئەم گەشتە کورتەی تەمەنم.

دنیام زۆر خۆش دەویست خۆشەویستی خاكەكەم لە خۆشەویستی ژاكاوی گەنجانە لەلا بەبەهاتر بو، هەر بەو عیشقەوە بەرەو دەروازەی خوێندگا دەڕۆیشتم، كەش‌و هەوا بەنیسبەت ئەم شارۆچكەیەوە بەهارێكی ناسك‌و جوان بوو، هەرچەند ئەم ساڵیادەم لێدەر دەكەوێت بارێكی نائاسایی دەرونیم لەلا دروست دەبێت، بەڵام ئیرادەی بەهێز، هێزدارم دەكات. بەرواری (١٩٧٧/٤/٦) بوو ئاخ.. ئاخ لەو چركە ساتانەی ئاخ؟!

كاتژمێر (٧,٢٥) دقیقەی سەرلە بەیانی بوو لە دەرگای ماڵەكەمان هاتمە دەرێ‌و كتێبەكانم بە دەستەوە بو بەرەو ناوەندی چوارتا بە چاوی پڕ ئومێدو هەناسەی بەهارییەوە هەنگاوم دەنا.. ئەو زرمەیەی لە دوری چەند مەترێكەوە بەر گوێم كەوت تاساندمی‌و هێزەكە زۆر بەهێزتر بوو لە توانای منێكی لاوی خوێن گەرم.

بەرچاوم تاریك بوئازارێكی زۆر لە تاسییەوە بردم‌و لە هۆش خۆم چوم..

خەڵكی دەڵێن لە ماوەی یەك چركەدا دوو بینای كۆنكرێتی حكومی خاپوربون ئایا ئەمە چۆن ڕویدا لەو بەیانەدا لەو سەرەتای كارو فرمانەدا چی ڕویدا خەڵكی شارۆچكەی چوارتا لە دوكەڵێكی ڕەشی زۆر بەو لاوە سەرەتا هیچیان نەبینی، پاشان وردە چەوو كەرەستەی بیناكان لە ئاسمانەوە دەهاتنەوە سەر زەوی ئای لەو هەواڵە ناخۆشە درا بە گوێی خەڵكیدا.. هەرخەڵك بوو خۆی دەشاردەوە هەندێكیش بەرەو سەرچاوەی تەقینەوەكە ڕایان دەكرد.. لە هەمو دێهاتەكانی ئەم شارۆچكەیەوە دەنگەكە بیسترا پاشان دوكەڵەكەشی دەركەوت.

پاش چارەكە سەعاتێك دنیا ڕوناك بۆوە دوكەڵەكە تۆزێك هێواش بۆوە ئاسمانی چوارتا بووە هەورێكی ڕەش لە دوكەڵ..

ئای كە ناخۆش بوو.. یاخوا ئەو ڕۆژە وەك ڕۆیشت نەگەڕێتەوە، شارو شارۆچكەكەمان ڕوداوی وەها بە خۆیەوە نەبینێتەوە ئەمە چۆن ڕویدا؟ قوربانیەكانی چەند كەس بون؟ پەندو ئامۆژگاری بۆ ئێمە چیبو؟ ئەی كێ بەم كاری تەقینەوەیە هەستا؟

ئایا بەڕێزتان چۆن دەدوێن‌و چیتان بەسەرهات؟

ئایا خەڵكی چۆن باسی ئەم ڕووداوە ناخۆشە دەكەن؟

ئایا ئێستا ئەم جێگەیە چۆڵە یان حكومەتی عیراقی بینای كردەوە؟ ئایا قەرەبو درایە زیان لێكەوتوان؟

ئەم پرسیارانەو چەندانی تر لە بەڕێزیان دەکەین کە لە سەرەتاوە بۆمان دواوە ئەو کەسە نازیزەش جەنابی کاك (کەمال جلال مستەفا)یە کە تەنها کەس بوە لە چوارتادا کەم ئەندام بوبە هۆی لە دەستدانی قاچی ڕاستیەوە ئەو بەیانیە کەوتمە ڕێگا تازە خەڵکی وردە وردە بەرەو فرمان دەڕۆیشتن، چەند پیاوێکم لێوە نزیك بوو کە دەنگی تەقینەوەکە هات ئەوان خۆیان دابە زەویداو من فریا نەکەوتم.. کاتێك هۆش خۆم هاتمەوە چەند ڕۆژێك بەسەر ڕوداوەکە ڕابردوو لە خەستەخانەی جامیعەکە لەسەر قەرەوێڵەیەك خۆم بینیەوە باوكو براو مامو خاڵو کەسوکارم لە دەورم بون.. بە چاوی فرمێسکاوییەوە بۆیان دەڕوانیم، زۆر نیگەران بوم چاوەکانم لێك نایەوەو لە خەوێکی قوڵدا ڕۆچوم،زرمەو ناڵەی تەقینەوەکە لە مێشکما دەنگی دەدایەوە.. تا ئەو کاتەش نەمزانی چیبو چی نەبو، پاش نیوەڕۆ بە ئاگا هاتمەوە.. لە بەیانی زیاتر خزمو کەسوکارم لە دەوربون.. بەسەلامەتی من هەندێکیان سەرسام بون، بەڕێزەکەم تا ئەو کاتەش ئازارم زۆر بو بەڵام نامزانی چیم بەسەرهاتووە، دەمپرسی بۆ داخدارن؟؟ بۆ وا فرمێسك دەبارێنن خۆ من زۆر باشم چی ڕویداوە؟!!

لای ئێوارەکەی دکتۆرەکان هاتن بۆ تەداوی‌و تیمارکردنم.. دانەیەکیان زۆر دڵخۆشی دامەوە زۆر بە جوانی باسی قەزاو قەدەری ئیلاهی‌و کاریگەری دەوروبەری بۆ کردم.. پاشان کەوتە تیمارکردنی لاشەم، هەستێکی نامۆ لە ناخمدا سەری هەڵدا.. ئەم دکتۆرە بۆ هێندە بە دەوری قاچمادێت، خۆم پێنەگیراو لە پڕ تاوم دایە بەرخۆمو سەیرم کرد.. ئای لەو دیمەنە.. ئای لەو ناڕەحەتییەی بەسەر مندا هات.. ئای گەنجێتیم فەوتا.. هیواو ئاواتەکانی ڕابردوم بونە سەرابێكو پوکانەوە.. کوا.. لە کوێیە.. چی بەسەر هاتو ڕانو قاچ.. ئەی هاوار.. بۆ وام لێهات باوكو براو دکتۆرەکان زۆر بە ناڕەحەت هێوریان کردمەوە، تێیان گەیاندم: دەبێت خۆ ڕاگربیت لەبەر خوادا.. سوپاس بۆ خوا بەس نییە زیندویت.. سوپاس بۆ خوا بەس نییە هەردو قاچت نیە، سوپاس بۆ خوا بەس نییە وەك کەسانی تر لاشەتیان تەسلیم بە خاك نەکردوە!! زۆر گریام.. زۆر ناڕەحەت بوم.. زۆر زۆر بێهیوا بوم لە ژیان.. ئای چیم بەسەرهات!! تازە ناتوانم وەك جاران بەناو زەوی‌و کەژو کێو وبەراوەکاندا بە ئارەزوی خۆم گوزەر بکەم! تازە ناتوانم لە هاوڕێکانم دابڕام !! ئەوان یارییە جۆراو جۆرەکان ئەکەنو بەقاچەکانیان ڕادەکەن، بەڵام من تەنها خەمو خەفەتو حەسرەت.. خوایە گیان شوکرم بەبەشت.

ئای بەرێزان لەو ساتانە چەند ناخۆش بون!!
شەوێ تۆزێك هۆش خۆم هاتمەوە.. بەناچاری سەبوری خۆمدا.. داوام لە باوکم کردکە درێژەی ڕوداوەکەم بۆ وەگێڕێت، ئەگەر چی ئازاریشم زۆر بوئەویش دڵی نەشکاندم وتی:
لەگەڵ زرمەی تەقینەوەکەدا پارچە بلۆکێك لە قاچی داویت و بردویەتی یان پارچە ئاسن و شتی تر بوبێت،
مەرکەزەکەی پشت ماڵی خۆمان تەقیوەتەوە.. زۆربەی خەڵکەکەی دەڵێن: ٢٠ صندوق تەقەمەنی (T.N.T) هاتبو بۆ مەرکەزەکەو لەوێوە بۆ ڕێکاوبانەکان دائیرەی ئیشغال بەکاری بهێنێت، بەلام ئەو ڕۆژە کە ڕێکەوتی شەممە تەقیوەتەوەو مەرکەزەکەو فەرمانگەیەکی نزیك خۆی خاپور کردووە.
باشە بابە گیان کێ ئەم تەقینەوەی ئەنجامداوە؟
ڕۆڵە گیان کەس نایزانێ بەلام بۆچونەکان زۆرن گوایە دەڵێن: ڕەنگە ئەم موادە خۆی گەرمی بەرکەوتوەو تەقیوەتەوە،
هەندێکیش ئەڵێن: ڕەنگە حەرەسەکە بەمەترسی نەزانیبێ فتکە جگەرەی تێفرێداوەو تەقیوەتەوە.
هەندێکیش ئەڵێن: پێش تەقینەوەکە دەنگی تەنها یەك فیشەك هاتووە.
هەندێکیش ئەڵێن: ڕەنگە تەوقیت کرابێت ، بەلام لە کاتی ئیدامەدا تەقیوەتەوە.
ڕۆڵە گیان سوپاس بۆ خوا کە ئاوا دەرچویت ئەوانەی لە ناو سجنەکەو لەناو فەرمانگەکەو دەرەوەی فەرمانگەکەدابون هەمویان کەس نەیتوانیوە پارچەشیان بدۆزرێتەوە.. پارچە پارچەو هەپرون بە هەپرون بون.
لە قسەکانی باوکم سەرم قورس بو، بەرچاوم تاریك بوو، بە فێنکی ئاوی دەستی دکتۆرەکان هۆش خۆم هاتمەوە.. شەوگار چەند سەعاتێکی لێڕۆیشتبو، بە بێئاگای ڕابردبوو. باوکم بە خەفەت و پەژارەوە وتی: بەڵێن بێت ئیتر هیچت لەو کارەساتە بۆ نەگێڕمەوە. شەوگار بەدەم ئازارو نارەحەتیەوە چرکەکانیان دەبونە سەعات و سەعاتەکانی دەبونە ساڵ. لە مەلا بانگداندا تۆزێك چاوم گەرم کرد.. ئەو حەپ و دەرزیانە کاریان تێکردم و چومە دەریای بێخودی و بێهۆشییەوە.
ئای نیعمەتی لەش ساغی چەند خۆشی ئیمامی مزگەوتی چوارتا هاتە سەردانم کە دۆستێکی نزیك باوك و مام بو ئەمەش کاتی (مواجە)بو بەرێزیان مەوعیزەی

خۆشیان خوێندەوە لەوانە کە زۆر کاری تێکردم (نیعمتان مغبون فیهما کثیر من الناس الصحة والفراغ) ئەوەی مرۆڤەکان بێئاگانو هەستی پێناکەن دوو نیعمەتی گەورەن کە (لەش ساغیو کاتی بە تاڵییە) بە ڕاستی جوانی فەرموو پێغەمبەری بەهەزاران درودو سەلام بۆ گیانی پاکی. بەڵێ: بەڵێ تا ئەم ساتانەش گەنجێکی سەرمەستو خوێن گەرم بوم هەستم بە نیعمەتی لەش ساغی نەکردبو. قسەو بیرو بۆ چونم زۆر جیاواز لە جاران گۆڕا..

لەدوای ئەوان مامۆستا نجم الدین کە ئەو کاتە (مطبق) بو لە قوتابخانەی سەرەتایی چوارتاو خزمی نزیکم بو وتی: کاکە کەمال گیان بە تەما بوم بچم بۆ قوتابخانە لە پاش تەقینەوەکە بە چەند خولەکێ هاتمە دەرەوەو بەرەو مەرکەزەکە ڕامکرد بەڵام سەرنجمدا تۆ کەوتبوی حاڵت زۆر خراپ بوو پەلامارم دایتو ویستم هاوکاریت کەم بەڵام بەپەلەو هەڵەداوان باوکت پەیدابو... خێرا ڕامکرد سەیارەیەکی جیپم بۆ هێنایتو خستمانیتە ناویو بەرەو شار هێنامانی، خوا هەڵناگرێ دکتۆرەکان خێرا هاوکارییان کردین باروودۆخی چوارتا کەوتە ناناسایییەوە هەرچی خەڵکی لەو ناوە هەبو وەك پەروانەی دەوری شەمع پەلەقاژەێیان بوو نایانزانی بۆ کوێ ڕابکەن خەڵکی تریش بە ئەرکی سەرشانیان هەستانو بە (گوێنی پارچەی لاشەکانیان) کۆدەکردەوە.. بڕوا بکە دەڵێن دەرگای مەرکەزەکە کە زیاتر لە سێ مەتر پانیو بەرزی بوو هەڵیداوە بۆ نزیك خمانی کە پێی دەڵێن (پاتاران)، ئەم قسەو باسانە سەریان کاس دەکردم.. خۆزگە ئەوەندەیان قسە ناکرد! پیاوێکی تر وتی: حەرەسی سەبانەکە بەبەتانیو پێخەفەوە لولی کردووەو لە خوار چوارتاوە بە دوری کیلۆمەترێك دۆزیویانەتەوە، نرکەو ناڵەو گوڕو تینی لەوەدانەبو باس بکرێت..

زۆرم لە خۆم کرد بۆ پرسیارێك: باشە ئەی ئەو پۆلیسانەی کە لە مەرکەزەکەیابون، ئەی ئەو سجنانەی کە بە تەمابەن بەرببن.. ئایا چارەنوسیان ونبو؟

باوکم وتی: ڕۆژێ پێشتر دوو کوڕو باوکێکیان خستە سجنەوە کە خەڵکی (مامە خلان) بون چونکە شەڕیان کردبو بە هیوابون لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵام کەس پارچەشی نەدۆزینەوە سێ پیاوی (باسنێ)ی تیابوو کارو باریان تەواو بوبو کە ڕۆژی پێنج شەممە بەرببن بەڵام مدیر لەوێ نەبو بۆیان ئیمزا بکات خستیانە ڕۆژی شەممە

ئەو کاتەبەردەبن ئەمانیش کەس یەك پارچەی لێنەدۆزینەوەناى نسیب لەکوێوە هاتیو لەکوێ ژیایتو لە کوێ وەفاتت کردو بەچی تیاچویت!!
ماوەیەکی زۆر لە خەستەخانە مامەوە.. هەمو کەسێك سەردانی دەکردم .. هەمویان دڵخۆشیان ئەدامەوە، هەریەکەو قسەیەکی تازەی پێبو لەسەر ڕوداوە دڵ تەزێنەکە کاك عوسمان کە ئێستا برین پێچەو وتی: لێپرسراوی ئەمن پیاوێکی عەرەبی باش بو ناوی (عەبد) بو بەیانی هەستا بو خۆی بگۆڕێ کاتێکیزانی بوبە دووری ۱۰۰ مەتر لەسەر جادەکە بە پێوە خۆی بینی بۆوەو هیچی لێنەهاتبو بەڵام هاوەڵە ئەمنەکانی زۆر خراپ بون هەمویان تیاچونو مردن کارە چاکەکانیو ڕەوشتی جوانی لە مردن ڕزگاری کردو خراپی هاوەڵەکانی تیاچون بو.
لەدوا ڕۆژی خەستەخانەدا زۆر سوپاسی دکتۆر موزەمیدو پاسەوانەکانو کارگوزارەکانم کرد بەرەو چوارتا گەڕاینەوە.. بەهەمو نزیکبونەوەیەك چرکە ساتەکانی کارەساتەکەم یاد ئەکەوتەوە.. جار جارەش سەرنجی خۆم ئەدا تازە نابمەوە بە گەنجەکەی جاران بەڵام سەبوریو غیرەتم بۆ خۆم دروست دەکردو بەس نییە وەك ئەو هەمو کەسە منیش تیانەچوم!!
ئای چەکی تەقەمەنی نەفرەتت لێبێ بۆ چییان هێنایتو چیت بەسەرمان هێنا، چەند ڕۆژێك لە ماڵ مامەوە.. دەستە دەستە ژنو منداڵو خەڵکی سەردانیان دەکردم، بە دیداریان شاد دەبوم بە ڕۆیشتنیان غەمبار دەبوم،دوو دار شەقیان بۆ هێنام، بە دیمەنێك زۆر نارەحەت بوم، برا بچوکەکەم جوتێ پێڵاوی بۆ هێنامە پێشەوە تالە پێی بکەمو بەرەو جێگەی ڕووداوەکە تۆزێك بجوڵێم.. دایکم دەستی کردە گریان کەمال گیان دەك کوێر بومایەو تۆم ئاوا نەدیایە.. تاکی چەپم لەپێ کردو بە سەری دارشەقەکەم تاکە پێڵاوەکەی قاچی ڕاستم دورخستەوەو لەو کاتەوە ماڵئاوایم لە تاکی ڕاستی پێڵاوکرد..
هێدی هێدی ئەو ماوەیەی بە چەند چرکەیەك جاران دەمبڕی بە دوو قاچەکانم، ئێستا بە نارەحەتیو بە زەلیلی بە چەند خولەکێو دوای ماندوبونێکی زۆر دەمتوانی بیبڕم..
لەدوای ئەو هەمو ڕۆژەش هەستم بە لەش داهێزراویو شەکەتیو کاسیو ماندوبون دەکرد.
هەنگاو هەنگاو لە جێگەی کارەساتەکە نزیك دەبومەوە.. سات بە سات لێدانی دڵو دڵە خورپەم زیادی دەکرد.. بۆ نازانم..

لە نزیک شوێنی ڕوداوەکە دانیشتم‌و تێر سەرنجی ئەو ناوەمدا.. پێش چەند ڕۆژێک ئێرە چی بو ئێستا چی بەسەر هاتوە،دنیا ئاوا یەت‌و ئاواش کۆتایی دێت.. دنیا پڕ لە خۆشییە بەڵام یەک ناخۆشی هەموی دەشواتەوە.

کاک عوسمان لە تەنیشتم دانیشت‌و وتی: ئەو ڕۆژە ٨ پۆلیس ٢ کارگوزار ، ٧ ئەمن، ٥ سجن‌و ٢ هاوڵاتی تیاچون ئیتر لەو ساتەوە بڕیارم دا لە ژیاندا کۆشش بکەم‌و یەکەمنەندامی نەبمە جێگەی بەزەیی خەڵکی.. ئەو ساڵە باری دەرونیم زۆر خراپ بوو.. بەڵام دەسەڵات چییە..

حکومەتی ئەو کاتەی عیراق هاوکاری کردم .. بە بەخشینی سەیارەیەک بۆ کەمئەندامیم بە نرخێکی زۆر کەم پلەکانی خوێندنم بەسەرکەوتوی بڕی‌و بە نانی خۆم گەیشتم ڕۆژی یەکەم لە فەرمانگەی چوارتا بە فەرمانبەر دامەزرام .. زۆر لە فەرمانبەرەکانی خەڵکی شارو شوێنەکانی تربون .. پاش ماوەیەک کۆشکی خێزانیم پێکەوەنا..

هیواو ئاواتی گەورەم بۆ خۆم دروستکرد، پیاو چاکان‌و ڕاستگۆیانم کردە سەرمەشقی خۆم ئێستا دوای ئەو هەمو ساڵانەو دوای ئەو هەمو شەڕو شۆڕەی (ئێران‌و عیراق) گەڕاومەتەوە شارۆچکەکەی خۆم‌و لەگەڵ هاوسەرو منداڵە خۆشەویستەکانماو لەگەڵ خزم‌و کەس‌و کارو هاوڕێیانما ژیانی سادەو ساکار بەسەردەبەین .. بەڵام بە بینینی ئەو جێگایە ئەو چرکە ساتانەم هەر بیر دەکەوێتەوە ئەگەر چی حکومەتی عیراقی پاش ماوەیەکی کەم بیناو کۆشکی تری تیا دروستکرد قەرەبوی زیانەکەی دایەوە بەڵام هەڵەیەک بو کرا .. کێ کردی .. کەس نەیزانی ئاکامەکەی زیاترە لە ٢٤ قوربانی گیانی‌و چەندین لایەنی مادی .. هیوادارم ئێوەش بۆ ژیان دڵخۆش بن‌و کۆڵنەدەربن بەرامبەر هەمو ناثارامی‌و کەوتنێ چۆک دانەدەن خۆڕاگرو ماندو نەناس‌و هیمەت بەرزبن تا بەبەرزی یاد بکرێنەوە سوپاس بۆ هاوسۆزیتان.

بەشدار بە لەم پڕۆژەیەدا

ئەوکاتەی بەڵێنی بەلفۆر لە ساڵی ١٩١٧ دەرچوو، هەمو وڵاتانی ئەوروپی پێشوازیان لێکرد.. کە دەوڵەتێکی گەورەی یەکگرتو بۆ جولەکە (یەهودی) دابمەزرێنن لەسەر خاکی عەرەبو دروستکردنی چقڵێك بۆ جیهانی ئیسلامی.. هەمو جولەکەکان ئاواتو ئامانجیان هاتنەدی ئەو ڕۆژە بووئەمە خەونی چەند ساڵەی جولەکە بو لە هەمو جیهاندا بە پەرتەوازەیو دابڕ دابڕی نەمێنێتەوە ئیتر هەر جێگەیەکە مەبەست نیە!
بەڵام ئەوروپا بۆ دورخستنەوەی ترسنۆکیو ئاژاوە گێڕی جوەکان زۆر خۆشحاڵ بوو بەو جێگەو ڕێگەیە.
بڕیارەکە وا هاتە بون کە بەهەمو لایەك پیتاك کۆبکرێتەوە.. هاوکاری دەستگیرۆی بەهەمو شێوەیەك بۆ یەکخستنەوەی کەسایەتی جولەکە لەم جێگایەدا..
چەندین نمونەو بابەتی بەپێزو چەسپاویان دروستکردو کاریان بۆ کرد کە بۆ خەڵکی جیهان بسەلمێ کە ئەم فەلەستینە موڵكو خاکی چەند ساڵەی جولەکەیەو عەرەبو ئیسلام غەدریان لێکردونو شاربەدەرو ئاوارەیان کردون...
قسە زۆر کراوە لەسەر جولەکەو ڕێگەو شوێنو پرۆتۆکۆلەکانیان..یەکێك لەو پروپاگەندانە پارمەتیانەی کاری بۆ کرا وشەی (پیپسی) بو.

سەرەتا وشەی (PEPSI) لە چییەوە هاتوە، کە کارگەی جولەکەیەك بوە.

ببەخشە	ادفع	P پەی
هەمو	کل	E ئێڤری
بچوکترین عوملەی بریتانی	پنس	P پنس
بۆڕزگاربونی	لکی تنقذ	S تو سەیف
جولەکە (ئیسرائیل)	اسرائیل	I اسرائیل

بە کورتی:

- پارە ببەخشە ئەگەر (پنسێکیش) بووە بۆ ڕزگاربونی جولەکە لەو خەڵکەیەیان گەیاند کە دەبێت هەمو هاوکاری جولەکەو بەنامەکەی بکەن..

لێرەدا بابەتێك دێنمە خزمەتتان کە دەشێت ئێمەی مسوڵمان .. کورد .. لارەمل.. وانەی لێوەربگرین بۆ هەمو ساتەکانی ژیانی ڕۆژانەو ساڵانەمان تا بیر لە داهاتوی نەتەوەی خۆمان .. ژیانی ناناسودەیی خۆمان بکەینەوە..

وەك خۆی ڕوداوەکە باس دەکەم دوای خۆی بڕیار بدە کە چیبکەیت؟! لە بەریتانیاوە کاغەزێکیان دامێ کە بیگەیەنمە دەستی یەکێك لە ملیارلەرەکانی ئەمریکا لە کیشوەری ئەمریکا بۆ وەرگرتنی پارەو پولی زۆر بۆ دامەزراندنی (حکومەتی جولەکە) ئیسرائیل لە فەلەستیندا...

ئەو نامەیەی من دەمگەیاند، سەدان نامەی تری لەبەر نوسرابۆوە بۆ هەمو دەوڵەمەندەکانی جیهان...

ڕۆژی دیاریکراو نامەکەم وەرگرت، ئەدرەسی دەوڵەمەندەکەش بەهەمان شێوە.پاش چەند ڕۆژێك گەیشتمە دەرگای ماڵی دەوڵەمەندەکە، هەواڵم پرسی لە ماڵ نەبوو ناونیشانی نوسینگەکەیان دامێ .. لەگەڵ کۆمپانیاو دام و دەزگاکەیدا..بڕیارمدا بچمە نوسینگەکەی ..دوای ماندو بونێکی زۆرو ئارەقکردنەوەو شەکەتیو برسێتی زۆر گەیشتمە نوسینگەکەی،لە دەرگای نوسینگەکەی چومە ژوورێ دوای ڕۆژباشو هەواڵ پرسین پشویەکم دا.. دەستی برد جگەرەیەکی بۆ ڕاگرتم.. لێم وەرگرت.. دەستم برد بۆ شقارتەکە دایبگرسێنم..

دەنکە شقارتەیەکم دەرهێناو ویستم ئاگری بدەم... بەڵام دەستی گرتمو شقارتەکەی لەسەر مێزەکە پێدانامەوە.. بە جگەرەکەی خۆی جگەرەکەی بۆ من داگیرساند،پاش هەندێ گفتوگۆ .. لە دڵی خۆمدا: وتم ئەی هەرەس بە ماڵم بۆلای یەکێکی باشیان ناردوم.. بەخوا ڕەزیلە.. لەوە ئەچێ کەس سودی لێوەرنەگرێت،باش وایە هیچ قسە نەکەمو بە ڕێگەی خۆما بگەڕێمەوە .. ئەمە بۆ دەنکە شقارتەیەك ئاوا بێت ئەی بۆ پارەو یارمەتی جولەکە .. ئەوە هەر هیچ .. پاش کەمێك پرسی:کاکە بۆچی هاتوی؟تۆزێ شپرزەبوم پاشان وتم: هیچ .. بۆ هیچ .. تەنها لە ئەوروپاوە هاتومەتە سەردانی تۆ! ئیتر دوبارەی نەکردەوە..

بەلام لە دلی خۆمدا وتمەوە: خۆ من تەنها ڕاسپاردەم.. تۆ بلیی بمکوژێت..وەللا نامەکەی دەدەمەدەست..پاش تۆزێك تێڕوانین وتم: بەڕێزتان لەم شارە ئەژین و ئەم نامەیەش بۆ ئێوە هاتووە..

نامەکەم دایە دەست.. لەگەڵ چاوگێڕانی بەدێڕی نوسراوەکەدا.. من لە خۆم بێزار دەبوم بەلام هیوایەکی گەورەم هەبو ئەم نا ئەو..لەگەڵ تەواوبونی نامەکە.. نامەکەی قەدکردو دەستی کرد بە چەکمەجەی مێزەکەیدا،لەدلی خۆمدا وتم: خۆت ئامادەبکە بۆ دوو فیشەکی دەمانچەو تەواو..

بەلام وانەبو.. نەخێر .. چەند وەرەقەیەکی دەرهێنا کە چەکی بانق بو.. خستیە بەر دەستم وتی: بە پێنوسەکەت چەندتان پێویستە بنوسە.. بەچەند کارتان مەیسەر دەبێت بنوسە،زۆر سەرسام بوم!! ئەمە چییە؟ ئێستا چۆنەو تۆزێك لەمەو پێش چۆنبو؟!

لە خەیالی خۆمدا وتم: ڕەنگە پێم ڕابوێرێ.. گاڵتەجاڕی بێت بەلایەوە ئەوەندەی لە تواناو بیرمدا بوو نوسیم نزیکەی (٤٠٠٠) دۆلارم نوسی.. لێی وەرگرتم سەیری کرد،لە خەیالی خۆمدا وتم: ئێستا قاقایەك لێدەدات و بەشەقێك دەمکاتە دەرەوە. بەلام ئەم بۆ چونەشم هەڵەبوو..

قەڵەمەکەی لە دەست وەرگرتم و کردی بە دوو ئەوەندە واتە ٨٠٠٠ هەشت هەزار دۆلار.

زۆر سەرسام بوم.. پاش کەمێك وتی: بچۆ لە بانك وەریبگرەو سلاوم بگەیەنە بە هەمو هاوڕێ و هاوکارانت..چەکەکەم هەلگرت و سوپاسم کرد.. هاتمە دەرەوە لەگەڵم هات و بەڕێی کردم ... لە دوا قسەیدا وتی: هەرچیەکتان پێویست بو لە خزمەتاندام..

بەلام ئەوەی لە دلی مندا بو بەگرێ هەروتم..

کای بەڕێز دوو شت زۆر سەرسامی کردم!!

وتی: بفەرمو.. چیبون؟

وتم: بۆ نەتهێشتنەو جگەرەیە بەم شقارتەیە دابگیرسێنم، ئەمە یەك، دووەم بۆ ئەوەندە پارەی زیادت بۆ نوسیم؟!

لە وەلامدا قسەیەکی زۆر جوانی کرد وتی: ئەو شقارتەیە هیچ جێگەو سودی نەبوو، کە بە جگەرەکەی من داتگیرساند هەرکارەکە سەری نەگرت جێبەجێ نەبو؟!

وتم: با جێبەجێ بوو. وتم: ئەی ئەم هەمو پارەیە؟!

وتی: ئەمە بۆ کارێکی گەورەو پرۆژەیەکی گرنگە بە چەندە بەشداریم ئێستا هەر بە کەمی ئەزانم‌و جێگەیەکی دەگرێت‌و لە داهاتودا سودی دەبێت، بەڵام ئەو دەنکە شقارتەیە هیچ جێگەیەکی ناگرت‌و سودی نابوو..بۆیە بۆ پرۆژەو کاری لەو جۆرە سەرم پێوە نییە..خوا حافیزەم لێکردو گەڕامەوە..ئێمە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا چەندین کار ئەنجام دەدەین سودی نییەو هیچ بەلاشمانەوە گرنگ نییە..

لەو لاشەوە چەندین پرۆژەو کاری جوان‌و مرۆڤ دۆستانەو کورد پەروەرانەو ئیسلام خوازانەو خێرخوازانە هەیە.. هاوکاری ناکەین‌و دەستی یارمەتی بۆ درێژ ناکەین.. یان بە هیچ هەنگاوێ بەرەو ڕوی ناچین‌و لە پاساوی خۆ گێل کردنەوە لە خۆمانی دوور ئەخەینەوە تا ئەکەوێتە گۆشەی ڕەزیلی‌و نەفامی‌و لارەملییەوە بەرەو وڵاتانی خاوەن ئەزمەن‌و کارو کاسبی دەڕۆین‌و هاواری هاوکاریمان بۆیان بەرز ئەبێتەوە..

دەناوڕ بدەرەوەو بیر بکەرەوە بزانە وەهایە.. یان نا.. دەستگیرۆیی چەند قوتابیت کردووە بەلانی (مادی‌و مەعنەوی) بۆ تەواوکردنی خوێندن، یارمەتی چەند بێباوك‌و بێوەژنت داوە کە هەست بە کەم یارەیی نەکات، ئایا یارمەتی چەند خاوەن قەڵەمتداوە بۆ هاتنە بونی پرۆژەی جوانی گەش کە خزمەت بەنەتەوە بکات.. ئایاو چەندین ئایای تر.. بیرت ئەچێ چەندین پارەو پولت بە خۆڕایی ڕۆیشتوە لە کارو کردەوەو خۆراکی بێئاکامدا.. لە کۆتایدا چیرۆك‌و ئاکامی کەسێکی تورکیان بیردەخەمەوە کە لە کۆتایی ساڵەکانی نەوەدا لە شارەکەی خۆیاندا کە زۆر پێویستیان بە مزگەوتێ بو مزگەوتێکی دروستکردخەڵکەکە لێیا پرسی بەچی ئەم مزگەوتەت دروستکرد؟

لە وەڵامدا وتی: حەزم لە هەرشتێ کرد بێ کەمێکم لێکرپوەو ئەوەکەی تری (پارەکەی) خستومەتە دەغیلەکەو ناوم ناوە گریمان خواردم.یان هەر لێم نەخواردوەو پارەکەیم لاداوە.. پاش چەند ساڵێك پارەکەم زۆر بو بەهاوکاری چەند کەسێکی تر کردم بەم پرۆژە خێرییە..لە کۆتاییدا دەبا هەمومان سود لە کەرسەیەك وەربگرین‌و زیادەڕەوی تیانەکەین بە پێی پێوست کاربکەین‌و ئاکامی جوانمان هەبێت..خوای گەورەش لەم بارەیەوە دەفەرموێت: (کلوا واشربوا ولاتسرفوا ان الله لایحب المسرفین)

ماڵەکەت بە لۆکسێ ڕوناکە.. یان بە چرایەك یان بە گڵۆپێکی شەحن بەڵام کە کارەبا هاتەوە مەچۆ (١٠ - ١٥) گڵۆپ دابگرسێنی .. وریا بە .. کاری جوان ئاکامی جوان دەبێت،

٠٠٤ کارێك بکە جێگە بگرێ کارێ مەکە ڕێگە بگرێ.

لە ئاکامی بەخشیندا ئەوین هاتەبون!

ئایا بەخشین دەردو بەلا دور نەخاتەوە؟ ئایا دەستت تێنەچێ لە باشترین شتی خۆت خێرێ بۆ خۆت بکەیت؟

کاک عبدول مایاوایی کە تەمەنێکی لە فەرمانگەی ئاگرکوژێنەوەی سلێمانیو چوارتاو پێنجوێنو بازیان بەسەر بردووە بەرێزیان لە ئێوارە پیاسەیەکدا بە تامەزرۆییەوە ئەم رِوداوە واقعییە پەند ئامێزەی بۆ باسکردم.

لەم چەند رِۆژی رِابردودا بە مەبەستی وەرگرتنی زەوی میری بە ناوی فەرمانگەکەمانەوە چوینە لای ئەندازیارەکەو ژمارەمان لە (٥) کەسێك دادەبوین کە کارمان لەلای جەنابی ئەندازیار دیاریکردنی سنورو جێگەی زەوییەکان بوو.

سەرەتا وتی: بانانێك بخۆینو ئینجا بڕۆین،لەم کاتەدا هەریەکەو داوای شیشێ یان دوانمان کرد لە جگەر... گۆشت...بۆمان هات.

یەکێك لە هاورِێکانمان داوای دو ئەوەندەی لە ئێمە زیاتری کرد.. تا نانەکەمان بۆئامادەبو.

وتی: تا ئەتوانن بخۆن هیچ درێغی لە نەفسی خۆتان مەکەن خوای گەورە ناردویەتیو بڕیویەتیەوە بۆمان.

هەلمدایەو وتم: بەگوێرەی تواناو تەمەنو گیرفان درێغی ناکەین هەرشتێکیش نسیبی ئێمە بێت هەردەبێت.

لە نانخواردن بوینەوە.. کاکی ئەندازیار زۆر هەولیدا کە پارەکەی ئێمەش بدات بەلام نەمانهێشت ئەویش نەیهێشت پارەی بۆ بدەین.

ئەو رِێگەیەی بۆی دەچوین تۆزێك دور بو لە دەرەوەی شار بوو، لە ناو سەیارەکەدا کە تێپەرِدەبو بەناو شەقامی قەرەبالغو تاساویدا .. کاکی خاوەن قسەی یەکەم جار وتی: بخۆینو نەخۆین خوای گەورە برِیویەتیەوە ئەوە نسیبمانەو رِەزیلی ناوێ پاش ماوەیەك کەوتە گێرِانەوەی حالی خۆیو وتی:

ماوەیەکی زۆر بوو دکتۆرو دکتۆرم ئەکرد.. ئەم بەڕێزانە بە ئارەزی خۆیان گەدەی منیان کردبوو جێگەی تاقیکردنەوەی دەرمانی کیمیایی‌و بە چاك نەبونم سەریان سوڕدەما.

دواجار ڕووم لە بەغداد کرد.. دوای پشکنین‌و دانانی چارەسەرو دەرچونی شیکاری پزیشکەکان بۆیان دەرکەوت توشی (شێرپەنجەی کۆڵۆن) بوم.

بە بیستنی ئەم هەواڵە ورەو تواناو هێزم نەما.. بڕوا بفەرمون نامتوانی قاچ بەرز بکەمەوە بۆ سواربونی سەیارەکەم.. زۆر ناڕەحەت بوم .. هەرچیم دەخوارد دەبوە هەژدیهاو دەچوە سکمەوە.. بەڕێزان ئەوەی ئازاری نەچەشتبێ نازانێ ئازار چەند ناخۆشە.. ئەوەی هەواڵی ناخۆشی بە هەمو شێوەیەك نەبیستبێ نازانێ چەند ناخۆشە!!

بەرەو شار گەڕامەوە.. سات بە سات چرکە بە چرکە هەستم بە دابەزینی کێشم دەکردو زۆر ناڕەحەت بووم.. ئەوەی بۆ من نوسرابو بیخۆم تەنها چەند دەنکە حەپێك‌و بابەتی شلەمەنی بەبێ چەوری‌و بابەتی تر، ئەمە سەروەت‌و سامانەکەمە، ئەمە ماڵ‌و منداڵەکەمە .. هەموی ناتوانن تەنها یەك چرکە سات ناخۆشی‌و نەخۆشیم لێدور بخەنەوە .. ئەمە هێزی لاوازی منەو هێزی بە هێزم لەگەڵ بەفرەکەی پارتوایەوە.. بەڵێ ڕۆیشت‌و نەما.

ئەو پارە مۆڵەی هەمبو ئەو خواردنە خۆشانەی دروستدەکران هەموی بونە قانمەی (خراپە نەیخۆی)! (یوم لا ینفع مال و لا بنون الا من اتی الله بقلب سلیم) چاو بە ئەشك‌و دڵپڕ غەم‌و دەستەو ئەژنۆ.. زەردو زەعیف‌و کەفتەکار بە ئازارەوە ئەتلامەوە.

خزم‌و کەس‌و کارو ناسیاوان دەستە دەستە دەهاتنە سەردانم، بەڵام هیچیان نەیانتوانی یەك زەرە لە ئازارەکانم کەم بکەنەوە.

بەو ئازارو ناخۆشیەوە سوار سەیارەکەم بوم‌و خۆم گەیاندە مەیانی حەیوانەکەو دوو سەر بەرانی قەڵەوی باشم کڕی‌و لەگەڵ قەسابێکدا هاتینەوە..

لە حەوشەی ماڵەوەماندا هەردوکیانم کردە خێری مەولوی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) بە نیازی کەمبونەوەی ئازارو ناڕەحەتی، لەو ڕۆژگارانەشدا خواردنی گۆشت تاسق بوو ئەبو دەگمەن بو. دانەیەکیان بۆ بەرو دراوسێ‌و ئەوی تریان بۆ ئەو ماڵە هەژارانەی کە لێمەوە دوربون هەمو بۆنی گۆشت مەستی کردن.. هەمو مربون لە خواردنی گۆشتی تازەی برژاو.. تەنها منێکی نەخۆشی سەرەتا ناوی نەبێت .. لەو لاوە بەکزیەوە قاپێ

(کاستەر)یان بۆ هێنام‌و بە ڤێزو بێز خواردم، هەندێك سەرنجم لە هەڵپەو ڕاکەیانداو ئاهێکم هەڵکێشا چومە ژورەکەی خۆم‌و بەدەم ئێش‌و ئازارەوە خۆمدا بەزەویدا .. لەو پسولەی دکتۆرانە وردبومەوەو سەرنجم دەدان کە (شێرپەنجەی منیان دەسەلماند).

چەند ڕۆژێکی تر ئەم ژورە خاڵیە لە تۆی ئاوسك ئاگراوی .. چەند ڕۆژێکیتر ئەم ماڵە تەنها یادی قسەو هەڵسوکەوتی تۆ دەکەنەوەو ساڵێکی تر ئەم ڕۆژگارە کەس تۆی بیر نەماوە.چاوەڕوانی زۆر ناخۆشە .. لەوەش ناخۆشتر چاوەڕوانی مەرگ. لە دورەوە سەرنجم لە وێنەی لاوێتیم دەداو شیعرەکەی (هەردی)م بیر دەکەوتەوە کە دەڵێ:

بە سەرسامی لەسەر لوتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم

شریتی عومری ڕابردووم وەکو خەو دێتە بەرچاوم

دەم بە زیکرو دڵ بە فیکرەوە لە خەوێکی قوڵ ڕۆچوم .. ئەتوت چەند ساڵێکە خەو لە چاوەکانم تۆراوە.. ئەوە ماوەیەکی زۆرە بە دڵی خۆم تێر خەو نەبوم.

لە مەستی خەو خەواڵوبونم سەممەرەیەکی سەیر بوو.. بەهەر حاڵ قوڵبومەوە لە خەودا .. لە ماڵ‌و مناڵ دابڕام‌و ئەوانیش بێئاگا لە من..

نازانم چەند بو خەوم لێکەوتبوا! نازانم بڕوا ئەکەن یان نا؟! نازانم ئەمە یەکەم جاربو ئەو کەسە .. ئەو دیمەنە.. ئەو خۆشییە ببینم..

لە چۆڵەوانیەکدا بە تەنها دانیشتبوم یەکێك سێبەرەکەی هات بەسەرماو لە دواوە هەستم بە خشپەی قاچەکانی کرد.. بە بێ هیوای‌و ئارەحەتیەکەوە سەرێکم هەڵبڕی.. پیاوێکی سەرتاپا سپی نورانی جوان‌و بە هەیبەت بانگی کردم .. بە ئازارەوە وتم: بەڵێ قوربان چی ئەفەرموی.دەستی خستە سەر شانم بە دەستەکەی تری دوو دەنك خورمای دامێ فەرموی: بیخۆ.. لێم وەرگرەو بیخۆ.

منیش بە گومان و ترسەوە وتم: قوربان سەرەتا بابزانم جەنابتان کێن؟

پاشان من لە خواردنی شلەمەنی زیاتر هیچیترم بۆ باش نییە.. قورگم پڕ بولە گریان‌و وتم: من سەرەتانمە.. ئەمە خراپە بۆ من.

فەرموی: من خۆشەویستەکەی تۆم کە چەند هەزارێکت لەبەر خاتری خواو من تێرکردو خۆشی کەوتە ماڵیانەوە .. من چارەسازی تۆم.. ئەمە بخۆو خوات لەگەڵ.

لە دەستی پیرۆزیم وەرگرت‌و خواردم .. هەردوو دەنکە خورماکەم خوارد، لە دڵدا وتم: نۆخەی ئەمە پێغەمبەرەکەمە ئاگای لێمە. کاتێك سەرم هەڵبڕی جەمالی جوانیان

دیارنەماو ڕۆیشتن.. پاش ماوەیەك لەخەو بەخەبەرهاتم .. هەستم کرد باری لەشم سوك بووە، (الحمدلله)م کرد.. زۆر لەش ساغ دیاربوم بەکەسم نەوت خێرا چومە سەر دەستشۆرەکەو دەستنوێژم گرتو لە سوپاس گوزاریدا چەند ڕکاتێك نوێژم خوێند، تامی ئەو نوێژانە زۆر خۆش بوە هەستم بە برسێتی کرد .. هاوارم لە ماڵو منداڵ کرد: گێلاس .. هەتاو.. مناڵان وەرن ئیشم پێتانە.. وەرن..خێرا هەمویان هاتنە بەردەمم و وتیان فەرمو: بەقوربانتان بم هەرئێستا بچن کیلۆیەك خورمای بێناوکم بۆ بکڕن و بۆم بکەنە خورماو ڕۆن.

دایکی مناڵەکان وتی: پیاوەکە بۆ تۆ خراپە.. خۆ تێك نەچوی.. تۆ نەخۆشی!

وتم: ئەزانم .. بەڵام شیفام بە خورما هاتوە خێرا بڕۆن.

بە گومانەوە سەیریان ئەکرد.. بەدوو دڵیەو ڕۆیشتن.

پاش ماوەیەك تاوەیەك خورماو ڕۆنیان خستە بەردەمم.. ئای کە خۆش بو سەرەتا کەوچکێکم لێخواردو تا ئەوان سەرنجیان ئەدام من تاوە خورماو ڕۆنەکەم تەواو کرد.

خێزانەکەم وتی: ئەزانی ئەمری بۆیە بێ دڵی خۆت ناکەیت..

بە پێکەنینەوە وتم: دڵنیابە چاك بومەتەوە.. دڵنیابە شیفام بۆ هات..

جاران نابو لە شلەمەنی زیاتر بخۆم بەڵام ئێستا دەتوانم یەك مریشك یەك ڕانی بەرخ بە تەنها بخۆم..

زۆر بە خۆشیەوە خەوەکەم بۆ گێڕانەوە.. هەمو ماڵو منداڵ پەلاماریان دام و دەستو ڕومەتو لاشەیان کردمە جێگەی ماچو خۆشی چۆن کەوتە ماڵی هەزارانەوە خۆشی وەها زیاتریش کەوتە ماڵی ئێمەوە.

لەو ڕۆژەوە کردومەتە بەرنامە بەیانیان بە ناشتا کەوچکێك بنێشتە تاڵو پاشان هەنگوینو ڕەشکەو خورما بەدوایەکدا دەخۆم..

نوێژەکان بە جەماعەت ئەنجام دەدەم لە هەر جێگەیەك بم .. دوعای خێر بۆ ئەو کەسانەش ئەکەم کە گرفتاری نەخۆشین.. بابە ماڵو سەروەتەکەیان نەخۆشیو ناڕەحەتی لە خۆیان دور بخەنەوە .. تا دەتوانن ببەخشن تا لەش لاساغو هیمەت بەرزبن.. ئەوەتا کە ئەمبینن، ستایش بۆ پەروەردگاری پیرۆز.

تەمەنی کورت... میواندارییەکی کورت

مانگی پێنج بوو وەك ئارەزومەندانی شارەکەمان رومان کردە سەیرانگای دوکان..
لەبەر قەرەباڵغی‌و زۆری سەیارە نەگەیشتینە سەر سەیرانگای دوکان‌و لە قەشقۆڵی لاماندا دەستمان کردە یاری‌و شەڕە ئاو و تۆپ تۆپێن..
پاش خواردنی ژەمی یەکەم روم لە ماڵ‌و منداڵەکەم کردو پارمەتیم لێوەرگرت کە ئوتومبێلەکەم بشۆم.. ئەوانیش بە ئارەزو خۆیان جەوی خۆیان وەرگرن‌و ئاگاداری خۆشیان بن چومە قەراغ ئاوەکەی قەشکۆڵی‌و دەستم کردە سەیارە شتن.. نیوەی سەیارەکەم شۆرد.. کاتێکم زانی زۆر لەسەرو ئێمەوەو لەوبەر ئاوەکەوە هاوار هاوار پەیدا بو هەرخەڵك بو ڕای ئەکردو هاواری لە خەڵکی قەراغ ئاوەکە ئەکرد..
منیش سەرم هەڵبڕی بزانم ئەم دەنگە دەنگ‌و هاوار هاوارە چییە.
کەسەرنجمدا منداڵێکی سێ ساڵانە لە ناوەڕاستی ئاوەکەدا سەرو بن ئەکاو ئاو بەرەو خوار ئەیهێنێ..
لەمنەوە دور بوو بەڵام خۆم پێنەگیرا.. خۆم خستە ناو ئاوەکەوە بەمەلە کردن بەرەو روی ئاراستەی منداڵە ڕۆیشتم.. خوای گەورە پارمەتی دام‌و گرتمەوە.. لەوبەر ئاوەکەوە بوبە چەپڵە لێدان‌و دەستخۆشی.. هێنامەوە لای سەیارەکەی خۆم‌و خەڵك بەسەرما داباریـن.. فریاکەوتنی سەرەتایم بۆ ئەنجامداو دەستم نابە سنگیا.. هەندێك ئاو هاتە دەرێ‌و منداڵەکە چاوی کردەوە.. خێرا خستمە ناو سەیارەکەم‌و بەخۆشییەوە بردمەوە بۆلای دایکی‌و باوکی کەلەو بەرەوە وەك باڵدار باڵیان لێپەیدا بوبو.زۆر خۆشحاڵبوم کە توانیم ئەو منداڵە لە خنکان ڕزگار بکەم‌و بە پشتیوانی خوای ویستی خوای گەورە ئەو تەمەنە کورتە بکەمەوە میوانی دایەو بابەی..
لەسەر پردەکەی دوکان پەڕیمەوەو سەرەو خوار بردمەوەوە ئەو بەر ئاوەکەو گەیاندمەوە دەستی دایەو بابەی.
دایەو بابەی نایانزانی بەچ شێوەیەك‌و بەچ زمانێ سوپاسم بکەن‌و بەڵام قەدەری خوای گەورە وەها بو.. کە ئەم شەرەفە بە من ببڕێ.. ئەو منداڵە تاقانەیەیان ڕزگاری بوو.

ویستم بگەڕێمەوە..بەڵام دایكو باوکی منداڵەکە زۆر پێداگیریان کردو دڕو ئاسایی تێم ئالأن کە نابێ بڕۆم تانانی نیوەڕۆیان لەگەڵدا نەخۆم..

ناو بەناو خەڵکی لەوێوە گوزەریان ئەکردو سەیری منیان ئەکرد کە ئەو منداڵەم ڕزگار کردبوو لە مردنو ژیانی گەشایەوە، دایەو بابەی تەنها ئەو منداڵەیان هەبو، نانیان ئامادەکردو بەدەم قسەی خۆشو باسی ڕابردوەوە کەوتنە گفتوگۆ کردنو نانیان بۆ منداڵە تاقانەکەیان دانا.. بەڵام منداڵەکە زۆر بەشێوەیەکی نائاسای سەیری منو دایكو باوکی ئەکرد.

چا خورایەوەو زۆر سوپاسم کردن بۆ ئەو میوانداریەو ئەوانیش زۆر سوپاسی منیان کرد بۆ ئەو خزمەتو هاوکاریە کردمن ئەمە زیاد لە کاژێرێکی خایاند .

سوار سەیارەکەم بومەوەو لەبەر ئەوەی سەیارەیەکی تر تازە هاتبو وەستا بو پێشی گرتبوم ناچار کەزانیم پاشم بەتاڵە هێواش هێواش بەگم داناو چومە دواوە.. بەڵام لەپڕ هاوار بەرز بۆوە.. هۆپ... هۆپ.. لێتدا بوەستە..

سەرم لێشێوا خێرا تر چومە دواوەو وەستام.. لەپڕ وتیان: دابەزە دابەزە کە دابەزیم ئای خوای گەورە چ ببینم..! ئای لەو کارەساتە ..! ئای لەو ڕووزەردییە..! ئای لەو خەفەتە گەورەیە..!

ئەزانن چی ڕویدا..! ئەو منداڵەی دو سەعات لەمەوپێش لە مردنو خنکان ڕزگارم کرد بەتایەی سەیارەکەم گیانی سپارد..لەکاتی بەگدانانـدا مـن نـەمزانی بـو لـە دوا سەیارەکەمەوەیە..

بو بەگریانو شینو شەپۆڕ.. خەڵکی سەرسام بون.. کەسێك منداڵێکی لە مردن ڕزگار کردو پاش ماوەیەکی کەم کوشتی..

دایكو باوکی منداڵەکە وتیان: هەرچی خوا بیکات ئەبێ ببێ.. ئێمە ئەمان ویست ئاو بیکوژێ سەیارە کوشتی..

بەخەفەتو نارەحەتیەوە بەرەو شار گەڕاینەوە.. ماڵی باوکی منداڵەکە ئاوا بێ بەخشیانم لەو کێشەیەدا بەڵام بڕوا بکەن لەو ساتەوە تا ئەم کاتەش توشی چەندین نەخۆشی دەرونی بوم.. نازانم چۆن لە ئاست ئەو ماڵە سەر هەڵبڕم ئەمە ناکامی یارمەتی بو.. ئەمە ئاکامی شۆفێری بو.. ئەمە ئاکامی سەیران بو.. ئەمە ئاکامی قەدەری ئیلاهی بو هیچی تر.. خوای گەورە هەرئەوەندەی بەخشی بوو بەدایكو باوکی.

جگەرە کێشان .. گیان کێشان

٥/٣١ی هەمو ساڵێك یادی لەناوبردنو هاندان بۆ وازهێنان لە جگەرە کێشان دێتە ئاراوەو باسو خواسی گەرمو گوڕو بەرنامەی تێرو تەسەل بۆ ساز دەکرێتو لە کەناڵو گۆڤارو ڕۆژنامەکانەوە بانگەشەی خراپیو دەردو ئازارو مەینەتیەکانی دەناڵێننو هاوارو ڕازو گلەیی دەکەن.. بۆتە جێگەی نیگەرانی چەندین کەس لە کۆمەڵگە جۆر بە جۆرەکاندا بە گشتیو لە کۆمەڵگەی کوردەواری بە تایبەتی بەڵام کە سەرنج دەدەیت لە کارو کردەوەی دوژمنەکانی مرۆڤایەتی، ئەمڕۆ هەرزانترینو باشترینو بە قازانجی زۆر دەست دەکەوێت..

لە هەمو ئەمریکاو ئەوروپاو وڵاتانی دنیادا گرانترین شتە بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو جیهانی ئیسلامیدا هەرزانترین شتەو بەئاسانی دەست هەمو کەسێك دەکەوێت، لە بەرگو جوانیو پێچانەوەیدا.. باڵایە..بێوێنەیە ڕۆژانەش ڕیکلامو بانگەشەی بە جوانترین شێوە بۆ دەکرێت، لە قەراغ ڕووبارەکان لە ناو ڕەوە ئەسپەکانی (مالیبۆرو کاوبویدا ....) لە جێگەکانی بازرگانی. بەڵام هەموی کەرەسەی کوشتنو لە ناوبردنی مرۆڤەکانە بە شێوەیەکی هێمنو لەسەرخۆ پاش چەند ساڵێك دەبێتە هاوکارو دروستبونی چەندین نەخۆشی کە گیرۆدەن پێوەی.

سەرەتا ئەم تۆو گیا نەعلەتیە لە ئەمریکا دۆزراوەتەوە.. پاشان چووە ئەوروپاو کاری بۆ کرا، جەندرمەکانی عوسمانی لە خواردنیا چالاك بون بەڵام بە شێوەی (نێرگەلەو سەبیلو دارجگەرە) تۆوەکەی هاتە کوردستانو بڵاوبۆوە.. کارگەو کار ئاسانی بۆکراو ساڵانە لە دێهاتەکانی کوردستانەوە بە تایبەتی (سلێمانی) پلەیەکی باشی بە دەست هێنا لە هەمو جۆرەکانی بە تایبەتی توتن (سامسۆن) بەڵام سوپاس بۆ خوا وا ئێستا لە شاری سلێمانیو دێهاتەکانی لەبەر بەرزبونەوەی بژێوی ژیان گرنگی نەماوەو کاری بۆناکرێت.. ئەمانە هەموی لەلایەك..

لە ماوەی سێ سەد ساڵ لەمەو پێش کتێبێك دانرا لەلایەن خواناسی کوردەوەکە (محمد عبد الرسول البرزنجی) بو بە ناوی (مخرج المنباك .. فی تحریم التنباك) بە هەمو شێوەیەك حەرامی کرد، بەڵام گەنجان و بەچکە شێخ و مەلاکان دانیان بەم حەرامیەدانەناو بە (مکروهیان) باسدەکرد.

بەڵام هەر شتێك ببێتە هۆی مردن و نەخۆش خستن و مرۆڤو کەسەکان لە شەریعەتدا حەرامەو دەچێتە بابی (قەتڵەوە)لە ناوشارو بازاڕە جیهانیەکاندا ئیشی بۆ دەکرێ و کراوە.. جۆرەها شێوەو ناوازەیی لە پاکەت و جگەرەدا هەیە زۆر هەرزان.. ئەی دەپرسم فورسی و بارستایی کارتۆنی جگەرە بەو نرخە هەرزانە ناتوانن ئامێری پێشکەوتوی باش بنێرن؟!

بەڵام نەخێر بڤەیەو لاوان بەنج کردن چاکەو باشەیە.

- زاناکان لەو بڕوایەدان و تاقیان کردۆتەوە کە بڕی ئەو ڕێژەیی نیکۆتینەی لە ناو تەنها یەك جگەرەدایە بە سرنج بگیرێ و بکرێتە چاوی (سەگ)ەوە پاش چەند خولەکێك دەتۆپێ.

- کاك حسێن وتی: ئەسپێکمان هەبوو توشی نەخۆشی هات و گیانی دەداو ناتۆپی.. زۆر بەزەیم پیاهاتەوەو کوڕە گەورەکەم چو دکتۆری بەیتەری هێنایەسەر، پاش فەحسکردن وتی: هیچ دەرمانێك نییە بۆ چاکبونەوەی.

وتم: ئاخر نەزانم بەڵام بەلامەوە گوناهە بەم شێوەیە بمێنێتەوەو ڕۆحی دەرناچێت..

وتی: ئێستا دەرزیەکی بۆ ئەکەم گیانی دەرئەچێت.

دەرزییەکەی بۆ کردو پاش ماوەیەك گیانی دەرچوو، منیش ئەو دەرزییەم زۆر بەلاوە سەیر بو وتم: دکتۆر گیان پێکهاتەی ئەو دەرزیە چی بو وازو ئەو گیاندارەی تۆپاند؟

دکتۆر وتی: ئەو قەدو دەمارەی لە گەڵای توتنا هەیە ئێوە دەیبینن و دەیچێنن بەکار دەهێنرێت بۆ ئەو دەرمانە، واتە ئەو دەرزییە لە توتن دروست دەکرێت و مرۆڤیش ئاوا دەکوژێت بەڵام ڕونکراوەتەوە تا زۆر بە هێمنی لەناویان ببات.

ئەم قسەو باسە بوو بە خولیای مێشکم ڕۆژێکیان لەسەر زەرعات بوین لەلای خاڵم ئەم باسەم باسکرد..

کابرایەکی کرێکار وتی: زۆر ڕاستە ئەو خڵتەی دارجگەرەیە بکەیتە دەمی هەرگیانلەبەرێکی خاوەن ژەرەوە دەیکوژێت.. بە تایبەتی مار.لەنان و چا خواردنی

پشوی عەسرابوین خالم رەشمارێکی گەورەی گرت.. وتی: با ئەو کردارە تاقی بکەینەوەو بزانین وایە؟!
یەکێك لە کرێکارەکان چو دارجگەرەی پیاوێکی هێنا کە لە سەرو ئێمەوە خەریکی پاراو کردن بوو، دارجگەرەکەیان بە چیلکەیەکی باریك پاککردەوەو هەمو خڵتەکەیان کردە دەمی مارەکەوە .. پاش ماوەیەك سەرنجماندا مارەکە کەوتە خۆبادانو هەڵبەز هەڵبەز، هەموی (١٠) خولەکی نەبرد مارەکە تۆپی..
جا بزانە برای بەڕێزم خوشکی جگەرەکێش خۆت بە دوربگرە لە زیانو ناڕەحەتیەکانی جگەرە.
- ئەگێڕنەوە ژنێكو پیاوێك دەبێتە دەمەبۆڵەیان کە خەڵکی تێدەگەن ئەمە کورتەکەیەتی:
ژنەکە دەیوت: ئەو پارەیەی ڕۆژانە مێردەکەم دەیدات بە جگەرە، منیش بە هێندەی ئەو برە پارەی لێومردەگرم، لە ماوەی ئەم ساڵەدا بووە بە (١،٧٥٠)دیناری سویسری بۆ نمونە، ئەو هەمو ڕۆژێ ئەو پارەیەی بە جگەرە سوتاندو هیچ سودی نەبووە منیش کۆم کردۆتەوە ئێستا باوکی منداڵەکانم دەڵێ: بیدە بە پێویستی ماڵەکە.
منیش ئامادەم بیسوتێنم یان ئەوەتا ئەویش واز لە سوتاندنی پارەکەی دەهێنێ یان ((لە جگەرە کێشان)) بەڵێ پیاوەکە غیرەت گرتیو ئیرادەی خۆی بەهێزکردو وازی لە جگەرە کێشان هێنا.
جگەرە کێشان ئارەزوی خواردن کەم دەکاتەوە، بۆری سیو هەناو وردە وردە دادەڕزێنێو مرۆڤەکان وشكو ڕەقو قڵخنو بۆن خڵتە جگەرەو دان زەردو بۆگەنو گیرفان لاواز دەکات هاوڕێو هاوکارانی توشی ناڕەحەتیو دەردەسەری دەکات..
نمونەیەکی زیندوی تر: لەگەڵ برایەکم لە یەك ماڵدا دەژیاین ئێستا هەردوکمان جیاین.. خاوەن ماڵو منداڵ لە تەمەنی شەشی سەرەتایو قۆناغی ناوەندی بەتەواوی فێری جگەرەکێشان بوو، بەڵام منیش لەو کارە دور کەوتمەوەو هەر لە خۆمەوە حەزم بە جگەرەکێشان ناکرد.. لە ناخەوە مرۆڤەکان بە کێشانی جگەرە هەست بە فیزو گەورەیی دەکەن.. بەڵام ئاکامی خراپ دەبێت.
ئەو ڕۆژانەیەی لە قۆناغی ناوەندیو دواناوەندیدا وەرمان دەگرت لە ماڵەوە.. ئەو بە جگەرەو من بە کتێب خەرجمان ئەکرد.. ئەمە سەر باقی ترسو لەرزی ماڵەوەو باوکم.

تەمەنی تا ئێستا هێناوە، من خاوەنی کتێبخانەو پێنوس.. ئەویش خاوەنی قورگو سنگی خلتاویو دان زەردی، بەیانی وەها هەیە لە کۆکەی ئەو بە ئاگادێین.

کە دەچێتە ماڵەکە بۆنی جگەرەو دوکەڵو تەپڵەکی فیلتەراوی پێشوازیت دەکات ئەگەر بڕواش ناکەیتو وەرە ژورەکەی مـن .. بـۆنی خـۆشو رەفـەی پـڕ کتێبـی جـۆراو جـۆرو زانیاری بە کەڵکی بێمنەت لە پێشوازیتایە.. کە هەمویان خۆراکی مێشکن..

خوان نەخواستە هەر حاڵەتێکی خـراپ بێتـە پـێش دەتوانیـت بـە پارەی کتێبـەکان لـەو قەیرانی ئابورییە ڕزگارت بێت بەڵام ئەو کوا مایەو تەندروستی!؟

زۆر لـە بـراو خوشـکی ئـازیز سـەربوردەی خۆیـان دەگێڕنـەوە کـە هـەمو هۆکارەکـەی بـۆ برادەری خراپ دەگێڕنەوە لە تەمەنی هەرزەکاریدا کە توشبون. بـەڵام خۆیـان ئامـادەیی خراپیان هەیە.. بۆیە هاوەڵی هاوڕێی خراپ دەکەن.

- باوکمو مامم لە تەمەنی منداڵیانەوە جگـەرەکێش بـوون، ئـەو سـاڵانەی مرۆڤـەکان لـە کوردستانی عیراقدا کۆبونی خۆراکی وەردەگرت بۆ نەگبەتی جۆرەها پاکـەتو جگـەرەشی لەگەڵ بوو کە هۆکار بو بۆ بەردەوامی کەسەکان.

پاش شەڕی ئێران عیراقو گرانی ئەو پاکەتو جگەرانەو نەمانی بۆ ماوەی چـەند سـاڵێك ئەمانە هاتە خەیاڵیان کەواز لە جگەرە بهێنن.. سوپاس بۆ خوا ئیرادەی بە هێزکـردن لـە ساڵی ١٩٨٤ وە تا ئەم کاتەش جگەرەیان نەکێشاوەو چـەندەها تـاڵو سوێری ڕۆژگاریـشیان چەشـتووە بـەڵام چـۆکیان بـە جگـەرە داداوەو کـەم کـەمیش ئـارەزووی دەکـەن بـەڵام بەڵێنێکیان داوە کە گەڕانەوەی تیانەبێتو تەندروستیان زۆر باشیشە سـوپاس بـۆ خـواو مژدەش بێت لە هەمو کەسانی جگەرەکێش.

- زەمەنێك دوکانـدار بوم لە هەمو جۆرە پێویستی مرۆڤو گـەرەکم لـەلا بـوو لـە ناویانـدا جگەرە. پاش ماوەیەك لە پرسیارو وەڵام ، وەڵام (حەرام) دەبوو.

ناچار وازم لە فرۆشـتنی هێنـاو بـۆ ماوەیـەك .. کڕیارەکانم کە هەنـدێکیان جگـەرەکێش بوون پێیان خۆش بوو هەندێکیان پێیان ناخۆش بوو .. ڕۆژێك یەکێکیان وتی: ئەگەر بە ئاسانی دەسـتنەکەوێت خـەڵکیش هێنـدە بـە ئاسـانی نایکێـشێ..بـڕاوا بکـەن لـە زۆر شـتی تێداو بابەتی تردا ئەو قازانجەم دەستدەکەوت کە لە جگەرەی جاران دەمکرد.. بەڵام بە فرۆشتنی دڵئارامو ئاسودە نەبوم..

دواجار دوکانەکەم لابردو کۆتایم بە دوکانداری هێنا.. بەڵام خوای گەورە بە شێوەیەکی تر ڕزقت دەدا برای فرۆشیار.. گەر تۆ ئیرادەت بە هێزبێت.

مامۆستا شێخ ڕەوفی تیماری وتی: ئەو ساڵەی کە لە ناو هەموو برایاندا ڕاگەیەنرا کە جگەرە بە کڕین و فرۆشتنی بە هەموو شێوەیەك حەرامە.. لە گوندەکەی خۆمان لە تیماری قەرەداغ بڕیارماندا ئیتر توتن نەکەین و وازی لێبهێنین.. ئەو ساڵە هانی هەموو خەڵکم دا کە توتن نەکەن و زەویەکانیان بکەن بە تەماتە..

خوای گەورە بەرەکەتی خستە کارەکەمان و کاتێك تەماتەی ناوچەی ئێمە پێگەیی بۆ خواروی عێراق دەڕۆی هەموو پلاسکۆیەکی چوار قاتو شەش قاتی ساڵانی تر نرخی دەکرد.. ئیتر لەو ساڵەوە ئێمە ماڵئاوایمان لە توتن کردن کردو زەوییە جوانەکانمان بە دەم زیکرو فیکرەوە دەکەینە کشتوکاڵی حەڵاڵ و زوڵاڵ و قازانجی دینی و دنیایشمان لێوەی دەستدەکەوێت.

برای بەڕێزم هیوادارم کەمێك ئیرادەو قەناعەتت لەلادروست ببێ چونکە هەر تکە بارانەو یەکدەگرن و دەبنە جۆگەلە ئاو دەبنە ڕوبارێ دەبنە ئاوی بەنداوەکان و کارەباو ڕوناکی لێ دروستدەکرێت بۆ مرۆڤەکان.. ئەو ئیرادەکەمەت ببوژێنەوەو زیادی بکەو بتوانە کار لە خەڵکیش بکەیت بۆ وازهێنان لە جگەرەو بابەتە خراپەکانی کە مرۆڤ توشی لاوازی و نەخۆشی دەکات.

ڕۆژێك ڕێگام کەوتە دێیەکی بچوکی چەند ماڵی لە خوار چوارتاوە نزیك قەڵاچوڵانی کۆن ئەو گوندەش (سامان) بوو. ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام جگەرە خۆریان نەبوو .. تەپڵەکی جگەرەشیان نەبوو هەر میوانێکی جگەرەکێشیش بچوایە دایان نەئەکرد.. پێشوازییان لێنەئەکرد .

خۆ خەڵەتاندنە .. کە دەرمانی خەم و خەفەت و ئاسودەیی بێت.

چۆن هەوڵ بدەین خۆمان لە جگەرەکێشان ڕزگار بکەین؟!

١. هەوڵدان بۆ ئارەزووە مەنیەك.
٢. خۆ خەریك کردن بە کارێکەوە (گەڕان ، مۆسیقا، یاری)
٣. سەرنجدان و سەردانی دیمەنی ئاوازە.
٤. خەریك کردنی دەستەکانت بە کارێکەوە(گوڵەبەڕۆژە خواردن، موبایل ، تەسبیح، خوێندنەوە......).

٥. دورکەوتنەوە لە کەسانی جگەرەکێش..
٦. بیرکردنەوە لە ئاکامی خراپی ئەو کارە خراپە بۆ داهاتو.
٧. لەدوای سەرکەوتن هەست بە شانازی‌و بەختەوەری دەکەین.
٨. بیزارنەبون لە هەڵچونە دەرونیەکان، گەیشبینبە بە ئاکامە چاکەکە.
٩. کەم کەم هێواش‌و ناو بە ناو دەستت پێکردووە بە هەمان شێوە کۆتایی پێبهێنە، جگەرەکەش هێندە بەهێز نییە خۆت بۆ ڕانەگیرێ لە ئاستیاو ئیرادەت لاواز بێت.. ئیرادەت بەهێز بکە.
١٠. پەلە نەکردن‌و نەڕوخان‌و ورە بەرنەدان لە ئاکامی کارە جوانەکەت.

إنشاء الله سەرکەوتو دەبن لە دورکەوتنەوەو لە زیان‌و خراپەکاری جگەرەکێشان.

مەقامێکی جوان‌و شایستە

لە کۆمەڵگەی کوردەواریمان لایەنی ئیمانی‌و ئیسلامەتی بە زۆربەی کارەکانمانەوە دیارەو لە دڵدا نیەت بۆ خوایەو لەبەر خاتری خۆشەویستی خوای باڵادەست کاری جوان ئەنجامدەدرێت لە ژیانی کوردەواریدا مرۆڤەکان زۆر حەز بە بەخێوکردنی ئاژەڵ‌و پاتاڵ‌و گیانلەبەری جوان‌و کێوی دەکەن.

ئەم کارەش ئێستا لە ژیان‌و کۆتایی سەدەی پێشکەوتن‌و ئینتەرنێت دا خۆی بینیوەتەوە لەو کارانەش بەخێوکردنی (کەو، سەگ، کەناری، ماسی، بەرخ، مەیمەن، کۆتر، مریشکی کوردو جۆری جیاوازو دەگمەن ئاژەڵی ڕەسەن ....)

هەمو ئەمانە بەهاو نرخی جیاوازیان هەیە لەلای کەسەکان بۆ مەبەستی جیاواز بەخێویان دەکەن خزمەتیان دەکەن.. ئیتر ئایا وەك پێویست خزمەتدەکرێن یان نا..

ئەوە خاوەنەکانیان دەزانن لایەکیترەوە ئایا وەك پێویست ڕادەگیرێن‌و کاریان پێدەکرێت ئەمەشیان جودایە. کەسانێك لە ماڵەکانیان جێگەو شوێنی تایبەتیان بۆ دیاریکردون..

بەبێ گوێدانە هەمو ئارەزووەکانی ئەو گیانلەبەرە، کەو، ئایا ڕازیت بە ژیانی لارەملی‌و دیلی ناو قەفەس؟! کە ڕۆژانێك بووە بە ئازادی لە دیمەنە جوانەکاندا دەتقاسپاند ئاوت دەخواردەوەو بە دڵی خۆت گیات دەخوارد گیانلەبەری بچوك ژەمە خواردنەکانت بو..

بە دڵنیاییەوە هەمومان دەزانین ئەو ژیانە شایستە نیە بەو گیانلەبەرە ڕۆح سوك‌و نازدارە.

ئایا ژیانی ماسی هەموی برتییە لەو ناو شوشە چەند سانتیمەترییەداو بڕوات‌و بجوڵێت‌و مەلە بکات؟

بە دڵنیایی‌و وەڵامی بێگومانەوە حەزی دەکرد بەسەربەستی لە جێگەو ڕێگەی بێسنوردا بژیایە.

ئایا بەڕێزت وەك پێویست ژیانی خۆت مسۆگەر کردووە تا ژیانی ئەو مسۆگەر بکەیت دەومرە بابزانین پلەو مەقامی کێ بە هۆی گیانلەبەرانەوە بەرز دەبێتەوەو ئایا کێش پلەو مەقامی نەوی دەبێت.. باڵندەکە .. گیانلەبەرەکە شەکوای حاڵی خۆی لە مرۆڤەکە

دەکات ئازیزەکەم دادە (پیرۆز) لە دانیشتنێکی سەرکانی بۆ ژیانی گوندەکەی خۆیان باسکرد وتی:

ئەوە چەند ڕۆژێکە، دادە حەلاو کۆچی دوایی کردووەو چۆتە جێگەو ڕێگەی خۆی، دوێنی شەو خەوێکی زۆر سەیرم پێوەبینی..

هەر ئافرەتەو بە شێوەیەك لەسەر بەردەکانی سەرکانی گوێیان بۆ قسەو گێڕانەوەی خەوەکەی دادە پیرۆز شلکرد بوو، بە گیان ڕۆح ئامادەییان دەنواند..

ئەری ڕۆڵە گیان ئەوەندی من بینیم زۆر سەیر بو.. دادە حەلاو لە جێگەو مەقامێکی زۆر جوان و شایستەدا دانیشتبوو تا بڵێی ڕەنگ و ڕوخساری بە هەیبەت بو، لە مەقامیدا هاتە خوارو لە من نزیك بۆوە.. منیش لە خەونەکەمدا هەستم دەکردو دەمزانی کە (دادە حەلاو) لە دنیا دەرچووە.

بەلام بڕوام ناکرد لەو شوێنە خۆشەدابێت پاش چاك و چۆنی و ئەحوالپرسین وتم: دادە حەلاو گیان وەزعت چۆنە.. لە دنیا زۆر ماندوبویت، ئایا ئەمرۆ دڵشادی؟!

بەرێزیان وتی: هەر زۆر بەختیارو دڵشادم ئەوەی من بیرم لێناکردەوە ڕویدا ئەوەی هەمو خەمی من بوو زۆر سادەو ساکاربون.. چونکە پلەی دینداریم خراپ نەبو..

لە خەوەکەمدا وتی: ئەو نوێژو تاعەتەکەمانەو ئەو هەمو نیعمەتە جوانانەی لای ئێمەیە توانیوتە لەو جێگەیەت نزیك بکاتەوە؟

وتی: خواپەرستی بە ئامادەبونی ڕۆح و لاشەوە چێژی تایبەتی هەیەو خاوەنەکەی هەستی پێدەکات خواپەرستی ڕواڵەت و عادەتی بەروبومی وەك ئەستێرەو دەریایە، هەمو بە غیلی بە یەکتردەبەن و هیچیشیان بە هیچیان ناگەن.

پلەی خواپەرستی جیاوازە دادە پیرۆز گیان، ئەو تیشکی خۆرە لە دنیای ڕابردوی منی دادەو ئێستا حزوری نییە، هەرچی گیانلەبەرو گژوگیاو خاك و ئاو هەیە هەریەکەیان بە شێوەی جیاواز سودمەند دەبن لێوەی.. دەبنە مایەی ئەو خۆش گوزەرانییە منیش یەکێك بوم لەو کەسانەی بەبەردەوامی کاری چاکەو باشە ئەنجامدەدا.

بەلام هیچیان بە ئەندازەی پارمەتی گیانلەبەرێك مەقامی شکۆداری بڵند نەکردمەوە..

ئەویش ئەگەر حەزدەکەی بۆتی باسکەم ئەمە بوو:

ڕۆژێك دوای چێشتەنگاو بو دوای هەندێك کارو باری ناوماڵ دەستم کردە کۆکردنەوەی

(سیرێژ) کەشكو دانانیان لەسەر نانە شانە کەو ئامادەی کەم بۆ بەر تیشکی خۆر تا ببێتە کەشکێکی ڕەقو نایاب.

ئەو هەیوانەی منی لێدانیشتبوم لە دوری چەند هەنگاوێکەوە کەوێکمان هەبو لە قەفەسدا بو ناو بەناو دەنگی لێوەدەهاتو چینگە کرکێی لە قەفەسەکە دەکرد. ناو بەناو سەیرێکی یەکترمان دەکرد، بە سەیرکردنو سەرنجەکانیو بە زمانی حاڵ داوای خۆراکی دەکردمنیش هات بە خەیاڵمدا کەشکێکم بۆ هەڵدایە بەردەمی.. لە قەفەزەکەوە ملی درێژکردو کلۆ کەشکەکەی بەچەند دەنوکێك خواردو لە چنگە کرکێ کەوت. بەلارە ملیەوە لە قەفەسەکەشدا کوشمەڵەی کرد پاش تەواو بونی کەشکەکە ڕۆیشتم بەلای کارو فرمانی خۆمەوە.. لە ڕۆژی کێشانەو پێوانەی سەرەتای کارمنمان.. ئەو دیمەنەیان پیشاندامو ڕۆحیانەتی ئەو کەوەو ئەو نیعمەتە جوانە، داوای ئەم مەقامەیان بۆ کردم ..هیچیان نەبونە مایەی نارەحەتیم ئەوە بووە هۆی شانازی منو ئیتر گەیشتمە خۆش گوزەرانیەکەوە.. کە ئاواتم دەخواست زیاتر یارمەتیم بدایە .

بەڵێ بەڕێزان خێرو چاکە چەند بە کەمی بزانیت لەلای خوای گەورە بە نرخو بەهای جیاواز سەیر دەکرێت، زۆرکاریش هەیە گەورەیە، بەزۆری دەزانیت بەڵام نییەتی تیا جیاوازە سەیر دەکرێت، لە مێژووی ژیانی پیاو چاکاندا بەزەیی هاتنەوە بە گیانلەبەراندا زۆر باسکراوە هەموی دەبێت منو تۆی ڕێبواری سەر ئەم ئەستێرە گەڕۆکە بە گەڕۆکیو سادەیی وەرینەگرین.

دەبێت لە کاری جدیدابین.. وانەزانین کەس نەماوە پێویستی بە لایەنی مادی نەبێت.. خۆ ئەگەر واهاتە بون .. ئەوە دڵنیابە خەڵکانێك هەن پێویستیان بە خێرو چاکەی ئێمە هەیە بەڵام خێرو چاکەیە لە ڕۆحەماندوەکانیان بە کاریبهێنێ ئەم ڕۆژگارو دنیا گەرییەوە لاوازیکردونو منو تۆش هەمومان لە تواناو هزرمان زەکاتی قسە بدەین ئەو کەسانە لە لایەنی روحییەوە پایەداربکەین وا مەزانە خەڵکی هەمو تێرو تۆخە بڕوابکە گەر هەموشیان نەبن زۆریان لاوازو نەبەکامن لە زۆر لایەنی ئەدەبیو ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیو هاوسۆزی بۆ یەکتر.. بڕوا بکە هەرچی زۆر ماندو بوو بۆ مادەو دنیای مادی دڵنیابە زۆر لاواز دەبێت لە پلەی باوەڕو دینداریدا.. دەبڕیاربدە لە کامیان بیت دەبڕیاربدە بۆ ژیانو ئاین بە گەرمی بۆ باوەڕو ژیانی نەبڕاوەی دوایی کاربکەیت .

لە دواساتدا ئەو فەرمودەیەت دەهێنمەوە یاد پێکهاتووە لە دوو دیمەنو

پێشەوایی مرۆڤایەتی محمد (صلی الله علیە وسلم) دەفەرموێت: ئافرەتێك خرایە دۆزەخەوە چونکە پشیلەیەکی بەند کرد نەیهێشت بچێتە دەرەوەو خواردن بۆ خۆی پەیدا بکات لە ئاکامدا پشیلەکە بە برسێتی گیانی سپارد، پیاوێك خرایە بەهەشتەوە بەوەی لە ناو بیرێکدا ئاوی خواردەوە کاتێك هاتەوەسەرێ لە دورەوە چاوی لێبوو (سەگێك) لە ناو تینویەتی حالی پەرێشانەو لوت لە خۆڵەوە دەدات، ئەم پیاوەش دابەزییە ناو بیرەکەوەو پێلاوەکەی پرکرد لە ئاو بە ددانەکانی گرتیو بە چنگە کرێ هاتەدەرێو چەند جارێ ئەمەی کرد تا گیانلەبەرەکەی لە خنکاندنو تینویەتی ڕزگارکرد.

لە دوا قسەدا دەڵێین ئەگەر حەز دەکەیت خەڵكو خوات لێڕازی بێت ئیتر لە هەرج شوێنو جێگایەکی کاردایت (ئەهلی یا حکومی) یا وەك تیشکی خۆر بەسود بیت.. با خۆشیو چاکەو چاکە خوازی کاری تۆ بێت.. بانییەتت لەسەرو هەموویانەوە خوا لە خۆ ڕازیکردن بێت،دڵنیابە حەزت لە کاری خێرودەبێتو هەست بە ئاسودەیی رۆحت ئەکەیت ... کامەرانبن.. خوای گەورە یارو یاوەری هەمولایەك بێت انشاء الله .

چوار ماڵی هەژار چۆن دەوڵەمەندبون؟

دو شەو تێپەڕی بو بەسەر یادی مەولودی پێشەوای مرۆڤایەتی دا لە یەکێك لە شوێنە گشتییەکان بە ئامادەیی چەندین برای بەڕێزو بە ئەدەبو ڕوگەشو خوێن گەرم، دڵپڕ لە نوری ئەو یادە، لە خزمەت مامۆستای ئازیزو بەڕێزو خۆشەویست (کاك پێشرەو).. چەندین بابەتو لایەنی خەیری (ئیفاق) بەخشینی بۆ باسکردین، ئەوەی زۆر منی بۆ لای خۆیو تامو چێژی لایەنە ڕۆحیەکە ڕاکێشا ئەم چەمکە بوو کە : چۆن خێر بکەین؟ بەکێ خێرو زەکاتو بەرات بدەین؟ نیەتو هەستو ئەستمان لە کاردا بێت؟ ئاکامی ئەو خێرو خێراتە چۆن دەبینیتەوە؟ ئایا لە دوای پەیڤەکانمدا ئارەزوو دەکەیت چۆن بیت؟

خۆ زۆر ئاسانە چەند هەنگاوێك بۆ دواوە بنێینو لە خۆ ئامادەکردندا بین بۆ بازدانێکی بە گوڕو بڕینی چەند مەترێك بۆ گەیشتنی بە لیقایەکی خۆشگوزەرانی ئەوە لە سەدەی بیستو یەکدا گوزەر دەکەین، ئایا سەدەی بیستت کردە تۆوێکی سەوز بوو لەم سەدە نوێیەدا بتوانیت بیدرویتەوە ماڵو حاڵو دەرو دراوسێو گەدەتی لێتێرکەیت.

ڕۆژێك پیاوێکی دانیشتوی یەکێك لە دەرەوەی ئەم شارە هاتە لامو داوایکرد چەمکی زەکاتو ماڵ بەخشین بزانێت ئارەزوی خێری هەبو بۆچەندین کەس.. بەڵام پاش چەند قسەیەك حەزمکرد ئەم قسەیەی بۆ بکەم:

+ ئایا لە ناوچەی ئێوەدا چەند کەس نەدارە؟؟!

+ شوکر هەمویان باشنو هەندێکیشیان مام ناوەندنو چەند کەسێکی کەمیان زۆر حاڵیان خراپە.

+ باشە براکەم بڕۆرەوە جوان جوان سەرنج بدە بزانە چەندیان زۆر موستەحەقی زەکاتن!؟

پاش ماوەی چەند ڕۆژێك هاتەوەو وتی: دڵنیام مامۆستا گیان چوارماڵ.. ئەم چوارماڵەی لەلای خۆم ناونوسم کردون زۆر شایستەی خێرو زەکاتن هیچ شك نابەن.. زۆر لاوازن دڵنیام لە لاوازیدا لەسەرویل ئەڕۆن.

زۆر باشە ئەو زەکاتەی هەتە بەشی کەسی تری لێمەدە.. هەموی دابەش بکە بەسەر ئەو چوار ماڵە زۆر هەژارەدا..

بابەت کۆن بوو لەلای من ئەو ڕۆژگارانەو ئەو ڕەمەزانەو ئەو ساڵە گوزەریان کرد.. پاش ساڵێکی تر لە ناوەڕاستی مانگی ڕەمەزاندا بو، ئەم پیاوە خاوەن داراییە هاتەوە لام.. ئەملاولای ماچکردم.. ئەمناسییەوە بەڵام خۆی پێناسانمەوە دوای ڕێزو سوپاسو دوعای خێری وتی: مامۆستای گەنج کوڕی دڵپڕ لە نور بە ڕاستی فێری خێرو چەمکی زەکاتت کردم..

- ئەوەی پار کردم، ڕێنمونی جەنابتان بو بابۆت باسبکەم ئەمساڵیش نیەتی ئاوا کارێکی ترم هەیە..

پار ئەو ڕێگەیەی تۆ بۆت باسکردم بە کارم هێنا، چوار ماڵە هەژارەکە یەکی ١٢٠٠٠٠ دیناری سویسری[8] یان بەرکەوت .. کەوای وت یەکسەر وتم: ماشاء الله ئەوەندەت زەکات هەبووە؟!

بەڵێ مامۆستا گیان، بەڵام ئەوەی جێگەی دەستخۆشییە بۆ بەڕێزتان ئەمەیە، ئەم ساڵ نامەیەکم بۆ ئەو چوار ماڵە نوسیو داوام لێکردن کە حاڵو ئەحواڵی خۆتانم بۆ بنوسنو تا پارمەتی ئەمساڵتان بدەم..

ماڵیان ئاوەدان بێت دەتوانم بڵێم چەند لاپەڕەیەك هەر دوعای خێرو چاکە خوازی بوو پاشان هەرچوار یان بەبێ ئاگاداری یەکتر نوسیبویان (ئەو پارمیەی پاری تۆ، ئەو زەکاتەی پاری تۆ، هێندە دەوڵەمەندی کردین، هێندە پۆشتەو پەرداخی کردین، ئەمساڵ لە ماڵەکەمان زەکات دەردەکەین، تا لەبەرەکەتی زەکات بێبەش نەبین..) وتم: ماشاء الله چەند جوان بەرهەمیداوە.. ماشاء الله لەو زەکاتو نییەتە.

8. ١٢٠,٠٠٠ * ١٥٠ = ١٧,٠٠٠,٠٠٠ چاپی نوێ.

ئەمە چەمکی زەکاتە، نەك ئەوەی (٢٠)دینار بۆ ٢٠ کەس یان دەکەس دادەنێیت، دو ژەم برسی دەبێتەوە.. ئەم ساڵ باشەو ساڵی داهاتو خراپ دەبێتەوە پێشەوای مرۆڤایەتی دەفەرموێت: کابرایەك هاتە لامو داوای خێری لێکردم منیش کە سەرنجمدا زۆر بە گورو بەتین دیاربوو، وتم: ئەتوانیت بچیت لەو کەژو کێوە داربڕی بیهێنەوە ناو شارو بیفرۆشە بە پارەکەی پێداویستی خۆت ئامادەبکەیت؟

بە ئیرادەیەکی بەرزەوە وتی: ئامادەم زۆر حەزیش دەکەم بەڵام کەرەسەی داربڕینو گواستنەوەیم نییە؟

پێشەوای مرۆڤایەتی صلی الله علیه وسلم: هەر خێرا تەورو گوریسی بۆ بۆ ئامادەکردو فەرموی: ئەمە کەرەسەی کارکردن فەرمو بڕۆ بەلای کارتەوە..

پاش ماوەیەك پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم: پیاوەکەی بینیەوە فەرموی: حاڵو کارو ژیان چۆنەو چۆن دەگوزەرێت؟

پیاوە هەژارەکە وتی: ئێستا زۆر باشمو لە پاشەکەوتی خۆمو ماڵو منداڵم خێریش دەکەم.

وتەیەکی گەلی سینی هەیە دەڵێت: ئەگەر هەژارت تێرکرد بە ژەمێك خواردنی ماسی، لە جیاتی ئەوەی ژەمێك ماسی بدەیتیو پاش ماوەیەکی تر برسی بۆوە قولاپێکی ماسی گرتنی بدەریو فێری ماسی گرتنی بکە با خۆی کاری خۆی بکات.

بەکورتی: مەترسە لە ماڵ کەمبونەوە.. خوا داویەتیو خوای گەورەش پڕ بەرەکەتی ئەکات.

نییەتی پاک لە چاوەڕوانی باراندا..

زۆرجار زۆر ساڵ لە سەرەتای وەرزی باران بارینەوە یا لە کۆتاییەوە باران بارین دوادەکەوێت.

دانیشتوانی ناوچەکانی کوردستان و کوردەواری مەترسییان لێدەنیشت..چەندەها پرسیار لە زاریان دەترازێ، چەندین بیرو بۆچونی سەیر بە مێشکیاندا ڕادەبورێ، جارجارەش پەنا دەبەنەبەر قسەو باسی دور لە سونەتی خوایی و پێغەمبەرو سروشتی ژیان یەکێك دەڵێ:

- ئەمساڵ باران نەبارێت لە برساندا دەمرین.
- جا بۆ ببارێت مەڕو مێگەل و خەلەو خەرمانەکەم.. چیم هەیە؟
- جا بۆ نەبارێت سروشت و دیمەنی کوردستان ڕازاوە دەبێت.
- ئەی بۆ ڕازاوە بێت تا خەلکی کاری دوور لە یاسایی خوای تیا پیادە بکەن.
- خوایە گیان بارانی ڕەحمەت بکەیتە دیاری زەوی.. لەبەر خۆمان نا، لەبەر گژو گیاو دارو درەخت.. مارو مێروو.. زیندەوەران و بێزمانان.. خوایە گیان داکەیتە لێزمەی باران بۆ فەقیرو هەژاران و لانەوازان..
- با مندالان ڕۆحیانەت پاکەکان داوا لە خوا بکەن تابارانی ڕەحمەتی ببارێ.
- بچن بۆ هەورامان با ئەوانە داوای باران بکەن.
- با نوێژە بارانە بکەین.. مامۆستا ڕابەرمانە پێشمان بکەوە.
- ئەیەڕۆ ئێمەش نوێژە بارانە بکەین.. جا کە بانوی ماڵ چی لەسەرە..

لە کۆتایی ئەم چەند دێڕو سەرنج و بۆ چونانەوە دەڵێم:

ئایا بۆچی ئەم کارو گفتارانەش ئەنجام دەدەین بەڵام باران نابارێت؟

گەر دەتەوێت شارەزا بیت لە حیکمەتی باران نەبارین لە وەرزو کات و ساتی خۆیدا وەرە چاوودڵ و هەست و هۆشت لە گەڵما بەرێکەو با شۆڕببێتەوە بۆ ڕابردوو تا گوزەرێك بۆ لای کۆچکردو مەلا (مستەفای کەناروێ) بکەین.

چی هێناوەتە سەر ئەرزی واقع بەڕێز کاك قادری مەلا مستەفای کەناروێ دەڵێت:

ساڵ درەنگی کرد خەڵکی لە چاوەڕوانی باراندا دەژیان هەڵسان و دانیشتنیان هەمو کۆڕو کۆبونەوەیەکیان تەنها باس بوو لە نە بارینی باران و خەمێکی زۆر دایگرتبون. زۆر نارەحەت ژیان و ڕۆژگارەکانیان دەگوزەراند.

زۆر داواکاری بارانیان کرد.. دوعاو پاڕانەوەیان زۆر دەکرد لە کات و ناکات و ساتەکانی ناسکیدا.. بەڵام هەور بەری ئاسمانی ناگرت کەس ئومێدی ئەوەی ناکرد باران بباریێ.. هەوڵەکان بەردەوام بون بەڵام ئاکام نەباری..

خەڵکەکە بە کردارو گفتار سەلماندیان کە هەمو بێ ڕەحمەت و یارمەتی خوا ناژین و نابێت..

ڕۆژێك خەڵکی گوند زۆریان بۆ باوکم هانی کە دەبێت (نوێژە بارانە) بکەین تا بارانی پڕخێرو بەرەکەت و جوانیمان بۆ بباریێ، ماموستا لە وەڵامدا وتی:

داواکار لە پەروەردگار دەکەن کە خێرو بەرەکەت و باران بباریێ بەڵام چییتان بۆ ئامادەکردوە؟! تەنها قسەو هیچی تر ئەی کوا کردەوەو ئادابی داواکردنی باران بارین!

خەڵکەکە زۆر لە عیشق و دیداری باراندا چاوەڕوانیان کرد بو ماندو شەکەت وتیان: ماموستا چیبکەین.. چیمان دەسەڵاتە.. ئێمە نەزان و تۆ ڕابەر.. فریامان بکەوە.. تا ڕزگار بین لەم دەردەسەرییە..

ماموستا وتی: ئایا هەرچیەکم وت گوێڕایەڵیم دەکەن؟

ڕیش سپی گوند وتی: جا ماموستا گیان هەرچیەکت فەرمو بێ گوێڕایەڵیمان کردوەو کەم تەرخەمیمان نەنواندوە.

ماموستا: ئەم جارە زۆر جیاوازترە لە جارەکانی تر.

هەمویان وتیان: ئامادەین هەرچی دەڵێیت.. تەنها تۆ خێرو خۆشی ئێمەت ئەوێ.

مەلا مستەفا دوای تۆزێك تێڕامان وتی: دەمەوێ ئەمشەو هەرچی تەکالیفی شەرعی لەسەرە لە پیاوان لە مزگەوت کۆبێتەوەو دوانەکەوێت.

بەڵێ دوای نوێژی خەوتنان هەرچی داربەدەستی گوندە لە مزگەوت چاوەڕوانی وتەو فەرمانی ماموستا بون..

ماموستا یەك چاوی بەناودا گێڕان.. هەمویان ئامادەبوون.. دوای سوپاس و ستایشی پەروەردگارو درود بۆ گیانی پاکی پێشەوای مرۆڤایەتی، فەرموی:

برایانی ئازیزم کۆبونەوەمو ئامادەبونی هەموتان لەم جێگەو شوێنە پیرۆزەدا بۆ کارێکی گرنگە گەر بەدەمییەوە نەچین‌و خەمی نەخۆین مەترسی گەورەی لێدەکەوێتەوە..

ئەویش ووشکە ساڵییە بۆ درێژە نەکێشانی ئەو ڕووداوەو تورەنەبونی خوای گەورە وسەر کەوتنمان لەم تاقیکردنەوەیەدا دەبێت گوێرایەڵی داواکارییەکانم بن، دەبێت بەڵێن بدەن کە بەگەرمییەوە هاوکاریم دەکەن‌و خاوخلیچکی ناکەن..

هەمو بەڵێنیاندا بە کردەوە بەجۆش‌و خرۆشەوە بە ماڵو گیان ئامادەبن.. دڵنیاش بون نایان زانی داواکارییەکان چییە، بەڵام لەکارو کردەوەی مامۆستا دڵنیابون بۆیە بەڵێنیاندا مامۆستا مستەفا وتی: هەمو پیاوان دەبێت بەڵێن بدەن کەم تەرخەمی لە نوێژە فەرزەکاندا نەکەن لە هەرجێگەیەك کاتی بانگ هات نوێژەکان ئەنجام بدەن هەمو ڕازین!؟ دانیشتوان بەپەرۆشەوە وتیان: ڕازین..

ڕۆژی پێنج شەممە هەموتان بەڕۆژوبن کە ڕۆژوی سوننەتە ئێوارەکەی دوعای زۆر بکەن.هەمو ئامادەن بەڵێ بەسەر چاو.

برایان چونکە هەمو بەیەکەوە دەژین بێگومان حەقمان کەوتۆتە لای یەکتر، لەم جێگەیە ناچینە دەر تاگەردنی یەکتر ئازا نەکەین، گەر شتی ماڵییە دەبێت تاسبەینێ ئەم کاتانە درابێتەوە، دڵتان لەئاستی یەکتر پاك بوبێتەوە... ڕازین؟! بەڵێ هەموڕازین..

وەك ڕۆژی جەژن ئەملاولای یەکتریان ماچکردو بەدڵێکی سافەوە گەردنی یەکیان ئازادکرد.. مامۆستا چەندین وتەی جوان‌و هێنانەوەی بەڵگەی شەرعی بۆ باسکردن..

برایان دەبێت خوشکان‌و خێزانەکانتان بەهەمان شێوەو دەستور ئامادەبن ئایا ڕازین.. بەڵێ بەسەرچاو ئێمەش هەمو خوشك‌و براین‌و پارێزگاری ئەرکی سەرشانمانە.

بۆ ئێوارەی داهاتو دوای نوێژی خەوتنان خوشکان‌و دایکان لە مزگەوت ئامادەبون.. مامۆستا چەندین بابەت‌و بەڵگەی شەرعی‌و ڕۆڵی ئافرەتی لەتەك پیاودا بۆ باسکردن (مەلێك بە یەك باڵ نافڕێ).

هەمو گەردنی یەکتریان ئازاکرد بەڵام مامۆستا وتی: ئەبێت گەردنی پیاوو مێردو براکانتان ئازاکەن.. نابێت کەستان حەقتان لای کەستان مابێت..

بەڕێزەکەم.. مرۆڤی سالانی ڕابردو پاك‌و بێگەردو هەستی ئاینی لەکارو کردەوەیاندا ڕەنگیدابۆوە.. بونی مامۆستایەك لەگوندێکدا نیشانەی ئەو پەڕی پێشکەوتن بوو.

بۆ بەیانی منداڵان بوکە بەبارانێیان سازدا لە مەراسمێکدا هەرچیان زانی بەدنیا بێگەردەکەی خۆیان و داواکاری ڕازو نیازی خەڵکی وتیان و نوواندیان.

هەیاران و مەیاران یاخوا داکاتە باران

بۆ فەقیرو هەژاران

بوکە بە بسارانێ سەعاتی جسارانێ

ئاوی بن دەغلانێ هەیاران و مەیاران

یاخوا داکاتە باران بۆ فەقیرو هەژاران

چاڵی گەنم پڕ بێ گوڵی گەنم خڕبیبێ

هەیاران و مەیاران یاخوا داکاتە باران

بۆ ئێمەو بۆ هەژاران

منداڵان لە گوێزو خورماو دانەوێڵەو نوقڵ و پارە پڕ گیرفانیان بو، هەموشیان لە ئاو هەڵکشان، پیاوان و ژنانی گوند ئێوارە مانگی ڕەمەزان ئاسا بە دەمی پڕ دوعای خێرەوە ڕۆژویان شکاند کەس بێفرمانی نەکرد.

بۆ نیوەڕۆی دوای هەینی و دوعاو پاڕانەوەی زۆرو بە ئامادەبونی هەمویان چونەوە ماڵ و نانی نیوەڕۆیان خوارد.. باران هەر نەباری هەر نەباری.

مامۆستا بۆ جارێکیتر خەڵکی هەمو کۆکردەوە پێی ڕگەیاندن.. کێ لە توانایدا هەیە ئاژەڵێکبکاتە خێر بهێنێ و لە گەڵمانا بێت.. کێ لە توانایدا نییە با خۆی ئامادە بێ ئەمە خێرێکە بۆ هەموانە..(ئەزیران مێوگەر ساڵانە بیبڕی بۆ ساڵی داهاتوی زیاتر تری دەدات.. خێر تا زیاتری لێبکەین زیاتر زیاد دەکات و دەبێتە لابردنی بەڵاو ناڕەحەتی).

مەلا مستەفا لە ئاوایی دەرچو بۆ نوێژە بارانەو سەربڕینی حەیوانەکەی، خەڵکی کە مەلایان بەم شێوەیە بینی هەرکەسەو لە ئاستی خۆیەوە ئامادە بو هەندێکیان بە دەستی بەتاڵ و هەندێکیان بە سەرێك (بزن و مەڕو نۆبەن جوانەگا...) بەرەو پشتی ئاوایی کەناروێ ڕۆیشتن.. ئای لەو دیمەنە ئیمانیەو ئای لەو دەرونە پاکژەو بۆ خواو مرۆڤ زیانە.. بەنێتێکی پاکەوە نوێژە بارانەیان ئەنجامداو پاش دوعاو پاڕانەوەی تایبەت.. مامۆستا قوڵی هەڵماڵی و نیەتی لێهانی و حەیوانی خۆی کردە خێری باران بارین هەرکەسەو لە ئاستی خۆیەوە خێری خۆی کرد، هەمو ئاژەڵەکانیان کەولکرد. گۆشتەکەی

پارچە پارچە کرا.. هەوری ڕەش بەری ئاسمانی ئەو ناوچەیەی گرت.لە خۆشیاندا خەڵکی هەمو خۆشی لە ڕوخساریان دەباری باران وردە وردە دایکرد..

مامۆستا وتی: ڕەحمەتی خواتان لێبێت کەس بۆ بن دارو پاسار نەڕوات.. باهەمو لە باراندا بخوسێین.

کەس دەست هەڵنەگرێ خوای گەورە دوعاو نزاو خێرەکەی لێقبولکردین..گۆشتی حەیوانەکە پارچە پارچە کرا خوێن و ئاوی باران تێکەڵ بوو پلەی گەرما نزم بۆوە..

خەڵکەکە بەتەوای هیلاك بون، هەر ماڵەو بەزیادەوە بەشە گۆشتی خێری خۆی بەرکەوت. ئەوەی زیاد بو دایانە کوڕێکی گەنجی بە توانا.. سواری وولاغێکیان کردوڕەوانەی گوندێکی دراوسێیان کرد، بە مەبەستی بەشداری بون لەو خێرو خۆشییەدا. هەمو بەخۆشیو شادی لە کۆکردنەوەو پاککردنەوەی ئەو ناوەدابەشداربون، ئەو کەسە بەرێزەی گۆشتەکەی برد بۆ دێکەی هاوسێیان گەڕایەوە.. مامۆستا پرسی: خێر بوووا زوو گەڕایتەوە!؟

کوڕە لاو: مامۆستا گیان لە نیوەی ڕێگا پیاوێکی ئەو گوندەم توشبو ئەوانیش ئێمە ئاسا هەستاون بە خێرو خۆشی بۆ(بارانی ڕەحمەت) بەشی ئێمەیان ناردووە، ئێمەش بەشی خۆمان ناردوە، لە ڕێگا گۆڕیمانەوە هاتمەوە.

مامۆستا بە بیستنی ئەم وتانە فرمێسکی خۆشیو دڵۆپی باران بەڕیشی پیرۆزیا جۆگەلەیان بەست پاشان وتی: سوێند بێت نایەتەوە ناو دێ برۆ بیدە بە خەڵکی گوندێکی تر تا نەیکەیتە خێر نەیەیتەوە ئەو ئێوارەیە ماڵ نەبو بۆن و هالاوی گۆشتی کوڵاوو برژاو لە ماڵیانەوە تێکەڵ بە باران نەبوبێت.

خوێنەری ئازیز.. گەر ویستمان خوای گەورە دەرگای سۆزو ڕەحمەمان لێبکاتەوە دەبێت نیەتەکان یەکبن، لاشەو ئاخ خاوێن بن داواو سۆز بێتە ئەرزی واقع ئەو کاتە خوای باڵا دەست دەرگای خێرمان بۆ دەکاتەوە.. پێغەمبەری گەورەشمان (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (انما الأعمال بالنيات وانما لكل امرء مانوى....) یان (من لایرحم الناس لایرحم الله).منیش لە چاوەڕوانی بارانی پڕ خۆشیدام بۆ ئەم زەوییە وشکەو گژوگیاو زیندەوەران خوایە گیان لە خۆشییەکانی ئەرزو ئاسمان بێبەشمان نەکەیت امین... امین. الحمد الله رب العالمين.

خێزانێکی بەخشندە

لەم هەناسەی بەختەوەرییەدا ئەم خێزانە خێرخوازە باسدەکەم بۆ بەڕێزتان کە چۆن خۆی ڕاهێناوە لەسەر بەخشین.. کە چۆن خێزانەکەی فێری بەخشین کردوە، کە چۆن منداڵە ناسكو نازدارەکانی بە پارەی حەڵاڵو بە شێوەی جوان ئاداب داداوەبە چەمکە پڕ واتا جوانەکانی بەخشین .. هیوادارم چاویان لێبکەینو ئێمەش کاری جدی بۆ بکەین.

ئەوە چەند ڕۆژێکە لەم لاولا بانگەشە دەکرێت بۆ خێرو خێرخوازی ئەو منو تۆ ڕەنگە بە خەیاڵماندا نەهاتبێت هەستو ویژدانی نەجوڵانبین بەڵام ناخو هەستو بیری ئەم خێزانەی هەژاند.. ئای بەخشندەی.. ئای خۆشە کەسێك دڵخۆش بکەی کە چاوەڕێی خێرە و سوپاس گوزارە.

برایەك لەگەڵ هاوسەرەکەیو دوو منداڵی بچوکی نازداریان پێبو هاتن بەرەو سندوقی بەخشین من سەرنجم دەدان.. من لە هەندێك کەس ورد دەبومەوە سەرنجیان ڕادەکێشام، ئەمەش یەکێك بو لەو دیمەنانە..

پیاوەکە چوە سەرسندوقی خێرو چی لە تواناو گیرفانیدا هەبو بەخشی، هاوسەرەکەی لەلایەکی ترەوە چوە لای سندوقی ئافرەتان شتی زۆر جوانو دەگمەنی خۆی بەخشی، ئەو کەسەی کە لەسەر سندوقەکە بوو سەرسام بو وتی: دادە گیان یەکجار خۆت مەخەرە نارەحەتیەوە، ئەی چی بۆ خۆت؟ خۆ ڕەنگە ئەو کەسەی سندوقەکەی بۆ دانراوە تەنها مەبەستی جوڵاندنی لایەنی بەخشینی منو تۆ بوبێت،ئافرەتە خوا پەرستەکە وتی: من بە نیوەی نادەم من بە خوایەکی دەدەم کە دەیناسمو دەیپەرستم من بە خوای بەخشندەی دەیبەخشم.

لەو لاوە دوو منداڵە نازدارەکەیان هاتنە سەرمێزی نزیك سندوقەکەوە یەکی عەلاگەیەکی ڕەشیان پێبو زۆر لەسەر خۆو بە جوانی کردیانەوە یەکی دەغیلەیەکی بچوکی خۆیان پێ بوو ئەویشیان کردەوەو هەڵیان ڕشتە سەرمێزەکە.. ئاخر بەڕێزان

منداڵ دەغیلەی زۆر لاخۆشەویستە بە دڵو گیان لە دەمی خۆی دەگرێتەوەو دەیخاتە ناو ئەو سندوقە بچوکەوە.

پاش ژمارەکردنی، ژماردمان یەکی ٤٠٠ دیناری سویسری بوو ئەوەی سەرنجی منی زۆر ڕاکێشا ئەو دوو منداڵە جوانو نازدارو هەست ناسکە بون کە دوای دورکەوتنەوە لە مێزەکە هیچ ئاورێکیان بۆ پارەکەو دەغیلەکەیان نەدایەوە.

منداڵ تایبەتمەندی ڕەوشتو ڕەوشی وەهایە کەشتێکی خۆش بوێت گەر دایتیو ڕۆیشت ئاورێکی بۆ دەداتەوە.. دڵی لەلای ئەو کەرەسەو شتەیە کەداویەتی بە تۆ بەڵام ئەم دو منداڵەی هێندە جوان پەروەردەکرابون کە زۆر سادە و ساکاربون.

پارەکەیان بەخشیو بیریان لە لەدەستچونیان نەکردەوە.

ئێمە ئەمڕۆ خێر دەکەین دەبەخشین بەڵام بە بێگار بە ناڕەحەت بە ناخۆشی دەزانین..

لەو لاشەوە پارەیەکی زۆرت دەستدەکەوێت لە ڕێگەی کارتی موبایلو کەرەسەی سەردەمی نوێوە خەرجی دەکەیت هەر بەخۆشت نازانیو سادەو ساکارە بەلاتەوە..

ئەزیەت نەبێت هێندەمەدەرە گەشتو سەیرانو کەرەسەی کات بە فیڕۆدان نیو ئەوەندە بکەرە خێرو بەسەر یەکەوە بیدە دەستی کەسێك کە چاوەڕێی خێرو خێراتە..

لە کەرەسەیەکیش ببەخشەکە خۆت خۆشت دەوێت کەرەسەیەك بدەرە خەڵکی کە لە خۆت زیادنەبێتو جێگەی گرتبێت واتە (تاقمە قەنەفەو بۆفیو ڕاخەر) دەدەیتە کەسێك کە لەلای خۆت جێگەی گرتوەو زیادە..

هیوادارم لە بەهاو نرخی بە خشین گەیشتبینو بتوانین هەنگاوی خێری بۆ بنێین ئاگامان لە کەسانی پێش خۆمانەوە بێت تەماشای ژیانی داهاتوش بکەین سەنگین بین انشاء الله.

پێغەمبەرﷺ لە خەوی بێخودی شاعیردا

مامۆستا مەلا مەحمود بێخود (١٢٩٨ – ١٣٧٥ك) دەڵێت: شەوێکیان لە خۆشەویستی سەرداری مرۆڤایەتی دەستم کردە دانانو نوسینەوەی قەصیدەیەك کە بۆ ئەوزاتە دەریای مەحەبەتی شەپۆل دەدات لە ناخمدا زۆرم وشەی جوانو پڕ واتام بە دوایەکدا ڕیزکرد.. بەڵام ماندو بونو کەم کەرەسەیو سەریەشە نەیهێشت قەصیدەکە بێنمە پایان هەروا بە قامیشو مەرەکەبو کاغەزەوە خستمە ژور سەرمو نوستم...

بۆ بەیانی چومە سەر حەوزێ بۆ گرتنی دەست نوێژ بەڕەحمەت بێت مامۆستا عبدالله لەژوور سەرمەوە وەستاو فەرموی(بێخود.. پێم بڵێ ئەمشەو چیت کرد.. چ کارێکت ئەنجامداوە زۆر خێر بوبێ..))

منیش سەرم هێناو سەرم برد هیچم شك نەبرد کەشایستەی وەڵامەکەی بەڕێزیان بێت بۆیە لەوەڵامیا عەرزم کرد: قوربان هیچ کارێکم نەکردووە.. بۆ دەپرسی‌بەڕێزیان دووبارەی کردەوە: باش بیر بکەرەوە بزانە چ کارێکت کردووە زۆر خێر بوە ئەو کاتە بیرم لە قەصیدەکە کردەوە و وتم: قوربان ئەم شەو قەصیدەیەکم لەخۆشەویستی ڕەسولی نازدار دانا..

قسەکەم تەواو نەکرد بەڕێزیان فەرموویان: بەڵام قەصیدەکەت تەواو نەکرد.. وانیە..؟!)) سەرم سوڕما.. ئەم چۆن ئەزانێ ئەمە تەنها نهێنی نێوان خۆم خوای گەورەیە..)) بەڵێ بەڕاستو دروستی وتم:

قوربان سەرم ژانی دەکرد.. هیلاكو شەکەت.. نەمتوانی کۆتایی پێبهێنم.. فەرمویان: تەواوە.. ئەمە ناوەرۆکی خەوەکەیە.. پاشان بەڕێزیان وتیان:ئەمشەو لەخەوما تۆ بێخود لەجۆڵەوانیەکدا وەستابوی وردە وردە هەنگاوت دەنا بەرەو کەسێك ئەویش وردە وردە هەنگاوی دەنا بەرەو تۆ کەنزیك بۆوە بەنوری جەمالیو هەیبەتو هەیبەت زانیم ئەمە ڕەسول اللەیە زۆر لەیەکتر نزیك بونەوە.. هەر ئەوەندەی مابو دەست بکەنە ملی یەك

بەڵام تۆ وەستایت‌و ئەویش وەستا.. هەنگاوەکان کۆتاییان هات‌و منیش خۆزگەم دەخواست بگەنە ئامێزی یەکتر بەڵام ئەو لەئامێز گرتنە دروست نەبو.. خەبەرم بۆوە.. ئای بێخود خۆزگە قەصیدەکەت تەواو ئەکرد ئەوسا لەخەونەکەمدا لەئامێزی خۆشەویستی خۆشەویسترین کەسی سەرزەویدا ئەمبینیتەوە..) خەومکەی ڕای چڵەکاندم بۆیە دوای نوێژی بەیانی دانیشتم قەصیدەکەم تەواو کرد، ئێستا ئەو موناجات‌و قەصیدەیە زیاتر لە (٦) لاپەڕەی دیوانەکەی گرتۆتەوە. لەکۆتایدا بەڕێزی خوێنەر بەهەمو لایەکمان خۆشەویستی ئەو زاتە لەدڵمان بزر نەکەین هەوڵ‌و ماندو بون بکێشین.. دڵنیابە خوای گەورەو ڕەسولی نازدار خۆشحاڵە بەهەمو کارێکی جوان‌و بەحەیاو بەئەدەب.. بابە ئەدەب کاری جوان ئەنجام بدەین‌و پەیمان تازە بکەینەوە لەسەر دینداری‌و خواپەرستی إنشاء الله.

چاکە بکەو بیدە بەدەم ئاوەوە...

ئـەو شـەڕەی نێـوان ئێـران عـێراق کـە بـەبێ هـیچ ئامانجێ هەڵگیرسـاو بـەبێ هـیچ ئومێدو ئامانجێ دوای هەشت ساڵ مەینەتی کۆتایی هات تەنها ناڕامیو خەمو خەفەتو دڵگرانـیو کاولکاری هێنایـە بونـەوە، مرۆڤـەکان لـەم سـەری عێـراق تـا ئـەو سـەری وڵات شڵەژان و نەگبـەتی بەشیان بـوو، بـەڵام ڕوی گەشـی مرۆڤایـەتی لـە سـایەی (بـاوەڕ)ەوە زۆربەی جار پشکی شێری دەدایە مرۆڤەکان کە هـەمو کـات لـە ویـژدانی زینـدودا دور لـە ڕەگەز پەرستیو شکاندنی سنوری سیاسـی کـاری خـۆی دەکردئـاگری جـەنگ نـا ئـارامی هەڵگیرسان دێهاتەکانی سنوری کاول بونو عێراق هەمو دێهاتـە سـنورییەکانی داگـرت بـۆ ناوشارو کۆمەڵگە زۆرەملێکان..

زۆر لە دێهاتی تر کە جێگەی مەترسی نـەبوون مانـەوە، لـەو گوندانـەش کـە ئـەم ڕوداوە واقعییەی تیا ڕویداوە گوندی (سیرەمێرگ)ی بناری ئـەزمڕ بـە دیـوی چـوارتادا بـووە، کـە کاك (حمە ڕیشە) بۆمان دەدوێ دەڵێت:

خزمێکمان لەو گوندە چەند ماڵیەدا دەژیا ناوی (کاکە حمە) بوو.

ئێوارە زستانێکی تەڕ و توش ڕوی لە ناوچەکەمان کرد بوو، مەڕو ماڵاتەکەم تاقەت کردو شەوگار هاتە پـێش نزیـك بـانگی خـەوتنان بـۆوە لـە دوری دێکەمانـەوە تارمـایی پیاوێـك دەرکەوت لەناو بەفرەکەدا کەبەرەو من دەهات..پاش چـەند خولـەکێ هاتـە بەردەسـتمو بەعـەرەبی قسەی کـرد لـە کورتـەی قسەکانیدا وا دیـار بـوو کـە سـەربازەو بـە نیـازە بگەڕێتەوە (ڕەبایەکە) کە لەسـەر شـاخی ئـەزمڕ بـوو، ئـەم داماوە لـە مۆڵـەتی سـەربازی هاتبۆوە (ئیفاکە) لە خوار دێکەوە دایبەزاندبو.

وردە وردە بەفرو باو گەردەلول دەستی پێکرد لە ڕاهی خوادا هێنامە ماڵەوەو ئـەو شـەوە داڵدەم داو خواردنی باشمان دا پـێ.. لـە سـەرماو ڕەقبونـەوە ڕزگـاری بـوو بۆبـەیانی دنیـا

شەبەقی دابو.. نان‌و چایی خواردو دوای سوپاسی زۆرو بێپایان ویستی سەرکەوێت بۆ سەر ئەزمەڕ لە ڕوکاری نسێوە بەڵام حەزم کرد پیاوەتیەکەم کامڵ بێت...
ولاغێکی بەرزەم هێناو سوارم کرد .. کوڕە گەورەکەم بۆ شارەزایی ڕێگە لە گەڵیا بەڕێ کەوت، ئەم کارە زۆر سادەو ساکار بو بە نیسبەت ئێمەی گوندنشینەوە، بەڵام لە تەرازوی ئیلاهیدا سەنگی زۆربو شەڕ درێژەی کێشا ... هەمو ئەم بەرو بەری چەمی قەڵاچۆلان لە دورترین گوندەوە تا سەری ئەزمەڕ بە (کۆمەڵگا نشینەوە) خاپور کران‌و خەڵکەکەی هاتنە کۆمەڵگەی بازیان و ئەسرو باریکەو شانەدەری‌و هەڵەبجەی تازەو کانی شەیتان‌و...
زۆر لە خەڵکی خورەوشتیان گۆڕا هەندێکیشیان لەسەر زەمەنی خۆیان مانەوە کاکە حەمە هەندێ ولاغ‌و مەڕو مالاتی خۆی‌و خەڵکی تر دەبات بۆ قەسابخانەکانی شاری موسڵ‌و دەیفرۆشێت بە سی هەزار دیناری سویسری‌و پارەکە دەخاتە باخەڵی‌و قایمی ئەکات‌و جوان ئەیشارێتەوە بەدڵی خۆشەوە ئەگەڕێتەوە لە زالگەی (کەرکوک - هەولێر) دایدەگرن‌و پاش پشکنین‌و لێوردبونەوە پارەکەی ئەدۆزنەوە، بەجل‌و بەرگی کوردییەوە زۆر ڕقیان لێی هەڵدەستێ‌و لە بیانو دەگەڕێن، پارەکەی لێدەستێنن‌و چینێکی باشی دەکوتن ئەڵێن: ئەو پارەیە بۆ (مخەریب) ئەبەی لەو بەر سوری هەتاوە ڕایانگرتم‌و کەلەپچەیان کردە دەستم‌و لە پشتەوە هەرکەسێکیان لە ئەندامانی سەیتەرەکە بەلاما ئەڕۆیشت شەقێکی تێهەڵئەدام، ئەم داماوە زۆر بێتاقەت نارەحەت ئەبێ... ماڵەکەی ڕۆشت.. هاکا سەریشی ڕۆشت، بەتەپاوتل خۆ نزیک ئەکاتەوە لە ژوری حەرەسەکان چەند قسەیەك ئەکات کە هەموی پاڕانەوە ئەبێ بەڵام گوێی لێناگرن‌و بێسود ئەبێت.
ئالەم کاتەدا کوردێکی ئاوا بەو پارەیەوە بەردەست جەندرمەکانی بەعس بکەوێت، ئاشکرایە بە ئاسانی وازی لێناهێنن.
ناچار زۆر ئەپاڕێتەوە هاواری خوای گەورە ئەکات، دڵی غەریبی، غوربەت ئەیگرێ تەنها خوای گەورە ئاگادارە بەم نارەحەتیەیەکێك لە سەربازەکان دێتە دەرەوەو بەرەو لای ئەچێت لەبەردەمیا دا ئەنیشێ‌و ئەڵێ: کاکە تینوت نییە؟ گەرمات نییە؟
ئەمیش بە لاوازی ئەڵێ: جا دەسەلاتم چییە!
سەربازەکە ئەڵێ: مژدەیەکت بەمێ هەر ئێستا خۆت ئامادەبکە!
وامزانی بۆ بەربون‌و گەڕانەوەیە.. بەڵام وتی:

خۆت ئامادەبکە بۆ سجن‌و هەینەی کەرکوك، کەوای وت بەتەواوی هیوا بڕاو بوم کە ئیتر شارو ماڵ‌و منداڵ‌و خزمان نابینمەوە سەربازەکە چوە ژورەوە.

منیش لەو سورە هەتاوەو لەو گەرمایەدا سەرم بۆ ئاسمان هەڵبڕی‌و تا توانیم لە پەروەردگار پاڕامەوە ... لالامەوە کەبێت بە هانامەوە.. بەڵام لە رەحمەتی خوا نائومێد نەبوم، دوعام کرد دوعاو پاڕانەوە بە دڵ چەند سەعات گوزەری کرد وامەزانی رۆژگارن..

سەیارەیەکی (جیّب قیادەی واز) بەلامدا ڕۆیشت‌و چەند سەیارەیەکی بەدواوە بوو، من تەماشام نەکردو ئەوانیش تەماشایان نەکردم..

لە پڕ جیّب قیادەکە بەگێکی داناو پاشەو پاش گەڕایە دواوە لە ئاستی من ئەفسەرێکی پلەداری بالا بەرزی قیافەرێك دابەزی بە پۆستاڵی سورو ئەوت شجاعەوە چەند ئەستێرەیەك لەسەر شان.. کە ئەم دیمەنەم بینی لە دڵی خۆمدا وتم: حەمە تەواو مەرگ بووە میوانت .. ئەمە بارت ئەکات بۆ هەینەی کەرکوك..

حیمایەکانی بەو ناوەدا بلاوبونەوە بەرەو لای من هات، هەر هەنگاوێ لێدانی دڵم زیادی دەکرد دارەکەی دەستی خستە ژێر چەناگەم‌و سەری بەرز کردمەوەو چەند چرکەیەك تێڕوانیم.. پشتی تێکردم‌و ڕۆیشتە ناو ژوری زاڵگەکەوە بەدارەکەی دەستی هەمو سەربازەکانی داپاچی داوای کلیلی کەلەپچەکەی کرد..بە دەستی خۆی کەلەبچەکەی کردەوە، وتی:

ئەم پیاوەتان بۆ لەم گەرمایەدا ڕاگرتوە.. چ تاوانێکی کردووە.

وتیان: گەورەم ئەوە پارەی (مخریبی) پێیەو گرتومانە.

وتی: شتی وانیە کوا پارەکەی پارەکەیان دایە دەستی‌و پارەکەی دایەوە دەستم

تا ئەو کاتە هەر بە گاڵتەم ئەزانی دەستی گرتم‌و لەبەر تەنکیەکە دەستو دەم‌و چاوم شت‌و ئاوی ساردی دامێ‌و لەگەڵ خۆی سواری کردم

لە دڵی خۆما بە خۆم ئەوت یان بۆ هەینەی کەرکوك.. یان بۆ گەڕانەوە..

لە ڕێگە کابرای ئەفسەر وتی: نامناسی؟؟

وتم: ڕاستت ئەوێ نەبەخوا .وتی: باش بیربکەرەوە.. باش بیربکەرەوە چ خێرێکت کردووە! هەرچەندە بیرم کردەوە ئەو چاکەیەی زیاتر لە ١٠ساڵم بیرنەکەوتەوە.. چوزانم.. هەزار خراپەو چاکەم هەبو.. بەڵام لەڕەحمی خوا نائومێدنەبوم..ئەمە ئەو

سەربازە داماوەبوکەکاتی خۆی پێش زیاتر لە دە ساڵ ئەم چاکەیەم لەگەڵ کردبو، لەمردن و ڕەق بونەوە ڕزگارم کردبونەویش پلەدار بو بەلام من نامناسی، لەم ماوەی شەڕی ئێران، عێراقەدا پلەوپایەی بەرزبوبۆوەو مەدالیای ئازایەتی-(نوط الشجاعه)وەرگرتبو.. کەس دەستی نەنەهێنایە ڕێگەی ، خۆشی کەوتە دڵمەوە، دوای تۆزێك ڕۆشتن وتی: بۆ کوێ ئەچی؟ لەکوێ بوی؟ وتم: ئەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی، لەموسڵ بوم. وتی:هیچ قسەی تیا مەکە.. ئەمشەو میوانی من ئەبی و بەیانی خۆم تا دەرگای ماڵەوە بەم جیبە ئەتگەیەنم، بەخۆشحاڵییەوە وتم: ماڵتان ئاوەدان بێت زۆر سوپاس بۆ خواو زۆر سوپاس بۆ بەڕێزت لەمردن ڕزگارت کردم زۆر هەوڵیدا.. ڕازی نەبوم.. ناچار گەیاندمیە ((نەقلیاتی کەرکوك))و سواری سەیارەی سلێمانی بوو.. حیمایەکانی خۆی لەگەڵ سەیارەکەمدا نارد تالەشاری کەرکوك دەرچوم..ئەمە وانەو پەندو ئامۆژگاریەکی گەورەیە کەکاکە حەمە کردبوی تەنها لەڕاهی خوادا.. پاش ئەو زەمەنە چاکەو پاداشتەکەی هاتەوە ڕێگەی..[9] کوردەواریش وتویانە((چاکە بکەو بیدە بەدەم ئاوەوە...))

کاکە حەمە ئەڵێ: ئێستا لە گوندەکەی خۆمان لەدوای ڕاپەڕینەوە دەژیم.. ئەو دیمەنە جوانە بەبەرچاوما دێت و دەڕوات..لەهەمو شوێن و جێگەیەك لەناو هەمو گەل و نەتەوەیەکدا کەسی چاك و کەسی خراپ هەیە..

ئەتوانی بڕیار بدەی لەکامیان بیت.. ئاکامیش لەم چیرۆکەو بابەتەی تری ژیان فێرت دەکات.. ژیان زۆر شتیتری لەلایەو لەداهاتودا فێرمان ئەکات.. سەرکەوتو بن..

---

[9] سود وەرگیراوە لە کتێبی ژیانەوە/ نوسینی ئەندازیار عوسمان، بەرگی پێنجەم کەئەویش لە بەڕێزحاجی حبیب پێنجوێنی وەرگرتووە ..ئەویش لە کاك حمە ڕەشەی سایەقی بیستووە .

ماڵی حەڵاڵ و نیەتی باش

کاك عەتا برادەرێکی دێرینمەو یەکترمان خۆش گەرەکە.. رۆژێکیان بابەتی پارەی حەڵاڵو حەرام و ماندوو بوون و شەو نخوونی و کاری گەرما بە رۆژی هاوین هاتە ئاراوە..

هەر یەکێك لە ئێمە رووداوێکی گێڕایەوە ئەویش وتی: باوکم (شێخ ئەحمەد) زۆر دەمێك بوو دەمانزانی پارەی دانراوی هەیەو نەمانزانی لە کوێدا حەشاری داوە، لە لای کەسمان باسی ناکرد.. کە زۆرمان بۆ دەهێنا دەیوت: بەو پارەیە نیەتی کاری خێرم هەیە. باوکم پارەو پولی زۆر بە ناڕەحەت پەیدا دەکرد، بە ئارەقی ناوچەوانی خۆی دەژیا..، ئەو ساڵەی شەڕی عێراق – ئێران درێژەی هەبوو، سوپای ئێران بە تۆپی دوور هاوێژ شاری سلێمانی بۆردومان دەکرد، ئێمەش وەك هەمو خەڵکی سلێمانی و (شەهیدانی ئازادی و خانووە قوڕەکان) فەردەمان پڕکردبوو لە گڵو لەبەر پەنجەرەو دەرگادا هەڵمان چنی بوو ساخوایە ئەمە پارچەیەك تۆپ بەرمان نەکەوێت، لەم تۆپ بارانەدا زۆرێك لە دانیشتوانی ئەم گەڕەکانە (شەهیدو بریندارو کەم ئەندام) بوون، ئەوەی من قەت بیرم ناچێتەوە پیاوێك ناوی حاجی ساڵح بوو لە چوارتاوە (کچەکەی و کوڕەکەی) ناردبوو بۆ شار سا خوایە ئەمان لە بۆردوومانی چوارتاو دەورو بەری سەلامەت بن، بەڵام بێ ئاگا لە قەدەری ئیلاهی، لەکاتی تۆپ باراندا ئەم کچ و کوڕە خۆیان دەکەن بە کونە تەیارەیەکدا لەو بەر مزگەوتی هەنجیرەکەوەو تۆپێك دەدات بە بەردەم کونەتەیارەکەدا براکەی لە پێشەوە برینداربوو کچەکەش سەڵتەن شەهید بوو.. ئەمە زۆر هەژاندمی ئاخری بە نسیبی بوو ئەو مەرگەی کە لە دەستی رای دەکرد، ئەمە لەلایەك.. وەرە بزانن شێخ چی لە پارەکەی کرد.. پاش چەند مانگێك تۆپ باران نەمائینجا هەر ماڵ بوو مەکینەی دەگرت بۆ فڕێدانی ئەو گڵو خۆڵەی بەر پەنجەرەو دەرگاکانی..

ئێمەش رۆژێکیان لەگەڵ دایکم و خوشکەکەمدا دەستان کردە خاوێن کردنەوەی ناو ماڵەکەمان.. باوکم لە ماڵ نەبوو..

هەرچی پەڕۆو پاڵو گوێنی و کەرەسەی خراپ هەبوو لەبەر دەرگا دامانناماڵ خاوێن بۆوە.. کاتێك (مەکینەی خۆڵی بەلەدیّ) هات خستمانە ناو مەکینەکەوە لای نیوەڕۆ بوو باوکم هاتەوە ناو ماڵی بینی بە خاوێنی دەست خۆشی لێکردین.. ویستی نان بخوات.. سەرنجی دا لە توونی حەمامەکەو سەرسام بوو، هاواری کرد: دایکی عەتا! دایکی عەتا..! ئەوە کوا پەڕۆو پاڵی ناو ئەو توونی حەمامە.. دایکم وتی: وەڵلا ئەمڕۆ ماڵمان پاك کردەوەو هەمو شتە پیسەکانمان فرێدا.. باوکم هاواری کرد: ئەی هاوار.. ماڵ کاول بووم هەرچی پارەم هەبوو لەو توونی حەمامەدا حەشارم دابوو.. چۆن فرێتان دا..!! داتان بە کێو لە کوێ فرێتان دا..دایکم وتی دامانە مەکینەی خۆڵەکە.. خێرا باوکم خۆی کۆکردەوەو وەك رەشەبا دەرپەڕی بۆ دەرەوە.. لە ڕێگا خواو راستان بەو مەکینەی خۆڵی بەلەدیّیە گەیشتبوو پرسیاری لێکردبوون: کاکە گیان ئەو خۆڵەی ئەم بەیانییەتان لە کوێ رشتووە.. ئەوانیش دەشتی قرگەیان پێ وتبوو، باوکم خێرا خۆی گەیاندبووە (خۆڵە عەمەلەکەی قرگە) زۆر گەڕابوو.. باش بوو ئەو ئاگرەی پێوەیان نابوو بۆ سووتانی کاغەزو شت نەگەیشتبوووەوە تووڕەکە پارەکەی باوکم.. زۆر بەزەحمەت گوێنییەکانی دۆزیبوویەوە، لە ناو هەموویاندا ئەو گوێنییەی ناسی بووەوە کە پارەکەی تیادا شاردبووەوە.. بەڵێ پاش نوێژی عەسر لەو لاوە بە دڵی خۆش و بە پارەکەوە گەڕایەوە.. لە ئاکامدا وتمان: ئێمە یەك خێزانین بۆ دەبێت پارەت نهێنی بێت، پێکەنی و وتی: باشە لەمەولا با هەموتان بیزانن.. ئەو پارەیەم بە ئارەقی ناوچەوانم پەیدا کردووەو نێتی حەجم هەیە (إنشاءالله) ئێمەش وتمان: ماڵو پارەی حەلاڵ بۆ کاری حەلاڵ.

پێغەمبەرﷺلە خەوی حاجی محمدی هەورامیدا

بەڕێزان هەمو کات مرۆڤەکان ئەبێت نائومێد نەبن لەدەروازەی ڕەحمەتو بەرەکەتی خودای هەردوجیهانیان.. نارەحەتیو ناثارامیو ناثاسودەییو نائومێدی تەنگت پێهەڵئەچنێ هەردەم خۆت بەقوتابی (قورئانو پێغەمبەر) بزانە.. دڵنیابە.. چاك چاك بزانە سەرکەوتو ئەبیتو چۆك بەبەرامبەرەکەت دادەدەیت.. کاری تێدەکەیتو بەدەستی لەرزۆکی کارت تێناکات.. دڵنیابە خوای گەورە بەجوانی بەپاکی ڕووی تێبکە سەرکەوترین کەس دەبیت لەسەر زەویدا.. ئەمڕۆش نەبێت بەیانی.. دوبەیانی.. بەئارامبە مانگێکیتر سەرکەوتن بۆکەسی خوڕەوشت جوانو بەحەیاو بەئەدەبو خۆڕاگرانە لەم زەمانو زەمینە فراوانە، چاك چاك بزانە.. گەر سەرکەوتو نەبوی بگەڕێرەوە بەکارەکانتا دەزانیت لە کوێدا کەمو کورتی هەیە.. باوەڕ بکە چاك دەبێتەوە.. سەرکەتو دەبیتو دەبیتە چراخانی شەوەزەنگی نا ئومێدیو بێهیوایان حاجی مەجیدی خاڵی مەلا عوسمان ساڵی ٢٠٠٤ سەردانێکی ئاوایی (کەسنەزانی) سەر شیوی سەقزی کوردستانی خۆرهەڵاتی – ئێران – کردبوو.

چەند جارێ سەردانی کردبون بەڵام ئەمجارەیان بەهیوایەکی خۆشەوە گەڕایەوە.. حەزم کرد ئەو ڕوداوە خۆشە کە کردییە دیاری گەشتەکەی منیش بیکەمە خۆشترین مژدە بۆ مرۆڤە پەیامدارەکان...

بەڕێزیان دوای حەسانەوە چوبونە سەر حەوزو ئاوی مزگەوتەکەو ئەو ئاو خۆشییەی بینیبوی سەرنجی ڕاکێشابوو لە مەلا عوسمانی خوشکەزای پرسی بو... ئەویش کورتەی ڕوداوەکەی بۆ بەیان کرد بوو کە بۆتان بەیان ئەکەم إنشاء الله.

خاڵە گیان ئەم حەوز ئاوەی تۆ لەسەری دانیشتوی بەرهەمی خێر و خۆشی و بەرەکەتی ئەو خەوە بو کە حاجی محەمەدی دانیشتوی گوندەکەمان بەڕەسولی نازدارییەوە (ﷺ) بینی بو ئەم زاتە خواناسە زۆر موتەقییە زۆر خواپەرستو نورانیە بەتەمەن نزیك

بۆتەوە لە ٩٠ ساڵێك.. زۆر ڕاستگۆو خۆشەویستە لە ناو هەموانا.. ماوەیەك بو نوێژو جەماعەتی جومعەمان وەك پێویست نەئەکرد لەبەر کەم ئاوی‌و وشکە ساڵی کە خۆی گێڕایەوە بۆ حەوت ساڵێك لەمەوبەر واتە ١٩٩٧ وشکە سڵی عەجایەب بو پێغەمبەر چوبوە خەوی ئەم حاجی محەمەدەوە کە بە ڕەگەز هەورامیە وپرسی بوی بۆچی جومعەو جەماعەتیان ساردو سڕە حاجی محەمەد؟! وەك جاران نەماون؟ ئەویش عەرزی رەسولی ئەکرەمی کرد بو کە:

قوربان گیان ئاومان نەماوە لە ناو دێدا.. ئاوو ئاوەدانی زۆر گرنگە بۆ گوندەکەمان‌و بۆ خواپەرستی.. پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووبو:

حاجی محەمەد لە دووری دێکەتانەوە نزیکەی سەد مەترێك دەبێت دار بەلاڵوکێ هەیە بە دوری دو هەنگاو لەو لائەو دارەوە مەترو نیوێك بەبێ زیادوکەم هەڵکەنن ئەگەنە تاشە بەردێ ئەو بەردە لابەرن‌و نیو مەترێکی تر زەوی هەڵکەنن دەگەنە ئاو ئاوێکی زۆر باش بەشی مزگەوت‌و ئاوایی دەکات..

بەیانی بەڕویەکی خۆشەوە ئەمە دەگەیەنێ بە کوڕەکەی‌و کە ئەویش عەرزی مەلا عوسمانی بکات.. بەڵام کوڕەکەی دەنگ ناکات‌و لە ناکامەکەی ئەترسێ کەوا نەبێت...

بۆ ڕۆژی دوای دوبارە هەمان خەو دەبینێتەوە...

بۆ بەیانی یەخەی کوڕەکەی ئەگرێ پێی ئەڵێ:

بۆ ڕاسپاردەکەت نەگەیاندم .. پێلاوەکانی سەرپێ ئەکێشێ‌و ئەگاتە لای مەلا عوسمان.. خەوەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە.. مەلا عوسمان ئەڵێ:

جاکوا ئەم خەوەت ڕاستبوایە.. حاجی محەمەد لەم وشکە ساڵییەدا ئاوەدانی بکەوتایەتە ناو دێوە..

بۆ ئەو ڕۆژە نزیکەی (١٠)هەزار تمەن ئەبێت ئەیهێنێ‌و کرێکارو پاچ‌و بێڵ ئەبەن‌و لە ڕێگا خەوەکەی دوبارە ئەکاتەوە.. خەڵکەکە بە تامەزرۆییەوە بۆ پیرۆزی کارەکەو ناکامی کارەکە دەڕوانن.

ئەو ئاونیشانەی هەبو نزیکبونەوە ماوەی دو سەعاتێك بەهاوکاری چاڵەکەیان هەڵکەند گەیشتنە بەردێکی مەیلەو زەردی کاهی .. تا شە بەردەکەیان چوار دەورە دایەوەو دەریان هێنا، لە دوای ئەوە نیو مەترێك چاڵیان هەڵکەند...

لەگەڵ هەڵکەندنی هەر پارچە گڵێ خورپەو دڵە تەپە بە خەڵکی ئەگەیشت و خۆشیو کامەرانی لە دڵی حاجی محەمەدا گەشەی ئەکرد.. لە ناکاو بە دەم هاوارێکی گەورەوە حاجی محەمەد وتی: ﴿ اللهم صل على محمد وعلى آل محمد ﴾ ﷺ ئاو زیادی کرد.. زیادی کرد.. سەرکەوت بە پەلە کرێکارەکان هاتنە دەر لە چاڵەکە حاجی محەمەد بەلاچکی فەقیانەکەی ئاوێکی لیلاوی گرت و دەستی کردە خواردنەوەی خۆشیو هەرا کەوتە ناو دێکەوە..پاش ماوەیەك لە بۆریدا ئاومان ڕاکێشا بۆ ناو ئاواییو کردمانە دوو بەش بۆ (مزگەوت و بۆ ئاوایی) لەو ناڕەحەتیو وشکە ساڵیو بێبارانیەدا بڕوا بکەن دار مازوارو دار گوێزی ئەو کەژو کێوانە وشك بون.. ساڵەکەی زۆر نەهات بوو..
بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورە ئاو ئاوەدانی خستە دڵو دەرونی خەڵکەوەو هەندێ کەسی هەرزە لە مزگەوت دوربون بەڵام بەم خەوەو بەم موعجیزە یە ئێستا لە خوای گەورە بە زیاد بێت بونەتە ئەهلی جومعەو جەماعەت و مزگەوت و گوندەکەمان ژیایەوە... ژیایەوە... سوپاس بۆ هەمو لایەك..
خوێنەری دڵپڕ لە نوری ئیلاهی .. بەپاکی لە پەیام نزیك بەرەوە چونکە خوای گەورە کاری گرانت لەسەر ئاسان ئەکات، مرۆڤەکان بە ئەنواری رەسول شاد ئەبن و کامەرانی دڵەکانیان ڕۆشن ئەکاتەوە... دە سەرنج بدە.. خوای گەورە.. پێغەمبەری گەورەمان چۆن ئاگادارە بەرەوش و کارو باری جوانمان.. وەك ڕۆژی روناك ڕاستیەکان ئاشکرابون.. دەتۆش مەترسەو خەمت نەبێ بە پاکی ڕو لە پەیامی پێغەمبەران بکە تا ئاسودە بژیو کامەران بیت بۆ بەهەشتی نەبڕاوە إنشاء الله.

هەوڵێکی ژاکاو دژ بە کۆرپەلە

کوڕێکی لاو[10] ، کەم ئەزموون لە ژیان،خاوەن بڕوانامەی سادە، دوای چەند دانیشتنێکی سادەو سۆزدارانە، لەگەڵ کچێکی هاوکاری بوونە هاوسەری یەکتری و چوونە کۆشکی خێزانداریەوە لەگەڵ تێپەڕ بوونی ڕۆژگارەکان وردە وردە ئەزموونی ژیانیان وەردەگرت و بوونە خاوەنی کۆرپەیەکی جوانکیلە.. ئەم منداڵە ڕۆژێك لای دایکی کچە.. بەهەر حاڵ بوو پێیان گەیاندو توانی ئەم لەسەر قاچەکانی خۆی بووەستێنێت، کاتی وا هەبوو لە لای ماڵە دراوسێکانیان بەجێیان دەهێشت تا دەگەڕانەوە. بەم شێوەیە دەروونیان نا ئارام دەبوو، بەردەوام دڵیان لای ئەم (کوڕە) یان بوو.

پاش ماوەیەك دایکەو باوکە بڕیار دەدەن کە (مەنعی منداڵبوون بکەن و نەهێڵن ئەندامانی خێزانەکەیان زیاد بکات، هۆکەش بەخێو نەکردن و پەروەردە نەکردن بوو وەك پێویست).. تەمەنی منداڵ بووە پێنج ساڵانە دایك و باوك لە ناو ماڵی خۆیاندا بوونەتە خاوەنی سەیارەو تەلەفزۆن و کەرەسەی ناو ماڵی پۆشتەو پەرداخ.

ڕۆژێکیان هاوسەری بە مێردەکەی دەبێژێ: هەست دەکەم سکم هەیە.. چی بکەین باشە؟! بەیەکەوە خۆیان دەگەیەننە عەیادەی پزیشکی ئافرەتان، پزیشکیش وەك عادەتی کارەکەی و دڵنیابوون لە بارو دۆخەکە شیکار (فحص)ی بۆ دەنووسێت لە ژووری تەنیشت دکتۆر ئەنجامی دەدات و سکەکەی دەسەلمێنێت .

کە هەیەو نکوڵی لێ ناکرێت، ئافرەتەکە بەم هەواڵە زۆر دڵ تەنگ دەبێت و پاشان هەواڵەکەش بە مێردەکەی دەدات.

---

[10] (بە دەستکارییەوە لە کتێبی دین و ژین وەرگیراوە) .

مێردەکەی حەز بە بوونی منداڵ ناکات و هاوسەرەکەشی هەروەها، بڕیار دەدەن بچنەوە، پاشان بچنە لای دکتۆرەکەیان، دکتۆرێکی شارەزاترو داوای لێ بکەن بە هەر شێوەك بووە لەم سکە رزگاریان بکات، پاش چەند رۆژێك دەچنە لای پزیشکی ئافرەتان و داواکارییەکانی پێ رادەگەیەنن کە بە دەرمان یان شتی تر منداڵەکەیان لەباربەرێت، بەڵام ئەو رازی نابێت کە ئەو ئیشە بکات و دەرمانێك بدات بە ژنە بەو هۆیەوە سکەکەی لەبار بچێت.. بەڵام ئەوەندە بە ژنەکە دەڵێت: تۆ دەتوانیت بە هەڵگرتنی شتی قوورس یان بازدان لە شوێنی بەرزەوە یان سەرمەوقولات سکەکە لەباربەریت.

ژنەو پیاوەی غەمبار وا دەزانن کێوی پیرەمەگروون لەسەر شانیانە، دێنەوە ماڵەوەو کوڕە تاقانەکەیان لە ماڵە دراوسێیەکەیان دادەنێن و دەچن بۆ بناری شاخێك و جۆڵە وانییەك بۆ ئەوەی تا چی زووە ژنەکە بەسەر شاخەکەدا سەرکەوێت و هیلاك ببێت و لە هەندێ شوێنی بەرزەوە بازبدات بە مەبەستی لە ناو چوونی کۆرپەلەی ناو سکی، ئەمەی باسمان کرد بە کردەوە زۆر گران و ناڕەحەت بوو، بەڵام هیچ بیریان لە ئاکامەکەی نەکردەوە.. بیریان لە تاوان و پێشهاتە خراپەکان نەدەکردەوە..

ئەزمون لە ژیان ئەم وانە پڕ عیبرەتەی پێ نەبەخشیبوون، هەوڵیان دەدا فێربن، بەڵام بە کوێرانە.. بەڵێ پاش چەند سەعاتێك هاوسەرو مێردی چەواشە، ماندوو دەبن و ئازار دەکێشن. ئافرەت هەست بە ژانەسك دەکات و سواری سەیارە دەبن و دێنەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام ژیان وانەیەکی عیبرەتاوی پێ بەخشین کە هەرگیز لە بیری ئێمەو ئەوانیش نەچێتەوە.. کاتێك نزیك بوونەوە لە ماڵەوە..

قەرەباڵغییەکی زۆر لەدەورو بەری ماڵیان دەبینن، بە هەمو هەنگاوێك چەندین خەیاڵات شەپۆلەکانی هزری ژاکاویان دەبڕێو ئەوەی بیریان بۆی ناچێت مەرگی تاقانەی کوڕە ناوازەکەیانە، کوڕی تاقانەیان لەسەربانی ماڵی دراوسێکەیانەوە بەربۆتەوەو مێشکی سەری پرژاوەو لە جێدا وەفاتی کردووە، ژنەو پیاوە ئەم هەواڵە دەبیستن قەڵەمی ئەژنۆیان دەشکێو زەنگی بیرو هۆشی نەخۆشیان هۆش دێتەوە.. خوایە گیان چیمان بە خۆمان کرد..ئەی هاوار بە ماڵمان، کارەکە دەسپێرێ بە باوك و دایکی و دەڵێت: هەر ئێستا دێینەوە.. باوکی کوڕەکە دەڵێت: خەمی کفن و قەبرت نەبێت پەیدام کردووە.. سەرگەردان مەڕۆ..!!

کوڕەش دەڵێت: بابەگیان لەلایەکی ترەوە قوڕمان بۆ گیراوەتەوە ئێوە خەریکی بن و هەر ئێستا دێینەوە. دەچینەوە لای دکتۆرەکەو داوای لێدەکەن کە بەهەرشێوەیەك بێت نەهێڵێ ژنەکەی منالەکەی سکی لەبار بچێت، چونکە هەر ئەمرۆکوڕە تاقانەکەیان مردووە، ئەگەر ئەم منداڵەش لە سکی دایکیدا بمرێت بێ منداڵ دەمێننەوە، ناچار هەزار دوعاو پاڕانەوە دەکەن بۆ لەناو نەچوونی سکەکەی .

تا خوای گەورە رەحمیان پێ بکات و وەکو ئەو تاقە کوڕەی لێوەرگرتوونەتەوە، لەجیاتی ئەو ئەم کۆرپەلەی ناوسکی دایکەکەیان بۆ بمێنێت و سەلامەت بێت .

لەکۆتاییدا خوێنەری بەڕێز هەرگیز ناڕەحەت و بێتاقەت نەبیت کاتێك خێزانەکەتان سکی دەبێت و ناتوانن بەخێوی بکەن، چونکە منداڵی تریشتان هەیە، بەڵکو سوپاس گوزاری پەروەردگار بکەن، چونکە ئەگەر پێی ناشکوربن ئەوە دوور نییە وەکو ئەم بەسەرهاتەی باسمان کرد خوای گەورە منداڵەکەی تریشت لێوەربگرێتەوەو پاشان بە خۆت بزانیت کە چ هەڵەیەکی گەورەت کردووە.

دووپاتی دەکەمەوە قەت نەکەن کفری نیعمەت بکەن ئەمان.. سەد ئامان.

برایەکی بەڕێز وتی: زۆر نارەحەت بووم کە منداڵێکمان هاتە بوون کە ئێمە حەزمان نادەکرد دروست ببێت.. هاوسەرەکەم هاندا کە بچێتە لای (ئافرەتێ) کە بۆ سك لە ناوبردن بە ناوبانگ بوو.. ئەویش رازی بوو، پارەم پێداو رۆیشت.. نیوەرۆ هاتمەوە بۆنی خواردنی خۆش دەهات، چوومە ژوورەوەو پرسیم: ئافرەت چیت کرد..؟

هاوسەرەکەم وتی: وەڵڵاهی کە ویستم بچم بۆ لای ئافرەتەکە زۆر ئاسایی بوو بەلامەوە ئەو کارە ئەنجام بدەم، بەڵام کە سەیرم کرد چەند منداڵێك یاریان دەکردو پێدەکەنین و دڵ خۆشیان دەنواند، منیش لە دڵی خۆمدا وتم: ئەگەر ئەم کۆرپەلەیەی سکم بێتە دی وەك ئەم منداڵانە دڵ خۆش دەبێت.. یاری دەکات و لە ژیانـدا و هاوکارمان دەبێت.. لە پاش وەفاتیشمان دوعای خێرمان بۆ دەکات.. بۆیە گەڕامەوەو ئەو پارەیەشم دا بە مریشکێك و بۆ ئەم نیوەڕۆیە دەیخۆین، رزق و رۆزی لای خوای گەورەیە.. تا سەربدات رۆزیش دەدات.. (ولا تقتلوا أولادکم خشیة املاق نحن نرزقکم وایاکم ان قتلهم کان خطا کبیرا) الاسراء / ٣١

ئەو منداڵە هاتە بوون.. ئێستا لە قۆناغی سەرەتایی دەخوێنێت و زۆر لە منداڵەکانی ترمان زیرترو سەرکەوتوو ترو خۆشەویسترە لەلای خەڵکی..

بۆیە دەڵێم: لە شارێکی میسر زۆر هەوڵدرا کە منداڵ دروست نەبێت نزیکەی دەساڵ ئەم پرۆسەیە بەردەوام بوو، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.. پاشان ژنان دەستیان کردەوە بە منداڵ بوون بڕوا بکەن ژنانی ئەو شارە هەرچی منداڵیان دەبوو لە دووانە کەمتریان نەدەبوو.. خوای گەورە هەقی ئەو هەمو ساڵەی کردەوە.. لەبەرئەوە نەخشەی ئیلاهی زۆر جوانە دەستکاری مەکەن.

دوای (٢٨) ساڵ دابڕان

دوای (٢٨) ساڵ غەریبی و دوور لە یەکتر ژیان ماڵی دنیاو خۆشییەکانی نەبوونەتە بەربەست، ئەو ساڵەی ئاوارەی کوردستان بووین لەگەڵ خێزان و هاوڕێو هاوسەنگەرانمدا لەگەڵ سەرکردەی شۆڕشی ئەیلول لانەواز بووین و هەریەکەو کەوتینە ناوچەو شارێك.. ئەمەی بۆتان دەگێڕمەوە لە کوردستانی باشوور.. لە ناوچەی بادینان لە کۆمەڵگەی (دیانا) بە باشی و بە واقیعی دێتەبەر سۆمای چاوەکانتان..

پیاوێکی بازرگانی سەرمایەداری کوردی سوریا، بە هۆی کارەکەیەوە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا لە شاری تارانی پایتەختی ئێران سەرگەرمی کارو بازرگانی خۆی بوو، سەرمایەکە یەکجار زۆری هەبوو، لە هیچ کەم و کورتیان نەبوو، خاوەنی هاوسەرێکی نازدارو دڵناسك بوو..

ڕۆژانە کە دەگەڕایەوە ماڵ وای هەست دەکرد بەرەو یەکێ لە باخەکانی بەهەشت هەنگاو دەنێت، هاوسەرەکەشی بە هاتنەوەی مێردەکەی هەستی بەخۆشی دەکردو وا دەهاتە هزری کە خۆشەویسترین کەسی سەر زەوی هاتۆتەوەمزەمەنێك گوزەری کرد.. ئەم دوو خۆشەویست و هاوسەرە بۆیان دەرکەوت کە منداڵیان نابێت..

بۆ ئەم کارەش ڕێگەو شوێنی پزیشکیان گرتەبەر.. بێ هیوا بوون.. پاشان هۆکاری ئاینی ئەمەش سوودی نەبوو.. منداڵیان نەبوو.. نەبوو.. تاڕادەیەك بێ تاقەت بوون.

پیاوی بازرگان هاوڕێیەکی لە نەخۆشخانەی منداڵبون هەبوو لە شاری تاران، بۆیە داوای لێ کرد یارمەتی بدات بە هەر نرخێك بێت کۆرپەیەکی بۆ پەیدا بکات.. بە مەرجێ لە ڕێگەی حەڵاڵەوە لە دایك بووبێت.

ئەم کارە بۆ پزیشکی ئەوێ زۆر گران بوو، چونکە لە دایك بوونی کۆرپەلەکە زۆر بە خێرایی مەدالیا (قرص)ێکی پتەو دەکرێتە ملی و هەموو ئەدرەسێکی ئەو ساوایەی لەسەر

دایاری کراوە، تا ئەو کەسە وەفات دەکات کاری پێدەکرێت و لە ناو ناچێت، هەر لەبەر ئەم هۆیە بوو کەس نەبوو کۆرپەی خۆی ببەخشێت..
ئایا دەبێت کابرای کوردی سوریای خاوەن بازرگانی زۆر لەم کارەیدا سەرکەوتوو بێت؟!
رۆژێکیان ئافرەتێکی کوردی کوردستانی عێراق، کە ژنی پێشمەرگەیەکی بادینانی دەبێت، بە پیشەی رۆژگاری لەگەڵ هاوسەری ژیانی کولەمەرگی و غەریبی بەسەر دەبەن.. ئەو رۆژە ژنەی بادینانی ژان دەیگرێ.. بە قەرزو قۆڵە هاوسەرەکەی دەگەیەنێتە نەخۆشخانە، پاش چەند کاتژمێرێك خوای گەورە بەسکێ دوو منداڵیان پێدەبەخشێ، دکتۆری نەخۆشخانە کە دەیانباتە ژووری (دۆسییەی کەسایەتی) هەمو کارێکیان بۆ ئەنجام دەدات، پاش هۆش خۆ هاتنەوە پزیشکەکە زۆر ساختە چییانە لە خێزانی بادینانییەکە دەگەیەنێ هاوسەرەکەت خوای گەورە کورێکی جوانکیلەی پێ بەخشیوە.. منداڵە ساواکەی تریان حەشار دەدات و تەلەفۆن بۆ کابرای سوریای دەکات، کە خێرا بگاتە نەخۆشخانە.. بەڵێ پاش چەند ساتێك منداڵەکان بە نهێنی لەیەکتر جیا دەکرێنەوە..
منداڵ لە لای ئەم خێزانە گەورە دەبێت و گەشە دەکات، منداڵەکەی تریش لای دایك و باوکی ئەسڵی گەورە دەبێت و گەشە دەکات..
ئەم نهێنییە تەنها خوای بەخشندەو کاکی دکتۆر دایك و باوکی سوریایی دەیزانن..
ئەم خێزانەی کوردی بادینان لە هەمو بیرو بۆ چوونیاندا هەر یەك کورەو هیچی تر..
رۆژگارەکان گوزەریان کردوو ناخۆشییەکان رەوینەوە، ماڵی بازرگانی سوریایی شاری تارانی بە جێهێشت و گەڕایەوە وڵاتی خۆی، خاوەنی چەندەها دوکان و بازاڕو تەلارو بابەتی پارە راکێش بوو، کوڕە تاقانەکەشی بۆ هەمو جێگەو رێگەیەك هاوڕێی بوو، زۆری خۆش دەویست و سۆزی دایك و باوکیان پێ بەخشیبوو... پاش چەند ساڵێك و لە ساڵی (٢٠٠٢)دا کوڕەی نازدار نازی دەشێوێت و باوکی بازرگانی وەفات دەکات، لە کوردستانی عێراقیش راپەڕین دروست دەبێت و ئاوارەو پەرتەوازەکانی وڵاتانی دراوسێ دەگەڕێنەوە سەر لانەو جێگەی خۆیان و لە کۆمەڵگەی (دیانە) دەگیرسێنەوە.
پاش وەفاتی باوکی، ئەم خزم و برایانەی پیاوی بازرگانی سوری (مامیان) تەماع بەری چاوی دەگرێت و بۆ بەرنەکەتنی یەك فرووش بۆ ئەو کوڕە، ماڵی بابی راستییەکەی لەلا دەدرکێنن.. ئای تەماحی دنیایی.. بۆ دەبێت مرۆڤەکان هێندە دیلت بن.. بۆ؟!

کوڕە زۆر نارەحەت دەبێت.. زۆر غەمبارو پەشێو.. بە گریان و هاوار هاوار دەچێتە لای دایکی.. کە پیر بووەو بەرەو کۆچی دوایی خۆی ئامادە کردووە، ئەمیش ناچار راست و دروستی لەلا دەدرکێنێ و هەمو راستییەکانی بۆ دەگێڕێتەوە، نهێنی زێربەرە دێتە سەر بەرە، کوڕە زۆر گلەیی لە دایک و کەس و کاری دەکات، وەك شێتی لێدێت.. ئەی ئاکام چی دەبێت..؟!!!

کوڕە دەڵێت: مادام ئێوە ئەم ناپاکی و خیانەتەتان کردووە نا چارم بەجێتان بهێڵێم..، بەڵام رێگەیەکم بۆ دابنێن، تا بگەمەوە دایك و باوك و برای راستی خۆم و بیاندۆزمەوە.. مامی کوڕە شارەزا لە هەمو بوارێکدا نەخشەی تورکیای دەداتێ، پاشان عێراق و کوردستان، پاشان ناوچەی حاجی هۆمەران، بۆ پرسیارو راو دۆزینەوەی کەس و کاری.

پارەکی باش وەردەگرێ، ئەفرەت لە هەمویان.. بەرەو کوردستان.. خۆت بگرەو هاتم..

قەدەری ئیلاهی وەها دەگونجێت کوڕە دێتە خاکی عێراق و لە ناوچەی حاجی هۆمەران، پرسیار لە خزم و کەس و کاری دەکات، ئەمەش دوای ماندووبوونێکی بێ وێنە دەگاتە (زالگە)یەك و ناچار دەبێت دابەزێ بۆ پرسیار.. نەشارەزا.. غەیب.

دوو کوڕی خاوەن پلە لە زالگەکە، کە ئەم کوڕە چاودەکەن دەچنە لای و دەڵێن: ماڵ خراپ تۆ دوو رۆژت ماوە بۆ تەواو بوونی مۆڵەتەکەت، پەلەت چی بوو لە گەڕانەوە..ئەوی تریان دەڵێت: چاوکە.. چاوکە چۆن خۆشی گۆڕیوە بۆ ئەوەی ئێمەش نەیناسینەوە، کوڕەش وەك لە سەربان بەری بەنەوە دەپرسێ: ئەرێ کاکە گیان! عەیب نەبێت لە کێ دەدوێن..

کوڕی ئیکابانی زالگە دەڵێت: بۆ تۆ (د) گیان نیت؟؟

ئەویش بە سەرسامییەوە دەڵێت: نە بابە ئەمن (B)م و خەڵکی سوریام و ئێستا بەم نەخشەیە هاتووم ماڵی خۆمان بدۆزمەوە، ناویان فلان و فیسارە، یەکێك لە پۆلیسەکان دەڵێت: ئەوەی تۆ لێوەی دەوێت بۆی دەگەڕێیت باوك و دایکی ئەو برادەرەی ئێمەیە کە لێرە دەوام دەکات و ناوی (د)ە، تۆش زۆر لەو دەچیت و دەڵێی سێوێکن و کراونەتە دووکەرت.

کوڕە غەریب دەبێژێ: ئەو پۆلیسەی ئێوە دەیڵێن چۆتە ئیجازە کەنگێ دێتەوە..پۆلیسەکانیش دەڵێن: ئەو برادەرەمان کە زۆر زۆر لە تۆ دەچێت، لە سەر جهازی

لاسلکییەو بە مۆڵەت گەڕاوەتەوە، ئەمڕۆ پێنج شەممەیە هیچ، هەینیش هیچ شەممە دێتەوە، ڕۆژگاریش درەنگە تۆ نابێت بڕۆیت، لە زاڵگەکانی تر دەگیرێیت، هەویەو کارو بارت پێنییە، ئەمشەو بمێنەرەوەو هەینی لە خزمەتتاین، ڕۆژی شەممە ئەو کوڕەش کە بە حسابی کۆن براتە دێتەوە... ناچار مل دەدات و هەمو بەسەرهات و ناڕەحەتی و خۆشی خۆی لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەدا بۆ باس دەکات.

ڕۆژی شەممە یەکلا بوونەوەی ڕاستییەکانە.. ڕۆژی شەممە ڕۆژی ناسینەوەیە، بەڵێ ئەو ڕۆژە هات و برای عێراقی گەڕایەوەو برای سوری خۆی پێناسان.. بەڵێ ئەم دوو برایە زۆر سەرسام و دوو دڵ لە لایەك و خۆشی و شادی لە لایەکی تر.. دوو لاو.. دوو گەنج، ئەمان دووانەی لەیەکچوو بوون، دوای ئەم زەمەنە زۆرەو لە (١٩٧٥- ٢٠٠٣) یەکتریان ناسییەوەو بۆ زیاتر دڵنیا بوون، حەزیان کرد بچنەوە ماڵ.. گەڕانەوە ماڵی خۆیان و هەمو نهێنییەکانی خەستەخانەیان پیشانی یەکتر داو ئەم دایك وباوك و دوو برایە بەیەکتر شادبوونەوە دوای (٢٨) ساڵ لە دابڕان، تەماحی دنیا بوو بە هۆی بەیەکتر شادبوونەوەیان.. ئای لەو خۆشی و شادییە..

ئەم ڕووداوە لە بەڕێز (مامۆستا شێخ عەلی) وەرگیراوە ئەویش لە نزیکەوە لە کەناڵە ناوخۆییەکانی بادینان پەخش کراو ئەم دوو برایە بە بەڵگەی ویراسی و دەورو بەر بەیەکتر شادبوونەوە.

هەڵوێستێکی دلێرانەی مەلا عەلی مەڵکەندی

پێویستە لەسەر هەمو لایەکمان کردەوەو چاکەی ئەو پیاوە چاکانەی پێش خۆمان لەیاد نەکەین کە دەربارەی مرۆڤ چاکەیان کردووە ڕێگەو جێگەی ڕاستیان پیشانی مرۆڤەکانو چواردەوری خۆیانداوە.

دڵنیابە ڕێزی ڕیبوان بگیرێ ئاینده بە چاکەو بەڕێزیەتەکایەوە ئەمەی بەردەستت ئیمانداریو هیمەتو بەرزیو خاوەن هەیبەتو زیرەکیو دڵسۆزیو پیاوەتی خوالێخۆشبو (مامۆستا حاجی مەلا عەلی مەڵکەندی) دەردەخات.

بۆ ئەوەی مرۆڤەکانی سەدەی بیستو یەك بزانن مرۆڤەکانی سەدەی بیست چۆن هیمەت بەرز بون، بۆ تاکە دۆلارێ (ڕەوشتو ویژانو کەسایەتیان شەرەفیان) نەفرۆشتووە، ئەم پیاوە بکەبە نمونەی ژیانی خۆتو لەکارو کردەوەکانی ورد بەرەوەو ئارەقی شەرمەزاری ناوچەوانت بسڕە گەر هەڵەت کردوە لە رابردودا پاشان بڕیاربدە بۆ داهاتو کاربکەیت و بگۆڕێیت ..سەرەتا پێمخۆشە بزانین (مەلا عەلی) کێیە؟ حاجی مەلا عەلی مەڵکەندی کوڕی حاجی (عەبدوڵلا محەمەد ئەمین ئاغا)یە، بەسێ پشت ئەچنەوە سەر (سوبحان ئاغا)ی خاوەنی سەراوی سوبحان ئاغا ساڵی ١٨٥٨ز لە شارە ڕازاوەگەی سولەیمانی لە گەڕەکی مەڵکەندی هاتوەتە دنیاوە، خوێندنی لە حوجرەو مزگەوتەکانی ناو شار لەلای مامۆستایانی ئاینی بەسەربردووە فێربووە تا شاری (سنە) بۆ وەرگرتنی زانستی شەرعی چووەو ماندو نەبووە لەو بوارەدا کاتێك باوکی کۆچی دوایی ئەکا خێزانێکی زۆری بەسەردا ئەکەوێ، ئەم زاتە خواناسە بە بەرهەمی زەویو زارو چەند دوکانێك کە وەرسە دەبێت ئەم خێزانە دەبات بەڕێوە بەهێزی بازو ئیرادەی بەهێز خۆی سەرقاڵی کشتوکاڵو بازرگانی دەکات، کەچاوی بە نەخوێندەواری ڕۆڵەکانی شارەکەی دەکەوێت قۆڵی مەردانەی لێهەڵدەکاتو لە مزگەوتی مەڵکەندی بەبێ موچەو بەبێ بەرامبەر وانە بەگەنجو منداڵان دەڵێتەوە بۆ شارەزابونی پیاوانی سەرسەکۆی مزگەوتو میحرابی

مزگەوت نەکەوێتە ئامۆژگاری ئەوانیش‌و پێشنوێژیان بۆ دەکات بەخۆڕایی‌و چاوی لە پاداشتی ئیلاهییە.

ئەم خواناسە (مەلا عەلی مەلکەندی): پیاوێکی ڕەوشت‌و خوو بەرزو دڵ‌و دەرون خۆش‌و باش‌و هێمن بووە، لە کۆڕو ئەنجومەنا قسەی ئەستەق‌و شیرین‌و کاریگەربووە.

مەلا عەلی عەسری‌و بەخشندە بووە، هەمیشە حەزی بەچاکەو سەر بڵندی نەتەوەکەی ئەکرد، خاوەنی سەرگوزشتەی جوان جوان بو، لەسەردەمی عوسمانیەکاندا (ئیمام تابور)[11] بووە ماوەیەکیش قازی (ئاغجەلەر) بو، کاتێک دەور گۆڕاو سوپای بێگانە بە دین‌و نەتەوەو خاك پای خستە وڵاتەوە (ئینگلیزەکان) وازی لە موچە خۆری هێنا، بە عیلمی زاهیرو باطنی خۆی موچەی بەریتانی لەلا حەرام بوو.

بۆ خۆ ژیاندن‌و دورکەوتنەوە لەم خراپەکارانە کە ڕۆژانە لێی ئەبینین دوکانێکی لە دوکانەکانی خۆی لەبەردەرکی سەرا دانا، کە خۆی خەریك کرد بەکارێکی زۆر جوان‌و شیاو ئەویش (مۆرهەڵکەنی)بو لەگەڵیشیا سکاڵانوسی (ئەرزوحاڵ)ی دەنوسی، خۆی خەریك کردو ڕۆژانە پیاو چاکان سەردانیان دەکردو لەوتە بەنرخەکانی سودمەند دەبون‌و زۆر موتەوازیع بو.

بەدەر لە زمانی دایك زمانی (عەرەبی، فارسی، تورکی) باش دەزانی‌و کاری پێدەکردن، لەیادمان نەچێت ماوەیەکیش بە پارێزەری لەگەڵ (فەتاحەفەنی شەیدایی‌و مەلا عەلی مامە شێخە)دا هاوکار بوە.

مێجەرسۆن سیخوری بەریتانی‌و پاش شۆڕشی شێخی حەفید کەبوە (محافظ)ی سلێمانی زۆر سەرسام بوو بەدو کەس (تایەر بەگی جاف‌و مەلا عەلی) ئەم دوو زاتەی زۆر لەلا بەڕێز بون‌و بەزیرەك‌و چەسپاو ونەگۆڕ ناوی بردون.

ئەوەی من زۆر مەبەستمە بیرو باوەڕی پاك چۆن کار دەکات ئەمەیە:

---

[11] ئیمامی تابور ئەو مامۆستا ئاینییە بوو کەرابەرایەتی خەڵکی دەکرد بۆ شارەزابون لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام لە ناو لەشکرو سوپادا، واتە ئەو کەسانەی کە دەچونە خزمەتی سەربازییەوە شارەزادەکران لە هەمو ئاین لەماوەی سەربازیدا.. ئەمە درێژەی هەبو تا هاتنی حوکمی بەعس لە ساڵی شەستەکاندا.. بەڵام دواتر لایان برد تا کەس شارەزایی نەبێ لە ئاییندا.

(مێجەرسۆن) حاکمی سیاسی بو زۆر دڵرەق‌و زۆردار بوو کاتێك بەناو بازاڕو شەقامەکاندا گوزەری دەکرد، ئەبوایە دانیشتوان لەبەری هەستانایەو ڕێبوارانیش ڕابوەستانایەو مل کەچ سڵاویان بۆ بکردایە، ئەمە فەرمانێك بو دەریکردبو ئەم حاکمە ڕۆژێك بەبەر دوکانەکانی بەردەرکی سەرادا دێتە خوارێ هەمو دوکاندارەکان لەبەری هەڵدەستن‌و لارەمل‌و بێ ئیرادە سڵاوی لێدەکەن.

کاتێك دەگاتە ئاستی دوکانەکەی (مەلا عەلی) حسابی بۆ ناکات‌و لەبەری هەڵناسێ (مێجەرسۆن)یش دێتە بەردەمی (مەلا عەلی)و دەڵێت:

ئەوە بۆچی ئەم خەڵکە لەبەرم هەڵساون بەڵام تۆ لەبەرم هەڵناسی؟ خۆی تورە ئەکا، مەلا عەلیش زۆر بەبێ ئەهەمیەت سەیرێکی ئەکات‌و ئەڵێ:

تۆ پیاوێکی نامۆو غەیرە دینی بە ئاین‌و بیروباوەڕی من دروست‌و ڕەوانیە لەبەر تۆ هەڵسم چونکە خوای گەورە فەرمویەتی: " یاأیها الذین آمنوا لاتتخذوا الیهود والنصاری اولیاء لکم فمن یتخذهم فهو منهم".(مێجەرسۆن) تا ئەم ساتەش نەگەیشتبو بە کەسێك کە ڕووبەڕوی قسەی هەق‌و بوێرانە بکات زۆری پێناخۆش بو بەڵام هیچ قسە ناکات‌و ئەڕوات، ئەو ڕۆژە مەراقی دەبێت بە سیاسەتە تیژو گڵاوەکەی خۆی بیرێکی تازە بروسکە ئاسا بە مێشکیا دێت..

بۆ ڕۆژی دوایی تورەکەیەك پڕ لە پارە ئەکات‌و بەسەربازێکدا بۆی ئەنێرێ، (مەلا عەلی) کیسە پارەکە بەدەستی سەربازەکەوە دەبینێ سەرنجی دەدات بەڵام زۆر باش لە پلان‌و فێڵی ئینگلیز تێگەیشتوە گلی ناداتەوەو بە توڕەیی دەڵێت: لە کوێوە هێناوتە بیبەرەوە بۆ ئەوێ پارەی غەیرە دین بە کەڵکی من نایەت‌و پێویستم بە پارە نییەو دڵم دەوڵەمەندەو قەناعەتم بە شان‌و باڵی خۆم هەیە.. ئەوەش بۆ من دەوڵەمەندییە.

بە ناچاری ئەگەڕێتەوەو ناکامی سەردانەکەو پارەکەی بۆ باسدەکات دوای ماوەیەك چەند ئیگلیزێکی تر دێتە لای (مێجەرسۆن) ئەویش باسی (مەلا عەلی)یان بۆ ئەکات‌و ئەڵێ: مەلایەکی هۆشیارو وشیارو وریاو زیرەکە ئەنێرین بە شوێن (مەلا عەلی)داو پێیدەڵێن: ئێوە بۆچی بە فەرمانڕەوایی و حوکمی ئێمە ڕازی نین؟ئێمە ڕێی (پاك‌و خاوێن)مان پیشاندان‌و ڕێوبان‌و شەقامەمان بۆ زۆر کردون؟ مەلا عەلی لە وەڵامدا دەڵێت:

پاك‌و خاوێنی لە دروشمی موسڵمانەو موسڵمان هەمیشە جل‌و بەرگ‌و لەشی خاوێنەو لەشەو وڕۆژێکا پێنج جار دەستنوێژ دەشوا، پاشان ڕێگاو بان تەخت کردن‌و دروستکردنی

کردەوەی موسڵمانەو ئاینی ئیسلام دەڵێ: هەرکەسێ بەردێ لەسەر ڕێگا ببنێ پێویستە لەسەری لای بەرێ نەوەکو یەکێکی لێبکەوێت، هەروەها دەستی پارمەت درێژ کردنو ئازوقە زۆر کردن پیشەی ئێمەیە، ئێوە وازمان لێبێننو سواری سەرمان نەبن وڵاتی کوردستان ئەوەندە بەفەڕو بەرەکەتە بەشی زۆری جیهان بەخێو ئەکات.

ئینگلیزەکان ئەم وەڵامەیان لەلا جوان ئەبێتو ئافەرینی ئەکەن.

پاشان (مێجەرسۆن) دەڵێ: ئەگەر ئەو پارەیەت وەرئەگرت خۆم ئەمزانی چ بەڵایەکم بەسەر ئەهێنای... پاشان هەمویان لەبەری هەڵئەستنو بەڕێزەوە خوا حافیزەی لێئەکەن داخی گرانم ئەم پیاوە زانایە لە تەمەنی ٩٠ساڵیدا کۆچی دوایی کرد لەگردی جۆگا لاشەکەی بە خاك ئەسپێرن لە ١٩ /ت١ / ١٩٤٨ دا کە ئەو زەوییە ملکی خۆی بو بەخشی .. کە بکرێتە گۆڕستانی گشتی[12] .

سود وەرگیراوە لە ڕۆژنامەی ژین ژ ١٦٢٩ ساڵی ١٩٦١

[12] تێبینی/ ئەو کات ئەو گۆڕستانە قەراغ شار بو بەڵام ئێستا کەوتۆتە ناوجەرگەی شارەوە، جێگەی مردوو ناشتنی نەماوە زۆربەی زۆری گۆڕستانەکە کراوە بە بەشی وەزارەتی تەندروستی بۆ خەستەخانە.

چکوسی ژنێک کارەساتێک دەقەومێنێت[13]

هەمو ماڵێـک نهێنـی خـۆی هەیـە ئـەم ڕووداوە چـیرۆکێکی ڕاسـتەقینەیە[14]و خاوەنـەکانی لـە ڕێگـەی واقیعـە بەدژیـەك چـووەکانیەوە باسـی لێـوە دەکـەن: ئەمـە ئەزمونێکە هەمومان دەگرێتـەوە وپێویستە سودی لێببینـرێ بۆ ئەوەی ئەو ئامانجانـە ببڕین کە هەمو خۆمانی لێ دووره پەرێز بگرین، خانمی خاوەن چیرۆکەکە دەڵێت:

پێش بەهاوسـەر بـوونم نەمـدەزانی خۆشەویـستی چـیە، کاتێـك شـوومکرد مێردەکـەم یەکـەم و دواهـەمین خۆشەویـستم بـوو کـە بـە بـونی ئـەو خۆشەویـستیە بـونو ژیـانمی پڕکردبـۆوە ئـەو هـەمو جیهـانم بـوو.. خۆشـیو کامـەرانیو ئـازارم، خۆشـم ویـستو بەشێوەیەکی زۆر مەزن ئالودەی بوم ئەمەش بوە هۆی چکوسیکردنم لێیو زۆر دەترسام ئافرەتێکی تـر لێمی زەوت بکات، بەقەشـەنگترین پیـاو دەمبینیـو لەهەموشیان سـەرنج ڕاکێشتر بـوو لـەلام.. هـەمو پیاوانیش بـەراود بکرێـت لەگـەڵ ئـەودا ئـەوا ئـەوان لەچاو خۆشەویستەکەی مندا هیچ نین.. وام هەستدەکرد هەمو ژنانی جیهان حـەزی پێدەکـەنو چاوەڕوانی هـەلێکن تـاوەکو لێمـی بفـڕێنن.. نەمـدەزانی چیبکەم باشـە بـۆ ئـەوەی لـە ململانێـدان لەگەڵمـدا هەربۆیـە بەشێوەیەکی بێـسنور چکوسیم لێـدەکرد تەنانـەت لـە بێژەرەکانی تەلەفزیونیش کاتێك بەپەرۆشیەوە گوێ بیستی پەخشی هەواڵەکان دەبوو.. تەنانـەت ژنـانی سـەر شـەقامەکانیش هەستم دەکـرد کـە سـەیری دەکـەن بێـزار دەبـومو بەدرێژای ئەو ساتانە لەدەرەوەی ماڵ پێکەوە بەسەرمان دەبرد غەمگینی باڵی بەسـەرمدا دەکێشا: تەنانەت ژنە هاوکارەکانی وام لێهاتبوو وابـۆ دەچووم کە پلان دەگێـڕنو ئـەو کـارە بـۆ ئـەوە دەکـەن کـە ژن دەیکـا لـەپێناو ڕفانـدن و ڕوخانـدنی پیاوێکـدا لـە ژنو ماڵەکەی..دەمویست بەپێی توانا پارێزگاری لێبکەم، بەلام ئەو وایلێهات بێزار دەبوو لێمو بەرەبـەرە هەڵـدەهاتو لـێم دوور دەکەوتـەوە.. هـەرگیز نـەمتوانی تێـی بگەیـەنم بـەوەی

---

[13] چکوسی . (غیرە)

[14] ڕۆژنامەی ڕێبازی ئازادی.

هەمو چکوسیەکانم ناکامی خۆشەویستیم‌و ترسە لێی ئەمەش هەستێکی سروشتیە بەڵام لەم هەستەم تێنەگەیشت بەردەوام بوو لە دورکەوتنەوە لێم، دوای بەهاوسەربونمان بۆ ماوەی دوو ساڵ منداڵبوونم دواکەوت ئەمەش ئەوەندەی تر بڕوای ئەوەی پێهێنام کە لەوانەیە مێردەکەم بیر لە ئافرەتێکی تر بکاتەوە تاکو بیخوازێت‌و منداڵی لێی هەبێت لەو کاتانەش کە سوێندی بۆ دەخواردم بەوەی کە گوێ بەم شتانە نادات‌و منداڵبونیش شتێکە بەدەست خواوەندی مەزنەو هەرگیز ئەو بەپەلە نیە بۆ ڕودانی ئەو کارە بەڵام هەر باوەڕم پێنەدەکرد.

کێشمەکێشێکی ترسناک

هەر کەلە ماڵ دەرئەچوو لە ناخدا قوڵپم دەداو دەسوتام بیرۆکە شەیتانیەکانیش لە مێشکمدا بەیەکدا دەهاتن‌و وامبەخەیاڵدا دەهات کە دەچێت بۆلای ئافرەتێکی ترو لەبەردەمیدا دادەنیشێ‌و بەجوانیدا هەڵدەدات‌و هەمان قسەی شیرینی بۆ دەکات کەلەوەو بەر بۆ منی دەکرد ئەو بیرۆکە ئازاراویانە وایانلێکردم چیتر حەزی خواردنم نەمێنێت‌و ڕۆژبەڕۆژ لاوازی دەکردم‌و وام لێهاتبوو وەك سێبەری ئافرەت دەردەکەوتم نەك وەك ئافرەت ئەمەش ئەوەندەی تر ئاڵۆزی کردم چونکە وام لێهاتبو وابزانم کەئەو من بەجوانی نابینێت یان لەوانەیە لەگەڵ خۆیدا گاڵتە بەجەستەشم بکات.. بەڵام ئازارو دوودڵی‌و خەمناکیەکەم دادەپۆشی‌و هەر کەدەهاتەوە ماڵەوە پرسیارو وەڵام دەستی پێدەکرد.. بۆکوێ چویت؟ کێ لەگەڵدا بوو؟ بۆ دواکەوتیت؟ هیچ ئافرەتێکت بینی وام لێهاتبوو حەزم نەدەکرد بەئەندامی شیاو دەربکەوێت‌و گوێم بەجل‌و بەرگەکانی نەئەدا بەبێ ئوتو دامدەناو شوشە بۆنەکانیم دەشکاند بەبەهانەی ئەوەی لەدەستم کەوتۆتە خوارەوە و بەبێ ئەوەی هەست بکات ڕێگەم پێنەئەدا کە بۆنی خۆی خۆش بکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەك دەرنەکەوێت کەسەرنجی ژنان بۆخۆی کێش بکات‌و لێمی بدزن.

ڕوداوێکی نامۆیی

وەك عادەتی خۆم ڕۆژێك گیرفانەکانی گەڕام‌و لەگیرفانیدا کوتە وەرەقەیەکم بینی ناوی کچێکی لەسەر نوسرابوو.. هەرچی خوێن بوو لەجەستەمدا بەستی‌و بەخۆمم وت: ئەمە ئەو ئافرەتەی ترە لەژیانی مێردەکەمدا.. نوستبوو چومە لای‌و بەتوڕەییەوە لەخەوم

هەستان.. پارچە وەرەقەکەشم فرێدا بەسەرو چاویدا وتم: ئەمە ئەو ئافرەتەیە کە من جێدەهێڵێت لە پێناویدا؟چاوی کردەوە ناوەکەی سەر پارچە وەرەقەکەی خوێندەوەو دەستیکرد بە قاقای پێکەنین و گەڕایەوە ناو جێگەکەی.. لەگەڵ ئەو شۆکە ستەمیاویەدا بەو پەڕی ساردیەوە مامەڵە دەکات بە تورەییەوە قریشکاندم: هەستت نیە.. کەرامەتم بریندار ئەکەیت و پاشان دەگەڕێیتەوە بۆ ئەوەی خەوەکەت تەواو بکەیت و وەکو هیچ شتێك نەبوبێت بەتورەییەوە لە ناو پێخەفەکەی هاتەدەرێ .

وتی: بێزار بووم لێت بێزاربووم لە چکوسیە کوێرەکەت.. تۆ بەبەردەوام پاڵم پێوەدەنێیت لێت دوربکەومەوە.. هەرگیز بە ئەقڵت بیرناکەیتەوە.. وتم: کێشەکە مەگۆڕەو پێم بڵێ ئەم ناوە کێیە؟ بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟ بۆچی خستۆتە گیرفانت؟

وتی: ئەمە ناوی کچی یەکێکە لە کرێکارەکان لە کۆمپانیاکەمان ئەم کچە منداڵەو باوکی دەیەوێت بیخاتە فوتابخانەیەکی خێرخوازیەوەو داوایلێکردم بۆ ئەو مەبەستە هاوکاری بکەم ئێستا تێگەیشتیت؟؟

باوەڕم بەقسەکانی نەکردو بەردەوام بە دوایەوە بووم تاوەکو پەیوەندی بە باوکی منداڵەکەوە بکەم و ڕۆژێك قسەی لەگەڵ کرێکارەکە دەکردو ئەویش باسی کچەکەی خۆی بۆ دەکرد منیش لەتەنیشتیەوە وەستام و گوێم لە قسەکانیان گرت.. پاشان زانیم کە من زۆر هەڵە بووم و من ستەمم لێکردوە.

دوور لە من

وایلێهات لێم دوورکەوتەوە، زۆرجار نەدەهاتە ماڵەوە وە کاتێك پەیوەندیم پێوە دەکرد تەلەفونەکەی دادەخستەوەو هەلی لێکۆڵینەوەی نەدەدامێ، بەبەردەوامیش بەهانەی ئەوەی هەبوو کەسەریقاڵەو کاری کۆمپانیای زۆرە دوو دڵی لە سنگمدا زیادی کردو وا بەمێشکمدا دەهات کە لەگەڵ ئافرەتێکی تردا بێت وسکاڵای منی لەلا دەکات.. هەستم کرد ئەگەر بەپەلە هەنگاو نەنێم کار لەکار دەترازێت.. لەوانەیە ژن بهێنێت و بمخاتە ئەمری واقیعەوە، ئەو کاتە چۆن بەرگەی ئەو ڕاستیە دەگرم بەرگەی ئەوە ناگرم کەس لە ژیانیدا هەبێت و ناشتوانم داوای جیابونەوەی لێبکەم چونکە من زۆرم خۆشدەوێت و ئالودەی بووم و ناتوانم تەنها بە بیرکردنەوەش بیر لە دووری بکەمەوە وەسوەسەی شەیتان لەسەرمدا زیادیکرد بەتایبەتی کە گەشت و کۆچەکانی زیادیکردو مافی هاوسەرێتی منی پشت گوێ خستووە.. ئایا ئەوە ڕاستە تەنها ئەو ئەرکی کۆچ و سەفەری

کۆمپانیایە بخرێتە سەرشانی کەسێکی تر لەو زیاتر؟! منیش بەتەنیا لەماڵەوە دادەنیشم‌و چاوەڕوانی زەنگی تەلەفونم.. ئەو زەنگە بەرەبەرە بەرەو نەمان چوو.. وامدەزانی کە ئەو بوونی منی لەیاد چووە.

ڕووبەڕوو بوونەوە

چاوەڕوان بووم تاوەکو لە سەفەرەکەی هاتەوە پێش ئەوەی بگاتە ماڵ من بۆم چۆڵکرد؟ هات‌و پرسیاری هۆکاری لێکردم منیش بە ڕوویدا هەڵشاخام وچی لە سنگمدا هەبوو هەڵمڕشت وە هەر لە بەهاوسەربونمانەوە یەکەمجارم بوو بەو شێوەیە بیبینم.. لە شێوازی خۆی چووە دەرەوەو بەو شێوەیەی جاران نەهاتەوە بەرچاوم، ئەو خۆشەویستە هێمنە لە خۆبوردەی جارانم نەبوو وەکو ئاژەڵێکی ترسناک دەستیکرد بەنەڕاندن بەسەرمداو لەبەشی زۆری قسەکانی نەدەگەیشتم‌و ئەوەی تێی گەیشتم ئەوە بوو کە ئازاری زۆری بەدەست چکوسی منەوە چەشتووەو گەشتۆتە قۆناغێك توانای بەردەوام بوونی تیایدا نەماوە، بێزار بووە لە شێوازی مامەڵەکردنم لەگەڵی‌و بێزاربووە لە چاودێری‌و بەدواداچونی بەردەوام هەروەکو ئەو تاوانێکی مەزنی کردبێت‌و خرابێتە زیندانەوەو بەردەوام داوای لێدەکرێت بەرگری لە خۆی بکات.. بێزاربووە لە بونم لە ژیانیدا، چونکە بوومەتە کۆت لەملیداو خەریکە دەیخنکێنم وە بەهۆی منیشەوە هەمو ئافرەتێکی لەبەر چاو کەوتووەو ڕقی لە هەموشیانە ئەویش چی لە سنگیدا هەبوو هەڵیڕشت‌و پاشان بێدەنگ بوو.. هەستم بە ئاستی ئازارو برینەکانی کردو دانیشم بەوەدا نا کە من ئافرەتێکی ستەمکارم.. پەشێمان بووم لە هەمو هەڵوێستەکانم‌و ڕقم لە خۆم هەستا چونکە ئازاری مەزنترین‌و خۆشەویسترین بونەوەرمدا لە ژیانمدا ئەویش بەهۆی چکوسیە کوێرەکەم.. هەوڵم دا داوای لێبوردن بکەم بەڵام پێش ئەوەی دەم بکەمەوە تەڵاقی دام‌و هەستاچووە دەرەوە. زۆر بە ئاسانی مێردەکەمم ونکرد، ئەویش بەهۆی ناهۆشیاری‌و بێ ئەقڵی خۆمەوە بوو..

پەند ،

١. غیابی ئیمانی لەلای کچەکە .
٢. باش پەروەردە نەبوون لە ماڵەباواندا .
٣. نەبوونی دانیشتنی سۆزداری لە نێوانیاندا .
٤. لێنەبووردەیی هاوسەر لە کاتی پەشیمانیدا .

تــالآنی

لەچەند مـانگی ڕابـردوودا[15] پاش ئـازادکردنی عێـراق ، وەفـدێکی بەغـداو کـومیتی هاتن بۆ بەغـداو چاویان بـە وتـار خوێنـدێکی بەغدا کـەوتبوو کـەناوی (شـێخ ئیـبراهیم ئەحسان)ە شێخی نـاوبراو ڕووداوێکـی بـۆ گێڕابونـەوە ، کە نمونـەی دوعـا قبـوڵی ستەم لێکراوەو وتبووی:
من خەڵکی بەسرەمو لەو شـارە لـە مزگەوتێکـدا وتـارخوێن بـوم ، لـە یـادی لـە دایکبـونی حەزرەتدا لە نەوەدەکاندا هۆنراوەیەکی (ولید الاعظمی)م خوێندەوە کە دەڵێـت (إسـلامنا نور لمن یهتدی إسلامنا نـار لـمن یعتـدي) وەهـەروەها ئێمـە بەغـەیری پێغەمبـەر ئیقتیـدا بەکەس ناکـەین.. پاش تـەواو بـونی یادەکـە ڕاپۆرتیـان لەسـەر نوسیمو گیـرام لەلایـەن ڕژێمەوە.. پاش ئازارو چەرمەسەرێیەکی زۆر ڕزگارم بوو پاشـان سـاڵی ١٩٩٤ گواستیانمەوە بۆ بەغداد، لەیەکەم وتارمـدا باسـی زوڵمو ستەمم کـرد، یـەکێ لـە ئامـادەبوان کەلەسـەر کورسیەکی کەم ئەندامەکان دانیشتبوو تالەوتارەکەم بومەوە گریا.. پـاش نوێـژ کوڕەکـەی نارد بـۆلامو وتـی: بـاوکم حـەزدەکات سـەردانێکی ماڵمـان بکـەیت منـیش هەرچـەند وتم: سەرقاڵمو کاتم نیە سودی نەبوو.. ئیتر ناچار چوم بۆ ماڵیانو پاش گفتوگۆو بەخێرهاتن ، بەکوڕەکەی وت:
ئەو چادرە لابەرە لەسەر ئـەو ئوتومبێـل لەگەراجەکـەدا.. کـەلایان بـرد سـۆپەرێکی سـپی مۆدێل ١٩٨٢ بو کەرەقەمی کومیتی پێوەبو زۆر جوان و کەشخە بـو.. وتم: مەسـەلەی ئـەم سەیارەیە چیە؟ کابرای خاوەن ماڵ وتی: من لەساڵی ١٩٩٠ دا لیوابـوم لەسـوپای عێراقـدا کاتێـك کوێتمـان داگیرکـرد ، مـن پـشکنینی بازگـەکانم لەئەسـتۆ بـوو لـەنێوان عێـراقو کومیتدا، ڕۆژێك ئەم ئوتومبێلەم بینی بەدەست لاوێکەوە بوو چەند ئافرەتێکیشی تیابوو،

---

[15] ئەم ڕووداوە لەڕەمەزانی ساڵی ٢٠٠٣دا دکتۆر محمد عوجی لەبەرنامەکەی (صور و خواطر)دا باسی کرد ، بڕوانە ، ژیانەوە/ چ٣ ل ١٢٨ .

حەزم لێکردوو بەپاسەوانەکانم وت: شەربەو شۆفێرە بفرۆشن ، ئەوانیش گێچەڵیان پێکردو بوو بەدەمە قاڵێیان وەمنیش چوم کوڕەکەم دایە بەرشەقو بۆکسو زۆرم لێدا تالەسەر شۆستەکە بورایەوە.. ژنەکان دابەزین بەگریانو زریکەوە منیش دەست ڕێزێکم کرد بەسەریاندا تابترسن ، ئینجا سەیارەکەمان لێسەندنو هێنامانەوە، پیرێزنێکیان دوعای لێکردمو وتی: یاخوا توشی ئیفلیجی ببیستو لەدنیاو قیامەتدا لەخۆت نەحەسێیتەوە..

خوا ئاگادارە پاش چەند ڕۆژێك توشی پشت ئێشە بوم دواتر قاچی چەپم سربوو، بەپەلە بردیانم بۆلای باشترین پزیشکی پسپۆڕی بەغدا، پاش پشکنین بڕیاریاندا نەشتەرگەری بڕبڕەی پشتم بۆبکەن.. نەشتەرگەریان بۆ کردمو سەرکەوتنی نەهێناو توشی ئیفلیجی بومو لەوساوە لەسەر کورسی کەم ئەندامیمو ئەزانم ئاهی ئەو پیرێژنە گرتومی تۆبەم کردوەو دەمەوێ ئوتومبێلەکەشیان بۆ بگەڕێنمەوە ، ئیتر نازانم چۆن دەستم پێیان بگاتو بیاندۆزمەوە.. جاکەتۆ وتارتدا زانیم شێوازت بەسراییەو دیارە خەڵکی بەسراش تێکەڵاویان هەیە لەگەڵ کوێتیەکاندا ، بەڵکو لەبەرخوا سۆراخێکم بۆبکەیتو سەیارەکەیان بۆ بگێڕمەوە وگەردنم ئازاد بکەن..

شێخ ئیبراهیم دەڵێت: منیش پێم وت: ئاخر کێ ئەوێرێت پەیوەندی بکات بە کوێتیەکانەوەو تەلەفۆنیان بۆ بکات ، دیارە حکومەت بەشتی وابزانێت سزای قورسی لەسەر ئەدات.. ئیتر هەمو هەینیەك کوڕەکەی دەناردە لامو دەیوت: باوکم دەڵێت بە قوربانە چی بۆکردوین؟ منیش دەموت: بە خوا هیچم بۆ نەکراوە، ئەمە ساڵێکی خایاند تا ساڵی ١٩٩٥دا بۆکارێکی خۆم سەردانێکی بەسرەم کردو کەویستم بگەڕێمەوە بۆ بەغدا چەند سەعاتێك لە ئەقلیات چاوەڕێم کرد سەیارەیەکی بەغدا دەست نەکەوت.. برادەرێك کە منی ئاوا بینی وتی: یاشێخ فلان کەسی گەرەکی خۆمان سەیارەی پێیەو دەچێت بۆ بەغدا بۆ لەگەڵ ئەو ناچی، منیش وتم: زۆر باشەو ئیتر ڕۆیشتین برادەرەکەمان دۆزیەوەو لەگەڵی سواربوم هەتا بەغدا، دیارە ڕێگەیەکی دوورو درێژەو کەوتینە گفتوگۆ برادەرەکە وتی : مامۆستا هەرچەندە ئەم سەیارەیە زۆر باش نیەو لایەق بەجەنابتان نیە چیبکەین خوا بیان گرێت سەیارەیەکی باشمان هەبوو ئەو زاڵمانە لێیان سەندین، منیش پێم وت: قەت ناشێ سەیارەکەت سۆپەرێکی سپیو مۆدێل ١٩٨٢ ژمارەی کوێت بێت، برادەرەکە هەر ئەبڵەق بوو وتی: یاشێخ دەڵێی کەراماتت هەیە؟

وتم: نا کەراماتم نیە وەرە بتبەم بۆ لای سەیارەکەتان.. ئیتر بردم بۆ ماڵی لیواکە لە بەغاو سەیارەکەی دایەوە .

وتی: بەڵکو تەلەفۆن بکەیت بۆنەنکت لە کوێت تاگەردنم ئازاد بکات کوڕەش وتی: کێ دەوێرێت لە عێراقەوە پەیوەندی بکات بەکوێتەوە..

لیواکە وتی: باشە پاسپۆرتت بۆ رێکدەخەم لەسەر حسابی من بچۆ بۆ عەممان و لەوێوە تەلەفۆن بکە.. پاش ماوەیەك چو بۆ عەممان و هەمو شتێکمان بۆ ئامادەکردو چو بۆعەممان و تەلەفۆنی کرد بۆ کوێت و بەنەنکی وت: نەنە خواکردی واسەیارەکەمان دەست کەوتۆتەوەو کابرای لیوا تۆشی ئیفلیجی بوەو داوای گەردن ئازادی دەکات، نەنکیشی ئەوەندەیتر دوعای لێکردو وتی: گەردنی ئازاد نەبێت و خوا لەوە خراپتری لێبکات.. کوڕەکە گەڕایەوە بەغا وتمان : هاچی بوو؟

وتی: بەخوا چی خەریك بوم لەگەڵیا گەردنی ئازاد نەکرد، منیش پێم وت: ئاخر کوڕی باش چۆن ئیشی وادەکرێت، ئەبوایە هەندێك فەزڵی عەفو کردن و لێخۆشبونت بۆ باسکردایەو ئینجا داوای گەردن ئازادیت لێبکردایە.. ناچار جارێکیتر لەسەر حسابی لیواکە چۆوە بۆ عەممان و ئینجا بەجۆرێکیتر قسەی لەگەڵ نەنکی کرد تا ڕازی بوو گەردنی ئازادبکات..

خوا ئاگادارە پاش دوو هەفتە کابرای لیوا بەرەو چاکی ڕۆیشت و لەسەر عەرەبانەکە هەستاو ئێستا بەگۆچان دێت بۆ مزگەوت بەپێی خۆی.

کۆمەک بۆ ناوچەی شارەزوور

ئەگەر چی ئەم ڕوداوە لەم سەردەمەدا ڕویدا بەڵام هەوێنی برایەتیو خۆشەویستی سەدەی ڕابردو لەم سەدە نوێیەدا بەرهەمیدا.. هیوادارم سودمەند بێت بۆ هەموتان،
ئەو بارانە زۆرەی ڕۆژی پێنجشەممە تا ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٢/٢ بەردەوام بوو، ماڵە سادەو ساکارەکانی ناوچەی قەراخ شاری سلێمانیو شارەکانی تری خستە مەترسییەوە بە ڕێژەی (١٢٠)ملم وزیاتریش باران باری بەنداوی دوکانو دەربەندیخان بە ڕێژەی (٥,٥ – ٦)م ئاستی ناوەکەی زیادی کرد سوپاس بۆ خوای بەخشندەو ئەم بارانبارینە بەردەوام شارەکانی هەرێمی کوردستانو ناوەڕاستو هەندێك شاری خوارووی عێراقی گرتەوە.
کەناڵەکانی ڕاگەیاندن راستو دروستی بارودۆخەکەیان نمایش دەکرد وەك خۆی زۆر ناوچەو جێگا کەوتنە بەر مەترسی لافاوەوە.
لە ناوچە دوورو سنورییەکانو شارۆچکاندا زیانی گیانی تەنها یەك پیاو بوو لە دەفەری هەولێر بەڵام لەو ساتەوە کە باران درێژەی هەبوو زیانی ماڵی دروست بوو. خانوی هاوڵاتییەك کەوتە بەر هێرشی لافاو.. ڕۆژی سێشەممە (٢٠٠٦/٢/٨) باران بارین دووبارە بوەوە، ناوچەی (بازیان چەمچەماڵ سەیدسادق شانەیەری قەدەفەری عەواڵ قلیاسان ..... هتد) ماڵەکانیان دا ڕووخا لافاو چووە ماڵەکانیانەوە.
خەڵکی لە ناو قورو لیتەو هێرشی لافاودا کەوتنە جەنگینو دورکەوتنەوە لەو لافاوە ماڵو ئافرەتی بەتەمەن بە هۆی سەیارەوە لە ناوچەی مەترسیدار دوورکەوتنەوە کەم تا زۆر هێزی ئاسایشو بەرگری هاوکارییان کردن، ئەمەش بە زۆری لە ناوشارو قەراخ شار .. ئەوەی جێی باسەکەمە تۆمارکردنی مێژووی نوێو بەرخودانو هاوکارییە لە مێژووی شارەکەماندا، بە هانا هاتنی ئەو ماڵە لێقەوماوانە بوو کە کۆمەکیان بۆ کرا.

چەند کەسێك ڕۆژی (٢٠٠٦/٢/١٠) هاتنە (دەنگی یەکگرتوو — رادیوی سلێمانی) بە مەبەستی بانگەواز بۆ کردنیان تا ڕادەیەکی کەم یارمەتی بدرێن، بانگەواز کرا ئەوەی پێشبینی دەکرا تەنها یەك دوو پیکاپ شتومەك بێت بۆ ئەم چەند کەسە، بەڵام بەرێزان ئامارەکان‌و زیانەکان زۆر زیاتر بوون، چەند جارێك بانگەوازەکە دوپات کرایەوە ئاپۆرای خەڵکی شارو دڵگەرمی دانیشتوان لە ڕادەیەکی یەکجار زۆردابوو (تەلەفزیونی یەکگرتو) ڕیپۆرتاژی ئامادەکرد لەو دیمەنانە بەڵام یارمەتی‌و کۆمەك زۆر زیاتر بوو لەوەی پێشبینی دەکرا چوار ساید لە هەمو جۆرێك سەیارە کۆبونەوە بۆ گواستنەوەو گەیاندنی یارمەتی .. باران بەردەوام بوو فرمێسك‌و دڵۆپی باران ئاوێزان بوون ئاپۆرای ئەو خەڵکەی شار لە زیادبوندا بون، زۆر بێوێنە بوو ئەوەی کاری بۆ کرا جیاکردنەوەی بابەتەکان بوو.

١. وەرگرتنی پارەو دراوی نوێ‌و دۆلارو تمەن.

٢-وەرگرتنی ئاردو خۆراك‌و بابەتی خواردەمەنی.

٣-وەرگرتنی ڕاخەرو بەتانی‌و جل‌و بەرگی پێویستی مرۆڤ لەقاپ‌و قاچاخ.

٤-وەرگرتنی زۆپاو عەلادین لەهەمو شێوەیەك.

٥-وەرگرتنی سوتەمەنی (نەوت).

زۆر جێگەی سەرسامی بوو، بانگەوازێکی سادە.. جۆش‌و خرۆشێکی زۆر گەرم! ئەوەی دڵی نەرم و ڕۆحی زیندو بوو هەستی هۆشیارو هەناسەی بێدارو چاوی گەش کامەران بوو، هەستی جوڵاو شەپۆلی دەدا،هاوکاری بەردەوام بوو.. دەنگی یەکگرتوو بۆی دەرکەوت کەشار چەند تامەزرۆی یارمەتی‌و هاوکارین، چەندە گوێگروو یارمەتیدەر زۆرە.

هەرچی لەخەڵکی هەبوو دەهاتە ئەوناوەو هێزی نەبوو ئەو دیمەنە بەجێبهێڵێ هەر مرۆڤ بوو بوگوێرەی توانای دەست‌و باوەش‌و ئۆتۆمبێلی پڕبوو لەگەرمەسەی هەمەجۆر بەزۆری (نوێ‌و دانسقەو باش) بوون.

ئەم کۆمەکە لەرزەیدا بەدڵی خەڵکی داراو بەتوان، ئای چ دیمەنێکی خۆش بوو تا ڕۆژی هەینی کاتژمێر(١٢) بەردەوام بوو.

چەند دیمەنێکی سەرنجراکێش دێنمە خزمەت بەرێزتان:

١- منداڵێکی تەمەن (٤)ساڵ بە دەستێکی دەغیلەکەی، بەدەستەکەی تری سەیارەیەکی بچوك، لێیان پرسی :

- ئەوە چییە بەدەستەوە؟

+ ئەمە دەغیلەکەمە بۆ منداڵانی شانەدەری، ئەمەش خۆشەویسترین لەعابەمە بۆ منداڵانی شانەدەری..لێی وەرگیرا.

٢- منداڵێك بە (٢٥٠) دیناری چاپی نوێ بەشداری کرد، پرسیان، کەم نییە؟وتی: ڕۆژانە کەمە بۆ منداڵانی شارەزوور.

٣- بوك و زاوایەك بەسەیارەی ئاخر مۆدیل لەوێوە تێپەڕین پیرۆزیان بێت، ئەم قەرەباڵغی و گەرم و گوڕی خەڵکەیان بینی پرسییان: ئەمە چییە؟

یەکێك لەهاوکارانی کۆمەك وتی: کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ خەڵکی لێقەوماوی (سەیدسادق و شانەدەری)ئەوانیش سەیرێکی یەکتریان کردو جوانترین یادگاریان کەنەڵقەی پەنجەیان بو کردە دیاری.

٤- شۆفێرێك وتی: هەرچی پارەتی هەیە بەبێ بەرامبەر دەیکەینەمە ئەوێ هەمو دەستکەوتی ئەمڕۆشم بۆ ئەم کۆمەکە تەرخان کردووە.

٥- ئافرەتێکی بەتەمەن وتی: هەرچی لەماڵەکەمدا بوو لەم ئۆتۆمبێلە کرێیەم ئاوە بۆ لێقەوماوانی شارەزوور.

٦- چەندین منداڵ و گەنجی خوێن گەرم بەجل و بەرگی خاوێنەوە بوونە بارکاری شتومەکەکان بەشێوەی خۆبەخش بەبێ گوێدانە باران بارین، ئای لەو دیمەنە جوان و جوامێرانەیە!!

٧- چەندین شۆفێری خاوەن ئۆتۆمبێلی گەورەو بچوك بەشێوەی خۆبەخش ئامادە بوون باربار بکەن،خوای گەورەش ناهومێدی نەکردن.

٨ - چەندین پیاوی بەتەمەن و ڕیش سپی بەشانی ماندویان کۆمەکیان هێنا بو بەلاچکی جامانەکەیان (ئارەق و فرمێسك و دڵۆپی بارانیان) لە ڕوخساریان دەسڕی.

ئەمە کەم وێنە بوو، کۆمەکی خەڵکی (هەولێرو سلێمانی)م بیر کەوتەوە ، کە بۆ لێقەوماوانی هەڵەبجەی شەهیدیان برد ساڵی (١٩٨٨).

کۆمەك و پارمەتی گوند نشینەکان و شارەکانی کوردستانی ئێرانم بیرکەوتەوە کە بۆ ئاوارە لیچقەوماوانی سلێمانی و هەولێر کردیان. کۆمەکەکەیان زۆر بەیەك دەچوون..

سوپاس بۆ خوای گەورە خەڵکی شارەزوو هێندە کەرەستەو بابەتیان بۆ کۆکرایەوە، کە پێویستیان بە پارمەتی حکومەتی هەرێم نەما.

ئەو شەوە سەعات (٩ تا ٢)ی شەو کەرەسەکان لە شارۆچکەی سیدسادق جیاکرانەوە لەلایەن بەرپرسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان (مامۆستا ئەرکان) و ئەنجومەنی گوندی شانەدەری (کاک ئەکرەم) لیژنەیەکی زۆر بەتوانا دانراو دەست کرا بەدابەش کردنی بەئەندامیەتی کاک (حارس عبدالقادر ، کاک ئەحمەد) بۆ تەڕنەبوونی کەلوپەلەکان خێرخوازی خاوەن هەڵوێست (حاجی توفیق محمد قاپنەچی) مەخزەنێکی گەورەی خۆی خستە خزمەتیان، خوای گەورە پاداشتیان بداتەوە.

خەڵکی زۆر بەگەرمیو جۆشو خرۆشەوە بەشدارییان کرد بەگوێرەی دوا ئاماری ڕۆژی هەینی کاتژمێر (٦)ی ئێوارە

- (٢٥) سەیارەی گەورەو بچوک.
- (٨٣) ملیۆن لەم پارە نوێیە = (٥٥٣,٣٠٠) دینار.
- (١١,٠٠٠) دۆلاری ئەمریکیو زۆر لەتمەن.

هاوکاریو کۆمەك هەر بەردەوام بوو ئەگەر چی ڕاگەیەنرا کە کۆمەك کۆکردنەوە ڕاگیراوە، جێگەی ڕێزو سوپاسە (مەڵبەندی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان)یش دەستیان کردە کۆکردنەوەی کۆمەكو یارمەتی بۆ ناوچەی (شارەزوورو سیدسادق) و ڕێژەیەکی بەرچاویان ئامادە کرد.

بابەتەکان گەیشتنە دەست ئەو ماڵانەی سەرژمێری کرابوون بۆ کۆمەك.

گەیشتینە لای پیرێژنێکی بێکەسو نەدار، کەخاوەنی یەك زوورو یەك عەلادینو یەك کومبارو یەك بەرماڵ بوو لافاو هەمووی ڕاماڵیبوو.

چاوی کامێرا گەیشتە لای پیرێژن هەر دەگریا، لیژنەکە ووتیان : داپیرە گیان بۆ دەگری؟ لە جیاتی کومبارێك ئەوە دوو کومبار.. لە جیاتی عەلادینێ ئەو دوو زۆپای چاك، لە جیاتی بەرماڵێ ئەوە دوو بەرماڵ، لە جیاتی خۆراك ئەوە دوو ئەوەندە.. داپیرە هەر دەگریاو گریانی کەمی نەدەکرد، لەوەڵامدا وتی . بۆ ماڵو زۆپاو کومبار ناگریم، بۆ بەرماڵو قورو لافاو ناگریم، بۆ ئەوە دەگریم، داکۆکی دەکەم کەسانێکی کەم ئەزموون خوێڕیو بەڕەڵا سوکایەتیان بە پێغەمبەرەکەم کردووە، ئەوە هۆکاری گریانەکەمە ! بۆیە خوای گەورە بەم کارەساتە بەسەری کردووینەتەوە، بۆ بێدەنگی جیهانی موسڵمانان دەگریم، گوناهە پێغەمبەری ئیسلام "درودی خوای لەسەر"سوکایەتی پێ بکرێت).لە

کۆتایدا زۆر سوپاس و ماندوو نەبوون لە دەنگی یەکگرتوو - ڕادیۆی سلێمانی دەکەینبۆ ئەو کارە ناوازەو دەستپێشخەرییەی کردیان .

زۆر سوپاسی هەمو ئەو کەسە بەڕێزانە دەکەین کە هاتن بەدەم بانگەوازەکەوە.زۆر سوپاسی هەمو ئەو شۆفێرە خواناسانە دەکەین کەلە خۆبوردوانە کەرەستەو کۆمەکیەکانیان گەیاند.

سوپاسی هەمو خەڵکی لێقەوماو، بۆ هەمو خوڵکی ماندوو بوو بۆ خەم خۆر.

خوای گەورە نمونەیان زۆر بکات، خوای گەورە پاداشتیان بداتەوە.

ئەندێشەی نەوجەوانی

ئێستا بەتەمەن (٣٢) ساڵم تێپەڕاندووە، یادگارە ناخۆشەکان سەراب ئاسا دێنەوە هزری پڕ ئەندێشەم، زەنگی یادەوەریم شەپۆلی بەتینی چیا ئاسا دروست دەکات..
چەند ساتێك خامۆش.. مەست و حەیران.. لە ناخی تاساوما ئەژنۆکانم لە ئامێز دەگرم.. چاو لە دوور ترین جێگای دانیشتنم دەبڕم،
بە هیوام ئەو تەنگژە نالەبارە زوو کۆتایی بێت و بکەومەوە حاڵەتی ئاسایی، هەندێك جا بە یادگاری زۆر خۆشی رۆژگارەکانی تەمەنم خۆم لەگەڵ تاڵاوی گەردوونی بچووك سەرقاڵ دەکەم، تا ئەمەی خودایە بۆ ساتێکیش بێت بە کامەرانی بژیم.
زۆر جار بەو دیمەنە فلیم ئاسایە.. جەرگی هەڵقرچاوم دەکولێتەوەو دەمباتەوە بۆ ئەو ئێوارە خۆرئاواییە.. کە لەگەڵ کاکەم بەسواری (تراکتۆرەکە)مان لە گوندێکی دوورەوە بەرەو عەربەت دەگەڕاینەوە.. هەردووکمان شەکەتو ماندوو، ناخۆشترین یادگاریم تۆمار کرد.. بە بینینی ئەو هەمو رێگایە.. ئەو هەمو داربەڕوارو دەوەن و گردو چیایانە، بە چاو خشاندنێ بە هەمو گوندە بچووکانەدا یادگارو بەسەرهاتە ناخۆشەکە وەك یەکەم سات دێتەوە یادم.. لاوازی خۆم و بێکەسی و بێغیرەتی و هاوکاری.. مرۆڤ دۆست دەم هەژێنێت..
ئەمەی مەبەستمە بۆتانی باس بکەم بەسەرهات و چیرۆکێکی تاڵی منە کە ئێوەی خوێنەر لێی سوود مەند بن.. تا ئەوەی لە کۆتاییدا بڕیار بدەن لە دانیشتوانی کام لەم دوو گوندە بچن.. لە ئاکامدا بڕیار بدەن هاوکار بن یا دوورە پەرێز، ئەو ساڵە تەمەنم دوانزدە نەورۆزی تەواو کردبوو، بەڵام بە هەیکەل بچووك و لاوازو جەستە رەقەڵە بووم.. ئەمەش زیاتر بۆ دوو هۆکار دەگەڕایەوە.. یەکێکیان ویراسی بوو کە دایك و باوکم هەردووکیان بچووك بوون بە قیافەت، هۆکاری دووەم جووڵەو راکەڕاکی خۆم لەم گرد بۆ ئەو گرد.. لەم جێگە بۆ ئەو جێگە.. رۆژێ شوانی.. رۆژێ کشتوکاڵی.. رۆژێ یاری ناو

کۆڵانی شارۆچکەکەمان زۆرجار لە هیلاکیدا پارووە نانەکەم بۆ تەواو نەدەکرا خەو دەیبردمەوە، ساڵ (١٩٨٤) بوو زۆربەی دێهاتەکان داگیرابوونە کۆمەڵگە زۆررە ملێکانی حکومەتی عێراقییەوە زۆر لەو گوندانەی دوور لە مەترسی بوون بوونە قەرەباڵغی و جێگەو رێگەی (عەسکەری فیرار) سوپای عێراق لەو ناوچانەدا بێتاقەت و کورو کاس بە حوکمی نەشارەزایی سەربازەکان کە دەتوانم بڵێم هەموی خەڵکی خوارووی عێراق بوون و لەو بارو دۆخە نالەبارەی شەڕی دراوسێ بێزار بوون.

من و برا گەورەکەم ئەو ئێوارەیە دوای ماندوو بوونێکی زۆر لە جووتکردن بڕیارماندا ناوچەی شاربازێڕ بەجێبهێڵین و بەرەو عەربەت بگەڕێینەوەر کە ماوەیەکی کەمبوو چووبووینە ئەو شارۆچکەیە.

هەورەکانی ئاسمان پەڵە پەڵە لە خۆری دەمکەلی ئێوارەدا سوور هەڵگەڕابوون، مێگەل و گاگەلی دێهاتەکان بە تێرو تەسەلی بەرەو ماڵ دەگەڕانەوە..

چۆلەکەو باڵندەکانی ئاسمان خۆرنشینیان بەجێ دەهێشت و دەگەڕانەوە لانەکانیان، تاك وتەرا شەمشەمەکوێرە بە باڵە رەشە تەنکەکانیان ئاسمانی دوور لە خۆریان تەی دەکرد، من و کاکم زۆر خۆشحاڵ بووین، ماوەیەکی زۆر بوو نەگەڕابووینەوە..

بەدڵی خۆش و زەوقی گەنجانەوە تراکتۆرەکەی لێ دەخوڕی منیش لەسەر تراکتۆرەکە گۆرانی دەم کوڕە شوانەکانم دەوتەوە..

لە گوندی سیتەك پێچمان کردەوەو بە رێگەی دوکانیاندا خێرایی تراکتۆرەکەمان زۆر زیاد کرد بە مەبەستی زوو گەیشتنەوە ماڵ، جادەی رەشمار ئاسامان بە خێرایی رەشمار دەبڕی، یەك دوو پێچمان بڕی..

لە چاو تروکانێکدا گەماڵێکی گەورە بە مەبەستی پەڕینەوەلە جادەکە هاتە سەر رێگەکەمان، کاکەم هۆرنی بۆ لێدا.. گەماڵەکە سەری لێشێوا لە جیاتی ئەوەی لە سایدی ئێمە دوور بکەوێتەوە هاتە سایدی ئێمە.. کاکەم زۆر وریا بوو خۆی لێ لادا، بەلام شپرزە بوو هاتەوە بەر تراکتۆرەکە، ئینجا کاکەم سەری لێشێواو دەستی شکانەوە تا لە گەماڵەکە نەدات، ئێمە کەوتینە هەڵتەك هەڵتەك و لە چاو تروکانێکدا ترکتۆرەکە وەرگەڕا.. من لەسەر تراکتۆرەکە پەڕیم.. کاکەم کەوتە ژێر تراکتۆر.. گەماڵ بۆی دەرچوو.. ویستم هەنگاو بنێم بەرەو لای براکەم، بەلام هێزم نەبوو.. گەرمایی بەسەرمدا هاتە خوار دەستم لێدا خوێنە..

زۆر نارەحەت بووم.. بە شەلە شەل خۆم گەیاندە لای براکەم.. براکەم لاشەی هەموی بوو بە ژێر تراکتۆرەکەوە، لە دوو شوێنی لاشەیەوە خوێن دەهات، هەوڵمدا کە رزگاری بکەم، بەڵام نەمتوانی.. لە تاوا وەك پەروانەی دەوری شەم هەڵبەزوو دابەزم بوو.. دەستم تێکەڵ دەبوو، لەم دیو تراکتۆرەکەوە رام دەکرد بۆ ئەو دیو هیچم بۆ نەدەکرا.. رام دەکردەوە ئەودیو.. کاکم زۆر نارەحەت بوو، زۆر بەنارەحەت هەناسەی بۆ دەدرا، ئای کە ناخۆش بوو.. رامکردە سەر جادەکە، سەیری ئەم سەرو ئەو سەری جادەکەم کرد یەك سەیارە دیار نەبوو، لە دڵی خۆمدا وتم: سەیارەی عەسکەریش بێت هەر یارمەتیمان دەدات، بەڵام هیچ...

ناچار گەڕامەوە لای براکەم و وتم: کاکەگیان چی بکەم تا رزگارت بکەم؟ زۆر گریام...

هاوار هاوارم بوو.. ئاگرم تێبەربوو بوو، خوایە گیان فریامان بکەویت.. خوایە گیان هاوار..

کاکەم کە منی بەوشێوەیە بینی وتی: بە قوربانتبم من باشم، خەمت نەبێت.. خێرا بچۆ بۆ ئەو دێیەی نزیکمان لەم چەمەوە داگەڕێ دەگەیتە چەمێکی وشکی بێروون بچۆرە ئەو بەرەوەئەوە گوندی (W)یە.. داوا لە خەڵکەکەی بکە با بێن بە هانامانەوە...

دنیا بە تەواوەتی تاریك داهاتبوو، کپ و خامۆش بەو ناونیشانەی کاکم وتی بە دوو دڵی و لە تاودا رام دەکرد.. ئاو بەناو ئاورم دەدایەوە.. بۆ ئەوەی بتوانم گیانی براکەم لە مردن رزگار بکەم.

بەڵێ بەڕێزان.. بەسەرهاتەکە زۆر ناخۆش و جەرگ بڕبوو، لە توانای مندا نەبوو.. بەدەم گریان و هاوارو دوعاو پاڕانەوە رام دەکرد..

ڕێگەکە زۆر دوور بوو، بە تایبەتی بۆ منداڵێکی ماندووی نە شارەزا.. کەمێك بوومەوە لە دێیەکە زۆر خۆشحاڵ بووم.. رووناکی گوندەکە لە چاوەکانمدا دەگەشایەوە، کاتێکم زانی سەگەلی ئاوایی بۆم هاتن، هاوارم کرد: ئەی هاوار.. فریام کەون.. ئەی هاوار، خەڵکی دێ ئەی هاوار وەرن بە فریامەوە، ئەم سەگانەم لێ دوور بخەنەوە..

لە ماڵێك چەند کەسێك هاتنە دەرەوە منیان بەوشێوە بزرکاوی و نارەحەتییە بینی، بە تورەیی پرسیان: ها.. ها.. کوڕە ئەوە چییە؟!

بە دەم گریان هەنیسک هەڵدانەوەو بە هەناسە برکێ وتم: فریامان کەون براکەم لەسەر جادەکە وەرگەڕاوەو کەوتۆتە ژێر مەکینەکەیەوە، ئێرەی پێوتووم.. غەریبین فریامان کەون.. تو خوا خێرتان دەگات.. گریام .. گریام..

یەکێك لە پیاوەکان وتی: کوڕە چکۆل خوا ڕۆژی کردۆتەوە ئێمە نیش دەکەین و رادەکەین تا ڕۆژ ئاوابووە، هیلاك و ماندوو کێ دەگاتە سەر ئەو جادەیە..

پەلاماری دەست و قاچیانم دا.. بە قوربانتان بم دامان گەیوە فریامان بکەون تو خوا.. هەموویانم ماچ کرد، یەکێکیان وتی: تا ئێمە دەگەینە لای تەنها هیلاکیمان بۆ دەمێنێتەوە، کە زانیم قسەکردن لەگەڵ ئەم پانە پیاوانەدا بێ سوودە.. خەیاڵێکی خۆش هات بە بیرمداو لە خەیاڵی خۆمدا وتم: با بگەڕێمەوە ئێستا سەیارە لەوێوە گوزەریان کردووەو براکەمیان رزگار کردووە.

زۆر لە پیاوەکان تورە بووم و یەك دوو جوێنم پێدان و بە هەڵەداوان گەڕامەوە.. ئەمەی باسم کرد زیاد لە سەعاتێکی پێ چوو، زمانم بە مەڵاشوومەوە نووسابوو.. دەمم بووبوو بە پەلاسی وشك، بەڵام گوێم بە هیچ نەدەداو بە ڕاکردن گەڕامەوە سەر جادەکە.. ئای کە ناخۆش بوو.. هیلاکی، ماندوو بوون.. کاکەم بینی وەك خۆی لەژێر تراکتۆرەکەدا دەیناڵاند.. خوێنی لەبەر دەڕۆی.. کە هاوارم کرد: کاکە گیان! کاکە گیان! وا هاتمەوە، کاکەم زۆر بە سەرسامی و تامەزرۆییەوە وتی: بە قوربانت بم هاتیتەوە دەخێراکەن!!

بەگریانەوە هاوارم کرد: کاکەگیان کەسیان لەگەڵم نەهاتن، ئەو نا پیاوانە نەهاتن..دەستی کاکەم گرت و ئەویش تۆزێك هێزی دایە بەر خۆی کە رزگاری بێت، بەڵام بێسوود بوو.. بەڵێ بێ سوود بوو.. بەبێ هیوایی دەستەکانم بەرداو سەیرێکی یەکترمان کرد، پرسیارێك و داواکارییەك لە رووخساریدا دەخوێنرایەوە، لە ئاکامدا وتی: برا جوانەکەم.. ئەگەر دەتوانی بە ڕاکردن بچۆ بۆ ئەو دێیەی سەروو تر، کە هەندێك لەو دێیەی تر دوور ترە، رووناکیماڵەکانیان دیارە، بچۆ بزانە کەسیان نایەت لەگەڵتا..

ئەم جارەش بەویستی خۆم نەبوو گەڕامەوە سەری و بە هەمو هێزم ماچێکم لێ کردوو دەستەکانیم گوشی و خوا حافیزیم لێ کرد.. کاکە گیان خەمت نەبێت ئێستا دەڕۆم، ها کا هاتمەوە.. ئای کە هیلاك و شەکەت بووم، بۆ نەگبەتی ئێمەش یەك سەیارە بەلاماندا نەدەڕۆی، لە جادە قیرەکە چوومە خوارەوە بەرەو گوندی (ئاڵە سیاو) رامکرد، چۆن ڕاگردنێ.. زۆر جار دەکەوتم.. سنگم دەدرا بە دارو بەرددا، بەڵام گوێم پێ نەدەداو

هەڵدەستامەوەو رامدەکرد.. چۆن راکردنێ.. راکردنێ بۆ رزگار بوونی کەسێکی خۆشەویست لە مردن..

بەهەمان شێوەی گوندەکەی تر، سەگەلی ئاوایی بۆم هاتن.. خۆم کرد بە ماڵێکدا ماندوو، هیلاك، برسی، تینوو، بە هەناسە برکێو بەهەر حاڵێ بوو حاڵیم کردن، ئەوەندەی بڵێی یەك و دوو زیاتر لە (١٠) پیاو کۆبوونەوە بە گوریس و داری درێژو تێلاو پاچ و خاکەنازەوە هاتن، هەر بە راکردن..

یەکێکیان وتی: بەم تاریکییە چۆن ئەم دێیەت دۆزیەوە؟ بەدەم گریانو هەناسە برکێوە وتم: زۆر دەمێکە وەرگەڕاوین.. چوومە گوندەکەی تریش، بەڵام نەهاتن بە دەممانەوە، قەرزارمان بن..

کوڕێکی گەنجیان وتی: ئەوان قەت هاوکاری کەس ناکەن.. زۆر خراپیان لێ دەرچووە، ئەوان سەرباقی خۆشەویستی بۆ دێکەیان کەڵەکە ترێ لەسەر مامۆستاکەیان دەکەن، ئێستا مەحاڵە بێن بە دەنگ تۆوە..

بە حاڵ گوێم لە قسەکانیان بوو بە هیلاکی و دوای چەندین هەنگاو لە راکردن گەیشتینە سەر جادەکە..

گەیشتینە سەر تراکتۆرەکەو هاوارم کرد: کاکە گیان! کاکە گیان! وا خەڵکم هێنا.. ئێستا رزگارت دەکەین..

هەمو پیاوەکان کە دیمەنەکەیان بینی بەو نارەحەتی و تاریکییە هەریەکەو لە لایەکەوە پەلاماریاندا.. منیش رامکردە سەر سەری براکەم، بەڵام برای چی..!! لاشەیەکی بێ گیان.. لاشەیەکی پساو لە ژێر مەکینەی قورسا.. پیاوەکان مەکینەکەیان راست کردەوەو لاشەی بێگیانی کاکمیان دەرهێنا.. زۆر گریام.. زۆر پاڕامەوە.. زۆر هەڵباڕیم بەو شەوەو بەو ناوەختە نەمزانی چی بکەم.. زۆرم جوێن بە دێکەی تردا.. سەری کاکەمم لە ئامێز گرت، بەڵام خوای گەورە چی کردبێ بە نسیب گەڕانەوەی نییە... بەڵام پیاو عەیبە هێندەش بێغیرەت و سەرگەردان بێت..

بەڕێزان هەرکاتێك بەو جادەیەدا گوزەر بکەم ئەو یادگارییە تاڵە دێتەوە یادم، کە منی لاواز چ نارەحەتییەکم بەسەردا هات، هەمو جارێکیش لەو ئاستەو لەو قەراغ جادەیەدا دادەبەزم و سورەتی (فاتحە) بۆ رووحیانەتی پاکی کاکم دەخوێنم و زۆر سوپاسی ئاوایی (ئاڵە سیاو)یش دەکەم، کە چیان لە تواناداببوو کۆمەکیان کردم و درێغییان نەکرد..

ئێستا چەند لە تواناتادا هەیە بە هەمو شێوەیەك کۆمەکو هاوکاری خەلکی دەوروو بەرت بکە.. مەرج نییە پارەو ماڵو دارایی دنیا، کە هێندەی پێوەی ماندوو دەبیت هەمو شتێك بێت، دڵنیابە دڵی خەڵك خۆش بکە، خوای گەورەش دڵت خۆش دەکات.

پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرمووێ: (من لایرحم الناس لایرحمه الله).

چاوەکان

چاو دەتوانێت هەرچی وزەی دڵە لە سەرنجێکدا کۆی بکاتەوە.. لەوانەیە چاو بتوانێت تاڵاوو مەینەتی ڕۆژگار لە سەرنجو تێڕوانینێکدا هەڵبگرێت لەوانەشە چاو بتوانێت قسە بکات، بێ ئەوەی دەنگە ژێکانو زمان بێتە گۆ لە سەرنجێکدا شتێك بڵێت زمان بەچەند کاژێرێك یان چەند ڕۆژێك دەیگێڕێتەوە.. مرۆڤ لە هەر شتێ ورد ببێتەوە لە چاودا هەمووی کورت دەکاتەوە.. هەر بۆیە چاوم خۆش دەوێو لە چاویش دەترسم.

فەیلەسوفو شاعیرەکان بایەخیان نەداوە بە هیچ شتێکی مرۆڤ بە ئەندازەی ئەو بایەخەی بەچاویان داوە.. چاوەکان لە دەریایەکی خامۆشی شاراوەی پڕ لە فرمێسکو خۆشی مەلە دەکەن، دەریایەك جار هەیە دەیبینینو جار هەیە نایبینین بەڵام لە پشتی چاوەوە وەستاوە .

بەهێزترین چاو وکاریگەرترینیان چاوی بێتاوانەکانە، چاوی منداڵو ستەم لێکراوەکانە، چونکە ئەوانە ناتوانن بەزمان هیچ وتەیەك دەربڕن بە ئەندازەی ئەوەی دەتوانن بە چاوەکانیان دەریبڕن چەندم چاو خۆش ئەوێو چەندیش لێیدەترسم، چەندم حەز لە ئاخاوتنی بێدەنگە ئەو ئاخاوتنەی لە نێوان پێڵوەکانی چاوەوە دەردەچن.

خاوەنی کاریگەرییەکی بەهێزە بۆ سەر دڵ، بەهێزترە لەوەی بە تواناترین شاعیرو بلیمەتترینیان لە وشەسازیدا هەیەتی.

لە شێوەو ڕەنگیاندا جیاوازن، لەساتەکانی هەڵچونو خۆشی زمانحاڵن چاو گەورەترین نیعمەتی خوای بەخشندەیە بەخشوێەتی بە مرۆڤەکان تا چاکەو خراپەو نیعمەتەکانی تری پێببینن.. کەواتە چاو ئەسرین لە خۆشیو ناخۆشیدا دەڕژێنێت.

ناوەرۆک

بەرگی یەکەم

پێشەکی ٣
سەرەتا ٥
گەنجێک لەبازنەی مردندا ٧
ئیمامی مالک و منداڵێک ٢٥
ڕۆحی ئاسودە ٣١
دەرگای ڕەحمەتی خوا والایە ٣٣
ببەخشن ٣٥
دایەگیان! دەیپێبڵێ ٣٧
کوا ویژدان ؟ ٤٣
حەیاو شەرم ٤٧
لە سایەو سێبەری باوەڕدا ٥١
یادگاری لاوێتی ٦٣
لە قوڵایی شەودا دڵە تاریکەکان ڕۆشن دەبنەوە ٦٩
شینی گوناهبارێک ٧٩
کۆرپەیەکی گەرمیان ٨٣
مژدەیەکی (نەبی یونس) ٨٧
کۆچ ٩١
پەروەردەی دروست ٩٩
یاد ١٠١
بەزەیی و سۆز ١٠٥
چاوەڕوان بن ١٠٩
بەرهەمی ڕۆژو ١١٣
تەلیسمی ئافرەتێک ١١٩

بەرگی دووەم

دەستێکی نەرم فرمێسکەکانی سڕیم ١٣٣
ئاکامی حەرام و پاکی هاوسەرم ١٣٩
تەوبەکردنی ئافرەتێکی مەسیحی.. موسوڵمانبوونی ١٤٣
هیوای ئازادی لەچاوی لاوکدا ١٥١
بەندیخانە لەماڵی باوکم خۆشترە ١٦٧
لە پرسەی مەرگی عیشقی "هەنسک" دا ١٧٣
مێرولەیەکی ڕاستگۆو شوانێکی دڵڕەق ١٨٣

دوو دڵۆپ ئەسرین بۆ دنیای ئەمرۆی موسوڵمانان........................ ١٨٥
نوێژی بەیانی.. ٢٠٩
ئەوینی دایکم.. ٢١١
زلله‌ی میهرەبانی... ٢١٥
شەیدای گۆرانیم.. ٢١٧
سۆزی شێرە بەفرینەکان.. ٢٢١
لاوێکی زانکۆو گەڕانەوە بۆ جیهانی روحی پاك.......................... ٢٢٧
بەڕێوەبەرێکی خیانەتکار.. ٢٣٣
دڵتەنگ مەبە نازانی خێر لەچیدایە.................................... ٢٣٩
خزمی ناپاك.. ٢٤١
٢٥ ساڵ خیانەت.. ٢٤٥
دایــك.. ٢٧٧
گەڕانەوەی سەحەری هونەرمەند... ٢٨٩
حەسرەتی باوکە شەهیدێك لەکۆڕەودا.................................... ٢٩٣
حەسرەت و پەشیمانی خۆشەویستی سەرتاسەری لەدوایە ٣٠٧

بەرگی سێیەم

لەسایەی خواوە ٣١٣
مەرگی لەناکاو.. ٣١٧
نزای ریش سپییەك.. ٣١٩
چل شەو غەریبی.. ٣٢٣
خێرێکی کەم ٣٣١
دەریاو ئیمان ٣٣٩
درێژەی نەخشەی کەنیسە ٣٤٥
سەرباقی چاکەکاری ٣٥٧
پشتیوان بە خوا.. ٣٥٩
هیمەت بەرزی ٣٦١
لەئامۆژگاریەکانی کاك ئەحمەدی شێخ ٣٧٣
خەمی چۆلەکە و نیگای ئێمە.. ٣٧٥
دو دایکی دڵڕەق ٣٧٩
دوعای ستەملێکراوێك.. ٣٨٣
مەرکەزەکەی چوارتاچی بەسەرهات ٣٨٩
بەشداربە لەم پرۆژەیەدا.. ٣٧٩

لەناکامی بەخشیندا ئەوین هاتە بون ٤٠١
تەمەنی کورت .. میوانداری کورت ٤٠٥
جگەرەکێشان ..گیان کێشان ٤٠٧
مەقامێکی جوان و شایستە ٤١٢
چوار ماڵی هەژار چۆن دەوڵەمەند بون ٤١٧
نیەتی پاك لە چاوەڕوانی باراندا ٤٢١
خێزانێکی بەخشندە ٤٢٧
پێغەمبەر"درودی خوای لەسەر"لە خەوی بێخودی شاعیردا ٤٢٩
چاکە بکەو بیدە بەدەم ئاوەوە ٤٣١
ماڵی حەڵاڵ و نیەتی باش ٤٣٥
پێغەمبەر"درودیخوایلەسەر"لە خەوی حاجی محەمەدی هەورامیدا ٤٣٧
هەوڵێکی ژاکاو دژ بەکۆرپەلە ٤٤١
دوای بیست و هەشت ساڵ دابڕان ٤٤٥
هەڵوێستێکی دلێرانەی مەلا عەلی مەلکەندی ٤٤٩
چکوسی ژنێك کارەساتێك دەقەومێنێت ٤٥٣
تالانی ٤٥٧
کۆمەك بۆ ناوچەی شارەزور ٤٦١
ئەندێشەی نەوجەوانی ٤٦٧
چاوەکان ٤٧٣
ناوەڕۆك ٤٧٥